١٢٣٤

وەشانی
٢٠٢٤



# فەرهەنگی شاسوار

## وێنەدار

فەرهەنگی پێنج زمانەی کوردی، ئینگلیزی، نەرویجی، عەرەبی، فارسی
کۆی ئەو وشە و پەراوێزانەی گرتوتە خۆی کە
**سیامەند شاسواری**
لە هۆنراوە و نووسین و وەرگێڕانەکانیدا بەکاری هێناون

| | |
|---|---|
| سرشناسه | : شهسواری، سیامند، ۱۳۳۵ ــ |
| عنوان و نام پدیدآورنده | : فەرهەنگی شاسوار، فەرهەنگی ئەو وشە و پەراوێزانەن. / سیامەند شاسواری |
| مشخصات نشر | : تهران، توکلی، ۱٤۰۰ ــ |
| مشخصات ظاهری | : ج.: مصور (رنگی) ؛ ۵/۱٤ x ۵/۲۱ سم. |
| شابک | : 978-964-5821-89-8 : دوره؛ 978-964-5821-90-4 : ج.۱ |
| وضعیت فهرست نویسی | : فیپا |
| یادداشت | : کردی. |
| موضوع | : کردی ــ واژەنامەها |
| موضوع | : Kurdish Language ــ Dictionaries |
| ردەبندی کنگره | : PIR۳۲۵٦ |
| ردەبندی دیویی | : ۳/ک۹فا٤ |
| شماره کتابشناسی ملی | : ۸۵۳۲۸٤۷ |
| اطلاعات رکورد کتابشناسی | : فیپا |

# فەرهەنگی شاسوار

## بەرگی یەکەم

دانەر: سیامەند شاسواری
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ۱٤۰۰ (۲۰۲۱ زایینی)
چاپەمەنی: تەوەکوولی
تیراژ: ۱۰۰۰ دانە
پیتچن: سەردار
چاپ و صحافی: مشکی

شابک دوره: ۸ ــ ۸۹ ــ ۵۸۲۱ ــ ۹٦٤ ــ ۹۷۸ ISBN: 978-964-5821-89-8
شابک ج ۱: ٤ ــ ۹۰ ــ ۵۸۲۱ ــ ۹٦٤ ــ ۹۷۸ ISBN I : 978-964-5821-90-4

تهران- خیابان انقلاب، روبروی دانشگاه تهران، مجتمع فروزنده ، شماره ۲۲۵
تلفن: ۰۲۱-٦٦۹۵٦۹۲٦ فکس: ۰۲۱-٦٦۹۵۷۰۸۹
E-mail: tavakolipublications@yahoo.com



ژ س ش ع غ ف ڤ ق ک




سوور
رەش


کوردی
سیامەند شاسواری


صندلی


کەلیدەر
فەرهەنگۆك
ئەسپەندەر
ژیگ
بزنمژە
پەردەنیگار
تەختی دێو
ناوگۆرك
تاوڵەمە
قەقنەس
سەمەنی
هێمای
دەستی ئوبولفەزل
قورسی
تاغ



قوچان
Quchan
ئەفغانستان
Dushak
Miana
Chenaran
Torghabeh
مەشهەد
مشهد
Mashhad
Sarakhs
سەرەخس
Sabzevar
سەبزەوار
Neyshabur
نەیشاپوور
Binaloud
Malekabad
کەلیدەر
تاغی
Farhadgerd
فەریمان
Fariman
Kashmar
کاشمەر
Bardaskan
Torbat Heydariyeh
تورەت
Dolat Abad
Abdol Abad
Feyz Abad
Rashtkhar
Torbat Jam
Nil Shahr
Kariz
تایباد
Taybad
Islam Qala
Salami
Nashtifan
Ghasem Abad
Sangan
Gonabad
Kakhk
Islamiyeh
Ferdows
Aysak
Sarayan
Qaen
Esfeden
Hajiabad
Seh Deh
بیرجەند
Birjand

ڕاڤەی وشە بە زمانی کوردی

هاوواتاکان

جۆری ڕێزمانی وشە [ناو]

پۆلبەندی بوار و کەوشەنی ووشە [ئینگ]

ڕاستەوخۆ واتای ئینگلیزی هاتووە

ژمارەی واتای وشە

وشەی واتاکراو

**کاڵەک:**[1] cantaloupe [ئینگ] [ناو] کاڵەکی زەرد، میوەیەکە لە تیرەی هاروێ و کەدوو، وەکوو گرکەیە و گەورەترە. لە میوە خۆشە ئاودارەکانی وەرزە. گۆشتەکەی ئەخورێ و تووەکەی ئەبرژێنرێ. لایان وایە سەرەتاکەی هیندستانە. [ع] البطيخ الأصفر [N] cantaloupe [د] گرمک ← **کاڵەکی گەزۆ:** Honeydew [ئینگ] [ناو] کاڵەکێکی زۆر شیرینە، وەک هەنگوین و گەزۆ وایە [ع] المن [N] honning dugg [د] عسلک.

[د] واتای وشە بە دەری

[N] واتای وشە بە نەرویجی

[ع] واتای وشە بە عەرەبی

نم: نموونە    درێژە: درێژەی بابەت    تێبینی: تێبینی

ڕیشەناسی: واتای ڕیشەناسی وشە Etymology

← وشەی نزیک لە وشەی سەرەکی،

## تێبینییەکی گرنگ

فەرهەنگی شاسوار، وشەکانی ناو هۆنراوە و نووسین و وەرگێڕانەکانی سیامەند شاسواری‌یە. یەکەم جار کە لە ٢٠١١ بڵاو بوویەوە، تەنها ٦٧ لاپەڕە بوو؛ ساڵی ٢٠٢٣ گەیشتە ٣٠٠٠ و بە ڕەنگی و بە بەرگی ناوازە لە تاران چاپ کرا و، ئێستا، ساڵی ٢٠٢٤ گەیشتووەتە پتر لە ٤٠٠٠ لاپەڕە، لە ٤ بەرگدا.

فەرهەنگی شاسوار، کۆمەڵە وتار یان ڕاقە و پێناسەیەکە کە ئەگەر لە چەند دێڕیشدا بن، بە شێوەیەک لە شێوەکان مەبەستێکی تازەیان تۆمار کردووە؛ هەر ڕاقەیەک وتارێکە و، هەر وتارێک چەندەش چڕکراوە، بۆ مەبەستێک گەڕاوە تا دەری بخات ئەو وشانە شیاوی مانەوە و بەکارهێنانن، سەرەڕای سینگفراوانی بۆ وشەی زانستی، پێویست بە دزین و دەرۆزەکردنی وشەی بێگانەی کۆلۆنیالیستی نیشتەجێ نییە؛ هەرچەند تێکلەڵی و هاوسابوون و دەستێوەردانی ملۆزمانەی داگیرکەران ڕێگەی لەو کادانە و هیلاوبوونە گرتووە. وشەی مەبەست بە فراوانی لە دەقەکاندا و لە چوارچێوەی ڕستەی مەبەستداری هەمەڕەنگدا پاتە کراونەتەوە. بۆ نموونە وشەی (دارەت)ی کوردی تۆمارکراو لە چەندین فەرهەنگی وەکوو: فەرهەنگی خاڵ، فەرهەنگی ئەستێرەگەشە، فەرهەنگی ناهید، فەرهەنگی کاوە، فەرهەنگی کوردەواری، فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی شارەزوور-شەفیق قەزاز، فەرهەنگی کوردستان، فەرهەنگی ڕێژگەدا تۆمار کراوە، تەنها لە وەرگێڕانی ڕۆمانی «گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو» وشەی دارەت ١٧٩٨ جار بە مەبەستی جیاواز و لە ڕستەی هەرە جۆراوجۆردا بەکارهێنراوە. هەندێ جار شێوازێک یان هەستێک بۆ تێگەیشتن لە چەمکێک بەس نەبووە و، ئەگەر پێناسەکان بە ڕاقە و گوتە و گۆتە دەرەقەت نەهاتبێتن، ئەم فەرهەنگە تێکۆشاوە وشەکان بنەخشێنێ، تا لە ڕێگەی وێناندنەوە چەمکی تەماوی وێنا بکات تاکوو باشتر مەبەست بگەیەنن

# هێمـــــا:

| | |
|---|---|
| | بڕوانە |
| پ.ز | پێش زایین |
| ناوی تایبەت | بڕوانە فەرهەنگۆک |
| ن: | نموونە |
| ٠م | بڕوانە ویکیپەدیا |
| | وشەی هاوچەشن |
| E | ئینگلیزی |
| N | نەرویجی |
| ع | عەرەبی |
| د | فارسی |
| F | فەرانسە |
| GR | گریگ، یۆنانی |
| L | لاتین |
| RU | ڕووسی |
| | سەرچاوە، ژێدەر |

## گەڕان بە دوای وشەدا:

بۆ دۆزینەوەی سەرەتای هەر پیتێک، بۆ نموونە پیتی ل بنووسە: Letter L هتد...



# ژ

**ژ:** [با] له. ⇦ ژ بەختێ مە: له بەختی ئێمه؛ پێشگرێکه له واتادا جیابوون ئەگەیەنێ. ⇦ جلکێ ژ خوّ کە: جل لەبەر خوّت فرێ دە. د از N fra ع مَن E from.

**ژاژ:**[1] ناو چەلاک، رم، داری گوێزتەکاندن، چەلاکی مازووتەکاندن، داری درێژ و باریک کە گوێزی پێ ئەتەکێنن.



**ژاژ:**❷ ڕووەک خۆراک ژاژی، گیایەکی بۆنخۆشە ئەیکەنە ناو پەنیر و شیرێژ.





**ژاژ:**❸ ڕووەک ناو چیت، چیتک، قامیش، زەل.

**ژاژی:** خۆراک شیرەمرنی ناو پەنیری ژاژی، جۆرێک پەنیری کوردییە پێکهاتووە لە پەنیری تازەی سپی یان پەنیری سەلک، جوان ورد ئەکرێت، گیای ژاژی یان سیابۆی وردکراوی زەردکراوی تێ دەکرێت. جوان تێکەڵ ئەکرێت و ئەکرێتە ناو توورەکە یان کووزوو. ☜ سیابۆ یان پنجار

**ژاژی ماست:** جۆرێکی ژاژی ئەتوانرێ بە تێکەڵکردنی خەسەتوورەکە و پەنیری سەلک و کەرە و ژاژی و شویت و نەعنا دروست بکرێ.

**ژاژی دۆ:** یان **شیرێژ** بەرهەمێکی شیرە. دۆ دەکوڵێنن هەتا خەست بێتەوە (پێی دەڵێن لوف). دوای پاڵاوتن و گرتنی ئاوەکەی، بەو شتەی دەمێنێتەوە دەڵێن شیرێژ و بە ئاوەکەش دەڵێن تێزاو. جاروبار لەگەڵ ڕۆنی کەرە تێکەڵی دەکەن و پێی دەڵێن شیرێژڕۆن.









**ژاڤۆر:** Javert پێرسۆنا کەسایەتی کەسایەتی نەرێنی ڕۆمانی بێنەوایانی ڤیکتۆر هۆگۆ. لە زیندان لەدایک بوو و بوو بە پشکنەری پۆلیس و تا کۆتایی کە خۆی ئەکوژێ، بە دوای ژان ڤالژانەوە بوو.









**ژاک بۆرژوا:** Jacques Bourgeois مۆزیکزان پێشمەرگە (١٩١٢ـ١٩٩٦) موزیکۆلۆگ و ئەندامی هێزی بەرگری فەڕانسە لە جەنگی جیهانی دووەم.










**ژاک بێکەر:** Jacques Becker سینەما دەرهێنەر (١٩٠٦ـ١٩٦٠) دەرهێنەری فەڕانسەیی سینەما.








**ژاک فەیدر:** Jacques Feyder هونەرپیشە دەرهێنەر (١٨٨٥ـ١٩٤٨) نووسەر و فیلمنامەنووس و دەرهێنەری بەلجیکی لە ئورووپا و ئەمریکا.






**ژاک کۆپۆ:** Jacques Coppeau دەرهێنەر (١٨٧٩ـ١٩٤٩) دەرهێنەری فەڕانسەیی.









**ژاک لۆ فاتالیست:** Jacques le Fataliste ڕۆمان بە واتای ژاکی جەبرگەرا یان دیێترمینیست، ناوی ڕۆمانێکی نووسەری بەناوبانگی فەڕانسەیی «دێنیس دیدێرۆ»یە، کە دوای مردنی خۆی لە ساڵی ١٧٩٦دا بڵاو کرایەوە.










**ژاکاو:** disheveled [ئاوەڵناو] ئاڵۆز، پەڕموردە، بڕن، سەرتەپڵەگوێنی، چرچولۆچ. [ع] أشعث [N] rufsete [د] ژولیدە.





**ژاکلین پیەرۆ:** Jacqueline Pierreux [سینەما] [هونەرپیشە] {١٩٢٣ـ ٢٠٠٥} ئەکتەری فەڕانسەیی.

**ژاک ماریتن:** Jacques Maritain [فەیلەسووف] {١٨٨٢ـ ١٩٧٣} نووسەر و فەیلەسووفی فەڕانسەیی.












**ژاکۆبۆن:** jacobin [ڕامیاری] [بانە] ژاکۆبین، یانەیەکی ڕامیاری دیموکراتی، ساڵی ١٧٨٩ لە پاریس دامەزرا، لە رادیکاڵترین و بێبەزەییترین دەستە ڕامیارییەکانی ناو شۆڕشی فەڕانسە بوو. لەگەڵ ڕووبسپییێر بوونە مایەی تڕۆری ساڵانی ١٧٩٣ـ ٩٤ی فەڕانسە. ◁ لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی فەڕانسە، ئەم ناوە سەرەتا بە لیژنەکانی لایەنگری شۆڕش ئەوترا، پاشانیش بە واتای «لایەنگری توندوتیژی دیموکراسی» بەکار برا. ◁ ژاکۆبۆن ئێستە بە کۆمارێکی چەقبەستوو ئەوترێ، لە لایەن کابینەیەکی

نەتەوەییەوە بەڕێوە بچێ.






**ژاکە :** Gustave Jacquet **شێوەکار** (١٨٤٦ـ١٩٠٩) شێوەکاری فەڕانسەیی پۆرترێتی ژنان بە شێوەی ئاکادمیک.









**ژاکەری :** Les Jacqueriea **ڕاپەڕین** یان Jacqueries بە ڕاپەڕینە جووتیارییەکانی سەدەی چواردەی فەڕانسە وتراوە.








**ژاکی چارەگەرا:** Jacques le fataliste et son maître سینەما فیلم
ڕۆمانی دیدێرۆ (١٧١٣ـ ١٧٨٤) ئیسێکلۆپێدیا نووسی فەڕانسەیی، دوای مردنی خۆی لە ساڵی ١٧٩٦دا بلاّو کرایەوە. ئەم ڕۆمانە لە بن کاریگەری ڕابێلە و سێرڤانتس و لارنس شتێرندا (Rabelais, Cervantes and Laurence Sterne) نووسراوە و بەشێکی زۆر لە ڕۆمانی تریسترام شاندی نووسینی شتێرنی بە وام وەرگرتووە. کراوە بە فیلم ☜ ژاک لۆ فاتالیست.









**ژاڵە:** Oleander ڕووەک بەرژەنگ هێمایر ناو یان aurus یان laurel لوورک، هەم درەخت و هەم دەوەنەکەی هەیە، هەمیشە سەوزە، گەڵاکەی کەسک و بۆندارە، گوڵی سپی یان زەرد یان پەمەییە. یۆنانی و ڕۆمیەکان لە لقی درەختی ژاڵە و لوورک تاجی شانازییان دروست ئەکرد و ئاپانکردە سەری سەرکەوتوان. ع الدفلی N Oleander د خرزهرە.






**ژامبۆن و بریسکت:** brisket and jambon خۆراک بەراورد ناو بریسکت کالباسی گۆشتی سینە و ژامبۆن کالباسی گۆشتی ڕانە. ⇦ کالباس



**ژان ئانۆی:** Jean Anouilh نووسەر شانۆنووس {١٩١٠ـ١٩٨٧} دراماتیست و شانۆنامەنووسی فەڕانسەیی بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ.




**ژان پۆڵ سارتر:** Jean_Paul Sartre فەیلەسووف رامیار بوونگەرا نووسەر {١٩٠٥ـ١٩٨٠} لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی بوونگەراییە. شانۆنامەنووس، ڕۆماننووس، چالاکوانی ڕامیاری، ژیاننامەنووس و ڕەخنەگری وبژەیی فەڕانسەیی. یەکێک بوو لە کەسایەتییە گەورەکانی فەلسەفەی فەڕەنسی سەدەی بیستەم، بە تایبەتی مارکسیزم. کارەکانی چەند بواری گرتووە وەک فەلسەفەی مارکسی، کۆمەڵناسی، تیۆری ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەی وێژەیی. سارتەر بە پەیوەندییە دوور و درێژەکەی لەگەڵ نووسەری فێمینیست سیمۆن دیْ بۆڤوار ناسرا بوو.

ساڵی ١٩٦٤ خەڵاتی نۆبڵی لە بواری وێژەدا پێبەخشرا، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک خەڵاتەکەی ڕەتکردەوە.

سارتر، سەبارەت بە هۆکاری وەرنەگرتنی خەڵاتەکە ئەڵێ:

«ـ دوو فەرهەنگی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ناکۆکن، من هیوادارم ئەم

دوو فەرهەنگە یەکدی لە ئامێز بگرن، هیوادارم لە ئەنجامدا فەرهەنگی باڵاتر واتە سۆسیالیزم سەرکەوێ، لە کاتێکدا خەڵاتی نۆبلیان وەکوو باڵادەستی نووسەرانی ڕۆژئاوا یان یاخییەکانی ڕۆژهەڵاتی لێکردوە؛ خەڵاتی نۆبێل نەدرا بە من کاتێک بانگەوازی ١٢١ کەسم واژۆ کرد، چونکە ئەوسا خەڵاتەکە هێی ئازادی ئەبوو و، منیش بە سپاسەوە وەرم ئەگرت. خەڵاتی نۆبێل نەدرا بە پابلۆ نێرۆدا کە لە مەزنترین هۆنەرانی جیهانە، نەدرا بە شۆلۆخۆف، کەچی درا بە بۆریس پاسترناک! کۆڕی زانیاری سوید وتوویەتی: «ڕابوردووی سارتر لێڵ و شێواوە، بەڵام ئەوان سەختگیری ناکەن!» منیش ئەڵێم: من ئێستەش وەک ڕابوردوو، شانازای بەو ڕابوردووە لێڵەی خۆمەوە ئەکەم! من ئەگەر نەتوانم ئەو پارە بۆ مەبەستی خۆم بەکار بهێنم، هەرگیز چاوپۆشی لە بنەمای بیروباوەڕی خۆم ناکەم لەبەر بڕێک پارەی سویدی! بۆیە ناچارم ئەو خەڵاتە ڕەت بکەمەوە.»










**ژان پیەر مێلڤیل:** Jean_Pierre Melville فیلمساز هونەرپیشە {١٩١٧-١٩٧٣} فیلمساز و ئەکتەری فەڕانسە. سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم چالاکڤانی هێزی بەرگری بوو.








**ژان تۆران:** Jean Tourane فیلمساز (١٩١٩ـ١٩٨٦) فیلمسازی فەڕانسەیی فیلمی منالآن، بە هۆی بڕگەی ڤیدیۆیی ئاژەڵی بچووکەوە ناسراوە.

سینەما چییە ژان تۆران لە فیلمەکانیدا ڕۆڵی مرۆیی ئەدا بە ئاژەڵ و ئەوانی ئەکرد بە ئەکتەر. ئەو دوو فیلمی کورتی هەیە بە ناوی ساتۆرنینی هۆنەر، پاڵەوانەکەی قازێکە. هەروەها زرێواری پەریان کە ئەکتەرەکانی کەروێشک و ڕێوی و بزن و ئەوانەن. پاشتر فیلمێکی سینەماییشی بەم شێوازە دروست کرد بە ناوی «ئەو پەریەی وەکوو ئەوانی تر نییە».










**ژاندارک:** Jeanne d'Arc مێژوو ژنرال جەنگ یان خاتوونی ئۆرلیان، سەرکردەی فەڕانسەییەکان لە جەنگی سەد ساڵە لە دژی ئینگلیز، قارەمانی نەتەوەیی، بە بە فەرمانی کڵێسە و بە پێی ڕێسای کڵێسە، بە تاوانی دژایەتی ڕێسای کڵێسە دادگایی کرا و سووتێنرا، هەمان کڵێسە ئەمڕۆ بە سەنتی دائەنێ.




**ژاندارک لە ئاگردا:** Giovanna d'Arco al rogo سینەما فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٥٤ی ئیتالیایی، بە هونەرمەندی ئینگرید بەرگمەن و دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.






**ژان داید:** Jean d'Yd سینەما هونەرپیشە کۆمیکار (١٨٨٠ـ١٩٦٤) ناوی هونەری Jean Paul Félix Didier Perret هونەرپیشە و کۆمیدیەنی فەڕانسەیی.

**ژان دو لێتراز:** Jean de Létraz نووسەر (١٨٩٧ـ١٩٥٤) شانۆنووسی فەڕانسەیی.

**ژان دۆمارچی:** Jean Domarchi ڕەخنەگر (١٩١٦ـ١٩٨١) ڕەخنەگری فەڕانسەیی سینەما.











**ژان ڕۆستان:** Jean Rostand فەیلەسووف زیندەوەرناس (١٨٩٤ـ١٩٧٧) فەیلەسووف و زیندەوەرزانی فەڕانسەیی.




**ژان ڕێنوار:** Jean Renoir {١٨٩٤ـ١٩٧٩} دەرهێنەر نووسەر دەرهێنەری براوەی ئۆسکاری فەڕانسەیی، لە ئورووپاوە تا هالیوود و تاکوو هێند.
سینەماچییە ژان ڕێنوار لە کایە دو سینەما، دێسامبری ١٩٥٢، شادمانی و سەرخۆشی چاپلین لە کۆمیدی فەڕانسە لە کاتی سەیرکردنی دۆن ژوان ڕاڤە ئەکات: «ئەم شادمانییە درۆ و دەستکرد نەبوو. ئاسوودە و دڵئارام بوو، چونکە هەمیشە لەگەڵ یەکێکی وەک خۆ هاودەم بوون چێژبەخشە.» بێژێ: هیو گرەی

**ژان ژاک بارتلۆمە:** Jean-Jacques Barthélemy نووسەر {١٧١٦ـ ١٧٩٥} نووسەر و سکەناسی فەڕانسەیی.



**ژان ژاک ڕۆسۆ:** Jean-Jacques Rousseau فەیلەسووف {١٧١٢ـ١٧٧٨} فەیلەسووف و نووسەری جێنۆڤایی بوو، ڕۆسۆ هەرچەند پێچەوانەی ڕەوتی ڕەوشەنگەری بوو، بەڵام فەلسەفەی ڕامیاری ئەو کاری کردە سەر شۆڕشی فەڕانسە و کۆمەڵناسی و ڕامیاری هاوچەرخ.

**ژانسنیسم:** Jansenism ئایینزا ژانسنیزم، پەیڕەوی Jansenius (١٥٨٥ـ١٦٣٨) ئایینزانی هولەندی، کە پێی وابوو تا خوا ڕای لێنەبێ، مرۆڤ ڕزگار نابێ. ژانسنیست بەرامبەرە بە توندڕەو و بیروشک.





**ژانسێنیۆس:** Cornelius Jansen قەشە کۆرنێلیۆس ژانسێن (١٥٨٥ـ١٦٣٨) قەشەی هۆلەندی فلاندر و دامەزرێنەری بزووتنەوەی ژانسنیسم.





**ژان ڤیگۆ:** Jean Vigo سینەما دەرهێنەر (١٩٠٥ـ١٩٣٤) دەرهێنەری فەڕانسەیی کە ڕیالیزمی هۆنراوەیی لە فیلمدا بەدی هێنا.






**ژان کۆکتۆ:** Jean Cocteau هۆنەر فیلمساز (١٨٨٩ـ١٩٦٣) هۆنەر و نووسەر و فیلمساز، هونەرمەند و ڕەخنەگری هونەری وێناگەری فەڕانسەیی.











**ژانگرتن:** labor pains چاوگی ئێنەییەر دارەتی ئێش و ئازاری ئافرەت کاتی دووگیانی و کاتی منداڵبوون. ع وجع الولادة، تعب الولادة N fødselssmerter د درد زایمان.






**ژان گرێمیلۆن:** Jean Grémillon دەرهێنەر (١٩٠١ـ١٩٥٩) دەرهێنەری فەڕانسەیی.












**ژان لۆنگە:** Jean Longuet نووسەر سۆسیالیست {١٨٧٦ـ١٩٣٥} نووسەر، پارێزەر، ڕۆژنامەوان و سۆسیالیستی فەڕانسەیی ئاشتیخواز بوو، بەڵام لە خولی جەنگی جیهانی یەکەمدا داکۆکی لە ڕەوابوونی جەنگ کرد و بەشی فەڕانسەیی یەکێتی کرێکارانی جیهان پشتیوانیان لێکرد.








**ژان-لویی بارۆ:** Jean_Louis Barrault هونەرپیشە دەرهێنەر {١٩١٠ـ١٩٩٤} دەرهێنەر و ئەکتەری فەڕانسەیی شانۆ و سینەما.












**ژان لویی ریۆپیەرۆ:** Jean_Louis Rieupeyrout نووسەر {١٩٢٣ـ١٩٩٢} نووسەری فەڕانسەیی.











**ژان مەیر:** Jean Meyer هونەرپیشە (١٩١٤ـ ٢٠٠٣) کۆمیدیەنی فەرانسەیی.

**ژان میتری:** Jean Mitry سینەما دەرهێنەر (١٩٠٤ـ ١٩٨٨) تیۆرسیەن، ڕەخنەگر و فیلمسازی فەرانسەیی، لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی فیلمی فەرانسە بوو.











**ژانووس:** Janus جانیوەری (ئەم مانگی یەکی ٢٠١٧)، لە ئەفسانەی ڕۆمیدا خوای سەرکەوتن بوو. لە پەرستگەی ژانووس کە دوو دەرگای بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبوو، پەیکەری ژانووس دانرابوو بە دوو ڕوخساری پیر و جەوانەوە. ئەو دوو ڕوخسارە یەک بۆ پێشەوە یەک بۆ دواوە، یەک لە ڕابوردوو و یەک لە ئایندەی ئەڕاونێ.





**ژانەزراڤی بڕبڕاگە:** Pott's disease نەخۆشی دەردەباریکەی مۆغەرەی پشت. ع السل الشوكي N Potts sykdom د سل ستون فقرات.

**ژان هانری ئۆبینیە:** Jean-Henri d'Aubigné مێژوونووس {١٧٩٤-١٨٧٢} قەشەی مێژوونووس و ڕیفۆرمیستی پرۆتستانتی سویسی، ئەڤانگلیست و پەیڕەوی کلیسای ئازادبوو.






**ژان هۆگۆ:** Jean Hugo {١٨٩٨-١٩٨٤} شێوەکار شێوەکار و دیزاینەری شانۆ.






**ژان هیتیە:** Jean Hytier ڕۆماننووس {١٨٩٩-١٩٨٣} مامۆستای زانکۆ و ڕۆماننووسی فەڕانسەیی.






**ژاوەڕۆ:❶** ئایینناسی ماخوا ئاناهیتای خودای کانی و رووبارانە. یەک لە ناوەکانی ئاناهیتا، زاوەر یا زاقەرە و وشەی «ژاوەڕۆ»ش لە بنەڕەتدا «زاوەر رۆ» بە واتای رووباری خوداژنی ئاو و رووبارانە . ٤ N د آناهیتا.

**ژاوەڕۆ:❷** ناوی جێگا مەڵبەندی نێوان ڕووبارەکان؛ نێوان رووباری سیروان و سوورەوان؛

**ژاوەڕۆ:❸** رووەک گیاکەڵە **هەڵیت** یان هەڵیتر، کرمەکوژە، کە گیایەکی ڕیشە ژەهراوییە؛

**ژاوەڕۆ:❹** جەنگ **جەنگاوەرانی تیر بەژار** کە خەڵکانی ئەو ناوچەیە تیرەکانیان بە ژەهری هەڵیت ئاڵوودە ئەکرد.

لە کاتی هێرشی مێهردادی دووەهەم پادشای ئەشکانی بۆ سەر سەکاکان، دەستەیەکیان لێ جیا کردەوە و کە تیرهاوێژ و شەڕکەری باش بوون و بۆ بەرەنگاری و پاشەکشە پێکردنی ڕۆمەکان، بردنی بۆ ناوچەی هەورامان و لەبەر ئەوەی تیرەکانی خۆیان بە ژەهری گیای «کرمە کوژە» ئالوودە ئەکرد، تیرەکانیان لە هەر گیاندارێکی دابا یەکسەر گیانی لێ ئەسەند و ئەیکوشت. ئەم کۆمەڵە خەڵکە لە ناوچەی «ژاوەڕۆ» بە واتای شەڕکەرانی تیر بەژار نیشتەجێ بوون.











**ژاوەژاو:** Flustercluck غەڵبەغەڕ غەڵبەغەڵبی بێسەروبەر کە هیچ شتێک ڕوون و دیار نییە؛ قریوە و دەنگوهەرای کۆمەڵێک پەلەوەری وەکوو مریشک و قەل و قازی تۆقاو؛ ڕەهاتێکی سەمەرە و چاوەڕواننەکراو بۆ کۆمەڵێک ڕوو بدات.

**ژمێرنامە:** ledger هەژمارنامە پەڕاو یان نیشەی کۆمەڵێک هەژماری دارایی لە یەک چەشنی تایبەت N hovedbok ع دفتر الحسابات د دفتر کل.





**ژرۆنتە :** Géronte پێرسۆنا کەسایەتیی شانۆگەری سکاپینی قۆڵبڕ، نووسینی مولییێر. ژرۆنتە لە یۆنانییەوە، لە کۆنەوە هێمای پیرە کە گەوج ئەبێ و کڵاو ئەچێتە سەری.

**ژریر :** zinc هێیسن ناو مز، ڕۆح، تووتیا، بە ژمارەی ئەتۆمی ٣٠ و هێمای Zn کانزایەکی سپی زیوینە، بۆ دروستکردنی کالەنی و گالڤانیزەی ئاسن و پۆڵا بەکار دێ، بوونی لە لەشدا بە ڕادەی ڕۆژانەی ٥٠ میلی گرەم پێویست و نەبوونی زیانبەخشە، لە پزیشکی و خۆراک پێدانی کشتوکاڵدا زۆر سوودمەندە N sink ع زنک د فلز روی.

**کالەنی :** brass alloy دارشتە دارشتەی برنج، تێکەڵەی سپی یان زەردی مس و تووتیا N messinglegering ع سبائک النحاس د آلیاژ برنج.

**دارشتە :** alloy تێکەڵە ئالیاژ، تێکەڵەی چەند کانزا N legering ع أشابة د آلیاژ ☜ تووتیا.




**ژمارەزانی :** arithmomania بیرکاری هەستیارییەکی نائاسایی بۆ ژماردنی شت یان کردارەکان و ئەنجامدانی لێکدانەوەی بیرکاری. ع علم الأعداد N numerologi د عددشناسی E numerology.



**ژمارەگر:** dial ئامێر تاو بەشێکی تەلەفون، مۆدێم، یان هەر ئامێرێکی تر کە ژمارەی پێ ئەگرن بۆ پەیوەندی گرتن. ع ارقام اتصال N slå nummer د شمارە گیر. ← **ژمارەگری:** dial_up تکنۆلۆژیا



**ژمارەی پەروەندە:** docket number دادگا ڕێسا ژمارە و ڕێکەوت و ژمارە و جۆری پەروەندە (ئەتک Civ یان تاوان Cr) و پیتی دەستپێکی ناوی دادوەر لە دادگای ئەمریکا.




**ژمارەی بەرنوولی:** Bernoulli number بیرکاری ژمارەکانی بێرنۆلی بە هێمای Bn لە بیرکاریدا زنجیرەیەک ژمارەی ڕێژەیین کە لە تیۆری ژمارەدا ڕوودەدەن. ◄ بۆ هەر ناسفرێکی n، ئەگەر n دابەش بکرێت بەسەر ٤دا، Bn نەرێنی و، بە پێچەوانەوە ئەرێنی دەبێت، هەروەها بۆ n ی تاک جگە لە ١، Bn دەبێتە سفر. ◄ ژمارەکانی بێرنۆلی لە لایەن بیرکاری سویسری جاکۆب بێرنۆلیەوە ناسێنراون و بەناوی ئەوەوە تۆمارکراون، بەڵام بیرکارێکی ژاپۆنی بە ناوی سێکی تاکاکازۆ ئەم ژمارانەی پێشتر دەستنیشان کردبوو، کە لە دوای مردنی لە ساڵی ١٧١٢دا بڵاوکرانەوە.

٤ عدد برنولي N Bernoulli_tall د عدد برنولی. ☜ ئەیدا لەقلەس












**ژمارەی کورد لە جیهان:** Number of Kurds in the world سەرژمێر

ژمارەی کوردان پتر لە ٧٠ ملیۆنە، بە منیشەوە کە لە مەغریب ئەژیم و لێرەدا نەنووسراوە. تۆژینەوەی محەمەد کاروانی سویسرا، ساڵی ٢٠٢٢.



**ژمێریار:** treasurer ژمێریار ناو کەسێک کە سەرپەرشتی باری ئابووری و وامی کەس یان دامەزراوێک ئەکات N kasserer ع امينة صندوق د صندوق دار، خزانەدار.

**ژن:❶** woman زاینەند ناو ئافرەت، کەنی، مرۆڤێکی مێینەی پێگەیشتوو. ع المرأة N kvinne د زن.

**ژن:❷** sound فیزیک شەپۆل دەنگەوشە پاشگر ژەن، دەنگ لە ژەندن و ژەنین بە واتای هەژاندن و لەرینەوە کە هۆکاری بەدیهاتنی دەنگە، وەک پاشگر بەکار دێ و دەنگەوشە پێک ئەهێنێ:

- **ئۆخژن:** ناوی چاوگ [ئۆخ+ ژن دەنگەوشە = دەنگی ئۆخەی]
- **خرمژن:** ناوی چاوگ [خرم+ ژن دەنگەوشە = دەنگی خرمە]
- **شەقژن:** ناوی چاوگ [شەق+ ژن دەنگەوشە = دەنگی شەقە]
- **شریخژن:** ناوی چاوگ [شریخ+ ژن دەنگەوشە = دەنگی شریخە]
- **قرمژن:** ناوی چاوگ [قرم+ ژن دەنگەوشە = دەنگی قرمە]
- **کۆڕژن:** ناوی چاوگ [کۆڕ+ ژن دەنگەوشە = دەنگی حیلە]
- **هاڕژن:** ناوی چاوگ [هاڕ+ ژن دەنگەوشە = دەنگی هاڕە]

**ژنانی بەرەو ڕۆژئاوا:** Westward the women سینەما فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٥١ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ویلیەم ویلمەن.








**ژنبێزار:** misogynist ڕەفتار ئاوەڵناو ناوی لێکدراو مرۆڤ لە ژن بێزار، مرۆڤی

دژەژن، ڕقلەژن؛ هەستی بێزاری و ڕق لە ژن بوونەوە. ع مبغض النساء N kvinnehater د زن گریز، زن ستیز. ⇦ **ژنبێزارانە:**

misogynim ناوی چاوگ ناوی چاوگە لە ئاوەڵناوی تێکەڵاو بە واتای چاوگی ڕق لە ژن بوونەوە.







**ژنبێزاری:** misogyny پۆچوون ناوی چاوگ بریتییە لە ڕق لێبوونەوە، لەخۆڕا سووکایەتیکردن بە ژنان یان کچان. جۆرێکە لە سێکسیزم و هەڵاواردن کە دەتوانێت ژنان لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمتر لە پیاواندا بهێڵێتەوە، بەمەش ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پیاوسالاری دەپارێزێت. ژنبێزاری هەزاران ساڵە بە شێوەیەکی بەرفراوان پراکتیزە دەکرێت. ع کراهیة النساء N Kvinnehat د زن ستیزی.








**ژنراڵ فۆش:** Ferdinand Foch ژنراڵ (١٨٥١ـ١٩٢٩) ژنراڵ و پاشان مارشاڵی فەرەنسەیی، لە مارچی ١٩١٨ بوو بە فەماندەی گشتی هێزەکانی یەکگرتوو.




**ژنەڤیڤ دو برابان:** Geneviève de Brabant پێرسۆنا ئۆپێرا گەڕان-١

ئۆپێرای ژان ئۆفێنباخ، ١٨٥٩. ژنەڤیڤ و گۆلۆ لە کەسایەتییەکانی ئەفسانەیەکی سەدەی ناونجین. ژنەڤیڤ چەندین ساڵە شووی کردووە و هێشتا منالی نەبووە. بەلام هەمان ئەو ڕۆژەی کە مێردەکەی ئەڕوا بۆ جەنگ، سکی لێی پڕ ئەبێ. گۆلۆی باشگزێر، پاش هەوڵدانێکی زۆری سەرنەکەوتوو بۆ تەفرەدانی ژنە، ڤاو دائەخا ژنە بەدکارەیە. ژنەڤیڤ خۆی لە بەرامبەر ئەم بوختانە دوخمانییەدا پێڕاناگیرێ و هەڵدێ بۆ لێڕەوار و لەوێ خۆی ئەشارێتەوە. ماوەیەکی دووروودرێژ لەگەڵ منالەکەی لە ناو دارستان بە شیری ئاسکێک ئەژین. پاش ئەوەی شووەکەی ئەگەڕێتەوە لە کاتی ڕاودا ئەیدۆزێتەوە. بۆ سپاسکردنی ڕزگاربوونی ژن و منالەکەی کلیسایەک بۆ مریەمی پاکیزە دروست ئەکا. ئەم چیرۆکە بووە بە مژاری زۆر هۆنراوە و شانۆگەری و ئۆپێرا.




**ژنێکی پاریسی:** A Woman of Paris سینەما فیلم یان بە فەرەنسە L'Opinion publique فیلمی سینەمایی ئەمریکایی ١٩٢٣ی چارلی چاپلین.








**ژنی لووت:** Lot's wife ئایینناسی کەسایەتی هاوسەری «لووتی پەیامبەر» کە دژی مێردەکەی ئەبێتەوە و بە تاوانی ئەوە سزا ئەدرێ. لە تەورات، پەرتووکی ئافراندن هاتووە کە ئەو ژنە کرا بە پەیکەرێکی خوێ، پاش ئەوەی ئاوڕی دایەوە و ڕوانییە سووددووم کە بەر ڕقی خوا کەوتبوو.




**ژنی جوولەکە:** La Juive ئۆپێرای فرۆمێنتاڵ ئالیڤی Fromental Halévy (١٨٣٥).









**ژۆرژ ئاڵتمەن:** Georges Altmann نووسەر خەباتگێڕ {١٩٠١ـ١٩٦٠}
ڕۆژنامەنووس و پێشمەرگەی فەڕانسەیی هێزی بەرگری جەنگی جیهانی دووەم، ئەندامی ڕێکخراوی دوورکوژان Francs_tireurs لە دوای جەنگ، لە دامەزرێنەرانی پارتی باڵی چەپ، نووسەری «ئەممەیە سینەما» و «سینەمای سۆڤیەت».








**ژۆرژ بۆلانژە:** Georges Ernest Boulanger ڕامیار ئایدیۆلۆگ {١٨٣٧ـ١٨٩١}
ژنراڵ و ڕامیاری فەڕانسەیی. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا {١٨٨٩} بۆلاَنژیسم لە پاش کزبوونی مارکسیزم بە هاوپەیمانی چەپی ڕادیکاڵ سەی هەڵدا.




**ژۆرژ سادۆل:** Georges Sadoul نووسەر خەباتگێڕ {١٩٠٤ـ١٩٦٧} نووسەر و ڕۆژنامەنووسی فەڕانسەیی. سەرەتا سوورڕیالیست و پاشان بوو بە کۆمۆنیست.




**ژۆرژ سێرا :** Georges Seurat شێوەکار پۆنتالیست {١٨٥٩ـ١٨٩١} شێوەکاری پۆست ئیمپرشنیستی فەرەنسەیی، دانەری پۆنتالیزم واتە تەکنیکی سەرنجدان لە ڕەنگ و خاڵ خاڵ دانانی ڕەنگەکان.




**ژۆرژ سیمنۆن :** George Simenon نووسەر {١٩٠٣ـ١٩٨٩} نووسەری فەرەنسەیی، ڕەچەڵەک بەلجیکی.

**ژۆرژ فیدۆ :** Georges Feydeau نووسەر {١٨٦٢ـ١٩٢١} شانۆنووسی فەرەنسەیی.

**ژۆرژێت :** Georgette پۆشاک کووتاڵ ناو کووتاڵێکی ناسکی ئاورێشم یان کرێپە. ع جورجیت N Georgette د ژرژت.



**ژۆرس:** Jean Jaurès {١٨٥٦ـ١٩١٤} رامیار فەیلەسووف نووسەر یانەسای تیبۆ،

رامیار و فەیلەسووف و مێژوونووسی فەرانسەیی لە سرکردەکانی پارتی سۆسیالیستی فەرانسە بوو و تێکۆشا هەموو پارت و ڕێکخراوە سۆسیالیستەکان یەک بخات. ساڵی ١٩٠٤ ڕۆژنامەی «ئۆمانیتە»ی دامەزراند کە پاشتر بوو بە ئۆرگاکی پارتی کۆمۆنیست. دژی کۆلۆنیالیزم و جەنگخوازیی بوو. ژۆرێس هەرچەند ماتریالیزمی ئابووری و تیۆری خەباتی چینایەتی مارکسی پەژێرە کردبوو، بەڵام تا کۆتایی لایەنگری سۆسیالیزمی لیبرال بوو و بڕوای بە «دیکتاتۆری پرۆلێتاریا» نەهێنا. ڕۆمانی یانەسای تیبۆ براوەی خەڵاتی نۆبێل و وەرگێڕانی سیامەند شاسواری، بە دووروودرێژی دەربارەی ژیان و کوژرانی ئەدوێ.







**ژۆزۆف پرۆدۆم و بانوو:** M. and Mme. Joseph Prudhomme پێرسۆنا

دوو کاراکتری کارتۆنیی بۆرژوای گاڵتە و قەشمەر بوون کە هانری نۆنیە {١٧٩٩ـ١٨٧٧} بەدی هێنان.





**ژۆزویت:** jesuit ئایینناسی ئەندام پەیڕەو بە ئەندامی Society of Jesus یان کۆمەڵەی یارانی عیسا یان ئەندامانی ئاینزای ئەنجومەنی یەسوعی ئەوتریٚ کە سکتێکی ئاینی سەر بە کلیسای کاسۆلیکە و خۆیان بە سەربازی عیسا ئەزانن. ◀ دامەزریٚنەرەکەی ئیگناتیۆس لۆیۆلا Ignatius of Loyola پیٚش ئەوەی ببیٚ بە قەشە شاسوار بووە، بۆیە بە یەسووعی و سەربازی عیسا بانگ ئەکریٚن. سەدەی ١٦ دامەزرا و ساڵی ٣٧٧١ هەڵوەشایەوە، چونکە کەوتنە کڵاوبازی و پارەدزین و ئیٚستە تەنها هەندیٚ کەس و ناویٚکیان لیٚ ماوەتەوە. یەسووعیەکان بۆ ماوەی دووسەد ساڵ مامۆستای فەرهەنگی ئورووپای کاسۆلیٚک بوون. بە سەدان فێرگەیان هەبوو و هەوڵیان ئەدا خۆیان بخزیٚننە ناوچە پرۆتستانەکانەوە. ع الیسوعي، مجتمع یسوع N jesuitt د یسوعی، جامعە عیسی.








**ژۆزویت:** Jesuits ئایینناسی ئەندام ئەندامانی ئاینزای ئەنجومەنی یەسوعی سەر بە کلیسای کاسۆلیک، کە خۆیان بە سەربازی عیسا ئەزانن. سەنت ئیگنانیۆس لایۆلا دامەزریٚنەری ئەم ئەنجومەنە پیٚش ئەوەی ببیٚ بە قەشە، شاسوار بووە.

**ژۆزیٚف پلاتۆ:** Joseph Plateau فیزیکزان داهیٚنەر (١٨٠١ـ١٨٨٣) فیزیکدانی بەلجیکی. لەو یەکەم کەسانە بوو خەونی ویٚنەی بزۆز یان سینەمای هیٚنایە دیٚ و ئامیٚرەکەی ناو نا فیٚناکیستۆسکۆپ phenakistoscope.








**ژۆسیو :** Antoine de Jussieu گیانـــر {١٦٨٦ـ١٧٥٨} گیاناسی بەناوبانگ کە بنەماڵەکەشی بۆ هەمان مەبەست ناسراوە.




**ژۆفر :** Joseph Césaire Joffre مارشاڵ مارشاڵ ژۆفر ساڵانی ١٩١٤ و ١٩١٦ فەرماندەری گشتی سپای فەڕانسە بوو.

**ژۆفرن :** Marie Thérèse Geoffrin ڕۆشنبیر خاوەن کۆڕ گەڕان-٣ {١٦٩٩ـ١٧٧٧} یارمەتیی ئینسکلۆپێدیای دیدرۆ و دالامبێری دا. ڕێکامیە: Juliette Récamier {١٧٧٧ـ١٨٤٩} دۆستی شاتۆبریان بوو. دو بوانی: Adèle d'Osmond de Boigne {١٧٨١ـ١٨٦٦} خاتوونێکی لیبراڵ بوو.




**ژۆل فێری:** Jules Ferry ڕامیار {١٨٣٢ـ١٨٩٣} ڕامیار و کۆماریخوازی فەڕانسەیی.




**ژۆلی:** John Joly فیزیکزان {١٨٥٧ـ١٩٣٣} زانای فیزیکی ئیرلەندی.

**ژۆلین دوڤیڤیه:** Julien Duvivier دەرهێنەر نووسەر {١٨٩٦ـ١٩٦٧} دەرهێنەر و نووسەری فەڕانسەیی. ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٦٠ کەسایەتی هەرە بەرجەستەی سینەمای فەڕانسە بوو.








**ژوانگە:** trysting ناوی جێگا شوێنی بەیەکگەیشتن. ع مكان الالتقاء N møteplass د محلّ ملاقات.










**ژوانگەی ڕابواردن:** houses of assignation ڕابواردن قاحبەخانە ناوەندی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن د عشرتکده N oppdragshus ع بيوت الدعارة E brothel.



**ژوانی جولای:** Rendez-vous de juillet فیلم سینەما فیلمی سینەمایی ١٩٤٩، فیلمی هیوا و خۆشەویستی و خولیا و هاوڕێیەتی کۆمەڵێک گەنجی پاریسی هۆگری جاز. دەرهێنانی ژاک بێکر Jacques Becker.







**ژوبێر :** Joseph Joubert نووسەر (١٧٥٤ـ١٨٢٤) ژۆزێف ژۆبێر، نووسەری فەڕانسەیی.




**ژول ڤێرن :** Jules Verne ڕۆماننووس ڕۆماننوس، هۆنەر و شانۆنووسی فەڕانسەیی بوو. نووسەری پڕفرۆشترین ڕۆمانەکانە، کاریگەری لەسەر وێژەی نوێگەرا و سوریالیزمی وێناگەر هەبوو.




**ژولیا کریستیڤا :** Julia Kristeva فەیلەسووف نووسەر (١٩٤١) فەیلەسووف، ڕەخنەگری وێژەیی، زمانەوان، دەروونشیکار، فێمێنیست و ڕۆماننووسی بولگاری ـ فەڕانسەیی کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە لە فەڕانسە ئەژی. ژولیا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تۆژینەوەی ڕەخنەگرانە، تۆژینەوەی فەرهەنگی و فێمینیزم هەبووە. پەرتووک و وتاری زۆری دەربارەی نیشانەناسی و دەقاوێزانی و ڕەخنەی وێژەیی و دەروونناسی، تۆژینەوەی ڕامیاری و فەرهەنگی و هونەر و مێژوو نووسیوە. ژولیا هەروەها کۆمەڵێک ڕۆمانیشی هەیە. ئەم ڕۆمانانە هەرچەند لە ڕۆمانی پۆلیسی ئەچن کەچی لە هەناوی پڕۆژە تیۆریکەکانی ئەوەوە سەر دەرئەهێنن. پێرسووناکانی

لە ڕێگەی کەرەستە دەروونییەکانەوە خۆیان دەرئەبڕن. ئەم شێوازە نووسینە، ژولیا لە بەرهەمەکانی کۆتایی داستایڤسکی نزیک ئەکاتەوە، لە کاتێکدا بەرهەمە تەمارەکانی زۆرجار ئاماژەیی و هێماییین، بەڵام ڕێبازەکانی شێوازی دەروونناسی تێیاندا بەکار هاتووە.











**ژونۆ:** Juno ئایینوئەفسانە ماخوا لە میسۆلۆجی یۆنانیدا ماخوای پارێزەری وڵات، کچی ساتۆرن، خوشک و هاوسەری ژوپیتەر، لە زۆربەی نەخشە کۆنەکاندا تاوسێکی لە لاوەیە.






**ژووپیتەر:** Jupiter ئایینوئەفسانە لە میسۆلۆژی ڕۆمیدا خوای خوایان یان پادشای خوایان و هەروەها خوای ئاسمان و خوای برووسکە بوو. هاوشانی زیۆس خوای خوایانی یۆنان بوو لە پانتیۆن.




**ژووری بخوور:** inhaling room حەسانەوە ژووری هەناسەکێشانی تایبەت و ئاسوودە. هەروەها بە واتای ژووری ئاسوودەیی بە دوور لە چالاکی ڕۆژانە.

**ژووری تاریک:** camera obscura سینەما تاریکخانەی وێنەشۆردنەوە.

**ژووری جلکەن:** dressing room شاو یان بە تەنها جلکەن، ژووری خۆگۆڕین و ئاڕایشت، بە تایبەت هی ئەکتەران.

**ژووری فەرمان:** command room ئای تی ژووری فەرمان ناوەندی فەرماندانی دامەزراوێکی گەورە وەکوو ڕادیۆ، تلەڤیزیۆن، سەربازی و زانستی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان. ع غرفة تحكم N kommandorom د اتاق فرمان.



**ژووری نووچە:** The Newsroom زنجیرە زنجیرەی تلەڤیزیۆنی ٢٠١٢ـ٢٠١٤ لە سێ وەرزدا، ئافراندنی ئارۆن سۆرکین و بەشداری هونەرمەندانەی جێف دانیەڵ. بەدرۆخستنەوەی یەکەم بوونی ئەمریکا لە هەموو شتێکدا، ئاماژەیەکی قووڵ بە بزووتنەوەی تی پارتی.

☜ بزووتنەوەی تی پارتی



**ژوول گێد:** Jules Guesde **ڕامیار** **سۆسیالیست** (١٨٤٥ـ١٩٢٢) ڕامیاری سۆسیالیستی فەڕانسەیی، لە پێشڕەوانی مارکسیزم لە فەڕانسە، کە لەگەڵ پۆڵ لافارگ لە ١٨٨ پارتی کرێکاری فەڕانسەیان پێکهێنا. چەند جار هەڵبژێدرا بۆ پەرلەمان. لە بەرەی دژی زۆرس، دژی بەشداری سۆسیالیستەکان لە حکوومەتدا بوو، بەڵام خۆی سەرەنجام بوو بە وەزیری ناوخۆ (١٩١٤ تا ١٩١٦) و لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا هەڵوێستی نەتەوەیی وەرگرت و لایەنی جەنگی گرت.




**ژوولیەن سۆرێل:** **پێرسۆنا** گەنجێکی هەڵکەوتووی بەرزەفڕی خاوەن بیرەوەوەری فۆتۆگرافیکە لە توێژی مامناونجی کۆتایی سەدەی هەژدە، کە ئەیەوێ خۆی بخزێنێتە ناو چینە ئاریستۆکراتییەکانەوە و لە هەمان پێناویشدا سەری دائەنێ؛ پاڵەوانی ڕۆمانی سوور و ڕەش The Red and the Black نووسینی ستاندال Stendhal وەرگێڕانی سیامەند شاسواری، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، ٢٠١٣.



**ژووی:** Jouy کووتاڵ جۆرێک کوتاڵی چاپکراوی کەتان لە سەدەی هەژدە.

**ژەڤێر:** پێرسۆنا کارەکتەرێکی وژارەیی و دژبەری سەرەکی لە ڕۆمانی بێنەوایانی Les Misérables ڤیکتۆر هوگۆ، هیی ساڵی ١٨٦٢. ◀ بێنەوایان چەندین جار براوەتە سەر شانۆ و کراوە بە فیلم.












**ژەقنەبووت:** هێمایر شتێکی زۆر تاڵی وەک ژەهری مار کە وەک وشەی تووڕەیی و جوێناوی بەکار دێ.

**ژەک:** شیرەمەنی ناو شیری یەکەمی ئاژەڵی تازەزای وەکوو مەڕ و بزن و مانگایە، ئەگەر بکوڵێنرێ ئەبێ بە فرۆ.

⇦ **فرۆ:** ژەکی کوڵێنراوی ئاژەڵی تازەزاوە.

**ژەمەدەرمان:** dose گوڵم، قورچک، بڕێکی دەرمان کە بۆ یەکجار بەکار ئەهێنرێ. ع جرعە N dose د جرعە.








**ژەمەن:** ناو مایەی ژیان، قووت.

**ژەنگەسووره:** hornet دەعبا ناو زەنگەزێرە، سیرەمۆز، شەنگەسوورە دەعبایەکی باڵداری زەردسوورە لە مێش گەورەترە و چزووی هەیە.










**ژەنگین:** رەنگەوشە ڕەنگی وەکوو ژەنگ، قاوەیی سووورباوی ئاجووری.

**ژێدەر:❶** Infinitive ڕەگەز، بنەما، بنەچە، ڕەگەزی وشە. ع مصدر N Infinitiv د منشاء، مصدر.

**ژێدەر:❷** except ئاوەڵکار بێجگە، جگە. ع الا N unntatt د غیر از.

**ژێدەر:❸** source ناو سەرچاوە، چاوگ. ع مصدر N kilde د مأخذ.

**ژێرار دو نێرڤال:** Gérard de Nerval نووسەر هۆنەر {١٨٠٨ـ١٨٥٥} نووسەر و هۆنەر و شانۆنووسی فەڕانسەیی.



**ژێرخان:** infrastructure ناو بناغە و کەرەستەی فیزیکی و ڕێکخراوەیی سەرەتایی وەکوو تەلار و ڕێگەوبان و سەرچاوەکانی هێزی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ یان کۆمپانییەک هێمایر ئابووری مارکسیزم بنەمای ئابووری کۆمەڵگە.




**ژێرقولکردن:** ☜ پارە قاچاندن: embezzlement

**ژێرگەردیلەیی:** subatomic فیزیک میکانیکی کوانتۆم ناوولێکدراو دارەتێکە بچووکتر لە ئەتۆم یان لەناو ئەتۆمێکدا ڕوو ئەدات. ع دون ذري N subatomar د زیراتمی.

⇚ **تەنۆکەی ژێرگەردیلەیی:** Subatomic particle لە فیزیکدا تەنۆکەیەکە لە گەردیلە بچووکترە. بەپێی مۆدێلی ستانداردی فیزیکی تەنۆکەیی، تەنۆکەی ژێرگەردیلەیی ئەکرێت تەنۆکەیەکی پێکهاتوو، کە لە تەنۆکەکانی تر پێک هاتووە (بۆ نموونە، پرۆتۆن، نیوترۆن، یان مێزۆن)، یان تەنۆکەیەکی سەرەتایی بێت، کە لە تەنۆکەی تر پێک نەهاتووە (بۆ نموونە، ئەلێکترۆن، فۆتۆن، یان میوون). فیزیکی تەنۆکەیی و فیزیکی ناوکی لێکۆڵینەوە لەم تەنۆکانە و چۆنێتیی کارلێککردنیان دەکەن. ع جسیم دون ذري N subatomar partikel د ذرات زیراتمی.






**ژێرۆم:** Jean‐Léon Gérome شێوەکار ژان لیۆن ژێرۆم (١٨٢٤ـ١٩٠٤) شێوەکار و پەیکەرتاشی ئاکادمیستی فەڕانسەیی، ژێرۆم دژی شێوازی

ئیمپرشنیزم بوو.

 

**ژێرەدەری هاوبەش:** denominator common پیرکاری ☜ سەرە و ژێرە

**ژێرهێڵ:** underline ناو هێڵێک کە بەژێر شتێکدا ئەکێشرێ وەک وشە یان ڕستە بۆ جەخت و دیاریکردن. ⇦ **سەرهێڵ:** online ئاوەڵکار پەیوەندی بە هێڵێکی تۆڕی دەرەکییەوە هەیە. ع عبر الانترنت N nett på د برخط ⇦ **دەرهێڵ:** offline ئاوەڵکار بەستراوە بە کەمپیوتەرەوە، بەڵام پەیوەندی بە هێڵێکی تۆڕی دەرەکی ئینترنێت و ئینترانێتەوە نییە.

 






**ژێنی مەهـ ڕوخسار:** Jean de La lune فیلم کۆمێدی کۆمیدی سینەمایی ١٩٤٩، دەرهێنانی مارسێل ئاشار Marcel Achard.

 





**ژێوەرگرتن:** adaptation ویژە سینەما گونجاندن، لێئانین، ڕەوتی گونجاندنی دەقێکی ڕۆمانی بۆ شانۆ یان سینەما. ع اقتباس N tilpasning د اقتباس. ⇠ هەروەها citation بە واتای پازە و ژێوەرگرتن ئەبێ.

⇠ **بەرهەمی وەرگیراو:** derivative work بەرهەمێک کە لە بەدیهاتنیدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی سوود لەو توخمانە وەرئەگیرێ کە پێشتر ئافرێنراوە و مافی زۆرکردنی هەیە. ع عمل مشتق N Avledet arbeid د اثر اقتباسی

⇠ **ڕێککەوتننامەی وەرگیراو:** Derivative Contract بەڕێککەوتننامەیەک ئەوترێ کە بایەخی بەهایی ئەوانە بەستراوە بە تۆلاَ یان یان پارە یان بەلگەی بەهادار و خۆیان هیچ بایەخێکی سەربەخۆیان نییە

⇠ **ژێوەرگرتنی ئازاد:** loosely based ژێوەرگرتن.




**ژێوەرگرتنی ئازاد:** loosely based ژێوەرگرتن ژێوەرگرتن بە شێوەیەکی کراوە و دلْخواز، بۆ نموونە لە ڕۆمانێک بۆ فیلم.

**ژێهاتی:** efficient ئاوەلْناو شایان، لێوەشاوە، لێهاتوو، شیانست. ع کفوء N effektiv د باکفایت.

**ژیار:** civilization ژیار گەشە ژیانی شارستانی، شارستانیەت، شارنشینی، قۆناغی پەرەسەندن و ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگی کە بە پێشکەوتووترین قۆناغ دائەنرێ N sivilisasjon ع الحضارة د تمدن.

☜ شارستانیەت










**ژیارمەند:** civilized [ئاوەڵناو] خاوەن شارستانیەت، گەیشتن بە پلەیەکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕەوشتی باڵای شارستانی [N] siviliserte [ع] متحضر [د] متمدن. ⇐ {... لەم هەڵمەتەدا هەر یەک لە بواری خۆیدا: مامۆستایانی ئایینی لە ژێر چەتری پیرۆزی ئاییندا، فێرگەکانی ئەم وڵاتە بە زانست و هونەر، میدیا و دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی شارستانی بە فەرهەنگی گەش، دەسەڵات بە هەموو تواناوە و لە هەموو ئاستێکدا کار دەکەین بۆ پاراستنی ئافرەتان و بۆ ڕێز گرتن لە ژیان و پێگەیان. هاوکار و هاوئاهەنگ بەرەو ئامانج و وێنای ژیارمەند ڕێ دەکەین ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان}.












**ژیاری:** civil [ئاوەڵناو] [ناوی چاوگ] شارستانی، هاوڵاتی ئاسایی، نەک سەربازی. [ع] مدني [N] sivil [د] شخصی، مدنی. ⇐ ژیاری و سەربازی.

**ژیان لە ئاشتی:** C'est la vie [گوتە] [دەستەواژە] فەرەنسیی، ژیان هەر

ئەمەیە و بەم شێوەیە ڕوو ئەدات، زۆر گوێی مەدەرێ. ع هذا هی الحیاة N Det er livet د زندگی همینە.










**ژیان لە ئاشتی:** Vivere in Pace سینەما فیلم فیلمی ئیتالیایی نیۆڕیالیستی ١٩٤٧، دەرهێنانی لویجی زامپا Luigi Zampa.







**ژیانەڵا:** aliment بڕیو بڕیو، خواردن، خواردەمەنی، وزەپێدەر N næring ع د قوت. ⟸ **وزەپێدەر:** alimentary بڕیو خواردەمەنی ژیەنەر و وزەبەخش. ع غذائي N næring د تغذیەای.




**ژیاندنەوە:** resuscitate چاوگی تێپەڕ فەرمان چاوگی دووڵۆ زیندووکردنەوە، ڤەژیاندن. ع انعاش N gjenopplive د حیات بخشیدن دوبارە.

**ژیانەوە:** revitalize چاوگی تێنەپەڕ فەرمان چاوگی دووڵۆ خۆبەخۆ زیندووبوونەوە،

دووباره زیندووبوونەوه، ڤەژیاندن. [ع] انعاش [N] gjenopplive [د] حیات بخشیدن دوباره. [ن]: خۆژیانەوه: revitalize itself.

**ژیانی عیسا:** Vie de Jésus ئاییناسر ژیاننامە ڕەخنە نووسینی Ernest Renan (١٨٦٣) کە لە ڕوانگەی مێژووی زانستییەوە نووسرابوو، بە هۆی لەبەرچاونەگرتنی دیاردەی بانسروشتی لە لایەن کڵێساوە پاوان کرا.







**ژیانی گیایی:** vegetal existence هێمایر بوون و ژیانی بێجووله و چالاکی.



**ژیانیی:** ئاوەڵناو ئەو شتەی مایەی مان و بوونە. ع حیوي N livsviktig د حیاتی E vital.




**ژیرادۆ:** Jean Giraudoux نووسەر دیپلۆمات (١٨٨٢ـ١٩٤٤) شانۆنامە و ڕۆماننوس و دیپلۆماتی فەڕانسەیی.




**ژیراردین:** Emile de Girardin ڕامیار ڕۆژنامەوان (١٨٠٢ـ١٨٨١) ڕۆژنامەنووس، خاوەن وەشان و ڕامیار، ناوبەناو سەرنووسەری ڕۆژنامەی «پرێس» بوو. لە ڕامیاریدا بێپرنسیپ بوو. بەر لە شۆڕشی ١٨٤٨ دژی گیزۆ بوو و لە سەردەمی شۆڕشدا بوو بە لایەنگری کۆماری، نوێنەری ئەنجوومەنی ڕێسادانان بوو و پاشان بوو بە بۆناپارتیست.



**ژیرانه:** irrational ئاوەڵناو ئاوەزدارانە، لەسەر بنەمای ئاوەز و لۆجیکدا. ع منطقيِ N rasjonell د عقلانی.

**نازیرانه:** irrational ئاوەڵناو گەمژانە، گەوجانە، لە نەبوونی ئاوەز و لۆجیکدا. ع غیر منطقِ N irrasjonell د غیر عقلانی.

**ژیربێژی:** Logic بیرسا بیرسا، لۆجیک، زانستی بیرکردنەوەی شیانست و بنەما و ڕێسای دروست بەکارهێنانی ئاوەز N Logikk ع د منطق.

**ژیرلێ مەرێ:** Jîrlê Merê کۆڕی زانایان بە واتای کۆڕی زانایان، ئەنجومەنی ژیران، بە واتای یەکەمین پەرلەمانی هەڵبژاردەی جیهان بە دەنگی هەموان، لە سەدان ساڵ بەر لە زایینەوە.

پەرلەمان و هەڵبژاردنی گشتی دیاردەیەکی تازە و سەر بە جیهانی نوێیە و مێژوویەکی کۆنی نییە. تا سەدەکانی ناونجیش ئەگەر هەڵبژاردنێک هەبووبێ تەواو سنووردار بووە و تەنها کەسانی خاوەندەسەڵات و ئاریستۆکراتەکان مافی دەنگدانیان هەبووە. ئورووپاییەکان لە چیرۆکەکانی خۆیاندا ئەگێڕنەوە، کاتێک بۆ یەکەمجار پێشنیازی هەڵبژاردن و مافی دەنگدان بۆ هەموان کراوە، پادشا و دەسەڵاتداران پێکەنیون و لە وەڵامدا وتوویانە: ئێستە کە وای لێهاتووە، هەموو کەس بۆی هەیە دەنگ بدات، با ئەسپ و مانگاکانیشمان دەنگ بدەن. واتە دەنگدانی گشتی تا ئاستێکی نەلواو، نەگونجاو بووە. بەڵام نەریتێک لە هەورامان تەواو مایەی سەرسوورمان و لەسەرووەستانە کە ڕەوتی پەرلەمانی هەڵبژاردە بە ناوی **ژیرلێ مەرێ**، پەرلەمانی هەڵبژاردە بە دەنگی گشتی ژنان و پیاوان کە تەنانەت ژن دەنگ ئەدا و خۆی هەڵئەبژێری، لە ڕۆژی ٤٥ەمینی بەهاردا، لە پەرستگەی پارسان لە هەورامان بەڕێوەچووە، نوێنەران بۆ ماوەی یەک یان چەند ساڵێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەکە هەڵبژێردراون.

هەتا ئێستەش ئەو دەستەواژەیە زۆر باوە کە بە سەرەژنی ناوازە

ئەوتریٚ: «ئەی ئافەرین ژیرلیٚ مەریٚ!»
لە پاش داگیرکرانی کوردستان لە لایەن ئیسلامەوە، بەر بەم دیاردە پیرۆزە پێشکەوتووە کۆمەڵایەتییە گیرا، بەڵام پاشان ژیرلیٚ مەریٚ، بە ناوی **کۆمسای**، کۆ بە واتای کۆبوونەوە و لیژنە و ئەنجومەن و مسای واتە ڕاوێژ و تەگبیر زیندوو کرایەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لە ڕوانگەی دەستوور و بەڕێوەبردنەوە لەگەڵ ژیرلیٚ مەریٚ نییە. بەم شێوەیە کوردانی هەورامی کۆنیترین کۆمەڵگەی مرۆیین کە هەڵبژاردنی گشتییان کردووە و خاوەنی پەرلەمان بوون ☜ کۆمسای.




**ژیرمەند:** sage بیرسا ئاوەڵناو ناوی‌بکەر [ژیر+مەند] مرۆڤی تێگەیشتوو و خاوەن زانایی قووڵ. ع حکیم N salvie د حکیم. ⇐: لەگەڵ لێدوانە ژیرمەندەکەی سەریان لەقاند. ⇠ بیرمەند، سەرمەند، بڕامەند، دەردمەند، سیامەند، گلەمەند.

**ژیرمەندی:** wisdom ناوی‌چاوگ زانایی و بڕیاردانی بەواتا و کاکڵ. ع حکمة N visdom د حکمت و معرفت.

**ژیرۆ:** Charles Giraud ڕامیار (١٨٠٢ـ١٨٨١) مافناس و پاشاییخوازی فەڕانسەیی، وەزیری پەروەردە لە ساڵی ١٨٥١.

**ژیرۆندن:** Girondins ڕامیاری ئەندامانی پارتی خەباتکاری بەرژەوەندیی

بۆرژوازی گەورە لە سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازی فەڕانسەدا، لە ناوی پارێزگای ژیرۆند Gironde وەرگیراوە کە زۆربەی سەرانی پارتەکە لەو مەڵبەندە بوون.







**ژیری:** wisdom ئاوەڵناو ناوی چاوگ هۆزانی، چۆنایەتی ئەزموون و زانست و دادوەری باش، چۆنایەتی ژیربوون N visdom ع حکمة د حکمت.









**ژیریی دەستکرد:** Artificial intelligence ئای ئێ یان AI ژیریی ئامێرەکانە: ئەو لقەی زانستی کەمپیوتەرە کە مەبەستی ئافراندنی ئامێرد یان ئامێرە ژیرەکانە. پەرتووکەکانی وانەبێژیی تایبەت بە ژیریی دەستکرد بوارەکەیان وەها پێناسە کردووە: «شیکردنەوەی بریکارە کەمپیوتەرییە ژیرەکان و دیزاینکردنیان». بریکاری ژیر {Intelligent agent} بە سیستەمێک دەوترێ کە بە دەوروبەری خۆی بزانێ و جۆرێک دەسبەکاری ئەرکەکانی بڕێ کە بەختی سەرکەوتنی خۆی فرەتر بکا. جۆن

مەککارتی کە خۆی زاراوەی ژیریی دەستکردی داهێناوە لە ١٩٥٦دا، بەم جۆرە پێناسەی دەکا: «زانست و ئەندازیاریی دروستکردنی ئامێرد یان ئامێرگەلی ژیر».

ژیریی دەستکرد لەسەر ئەو بانگەشەیە دامەزرا کە ئەیگوت ژیری ئەو سامانەی مرۆڤە بۆی هەیە ئەوەندە بەوردی بگێڕدرێتەوە بتوانرێ بە هۆی ئامێرەکەوە میناکسازی و هاوشێوەسازی بکرێ. ئەم بانگەشەیە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی بابەتگەلی فەلسەفی سەبارەت بە سروشتی هزر و سنوورەکانی بەرزەفریی زانستی، بابەتگەلێک کە هەر لە ڕۆژگارانی کۆنەوە چیرۆک و ئەفسانەکان و فەلسەفە گرنگیان پێ دابوو. ئەوڕۆکە، ژیریی دەستکرد بووە بە پاژێکی بنچینەیی لە پیشەسازی و تەکنۆلۆژیادا و بووە بە ڕێگەچارەیەک بۆ زۆرێک لە کێشە هەرە قورسەکان لە زانستی کەمپیوتەردا. ☜ لیسپ ☜ ئامێرد ☜ میناک






**ژیگ:** ئەستێرەناسی ئامێر زیگ، پەرتووک یان زانستی ڕێسای ڕێکخستنی ئەستێرە و لێکۆڵینەوە لە گەڕ و ناوەندی هەسارە و ئەستێرە و دارڕشتنی ڕۆژژمێر ٢} سەرەتا ژێ بووە و ژێ واتە دەزوو و، ژێ کە تان و پۆی کووتاڵی پێکهێناوە وەکوو خشتەی نەخشە لە کارگەی چنیندا بەکارهێنراوە. ژیگ یان زیگ لەوێوە بە واتای خشتەکانی ڕێسای ئەستێرەناسی وتراوە. سەبارەت بە ژیگ یان زیگ لەو زەمانەی فارس

پێی ئەڵێن «پەهلەوی!» یان فارسی ناوەڕاست، **هیچ** ئەمازەیەک بۆ زیگ نەهاتووە و ئەم گۆڕانکارییانە هەمووی لە سەردەمی کوردی ساسانیدا رووی داوە. زیگی گەورە یان ژیگی شالیار، لەسەردەمی نەوشیروانی ساسانی، ساڵی ٥٥٥ی زاینی بەرهەم هێنراوە. عەرەب ژیگی کردووە بە زیج. ژیگ چووەتە ناو زمانی یۆنانی و لاتینی سەدەکانی ناونجی و بووە بە زیک یان ئەزیک. هەروەها هۆزێکی کوردان هەیە بە ناوی **زیگ** کە تا ئێستاش لە ناوچەی **کۆهـ کیلویە**ی لای شیراز ئەژین.

ع د الاسطرلاب، ابراج E Astrolabe.






**ژیگا ڤێرتۆڤ:** Dziga Vertov سینەما دەرهێنەر (١٨٩٥ـ ١٩٥٦) لە پێشڕەوانی بەڵگەییسازی سۆڤێتی.






**ژیگۆلۆ:** gigolo لەشفرۆشی ناو گەنجی لووسکەی تەڕپۆش کە ئەبێ بە دۆستی ژنی دارا و لە ڕێگەی ئەوانەوە خۆی بەخێو ئەکا.








**ژیگی ئاڵبێرتی:** Alberti cipher disk ئەستێرەناسی ئامێر یان ژیگی جفرەی ئاڵبێرتی، کە بە فۆرمولاش ناسراوە، ژیگێکە لە لایەن لیۆن باتیستا ئاڵبێرتی لە نامیلکەی جفرە De Cifri ساڵی ١٤٦٧ پێناسە کراوە. ئەم دەزگایە یەکەم نموونەی جێگۆڕینەوەی پیتەکان و خولی بگۆڕ پیشان ئەدات، بریتییە لە دوو پەیکە diskی هاوچەق پێکهاتووە، کە لەسەریەک دانراون و بە پێچێک پێکەوە بەستراون؛ کە ئەتوانرێ یەکیان بە گوێرەی ئەوی تر بسووڕێنرێ. پەیکەی گەورە نەگۆڕ و ئەوی بچووک ناوی بگۆڕە. چێوەی بازنە کراوە بە ٢٤ خانەی چوونیەک و پیتی گەورەی لێ نووسراوە، ئەوی بچووک پیتی بچووکی بەتێکەڵی لێ نووسراوە بۆ دەقی جفرە N Alberti krypteringsdisk ع قرص تشفير البرتي د دیسک ئالبرتی.

☜ ئاڵبێرتی.







**ژیلبێرت کۆهێن ـ سیا:** Gilbert Cohen_Séat سینەما دەرهێنەر دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری فەڕانسەیی سینەما.

**ژیلە:❶** ناو وردە. بچکۆلانە.

**ژیلە:❷** باران ناو تەرزەی وردە.

**ژیلە:❸** ناو ژیلەمۆ، وردەئاگری ناو خۆڵەمێش.

**ژیلەمۆ:** glowing ash ناو ژیلە، ژیڵەمۆ، وردەئاگری ناو خۆڵەمێش، پارچە خەڵووزی سووتاوی بێ بڵێسە کە هێشتا هێسنی سووتەمەنی تێدا ماوە. E cinder ع جمرة N slagg د آتش زیر خاکستر E smoldering fire.

**ئاگری بن کا:** seditious پەند دەستەواژە هێمایی ناو کولەفیتنە، زمانگێڕ، دووزمان، تێکدەر. ع المثیرة للفتنة N opprørende د فتنەگر.

**ئاگری بن خۆڵەمێش:** the calm before the storm پەند دەستەواژە هێمایی ناو مرۆڤی بە ڕواڵەت ئارام و ئاسایی کە لەپڕ هەڵئەچێ؛ دارەتی هێمن و هێوری پێش هەڵچوون و ئاڵنگاری. ع الهدوء الذی یسبق العاصفة N stillheten før stormen د آتش زیر خاکستر، آرامش قبل از طوفان.



**ژینگە:❶** residence ناو نشینگە، شوێنی ژیانی کەسێک.

**ژینگە:❷** environment ناو فەراگەرد یان ئەو باروودۆخەی کە کەسێک، ئاژەڵێک، یان ڕووەکێک تێیدا ئەژی یان کارئەکات. ع بیئة N miljø د محیط، محیط زیست.

**کەشی ژینگە:** ambience ناو کەشی ژینگە، کارەکتەر و کەشوهەوای شوێنێک. ع الجو المحيط N atmosfære د جو محيط.

**ژینۆفیل:** gynophile ژنپەرست ژنپەرست، جینۆفیل، کەسێک، چ ژن چ پیاو کە حەزی لە ژن بێ. هەروەها **ئەندرۆفیل:** androphile پیاوپەرست، کەسێک، چ ژن چ پیاو کە حەزی لە پیاو بێ.




**ژیوان:** regretful, sorry ئاوەڵناو پەشیمان، هەستکردن یان پیشاندانی پەشیمانی. ع نادم، متلهف N angrende د نادم، پشیمان.

{Letter s}



**سا:**❶ ئاوەڵکار کات، دەم : ئەوسا کە گەنج بووم.

**سا:**❷ ئاوەڵکار کەوابوو، ئیتر : سا منیش دێم.

**سا:**❸ ئاوەڵناو ئاسمانی بێهەور. : **ساماڵ:** ع مشمس N solfylt د آفتابی E sunny.

**سا:**❹ ناو سێبەر : لە سای چناران : هاوسا.

**سا:**❺ ناو داڵدە، پەنای پەنابەر : لە سای تۆدا حەسایینەوە.

**سا:**❻ ناو سواو، لووس بووگ : کاورایێ سائەقڵە، واتا: عەقڵی سواوە.

**سا:**❼ ئامرازی پرسیار بۆ : سامن بشینە، واتا: بۆ من بنێرە. ⇐ **ساچی** واتا: بۆچی.

**سا:**❽ ناو پاشگرە بۆ مەبەستی چواندن بە واتای ئاسا و وەکوو ئەو شتە : پەریسا: وەک پەری، پەریئاسا : مەهسا: وەک هەیڤ : گوڵسا.

**سا:**❾ ناو پاشگرە بە واتای پیشاندەر : ڕێسا: ڕێگەپیشاندەری کۆمەڵگە.

**سابێلیۆس:** Sabellius ئایینناسر قەشە فەیلەسووف قەشە و یەزداناسی سەدەی سێیەم، خەڵکی باکووری ئەفریقا و ڕەنگە لیبیا. ئەو لای وابوو کە یەزدان دابەش نابێ، بەڵام چەلاوچەل لە سێ ڕواڵەتی سەرەکیدا دەرئەکەوێ:

باوک (ئافرێنەر و ڕێسادانەر)،

کوڕ (ڕزگاریدەر)،

گیانی پاکیزە (داهێنەری ژیان و کەوشەنی یەزدانی لە بوونی مرۆڤدا)،

ئەم بۆچوونە بووە هۆی بەکافر دانانی سابێلیۆس لە لایەن کلیساوە. ئەوەی دەربارەی سابێڵیۆس ئەیزانین، ئەو نووسراوانەیە لە یاداشتنامەی مشتومڕی polemic خەنیمەکانیدا نووسراوە.











**ساپیتە :** hilltop, peak ناو لای هەرە بڵیند، چڵەپۆپە ع قمة التل N bakketopp د ستیغ.

**ساپیۆفیل :** Sapiophilia ناو کەسێکە کە کێشەری خۆشەویستانەی پێش هەموو شت لەسەر بناغەی هۆشە. تیۆری گەشە یان ئێڤۆلوشن ئەم شەیدابوونە ڕوون ئەکاتەوە، چونکە بەرەی مرۆڤ هەمیشە ویستوویەتی لە ژیاندا سەرکەوتوو بێ و ئەم ویستن و ململانێیە بە ڕێگەی هۆشمەندی ئەلوێ. ساپیۆفیل بەرامبەر بە هۆمەندی دائەنرێ و.









**ساتۆری :** Satory ناوی جێگا ناوچەیەکە لە باشووری ڤێرسای لە فەرانسە. بە

هۆی قشڵەی سەربازی و تاقیکردنەوەی چەک و فەرماندەیی ژاندارمێری و ستادی هێزی دەریاییەوە بەناوبانگە.







**ساتەجووڵە:** microexpression دیاردە سۆز ناخودئاگا پەیوەندی نازارەکی تەز، میاکرۆدرکە، مایکرۆجووڵە، جووڵەیەکی ناخودئاگایە زیاتر لە ماسوولکەی ڕوخساردا، کە بۆ ساتێکی زۆر کورت ڕوو ئەدات. ئەمە لە ڕاستیدا بەرەنجامی هەژانێکی دەروونی نەخوازراوە و ئەو کاتە ڕوو ئەدات کە ئەمیگدالای مێشک وەڵامی هاندەرێکی دەرەکی ئەداتەوە. کەسێک بیەوێ ئەم هەستە بشارێتەوە، ئەنجامەکەی بەوە ئەگەڕێتەوە کە هەستی خۆی لەگەڵ کاردانەوەیەکی دروونی درۆیین پیشان ئەدات. پسپۆڕانی فێڵ و درۆ deception expert و ڕاستگۆیی گۆڤان witness veracity ئەتوانن سوود لەو کاردانەوە مرۆییە وەربگرن بۆ دەرخستنی ڕاست و درۆیی. [ع] التعبیر الدقیق [N] mikroekspresjon [د] ریز بیان. ← **ئەمیگدالا:** amygdala زیندەوەرزانی ناوەندی هەستەکانی مێشک. ← **درۆم لەگەڵ بکە:** Lie to Me زنجیرە زنجیرە درامایەکی ڕازاوی بەهێزە لەسەر ئەم بابەتە.








**ساتەچیرۆک:** flash fiction ویژە شێواز چەشنێک چیرۆک کە زۆر کورتە و تەنها چەند سەد وشەیەک ئەبێ .










**ساتەوەخت:** instant, glimpse ناو ئاوەڵناو چاوتروووکانێک، دەمێک، چرکەسات. ع لمحة سريعة، آنات د لحظه، یک لحظه.

**ساتیریاس:** Hypersexuality دارەت فرەجنسی، فرەجنسخواز، لە satyriasis یۆنانی، بە کەسانێک ئەوتری وازێکی جنسی پتریان لە کەسانی تر هەیە، واتە نیازی جنسی لەم کەسانەدا بە ئەندازەیەک زۆرە کە ژیانی ئاسایی ئەوان تێک ئەدات و تووشی هەڵچوون و تووڕەبوونیان ئەکات. زۆربەیان پەنا ئەبەنە بەر هێسنی هۆشبەر و ئەگەر جووتیان ئەبێ، تووشی مشتاوکردنی نەخۆشانە ئەبن. درێژە نابێ تووشبوونی جنسی و فرەجنسی تێکەڵ بکەین، تووشبوانی جنس توانایەکی ئاسایان هەیە، لەکاتێکدا فرەجنسخواز پاش چەند کاتژمێر جنسکردن تازە ئۆرگازم ئەبن.











**ساتیریکۆن:** Satyricon رۆمان تەوەر ناو رۆمانێکی تەوسئامێزی پەخشان و هۆنراوەیە، لە سەدەی یەکەمی زایینیدا لە لایەن گایۆس پترۆنیۆسەوە Gaius Petronius نووسراوە. بە پارچەپارچەیی ماوەتەوە، کراوە بە فیلم و شانۆ.




**ساختە:** counterfeit, forge ناوبکەر ناوی چاوگ دروستکراو لە ڕووی شتێکی بەنرخەوە بۆ فریو و کلاوسەرنان N forfalske ع تزویر د تقلبی.

**ن:** لە کۆتاییدا بووی بە ڕامیارێکی ساختە.

**ساختەکار:** forger ڕێسا ناوبکەر ڕایشتگەر، لەبەرگرەوە. ◄ بە واتای نەرێنی بە مەبەستی کاری نارێسایی. ع مزور N forfalsker د جاعل.

**ساختەکاری:** phoney شێوەزانست ناوی فەرمان یان phony ئەفسوونگەری، شامانی، نووازە، لۆتەری. ع زائف N falskr د ساختگی.

**ساختەکراو:** rigged ڕێسا ناوبکەر دروستکردنی بەلگەنامەی ساختە، بالام زیاتر مەبەست هەککردنی سیستەمی کەمپیوتەری و ئینتەرنێت و لەو بابەتە و دانانی شێوەی ساختە ڕواڵەتی لە جێگەیان. ع زائف N falsk د تقلب شده.

**ساخکردنەوە:** Textual criticism ویژە نۆژەن چاوگی تێپەڕ ڕەخنەی دەقی، خوێندنەوە و ناسینەوەی دەق و نووسراوە، پرۆسەی هەوڵدان بۆ دڵنیابوون لە وشەسازی ڕەسەنی دەقێک. ع نقد نصي N Tekstkritikk د تصحیح متون.

**ساخکردنەوە:** wholesale کۆفرۆشتن ئاوەڵناو ئاوەڵکار چاوگی دووڵۆ فرۆشتن، فرۆشتنی ئەو کاڵا و کەلوپەلەی مەترسی هەیە بەسەر دەستەوە بمێنێتەوە، جا بە هۆی زۆری یان مەترسی بەسەرچوونی ماوە: بۆ ساخکردنەوە و پاراستنی بەرهەمی جوتیاران با چاوەڕێی ( یوسف) نەکەین. ع بالجملە N engros د فروختن.

**سادار:** crazy ئاوەڵناو دەلی، دەلوو، شێت، دێوانە، کەسێک کە مێشکی تێکچووبێ، بە تایبەتی ئەگەر کردەوەی دڕ و پەلاماردەر ئەنجام بدات. ع مجنون N gal د دیوانە.

**سادە:** uncomplicated ئاوەڵناو ساکار، نائاڵۆز، ناپێچەڵاوپێچ، ڕۆشن، ڕوون، دیار. ع غیر معقدة N ukomplisert د سادە، واضح.

**سادەڵا:** simplex, modest ئاوەڵناو بێگەزاڵ، بێڕیا، بێفڕوفێڵ، بێتەشقەڵە ع البسیط N simplex د بی آلایش.

**سادیسم:** sadism دەروونناسی شێواز نەخۆشی بڕوای بە پەیوەندی ئازادی جنسی هەیە و حەزی لە ئەشکەنجە و ئازار و سووکایەتیکردن کردن بە بەرامبەرەکەیەتی. سادیسم لە ناوی Marquis de Sadeـەوە هاتووە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵی ژیانی لە بەندیخانەدا بوو و چەندین پەرتووکی لەم بارەیەوە نووسیوە، ژوستین Justine لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی «مارکی دو ساد»ە، کە دەربارەی هەوەس و دڕندەیی جنسی و دەستدرێژییە.

⇐ **سادیست:** sadist پەیڕەو نەخۆش کەسێک کە بڕوای بە سادیسم هەیە، یان پەیڕەوی لە سادیسم ئەکات.









**سارا ❶:** desert جیۆلۆجی ناو چۆڵ، بیابان، لمەڵانی قاقڕی وشک و بێئاو.
ع صحراء N Ørken د بیابان ف:

بەجێ نایە دەبێ ڕو کەینە سارا
هەقی ئادابی مەجنونی لە شارا
«مەحوی»




**سارا ❷:** Sara ئاییناسی ئەفسانە ناوی تایبەت لە زمانی عیبری بە واتای شازادە و ژنی شیانست، لە پەرتووکی دینە ئیبراهیمییەکان بە هاوسەری برایمی پەیامبەر و دایکی ئیسحاق ناسێنراوە.

⇦ لە پەرتووکەکاندا هاتووە: لە سەرزەمینی کەنعان قاتوقڕی داکەوت. برایم بە ناچار لەگەڵ هاوسەر و لووت و هەموو خێزانەکەی بەرەو میسر کۆچیان کرد. لە ڕێگە برایم بە سارای وت وای دەربخات کە خوشکی ئەوە، نەک هاوسەری، تا میسرییەکان بۆ گەیشتن بە ژنەکەی نەیکوژن (سفری ئافراندن ١٠: ١٢ تا ١٣).

کاتێک گەیشتنە میسر، شازادەکانی فیرعەون، شەنگی سارایان بە فیرعەون ڕاگەیاند و بردیان بۆ کۆشکی فیرعەون. وەکوو کرێن هەندێ شتی وەکوو «مانگا، خزمەتکاری پیاو و ژن و ماکەر و وشتر» لە بەرامبەر سارادا درا بە برایم؛ بەڵام خوا بڵای دژواری نارد بۆ فیرعەون و دارودەستەی (سفری ئافراندن ١٤: ١٢ تا ١٧).

پاش ئەوەی فیرعەون زانی سارا هاوسەری برایمە نەک خوشکی، نەیویست سارا لە کۆشک بمێنێتەوە. فەرمانی دا برایم و کەسوکاری لە میسر بڕۆن و هەموو شتەکانیش لەگەڵ خۆیان ببەن (سفری ئافراندن ١٨: ١٢ تا ٢٠).

برایم و سارا لە بیری ئەوەدا بوون، برایم کە بڕیارە ببێ بە باوکی چەند نەتەوە، لە پاش دە ساڵ ژیان لە کەنعان هێشتا هیچ منداڵی نییە. سارا شایەنەکەی خۆی، هاجەری میسری دا بە برایم تا لەگەڵی بخەوێ و منداڵی لێ ببێ. ئەم رووداوە پاشان کاریگەری زۆری لە پەیوەندی سارا و هاجەردا هەبوو (سفری ئافراندن ١: ٦ تا ١٦).





**سارا بێرنارد:** Sarah Bernhardt هونەرپیشە هونەرپیشە و یەکەمین ئەستێرەی زۆر ناسراوی فەرانسەیی و جیهانی، پاش گەڕان بە هەموو جیهاندا، ساڵی ١٨٨١ لە نیۆیۆرک دەرکەوت و پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی ناسراوەکان، تەنانەت زانایانی وەکوو تێسلا و ئێدیسۆندا هەبوو.






**سارازێن:** Saracen ناو (دێکامێرۆن ـ بەرگی ٢) ناوێکە، ئورووپاییەکان

لە سەدەکانی ناونجیدا، لەسەر عەرەب و موسڵمانانیان دانابوو.







**سارترۆڤیل:** Sartrouville جوگرافیا شارێکی بچکۆلانەیە لە ڕۆژئاوای پاریس.







**ساردۆ:** Victorien Sardou نووسەر (١٨٣١ـ١٩٠٨) نووسەر و درامانووسی مێژوویی فەرانسەیی.





**ساردەسێر:** ناوی لێکدراو کوێستان، بەرامبەر بە گەرمەسێر، ناوچەی سارد

و بەستەڵەک. ⇐ گەرمەسێر و ساردەسێر.

**سارسی:** Francisque Sarcey رەخنەگر {١٨٢٧ـ١٨٩٩} ڕۆژنامەوان و ڕەخنەگری فەرانسەیی.



**سارغی:** bandage, gauze ناو تیلمە، تیلماسک، کەتان، بانداژ، گازی برینپێچ. ع الضماد N bandasje, gasbind ع گاز پانسمان.



**سارکۆما:** Sarcoma ناو سندانی شێرپەنجەی ڕیشاڵە لێکدراوەکانی لەش. ع ساركوما N Sarkom د سارکۆم.

**سارمە:**❶ ناو گیاسالمە، گیایەکە بنەکەی بۆ دەقی چیت بەکار دێ.

**سارمە:**❷ ناو نەخشی تەقەڵدرووی زین.

**سارمە:**❸ ناو گوڵینگی ئاورێشم و تاڵەزێو .

**سارمە:**❹ ناو قۆزاخەی پەموو

**سارمە:**❺ ناو دۆڵمەی گەڵا.



**سارنج:** ناو یەخچاڵ، ژێرخانی سارد، هەماری سارداوی ژێرخان د یخچال N kjøleskap ع ثلاجة E refrigerator.

**سارێژ:** ئاوەڵناو سارێژ، چاکبوونەوەی برین. ← **ڕێش:** ناو برین، زام، بریندار.

**ساز:**❶ Musical instrument ئامێر ناو ئامێری موزیک. ع آلة موسيقية N instrument د ساز موسیقی.



**ساز:**❷ happy ئاوەڵناو دڵخۆش. ع سعيد N lykkelig د شاد و سرحال.

**ساز:**❸ wealthy ئاوەڵناو دارا، ساماندار، دەوڵەمەند. ع غني N rik د ثروتمند.

**ساز:**❹ ready ئاوەڵناو ئاوەڵفەرمان ئامادە، کۆک، تەیار. ع جاهز N klar د حاضر و آمادە.

**ساز:**❺ travel equipment ناو بارگە و کەل و پەلی سەفەر. ع معدات السفر N reiseutstyr د رخت سفر.

**ساز:**❻ suffix means maker پاشگر پاشگر بە واتای: دروستکەر: چەخماخساز، پیشەساز، چەکساز. ع اللاحقة تعني صانع N suffikset د betyr maker پسوند به معنى سازنده.

**سازانۆف:** Sergey Sazonov رامیار (١٩٦٠ـ١٩٢٧) رامیاری ڕووسی، لە ١٩١٠ تا ١٩١٦ وەزیری دەرەوەی ڕووسیە بوو.




**سازبەندی:** orchestration موزیک ڕێکخستن و دەستەبەندی ئامێری موزیک بۆ پێشکەشکردنی ئۆرکێسترا. ع آلات الموسيقية للأ وركسترا N orkestrering د تنظيم و اركستراسيون.

**سازشت:** compromise ناوی‌یاوگ سازان، ڕێککەوتن یان ئاشتکرانەوەی نابەدڵ. ع المساومة N kompromiss د مصالحه.

**سازکردنی نانی هەویرترش:** sourdough bread ئاشپەزی ١٥٠ گرەم ئارد و ١٥٠ سی‌سی ئاو تێکەڵ ئەکەین و دای ئەنێین بۆ ٢٤ کاتژمێر؛ دواتر نیوەی ئەو هەویرەکە لائەبەین و ٧٥ گرەم ئارد و ٧٥ سی‌سی ئاوی تازەی تێئەکەین و دای ئەنێین بۆ ڕۆژی دواتر، ئەم ڕەوتە ئەبێ ٦ ڕۆژی لە دوای یەک باتە بێتەوە تا هەویرترشی گونجاو دروست ببێت. واتە ئاو لەگەڵ باکتریای ناو هەوا پێکەوە کاردانەوەی کیمیایی ئەکەن و بە ڕادەیەک هەڵدێت کە ئەبێ بە دوو بەرامبەر. ئەمجار نۆرەی

دروستکردنی هەویرە: ٨٠٠ گرەم ئارد و ٤٦٠ سی‌سی ئاو تێکەڵ ئەکەین و ٣٢٠ گرەم لە هەویر ترشەکەی تێ ئەکەین و ئەیشێلین. پاش ئەوەی جوان نەرم بوو و کێشی هات، سەری دائەپۆشین و بۆ ماوەی ٤ کاتژمێر دای ئەنێین، پاشان جارێکی تر زۆر بە نەرمی لە بنەوە تۆزەتۆزە لە هەموو لایەکەوە بۆ سەرەوە هەڵی ئەدەینەوە، پاشان بۆ ٣ کاتژمێری تر دای ئەنێین، ئەوسا ئەیخەینە ناو قاڵبی تایبەت و بە چەقۆیەکی تیژ یەک دوو هێڵی تێئەکەین تا نانەکە کاتی برژان نەتەقێ. دوو لیتر ئاو ئەکەینە ناو سینییەک و قاپی هەیرەکەی لە ناو دائەنێین و بە گەرمای ٢٣٠ پلەی سانتیگراد بۆ ماوەی ٣٠ـ ٣٥ خولەک ئەیبرژێنین؛ نۆش گیان ئاغەگیان نۆش گیان! ☜ هەوێن و هەویرترش ☜ نانی هەویرترش.



**سازگار :** concordant ناوی‌لێکدراو بە ئارەزووی دڵ، کەشی لەبار و دڵڕفێن. ع متوافق N konkordant د موافق.

**سازگە :** amenity ناوی‌لێکدراو کەشی سازگار، سازنای و ژینگەی خاوەن کەرەستەی ئاسوودەیی و گونجاو لەگەڵ پێداویستی و دامەزراوی ژیانێکی ئاسوودە و شارستانی، وەکوو فێرگە و ناوەندی وەرزشی و خۆشگوزەرانی. ع الراحة N bekvemmeligheter د تسهيلات.

ریشەناسی وشەی amenity لە amoenitas لاتینەوە بە واتای pleasant ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی هاتووە.









**سازە:** structure ناوی‌چاوگ پێکهاتە، بەدیهێنراو، دامەزراو. ع هێکل N struktur د ساختار E construct.

**سازەکاری:** ناوی‌لێکدراو تەکنیکی بەدیهێنان، دامەزراندن.

**سازی:❶** پاشگر ناو پاشگرێکە لە زمانی کوردی بەواتای سازکردن، ئەلکێت بە دوای وشەوە.

ن: پیشەسازی، چەکسازی، دەرمانسازی، شارسازی.

**سازی:❷** ناوی‌چاوگ سازشت، سازان، سازگاربوون، سازهاتن، سازیان.

**سازی:❸** ناو رێکخراو، دەزگا، ئۆرگان.

**ساسانی:** Sasanian Empire ☜ ئیمپراتۆری ساسانی

**ساسکەچوان:** Saskatchewan فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٥٤ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ڕاووڵ والْش.








**ساشا گیتری:** Sacha Guitry شانۆنووس هونەرپیشە (١٨٨٥ـ١٩٥٧) شانۆنووس و دەرهێنەر و ئەکتەری بە بنەچە ڕووس.










**ساشیمۆنۆ:** Sashimono دارتاشی بە واتای سازکردن، تەکنیکێکی ژاپۆنییە بۆ بڕین و لکاندنی مۆبل و کەرەستەی دار بەبێ بزمار و پێچ و چەسپ، بە بەکارهێنانی هەردوو جومگەی دار، چ بە شێوەی سادە و چ زۆر ئالۆز. ع ساشیمونو N Sashimono د ساشیمونو.



**سافۆ:** sappho ویژە {٦٣٠ـ٥٧٠پ.ز} ویژە هۆنەری یۆنانی لە پەڕاوەی ئەویندا خۆی هەڵدایە ناو ئاو و خنکا.





**سافی:** Aurelio Saffi فەبانگیر ڕامیار، چالاکڤانی تێکۆشەری بزووتنەوەی ڕیزۆریمەنتۆ Risorgimento یان خولی یەکگرتنەوەی ئیتالیا، ئەندامی سیانەی سەرۆکایەتی کۆماری ڕۆمەن لە ١٨٤٩، لەگەڵ ماتزینی و ئارمێلینی.




**سافیزم:** sapphism فەلسەفە هاوواتای لەزبیەنە. سافیزم لە ناوی هۆنەری بەستەوان سافۆوە هاتووە کە لە سەدەی حەوتی پێش زاین لە دورگەی لێزبۆ Lesbos ژیابوو.



**ساڤارین:** Brillat_Savarin Jean_Anthelme ڕامیار خۆراکناس (١٧٥٥ـ ١٨٢٦) ڕامیار و پارێزەری فەڕانسەیی، بە بڕوای ماتریالیستیی ئێپیکۆری و زانستی خۆراکناسی بەناوبانگ بوو.



**ساڤۆناڕۆلا:** Girolamo Savonarola خەباتگێڕ (١٤٥٢ـ١٤٩٨) قەشەی دومینیکی ئیتالی، چالاکڤانی ڕێنسانسی فلۆرانس، بە هۆی دژایەتی کڵێسای کاتۆلیک لە ئاگردا سووتێنرا.




**ساڤینیەن دو سیرانۆ دو بێرژراک:** Savinien de Cyrano de Bergerac ساتیرنووس ساتیرنووس و دراماتیستی فەڕانسەیی، کە بەرهەمەکانی بە تێکەڵەی کەترەی ڕامیاری و زانستی ـ فانتازی دائەنرێ و سرووشبەخشی کۆمەڵێک لە نووسەرانی دوای خۆی بوو. ئەو وەگێڕی زۆر ئەفسانەی دڵداری نامێژووییە، کە بەناوبانگترینیان شانۆیی ئێدمۆند ڕۆستاندە بە ناوی سیرانۆید دو بێرژراک کە ئەویندارێکی لێزان و هەژەندە و دزێوە (وەک لە ڕاستیدا وابوو) بە لووتێکی درێژەوە.








**ساقۆڕ:**❶ ناو سەوەتەی زۆر گەورە بۆ تفاق کێشان.

**ساقۆڕ:**❷ ناو برینی زۆر گەورە.

**ساقۆڵ:** forearm ناو زەند، هەژگ، نێوانی مەچەک و ئانیشک. ٤

ساعد N underarm د ساعد.




**ساقەت:** stalk ڕووەک ناو لاسک، بستوو، لاسکی نەمام، قەدی داری باریک. ع ساق N forfølge د ساقه.



**ساکسۆنی:** saxony جوگرافیا مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان، پایتەختەکەی درێسدن و شاری گەورەی لەیپزیگە.



**ساگوور:** midnight supper ئایینناسی ناو پارشێو، هەڵسانی موسڵمانان

لە نیوەشەوی مانگی ڕەمەزان، بۆ نانخواردنی بەر لە بانگی بەیانی. ع سحور N midnatt kveldsmat د سحری.

**سالاندرز:** Charles Sallandrouze de Lamornaix کارگەدار ١٨ای برۆمێر (١٨٠٨ـ١٨٦٧) کارگەدار، نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری، پشتیوانیی لە کودێتای ٢ی دێسەمبەری ١٨٥١ کردبوو.

**سالڤیاتی:** Antonio Salviati شووشەگەر (١٨١٦ـ١٨٩٠) شووشەگەری ڤێنیزی.



**سالۆر:** ئاوەڵناو intellectual ئاوەڵناو تێگەیشتوو، ژیر، بەئاوەز، بەزاکوون. ع مثقف N intellektuell د فهمیده.

**سالۆتزۆ:** Saluzzo جوگرافیا شار و کۆنە پایتەختێکە لە باکووری ئیتالیا، کێوەکانی کانزای زۆری وەکوو قورقوشم و زیو و مەڕمەڕ و تەلەسەنگی لێیە.



**سالۆست:** Sallust نووسەر یان Gaius Sallustius Crispus {٨٦ تا ٣٥ پ.ز}. مێژوونووس و سەناتۆری ڕۆمی، بە یەکێک لە باشترین نووسەرانی لاتینی دائەنرێ.






**سالۆستیۆس:** Sallustius فەیلەسووف {سەدەی ٥ پ.ز} فەیلەسۆفی بەدبینی ڕۆمی.








**سالۆنیک:** Salonika جوگرافیا گەورەشار دووەمین شاری گەورە و ناوەندی مەکەدۆنیای یۆنان، کە تا ساڵی ١٩١٣ لە بن دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانیدا بوو.

**سالواندی:** Narcisse_Achille de Salvandy نووسەر ڕامیار {١٧٩٥_١٨٥٦} کۆنت، نووسەر و ڕامیار، دوو جار وەزیری پەروەردە بووە.





**سالوتە :** Santa Maria della Salute کلێسا کڵێسایەکی کاسۆلیکی شێوازی بارۆکە، ساڵی ١٦٨٧ لە سەر کاناڵی مەزنی شاری ڤێنیزیای ئیتالیا دروستکراوە.



**سالوومە :** Salomé شانۆ موزیک شانۆگەری ئۆسکار وایڵد، شتراوس ساڵی ١٩٠٩ کردی بە موزیک.





**سالێرنۆ :** Salerno جوگرافیا بەندەر شارێکە لە خوار ڕۆما نزیکی گایتا.



**سالادی نیسواز:** Salade niçoise خۆراک سالاد سالادێکی شاری «نیس»ـە لە باشووری فەرانسە. ئەم سالادە بە شێوەیەکی نەریتی بە تەماتە، هێلکەی کوڵاو، زەیتون، ماسی ئەنچۆڤی یان تۆن ئامادە دەکرێت و لەگەڵ زەیتی زەیتون پێشکەش دەکرێت. ئەم سالادە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە هەموو جیهاندا بەناوبانگ بوو.




**ساڵنامە:** almanac ناوی لێکدراو گۆڤاری ساڵانەی بابەت و نووسراوی هەڵبژاردە N almanakk ع منشور سنوي د سالنامە.



**سالْنامەی گۆتا :** Gotha رۆژژمێر سالْنامە دەربارەی چالاکیی دیپلۆماتیکی دەرباری و کۆلکە و بنەچەی ئاریستۆکراتی، لە سالْی ١٧٦٣ەوە لە شاری گۆتای ئەلْمان بە زمانی ئالْمانی و فەرەنسەیی چاپ ئەکرا.







**سالْی پڕ :** leap year ناوی لێکدراو بە {سریانی} کەبیسەیە، سالْی ئاسایی لە ڕۆژژمێری هەتاوی ٣٦٥ ڕۆژ و هەر چوار سالْ جارێک ئەبێ بە سالْی پڕ کە ٣٦٦ ڕۆژە. ع کبیسە N skuddår د کبیسە.

**سام :** Awe ناو فەرمان ترس، شکۆ. ع روع N ærefrykt د هیبت، ابهت.

**ساماتْ :** anxious ئاوەلْناو نیگەران، پەرێشان، پەشێو، شێرزە، شلْەژاو، پەشۆکاو. ع قلق N urolig د مضطرب.









**ساماڵ:** sunny کەشناسی ئاوەڵناو ساو، سایەقە، ئاسمانی ڕووناک و بێهەور. ع مشمس N solfylt د آفتابی E sunny ← **ساماڵ و ساو و سایەقە:** هەرسێک بە واتای ئاسمانی بێهەور و ڕوون و پڕئەستێرەی بەزریوەن، بەڵام ساماڵ لە کاتی هەواخۆشی و ساو و سایەقە کاتی سەرما و سەهۆڵبەندانە کە شەختەی لەگەڵە.

**ساماڵسا:** ئاوەڵناوی لێکدراو ساماڵ و لووسبوونی عەرد بە بەفر و داپۆشانی عەردی ڕەش لە بن بەفر.



**ساماندارانه:** proprietary ئابووری ئاوەڵناو خاوەندارانە، سەربە خاوەنداری، تەرخانکراو، قۆرخ، پەیوەندیدار بە خاوەن و خاوەندارێتییەوە. ن: کۆمپانیا مافی خاوەندارێتی هەیە لەسەر ڕاوەن. ع امتلاكي N proprietær د اختصاصی.

← **نەرمەواڵەی داژدار:** Proprietary software ئای تی بە نەرمەواڵەی تایبەت یان سەرچاوەداخراو ئەوترێ کە کۆمپانیای خاوەن هەندێ لە مافەکان ئەدا بە بەکارهێنەر.











**سامری:** samaritan ئابووری ئاوەڵناو سامرەیی، خەڵکی شاری سامرە لە سەردەمانی کۆنی تەورات وئینجیل، یان ئەو یەهوودیانەی نابلۆس کە تا ئێستەش خۆیان بە ڕۆڵەی ڕاستەقینەی سامرییەکانی پەرتووکی پیرۆز ئەزانن. سامریەکان بە خێرخواز و چاکەخواز بەناوبانگن. ◄ بە واتای خێرخواز هاتووە. ع السامري N samaritan د سامری.





**ساموٚتراس:** Samothrace ئایین‌وئەفسانە ماخوا پەیکەری ماخوایەکی باڵداری بێ سەرە، ساڵی ١٨٦٣ لە دورگەی ساموٚتراسی یۆنان دۆزرایەوە. ئێستە لە مووزەی لوڤری پاریسە.



**ساموٚرتە:** saddle straps کەرەستە ناو ئاڵقە و بەندی پاشکۆ زین بۆ بەستنەوەی جانتا و شمەکی سوار، تەرکبەند. N sal_stropp ع سرج حزام د فتراک.





**ساموێل:** High Priest Samuel ئایین‌وئەفسانە لە پەیامبەرانی خاوەن پەرتووکی جوولەکە، دوا کەسە لە دادوەرانی {دیانیم} کە لە پاش ئەو بۆ یەکەم جار هۆزی جوولەکە ئەبن بە خاوەنی پادشا.





**ساموێڵ بێرنارد:** Samuel Bernard وەبەرهێنەر {١٦٥١ـ ١٧٣٩} دارا و سەرمایەگوزاری فەڕانسەیی، پسپۆڕی ئابووری فەڕانسەیی و کۆنتی کووبێرت کە لویی چواردە و پانزە بە بڕی گەورە قەرزیان لێ وەرئەگرت.




**سامویڵ جانسن:** Samuel Johnson هۆنەر نووسەر هۆنەر، نووسەر، ڕەخنەگر و فەرهەنگنووسی بەناوبانگی ئینگلیزی. خاوەنی «فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی».










**سامویێل و داود:** ئایینناسی ئەفسانە لە تەوراتدا هاتووە کە سامویێلی پەیامبەر داودی پیرۆز کرد، بۆ ئەوەی بتوانێ ببێ بە پادشا. لویی بۆناپارتیش ئەیویست لە بەرامبەر پارمەتیدانی پاپا پیوسی نۆیەم، کە لە ئەنجامی ڕاپەڕینی جەماوەریی ١٨٤٨ لە ڕۆما هەڵاتبوو و لە ٦ی جونی ١٨٤٩ پاش هێرشی سپای فەرەنسە گەڕابوویەوە بۆ ڕۆما، بە دەستی تاجی پاشایەتی لە سەر بکات ☜ داود ☜ داود و گۆلیات ☜ بەسرشابا.







**سام وود:** Sam Wood دەرهێنەر (١٨٨٣ـ١٩٤٩) دەرهێنەری توانای ئەمریکایی فیلمی گرنگی براوەی ئۆسکاری وەکوو زەنگەکان بۆ کێ لێ ئەدرێ؟








**سان:❶** parade سەربازی بۆنە {سانبینین} ڕێژە سەردان و بەسەرکردنەوەی سپا لەلایەن سپاسالارەوە.




**سان:❷** ناو سوڵتان.

**سان:❸** پاشگر ستان، پاشگر بە واتای جێگە.

**سان:❹** پاشگر پاشگرە بە واتای هاوچەشن. ⇐ هاوسان، یەکسان.

**ساناتۆلۆژی:** Thanatology مردنناسی یان مردنناسی لە یۆنانییەوە هاتووە کە ساناتۆس Thanatos کەسایەتی مەرگە. لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی مەرگ و ئەو شێوانەی پەیوەندی پێوەی هەیە، وەکوو گۆڕانی جەستەیی و خولی پاش مردن و، هەروەها ئەو لایەنە دەروونناسی و کۆمەڵایەتییە بەرفرەی پەیوەندی بە مەرگەوە هەیە. بۆ نموونە نیاز و پێداویستییەکانی نەخۆشانی شێرپەنجە و بنەماڵەکانیان.


وێناندنی مردن



**سانبینین:** parade سەربازی پۆنە بەسەرکردنەوەی دەستەی سەربازی لە لایەن سەرکردە یان باڵادەستەوە، ڕێژەی سەربازی. د ڕژە N parade ع استعراض عسكری.





**سان پیەترۆی چیل دۆرۆ:** San Pietro in Ciel d'Oro کلیسا دەیرێکی بنێدیکتی سەربەخۆ بووە لە شاری پاڤیای ئیتالیا، کە قەشەی خۆی هەبووە.

**سانتا چێچیلیا:** Saint Cecilia مۆزیک فریشتە فریشەی پاسەوانی موزیکوانان.







**سانتا ماریا نۆڤێلا:** Santa Maria Novella کلیسا کلیسایەکی سەدەی سیانزەیە لە فلۆرانس.




**سانتیر:** Santerre جوگرافیا ناوچە ناوچەیەکە لە مەڵبەندی پیکاردی لە باشووری شاری ئامین.

**ساندربۆڵت:** Thunderbolt ئای تی ناو وەک ڕەشەبا وەک برووسکە تیژ و خێرا، یەک پۆرت و یەک نیشانە بۆ هەموو پەیوەندییەک. هەموو جۆرەکانی یوو ئێس بی، ٢ و ٣ و ٤ و ٢٠ و ٤٠ لەگەڵ تەنها یەک ساندربۆڵت، پۆرتی ڕەشەبا. ئەو کەمپیوتەرانەی پۆرتی هێمای ساندربۆڵتیان پێوەیە، پێویستیان بە بگۆڕ و ئاداپتەر و کابلی تایبەت نییە؛ هەموو کابلێک بەو تەنها پۆرتە کار ئەکات. کەمپیوتەرەکەی من ڕەشەبایە، هینەکەی تۆ چی؟








**سانسۆر :** Censorship باشار نادادگەری سەپاندنی دەسەڵاتی لایەنێک بەسەر کەس یان لایەنی تردا بەوەی کە ڕێگە نەدا وشە و بیر و بۆچوونی ئەو کەس و لایەنە بڵاوبیێتەوە، بە گۆڕینی وشە و دەق و وێنە و ڤیدیۆ یان قرتاندن یان ڕێگەکرتن لە بڵاوبوونەوەیان.




**ساو:❶** ناو تیژکراو بە سان، ساوراوە بە هەسان.

**ساو:❷** ئاوەڵناو مەودای تیغ: ئەو تیغە لە ساو چووە، واتە مەودای نەماوە.

**ساو:❸** ناو هەتاو، ساماڵ. ع مشمس N solfylt د آفتابی E sunny.

**ساو:❹** فەرمان ساوین، پیاساوین، ڕێخستن.

**ساو:❺** فەرمان پشوودان، وچاندان.

**ساو:❻** ناو سام و شکۆ و ناوازەیی، ترس و پرینگانەوە.

**ساو:❼** ناو نیگاش، تەمار، قەرەنتو، تارمایی، تاپۆ، شەبەنگ.

**ساو:❽** hallucination, illusion ناو ڕازاوی، ئیلووژن، هەڵۆسە، ساویر، وێژنگ N hallusinasjon, illusjon ع توهم د بهم، مبهم، موهوم، وهم، ابهام.

**ساوار :** ڕووەک دانەوێڵە ناو ساڤار، ساوەر، گەنمە کوتراوی بەدەستار کراوە ⇦ **ساواری بروێش:** بروێشە کوتراوی بەدەستار کراوە. **بروێش:** Oats دەنکی دەغڵی پەرش د برغل د بلغور. ⇦ **پەرش:** گیایەکە لە جۆ ئەکا، لە ڕووی خۆراکییەوە زۆر دارماڵە، کرەی ئەکەن و ناوکەکەی، کە

پێی ئەوترێ بڕوێش، وەکوو برنج بەکار ئەهێنن: یەکاوە، پیرخەلێنە، ساواری بڕوێش. لە لای تورک، بلغور بە واتای ساواری گەنم بەکار ئەهێنرێ. لای بەشێک لە عەرەب، بلغور بە هەمان واتای ساواری گەنم بەکار ئەهێنرێ. **سمید**: semolina {مەراکۆیی} گەنمەهاڕاو، گەنم یان جۆ یان گەنمەشامی هاڕدراوە بە ئاشی زبر، بۆ سازکردنی خواردنی «کسکسۆ» لە باکووری ئەفریقا، هەروەها بۆ سازکردنی هەویر یان پەستای سپاگێتی و ماکارۆنی، یان بۆ سازکردنی شیرینی و کەیکی عەرەبی وەکوو بەسبووسەکان بەکار ئەهێنرێ.




**ساواز:** shameless ئاوەڵناو بێ شەرم، ڕووداماڵراو، ڕووهەڵماڵاو. ع وقح N skamløs ع بی شرم.

**ساوازە:** ئاوەڵناو شەرم، حەیا، شۆ، چاووڕوو، فەهێت، فەدی ن: ساوازەی شکا: ڕووی کرایەوە، شەرمی شکا.

**ساوان:** touch کـار زی، هەستی دەستلێدان. ع لمس N berøring د لمس.

**ساورمە :** firewood ناو ئێزنگ، داری وشکی زۆپە، دار و چیلکەی وەکوو ئێزنگ بەکار ئەهێنرێ. ع حطب N brensel د هیزم.




**ساورین :** ناو سابرین، نێری تەگە.




**ساوەری :** capitation کارگێڕی ناو سەرانە، باج و پیتاک بەرامبەر بە هەر یەک لە خێزانی ماڵ. ع ضريبة الأعناق N kapitasjon د سرانە.

**ساویر :** hallucination, illusion ناو ڕازاوی، ئیلووژن، هەلۆسە، ساو، وێژنگ، دوان و وڕینە لەگەڵ تەماری ئەندێشەیی. هەست بە هەندێ شت ئەکەین، وا ئەزانین تارماییەکەی ئەبینین، هەستێکمان لە لا دروست ئەبێ، ئەکەوینە وڕینە و گوتنی هەڵیتوپەڵیت. N hallusinasjon, illusjon ع د توهم، بهم، مبهم، موهوم، وهم، ابهام.







## ساوێر و خاپاندن و هەڵۆسە : دەروونناسی واتە:

illusion, delusion, hallucination کە لە زانستی دەروونناسیدا سێ وشەی دیاریکراون و هەرکامە و واتای تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەند لە گوتنی ئاساییدا زۆر جار واتایان تێکەڵ ئەکرێ:

- **ساوێر :** illusion ناو هەست بە هەندێ شت ئەکەین، وا ئەزانین تارماییەکەی ئەبینین، هەستێکمان لە لا دروست ئەبێ، ئەکەوینە وڕێنە و گوتنی هەڵیتوپەڵیت.
- **خاپاندن :** delusion چاوگی تێپەڕ بازەکردن و سەلماندن بە شێوەی نائاسایی و نائاوەزانە. بە شێوەیەک بۆ سەلماندی بوون و نەبوونی شتێک بەڵگە ئەهێنینەوە، وەک بمانەوێ خۆمان یان بەرامبەرەکەمان هەڵخەڵەتێنین.
- **وڕێنە :** hallucination دارەت ناو بینینی هەندێ تارمایی کە لە ڕاستیدا بوونیان نییە، بڕاومان بە بوونی هەندێ شت هەیە کە نییە، بۆیە هەڵیتوپەڵیت ئەڵێین ☜ ساو ☜ ساوێر ☜ وڕێنە، کزداماو.









**ساویلکە :** patsy, gullible ناو گێل، حەپۆل، دەبەنگ، سەربەتاڵ، مووزەڵ، هێڕ، کەسێک کە بە ئاسانی سوودی لێ وەربگیرێت، بە تایبەت بە فریودان یان بەتاوانبار دانانی سەبارەت بە کارێک. ٤ ساذج {بەعەرەبکراوی «سادە»ی کوردی} N godtroende د هالو.

**ساوینەوە و تێکدانەوە :** scrub and scrape گۆتنە هێمایر ئاماژەیە بە کاری بێسوود و بێبەرهەم: هەر ئەیساوێتەوە و تێکی ئەداتەوە.



**سایت ئەند ساوند :** Sight and Sound گۆڤار بە واتای ڕەنگ و دەنگ، گۆڤاری فیلمی بەریتانیایی لە ١٩٥٢ـەوە.




**سایتێریا :** هونەر تابلۆ تابلۆی سەردانی سایتێرا the pilgrimage to cythera، بەرهەمی واتۆ ١٧١٧ کێشاوێتی، جەژنی ئەوینی fête galante ئاریستۆکراتییە لە خولی ڕێژێنس Régence {١٧١٥ تا ١٧٢٣ کە لویی پانزە منداڵ بوو و لیژنەیەک بە ناوی ڕێژێنس وڵاتی بەڕێوە ئەبرد.} لە پاش دوا ساڵە خەمبارەکانی پاش مەرگی لویی چواردە وەکوو خولی ڕێکەوتن و چێژ و ئاشتی.



**سایرۆید:** thyroid ناو کرکراگەی قورتم، ڕژێنێکی بچووکە لە شێوەی پەپوولە لە پێشەوەی مل. هۆرمۆن دروست دەکات بۆ کۆنترۆڵی شێوازی بەکارهێنانی وزەی جەستە. ئەم هۆرمۆنانە کاریگەریان لەسەر نزیکەی هەموو ئەندامێکی جەستە هەیە و زۆرێک لە ئەرکە گرنگەکانی جەستە کۆنترۆڵ دەکەن. ⇦ سایرۆید، ئەستوویەکە لە لووی سایرۆیدی هەندێ گیانداری دەرئەهێنن بۆ دەرمان. ع غدة درقية N skjoldbruskkjertelen د تیروئید.








**سایکلۆپ:** Cyclop ئایین‌وئەفسانە ڕەگەزی زەبەلاحی یەکچاوی درڕ و بەهێزی

خاوەنی تریشقە و برووسکەیە لە ئەفسانەی یۆنانی و دواتر ڕۆمیدا. ٤
سایکلوب N syklop د سیکلوب.



**سایکۆتراپی:** Psychotherapy دەروونناسی چارەسەری دەروونی، چارەکردنی ناسازیی هەناویی، هەستەکی، کەسی و ڕەفتارییە بە سوودوەرگرتن لە شێوازی گفتگۆ لەگەڵ نەخۆش، گوێڕاگرتن لە دەردەدڵی نەخۆش و ڕێنموونیکردنی. چارەسەری دەروونی، شێوازێکە کە کەسێکی پسپۆڕ، بە گوێرەی پێگەی «نەخۆشیی» ئەنجامی ئەدا.

شێواز و جۆرەکانی سایکۆتراپی ئەوەندە زۆرن، ڕەنگە لە هەزار تێئەپەڕن، کە هەندێکیان تەنها جیاوازییەکی بچووکیان پێکەوە هەیە، بەڵام هێی واشیان هەیە کە لەسەر بناغەی جیاوازی وەکوو دەروونناسی و ڕەوشت یان تەکنیک بنیات نراوە. باوترین شێواز دانیشتنی یەک بە یەکی نەخۆش و تراپیستە، بەڵام گرووپ تاریپش باوە.



**سایکۆسۆماتیک:** Psychosomatic دەروونناسی دەروونجەستەیی ناسازی، نەخۆشی دەروونجەستەیی، ئەو نەخۆشییە جەستەییانەن کە وان لە بن کاریگەری ئەندێشەدا و لە دژوارترین دارەتدا لە لایەن ئاوەز و ئەندێشەوە بەدی دێن. ناسازییەک کە لە نەخۆشییەکی جەستەییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، وەکوو ئاژاوەی دەروونی یان دەمارگرژی. نەخۆشی شێوەجەستەیی بنەمایەکی جەستەیی ناسراویان نییە، بەڵام نەخۆشی دەروونجەستەیی، بنەمای جەستەییان هەیە، بۆ وێنە نەخۆش هەست ئەکات دڵی ئێشێ، بەبێ ئەوەی بە ڕاستی نەخۆشی دڵی هەبێ، بەڵام لە بن کاریگەری ناسازی دەروونیدا هەست ئەکات دڵی ئێشێ. ع نفسية جسدية N Psykosomatisk د ڕەوان تنی.












**سایکۆمەتری:** Psychometry باناسایی شێوەزانست ناو یان سایکۆسکۆپی شێوەیەکی تێگەیشتنی پارانۆرماڵ یان بانهەستیارییە ئەڵێ ئەتوانێ مێژووی نەزانراوی هێسنێک دەربخات. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە ئەڵێن هەر هێسنێک مەیدانێکی وزەی هەیە، ئەتوانێ زانستی سەبارەت بە مێژووی ئەو شتە بگوێزێتەوە.








**سایله :** پێشت ناو چێشتی گەنمی بۆدراو دەگەڵ ڕۆن. د کاچی.

**سایمه :** نەخۆشی نەخۆشی ئاژەڵە.

**سایمەتیکس :** cymatics دەنگناسی ئاوەڵناو دیاردەی لەرینەوە، زانستی دەنگە دیار و بەرهەمستەکانە. ع سیماتکس N cymatikk د سیماتکس.




**ساین :** داڕەت ئاوەڵناو سای، ساماڵ، ئاسمانی ڕوون. ع مشمس N solfylt د آفتابی E sunny.

**ساین و کۆساین :** sine and cosine بیرکاری ناو لە بیرکاریدا ساین و کۆساین کردەی سێگۆشەیی گۆشەیەکن. ساین و کۆساینی گۆشەی تیژ لە چوارچێوەی سێگۆشەی ڕاستدا پێناسە ئەکرێن: بۆ گۆشەی دیاریکراو، ساینەکەی بریتییە لە ڕێژەی درێژی ئەو لایەی کە پێچەوانەی ئەو گۆشەیە بە درێژی درێژترین لای سێگۆشەکە و، کۆساین ڕێژەی درێژی قاچی تەنیشت یەکترە بە درێژی تیرەی سێگۆشەکە.



**سایۆنیک:** psionic شێوەزانست بانسرووشتی ناو سەهۆنیک، کەسێک کە توانای بانسرووشتی هەیە. ئەم توانایە تێلەکنێسیس، تاودانەوەی ئاسترالّ، تێلەۆرۆتاسیۆن و تێلەپاتی ئەگرێتەوە. لە ڕووی زانستییەوە هیچکام لە جۆرەکانی سەهۆنیک نەسەلماوە. تەنانەت خەلاّتی زۆر گەورە دانراوە بۆ ئەوانەی بتوانن هیچکام لەو توانا بانسرووشتیانە بسەلمێنن. تا ئێستە هیچکەس لەو خەلاّتە ملیۆنیانەی وەرنەگرتووە.




**سایە:**❶ ناو سێبەر .

**سایە:**❶ پۆشاک ناو بالاپۆشی پێش ئاوالّەی ژنان.

**سایە:**❶ ڕاوەن ناو دارایی، ڕاوەن.

**سایەقە:** bright ئاوەڵناو ساواق، سەرماو بەستەلّەگ، ساو.

**ئاسمانی ساو:** ئاسمانی سامالّ و ڕوون. ← **سامالّ:** sunny ئاوەڵناو ئاسمانی ڕووناک و بێهەور. ع مشمس N solfylt د آفتابی.

← **سامالّ و ساو و سایەقە:** هەرسێ بە واتای ئاسمانی ڕوون و پرئەستێرەی بەزریوە، بەلاّم سامالّ لە کاتی هەواخۆشی و ساو و سایەقە کاتی سەرما و سەهۆلّبەدانە.

**سبادرە:** ئاوەڵناو پێش کازیوە ن: نە سبادرە نە بەرەبەیان. ← **کازیوە:** dawn, false dawn ناوی لێکدراو [کات + زیو + ئە] بوولێلّەی بەیان، ئەو کاتەی کە ئاسمان هێشتا ڕوون نەبووەتەوە و کاتی زیوینە. ع الفجر الكاذب N falsk daggry د فجر کاذب.



**سپا:** Spa جوگرافیا لە شارەکانی بەلجیکا، لە ١٣٨ کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی بروکسیل.



**سپاردن:** mandate ناو ڕاسپاردە، پێ سپاردن، خستنە ئەستۆ. ع تفویض N mandat د ماموریت.

**سپاردەنامە:** will ناوی لێکدراو ڕاسپاردە، ڕاسپێری، دوا گوتە و بڕیاری کەسێک پێش مردن. ع ارادة N vil د وصیت. ⇦ **ئەسپاردە:** letter of Recommendation پێشنیار و پشتگیری بۆ یارمەیدانی کەسێک N anbefalingsbrev ع توصیة د توصیه نامه.

⇦ **سپاردەی دەستنووس:** holographic will ناوی لێکدراو بریتییە لە سپاردەی سەلماو، کە بە دەستنووسی سپاردەکار خۆی نووسراوە و

واژۆ کراوە. سپاردەی هۆلۆگرافی، بەپێی پێناسە، پێویستی بە گۆڤان نییە بۆ ئەوەی ڕەوا بێت. بۆیە سپاردەی دەستنووس یان هۆلۆگرافی جیاوازە لە سپاردە ئاساییەکان، چونکە سپاردەی هۆلۆگرافی مەرجی سەلماندنی پێویست نییە.







**سپارشت:** order, recommendation **ناوی چاوگ** لە چاوگی سپاردن، بە واتای ڕاسپاردن و داوا و داخوازی و بە واتای {order}ی فەرمانی کڕینی شت، کوردییە، لە فارسیدا {تەعریبکراوەکەی} بەکار ئەهێنرێ، نیشانەی ئەوەیە کە سپارشتی کوردی چووەتە عەرەبی و بووە بە سفارش و سفارشات، ئەوسا لە عەرەبییەوە هێنراوەتەوە بۆ فارسی، چونکە ئەگەر فارسی بوایەت فارس بە سپارشت بەکاری ئەهێنا نەک سفارش.

◄ ئینجا ئەگەر سەیر بکەی وشەی سفارش لە فارسیدا چاوگی نییە، وشەی بێ چاوگ هیی ئەو زمانە نییە! نووسیویانە لە چاوگی سپاردن هاتووە، بەڵام ئێمەش ئەزانین و ئەوانیش ئەزانن کە «سپاردن» کوردییە و فارسی نییە، کە سەتانەوەدی وشەکانی لە زمانەکانی تر وەرگرتووە و ددانیشی پێدا ئەنێن. وەک لە کوردیدا هەڵسپاردن و داسپاردن و ڕاسپاردن و ڕاسپاردە و هەروەها هەڵپەساردن هەیە، کە واتایەکی تری جگە لە هەڵسپاردنی وەرگرتووە، کە تەمێکردن و سزادان بێ. لە ١٠٠٠ پەرتووکی فارسیدا تەنها یەکجار وشەی سپاردن نادۆزیتەوە، ئەویش کێ ئەنووسێ لە چاوگی سپاردن؟ ◄ تەنها **دیهخودا**، کە خۆی تورکی

قەزوێنە و هەرچی وشەی کوردییە دزیویەتی و ناوی ناوە فارسی! بۆ خۆی بدزیایەت جێگەی گلەیی نەبوو.

**سپاس:** thank فەرمان ئاوەڵناو وشەیەکی کوردمادییە و لە کوردی پەهلەویش بە واتای پێزانین و سپاسگوزارییە، وشەی سپاسدار و سپاسناس و سپاسمەند دیسان بە هەمان واتای پێزانین و سپاسگوزارین. ع شکر، تشکر N takke د تشکر.

◄ سپاسی ڕووسی جیایە و، لە سپەسی بۆخ *пан Бог* ـەوە هاتووە و بووە بە سپەسیبە، وەک نزایەکە بە واتای «خوا چاکت بۆ بکات.»

◄ بوگ *Бог* لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپاش هەیە و لە بەغی ئاڤێستایی وەرگیراوە، لە سەنسکریتیشدا بووە بە بەهاگا، کە خوداوەندی بەخشندەیە.

◄ سپاس بە سینی بێدەنگ، سەر و ژێر و بۆری دیار نییە و شێوەی ڕەسەنترە و سوپاس هەڵەیەکی نوێیە.

**سپاسالار:** generalissimo It سەربازی سپا پلە ناو فەرماندەری سپا، سەرکردەی گەورەی هەموو لەشکر. ع قاعد الجیش N Hærens sjef د فرمانده لشکر.

**سپاسکار:** grateful ئاوەڵناو ئاوەڵناوی بکەر سپاسگوزار، کەسێکی بەئەمەگ، کە سوپاسی یەکێک بکات. ع شاکر N takknemlig د سپاسگذار.

**سپاسگوزار:** grateful ئاوەڵناو ئاوەڵناوی بکەر کەسێکی بەئەمەگ، کە سوپاسی یەکێک بکات. ع شاکر N takknemlig د سپاسگذار.

**سپاسگوزاری:** gratitude ئاوەڵناو ئاوەڵناوی بکەر ئامادەیی بۆ نیشاندانی پێزانین بۆ میهرەبانی و گەڕاندنەوەی میهرەبانی. ع امتنان N takknemlighet د تشکر، حق شناسی.

🗨: پێم خۆشە سپاس و پێزانینم ڕابگەیەنم. I'd like to convey my gratitude

**سپاگێتی:** spaghetti خۆراک ئاشپەزی ناو بەستا یان ئاردە بەهارۆی بە ئاو شێلدراوی وشکەوە کراوە؛ لە ئەندازەی هەرشتەیی ٢ـ٥ میلیمەتر

بە ٢٥ سەنتیمەتر  بڕدراوە. بە پەنیری پارمازان، پەنیری کوویە و سۆسی تەماتە، یان سۆسی تەماتە و قیمە ساز ئەکرێ. [ع] معکرونة، اسباغیتي [N] spaghetti [د] ماکارونی، اسپاگتی.

☜ هەرشتە ☜ ماکارۆنی ☜ پەنیری کوویە






**سپای ڕۆژهەڵات:** Eastern front سەربازی یەکە یان Armée d'Orient بەشێک لە هێزەکانی فەڕانسە بوو کە لە ساڵی ١٩١٥، لەگەڵ سپای یەکگرتووەکان لە یۆنان چالاکی سەربازییان ئەکرد.

**سپای ناپۆلی:** Neapolitans جەنگ ئاماژە ئاماژەیە بۆ بەشداری پاشایەتی ناپۆلی لە جەنگی چەکداری دژی کۆماری ڕۆمان لە مانگەکانی مەی ـ جولایی ١٨٤٩دا. ڕۆژی ٩ی فێبریوەری ئەنجوومەنی دەستووریی شاری ڕۆما کە بە دەنگی گشتی هەڵبژێررابوو، فەرمانڕەوایی پاپای هەڵوەشاندەوە، ڕژێمی کۆماریی ڕاگەیاند و سیانەی ماتزینی Mazzini، سافی Saffi، ئارمێلینی Armellini کران بە سەرکردایەتیی کۆماری ڕۆمان. لە ڕێکەوتی ٣ی جولای ١٨٤٩ کۆماری ڕۆمان، لە ئەنجامی دەستێوەردانی چەکدارانەی فەڕانسە، ئوستریا و ناپۆلی ڕووخا.






**سپری :** Spree جوگرافیا ڕووبار چەمێکە بە ناو شاری بەرلیندا ئەڕوا.



**سپڵە :** ungrateful ئاوەڵناو پێنەزان، بێ ئەمەگ، ناسپاس، بەدنمەک، کەسێکە کە چاکەی لەبەرچاو نەبێ. ع عاق، جاحد N utakknemlig د بی وفا، ناسپاس.

**سپڵی لاورگ :** هێمایەر کینایە بریتی لە گرانجانی دەست هەڵنەگر.




**سپەندارمەز :** ڕۆژژمێر ئاییناسی ناوی لێکدراو مانگی ژنان و کیژانی شیرین، بەواتای پیرۆز و بەجێ و خاکەڕایی؛

چوارەمین ئەمشاسپەندە و بە کچی ئەهوورامەزدا ناوبراوە، بەرپرسە لەوەی هەمیشە زەوی بە گەشی سەرسەوز و پڕ لە ڕێژەن ڕابگرێ، ئەوەی کشتوکاڵ ئەکا و زەوییەک ئاوەدان بکاتەوە ئەبێتە هۆی شادمانی سپەندارمەز، ئاسایشی زەوی لە ئەستۆی ئەوە و زەویش

خۆی نوێنەری ئەم ئێزەدە بێن فرەهـ و بەتابشتەیە، شکۆفەی سپی درختی **شابی** تایبەتی سپەندارمەزە؛

لەدایکبوانی مانگی سپەندارمەز داهێنەرن و بەرەگەی بیریان فراوانە، بەبەزەیی و هەستیارن، لەخۆبوردوو و گیانبەختکەرن، دڵسۆز و بەردەبیرۆن؛

ناوی ڕۆژی پێنجەمی هەر مانگێکی خوردشیدییە، ناوی مانگی دوانزەمی ساڵی خورشیدییە، لەم مانگەدا هەتاو وا لە کەلووی نەهەنگ Pisces دا، سێیەم مانگی زستانە، سپەندارمەزگان جەژنی ڕۆژی پێنجەمی مانگی سپەندارمەزە؛ مانگی ڕەشەمە و مانگ مێ ڕشبوونە:

مانگ دوانزەهەمش «سپەندارمەز»ەن
مانگ ژنان و دویەتان گەزەن

☜ فەروەردان








**سپەهی:** charm ناو ئاوەڵناو موترفە، دەلال، دڵگر، خۆشیک، دڵخواز، دڵبەزێر، دڵبەسەند. ع سحار، جذاب د افسونگر، دڵبذیر.





**سپیتهێد :** Spithead جوگرافیا کەنداو ناو کەنداوی سپیتهێد، کەنداوێکە لە کەنار زەریای مانش، لە نێوان دورگەی وایت و بەندەری پۆرتسموت، لە خوارووی دورگەی ئینگلیز.








**سپێدبالا و سپێدپەهنا :** ئاوەڵناوی لێکدراو کازیوە دووبەشە، کازیوەی سپێدبالا کە ڕووناکییەکە بەرز ئەبێتەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسمان و کازیوەی سپێدپەهنایش دوابەدوای ئەو دێ و ئەو کاتەیە کە کەناری ئاسمان واتە ئاسۆ زیوین بووە.



**سپێردراو :** entrusted فەرمان سپاردنی بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی کارێک بە کەسێک. ع مؤتمن N betrodd د سپرده شده.

**سپیناریۆ :** lo spinario پەیکەر ناو دڕک لە پێ، پەیکەری کوڕێکە لە ڕۆما

کە خەریکە دڕکێک لە پێی دەرئەهێنێ.

 

**سپیکردنەوەی پارە:** Money Laundering مافیا ئابووری ناوی لێکدراو

یان پارە سپیکردنەوە، پرۆسەی گۆڕینی پارەیەک کە سەرچاوەی بەدەستهێنانەکەی ناقانوونی بێت، بۆ دارایی و داهاتێکی ڕێسایی. بۆ وێنە پارەیەک کە لە ڕێگای قاچاخی کردن بە هێسنە سڕکەرەکان، خواردنەوەی ئەلکولی، تیرۆریزم، بەرتیلدان و کاری ناڕەوای دیکە بەدەست هاتووە. ئاریشەی سپیکردنەوەی پارە، کاتێک سەر هەڵئەدا کە ئەم جۆرە پارانە لە سیستەمی ئابووریی و دامودەزگا داراییەکانی وڵاتێکدا بکەونە گەڕ. سەرچاوەی بەکارهێنانی ئەم زاراوە یەکەم جار، ئەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی مافیا بەسەر تۆڕێکی جلشۆریی مەکینەیی ئەمریکی لە دەیەی ١٩٣٠. لەو ساڵانەدا گانگسترێک بە ناوی ئاڵ کاپۆن، پارەیەکی زۆری کە لە ڕێگای دەسبڕی و چەتەیی، قومار، تاوان، قەحبەگەری و قاچاخکردن بە هێسنە هۆشبەرەکان بەدەستی هێنابوو، لە جلشۆرخانەکان خستە گەڕ تاکوو سەرچاوەی بەدەستهێنانەکەی ون بکات و کەس نەزانێ چۆن ئەو پارەی بەدەست هێناوە.

 

 

**سپیواژ:** ئاوەڵناو سپیواش، سپات، ڕەنگی زەردی ئاماڵ سپی.

**سپەهی:** ئاوەڵناو جوان، خۆشیک، شەنگ، قەشەنگ.

**سپیرۆچوالیزم:** spiritualism ئابینناسی ناو مینەویگەری، سیستەمێکی بیروبڕوا یان ئاینزایەکە کە بڕوای بە پەیوەندی گریمانەیی لەگەڵ گیانی مردوان هەیە، بە تایبەت لە ڕێگەی مێدیۆم یان ناوەندیارەوە ☜ مێدیۆم.








**سپی هەڵگەڕان:** ناوی لێکدراو ڕەنگ پڕ نەمان، ڕەنگ پێوەنەمان.

**ستاد:** headquarters ناو [لە وەستان ←… پێگە] فەرمانگە، ناوەند، ناوەندی فەرمانده‌یی. ع القيادة العامة N hovedkvarter د ستاد.

ڕیشەناسی **ستا** : ئاڤێستاپیر وەستان، ڕاوەستان. stand. وشەیەکی ئاڤستاییە، بە زۆربەی واتای پێگە و شوێنی تۆکمەی وەستانە. ن:

◁ **ستا** : وەستان، ڕاوەستان stand.

◁ **ئاڤ ستا** : لە نزیک وەستان srand near or by.

◁ **ئا ستا** : وەستان stand.

◁ **هانم ستا** : وەستانی گشتی to rise up.

◁ **ستایتی** : بەرخۆدان، بەرگری standing.

**ستار:** ئاوەڵناو ئارامی، هێوری، ئۆقرە. ⇦ **ستارگرتن:** چاوگی تێپەڕ ئارامگرتن، هێوربوونەوە.

**ستارخانی:** پۆشاک ناو جۆرێک کەوای پیاوانەی نیوقەدی کوردەوارییە.

**ستارگرتن:** چاوگی تێنەپەڕ ئارامگرتن، هێوربوونەوە.

**ستاڤ:** ناو سایەی پەنا خۆرەتاو.

**ستاری سەردار:** ژنراڵ ناوی تایبەت کەلیدەر ئەماژەیە بە ستارخان کە لە سەردارانی مەشرووتەخوازی تەورێز بوو و لە سەردەمی محەممەد عەلی شای قاجار، لە سەرەتای سەدەی بیستی زاینی خەباتێکی زۆری دژی دوژمنانی مەشرووتە کرد.

**ستالەکتایت:** stalactite ناو چلوورە، تیشووی شۆڕەوەبوو، چلوورەیەکی باریکە لە میچی ئەشکەوتەوە شۆڕ بووەتەوە، بە زۆری لە خوێی کالسیۆم دروست بووە و، بە هۆی دڵۆپەی ئاوەوە پێکهاتووە. ع الهوابط N dryppstein د استالاکتیت

**ستالەگمایت:** stalagmite جیۆلۆجی ناو تیشووی گوڵمێخئاسای بەرزەوەبوو، گوڵمێخ ئاسایەکە لە تەختی ئەشکەوتەوە بەرزبووەتەوە، لە خوێی کالسیۆم، بە هۆی دڵۆپەی ئاوەوە پێکهاتووە. ع صواعد N stalagmitt د استالاگمیت.






**ستاماتی:** Camille_Marie Stamaty ئاوازدانەر کامیل ماری (١٨١١_١٨٧٠) ئاوازدانەری فەڕانسەیی.

**ستانداڵ:** Marie_Henri Beyle نووسەر (١٧٨٣_١٨٢٤) ڕۆماننووسی فەڕانسەیی کە بە نازناوی Stendhal ئەینووسی و، لە ڕیالیستە سەرەتاییەکان

بوو. سوور و ڕەش ✎ یەکێک لە ڕۆمانە گرنگەکانی ستاندالّە کە سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی.




**ستینۆگرافەر :** stenographer ناو کورتنووس، توندنووس، هێمانووس لە دادگا و شوێنی فەرمی. ع المختزل، کاتب الإختزال N stenograf د مختصر نویس، تنوگراف.

**ستینۆگرافی :** stenography ناو کورتنووسی، توندنووسی، هێمانووسی. ع الاختزال N stenografi د مختصر نویسی.




**ستایراکس :** styrax ڕووەک گوڵ بەرامە ناو گیایەکی لاسک شۆڕە، گوڵێکی بۆنخۆشی پەڕ سپی هەیە بە پەرچەمی نووک زەردەوە.



**ستایش:** confiteor {لاتین} ناوی‌یاوگ بە واتای دانپێدانان، لە نزاکانی ئاینزای کاسۆلیکە لە نوێژی کۆمەڵ؛ کاتێک کە دیندار ئەڵێ خوایە تۆ ئەم دنیایەت دروستکردووە، هەم ددانپێدانان و هەم ستایشە.

**ستایشی زانا:** The Adoration of the Magi شێوەکاری گەڕان-٢ ستایشی مۆگان، تابلۆی هونەرمەند بێرناردینۆ لوینی، بەگشتی ڕەنگدانەوەی لەدایکبوونی عیسایە لە هونەردا، لە ئینجیلی کوردی، بەشی مەتتا {٢} :١١ نووسراوە: «چوونە ژوورەوە، منداڵەکە و مریەمی دایکیان بینی، دانەوین و کڕنۆشیان بۆ برد و گەنجینەکانیان کردەوە و زێڕ و بخورد و مۆڕیان پێشکەش کرد. ئینجا خودا ئەستێرەناسەکانی ئاگادار کردەوە نەگەڕێنەوە لای هێرۆدۆس، ئەوسا ئەوانیش بە ڕێگایەکی دیکە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان.» جگە لە شێوەکار لوینی Bernardino Luiniئەم بابەتە لە لایەن زۆر هونەرمەندی گەورەوی وەکوو داڤینچی و بووتێچیلی و دیل پیدرۆ و زۆری ترەوە کێشراوە. Magi بەگوێرەی ئینجیلی مەتتا {٢} :١ زانای ڕۆژهەڵاتی واتە موگانی کوردن، کە کاتی لەدایکبونی عیسا دیاریان بۆ بردووە. ئێرانی و عەرەبی نووسیویانە پادشای مەجووسی، نوروێژی ئەڵێ Vismann کە هەمان زانایە.



**ستراديڤاريۆس:** Stradivarius موزیک ئامێر به هەر جۆرە هەمان، ڤایۆلاٚ یان چەلۆیەک ئەوتۆ کە لە سەدەی حەڤدە و هەژدە، لە لایەن بنەماڵەی ئانتۆنیۆ ستراديڤاری ئیتالیاییەوە دروست کراوە. دەنگی هەمانی ستراديڤاری ناوبانگێکی جیهانی و ئەفسانەیی پەیدا کردووە و نرخی هەندێ لەو بەرهەمانە گەیشتووەتە چەندین ملیۆن دۆلار.






**ستراسبۆرگ:** Strasbourg جوگرافیا پایتەخت پایتەختی مەڵبەندی ئاڵزاس و گەورەترین شاری باکووری ڕۆژهەلاٚتی فەرانسەیە. ئەم شارە کە ئەروانێ بەسەر چەمی ڕایندا، ناوەندێکی ئورووپایی گرنگە. ناوەندی پەرلەمانی ئورووپا و دادگای مافی مرۆڤی ئورووپا لەم شارەیە.







**ستراگانۆف:** Beef Stroganoff خۆراک ناو گەڕان-٢ جۆرە خواردنێکی ڕووسییە بە پلەگۆشتی پشتەمازەی گا ساز ئەکرێ و لە سەدەی نۆزدەوە لە هەموو جیهاندا بلاٚو بووەتەوە، ناوەکەی لە ناوی بنەماڵەی بەدەسەلاٚتی ستراگانۆفەوە هاتووە. لێنانی چێشتی ستراگانۆف وەکوو بەربەسێڵ وایە، بەس لە جیاتی ماست، قەیماخی تێئەکرێ.

☜ بەربەسێڵ




**سترۆمبۆڵی:** Stromboli سینەما فیلم فیلمی ئیتالیایی ١٩٥٠، دەرهێنانی ڕۆسیلینی.








**ستک:** sitik ڕووەک ناو هاتی، هاتیکە، سەیدۆکە، سێوەڵووکە، ڕووەکێکی بەهارەی دەشتییە، کاتی جۆدرەودا پەیدا دەبێ، بەرێکی شیرینی بەهێشوو وەک ترێ دەگرێ، مەزە و چێژێکی تایبەتی هەیە.





**ستۆدیۆکانی کیستۆن:** Keystone Studios سینەما بەرژەنگ لە ستۆدیۆ

سەرەتاییەکان ساڵی ١٩١٢ لە ئەدەندیلی کالیفۆڕنیا دامەزرا.










**ستۆکرک:** larynx ناو سورینچکە، کرکڕاکە، سکورد، ناق ع حنجرة N strupehodet د خرخرە.










**ستۆکهۆلم سیندرۆم:** Lima syndrome دەروونناسی بە شێوەیەکی باو پەیوەندی بە ڕفاندنی بەزۆر و دۆخی بارمتەگرتنەوە هەیە، کە بارمتەگیراو بە تێپەڕبوونی کات لە بەرامبەر بارمتەگردا ئەبەزیٚ و پەیوەندییەکی ئەرێنی لەگەڵ بارمتەگر دروست ئەکات. جگە لە دارەتە بەناوبانگەکانی تاوان، ڕەنگە کەسانی ئاساییش لە وەڵامی جۆرە جیاوازەکانی زەبر و زەنگدا تووشی ئەم دارەتە دەروونییە بین. ئەم ناسازییە، پێچەوانەی ناسازییەکی دەروونی ترە بە ناوی لیما سیندرۆم. ع متلازمة ستوکهولم N Stockholm syndrom د سندرم استکهلم.

☜ لیما سیندرۆم ☜ هاڤانا سیندرۆم











**ستۆماتا :** stomata گیاییر ناو کونی بچکۆلانەی سەر گەڵا یان بەرگی گوڵ کە ڕێگە بە هاتوچووی گازییەکان ئەدات بۆ دەرەوە و ناوەوە. ◁ پزیشکی دەرچەیەکی دەستکردە دەکرێتە ئەندامێکی ناو بۆش، بە تایبەت ئەو دەرچەیەی لەسەر ڕووی جەستەیە کە دەچێتە ناو ڕیخۆڵە یان بۆری هەناسە.





**ستۆیسیزم :** stoicism فەلسەفە جیهانبینی فەلسەفەی خۆڕاگرتن لە بەرامبەر ئێش و سەختی، بەبێ کاردانەوەی بەرهەست و گلەیی و بناشت. بەبڕوای ستۆیسیزم ئێمە وەک مرۆڤ لە سرووشت دانەبڕاوین و هیچ مەملەکەتێکی بەرزتر بوونی نییە. بۆیە ناکرێت باس لەوە بکرێت کە دوای مردن بچین بۆ «شوێنێکی تر»، شوێنێتر بوونی نییە تا بۆی بچین، لەناو سرووشتدا ئەتوێینەوە. بەم بۆچوونە ستۆیسیزم گەورەترین کاریگەری و ناوبانگی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. لەبەر ئەوەی پرەنسیپە ئاوەزییەکان سروشت ئاراستە ئەکەن، کەواتە مەبەستێک بۆ بوونی

هەموو شتێک هەیە.

ئەم جیهانبینییە لە لایەن فەیلەسووفی ستۆییک stoic مارکۆس ئانایۆس سێنیکا ڕەوانبێژ و نووسەری ڕۆمی، ناسراو بە سێنیکای مەزن، باوکی سێنیکای جەوان {٥٤پ.ز ـ ٣٩ز} دارێژراوە.




**ستووف:** affidavit, attest ڕێسا بەڵگە گۆڤانینامە، نامەی واژۆکراوی گۆڤانی لە لایەن کەس یان دەزگایەکەوە، شایەتینامەیەکی نووسراوی واژۆ و مۆرکرا لە لایەن دەسەڵاتەوە، بۆ ئەوەی وەکوو بەڵگە لە دادگا سوودی لێ وەربگیرێ. ع افادة خطية N erklæring د استشهاد مکتوب. ⇦ **گۆڤانی:** ڕێسا بەڵگە شایەتی، ئاگایی دان لە دادگا، ئاگایی دان لە کارێکدا. ع شهادت N vitnesbyrd د شهادت E testimony.






**ستوونی ئاگر:** ئایینناسی ئەفسانە لە تەورات پەرتووکی سفری کۆڕەوە Exodus بەشی پێنجەم ١٣:٢١ و ١٣:٢٢ هاتووە:

ئینجا خوا بە ڕۆژ بە ستوونی هەور و بە شەویش لە ڕواڵەتی ستوونی ئاگردا لە پێشیانەوە ئەڕۆیشت بۆ ئەوەی بتوانن بە شەو و بە ڕۆژ بڕۆن بە ڕێگەدا و، ستوونی هەور بە ڕۆژ و، ستوونی ئاگری بە شەو لەبەردەم هۆزەکە هەڵنەگرت.



**ستوونشینی:** stylite saint ئاوەڵناو خەڵوەکێشی خەڵوەکێشی گاور ئەچێتە سەر ستوونێکی بەرز و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن و ڕەنگە هەموو تەمەنی لەو سەرە دائەنیشێ، لە دنیا دائەبڕێ و پێویستی بە هیچ نابێ، مەگەر ئەوەی خێرەومەندان ناوبەناو هەندێ خواردنی بۆ هەڵدەنە ئەو سەرە. ⇦ **سیمۆن عاموودی** یەکێک بووە لەو کەسانە کە لەسەر ستوونێکی ١٥مەتری ژیاوە و کڵێساکەی لە ناوچەی حەڵەب لە شوێنێکی ستراتیجیکە کە لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبی گیراوە و تا ئێستاش بەسەر پێوە وەستاوە.





**ستەمکار :** oppressor ناو ئاوەڵناو دەستە و تاقمی زۆردار و چەوسێنەر، سەرەڕۆ و سەپێنەری نادادگەری و بەرتەنگ کردنەوە، بە تایبەت بۆ کەمایەتی و دەستەکانی تر. ع الظالم N undertrykker د ظالم.

**ستەمگەر :** oppressive ئاوەڵناو سەپێنەری نادادگەری و بەرتەنگ کردنەوە، بە تایبەت بۆ کەمایەتی و دەستەکانی تر. ع جائرة N undertrykkende د ظالم.

**ستێر :** ناو پێڕک، ناوین، بەرزایی خۆڵ و بەردی کەوشەنی نێوان دوو زەوی.




**ستیڤێنسن :** Robert Louis Stevenson ڕۆماننووس هۆنەر (١٨٥٠_١٨٩٤)

ڕۆماننووس و هۆنەر و گەڕیدەی سکاتلەندی.













**ستیوارت پێرۆن:** Stewart Perowne رامکار میژوونووس (١٩٠١ـ ١٩٨٩)
دیپلۆمات، کۆنینەناس، لێکۆڵەر و مێژوونووسی ئینگلیزی، چەندین پەرتووکی لەمەڕ مێژووی زەریای سپی ناوەڕاست نووسیوە.















**سرژ پانینی:** Serge Panine شانۆ شانۆگەری جۆرج ئۆنێ Georges Ohnet ساڵی ١٨٨١ برایە سەر شانۆ.









**سرش:** جنس ناو کەسێک کە لە ڕووی سێکسیەوە سروشتی سارد بێ. E frigid.

**سرک:** elusive ئاوەڵناو سڵۆک، ڕەمیو، سڵ کەرەوە، گیانەوەرێک کە زۆر خێرا کاردانەوە پیشان ئەدات. ع مرواغ N flyktig د رموک.

**سرمیچ:** ceiling ناو سەرمیچ، بنمیچ. ع سقف N tak د سقف.




**سروشت:** temperament ئەدگار ناو خووی ڕەمەکی مرۆڤ یان گیانەوەر، بە تایبەت ئەو خووەی کە هەڵسوکەوتی هەمیشەیی بەدی ئەهێنێ. ع مزاج N temperament د خلق و خوی.

ن: «لە سروشتدا هیچ شتێک بە تەنیا بوونی نییە.» ئەمە گوتەی ڕاشێل کارسۆنە، لەسەر تێبینییەکەی: هەموو کارێک کە ئەنجامی دەدەیت کاریگەری لە شوێنێکی تردا هەیە. شتێک ناتوانێت بە خودی خۆی بژی، چونکە بە هەموو شتێکی ترەوە بەستراوەتەوە. پێویستی بە پشتیوانی هەیە، بەڵام پشتیوانیش دەبەخشێت.

**سروشتگەرایی:** naturalism بزووتنەوە ویژە ســینەما چیبە بزووتنەوەیەکی وێژەیی بوو، فلۆبێر بە دامەزرێنەری دائەنێن و گۆنکۆر، دوودە، زۆلا، مۆپاسان و هۆسمان بە پەیڕەوانی، کە ڕۆمان و شانۆنامەی پەیامداریان ئەنووسی و à thèse شێواز و دەسکەوتی زانستیان لەمەڕ هونەر بەکار ئەهێنا. تێبینی: هـ.گ

**سروشتبەرز:** high_manner ئەدگار ئاوەڵێکدراو خاوەن تایبەتمەندی باڵای

سروشتی. ع صفات عالية N høyoppholdende د صرافت طبع.

**سروشتی بێگیان:** still life هونەر یان ژیانی بێگیان، بە بەرهەمێکی هونەری ئەوتۆ ئەوترێ شمەکی ئاداری پیشان دابێ، کە ئەو شتانە ئەشێ سروشتی بن وەکوو گوڵ و میوە و بەرد، یان دەستکرد بن وەکوو خشڵ و گوڵدان و پەرتووک، بە مەبەستی دەربڕینی چەمکێکی فەرهەنگی، ئایینی یان مێژوویی و تاد. ع طبيعة صامتة N Stilleben ع طبيعة صامتة د طبیعت بێجان.

**سروە:** whiff ناو فەرمان سروە، شنەبای بلاوێنی بەئەسپایی؛ بۆنێک کەم؛ دووکەڵ. ع نسيم N bris د نسیم.

**سرووت:** straw ڕووەک کلۆتر ناو کلۆش، پووشقومام، لاسکی گەنم و جۆ کە کلۆر و ناوبۆشە، وەک زەلی زۆر باریک وایە کە لە کۆندا ئەیانکردە ناو دۆشەکی خەوتنەوە.



**سرووودنامە:** antiphonal چامە نزا کۆمەڵێک بەستەی فەرمیی نزاکردنە لە بۆنەی ئایینیدا.



**سرووودی ئۆرفەیی:** Orphic hymns چامە سروود کۆمەڵە هۆنراوەی کۆنی یۆنانی.






**سرووش:❶** بانسرووشت ناو دەنگی پێوار، دەنگی لە غەیبەوە.

**سرووش:❷** فریشتە ناو لە ئاڤێستادا بە واتای فریشتەی پەیامهێنەر و پەیکی ئەهووراەمزدا هاتووە.







**سرووشی دەروونی:** auto_suggestion دارەت ناوی‌لێکدراو سەرۆیەک کە بە هەناوی مرۆڤدا ئەگەڕێ د تلقین N auto_forslag ع الإیحاء.

**سرەوت:** inertia ناو نەجووڵان، سوکنا، ستار، هەدا. ع سکون N treghet د سکون.

ن: ئاوی گوێی سرەوتووە: بێزار بووە لە بیستنی شتێک کە زۆر جار

وتراوەتەوە.

**سرەوتن :** settling چاوگی تێپەڕ نەجوولان، سوکناگرتن، ستان و هەداگرتن. ع یستریح N bosetting د آرام گرفتن.

**سرێش :** Eremurus ناو سترک، ئوسترێلک، چەسپی کاغەز، لە ڕیشە و گەڵای گیای سرێش ئەگیرێ کە گیایەکە لە تیرەی گوڵاڵە، گوڵی هێشوویی و گەڵای درێژ و سەوزی هەیە، زیاتر دارتاشان بەکاری ئەهێنن و بە چەسپی کاغەزیش ناسراوە. گیای سرێش لوویەکی هەیە لە پزیشکیدا سوودی لێ وەرئەگیرێ و بۆ چاککردنەوەی ئازاری جەرگ و گەدە بەکەڵکە. ع عجینة اللصق N pasta د سریشم.

**هێلم :** glue غەرە، چەسپێکی بەهێزە لە کوڵاندنی ئێسک و کرۆژە و پێستی ئاژەڵ و ماسی بەدی دێ، بۆ دارتاشی و گاوکردنی چینیش سوودی هەیە. ع غراء N lim د سریشم ماهی.







**سرێشی :** gooey ناوی چاوگ لینج و شیرین، لکێن، لیق ع ناعم و لزج N klissete د چسبناک.

**سڕینەوە :** obliterate ناوی فەرمان لەناوبردنی تەواوەتی، پاقژکردن. ع طمس N utslette د محو کردن.

**سزا :** retribution داد ناو سزای تۆڵە، تەمێکردن و ئەقدینی پەسەند، کە لە ڕوانگەی ڕێسا و دابی کۆمەڵایەتیەوە سزاوار و پڕ بە پێستی خۆی بێ N straff ع القصاص د کیفر.

**سزار:** Gaius Julius Caesar [ڕامیار] [ژنراڵ] {نزیکەی ١٠٠ تا ٤٤ی پ.ز} ژولیۆس سزار سەرداری بەناوبانگ و ڕامیاری بە توانای ڕۆمی.







**سزار فرانک:** César Franck [ئاوازدانەر] {١٨٢٢ـ١٨٩٠} ئاوازدانەری فەڕانسەیی، سۆناتەکەی فرانک ئۆلگووی پرووست بووە بۆ ئافراندنی سۆناتی ڤەنتۆی.




**سزانامە:** indictment [داد] [ناو] تاواننامەی فەرمی دادخواز لە دژی گومانلێکراو. [د] کیفرخواست [E] arraignment ⇐ دادنامە: Petition سکاڵا و داخوازنامە بۆ دادگا [د] دادخواست.

⇐ **لێپرسینەوە:** arraign [داد] [چاوگی دووڵۆ] لێپرسینەوەی سەرەتایی بەر لە

دادگاییکردن لە دادگا. ع استجاب N rettssak د احضار بازجویی.

**سزاوار:** [سزا+وار] ئاوەڵناو شیاو، سزابار. ⇐ وەک بەختەوار، ئاسەوار، خوێندەوار، شەوار، بەندەوار ☜ **وار:** ١} پاشگرێکە لە ناو، ئاوەڵناو دروست ئەکات وەک خوێندەوار، بەندەوار ٢} وشەیەکی کوردمادییە بە واتای ماڵ و بە گشتی بە واتای شوێن و جێگە دێ. وەک ئاسەوار.

**سزای تۆڵە:** retribution داد ناو سزا، خوێن سەندنەوە. ع القصاص N straff د قصاص.

**سست:** ❶ languid ئاوەڵناو دارەتەرئەرێنر خاو، بە ئەسپایی، لەسەرخۆ. ع بطیء N sløv د سست. ن:

Until we become one: languid, languid, replete, and consummate !

تا ئەبین بەیەک: ڕەوان و بەکاوەخۆ و تەژی و پێگەیشتوو!

**سست:** ❷ slack ئاوەڵناو دارەترنەرێنر شل، تەمەڵ، لاژگ، تەوەزەل، تەپـ، تەپلۆس، لەشگران، خوێری، داهێزراو، خاو، خاووخلیچک؛ کەس یان شتێک گرژ و توندوتۆڵ نەبێت و نەتوانێ خۆی لە شوێنی خۆی ڕابگرێ. ع تثاقل، بطیء N slakk, sløv د تنبل، شل.

**سستوجنگز:** Passive_aggressive behavior دەروونناسی ڕەفتار ناوی لێکدراو ڕەفتاری سستوجنگز، چەشنێک دەربڕینی ناڕاستەوخۆی دوژمنایەتییە، بۆ وێنە بە شێوەی کەمتەرخەمی، توانج، سەرشەقی، مۆنی، ئەنجامنەدانی ئەرک، درەنگ و زوو چوون، پیشانی ئەدەن. ◄ ناوەندی ناسین و هەژماری ناسازیی دەروونی DSM بەم شێوە ڕەفتاری سستوجنگز پێناسە ئەکات: «کۆی ئەو دارەتە نەرێنی و بەرهەڵستییە ناچالاکانەیە سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی ئەرک و چالاکی پێویست، لە بواری کۆمەڵایەتی و پیشەییدا ئەنجام ئەدرێ.» ع سلوک سلبي عدواني N Passiv_aggressiv oppførsel د پرخاشگری منفعل.







**سفری ئافراندن:**[1] Genesis ئاییناسی ئەفسانە تەورات، بەشی نۆزدە، بەندی ١ ئەڵێ: دوو فریشتە هاتنە خوارەوە و لووت لە دەروازەی شار دانیشتبوو، بردنیەوە بۆ ماڵەوە...




**سفری ئافراندن:**[2] Genesis ☜ ئاییناسی ئەفسانە شێوەزانست {دە پەرجووی تەورات ـ دووەم} بەو شێوەی کە تەورات لە سفری ئافراندن باسی «دروستکردنی» مرۆڤ ئەکا، سەرنجی ئەستێرەناسانی کەونارای بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو کە مرۆڤ دەستکرد و ئافەریدەی خودایی نەبووە، بەڵکو بە هۆی سازاندنی ژنتیکی لە لایەن ئەو بوونەوەرە پێشکەوتوانەوە بەدی هاتووە کە هیچ هەسارە نزیکەکانی لای خۆمان نەبوون.

وشەی وەکوو «ئێمە» و «خۆمان» لەم سفرەدا کە ئەڵێ: «ڕێگە بدەن با مرۆڤ لە وێنەی خۆمان دروست بکەین» وایان کردووە کە «دووکەڵی گومان» لەم جۆرە دەقانە بەرز ببێتەوە. ئەم دەقانە

ئەماژە بە «ئافرێنەر»ێک ناکەن، بەڵکو کۆمەڵێک «ئافرێنەر بەکۆ» دەستنیشان ئەکەن و، وای دەرئەخەن کۆمەڵێک بوونەوەری شێوە مرۆڤ بووبێتن، ئەگەر ڕێک وەکوو ئێمە نەبووبێتن.

هەرچەند سەلماندنی ئەم بۆچوونەش هەر بە ئەندازەی ئەوەی یەکەم ئەلویٚ، بەڵام ئەم بۆچوونە ئەفسانەیی و ڕاستەقینانە بە درێژایی مێژوو هاتوونەتە ئاراوە و ئەوەتا لە دوایین فیلمەکان وەکو (Prometheus) باسی ئەم بابەتەیە و هەرچەند جوانیترین فیلمە کە تا ئێستا لەم بارەیەوە دروستکرابێ و هەرچەند ڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە ئەدا کە: «ئەوان ئێمەیان دروستکرد.» بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە فیلمێکی قلبلی و ئاڵۆز و تێکەڵ و پێکەڵە، ئەگەر نووسەر و دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرەکانی دابنیشن و سەیری بکەن، سەریان لەوە سوور ئەمێنێ کە چییان وتووە! ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ سەرەڕای ئەو هەموو گریمانە و بیردۆزانەی کە هەیە، هێشتا هیچی لێ نازانین و ناتوانین هیچ بسەلمێنین، ئەوەی هەیە تەنها قرساندنە!



**سفری کۆڕەوە:❶** exodus ئاپیتناسر ئەفسانە دەرچوونی هۆزی جوولەکە لە میسر لە ڕێگەی زەریای سوورەوە کە مووسا ئاوەکە شەق ئەکا و خەڵکەکەی پێدا ئەپەڕێتەوە. سفر وشەیەکی عیبرییە و بە واتای پەرتووک و نامیلکە یان «سورة»ی عەرەبی. ⇦ وەکو Genesis واتە سفر یان پەرتووکی پەیدابوون لە تەوراتی جوولەکەدا.



**سفری کۆڕەوە:❷** The Exodus ئاپیتناسر ئەفسانە هێمابر ☜ (دە پەرجووی تەورات-سێیەم) تێکڕای چیرۆکی سفری کۆڕەوە، بە سەربردەی دەوەنی ئاگرینیشەوە Burning bush زۆر بڕگەی تێدایە کە ئەتوانرێ بە دەستێوەردانی وزەی بان-مرۆیی لە کاروباری مرۆڤدا دابنرێ.

ستوونی دووکەڵ بەڕۆژ و ستوونی تیشک بە شەو، کە بوو بە ڕێنموونی ئیسرائیلییەکان لە تێپەڕین بە بیابانی بێکۆتادا، هەندێ جار ئەوترێ کە ڕابەرێکی لە جۆری بێگانەی دەرەکی بووبێ، هەروەک چۆن «ماشین» بۆ بەدیهێنانی «مانا Manna»، واتە ئەو خۆراک و ڕێژەنەی لە ئاسمانەوە ئەبارێ، سوودی لێ وەرگیراوە. دیارە ئەوەش وتراوە کە باوڵی پەیمان Ark of the Covenant نەک هەر ئەفسانە نییە، بەڵکو ڕاستەقینەیە و پاتەکردنەوەی هێڵکارییەکی بان-زەمینی‌یە.

پاش گەیشتنی ئیسرائیلییەکان بە کێوی سینا، مووسا ئەچێتە سەر

لووتکەی کێوەکە و چاوی بە خوا ئەکەوێ و، دیسانەوە ئەستێرەناسە کەوناراکان ئاماژە بەوە ئەدەن کە چاوپێکەوتن و تێکەڵاوی لە نێوان مروڤ و غەواری هەندارانیدا هەبووە. بەم پێیە دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ خودا یان غەوارەی جیهانی دەرەکی بووەتە هۆی ئەوەی کە مووسا ئەو بەردەی دەستبکەوێ کە {دە فەرمان}ی تیانووسرابوو.

سفری کۆرەو و واتای هێمایی کۆرەو بە چەندین شێوە کراوە بە فیلم و زنجیرە و شانۆ و سروود و چامە و شینگێڕی.











**سفۆماتۆ :** Sfumato هونەر تەکنیک ئاوەڵناو It یان کاڵکردنەوە، یەکێک لە شێوازە ناسراوەکانی سەردەمی ڕێنسانس و تەکنیکێکی شێوەکارییە بۆ خاوکردنەوەی بەهێوری گواستنەوەی ڕەنگەکان، بە زەقکردنەوەی زیاتر لەوەی چاوی مرۆڤ لەسەری ئەوەستێ، یان لە دەرەوەی فۆکۆسی دید، وەک بڵێی بەشەکان لە نێوان دوو هەوردا بن، لە ڕوونەوە بۆ تۆخ. داوینچی نموونەی دیای بەکارهێنانی ئەم شێوازەیە. ع سفوماتو N Gradient د اسفوماتو.




**سفوور:** veilless ئایینناسی ئاوەڵناو سفووره، ئافرەتی سەر و مل و قاچ ڕووت، «بێڕووپۆش»{بی حجاب} لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە. ع بدون حجاب N slørløs د بی حجاب.

**سفینکس:** sphinx ئەفسانە دین ناو بوونەوەرێکی ئەفسانەیی باڵدارە بە سەری ژن و جەستەی شێرەوە، خوای هەتاو بوو لای مەسرییەکان. ئەوەی ڕووبەڕووی سفینکس بوایەتەوە مەتەڵی بۆ دائەهێنا و هەرکەس مەتەڵەکەی هەڵنەهێنایەت، ئەیکوشت و ئەیخوارد. ئودیپ مەتەڵەکەی هەڵهێنا و سفینکس خۆی کوشت. ع أبو الهول N sfinks د ابوالهول.



**سفینکسئاسا:** sphinxlike هێمایی کەسایەتی بە کەسێکی ڕازاوی و مەتەڵاوی و سەمەرە ئەوترێ، کە ناتوانی بە ئاسانی لێی تێبگەی.

**سڤالدبار:** Svalbard زانست بانکی ژێر گەنجینەی سڤالدباری جیهانی بۆ تۆوی ڕووەکی Svalbard Global Seed Vault. کۆگایەکی «تۆو»ی هەڵگیراوە کە کەوتۆتە دورگەیەکی نەرویژ بە ناوی سپیتسبەرگن Spitsbergen لە نزیک شارەدێی لۆنگیەربیەن Longyearbyen لە ئەرکیپەل یان کۆمەڵە دورگەی سڤالبارد Svalbard لە جەمسەری بەستەڵەکی باکوور بە دووری ١٣١٣کم لە چەقی هێتمی باکوور، ساڵی ٢٠٠٨ بە فەرمی کرایەوە.

کۆگاکە ڕووبەرێکی فراوانی بۆ تەرخانکراوە و بە شێوەیەکی هەژەند چاودێری ئەکرێت، کەوتۆتە قوڵایی ژێرزەوی لە لایەن کۆمەڵێک زانا

و پسپۆری خۆراکی و کشتوکالی {CGIAR} بەڕێوە ئەچێت. گەنجینەکە نمونەی زیاتر لە ٤,٥ ملیۆن تۆوی ڕووەکی جیهانی کۆکردۆتەوە و لەم شوێنە پاراستوونی بەمەبەستی ڕێگریکردن لە تیاچوون بە هۆکارە سرووشتی و ڕامیاریەکان. کۆگاکە بە هاوبەشی پاشایەتی٨ نەرویژ و ڕێکخراوی جیهانی {GCDT} و ناوەندی سامانە بۆماوەییەکانی ولاّتانی باکوور {NordGen} بەڕێوەئەچێت.

حکومەتی نەرویژ پشکی شێری بەرئەکەوێت لە هاوکاری بۆ دروستکردنی گەنجینەکە، بە جۆرێک کە {٩ملیۆن دۆلاری} بۆ تەرخان کردوە، گەنجینەکە لە ٢٠١٦ بۆ یەکەم جار جۆرە تۆوێکی لێ دەرهات کە لە جەنگی حەلەب لە سووریا لەناو چووبوو، دووبارە خستیەوە بەردەستی جوتیاران.






**سڤێنگالی سیندرۆم:** Svengali syndrome دەروونناسی نەخۆشی ناسازی سڤێنگالی، کاتێکە کە یەکێک سۆزی کەسێک ئەخاتە بن کۆنترۆڵی خۆیەوە. ئەم دیاردەیە لە ستۆکهۆلم سیندۆم ئەچێ، لەو شوێنەدا کە بەرهۆ، هەست بە خۆشەویستی و ئەمەگ ئەکات بەرامبەر بەو کەسەی زاڵە بەسەریدا. سڤێنگالی کەسێکە کە ئەندێشەی خەڵکی ئەخاتە بن کۆنترۆڵی خۆیەوە بە مەبەستێکی نەشیاو. سڤێنگالی کەسایەتی ڕۆمانی «تریلبی Trilby» نووسینی جۆرج دو مۆریەیە، کە کچێکی جەوانی ئیرلەندی خستووەتە بن کاریگەری خۆیەوە و بۆ مەبەستی خۆی بەکاری

ئەهێنێ و سەرەنجام ئەیکات بە گۆرانیبێژێک کە تەنها لە بن کاریگەری هیپنۆتیزمی سڤێنگالیدا ئەتوانێ گۆرانی بڵێ.






**سقڵ :** نەخۆشی ناو گرفت، سەردڵ، نەخۆشینی خواردن‌نەتواندنەوە.

**سک :** توێکاری ناو زگ، ورگ، سگ، گەدە؛ ئەو بەشەی جەستەی ئێسکداران کە ئەندامەکانی هەرسکردنی تێدایە؛ سک. لە مرۆڤ و شیردەرەکانی تردا سک ئەکەوێتە نێوان پەردە و کاسەی سمت. ع البطن N mageregionen د شکم.






**سکاپن :** کەسایەتی Scapin کەسایەتیی کۆمیدی جەنابانی سکاپن، نووسینی مولیێر.






**سکاتی بستووی باشوور :** Scott of the Antarctic سینەما فیلم فیلمی بەریتانی ١٩٤٨ ناوی فەرەنسییەکەی گەشتی بێگەڕانەوەیە L'Aventure sans retour.




**سکاچ :** Scotch جوگرافیا وڵات سکاتیش، سکاتلەندی، وڵاتی سەربەخۆی Scotland و یەک لە سیانی پێکهێنەری بەریتانیا. ڕووبەرەکەی ١٥٤ کیلۆمەترە و ٧٩٠ دورگەی هەیە لە زەریای باکوور و زەریای ئیرلەند، دانیشتوانی ٥,٥ ملیۆن کەسە. پایتەختەکەی ئیدنبرە، تۆزێ لە نیوملیۆن پترە. ع سکوتش N skotsk د اسکاچ.

ویسکی سکاچ. پشتەمازەی سکاچ. پەسپی سکاچ.




**سکارۆن :** Paul Scarron هۆنەر نووسەر (١٦١٠ـ١٦٦٠) هۆنەر و شانۆگەر و ڕۆماننووسی فەرەنسیی. مێردی خاتوو دومەنتنۆن کە پاش مەرگی ئەو شووی کرد بە لویی چواردە. لە بیرەوەریی سەن سیمۆندا هاتووە، ڕۆژێک ڕاسین لەبەردەم شا و شاژن ڕەخنە لە سکارۆن ئەگرێ، ئەو

کاتە شا هیچ بە ڕاسپێن ناڵێ، بەڵام لەوە بەدوا نە شا و نە مادەم دومەنتنۆن ئیتر قسە لەگەڵ ڕاسین ناکەن و نایبینن.



**سکاڵای مەگدالین:** Complaint of the Magdalen ئایینناسی هۆنراوە
هۆنراوەیەکی سکاڵایە کە شینگێڕی مریەمی مەگدالینە بۆ عیسا. ⇦ مریەمی مەگدالین: Mary Magdalene لە یارانی عیسایە کە لەگەڵی گەڕاوە و وتراوە کە لەخاچدان و ڕابوونەوەی عیسای بینیوە ☜ مریەمی مەگدالین.




**سکاڵپ:** scallop خۆراک ناو گوێچکە ماسی لەگەڵ سیر و کەرە و تۆزێ ئارد سوور ئەکرێتەوە و ڕێحانەی ئەکرێ بەسەردا. ع طعام التقوقع N kamskjellmat د غذای گوش ماهی.



**سکدار:** gestator پزیشکی ناوویکەر لە ئاڵمانی، سکپڕ، کەسێک کە بە منالّی یەکێکی تر ئاوس ئەبێ و پاش منالّبوون ئەیدا بە دایک و باوکی منالّەکە. ع حامل N gestator د حامل. ← **سرێگەیسی:** surrogacy پزیشکی ناو خودی وشەکە بە واتای جێگرەوە و هەمان سکدارییە کە ژن پزدانی خۆی ئەدا بە کرێ و تۆوی دایک و سپێرمی باوک لە ناو پزدانی ئەچێندرێ و پاش منالّبوون، منالّەکە ئەدرێ بە دایک و باوکی سەرەکی. ← **دووگیان:** pregnant ناو ژنێک کە بە منالّی خۆی ئاووس بێ. ع حامل N gravid د باردار.







**سکڵ:** ember ناو پشکۆ، پۆلوو، پنگر. ع جمر N Glo د اخگر.




**سکور:** ناو ئەستۆ، مل، گەردن.

**سکورد:** larynx ناو ستۆکرک، ناق ع حنجرة N strupehodet د خرخره.

**سکوولا:** Schola Cantorum موزیک ناو فێرگەی کۆراڵ و موزیکی ئایینی و تایبەت بە کڵێسا.

**سکۆلا کانترۆم:** Schola Cantorum ئایپیناسر موزیک ناو فێرگەی کۆراڵ و پەیمانگەی موزیکی ئایینی و کڵێسایی.

**سکووونەر:** Schooner کەشتی هاتوچۆ جۆرە کەشتییەکی چارۆکەداری گەشتیارییە لە دوو دەکەڵ زیاتری هەیە و بە زۆری پێشکۆی لە پاشکۆی بچووکترە و چارۆکەیەکی سووڕانی هەیە کە خێرایی کەشتییەکە زۆر زیاتر ئەکات. ڕوون نییە لە کەیەوە دروست کراوە، بەڵام لە سەدەی حەڤدەوە لە تابلۆی شێوەکارانی هۆڵەندیدا وێنەکەی ئەبینرێ. سکووونەر لە وشەیەکی سکاتلەندی ئەچێ بە واتای بازدان بە سەر ئاودا پاکت. ⇦ **سکووونەر:** Scooner لەپستۆک کە شێوەی نووسینەکەی لە سکووتەری کەشتی جیاوازە بە واتای ڕەوڕەوەی منداڵ و ماتۆرسیکلێتی ئۆتۆماتیکە.









**سکیزۆئەفێکتیڤ:** schizo_affective دەروونناسی ناوی لێکدراو کێشەیەکی تەندروستی دەروونییە کە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەروونی و هەروەها نیشانەکانی گۆڕانی باری دەروونی mood swing ئەبێت. تێکەڵەیەکی لە

نیشانەکانی سکیزۆفرنیا، وەک هەڵۆسە و وڕینە و، هەمیش نیشانەکانی تێکچوونی باری دەروونی، وەک خەمۆکی یان وەسوەسە لە نەخۆشدا ئەبینرێ. وشەی سکیزۆئەفێکتیڤ دوو بەشە: «سکیزۆ ـ» ئاماژەیە بۆ نیشانەکانی هەبوونی نەخۆشی دەروونی، «ئەفێکتیڤ» ئاماژەیە بۆ نیشانەکانی گۆڕانی باری دەروونی، کە ئەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشینی تری وەکوو باپۆلار.








**سکیزۆفرنی:** schizophrenia [دەروونناسی] [نەخۆشی] شیزۆفێرنیا، ماخۆلە یان گلاراو، نەخۆشینێکە کە ئەندێشە و کرداری مرۆڤ ئەشێوێنێ. دارەتێکە کە زیاتر نەخۆش خۆی بە کەسێک یان شتێکی تر ئەزانێ. نیشانەکانی بریتین لە وڕینە، هەڵۆسە، گوتنی هەڵیت‌وپەڵیت و ڕەفتاری نەشیاو. نەخۆشینی ماخۆلە لەگەڵ نەخۆشینی جووتکەسایەتی dual personality جیاوازە، چونکە نەخۆشی سکیتزوفێرنی مەرج نییە دوو کەسایەتی دارماڵی هەبێ، بەڵکو کەوتووەتە هەڵەوە و پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڕۆژەڤ لەدەست داوە. [ع] فصام {فـُ} [N] schizofreni [د] اسکیزوفرنی.





**سلسار:** pixilated [ئاوەڵناو] بێشەرم، گەوەند، ڕێلاس، بێشەرمانە سەربەردای، پرتۆک، سەرسەری، پنتی، زۆر چەتوون. [د] وقح [N] skamløs [د] عجول، بی بندوبار [E] fiendish.

**سلینگ:** crane [ئامێر] [ناو] هەڵکێش، ئامێرێکی مەزن و بەرزەباڵایە بۆ بەرزکردنەوە و جێگۆڕکێی شمەکی قورس لە ڕێگەی قولاپکردن و بەرزکردنەوە لە سەرەوە، بە ڕادەیەکی بەربڵاو لە خانووسازیدا سوودی لێ وەرئەگیرێ. [ع] رافعة [N] kran [د] جرثقیل.






**سڵۆک:** elusive [ئاوەڵناو] سرک، ڕەمیو، سڵ کەرەوە، گیانەوەرێک کە زۆر خێرا کاردانەوە پیشان ئەدات. [ع] مرواغ [N] flyktig [د] رموک.

**سمایلی پەیامبەر:** [ئاییناسی] [کەسایەتی] لە کەسایەتییەکانی تەورات و قورئان، کوڕە گەورەی برایم و هاجەر، کەنیزەکی میسری سارا بوو. کاتێک سمایل لەدایک ئەبێ، برایم هەشتاوشەش ساڵ تەمەنی ئەبێ. موسڵمانان بە پەیامبەری ئەزانن، بەڵام یەهوودی و فەلە بە کەسایەتییەکی مێژوویی دائەنێن. برایم، هاجەری ژنی و سمایلی کوڕی لە بیابانێک بە ناوی پاران بەرەڵڵا ئەکات و هاجەر کە بۆ ئاو ئەگەڕێ، کانی زمزم بۆ ئەو و سمایل ئەتەقێ و هەڵئەقوڵێ.





**سمکۆڵان:** hoofbeat ئاوەڵناو سم بەزەویدا کوتانی ئەسپ، سمکۆڵ.



**سمڵ:** hyacinth ڕووەک ناو گیایەکە لە بنەماڵەی شلێر و سوێسنان، گوڵی تۆپی وردی بۆنخۆشی هەیە، بە زۆربەی ڕەنگەکان هەیە.



**سمید:** semolina ئاشپەزی ڕووەک {مەراکۆیی ـ دارجی} گەنمەهاڕاو، گەنم یان جۆ یان گەنمەشامی هاڕدراوە بە ئاشی زبر، بۆ سازکردنی خواردنی «کسکسۆ» لە باکووری ئەفریقا، هەروەها بۆ سازکردنی هەویر یان پەستای سپاگێتی و ماکارۆنی، یان بۆ سازکردنی شیرینی و کەیکی مەراکۆیی وەکوو جۆرەکانی بەسبووس. ع سمید N semulegryn د آرد سمولینا.



**سمیرنا:** Smyrna جوگرافیا شارێکی کۆن بوو لە کەناری ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک، لە شوێنی ئەزمیری ئێستە.



**سناب:** snob و snobbery ڕەفتار هەندێ جار بە خۆپەرست و لە خۆبایی دانراون، بەڵام سنابری ئەبێ وەک بۆچوونێک چاوی لێبکرێ کە بڕوای بە هاوکێشەیەک لە نێوان مرۆڤ و باری ڕۆژەڤـدا هەیە، ئەوەی لە خوارەوەی کۆمەڵدایە ئەبێ وابێ، سناب گرنگییەکی زۆر بە سامان و پلەی کۆمەڵایەتی ئەدا، کرنۆشبەری لە خۆی باڵاترە و بە چاوی سووک ئەڕوانێتە خوارتر لەخۆی.

**سنابی:** snobbery ☜ سناب.

**سنابیگەری:** snobbery دەروونناسی ناوی چاوگ لووتبەرزی، ڕەفتاری لووتبەرزانە و خۆ بەرز دانان، کەسایەتی خۆ بە «سناب» زان. ☜ سناب.



**سناف فیلم :** snuff film سینەما ژانر فیلمێک کە تیایدا ئەکتەر خۆی ئەکوژێت یان خەڵک ئەکوژێ. ئەم جۆرە فیلمە لەوانەیە ئەو دیمەنانە لەخۆ بگرێت کە ئەکتەر کەسێک یان کەسانێک ئەکوژێت بەبێ بەکارهێنانی کاریگەری تایبەت و بە شێوەیەکی واقیعی، بۆ پارە و داهاتی دارایی.










**سنجاف :** edge ناو پەراوێزی جلک، کەنارە. ع حافة N kant د حاشیە، کنارە.




**سندان:** [1] Anvil ئامێر ناو ئەو هێسنە تۆکمە دارێژراوە نووک تیژەیە کە ئاسنگەر ئاسنی گەرمی لەسەر ئەکوتێ، دەزگای پینەدۆز N Ambolt ع سندان د سندان.






**سندان:**❷ swelling نەخۆشی نەخۆشی ناو نەخۆشی ڕەشبوونی پەتاتە و سمی پاتاڵ.

**سندم :** ناو کۆت، بەند، پێوەند. ع سلسلة وتقيد N kjede og sjakkel د غل و زنجیر.





**سندۆڵ :** burr mill ئامێر ناو دینگ، هاوەنی بەردینی گەنم هاڕین و لێکردن. ع طاحونة الحجر N steinkvern د آسیاب سنگی.






**سنگەبەر :** کەرەستە ناو شوێنی سنگ لێداکوتراو بۆ بەستنەوەی پاتاڵ.




**سنووربەندیکردنەوە:** rezoning چاوگی دووڵۆ دابەشکردنەوە، چاکسازی لە ناوچەیەکدا، ناوچەبەندیکردنەوە، دەستکاریکردنی سنوور و ڕادەی کەوشەنێک. ع اعادة تقسیم N omregulering د تغییر منطقە.







**سنیسیزم:** cynicism ڕێباز گەلالیی بەدبینانە و بێمتمانەیی گشتی بە هەموو شت، گاڵتەکردن بە هەر چەشنە ئارمانج و مەبەستێک لە ژیاندا، ڕەتکردنەوەی دین و ڕەوشت و نشینگە و پۆشاک و پاکیزەیی، کە پاکیزەیی لە ژیانی سادەدا ئەبینن، ئانتیستێنس Antisthenes دانەری ئەم شێوازەیە.

**سۆتە:** fornicator ناو خانمباز، گوناهبار، کەسێک کە بەبێ مارەبڕین پەیوەندی جنسی لەگەڵ کەسێکی تر هەبێ. ع فاسق N utuktig person د فاسق.

**سۆدە:** Sodium bicarbonate, baking soda کیمیا ناو سۆدەی نان، تۆزێکی سپییە لە کەپسوولی ئاگرکوژاندنەوە و لە خواردنەوەی گازدار و لە هەویرترش و خواردندا بەکار ئەهێنرێ. ع بیکربونات الصودیوم N Natrium bikarbonat د سدیم بیکربنات.









**سۆربۆن :** College of Sorbonne خوێندنی باڵا زانکۆ سەدەی سیانزە دامەزراوە و وەک کولیەی مافناسی، هونەر، پزیشکی و ئایینناسی، یەکێکە لە ١٣ بەشی سەربەخۆی زانکۆی پاریس.




**سۆرلینا :** sorellina ناو {ئیتالیایی} بە واتای خوشکۆڵە.

**سۆز :** emotion هەست ناو هەست و هەژان، کوڵوکۆ N følelse ع المشاعر، عاطفة د نفس، شور، E compassion.

**سۆزانی:❶** gipsy dancing_girl ناوینیشکە ناو کچە کاولی، سۆزانی، وشەی سۆزانی بە هۆی ڕەفتاری ئازادی کچە کاولی، زیاتر دارەتی نەرێنی پەیدا کردووە. ☜ کاولی

**سۆزانی:❷** ناوینیشکە ناو بەستۆک، بۆ ئافرەتی خراپ و بێ شەرتوشۆ بەکار ئەهێنرێ.

**سۆزاوی :** passionate هەست ئاوەڵناو بەسۆز، بەهەست، دڵناسک، خاوەن پەیمان. ع عاطفی N lidenskapelig د عاطفی.

**سۆزبزوێن :** هەست چاوگی تێنەپەڕ دڵتەزێن، جەرگبڕ، بەزەیی بزوێن، مایەی بەزەیی د رقت انگیز، رقتبار، اسف انگیز، اسفبار.

**سۆزخواز :** affection seeker, love thirst, love hanger دەروونناسی ئاوەڵناو مێهرخواز، ئەڤینخواز، خوازیاری خۆشەویستی و دلۆڤانی. ع طالب

المودة N kjærlighetshenger د مهرطلب، مهرجو ☜ **کەسی دوورەپەرێز** ☜ **کەسی بەرزەفڕ**

**سۆزخوازی:❶** love thirsting دەروونناسی ناوی چاوگ تینووبوون بە سۆز و خۆشەویستی، دارەتێکە زۆربەی کەسان هەیانە و لایەنی ئەندێشەیی و هەستی و ڕەفتاری هەیە، بە شێوە و جۆری ئاڵۆز دەرئەکەوێ. کەسایەتییەکە زۆر وابەستە و خولیای خەڵکی. هەموو کارێک ئەکات بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت و خۆشیان بوێ. شەرمنە و ترسی تەرەبوونی هەیە. لە خۆی ئەگوزەرێ و مێهر ئەبەخشێ بەو هیوای سۆز و مێهر وەربگرێتەوە؛ ئەیەوێ هەموو خۆشیان بوێ، هەموو سپاسی چاکەی ئەو بکەن، هەموو پەسن و ستایشی بکەن، تا بتوانێ وزەی هەبێ؛ خۆی بە بەرپرسی شادی و خۆشی خەڵکی ئەزانێ، نا بە کەس ناڵێ، خۆی ناچار ئەکات هەمیشە بە مێهرەبانی هەڵسوکەوت بکات، نابێ کەس ڕەخنەی لێ بگرێ، چونکە ئەوسا خۆی بە بەد و نەشیاو ئەزانێ N elsker ع tørst طالب الحزن د مهرطلب.

**سۆزخوازی:❷** The Disease to Please دەروونناسی یان نەخۆشی سۆزخوازی، یان نەخۆشی بوێن و دڵتێر و ڕازیکردنی خەڵکی، ناوی پەرتووکێکە لە نووسینی هەریەت برەیکر Harriet Braiker. نەخۆشی سۆزخوازی بە خاوەنی سێ چوکڵە ئەزانێ و وەکوو سێچوکڵەی سۆزخوازی پیشانی ئەدات. سێچۆکڵەیەک کە هەرکام لە چوکڵەکانی ئەتوانێ هاوکات ڕیشە و بەرەنجامی دوو چوکڵەکەی تر بێ:



برەیکر لە ڕێگەی پرسنامەوە تێئەکۆشێ یارمەتی نەخۆش بدات باشتر ئەو سێ لایەنە و، لە ئەنجامدا باشتر خۆی بناسێ.








**سۆزرەت:** ئاوەڵناو سەیر، سەمەرە، سەرسووڕێن، هەژەند. ع مدهش، عجیب N forbløffende د شگرف، شگفت، اعجاب انگیز E astounding.

**سۆزمانی:** gipsy dancing_girl ناوبنیشته ناو سۆزانی، وشەی سۆزانی بە هۆی ڕەفتاری ئازادی کچە کاولی، زیاتر دارەتی نەرێنی پەیدا کردووە. لە بنزاراوەی کرماشانی «قرشماڵ سۆزمانی» هەیە بە واتای بێحەیای سۆزانی. ☜ کاولی

**سۆزە:** singing melodiously مۆزیک گۆرانی بە دەنگی نزم. ع الغناء رخیم E Hymn د ترنم، ترتیل.

**سۆزی ژاندارک:** La Passion de Jeanne d'Arc سینەما فیلم فیلمی مێژوویی بێدەنگی ١٩٢٨ی فەڕانسەیی، دەرهێنانی کارڵ درەیەر.

**سۆزی ژاندارک:** La Passion de Jeanne d'Arc سینەما فیلم فیلمی مێژوویی بێدەنگی ١٩٢٨ی فەڕانسەیی، دەرهێنانی کارڵ درەیەر.

**سۆس:** ❶ kruskakli خۆراک دانەوێڵە ناو کرووسکەکلی [بۆلگاری]، سۆسی گەنم، توێکڵی گەنمە، واتە گەنمی تروووکاوە، ئاردەکەی لێ جیاکراوەتەوە و تەنها سۆسەکەیەتی. ☜ ئاردی بەسۆس




**سۆس:** ❷ dressing **چێژەمەنی** چێژەمەنییەکە بۆ سالاد و هامبرگر و کەبابی شاورمە و برژاو، بە شێوەیەکی گشتی لە مایۆنێز و ڕۆن و سرکەی تێکەڵ بە گیای بۆنخۆش یان تامبەخشی تر ساز ئەکرێت.



**سۆسە:** ❶ speculation **دردۆنگر** **ناو** گومان، گێز، ڕوێز، مەرسە، تێڕوانینەک ئەرخایەن نەبێ. ع حدس، ظن، تصور N spekulation د حدس، ظن، تصور E guess.

**سۆسە:** ❷ intuition **ناو** گێز، هەستی تایبەت کە توانای ناسینی هەیە بەبێ بەڵگە و سەلماندن، بۆزەنی و بۆچوونی پێشبینی کردن. ع حدس N Intuisjon د شهود.









**سۆسیالیزمی ڕاستەقینە:** ئایدیۆلۆجی ١٨ای برۆمێر لە چلەکانی سەدەی نۆزدە لە ئاڵمان بەدی هات، ڕەوتێکی کۆنەپەرست بوو کە بە زۆری لە ناو ڕووناکبیرانی وردەبورژوازی برەوی پەیداکرد. ئەم سۆسیالیزمە ڕاستەقینەیە ئەوین و برایەتی بە سۆسیالیزم دائەنا و، پێداویستی شۆڕشی بورژوا-دیموکراتیکی لە ئاڵمان ڕەت ئەکردەوە. مارکس و ئێنگڵس لە بەرهەمەکانی خۆیان «ئایدیۆلۆژی ئاڵمانی» و «سۆسیالیزمی ئاڵمانی لە دەق و چامەدا»، «مانیفێستی کۆمۆنیست» و هتد ڕەخنەیان لە «سۆسیالیزمی ڕاستەقینە» گرتووە. مارکس لێرەدا بە تەوسەوە ناوی بۆناپارت و «سۆسیالیستی ڕاستەقینە» پێکەوە ئەهێنێ.

**سۆسی بیارنێز:** Béarnaise sauce چێژەمەنی سۆسێکە بۆ سەر برژاو و پیتزا، بە کەرە، هێلکە، مەعدەنووس، بیبەری ڕەش، پیازی خلیسک و تەرخون ساز ئەکرێ. ع صلصة البارنیس N Bearnaisesaus د سس برنیز.







**سۆسی کەباب:** kebab dressing چێژەمەنی ناو سۆسێکی زۆر خۆشی کەبابی شاورمە و هەمبرگرە، لە کۆمەڵێک سۆس و بەهارات ساز ئەکرێ. بڕی کیلۆونیوێک سۆس لەم کەرەستانە پێکهاتووە:

| | |
|---|---|
| ١. مایۆنێز | ٧٠٠ گرەم |
| ٢. ماستی خەستی یۆنانی | ٢٢٠ گرەم |
| ٣. کەچاپ | ٢٢٠ سیسی |

بنی کەلەرمی چینی و گوڵی کەلەرمی وەک زەنگیانە وردکراو ٢٢٠ گرەم. {شێوەی ئەم وردکردنە ئەبێ داناردانار بێ و بۆ ئەوەیە کاتی خواردن خرمەی بێت}.

١. کاینە بیبار ٢٥ گرەم
٢. بیباری شیرین ٧٠ گرەم
٣. کاری ١٠ گرەم
٤. تۆزی سیر ١٠ گرەم
٥. بیباری ڕەش ٢٠ گرەم
٦. خوێ ١٠ گرەم
٧. گرام ماسالاّ ١٠ گرەم
٨. ئاوی هاروێ سوێرکە ٥ سی سی.




**سۆسی مووسلین:** mousseline sauce **چێژەمەنی** سۆسێکە بە هێلکە و قەیماخ و کەرەی بێخوێ دروست ئەکرێ.



**سۆسی هەمبرگر:** burger dressing چێژەمەنی چێژەمەنییەکی خەستە وەکوو سۆسی کەباب، بۆ سەر هەمبرگر ☜ سۆس ☜ سۆسی کەباب.

**سۆفلۆ:** جوگرافیا ناوی جێگا شەقامێکە لە گەڕەکی شەشی پاریس، نزیک پانتیۆن. بە ناوی نژیارڤانی نیۆکلاسیسیت و ئەندازیاری پانتیۆن ژاک سۆفلۆ Jacques_Germain Soufflot (١٧١٣_١٧٨٠) ناونراوە.

**سۆفمۆڕ:** sophomore پەروەردە ئازناو نـاو لە ئەمریکا بە خوێندکاری ساڵی دووەمی زانکۆ یان پۆلی دووی ناوەندی ئەوترێ، کە دارماڵ پێنەگەیشتووە و هێشتا هەرەتی گەنجێتییەتی. ع طالب في السنة الثانية لدراسته N sophomore د ساڵ دوەم.

**سۆفمۆڕیک:** sophomoric هێمایر ئاوەڵناو ئەو شتانەی پەیوەندی بە سۆفۆمۆڕ یان تایبەتمەندی خوێندکاری قۆناغی دووەم، واتە مرۆڤی سادە و ساویلکەوە هەیە. ع بسيطة وغير ناضجة N soforisk د نارس، سادە.









**سۆک:** Pump Sex Position دارەت جنس ناو دینچکە، کوتوەشاندن لە کاتی سێکسدا. [N] Pumpesex [د] تلمبە زدن.

**سۆکۆبووس:** Succubus میسۆلۆجی لە میسۆلۆژی یۆنانیدا دێو یان ئەهریمەنێکی مێینەیە کە بە شەو ئەچێتە خەوی پیاوان و لەگەڵیان جووت ئەبێ؛ نێرینەی سۆکۆبوس، ئینکۆبوسە کە ئەچێتە خەوی ژنان. ئارختەک، مۆتەکە، شەوە، کابووس، دارەتی سەنگینی و هەناسە سواربوون لە خەودا کە مرۆڤ هەست ئەکا شتێکی قورس سواری سینگی بووە. [ع] سوکوبوس [N] Succubus [د] سوکوبوس ☜ ئینکۆبوس.










**سۆکەران:** hemlock کیمیا ڕووەک زرگێژنۆک، دووڕەست، مارەکوژە، مارەکوشە، هەلاهەل. [ع] الشوکران [N] hemlock [د] شوکران.






**سۆڵ:** slippers پایپۆش سەرپایی. [ع] شباشب [N] tøfler [د] دمپایی.

**سۆڵان:**[1] pure ئاوەڵناو شتێک کە لەگەڵ هێسن و ماکی تر تێکەڵاو نەکرابێ. [ع] خالص [N] ren [د] خالص

**ڕەسەن:** original ئاوەڵناو ماک، بنچینە. ع اصل N opprinnelig د
اصل E sheer, spuriou.

**ڕەسەن و نارەسەن:** genuine and spurious

**سۆلان:**❷ exquisite ئاوەڵناو داهێنراو، تازە، نوێ، نفت. ع بدیع N
utsøkt د بدیع.

**سۆلدی:** Soldi دراو سکە یان Soldo سکەیەکی زیوی ئیتالیایی بوو لە سەدەی دوانزە، بیست سۆلدی ئەیکردە یەک فلۆرینی زێڕ و دوو سۆلدی بەرامبەر بوو بە یەک پۆپلینی popolin زیوو.




**سۆلووک:** Soulouque ڕامیار سەرۆککۆمار (١٧٨٢_١٨٦٧) سەرۆککۆماری ڕەشپێستانی هایتی کە ساڵی ١٨٤٩ وەک لاساییکردنەوەی ناپۆلیۆن خۆی ناونا فاوستین Faustin ئیمپراتۆری هایتی. ئەو کۆمەڵێک مارشاڵ و ژنراڵی ڕەشی لە دەوری خۆی کۆکردبوویەوە و دەربارێکی لە شێوەی فەرەنسەی بۆ خۆی دروست کردبوو. فەرەنسەییەکان بە هۆی ئەم وێکچوونەوە بە لویی بۆناپارتیان ئەوت «سۆلووکی فەرەنسە».





**سۆلین:** Giant Hogweed, Angelica ڕووەک گیا ناو کاشمە، سۆڵان، گوڵەسۆ، پۆپەکەڵەشێر، ڕووەکێکی چەند ساڵانە لە تیرەی «چەترییەکان» Umbellifères، بەڵام جۆری دیکەی هەیە کە بە پنجە و هەمیشە دەڕوێتەوە. لاسکەکانی قەڵەو و گەڵاکانی پان و پەنجەیین و گوڵەکانی زەرد یان چەرموون و بە کۆمەڵ و بە شێوەی چەتر لە پۆپەی لاسکە گوڵدارەکانەوە دەڕوێن. بەرێکی هێلکەیی و بە بۆن دەگرێ کە بە کوتراوی لە هێندێک چێشتی وەک فاسۆلیا و پەتاتەی کولاّ و بەکاری دێنن. لە لاسکەکەشی ترشیی دروست دەکەن و گەڵاکانی بۆ بۆنخۆش کردن لە شەراب ئەکرێ. بە لاتین Heracleum persicum ع حشیشة الملاک N Angelica د گلێر.






**سۆڵانەوە:** saltburn دارەوت فەرمان ناگوستنەوە تۆزانەوە، کزانەوە، جۆرە ئازار و سۆڵانەوەیەکە لە پێستی لەشدا پەیدا دەبێ. ع حرق الملح N saltforbrenning د نمک سوزی.

**ساڵتبێرن:** Saltburn شار شارۆچکەیەکی شەشهەزار کەسییە لە باکووری یۆرکشایری ئینگلیز.

**ساڵتبێرن:** Saltburn فیلم فیلمی سینەمایی ٢٠٢٣، نووسین و دەرهێنانی ئێمراڵد فێنێل.








**سۆڵ و پۆڵ:** Saul and Paul ئایینناسی پیریار یەکێک لە ١٢ پیریاری عیسا، بە گوتەیەک، ناوی سۆڵ بووە و پاش ئەوەی بووە بە فەلە، پێیان وتووە پۆڵ. وتراویشە، یەکەم جار، زۆر بەر لەوەی ببێ بە فەلە، لە قیبرس بە پۆڵ بانگیان کردووە.








**سۆڵە :** bitter cold کەشوهەوا ناو سەرمای بەتین، بەستەڵەک. ع البرد القارس N veldig kaldt د سەرمای سخت.








**سۆموور :** Saumur جوگرافیا بەندەر شارێکە لە فەڕانسە، کە زانکۆی ئەفسەری بەناوبانگە.






**سۆنێت:** sonnet چامە بە زۆری چامەی چواردە دێڕی. ع السوناتة N sonett د غزل. ڕیشەناسی ئینگلیزی ناونجی، هۆنراوەی چواردە دێڕی لە فەڕانسەیی، لە sonettoی ئیتالیایی.

**سۆناتا:** sonata مۆزیک ئاواز بۆ تاکژەنێک، زۆرجار بە هاوڕێیەتی پیانۆ، بە شێوەیەکی گشتی لە چەندین جووڵەدا لەگەڵ یەکێک یان زیاتر لە فۆڕمی سۆناتا. ع سوناتا N sonate د سونات.

**سۆناتا و سۆنێت:** مایکڵ شێفرد Michael Shepherd:

◀ ئایا دەشێ هەرگیز سۆنێت لەگەڵ فۆڕمی سۆناتادا بگونجێت؟
کە بە جووڵەی دەسپێکی مێشک ئارام دەگرێت؛
کە دەنگە هاوسەنگ و نوێ و هەمیشە تازەکانی
پریشک دەخاتە چاو و گوێ و پێیەکان لە سەر زەوی؛
◀ پاشان، جووڵەی خاوتر، ئێمە بەرەو ئارامییەکی هێمن دەبات،
ئاوز دەباتە ناو هەناو، بۆ ئەو شوێنەی بزووتنەکان وەستاون؛
زەمزەمەی ئەو شتانەی کە سروشتی ناخ دەیانزانێت،
گەڕاندنەوەی پشوودانی ڕاستەقینە بۆ هەناومان.
◀ ئەو کات! جووڵەی کۆتایی، سەماکردن بە خۆشییەکی نوێ
چونکە ژیانی هەناو بە دەرەوە گرێ دراوە،
پەیامی ئافرێنەرمان بۆ ئەنێرن
چرینی ئەو بەستانە لە ڕاستیدا چێژی دڵن.

**سۆنێتی چلوسێ:** Sonnet XLIII چامە دوو دێڕ لە چامەی چواردە دێڕی ویلیەم شکسپیر، لەم سۆنێتەدا وا دیارە سێبەرەکان سرتەیان و لە کۆتاییدا مرۆڤ دەچێتە ناو جیهانی هۆرمەوە کە بۆ هۆنەر هێندەی جیهانی بەنام وەک ڕاستەقینەیە و هەوڵدەدات لێی ڕزگار بێت. ڕۆژەکان دەبنە شەو و شەو بە ڕۆژ، گەشتی هارمۆنیک و سروشتی

دیاردەکان ئاوەڕوو دەبن و دیسان مراز هەر بەردەستە:

...هەموو ڕۆژەکان شەون بۆ بینین، تاکوو دەتبینم،

هەموو شەوانیش ڕۆژانی گەشن، چونکە هۆرمەکان تۆم بۆ دەهێنن

...All days are nights to see till I see thee,

And nights bright days when dreams do show thee me.







**سۆناتای کورۆیتزێر:** Kreutzer Sonata ڕۆمان فیلم ڕۆمانی لیۆ تۆلستۆیە، ناوەکەی لە سۆناتای کورۆیتزێری بێتهۆڤن وەرگرتووە. ساڵی ١٨٨٩ لە ڕووسیە بڵاوکرایەوە، بەڵام بەپەلە سانسۆر کرا. ساڵی ١٩٩٠ بە ئینگلیزی بڵاو کرایەوە و لە سانسۆر ڕزگاری بوو. ◄ وەرگێڕ ئەمین گەردیگلانی کردوویەتی بە کوردی. ◄ ئەم ڕۆمانە زیاتر لە دە جار کراوە بە فیلم.

- **سۆناتای کورۆیتزێر:** فیلم فیلمی ١٩١١ دەرهێنانی پیۆتر کاردین،
- **سۆناتای کورۆیتزێر:** فیلم فیلمی ١٩١٤ دەرهێنانی واڵدمیر گاردن،
- **سۆناتای کورۆیتزێر:** فیلم فیلمی ١٩١٥ دەرهێنانی هێربێرت برێنن،
- **سۆناتای کورۆیتزێر:** فیلم فیلمی ١٩٢٠ دەرهێنانی ئۆمبێرتۆ فراچیا،
- **سۆناتای کورۆیتزێر:** فیلم فیلمی ١٩٢٢ دەرهێنانی ڕۆڵف پێترسۆن،
- **سۆناتای کورۆیتزێر:** فیلم فیلمی ١٩٢٧ دەرهێنانی گۆستاڤ مەچەتی،
- **سۆناتای کورۆیتزێر:** فیلم فیلمی ١٩٣٧ دەرهێنانی ڤەیت هارڵن،

⇦ **سۆناتای کورۆیتزێر :** فیلم فیلمی ١٩٥٦ دەرهێنانی ئێریک ڕۆمێر،

⇦ **سۆناتای کورۆیتزێر :** فیلم فیلمی ١٩٨٧ دەرهێنانی مایکڵ شڤێتسر،

⇦ **سۆناتای کورۆیتزێر :** فیلم فیلمی ٢٠٠٨ دەرهێنانی بێرپارد ڕۆز.









**سۆنگە :❶** Factor ناو هۆکار، سەخمەراتی. ع عامل N Faktor د سبب

**سۆنگە :❷** بە هۆی.

**سۆنگەیی :** intrinsic ناوی‌چاوگ ئاوەڵناو سروشتی، سەربە ناوەڕۆکی بنەڕەتی یان ڕێسای بنەمایی شتێک بوون. ع حقيقي N iboende د ذاتی.

**سۆیەر :** cautery ئامێر ناو ئامێرێکە بۆ سووتاندن یان ئامرازێکە بۆ داخکردن و کەواندن و مۆرک لێدان.







**سوا :** ناو وەستا، وەستاکار.

**سواڕ:** battle جەنگ کار شەڕی جەستەیی و فیزیکی نێوان دوو یان چەند هێزی چەکدارە، جەنگ war بەڵام، ناکۆکی ستراتژیکی نێوان دوو یان چەند هێزی دیاریکراوە، وەک جەنگی نێوان وڵاتان. سواڕ پێکادانی نێوان سەربازانە و جەنگ پێکادانی نێوان وڵاتان یان نەتەوەکانە N slag ع معرکة د نبرد

⇐ واتای نەبەرد لە کوردیدا جیاوازە. ⇐ **نەبەرد:** ناو جەربەزە و بوێر، نەترس، ئازا و بەکار. ⇐ Lose a battle, win the war: سواڕ بدۆڕێنە، جەنگ ببەرەوە.




**سواڕی پیاڤە:** Battle of Piave سەربازی جەنگ پیاڤە چەمێکە لە ئیتالیا، لە ئالپەوە سەرچاوە هەڵئەبەسێ و لە کەنداوی ڤێنیزیا ئەڕژێتە زەریای ئادریاتیک. لە دووەم سواڕی پیاڤە، لە ١٥ تا ٢٣ جولای ١٩١٨، هێزەکانی ئیتالیا بە توندی پەلاماردەرانی نەمساییان تێکشکاند. ⇐ ئیتالیا هەرچەند لە یەکگرتووی سیانەدا بوو، بەڵام لە جەنگی جیهانی یەکەم بە قازانجی یەکگرتووی سیانە بەشداری جەنگی کرد.

**سواڕی پیکاردی:** Picardie battle سەربازی جەنگ دووەمین سواڕی ناوچەی پیکاردی لە باکووری فەڕانسە، لە کەنار زەریای مانش، لە ٢١ی مارچ تا مەی ١٩١٨، سپای ئاڵمان بە سەختی سپای ئینگلیزی شکست دا.

**سواڕی ترافاڵگار:** Battle of Trafalgar سەربازی جەنگ جەنگی نێوان ٢٧ کەشتیی جەنگی بەریتانیا و ٣٣ کەشتیی جەنگی فەڕانسەیی و ئیسپانیایی، ساڵی ١٨٠٥ لە ترافاڵگاری باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیا، کە بە سەرکەوتنی ئینگلیز و شکانی ناپۆلیۆن کۆتایی هات.



**سواڕی سۆم:** Somme سەربازی جەنگ چەمێکە لە باکووری فەڕانسە کە ئەڕژێتە ناو زەریای مانش. پەلاماری سۆم ـ لە دژوارترین سواڕەکانی جەنگی جیهانی یەکەم ـ کە لە لایەن یەکگرتووەکانەوە بۆ بەرگری لە هێرشی ئاڵمانییەکان بۆ ڤێردۆن دەستی پێکرد و لە جولای تا نۆڤەمبری ١٩١٦ درێژەی کێشا.

**سواڕی ڤێردۆن:** Verdun سەربازی جەنگ ڤێردۆن شارێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەڕانسە کە ئاڵمان لەوێ، لە فێبریوەری ١٩١٦، گەورەترین هێرشی سپایی جەنگی جیهانی یەکەمیان کردە سەر ئەوێ. ئەم سواڕە کە زیاتر لە دە مانگی خایاند و نزیکەی یەک ملیۆن کەس لە هەردوو لا کوژران، بە شکستی هێزەکانی ئاڵمان کۆتایی هات.







**سواژی مارن:** Marne سەربازی جەنگ چەم و پارێزگایەکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرانسە. لە سێپتەمبری ١٩١٤، لە کەناری ئەم چەمە سواژێکی توندوتیژ ڕووی دا، سپای فەرانسە سەرکەوت و ڕێگەی لە چوونی هێزەکانی ئاڵمان بۆ پاریس گرت.

**سواڵەت:❶** ceramic دەفر ناو سێرامیک، گڵەسوورەی سوورەوەکراو، وەک دەفر و ئامان یان پارچەی گڵێنە بۆ فەرشکردنی سەربانی شیروانی. ع خزفي N keramikk د سفالین. ⟵ **تاتەپۆش:** slate ناوی چاوگ فەرشکردنی سەربان بە تەختە بەردی ناسک.

**سواڵەت:❷** tile دەفر کەرەستە ناو گڵێنە، کاشی، گۆزە و دیزە و کیتەڵە و شتی دروستکراو لە گڵەسوورەی سوورەوەکرابێ. ع البلاط N flis, slate د کاشی. ☜ سێرامیک ☜ چینی





**سواندە:** ناو پاسار، گوێسەبان، شەقرەی دەرهاتووی سەر دیوار بۆ پاراستنی دیوار لە تەی و تلیسانەوە. ⟵ **شەقرە:** ناو شەقلە، چێوپاسار، قسپ، نیرە، داری کورتی سەر کاریتەی خانوو، داری پاسار.





**سودبەخش:** ئابووری ناوی لێکدراو لە

**سوودووم و گومڕاهـ:** ئایینناسی ئەفسانە لە شارەکانی فەلەستینی کۆن، لە دەشتی سدیم لە کەناری چەمی ئۆردون و خوارووی کەنعان بوون، لەو شارانەن لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا ئاماژەیان پێکراوە، ساڵی ١٩٠٠ی پێش زایین بە هۆی بوومەلەرزەوە بە تەواوەتی کاول بوون و هەندێک بە بەرەنجامی تووڕەیی خوای ئەزانن کە گوناهی {لواط} یان {سوودوومی} واتە هاوجنسبازی لەوێ بەفراوانی باو بووە. ئەو دیوارە کەونارا ١٠ مەترییانەی لە ناوچەی تەل حەممام لە ئوردۆن دۆزراوەتەوە لەگەڵ ئەو وێنای لە تەوراتدا هاتووە، یەک ئەگرێتەوە. هەروەها ساڵی ٢٠٠٨ خرە سواڵەتێکی سەمەرە دۆزراوەتەوە لە شێوەی ئەو بەردە ئاسمانیانەی کە ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر سوودووم و گومڕاهیان خاپوور کردووە. کۆمەڵێک لە زانایان لایان وایە زۆر لە پەرجوو یان ڕووداوەکانی ناو تەورات {١ـ پەیژەی یاقووب ٢ـ سفری ئافراندن ٣ـ ٤ـ چوونی ئەلیاس بۆ ئاسمان ٥ـ سوودووم و گومڕاه ٦ـ کوڕانی خوا ٧ـ زەکەریا و تۆماری باڵندە ٨ـ قاشکردنی زەریای سوور ٩ـ فڕفڕۆکەی ئەزکیال ١٠ـ بوون و ژیان و مردنی عیسا} بە هۆی یوفۆ UFO و غەوارەی دەرەکییەوە Alien ئەنجام دراوە نەک خوا، کە وەک ئەبینین یەک لەوانە سوودووم و گومڕاهە.

سوودووم، عیبرییە و بەم جۆرە نووسراوە: **סדום** {Sdum} بە سوودووم و سوودووما و تەنانەت بە سیدیم Siddim هاتووە؛

گومڕاهـ، عیبرییە و بەم جۆرە نووسراوە: **עמר** {amar'} هەروەها بە شێوەی ئامڕا، ئەمرا، عەمموورە، عامووڕا، گۆمارە، گۆمۆڕ... هاتووە، بۆ ئەو شارەی کە:

شەیتان چووە ناوی {Matthew ١٠:١٥, Romans ٩:٢٩, Jude ١:٧} و

شاری گومڕاهیی و لادان بوو {Genesis ١٨:٢٠ ; Romans ٩:٢٩} و

له ئاگردا سوتێنرا {Genesis ١٠:١٩ ; ١٣:١٠ ; Genesis ١٩:٢٤ Genesis ١٩:٢٨}

نزیکترین واتا و شێوەی نووسین له زمانی کوردیدا، هەمان وشەی {گومڕاھ}ی کوردییه، که بەپێی شێوه نووسینی ئینگلیزییەکەی {Gomorrah} به {rr} و هەروەها {h}ی کۆتایی ئەنووسرێ و، له خودی تەورات که له بڕگەی {Deuteronomy ٢١:١٤ and ٢٤:٧}دا به شێوەی {ئامڕا- עמרה}هاتووه و، ئەڵێ ئەو وشەیه له زمانەکانی تردا هەیه، بۆیه ڕێی تێئەچێ هەمان **گومڕاھی** کوردی بێ، چووبێتە ناو زمانی عیبری و {گ}ـەکەی سوابێ و سووک کرابێ؛ هەروەک له کوردیدا گومڕا و گومڕاھ یەک وشەن.




**سوودوومی :** sodomite ناونیشکه ناو به واتای نێرباز، سودووم له شارەکانی فەلەستینی کۆن، له دەشتی سدیم له کەناری چەمی ئۆردون و خوارووی کەنعان بووه، لەو شارانەیه له تەورات و ئینجیل و قورئاندا ئاماژەی پێکراوه، ساڵی ١٩٠٠ی پێش زایین به هۆی بوومەلەرزەوه به تەواوەتی

کاول بووە، هەندێک بە بەرەنجامی تووڕەیی خوای ئەزانن کە گوناهی (لواط) یان (سودوومی) واتە هاوجنسبازی لەوێ بەفراوانی باو بووە.

**سوریالیزم:** Surrealism ویژە فیرگە ناو بزوتنەوەیەکی ڕۆشەنبیری و بیری بوو لە ساڵی ١٩٢٠ لە لایەن چەند نووسەر و هونەرمەندێکی فەرەنسی و ئیسپانیایی دامەزرا. سوریالیزم لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا کە هاتە گۆڕەپانەوە، هەوڵیان دا کە هۆشی بێئاگایی بخەنە ژێر خۆیانەوە بۆ ئەوەی لە دەریای بێ پایانەوە ئەو گەنجینەیە کە لەوێ شاردراوەتەوە هەلگۆزن و ڕێبازەکەی خۆیانی پێ توانا و بەهێز بکەن، لە ئەنجامیشدا ببن بە پێشڕەوی کاروانی ویژە و هونەری پاشەڕۆژ. مەبەستی سەرەکی سوریالیستەکان بۆ ڕێڕەوێکی نوێ بوو تا لەو ڕێڕەوە جەڵەوگیری ژیری و هۆشی ئادەمیزاد بەرەو کامەرانی و ئاسوودەیی ژیان بکەن، بۆیە پێش هەموو شتێک هاتن دەستیان دایە تێکدان و ڕوخاندنی لۆجیک و ڕێبەرەکانی کۆمەڵ، گرنگترین هۆکاری ئەو ڕوخاندن و بنیاتنانەوەیان شۆڕ بوونەوە بوو ناخی دەروون و بەدەم چوون و فریاکەوتنی هاوار و نوزە و ورێنەی ئەو حەز و ئارەزووانە بوو کە لەوێدا پلیشابوونەوە لە کاتێکدا شۆڕ ئەبوونەوە سانسۆری هۆشی ئاگایی و ویژدان لە هەدەر چوایە، یان خەفە بوایە. ع السريالية N Surrealisme د سوررئالیسم.



**سوفلە :** soufflés شیرینر ناو کەیکێکی سووکەڵەی سفەنقجییە بە سپێنە هێلکە ساز ئەکرێ.



**سورکۆک:** Brownish red ئاوەڵناو ڕەنگ سووری مووخورمایی.

**سورگی:** lock bolt ناو زمانەی چەفتەرێزی دەرگا. ع الترباس قفل N låsebolt د زبانه قفل.



**سوریال:** surreal ئاوەڵناو خاوەن ئەدگاری سوریالی، دیاردەی سەیر و سەرسووڕێن، هەژەند، سۆزرەت. ع سريالية N surrealistisk د سورئال. ☜ سەمەرە




**سوریالیزم:** surrealism هونەر فێرگە ئاوەڵناو یەکێکە لە بزووتنەوە هونەرییەکانی سەدەی بیستەم. سوریالیزم واتە وازی تێپەڕین لە

ڕۆژەڤ یان ڕۆژەڤی باڵا. کاتێک دادایزم خەریک بوو لەناو بچێت، شوێنکەوتووانی لە گردی ئاندرێ بریتۆنی دادایست کۆبوونەوە و، فێرگەیەکی نوێیان دامەزراند. ئەم شێوازە لە ساڵی ١٩٢٢ بە فەرمی لە فەرەنسا دەستی پێکرد و ناوی سوریالیزمی لێنرا، کە ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی و تێکچوونەکانی سەدەی بیستەم بوو. سوریالیزم دەتوانرێت بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ـ هونەری ڕادیکاڵ هەژمار بکرێت. خواستی دروستکردنی گۆڕانکارییەک لە ژیانی ڕۆژانەدا لە ڕێگەی ئاشکراکردنی ئەو هەرەمەکییە سەرسوڕهێنەر و بابەتییەی لە ڕیزبەندی ڕواڵەتی ڕۆژەڤدا شاراوەتەوە. ◄ فێرگەیەکە ئامانجیەتی شۆڕش لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی مرۆڤدا بکات. دیدگایەکی ئاوەزیی ژیان لەگەڵ دیدگایەکدا هاوسەنگ دەکات کە وزەی نائاگا و خەونەکان دوویات دەکاتەوە. هونەرمەندانی بزووتنەوەکە ئەفسوون و جوانییەکی نامۆ لە چاوەڕواننەکراو و نادیار، بێبایەخ و نائاوەزیدا دەبیننەوە. ◄ سوریالیزم بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری شۆڕشگێڕی سوریالیستی لە لایەن بێرتۆنەوە دەستی پێکرد. سەلڤادۆر دالی، ڕێنی ماگریت و لویس ئاراگۆن لە سوریالیستە بەناوبانگەکانن. ع السريالية N surrealisme د سورڕئالیسم.











**سونگە :** leisure ناو دەرفەت، هەل، پەردێز. ع فراغ N fritid د فراغت.

**سوێبوونەوە :** collapse from pain پزیشکی دارەت چاوگی دوولو سست بوونی

دڵ بەهۆی ئازاری زۆرەوە، غەم خواردن بۆ کەسێک.





**سوێراو :** brine ترشیات ناوی‌لێکدراو ئاوی شۆر، زیاتر مەبەست ئاوی خەیارشۆرە کە لە بری سرکە ئەکرێتە ناو سۆسی جیاوازەوە، وەکوو سۆسی شاورمە N Saltlake ع محلول ملحِ د آب نمک. ⇦ **سوێراوی شۆر :** brine from pickles ترشیات ناوی‌لێکدراو ئاوی خەیارشۆر، ئاوی هاروێ سوێرکە N Saltlake fra sylteagurk ع محلول ملحِ من المخللات د آبنمک ترشی شور.






**سوێسکە :** quail باڵندە ناو کەرەواڵە، هەوێردە، باڵندەیەکی بچووک و خڕینی کلک کورتە، لە کەو ئەچێ، کەمتر ئەفرێ و زۆرتر بە سەر زەویدا ئەگەڕێت، پەروباڵی بۆر یان قاوەییە و گۆشتی زۆر خۆشە N vaktel ع طائر السمان د بلدرچین، تیهو.










**سوێسنە :** lili, orris, gladiolus ڕووەک ناو پەلێزە، گوڵەسوێسن، لەیلانک، زەمبەق زەرد. ع السوسن N orris د سوسن، گلایل، زمبق.





**سوێند :** Oath بەڵێن ناو بەڵێنێکی هەتەرە، سەبارەت بە کردار و ڕەفتاری داهاتوو، کە بە زۆری گۆڤانێکی ئایدیۆلۆژیک یان ئاینی و بانسروشتی لەگەڵە N sverge ع حلف د سوگند.

«**سوێند**»

سوێندم بە ئاردەتوو و گاتوو
بە دار مازوو، گەزۆ و سنجوو
بە گەڵوان و گێوژ و بەڕوو
بە نێوکی خرچە و قەرەڵوو
بە زەیتوون و بە گندۆرە
بە خۆشاو و ترێ و قۆرە
بە قەیسی و خۆخ و هەڵووچە
بە سێو و شووتی و مالۆچە
بە گیابرژیوە و ترشۆکە
بە دوو لاگوێی گردتۆکە
بە کوڵمی سووری تەماتە
بە ئاوەچۆرەی زەڵاتە
بە تەرەتیزە و کوراڤە

بە بەربەسێلێکی سادە
بە بیزا و کەوەر و پونگە
بە کوپە و دەرخۆنە و تونگە
بە لووشە و کەلانە و پیواز
بە سەرتۆی شیری مانگا باز
بە گێلاخە و هارۆ و ڕێواس
بە مەڵغان و شەنە و داس
بە ئەسپینگ و بە پیٚ قەلە
بە سەوەتە و دیزە و سەلە
بە گێلاس و ئاڵووباڵوو
بە چەقالە و هەرمیٚ و هوڵوو
بە پرپرە و بیزا و مەندۆک
بە کوارگ و خەرتەلە و کیفۆک
بە ماست و کەنگر و دۆکڵیو
بە مازەپشت و بەز و پیو
بە تەرەتیزە و هەندرێشە
بە مووچە و دێبەر و مێشە
بە گۆشت کەروێشک و سەنگەسیر
بە لۆرگ و شیرێژ و پەنیر
بە گەوە و ڕەوەز و هەڵدێر
بە بەربێر، زاوەماک، هاوێر
بە هۆبە و هەواری کوێستان
لەبیرت ناکەم کوردستان!

نووسینی: هەمزە ئاگوشی، مەی ٢٠٢٠

**سوێنکە:** ناو بەرماوی ورد لە سابوون یان کەشک، سۆنکە؛ زگار یان وردە بەردی سوایش ئەگرێتەوە ☜ زگار ☜چەو

**سوێنە**: دەفر ناو دۆڵکە، تەشتی سواڵەت، تەشتی گڵێنە.




**سوو**: lucre ئاڵوگۆڕ سووخۆری ناو هەرچەند کورتکراوەی سوودە بە واتای قازانج، بەڵام بە واتای قازانجی پارەی بە وام وەرگیراو واتە {ربح} یان قازانجی زیادلەپێویست جێکەوتووە. ع ربح N lukre د ربا. درێژە

**سەلەم**: ئاڵوگۆڕ سووخۆری ناو ئەوەیە وەرزێر داهاتی وەرزی داهاتووی بە بازرگانەکان دەفرۆشی، هۆیەکەشی ئەوەیە کە داهاتی وەرزێر ئەوەندە نییە ساڵی پێ بەرێتە سەر، بۆیە بازرگان نرخی بەرهەمەکەی بە شتومەک و بە نرخێکی گرانتر ئەدات. درێژە **سوو و سەلەم**: هەمان سەلەم یان وەرگرتنی وامە کە سووی ئەچێتە سەر، واتە ئەو پارە یان شتومەکەی بازرگان ئەیدا بە کەسێک قازانجێکی زۆری ئەخاتە سەر کە «سوو»ە و لە قازانجی ئاسایی و ڕێسایی زۆر زیاترە

**سووخۆر**: usurer ناونیشتکە ناو کەسێک کە پارە بە سوو ئەدا بە وام، سوویەک کە نرخەکەی لە ڕادەی پێویست و فرسەند فرەترە. ع المرابي N ågerbruker د رباخوار. ☜ سووخۆر:٢










**سوو:** sou سکە ناو سکەیەکی فەڕانسەیی بەرامبەر بە یەک لەسەر بیستی فرانکێک.




**سووبارتۆ:** Subartu مێژووی‌کوردستان لە کوردستان لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەلاتی مووسڵ نیشتەجێ بوون، دەسەلاتیان گەیشتووەتە ئامێد. لە باشووریش کەرکووک واتە ناوچەکانی باشووری کوردستان بەشێک لە ناوچەکانی باکوور وڕۆژهەلاتی کوردستانیان لەژێر دەستدا بووە تا نزیک دەریای سپی ناوەراست. کۆنترین ئاماژە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی بنەمالە سۆمەریەکان. ◄ (حامورابی) لەدەقێک دا دەلێت هێرشم کردە سەر هەردوو ولاتی سوبارتۆ و گۆتیۆم. ◄ لەکۆتاییدا ئاشووریەکان توانیان ولاتی سۆبارتۆ داگیر بکەن و کۆتایی بە دەسەلاتیان بهێنن.








**سووپخۆری:** soup tureen دەفر ناو قاپی گەورەی سەرداری چینی بۆ دانانی سووپ لە سەر سفرە. ⇦ میوەخۆری، شیرینیخۆری.



**سووپەرمەن:** superman قارەمان باانمرۆڤ ناوی لێکدراو سەرەمرۆڤ؛ سوپەر پاڵەوانێکی ئەندێشەییە لە کۆمیکە ئەمەریکاییەکان دەردەکەوێت، کارەکتەرەکە لە ساڵی ١٩٣٨ لە لایەن نووسەر جێری سیگڵ و وێنەکێش جۆ شەستەر دروستکراوە، دواتر کارەکتەرە فرۆشرا بە کۆمیکەکانی دی سی و بۆ یەکمجار لە ساڵی ١٩٣٨دا لەناو کۆمیکەکان دەرکەوت. لە ئەنجامدا لە چەندین زنجیرەی ڕادیۆیی، بەرگی ڕۆژنامەکان، بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی، فیلمەکان، و یارییە ڤیدیۆییەکاندا دەرکەوت. ◄ لە لای نیچە سووپەرمەن داهێنەری خود و جیهانە، چونکە تەنانەت پەیڕەوی لە خودا و ڕێساکەشی ناکات، جا ئەوەی کە وشەی **سووپەرمەن** لە هەمان Übermensch ـەکەی نیچەوە وەرگیراوە، هەرگیز ددانی پێدا نەنراوە؟! ع سوبرمان N supermann د سوپرمن.




**سووپرنۆڤا:** supernova ئەستێرەناسی ئەستێرەیەک بە هۆی تەقینەوەیەکی سامناکەوە لەپڕ ئەدرەوشێتەوە و لە ئەنجامدا زۆربەی هێسن و بارستاییەکەی فڕێ ئەدرێتە دەرەوە. ع N supermann د














**سووپی دۆڤال:** Bouillon Duval بەرژەنگ نازناو یان سووپفرۆشی دۆڤال، ڕێستۆرانتێکی هەرزانبایی بوو لە پاریس، پییێر دۆڤال، ساڵی ١٨٧٨ دایمەزراندبوو و کارمەندەکانی هەموو ژن بوون.









**سووتاندن:** incinerate چاوگی تێپەڕ سووتان، بەخەڵووزکردن، لەناوبردنی شتومەک بە تایبەتی شمەکی زیادە لە ڕێگەی سووتاندنەوە. ع حرق N brenne د سوزاندن.

**سووتانەوە:** Burning, skin irritation دارەت فەرمان تۆزانەوە، کزانەوە، سۆڵانەوە. ع تهیج الجلد N brennende, hudirritasjon د سوزش پوست.





**سووتک :** ناو پاشماوەی شتی سووتاو. ن: سووتکە جگەرە.

**سووتلّی :** concubine گراوی ناو قەیاتمە، گراوی یان ژنی بە نهێنی ڕاگیراو، ژنی مارەنەکراو بۆ ڕابواردن. N medhustru ع محظیة د صیغە، معشوقە. ☜ سووکەمارە



**سووتوو :** brand ناو سووتک، بزووت، سەرەبزووت، چیلکە و داری سەربەئاگر، سووتاوی نیوەسووت N halvt brent ع نصف محترق د نیم سوز. ⇐ **قورم :** soot ناو هیس، سیان، تەنی، ڕەشایی نیشتووی دووکەڵ، دووکەڵی چڕ ع السخام د دودە.

**soot و سووتوو؟!**



**سووتێنەر:** scalding ئاوەڵناو ئاگراوی، زۆر گەرم. ⇦ **توندوتیژ:** scalding.

**سووخۆر:❶** usurer ئالۆگۆڕ سووخۆری ناو کەسێک کە پارە بە سوو ئەدا بە وام، سوویەک کە نرخەکەی لە ڕادەی پێویست و فرسەند فرەترە. ع المرابِي N ågerbruker د رباخوار. ☜ سوو.

**سووخۆر:❷** loan shark ئالۆگۆڕ سووخۆری ناو کەسێک کە بە سوویەکی زۆر پارە ئەدات بە وام. ع مرابِي القروض N lånehai د رباخوار.




**سوودبەخش:** lucrative ئاوەڵناو سوودمەند، بەرهەمهێنەری قازانجێکی زۆر. ع مربح N lukrative د سوودآور.

**سوودی پەراوێزی:** marginal utility ئابووری سوودی باڵا یان سوودی کۆتایی. ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری لە کۆی سوودا کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی یەک یان چەند یەکەیەک لە کاڵا یان خزمەتگوزاری ڕوو ئەدات. لە ئابووریدا سوودمەندی بریتییە لەو ڕەزامەندی یان سوودەی لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرهەمێکەوە بەدەست دێت. سوودی پەراوێزی کاڵا یان خزمەتگوزارییەک باس لەوە ئەکات کە چەندە چێژ یان ڕەزامەندی لە لایەن بەکارهێنەرانەوە بەدەست دێت یان لەدەست ئەچێت لە ئەنجامی زیادبوون یان کەمبوونەوەی بەکاربردن بە یەک یەکە. **سوودی پەراوێزی سێ جۆر هەیە:**

- سوودی پەراوێزی ئەرێنی،
- سوودی پەراوێزی نەرێنی،
- سوودی پەراوێزی سفر

نموونەی یەکەم، سەرەتا سەبارەت بە داهات. سەد دراوی یەکەم بۆ ئەوەیە لە برسان نەمرین و پێداویستی ژیان وەکوو جلوبەرگ و نشینگە دابین بکەین، بەڵام سەد دراوی دووەم بۆ ئەوەیە کەرەقات و بۆن و شتی زیادەی پێ بکڕین، کەواتە ئەگەر گرنگی ١٠٠ دراوی یەکەم هەزار بێت، گرنگی ١٠٠ دراوی دووەم تەنها پەنجایە. بۆیە نابێ بۆ بەدەستهێنانی ١٠٠ دراوی دووەم لە خۆشی و چێژی ژیان کەم بکەینەوە و جگە لە ڕادەیەکی کەم خۆمانی بۆ ماندوو بکەین.

نموونەی دووەم، حەزت لە خواردنی پیتزایە، پارچەی دووەمی پیتزا زیاتر ئۆخەی و ڕەزامەندیت بۆ ئەهێنێت نەک تەنها یەک پارچە پیتزا بخۆیت. واتە سوودی پەراوێزی تۆ لە کڕینی پیتزا ئەرێنییە. بەڵام دوای خواردنی پارچەی دووەم هەست بە تێربوون ئەکەیت و، هەست بە باشتربوون ناکەیت لە خواردنی پارچەی سێیەم. ئەمەش واتە سوودی پەراوێزی تۆ لە خواردنی پیتزا سفرە. جگە لەوەش ئەگەر زیاتر لە سێ پارچە پیتزا بخۆیت، لەوانەیە هەست بە گورپ بکەیت، هەست بە نەخۆشی بکەیت. لەم کاتەدا، سوودی پەراوێزی نەرێنییە. بە واتایەکی تر، سوودی پەراوێزی نەرێنی ئاماژەیە بۆ ئەوەیە کە هەر یەکەیەکی کاڵا یان خزمەتگوزاری بەکارهێنراو زیانی زیاتر ئەبێت لە سوود، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی گشتی سوودمەندی، لەکاتێکدا سوودی پەراوێزی ئەرێنی ئاماژەیە بۆ ئەوەیە کە هەر یەکەیەکی کاڵا یان خزمەتگوزارییە بەکارهێنراوەکان ئەیگەیەنێت ئاستی سوودمەندی گشتی زیاد بکات: قاشە پیتزای یەکەم ئەرێنی و بۆ ئەوەیە لەبرسان نەمرین، قاشی دووەم تەواوکەر و بۆ تێربوون و هێشاش سوودمەندە ؛ بەڵام قاشی سێیەم نەرێنی و تەنانەت زیانبەخشە. ٤ منفعة حدية

N grensenytte د مطلوبیت نهایی ☜ تیۆری سوودمەندی




**سوورئاڵ:** ruddy ئاوەڵناو سووری ڕوخسار، سوورکار، سووروگەش، سوورباو، سوورهاڵ، ئاماڵسوور، گوڵڕەنگ. ع أحمر داكن N rødmosset د سرخ رنگ، متمایل به سرخ.



**سوور و ڕەش:** The Red and the Black ڕۆمان نووسینی ستاندڵ Stendhal نووسەری فەڕانسەیی، ساڵی ١٨٣٠ بڵاو کرایەوە. بوویەرەکانی ئەم ڕۆمانە لە ڕاستییەوە سەرچاوەیان گرتووە. سوور و ڕەش وەک دووڕێیانێکە کە بۆی هەبوو بێتە بەر پێی کەسایەتییەکی وەکوو «سۆرێل». هەروەها واتایەکی کینایە و هێماییە وەکوو پیشە و قۆناغی ژیان یان ناکۆکی بیری ڕامیاری پێرسۆنا سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە. ڕۆمانی سوور و ڕەش، سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی و ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، ساڵی ٢٠١٣ بڵاوی کردووەتەوە.

**سوور و ڕەش:** The Red and the Black فیلم فیلمی ئیتالیایی فەڕانسەیی ١٩٥٤، ژێوەرگێراو لە ڕۆمانی سوور و ڕەشی ستاندالْ، دەرهێنانی کلاود ئۆتانت ـ لارا.












**سوورەبنە:** جۆرێکی لووشەیە، باڵای کورتتر، گەڵاکەی وردتر و لاسکەکەی سوورترە. لووشە لەبەر کەمی بەهایەکی ئابووری زۆری هەیە. لووشە هەرچەند کێوی و خۆڕسکە، بەڵام ئەگەر نێرکەکەی بنێژرێ ئەڕوێتەوە.

**لووشە:** ڕووەک ناو گیادۆخەوا، گیایەکی کوێستانی پیازداری گەڵاپانە، گەڵاکەی کەسکێکی گەشە، باڵای ١٥ تا ٣٠ سەنتیم ئەبێ، پیازەکەی ناخورێ، بەڵام ئەگەر بنێژرێ، ئەڕوێتەوە، لاسک و گەڵاکەی بە ئەندازەی ٢ سەنتیم ورد ئەکرێ و بە ماست و برنج و لەتکەوە دۆخەوا یان دۆکوڵیوی پێ ساز ئەکەن.
















**سووروەبەرد:** جوگرافیا کوردستان ناو شارێکی ئاوەدان و بەپیتە، دانیشتوانی ٦٨٠٠ کەسن و ئەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری بیجاڕ لە کوردستان.
شەهابەدینی سووروەبەردی، بە عەرەبی **السهروردي المقتول ، الكوردية في شرقي كوردستان**(الحوار المتمدن)، فەیلەسووفی بەناوبانگی کورد خەڵکی ئەم شارە بووە. **ئیبن حەوقەل** جوگرافیزانی عەرەبی سەدەی چوارەم واتە هیی ١٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، لەمەڕ ئەم شارە نووسیوێتی:
«لە لایەن سوڵتانەوە، فەرمانفەرما و بەرپرسی ڕاگەیشتن بە کاروباری لێ نییە ، فراوانی ژیان و هەرزانی و بارودۆخی لەبار گرنگی ئەم شارەی پتر کردووە. شار بەپیت و ڕێژەنە و زۆربەی دانیشتوانی کوردن...»
بەداخەوە لە پاش هێرشی مەغوول وێران ئەبێ و ئەوەتا ناوەکەشی کراوە بە (سهرورد) و لە کوردستانیش جیا کراوەتەوە. تێبینی: وشەی **سووروەبەرد** لە فەرهەنگە فارسییەکاندا نووسراوە سهرورد و تەنانەت لە (لغت نامە دهخدا) نووسراوە: سهرورد لە [سهر+ورد] بەدی هاتووە. دیارە لە هەندێ شوێن نووسراوە سهر هەمان سوورە، بەڵام نە دێهخدا و نە کەسی تریان نازانن یان ناڵێن سهرورد چۆن داتاشراوە و ڕیشە و واتای چییە؟!







**سووورەماسی:** Carp ماسی ناو ماسی ئازاد، ماسی سەلەمۆن، سووورەماسی هەروەها بە واتای Minnow دێ کە ماسییەکی بچکۆلەی ئەورئاسیاییە و لە ئاوی شیریندا ئەژی. N Minnow ع الشبوط د کپور. ن: مینۆیەک هەڵئەداتە ناو ئاو بۆ ئەوەی نەهەنگێک بگرێ.



**سووورەهەراڵە:** sage ڕووەکی بەرامە ناو کەفخورک، ڕووەکێکی بۆنخۆشە، گەڵاکانی سەوزی خۆڵەمێشییە، بۆ چێشتلێنان بەکار ئەهێنرێت، وەروەها وەک بەرامە و بۆنخۆشکەر، ڕەسەنی باشووری ئەورووپا و زەریای سپی ناوەڕاستە. ع المريمية N salvie د مریم گلی.




**سووری گەش:** scarlet ڕەنگەوشە ناو ئاوەڵناو سووری ڕوونی بەرزەنگی یان نیشانەی بچووک. ع اللون القرمزي N skarlagenrød د قرمز.

☜ نیشانەی سکارلێت



**سووورینچکە:** esophagus تۆپێکاری زیندەوەرزانی ناو ئەو بەشەی بۆری خۆراک کە قورگ بە گەدە دەبەستێتەوە؛ گەدە. لە مرۆڤ و ئێسکدارانی تردا بۆرییەکی ماسولکەییە کە بە کاژی لینج داپۆشراوە. [ع] المريء [N] spiserøret [د] مری.

**کاژ:** membrane تۆپێکاری ناو پەردە، کاژی، پێست، لۆخ، ئەتەم. [ع] غشاء حيواني أو نباتي [N] membran [د] غشاء.

**لینج:** mucous تۆپێکاری ناو لینجی، داپۆشراو بە لینج، لینجپۆش، کیمەیی. [ع] مخاط [N] mucous [د] مخاط.





**سووڕانەوە:❶** چاوگی دوولۆ سووڕانەوەی شتێک، کەسێک بەگردی شتێکی تردا؛ هەر تەنێک چەقی خالێکی دیاری کراو بوو و سوورا بە دەوریدا، ئەوە سورانەوەیە؛ ئەوتریّ: بڕۆ بیخولێنەرەوە، ئەگینا بەگردی تۆدا ئەسووڕێمەوە. ← خولانەوە: خولانەوەی شتێکە بەگردی خۆیدا. هەر تەنێک چەقی خۆی هەبوو و، خولا بەدەوری خۆیدا ئەوە خولانەوەیە؛ زەوی بەگردی خۆیدا ئەخولێتەوە، بەگردی خۆریشدا ئەسووڕێتەوە {پێشنیازی ئەکبەر حەسەن و هێمن حامید}.




**سووڕانەوە:❷** pivoting ناوی‌فەرمان سووڕانەوە گردی تەوەر یان چەق یان ناوەند یان گرێجەنە. ع التمحور N svingbare د چرخیدن. ⟸ **تەوەر:** pivot ناو چەق یان خاڵێکی ناوەندی کە مێکانیزمەکە بە دەوریدا ئەسووڕێ یان سەنگەلا ئەکات E axis.




**سووڕانەوە:❸** swivel چاوگی تێنەپەڕ چەرخش، چەرخان، خولانەوە؛ سوڕانەوە لە سەر گرێژەنەی سووڕانەوە بۆ ئەوەی لە خاڵێکی جێگیرەوە بەرەو ئاراستەیەکی تر ببێتەوە، یان شتێک بەم شێوەیە بسووڕێتەوە. ع دوران علی محور N svivel د مفصل گردان، چرخش.



**سووسە:❶** snooping ناوی‌فەرمان چاوپێداگێڕان، بە دزییەوە تێڕوانین، پشتەسەر دوان سەبارەت بە کەس و کەسان؛ هەم لایەنی نەرێنی هەیە و هەم ئەرێنی: سیخوڕی یان پەرۆشداری. ع التطفل N snoking د جاسوسی، شک.

**ن:** سپاس سووسەتەن لەگەڵ کردم! جا ئەو سپاسە بە تەوسە یان بەڕاستی، ئەوەستێتە سەر ئەوەی پشتەملە دواوە یان پەرۆشداری کردووە.




**سووسە❷:** reconnoiter ناوی فەرمان شناسایی، پەیدۆزی، گەڕان و پشکنین بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. N reconnoiter ع استطلع د شناسایی کردن.

**پەیدۆزی هەوایی:** aerial reconnaissance شناسایی هەوایی، سووسەی هەوایی، گەشتی هەوایی. N luftrekognosering ع استطلاع جوي د شناسایی هوایی.

**سووسە❸:** reconnaissance چاوگی تێپەڕ سووسەکردن، تێڕوانینی سەنگەر و لەشکری دوژمن بە فڕۆکە، ساتلایت یان درۆن. N rekognosering ع استطلاع د شناسایی.





**سووسە❹:** estimation ناوی چاوگ قرساندن، بە گومان دۆزینەوەی ڕاز و نهێنی N estimering ع تقدير د تخمين E surmised.

**سووسەکردن:** reconnoiter چاوگی تێپەڕ سۆراغکردن، گەڕان و کۆکردنەوەی زانیاری N reconnoiter ع استطلع د شناسایی کردن.











**سووک:❶** light ناو کەم کێش، بووچکەلانە، سقک، سووکەڵە، کەمۆکە [ع] خفيفة [N] lys [د] خفيف، سبک.

**سووک:❷** dishonorable ئاوەڵناو بڵح، بێئاکار، بێئابڕوو، بێبایەخ، بێبەها، بێتەشە، بێفڕ، ڕنتی، پەسپەندە، تەرەس، جیوەڵەک، چارەپیس، چاوبەل، چەفت، خوێڕی، سپلە، سێبەند، شڕە، گناس، یارەمەز. [ع] مخز [N] ærelǿs [د] پست.

**سووک:❸** active ئاوەڵناو سووکەڵە و چالاک، ئازا، بریڤ، پەلەداوان، بەتاڵووکە، بەتاو، بەتەوژم، بەلەز، بەهەشتاو، گورج، لەز، لەزگین. [ع] نشيط [N] aktiv [د] فعال.

**سووک:❹** easy ئاوەڵناو ئاسان، سادە، ساکار، سانیلکە، سقک. [ع] سهل [N] lett [د] آسان.

**سووکایەتی:** contempt ناو گناسی، بە سووک سەیرکردن، هەستی ئەوەی کەسێک یان شتێک زۆر بە سووک و بێبایی بزانین [د] حقارت [N] forakt [ع] حقارت [E] despise.

ن: ئەو سووکایەتییەی لە ڕووخسارت دایە.

ن: تۆ! یارمەتی کەسێک ئەدەیت بە ئاشکرا سووکایەتیت پێ ئەکات؟

**سووکەژەم:** snack ناو ئێوارەژەمە، خوردنی نێوان ژەمەکان. [ع] وجبة خفيفة [N] matbit [د] خوراک مختصر.

**سووکەمارە:** concubine کۆمەڵناسی ئاییناسی ناوی لێکدراو لە ڕاستیدا کەمبەها

و ئاستنزم. ئەگەر هاوسەرێتی بە واتای پەیوەندی هاوشان و هاوسان و ئازادە، سووکەمارە پەیوەندی نابەرامەبەری وەک کاڵاکڕینە. ◀ سووکەمارە لە لای دین و کۆمەڵگەی فرەژنی دوو واتای هەیە: لای سوونی **متعة** و لای شیعە **صیغە** و، لە لای کۆمەڵگەی فرەژنی پێی ئەوترێ **هەوێ** (**محظیة** concubine) واتە ژنی دووەم یان سێیەم یان چوارەم کە پارەیەکی کەمتر لە ژنی یەکەم لە بری دراوە! **درێژە** لە لای ڕێسای هاوچەرخ هاوسەرێتی ژن و شوو، لە هەموو بوارەکاندا، هاوسان و هاوشانە. ◀ لە لای ئایینەکان، هەموو جۆرە هاوسەرگیرییەک: **کڕینە**، چونکە یەکێک ئەبێ پارەی کڕین بدات بە یەکێکی تر، هەندێکی بە مارەیی یان پارەی زیاتر، هەندێکی بە مارەیی یان پارەی کەمتر، هەوەها بەرپرسیار ئەبێت پێداویستییە ناچارییەکانی ژنە لە بەرامبەر بەکارهێنانیدا دابین بکات.

**ڕیشەناسی** [سووک+ـە+ مارەیی] وەک سووکەژەمە، بێبەها یان خاوەن بەهایەکی کەم و بێبایەخ، کەسێکە بە سووکەمارەییەک ڕەگەڵ دەکەوێ. ◀ concubine پێکهاتەی [con+cubare] لاتین، فەرانسەیی کۆن، ئینگلیزی ناوەڕاست، بە واتای [هاو+ سەرین] ژنی دووەم یان چەندەم.

**ڕاستیی:** ژنێکی ئێرانی کە پزیشک بوو و داهاتێکی زۆر باشی هەبوو، بەڵام شووەکەی بێکار بیوو و داهاتی نەبوو، تەلەفۆنی بۆ تلەڤیزیۆن کردبوو و سکاڵای کردبوو: «شووەکەم خەرجی نادات!»








**سۆمەر:** Sumer مێژووی‌کوردستان یان سوومەر، نەتەوەیەکن کە لە بەشی باشووری مێزۆپۆتامیای هاوچەرخ لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە لە گۆڕەیانی ڕامیاری و ژیاریدا دەرکەوتن. ◀ سۆران حەمەڕەش دەڵێ سۆمەرییەکان لە باکووری کوردستان و ئانادۆڵ هاتونەتە باشوور. ◀ بەگوێرەی توێژینەوەیەکی دکتۆر ئاسۆس مەلا قادر، خۆری گەلی سۆمەری لە سەرووبەندی ساڵی ١٩٠٠ پ.ز بەرەو ئاوابوون دەڕوات و ئەم گەلە بەرەو تەفروتونا بوون دەچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانەکەیان وەک زمانی زانست و ئایین و گەردوونناسی هەتا وەکوو کۆتایی لەناوچوونی نووسینی مێخی لەناو زمانەکانی دیکەدا خۆی ڕادەگرێ. ع السومریین N Sumer د سومر.








**سەب:** master, mistress, sahib نازناو ناو سیاسەت‌وجەگەر کورتکراوی صاحب لە صاحب. هیندییەکان بە ئینگلیزییەکانیان ئەوت و لە ناو هیندی و پاکستانی و ئەفغانیشدا ماوەتەوە. حاجی قەندەهاری ئەفغانیستانییە و بە زمانی «دەری» ئەدوێ.









**سەباح:** Hassn Sabah مێژوو ئایینناسی حەسەنی سەباح (١٠٥٠ـ١١٢٤)

دامەزرێنەری دەسەڵاتی ئسیماعیلییە، بانگخوازی ئایینزای ئیسماعیلییەی نزاری، کە بۆ دڵڕەقی و تۆڵە سەندنەوە بە نموونە ئەیهێننەوە، لە خێڵی «حمیر عرب»، باوکی خەڵکی یەمەن بووە. دامەزرێنەری ئاینزای صباحیە یان ئیسماعلیە بوو، لەسەر بناغەی ئێمام بوونی نزاری کوڕی موستەنسەر لە سەدەی دوانزەی زاینی، لە قەڵای ئەلەمووتی بەناوبانگ لە نێوان قەزوێن و گیلان نیشتەجێ بوو کە بە هۆی بەرزبوونی شوێنی قەڵاکە پێی ئەوترێ «ئالە مووت»، بە واتای هێلانەی هەڵۆ؛ چونکە **ئالە**، هەڵۆیە و **ئامووت** هێلانە. سەباح ئەیوت: «خواناسی بە ئاوەز و زانین نیە بەڵکوو بە فێرکارییەکانی ئیمامە.» سەباح مرۆڤێکی دڵڕەق و بڕوای تەواوی بە تڕۆر هەبوو و لە ماوەی ژیانی سەد ساڵەیدا هەزاران تڕۆریستی پەروەردە کرد. نیزامەلمولک سەرداری ئەو هێزەی چووبوو بۆ گرتنی قەڵای ئەلەمووت، بنکەی سەباح، بە خەنجەری سەباحیەکان کوژرا، هەروەها دوو کوڕەکەی نیزامەلمولکیش یەک لە بەغدا و یەک لە نەیشاپوور تیرۆر کران. هەر کەس دوژمنایەتی ئیسماعیلیەی بکردایەت بە خەنجەری تڕۆریستەکانی سەباح ئەکوژرا. تەنانەت سوڵتان سەنجەر، کە خەنجەریان لە عەرزی رەقی ژووری خەوەکەی چەقاندبوو و نووسیبوویان: **ئەو خەنجەرەی لە عەرزی رەق رۆبچێ، سینگیش کون ئەکا**، لێیان ترسا و لەگەڵیان رێککەوت. سەباح تەنانەت دوو کوڕی خۆیشی کوشت کە پێی وابوو بەدڵی ئەو پەیڕەوی لە دین ناکەن

بۆ ناسینی حەسەنی سەباح پێویستە

١. «بەنگکێشەکان» نووسینی بێرنارد لویس Bernard Lewis، وەرگێڕانی دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، و

٢. «حەسەن سەباح» نووسینی پۆڵ ئەمیر Paul Amir، وەرگێڕانی حەمەی حەمەسەعید، یان

٣. «خداوند الموت» نووسینی پۆڵ ئەمیر Paul Amir، وەرگێڕانی زەبیحوڵڵای مەنسووری بخوێنرێتەوە ☜ بەنگخۆران ☜ ئەسەسن ☜

پیری گۆشەگیر.

















**سەبەلان:** جوگرافیا کێوێکی بەرز و بە ناوبانگە لە پارێزگای ئەردەبیل، باکووری ڕۆژاوای بەناو ئێران.





**سەپان:** peon ناو بەردەست، کارەکەر، نۆکەر، قەرەواش؛ کرێکارێکی

ڕۆژمزی ئیسپانیایی ئەمریکایی نەشارەزای کاری کێڵگە. ع الكادح N peon د پادو.

**سەخەری:** buttock skin ناو {ئەردەڵانی} سختیان، پێستی کەفەڵی گا و گامێش و وڵاخی بەرزە کە ژێری پێڵاوی لێ دروست دەکرێ. چەرمی ئەستووری لە دەباغ دراو. ع جلد الأرداف N setehuden د پوست باسن.




**سەدەی مەزن:** بووبەر گەڕان-٣ سەردەمی دەسەڵاتداریی لویی چواردە لە سەدەی حەڤدە و گوایە خولی زێڕینی ئاریستۆکراسی، کە گورمانتەکان بەبێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ، ئەو شێوە ڕەفتارە ئەکەن بە نموونەی هەڵسوکەوتی خۆیان.



**سەرازا:❶** healthy ئاوەڵناو تەندروست، گیانوەش، سەرواز. ع صحي N sunn د سالم.

**سەرازا:❷** independent ئاوەڵناو [سەر+ئازا] ئازا، سەربەخۆ. ع حر N

selvstendig د مستقل.

**سەراسا :** extraordinary ئاوەڵناو لە ئەندازە بەدەر، سەیر. ع استثنائي N ekstraordinært د خارق العادە.

**سەراسێ :** migraine نەخۆشی ناو سەراسۆ، لاسەرێشە، سەرێشەیەکی ناوبەناوی چڵدارە، بە زۆری لایەکی سەر ئەیگرێ و دڵتێکەڵهاتن و چاو لەرەشەوەهاتنی لەگەڵە؛ هێماپر پاڵەپەستۆ و گوشاری ژیان. ع صداع نصفي N migrene د میگرن.

سەری سەراسێ نەگرێ بۆ وڵات
هاواری لێ کەی نەگاتە فریات

**سەرانسوێ :** سەراسوێ، سەرئاسۆگە، واتە سەر سوێی سەربان کە ئەگەر مرۆڤ زۆر بچێتە بەرەوە بەرئەبێتەوە.

**سەراسیمە :** confused ئاوەڵناو سەرلێشێواو، شڵەژاو، تێکەڵوپێکەڵ، تێکچوو. ع مشوش N forvirret د مغشوش.

**ئاسیمە :** agitated ئاوەڵناو پەرێشان، شڵەژاو، سەرسووڕماو، ھەراسان. ع مُنزعج، ھائج N urolig د آشفتە.






**سەران:❶** out ئاوەڵکار ئامرازی پەیوەندی ئاوەڵناو دەرەوەی ڕووبەری کایەی یاریکردن؛ لە وەرزشدا، کاتێک تۆپەکە ئەچێتە دەرەوە، لە گەمەی مێشێندا کاتێکە دەسکەلا لە گۆڕەپانی یاری ئەچێتە دەرەوە. ع خارج N ute د خارج.

**حاپوول:** fault ناو فەرمان کاتێکە هەڵەیەکی بچووک ڕوو ئەدا، بەمەبەست یان بێمەبەست؛ لە بواری کۆمەڵایەتیدا ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبیل لە شوێنی نەگونجاو، لە تۆپێن کاتێکە تۆپ لە دەست ئەکەوێ یان ئەیدات لە جەستەی داوەر. ع خطأ N feil د خطا، فول E allowance in game of marbles. G وەهبی ئەدمۆندز






**سەران:**❷ up mountains ناوی کۆ سڵان، بڵندایییەکان، بان کێوان. ع فوق الجبال N fjellklatrere د بالای کوه ها.

**سەران:**❸ leaders ناوی کۆ گەورەکان، کوی «سەر» بە واتای فەرماندە و بەرپرس. ع القادة N ledere د رهبران.

**سەرانسەری میسۆری بەرین:** Across the Wide Missouri فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٥١ ئەمریکایی، دەرهێنانی ویلیەم ویڵمەن.








**سەرانە:** extortion ناو باج و خاوە بۆ کەڵەگا و زۆردار. ع ابتزاز N utpressing د اخاذی.

**سەراوەر:** floating ئاوەڵناو بە تەنێک دەوترێت کە سەر ئاو یان شلەیەکی دیکە بکەوێت. [ع] طافی، عائم [N] flytende [د] شناور.





**سەربازی:** military service خزمەتی سەربازی، بێگاری، زۆربەی وڵاتان سیستەمی خزمەتی سەربازی زۆرەملێیان هەیە، کە هاوڵاتی ئەبێ وەک ئەرکێک جێبەجێی بکات. خزمەتی سەربازی بە زۆری لە ٦ مانگ تا سێ ساڵە. [ع] الخدمة العسكرية [N] militærtjeneste [د] خدمت سربازی.

**سەرباشقە:** paradigm, role model نموونە نموونەیی، کەسێک کە ئەبێ بە سەرمەشق بۆ خەڵکی تر. [ع] قدوة [N] forbilde [د] الگو.

**باشقە:** model مۆدێل، نموونە، نموونەی سێرەهەندی کەس یان شتێک یان گەڵاڵەیەکی تەلارێکی پێشنیازکراو، بە زۆری لە ئەندازەیەکی بچووکتردا. [ع] نموذج [N] modell [د] مدل.

**سەربردەی سالواتۆر رۆزا:** Un'avventura di Salvator Rosa فیلم فیلمی ئیتالیایی ١٩٣٩، دەرهێنانی بلاسێتی.





**سەربزێو:** malcontent ناو ئاوەڵناو لاسار، دژبەر، بەرهەڵستکار، یاخی، سەربزێو، سەرکەش، پشێوی نەرەوە. ع ناقم N misnøye د متمرد.

**نەیار:** discontented ئاوەڵناو سەربزێو و بەرهەڵستکاری ڕامیاری. ع ساخط N misfornøyd د مخالف، ناراضی.

**سەربەخۆ:**❶ independent ئاوەڵناو خاوەن دەسەڵاتی سەربەخۆ، خاوەن ژیانی سەربەخۆ، ئازاد و سەربەست. ع مستقل N uavhengig د مستقل.

**سەربەخۆ:**❷ sovereign ناو ئاوەڵناو خاوەن دەسەڵات و سەروەری خۆی، خاوەن دەسەڵاتی باڵا، سەرۆکایەتی. ع سیادة، مستقل N suveren د با اقتدار، ماستقل.

**سەربەخۆیی:** independence سەربەخۆیی خەبات ناو یان بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بە واتای سەربەخۆییخوازی ڕاشکاو و بێپێچوپەنا و دامەزراندنی دەسەڵاتی نیشتمانی و سەروەری نەتەوەیی کوردستانە. کوردایەتی جەربەزە و بێپەروای سەروەرانە، کە ڕاستەوخۆ هاوڕێ و هاوبیری هاوخەباتن، تەنها و تەنها لە پێناوی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ دایە و، لەم کوردستانەدا هەموو چین و توێژێک دێنە کایەی خەباتی ڕامیاری خۆیان و بۆ بەدیهێنانی دەسەڵاتی ڕامیاری خۆیان لە کۆماری کوردستان و لە بەرژەوەندی کوردستان تێئەکۆشن. سەربەخۆیی کوردستان، بڕیاری مسۆگەری مێژووە و سەروەران بە هیچ بیانوویەک ویست و مەبەستی خۆیان لە لای هیچ دۆست و دوژمنێک ناشارنەوە. سەروەرانی سەربەخۆیی هەموو تواناى خۆیان بەکار ئەهێن لە پارمەتیدانی هاوڕێ و هەڤاڵ و هاوبیراندا، تا گەیشتن بە ئامانج و تا شەکانەوەی ئاڵای کوردستان لە هەموو قوژبنێکی کوردستانی سەربەخۆدا. ☜ سەروور

**سەر بنە گەون:** kinky hair هێمایر ئاوەڵناو ناویلێکدراو مرۆڤی قژنی قژ بژ.
ع شعر مموج N kinky hår د مو وزوزی.





**سەربەخۆیی پشتبەخۆ:** سەربەخۆیر خەبات سێ چارەکە سەدە دروشمی **ئیتالیا سەربەخۆ ئەبێ پەنا بە خۆ** {Italia fara da se}ی مازینی درێژەی هەبوو، جۆزێپە گاریبالدیی شۆڕشگێڕ، ساڵی ١٩٤٨ کردیەوە بە دروشمی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی ئیتالیا بە دەستی ئیتالیا. هەروەها کارلۆ ئالبێرتۆ لە شۆڕشگێڕانی بزووتنەوەی ژیانەوە ئەم ڕستەیەی وتووە Dio che con si meravigliosi impulsi pose l'Italia in grado di fare» «da sé {خوا توانای بە ئیتالیا داوە بەسەر پێی خۆیەوە ڕابوەستێ!} بۆ ئەو کەسانەی خولیای سەربەخۆیی کوردستانن، زانینی مێژووی نوێی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی ئیتالیا زۆر بەسوودە:

- ڕۆمانی مێشەکەرانە The Gadfly ڕۆمانی مێشەکەرانە The Gadfly
- جەنگی یەکەمی سەربەخۆیی The first Italian war of Independence
- جەنگی دووەمی سەربەخۆیی The first Italian war of Independence
- ئورووپا: مێژوویەک Europe: A History لەو بابەتەن ...















**سەربەردە:** ناو جیوەلۆک، پارەمەز، مالاّنگەڕ د هرجایی.

**سەربەشانە:** overtime ناو ئاوەڵکار پارەی زیادە لە مووچەی ئاسایی، لە بەرامبەر کارێکی تایبەتیدا ئەدرێ. ع بالاضافة N over tid د اضافە کار. ⇦ (سەربەشانەی نەبوون لە پاتەخت و کەشوهەوای ناخۆش: فوق‌العادە خارج از مرکز و بدی آب و هوا).

**سەربەمۆر:[1]** arcane ئاوەڵناو دیاردەیەکی ڕازاوی یان پەنام کە کەم کەس سەری لێ دەر ئەکەن. ع غامض N mystisk د اسرارآمیز.

**سەربەمۆر:[2]** sealed هێمایر ناو دەسلێنەدراو، دەقنەشکاو، نەکراوە. ع مختوم N forseglet د سر بە مهر ن:

خۆش لە سەر سینەی سەریهەڵداوە دوو گۆی سەربەمۆر

مات و حەیرانم کە عەرعەر، کەی هەناری گرتووە؟!

«نالی»

**سەربیا:** Republic of Serbia وڵات جوگرافیا ناو بە فەرمی کۆماری سەربیا. وڵاتێکە چواردەوری وشکانییە، دەسەڵاتی نوێی ساڵی ١٨١٧ دامەزرا. پایتەختەکەی شاری بێلگرادە.

**سەرپاڵە:** پیشە ناو پاڵە دروێنەوانی شارەزایە و، سەرپاڵە سەرۆکی گرووپە، بڕیاربەدەستە، ڕیزی دروێنەکاران دائەمەزرێنێ.

- سەرپاڵە وەک سەرچۆپییە، لای تەبارەکەوەیە، واتە یەکەم کەسە لە ڕیزبوونەکە، کۆتا کەسیش پێی ئەگوترێت بنپاڵە یان قرگە.
- سەرپاڵە «بەکرەیی» ئەڵێ، کە جۆرە گۆرانییەکی تایبەتی بە کاتی دروێنە.
- ئینجا زۆرجار ئەم زاراوەیە ئەخوازرێ و بۆ کەسێک بەکاردێت، کە سەرپەرشتی ئیشێک بکات و بیبێتە دەمڕاست.

**سەرپۆش:** پیشە ناو سەرپۆش هەروەها واتای هێمایر هەیە و دەسگرۆیی و پارمەتیدان ئەگرێتەوە:

هەرچەند نیمە کۆشک و تەلار خۆمی پێوە با بدەم

نیمەسامان و نیمەماڵ، هەژاری پێ سەرپۆش بکەم
ئەوەی هەمە بارەتەقای ڕاوەنی ئەم جیهانەو و
چەند دۆستێکن، بە هەموو داژدەی جیهانیان نادەم

**سەرپەرشت:** caretaker ناو ئاوەڵناو سەرپەرشتیار، بەسەرڕاگەیشتوو، چاودێر، زێرەڤان. ع الراعي، المتولي منصبا بالوكالة N veileder د سرپرست، قیم.

**سەرپەرشتکار:❶** regent ئاوەڵناو کەسێک کە لە نەبوونی، یان منداڵبوونی یان بێتوانا بوون بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێک دەستنیشان ئەکرێت. ع الوصي N regent د نایب السلطنه.

**سەرپەرشتکار:❷** regent ئاوەڵناو ئەندامی ئەنجومەنی زانکۆ. ع الوصي N regent د عضو شورا.

**سەرپەرشتی:❶** patronage ناوی چاوگ سەرپەرشتیاری، چاودێری، زێرەڤانی، بەسەرڕاگەیشتن. ع رعاية، المتولي منصبا بالوكالة N beskyttelse د سرپرست، قیم.

**سەرپەرشتی:❷** custody ناوی چاوگ چاودێری، ئاگادێری، ئاگاوانی، ئاگالێبوون، بەرپرسایەتی، لێپرسراوێتی؛ چاودێری پارێزەرانە یان سەرپەرشتیکردنی کەسێک یان شتێک. ع عناية، رعاية N varetekt د حضانت، نگهداری، تصدی.

**سەرپەڕاندن:** decapitation چاوگی تێپەڕ کردەی لێکردنەوەی سەری مرۆڤ یان ئاژەڵ. ◁ گیۆتین ئامێری سەرپەڕاندن بوو لە فەرەنسەی سەدەی هەژدە لە ١٧٩٢ـەوە.




**سەرپەنە**: کشتوکاڵ ناوی‌لێکدراو داری ترێ کە داری وەبەردراوە کەتەبەر.

**کورەدار**: کشتوکاڵ ناو داربەستی داری میوە، داربەستی دارمێو.

**ترێ تاقی**: treille F کشتوکاڵ ناو یان ترێی بە واتای ڕەز و باخی ترێی هەڵواسراو بە داردا وەکوو پاڵێشت و ڕاگر یان وەکوو تاق. E vineyard ع تریل N espalier د تاکستان E trellis.





**سەرپێچی**: infraction ناوی‌چاوگ (ماف) شکاندن، پێشێل‌کردن، ملبادان، ڕێساشکێنی، قانوونبەزێنی. ع تخلف، حرق N overtredelse د تخطی، نقض، عدول.

**سەرپێچ**: infraction داهۆوەری ناوی‌کارا سەرپێچیکار، ملبادەر، پێشێلکار، ڕێساشکێن، قانوونبەزێن، قانوونشکێن. ع مخالف N infractor د ناقض متخطی.

**سەرپێیی**:❶ ناوی‌چاوگ بەپەلە.

**سەرپێیی**:❷ ناو دێوەرە، وردەواڵەفرۆش، فرۆشیاری گەڕۆک، چەرچی.

**سەرتاشراو**: shingle haircut ناوی‌لێکدراو کەسێک کە سەری لە بندا تاشیبێ.

**سەرتەرم**: poêle ناو بە فەڕانسەیی یان بە ئینگلیزی pall پەردە یان ئالایەک کە ئەیدەن بەسەر تابووتدا و کەسانێک گوڵینگەکانی بە دەستەوە ئەگرن. هەروەها کۆنتر، لە کاتی مارەبڕینی کاتۆلیکی، باو بووە پەردەیەکی هەر بەو ناوەیان بەسەر سەری بووک و زاواوە

ڕائەگرت.





**سەرتیپ:** سەربازی پلە ناو لە بری پلەی سەرگورد هاتووە لە سپای ئێران‌دا. سەرتیپ لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان‌دا پلەیەکە هاوتای سەرگوردە.

**سەرچەڵە:** ❶ پێشەنگ، یەکەم کەس لە ڕیز.

**سەرچەڵە:** ❷ سەرەتا.

**سەرچڵ:** impulsive ئاوەڵناو سەرەڕۆ، بەهەڵپە و لەز و بیرنەکەرەوە. ع مندفع N impulsiv د تکانشی.

**سەرچڵ و ناچار:** compulsive and impulsive بەراورد سەرچڵ بریتییە لە ڕەفتار بە گوێرەی هاندەر drive. ناچار، کارکردنە بە گوێرەی وازێکی بەرنەگیراو. لە کاتێکدا کە دەنگیان هاوشێوەیە، بەڵام ئەم دوو ڕەفتارە لە مەبەستدا جیاوازن. ڕەفتاری سەرچڵانە بریتییە لە کردار بەبێ بیرکردنەوە، ڕەفتاری ناچاری پێشوەخت بەرنامەی بۆ داڕێژراوە.

**سەرخان:** superstructure کۆمەڵناسی ناو ڕووبینای کۆمەڵگە واتە کولتوور و ئایدیۆلۆژی و دامەزراوەکان و دەزگاکانی دەسەڵاتی ڕامیاری، نەریتی ئایینی و دەوڵەتە، کە بە هۆی ژێرخانەوە دیاری ئەکرێ و پەیوەندییەکەیان هۆکاری نییە، بەو پێیەی کە هەندێ جار ئەتوانێ کار بکاتە سەر ژێرخان، بەڵام لە مارکسیزمدا کاریگەریی ژێرخان بڕیاردەر

و گرنگترە. ⇐ **ژێرخان:** substructure yan base بریتییە لە هێز و پەیوەندی بەرهەمهێنان وەکوو پەیوەندی کرێکار ـ خاوەنکار، دابەشینی تەکنیکی کار و پەیوەندی خاوەندێتی، کە مرۆڤ تێیدا پێداویستی و نیازەکانی ژیان بەرهەم ئەهێنێ.

**سەرخان و ژێرخان:** ئەندازیاری تەلارسازی نهۆمەکانی خانووی دووقاتن، کە قاتی سەرەوە سەرخانە و، قاتی بنەوە ژێرخان.




**سەرخۆش:** drunk, inebriate, inebriated دارەت ناو ئاوەڵناو مەست،

کەیل، کەلەلا، سەرخۆش، سەرمەست، ئارەقخۆر. کەسێکە بە هۆی ئەلکولەوە لەنگەر و باشاری خۆی لەدەست داوە. ع مخمور، سکران N full, beruset د مست، مخمور.

سەرخۆشبوون: inebriate چاوگی تێنەپەڕ مەی خواردنەوە، مەستکردن.

سەرخۆش کردن: inebriate چاوگی تێپەڕ مەی پێدان و مەست کردنی کەسێک.




سەرخورێنە: head_scratcher ناو کەرەستەیەکی دەسکدارە لە چەند پارچە تەلی پێکەوە بەستراو پێکهاتووە، نووکەکەی مووڕووی پێوەیە بۆ ماساژدانی سەر بەکار دێت. ع خدش الرأس N hodeskraper د سر خراش.




سەردار سپا: ڕەزا قەزاق، ڕەزا ماکسیم، ڕەزا پاڵانی، ڕەزا میرپەنج، کە ئینگلیز وەکوو دارەدەست بۆ لابردنی قاجارەکان بەکاری هێنا، بە ناوی ڕەزا شای پەهلەوی پاشایەتی پەهلەوی دامەزراند. لە ١٩٢٥ تا ١٩٤١ی

زاینی. ڕەزا قەزاق کە هەتیو بوو و بە هەژاریی گەورە ببوو، هیچ ناو و نیشانێکی نەبوو. راوێژکارەکانی بە باشیان زانی ناوێکی بۆ هەڵبژێرن شیاوی پادشا بێ. بۆ نموونە **ڕەزا پالانی** واتە **کورتاندرووی**ان کرد بە **ڕەزا پەهلەوی** گوایە کۆلکەی بگاتەوە بە ئەشکانیەکان. ئیتر لەوە بگەڕێ ئەو چوار ملیۆن پەهلەوییە کە ماون و ئێستە هەن، هەر هەموویان کوردن و بە شانازییەوە خۆیان بە کورد ئەزانن.

ئینجا جاڕ درا کێ پەهلەوییە ئەبێ ناوی خۆی بگۆڕێ، ئیتر کەس بۆی نییە پەهلەوی بێ!

یەکێک لەو کەسانەی چیرۆکەکەی دەنگی دایەوە **مەحموودی پەهلەوی** نووسەری بەناوبانگ و خاوەنی پەرتووکی هەشت بەرگی **مێژووی پەیوەندی ڕامیاری ئێران و ئینگلیز** بوو. کاتێکە ناوەکەیان لێ سەندەوە، وتیان ناوێکی تر هەڵبژێرە. ئەویش وتی جا کە ناوی خۆم بە کەڵگایی لێبسێنن و نەتوانم هیچ بکەم، دیارە بەس مەحموودم و لەوە زیاترم شیاو نییە. لەو ڕۆژە بە دواوە، مەحموودی پەهلەوی، بوو بە **مەحموود مەحموود!**

ڕەزا خان کە تەنها خۆی و کوڕەکەی محەممەد ڕەزا پادشایان کرد و، کوڕەکەشی هەمان چارەنووسی خۆی هەبوو، واتە سەرەتا دایان نا و پاشان لە وڵات دەریان کرد، گەورەترین زیانیان لە فەرهەنگی ناوچەکەدا و نەک هەر ناسنامەی خەڵکیان بە ئاشکرا دزی، مێژووشیان سەر لە نوێ نووسیەوە.

وشەی ئێران کە تا ساڵی ١٩٣٥ز بۆ ناوی ناوچەکە و نەتەوە ئێرانیەکان بە تایبەتی کورد و ماد بەکار هێنرابوو، نەک بۆ سیستەمێکی حکوومەتی، دزیان و حکوومەتەکەی خۆیان ناو نا ئێران. لە دەیان هەزار سکەی زێڕ و زیو و ئاسن کە دۆزراوەتەوە تەنها یەک دانەیان، لە هیچ سەردەمێکدا، وشەی **ئێران** ی لەسەر نەنووسراوە. ئەوسا کەوتنە نووسینی مێژووی ٢٥٠٠ ساڵە، ئەو زنجیرە حوکمدارییانەی تورک

و تەتەر و غوز و ئوزبەک و مەنگول و گوورکانی و سلووکی و هەموو جۆرێکی تیایە، فارس نەبێ.








ئەم پرۆسەیە تەنها لە بواری ناسنامە و مێژوودا نەبوو. ڕەزای هەتیو کە هیچی نەبووە و بە منالی، لەبەر نەداری، نەخۆش ئەکەوێ و لەسەر ڕێگە فڕێی ئەدەن و خێرەومەند هەڵی ئەگرنەوە، لە ماوەی ١٦ ساڵ پاشایەتی خۆیدا، تا ئەو ڕۆژەی کە هەمان ئینگلیز کاری پێی نەما و، نەک هەر شاربەدەر، بەڵکوو وڵات بەدەری کرد، **حەوت هەزار** گوندی لە دەس خاوەنەکانی دەرهێنا و کردنی بە ناوی خۆیەوە. ئەمە جگە لە سەدان کۆشک و کارگە و دامەزراو و... ☜ داریووش.

**سەرداری:** grilled corn **خۆراک** **ناو** **چاوگرکردار** [سەر+ دار+ ی] گەنمەشامی

برژاو، گەنمەشامی تەڕ بە ئێسکەلاسکەوە، ئەکرێ بە سەر دارەوە و لەسەر پۆلوو ئەبرژێنرێ. ع الذرة المشویة N grillet mais د ذرت کبابی. ☜ گورزە

⇦ **گورزە**: ear ⇦ **ڕیشکە**: silk

⇦ **گەڵا، کڵۆش**: husk ⇦ **دەنک**: kernel

⇦ **توێکڵەکاکڵ**: pith ⇦ **ئێسکەلاسک**: corn cob




**سەردانی دێرۆڵد**: ڕامیاری مێژوویی گەڕان ـ٢ ئاماژەیە بە سەردانی گۆڕی پاوڵ دێرۆڵد Paul Déroulède نووسەری نیشتمانپەروەر لە لایەن مۆریس بارێسەوە Maurice Barrès لە ١٩١٧، هەروەها خۆپیشاندانی بەردەم پەیکەری شاری ستراسبۆرگ لە مەیدانی کۆنکورد و نامەی نارەزایی ١٩١٩ سەبارەت بە ڕووخاندنی کڵێسای ڕێنس لە لایەن ئاڵمانییەکانەوە.



**سەردۆلکە :** lamentation شینگێڕی ناو سەروە، کۆتەڵگێڕان، شینگێڕی و بەندی بە مردوو هەڵگوتن و پەسنی مردووە بە دەنگی گۆرانی. ع رثاء، عویل N kondolanse د نوحە، عزاداری.

**سەردە :** gender, genus کۆمەڵناسی فێمێنیزم زایەند ناو {ئاڤێستایی} زایەند، جنس، جێندەر. ع جنس N kjønn د جنسیت.



**سەردەست ❶:** sovereign ئاوەڵناو سەروەر، پایەبەرز، بەدەسەڵات، سەربەست، کاریگەر، فەرماندەر. ع ذو سیادة، ذو سیادة N suveren د با اقتدار، مستقل.

**سەردەست ❷:** cuffs ناو بەشی کۆتایی قۆڵی کراس، کە چەند لۆیە و هەڵدەدرێتەوە یان بە قۆپچە، یان دوگمەی سەردەست دادەخرێ. ع صفعة القمیص N skjortemansjett د سرآستین پیراهن.






**سەردەن :** ناو دەرخۆنەی کوویە. ⇐ سەردەنشت و سەرزەنشت بە واتای سەرکوتانەوەیە.



**سەردەنشاوی:** reproach کینایە تەوس لۆمەئامێز و ڕەخناوی، سەرکوتانەوە. ⇦ سەردەن: دەرخۆنەی کووپە. ⇦ سەردەنشت: سەرزەنشت، سەرکوتانەوەیە.

**سەردەنشت:** ناو فەرمان سەرکوتانەوەیە.

**سەرڕاست:** straightforward ئاوەڵناو پاک، دروستکردار، دروستکار، یەکڕوو، دەستپاک. ع واضحة N fram rett د سرراست E downright.

**سەرڕاستکردنەوە:** authenticate ناوی لێکدراو چاوگی دووڵۆ سەلماندن یان پیشاندانی ڕاست و دروست بوونی هەر شتێک، بە تایبەت داخواز یان بەرهەمێکی هونەری.




**سەرڕشتە:** specialty پسپۆڕی ناوی واتا لێزانی، پسپۆڕی لەکار و لە ڕشتەیەکدا. ع تخصص N spesialitet د تخصص.



**سەرڕێژنە:** ❶ clue ئاوەڵناو سەرەداو، سەرتاڵ؛ بەڵگە یان زانیارییەکی یارمەتیدەر لە دۆزینەوە و چارەسەری تاواندا. ع فکرة N ledetråd د سرنخ.

**سەرڕێژنە:** ❷ ناو سەرڕێژانە، سەلیقە، زەوق، شێواز، چێژ N stil, måte, smak ع د سلیقە، ذوق، اسلوب E style, manner, taste.



**سەرزەنشت:** reprimand ناو فەرمان سەردەنشت، لۆمە، تەرێقکردنەوەی یەکێک لە ڕووی ئامۆژگارییەوە E blame ⇦ **سەردەن:** ناو دەرخۆنەی کوویە. سەردەنشت بە واتای سەرکوتانەوەیە.

**سەرژمێری بەیتەلەحم:** The Census at Bethlehem شێوەکاری تابلۆ تابلۆیەکی ڕۆنە، هونەرمەندی فلاماندی سەردەمی ڕێنێسانس پیتەر برۆخۆلی گەورە ساڵی ١٥٦٦ کێشاویەتی. ☞ کۆمەکۆم



**سەرسام:❶** astonished [ئاوەڵناو] سەرسووڕماو، حەپەساو، واق وڕبووگ [د] مبهوت. [ع] مندهش.






**سەرسام:❷** Étourdi [شانۆ] [کۆمیدی] یەکەم کۆمیدیی مولیێرە، ساڵی ١٦٥٥.










**سەرسامکردن:** mesmerize [تەڕدەستی] [چاوگی تێپەڕ] حەپەساندن، هیپنۆتایز کردن، ئەفسوونکردن. [ع] سحر [N] hypnotisere [د] مسحورکردن.

**سەرسامکەر:** enthral [هێماییر] [ڕامیاری] سەرنجڕاکێشەر. [ع] فتن [N] trollbinde [د] مجذوب کنندە.

**سەرسپێری:** Allegiance [ڕامیاری] پەیمانی فەرمانبەری، ئەمەگداریی بندەستانە، ڕازێری. [⇦] [ع] بیعة، ولاء [د] بیعت.




**سەرسووڕهێنەر:** staggering خاواق ئاوەڵکار ناوی لێکدراو شتێکە ئەبێتە مایەی خاواق و هێدمەگرتن. ع صاعق، مدهش N svimlende د تعجب آور.

ن: مژارەکە ئەوەندە سەرسووڕهێنەر بوو، خۆی لەبیر چووبوویەوە.

**سەرشۆرخانە:** ناوی جێگا سەرشۆک، شۆرتک، شۆتک، گەرماوی ماڵەوە.

**سەرشۆک:** ناوی جێگا سەرشۆرخانە، شۆرتک، شۆتک، گەرماوی ماڵەوە.

**سەرشێت:** impetuous ڕەفتار ئاوەڵناو تاوسەندوو، بێپەروا، کەممۆڵەت، (بە)پڕتاو، دەستوبرد، هەڵنەسەنگێنراو، بێ بیر لێکردنەوە، سەرچڵ، کەللەیی، هەڵەشە. ع طائش، مطهور N heftig د عجول، شتاب زدە، نسنجیدە.

**سەرفرازی:** ناوی چاوگ سەربڵندی، ئاسوودەیی و بەختەوەری prosperity.

**سەرکار:** پیلە نازناو ناو گەوری خزمەتکاران، باتڵە E butler.

**سەرکاغەز:** letterhead ناو سەرنامە.



**سەرکز:** disappointing ئاوەڵناو سەرنەوی، سەرنزم، شەرمەزار. ع مخیب للامال N skuffende د سرافکندە.

**سەرکزی:** abashment ناوی چاوگ سەرنەویبوون، سەرنزمی، شەرمەزاری. ع خجل N fornedrelse د سرافکندگی.

**سەرکوتراوە:** suppressed فەرمان کشکراو، تەراو، شکێنراو، دەمکوتکراو. ع منکوب، اخضع N undertrykt د منکوب شده.

**سەرکەش:** ❶ adventurer, venturer ئاوەڵناو سەرەڕۆ، گورخ، پڕڕووداو، پڕ لە ڕووداو، کەسێک کە بە دوای ڕەهات و چەرمەسەریٚ و هەڵاتەهەڵاتدا ئەگەڕیٚ. ع مغامر N eventyrer د ریسک کننه، ماجراجو.

تێبینی: ❶ [ما + جرا + جو {عربی + دری}].

تێبینی: ❷ ماجرا. [ جَ ] (ع اِ مرکب ) مرکب است از ما و جری صیغهٔ ماضی ؛ فارسیان بمعنی سرگذشت و قصه و واقعه آرند. (آنندراج ).

**سەرکەش:** ❷ The Adventurer فیلم فیلمی کۆمیدی ١٩١٧ی چارلی چاپلین.








**سەرکەشی:** adventure, escapade ناوی چاوگ هەڵاتەهەڵات، زرموکوت، کار و کردەوەیەک کە سەرەڕۆیی و هەڕان و جەربەزەی تێدا بێ؛ سەربردە و ڕەهات و ڕووداوی سەرەڕۆ. ع مغامرة N eventyr د ماجراجووئی.

**سەرکەوتن:** ❶ success, sanctimony ناو چاوگی تێنەپەڕ بە واتای سەرکەوتن و پیرۆزییە. بەرخورداری، کامیابی، کامەرانی، گەیشتن بە ئامانج یان مەبەستێک. ع النجاح N suksess د موفقیت.

ن: چرچیل ئەڵێ: سەرکەوتن بریتییە لە پەڕینەوە لە شکستێکەوە بۆ شکستێکی تر، بەبێ ئەوەی واز و تامەزرۆیی خۆمان لەدەست بدەین.

ن: سان سوو ئەڵێ: گەورەترین سەرکەوتن ئەوەیە کە پێویستی بە هیچ

سواژ و چەنگێک نییە.

**سەرکەوتن❷:** prevail, sanctimony ناو چاوگێتیپەڕ پیرۆزی، شکست پێهێنانی دوژمن یان خەنیم لە جەنگ، یاری، یان کێبڕکێیەکیدا. ع ساد، غلب N seire د غالب شدن.

: ئەمجارەیان تۆ سەرکەوتیت، بەڵام...

: سەرکەوتن تەنها یەک دانەیە: دواین دانە!

: لەم سواژەدا تۆ سەرکەوتیت، بەڵام بزانە جەنگەکە من ئەیبەمەوە!

: سەرکەتنی بە هێنانەخوارەوی ئەوانی تر ئەزانی!








**سەرکەوتنی پرووسی:** The Prussian victory جەنگ واتە جەنگێک کە سەرکەوتن بە زیانی گەورە بە دەست بێ؛ ئاماژەیە بە سەرکەوتنی پرووس، شای ئێپیر، لە ٢٧٩ پێش زایین بە هێرشێکی کتوپڕ، بە سوودوەرگرتن لە پیلانی جەنگی، بە زیانێکی یەکجار زۆرەوە لە جەنگی ئەسکۆلووم Battle of Asculum بەسەر ڕۆمانەکاندا سەرکەوت.






**سەرگەرد:❶** victim کۆمەڵناسی ناوی لێکدراو گۆڕی، فیداکراو، بەلاگەردان، قوربانی. ع الضحیة N offer د قَربانی.

**سەرگەرد:❷** sacrifice کۆمەڵناسی ناو فەرمان بەلاگەردان، بەلاگێڕ، پێشبار، ئاهەنگی کوشتنی ئاژەڵ یان مرۆڤ یان بەخشینی لە دەرگانەی خودا یان هەر هێزێکی بانسروشتیدا. N ofring ع التضحیة، الضحیة د قَربانی. ن:

**ژین و ژیوار**

ئەی هەتاوی ئاسمانم خۆشەویستیم پێیە بۆت
پڕ بە ناخی هەست و گیانم خۆشەویستیم پێیە بۆت
گەر بە شایانی بزانی ببمە **سەرگەردی** قەدت
تا هەڵیدەگری ژیانم خۆشەویستیم پێیە بۆت
گەرچی شانی خۆشەویستیت قەت لە شانی من نەدا
تا هەڵیبگرم بە شانم خۆشەویستیم پێیە بۆت
دەرکی ماڵت ئاوەڵا کەی سۆزی میوانت دەبم
ئەی وزەی گیانی ڕەوانم خۆشەویستیم پێیە بۆت
ژین و ژیوارم دڵی تینوو لە بەر پێت کەوتووە
ئەی هەناسەی سەوزی مانم خۆشەویستیم پێیە بۆت
گەرچی هێندم خۆشدەوێی بۆم ناکرێ بیڵێم کە چەند
پڕ بە کۆشی نیشتمانم خۆشەویستیم پێیە بۆت

تینوو ـ ئەییوب ئەحمەدی کۆکەیی








**سەرگەشتە:** unhappy ئاوەڵناو دڵگران، دڵگیر، دڵمەند، ناڕازی، بێواز،

حەیران، سەرلێشێواو. ع تعیس N ulykkelig د ناراضی.

**سەرگێڕ:** مەڕداری ناو کۆز، حەوشەمەڕ.



**سەرگێژانەوە:** vertigo دارەت چاوگی دوولۆ ناو هەستکردن بە سووڕانەوە و لەدەستدانی هاوسەنگی، بە تایبەتی پەیوەندی بە سەیرکردنی خوارەوە لە بەرزاییەکی زۆرەوە هەیە، یان بە هۆی نەخۆشییەکەوە کە کاریگەری لەسەر گوێی ناوەوە یان دەمارەکانی هەیە. سەرگێژە: vertiginous ع دوخة N svimmelhet د سرگیجە.

**سەرلەبەر:** totally ئاوەڵکار دەراندەر، سەرپاک، بەرهەڤ، بەجارەکی، بەیەکجاری، بێکەماسی، دارماڵ، بتەڤایی، خشت، پێکڕا N fullt ع تماما د کاملا.

**سەرلێشێوان:** confusion چاوگی تێنەپەڕ ئاسیمەیی، گێژی و سەرگەردانی، سەرلێتێکدان. ع ارتباک، تحیر N forvirring د گیجی، سردرگمی.

**سەرلێشێواندن:** confuse چاوگی تێپەڕ سەرئاسیمەکردن، گێژکردن، شپرزەکردن. ع ارباک N forvirre د گیج کردن.

**سەرلێشێواو:** perplexe ئاوەڵناوی فرمان سەرگەردان، سەرسووڕماو. ع متحیر N forvirret د گیج، سردرگم.

**سەرلێشێوێنەر:** disorienting ئاوەڵناو خاپێنەر، هەتڵە، لەخشتەبەر، کلاکەر، شتێکە ئەبێتە هۆی ئەوەی کەسێک ئاراستەی تێک بچێ. ع

مربک N desorienterende د منحرف کننده.

**سەرمازەڵە:** toad گیاندار ناو ترتەرە، گیاندارێکی دووژی بۆقئاسایە بە لەشی قەڵەو، پای کورت و زۆرێک لووی لک ـ لک وەکوو باڵووکە لە سەر پێستیەتی. ع العلجوم د وزغ.



**سەرمەند:** wonderer ناو سەرسووڕماو، واق وڕماو. ع متسائل N undrer د شگفت زده.

**سەرنامە:** heading ناو ناونیشانی نامە. N overskrift ع رأسیة د سرصفحه.

**سەرنج و مەبەست:** attention and intention بە پێچەوانەی سەرنج کە کاتییە، مەبەست نوێنەرایەتی هاندانی ئامانجدار یان خواستی بەکارهێنەر ئەکات بۆ گرتنەبەری کردەوەی تایبەت. مەبەست لە فۆکۆس و چەقبەستنی ساتی تێ ئەپەڕێت و ئاستێکی قووڵتری پابەندبوون لەخۆ ئەگرێت.

**سەرنشین:** ناو ئەوەی لە کەرەستەیەکی گواستنەوەدا دائەنیشێ.

**نشین:** پاشگر پاشگری جێگەی دانیشتن {خواجانشین، خێوەتنشین} هەروەها کەسێک کە لە جێگەکەیەک دائەنیشێ {دێنشین، سەرنشین، کرانشین}؛ کەوشەنی دەسەڵات {میرنشین، شانشین، قەشەنشین}، لە بواری کار و ژیانی کۆمەڵایەتی: {ئەشکەفتنشین، بازێرنشین، باڵانشین، بەرماڵنشین، بیابانشین، تەختنشین، تەکیەنشین، جێنشین، چلەنشین، خانەنشین، خۆشنشین، دورگەنشین، ڕامیاری خۆشنشین،

قالاونشین، کۆچەرنشین، کۆشکنشین، کەنارنشین، گۆشەنشین، لێڕنشین، مەیخانەنشین، نەواقەنشین، هاونشین، هەتاونشین} لە بواری وێژەییدا {دڵنشین} ⇦ **نشینگە:** Immigration ناوی جێگا بەڕێوەبەرێتی کاروباری نیشتەجێ بوون و مانەوە ✪: ئەوانەی نشینگەی وڵاتانی بیانیان هەیە ✪: بە مەرجێک نشینگەی هەرێمی کوردستانیان هەبێت N Utlendingsdirektoratet ع مديرية الهجرة د اداره مهاجرت.

⇦ **ئاونشین:** float plane ئامراز ناو فڕۆکەی ئاونشین، جۆرێک فڕۆکە کە بۆ نیشتنەوە و هەڵسان و نیشتنەوە لە سەر ساز کرابێ. ع طائرة عائمة N flytefly د هواپیمای شناور. ⇦ **فڕۆکەی خاکئاو:** Amphibious aircraft ئامراز ناو. ع الطائرات البرمائية N Amfibiefly د هواپیمای دو زیست.

⇦ **جێنشین:** ناو کەسێک کە لە جێگەی یەکێکی تر دابنیشێ. جێگری شارەوان ⊕ خالّ.

⇦ **چلەنشین:** recluse ئابیننا‌سی ئاوەڵناو خەڵوەکێش. ع منعزل N asketisk د رياضت كش.

⇦ **خۆشنشین:** ناو ئەو بەشە لە دانیشتوانی گوند کە نە داژدار و نە جووتیارن.

⇦ **ڕامیاری خۆشنشین:** carpetbagger ڕامیاری ناو کەسێکی دەرەکی و غەوارە، کە ئەچێت بۆ ناوچەیەک دوور لە نشینگەی خۆی بە مەبەستی خۆهەڵبژاردن لە بەرامبەر ڕامیارە بوومییەکاندا.

⇦ **شەونشین:** ناو شەوبێدار، کەسێک کە بە شەو کار ئەکات یان حەزی لە شەوگەڕ بێت.

⇦ **قالاونشین:** ناو چوڵایی بن پاساری نێوان دوو کاریتە لە خانووی گوندیدا.

⇦ **کۆچەرنشین:** colony ناو کۆڵۆنی.

**کەنارنشین:** ناو مەردمی نیشتەجێی سەرئاو و قەراخ زەریا.

**گۆشەنشین:** reclusive ناو دوورەپەرێز، گۆشەگیر. ع منعزل N tilbaketrukket د منزوی.

**لێرنشین:** forest dweller ناو مەردمێک کە لە لێرەوار ئەژین و بۆ دابینکردنی بژیو و پاراستنی سازەی کۆمەلایەتی و شوناسی فەرهەنگی و داب و نەریتی خۆیان بەستراون بەو ژینگەیەوە.

**هاونشین:** ناو هاودەم و ئامرا، ئامنشین.

**سەرنموونە:** archetype ناوی‌لێکدراو ئارکیتایپ، نموونەی یەکەم، نموونەی ئاسایی کەس یان شتێکی تایبەت، نموونەی تێروتەسەل و بێخەوش. ع النموذج الأصلي N arketype د الگو.










**سەرنۆگە:** ناوی‌لێکدراو ئەفسەری کێشک، یاوەر، سەرپاسەوان. ع ضابط احتفالي، ضابط الحراسة N betjent ledsager د مأمور تشریفات.

**سەرۆ:** inspiration ناو سرووش، گۆوار، بەدلداهاتن، دەم. ع وحي، الهام N inspirasjon د الهام.

**سەرۆبەخش:** ناوی‌لێکدراو ئیلهامبەخش. سەرۆ: ئیلهام، گۆوار.

**سەرۆکی نووسینگە:** ناوناو رامیاری رۆژنامەوان گەران-٦ مەبەست دنیس پاسکیر Le chancelier Étienne-Denis Pasquier {١٧٦٧-١٨٦٢} رامیار، سەرۆکی نووسینگەی پێڕ و ئەندامی ئاکادیمی، دۆستی خاتوو دو بوانی بوو.

**سەرواز:** ❶ healthy تەندروست ئاوەڵناو تەندروست، سەرازا، گیانوەش. ع صحي N sunn ع سالم. ⇐ **سەرواز:** happy ئاوەڵناو [ سەر+واز] لەسەر واز، بەکەیف، گوربزە.

**سەروان درەیفوس:** Captain Alfred Dreyfus ڕامیاری کێشە ئەفسەری جوولەکەی سپای فەرانسە بوو، لە ساڵی ١٨٩٤ تاوانی دەسەڵاتدارێکی سپایان خستە ئەستۆی و بە تاوانی سیخوڕی بۆ ئاڵمان سزایان دا و دووریان خستەوە بۆ دوورگەی شەیتان، هەتا ساڵی ١٩٠٦ کە بێتاوانییەکەی سەلما و بەردرا. گیرانی ئەم ئەفسەرە بە کێشەی درەیفوس: Dreyfus affair بەناوبانگە و دەنگ و هەرایەکی زۆری لێکەوتەوە. ئێمیل زۆلا لەسەر دژایەتی بڕیاری دادگا یەک ساڵ گیرا و لە ساڵی ١٨٩٨، سێسەد کەس لە نووسەران و ڕووناکبیران بە دەرکردنی بەیانی ڕۆشنبیران دژی بڕیاری دادگا بوونەوە. پرووست لە ٧ تا ٢٣ی فێبریوەری ١٨٩٨ لە دانیشتنەکانی دادگادا بەشداریی کرد. گوزارشتی ئەم دانیشتنانە لە ژان سەنتۆی Jean Santeuil دا هاتووە. ⇐ کێشەی دەریفوس. ⇐ زۆلا و دادگا.







**سەروبەچک:** aspect ناوی لێکدراو سەرووسەکوت، سەروپۆتەڵاک، پۆتەڵاک، سەرووسیما، تەشک و ڕەخت، تەشک و بەرگ، ڕەواڵ، سەروگوێلاک، قەڵافەت، کەسمە، ئەدگار د سر و وضع. ⇐ بەچک واتە بیچم، کەسمە، ڕواڵەت، سەکوت.

**سەروپێچ:** turban پۆشاک ناو جۆرە تەنراوێکی ناسکی ڕیشکەدارە، ژن و پیاو لەسەری ئەنێن. ع شملة عمامة N turban د عمامة.

**سرکەیی:** کووتاڵ ناو کووتاڵێکی ئاورێشمی تەنکە، ژنان بەسەر خۆیانیدا ئەدەن.






**سەروتار:** leading articles ناوی‌لێکدراو وتاری بەرجەستە، وتاری سەرەکی لە دەقە ئاڵمانییەکەدا بە ئینگلیزی نووسراوە.

**سەرودەر:** knowledge ناو زانست، تێگەیشتن و سەرلێدەرکردن. ع معرفة، فهم و ادراک N kunnskap د معرفت.

**سەروساخت:** collusion ناو ساخت‌وپاخت، کەین‌وبەین، هاوکاری یان پیلانی نارێسایی، بە تایبەت بە مەبەستی کلاوبازی یان هەڵفریواندن. ع تبانی N samarbeid د تبانی.

**سەرووبەرنامە:** extracurricular پەروەردە کردەی تایبەت ئاوەڵناو ئەو چالاکیانەی لە فێرگە یان کۆلێژ کە جگە لە خولی ئاسایی خوێندن ئەنجام ئەدرێت: نـ: چالاکیەکانی سەرووبەرنامە بریتین لە وەرزش، دراما، موزیک و شەترەنج. ع لا منهاجي N utenomfaglige د فوق برنامه.

**سەروە:** lamentation شینگێڕی داب‌ونەریت ناو سەردۆلکە، لاواندنەوەی مردوو بە بەستە و ئاواز. ع رثاء N sorg د نوحه.

**سەروور:** chieftain ئاوەڵناو سالار، سەرگەورەی خۆشەویست، کەسێک کە کۆمەڵێک خەڵک بڕوایان بە سەرۆکایەتی و باڵادەستی و سەرپەرشتیاری ئەو هەیە. ع زعیم N høvding د سرور.

**سەروور:** numerator سەربەخۆیی خەبات ناو لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بە واتای سەربەخۆییخوازی ڕاشکاو و بێپێچوپەنا و دامەزراندنی دەسەڵاتی نیشتمانی و سەرووەری نەتەوەیی کوردستان بەشداران و ئەندامان بە فەرمی یەکدی بە وشەی «سەروور» بانگ ئەکەن، کە ڕاستەوخۆ هاوڕێ و هاوبیری هاوخەبات ئەگرێتەوە. سەرووەران، سەربازی ڕاستەوخۆی سەربەخۆییخوازیین بە مەبەستی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ و، لەم کوردستانەدا هەموو چین و توێژێک دێنە کایەی خەباتی ڕامیاری خۆیان و دەسەڵاتی ڕامیاری خۆیان لە کۆماری کوردستان و لە بەرژەوەندی کوردستان بەدی ئەهێنن. ع رفیق حزبی N kamerat د سرور. بەشدارانی بۆچوون و چین و توێژە جیاکان بەم ناوانە یەکدی بانگ ئەکان:

- کۆمۆنیستەکان: هاوڕێ. {نوێنەری چینی کرێکار.}
- دیمۆکراتەکان: هەڤاڵ. {نوێنەری وردەبۆرجوازی.}
- نەتەوەخوازەکان: هاوبیر. {نوێنەری شەرمنی کوردایەتی.}
- سەربەخۆییخوازان: سەروەر. {نوێنەری ڕاشکاوی سەربەخۆیی.}

**سەروون:** پۆشاک ناو سەرپۆشی هەوری و سرکەیی ژنان، لە شێوەی زۆر نەخشاو شێوەدار، بە سادە و یان ڕازاوە بە خشڵی جۆراوجۆر بە گوێرەی ناوچەکان ئەبەسترێ. هەر هەموو جۆرەکان بە خشڵ و بێ خشڵ بۆ جوانیی و مەبەستی داپۆشین و داپۆشاندن نییە.

- **سرکەیی:** پۆشاک ناو پارچە ئاورێشمێکی بە گوڵ نەخشێنراوی وەک گوڵ قولایی، زۆر نیان و تەنکە ژنان دەیبەستن بە سەرەوە.
- **هەوری:** پۆشاک ناو کووتاڵێکی ئاورێشمینی چوارگۆشەیە، ئەوەندە

نیان و ناسکە لە «هەور» ئەکات، بە گوڵی ڕەنگنامەی وەک گوڵ قلاپی نەخشێنراوە. ◀ کوتاڵێکی دەستکردی نیان و ناسکی بە کێش سووک و بە بایی گرانە. بە قەوارەی لاکێشێکی بەرینایی ٥٫١ میتر و درێژایی ١٢ تا ٢٠ میتر دەتەنرێ. لە چوار لاوە پەراوێز و لە ناوەوەش نەخشی گوڵ قولاپی لە سەرە. کەمتر دەشۆرێ و ئەبێ بە شێوەی تایبەتی خۆی شیو بکرێت. تەنیا بۆ پشتێندی ژنان کەلکی لێوەردەگیرێت (دیارە لە موکریان). ڕەنگەکەی سروشتییە و بە توێکڵی گوێز و پیواز و هەندێ ڕووەک ڕەنگ دەکرێ، هەر چەند کاڵ و توندی هەیە، بەڵام هەموو دەچنەوە سەر قاوەیی. هەوری تەنیا کوتاڵێکە دەکێشرێ و بە مسقاڵ دەفرۆشرێ. خشڵ و پۆشاک

**وێنە:** ١.سەروەنی کچانی کرماشانی: کەڵهور و گۆران و لەک؛ ٢. باڵابەرز؛ ٣.هەڵپەڕکێی کچانی سەروەن بەسەری کرماشانی.

**ن:** خانم خانمی، خرخاڵ وە دەست

گـــوڵێ ها وەبـان ســـەروەنی




**سەرە:❶** ئەدگار ناو خۆ بەشت زان، پێگەیشتوو، نیوەپیر **ن:** سەرەژن، سەرەپیاو.

**سەرە:❷** problem form بیرکاری شێوەی هێنانەئارای پرسیار و کێشەی بیرکاری. ع شکل مسئله N problem beskrivelse د صورت، صورت مسئله.

**سەرە:❸** numerator بیرکاری ناو ژمارەدەر، ژمارەی سەرەوەی هێڵەکە لە بڕکەرەوەدا، کە نیشانی ئەدات چەند لەو بەشانەی کە بە بڕکەرەکە ئاماژەی پێکراوە وەرگیراون. **ن:** ٣ قاش لە {٣/٤}ی بڕکەرەوەی پیتزایەک ماوە. ع البسط N teller د صورت کسر، سەرەدەر و ژێرەدەر.

⟻ **سەرە و ژێرە:** numerator and denominator بیرکاری ژمارەدەر و بڕ ع البسط والمقام N teller og nevner د صورت و مخرج.

⟻ ژێرەدەری هاوبەش: denominator common.







**سەرەبڕشت:** cut ناوی لێکدراو بڕشت، کووتاڵی سەرەدوێرد، ئەو پارچە بچووکانەی کووتاڵ کە کاتی بڕین زیاد ئەبێ و ئەمێنێتەوە و بەرگدروو فڕێیان ئەدا. ع قطع زیادة N skjære د برش زیادی.





**سەرەتای پڕواتا:** ingenuity initiation ویژە شێواز ناوی لێکدراو بە شێوازێکی

جوانکاری وێژەیی دائەنرێ. بێژەر یان هۆنەر سەرەتای چامەکەی بە شێوەیەک ئەهۆنێتەوە کە ناوەرۆکێکی گشتی هۆنراوەکە ئەدا بە دەستەوە و خوێنە هەر لەو چەند دێڕەی سەرەتاوە کاکڵی سەرەکی مەبەست تێئەگات. [ع] براعة استهلال [N] oppfinnsomhet initiering [د] براعت استهلال. ن: سوارە، لە هۆنراوەی هەڵۆداتوانیوێتی بۆ ڕپواتاکردنی بابەتی سەرەکی بە گوێرەی زانستی جوانکاری سەرەتای ڕپواتای بۆ بنووسێ و تەنها بەو چەند دێڕەی سەرەتا واتا و ناوەڕۆک و پەیامی سەرەکی تێکڕای هۆنراوەکە بگەیەنێ:

پایـزە دار و دەوەن بێ بەرگــــە ~ دڵ پەشـۆکاوی خەیاڵی مەرگــە
هەر گەڵایەک کە لە دارێک دەوەرێ ~ نووســـــراوێکە بە ناخۆش خەوەرێ
تاو هەناوی نییە وا مات و پەشێو ~ لەشـــی زاماری دەکێشێتە نشێو
ڕۆژپەڕە، ساردە، کزی بای زریان ~ کاتە بۆ ژینی لەدەسـچوو گریان
سوارە

**سەرەتاییناسی:** primatology [زانست] سەرەتاکناسی، پریماتۆلۆژی. ئەو لقەی ئاژەڵناسی تۆژینەوە لەسەر سەرەتاییەکان دەکات. [ع] علم الرئيسيات [N] primatologi [د] نخستی شناسی.










**سەرەڕۆ:** tyrannical [ئاوەڵناو] خۆسەر، لاسار، ملهوڕ [ع] مستبد [N] tyrannisk [د] یکه دنده.

**سەرەند:** riddle, big sifter [کەرەستە] [ناو] کەرەستە یان ئامێرێکە بۆ دابێژین یان بۆ جیاکردنەوەی بچووک و گەورە، وەکوو سەرەندی خۆڵبێژان، یان

سەرەندی جیاکردنەوەی پەتاتە و پیاز و تەماتە و گوڵەبەڕۆژە و ... ٤
منخل کبیر N stor sikt د سرند. ☜ بێژنگ ☜ هێڵەک




**سەرەنێزەی شکاو:** Broken Lance سینەما فیلم فیلمی وێستێرنی ئەمریکایی ١٩٥٤، دەرهێنانی ئێدوارد دمێتریک.




**سەرەنێزەی هۆشمەند:** baïonnettes intelligentes دەستەواژە هێمایی کینایە ١٨ی برۆمێر لە دەقە ئاڵمانییەکەدا بە فەڕانسەیی هاتووە. درێژە

تیۆری سەرەنێزەی هۆشمەند پەرپەرچدانەوە و ڕانەپەزاندنی فەرمانێکی بە ئاشکرا ناقانوونییە.بە واتای سەرباز (سەرەنێزە)ێکە ئامادە نییە فەرمانی نارێسایی جێبەجێ بکات، چونە تەنانەت سەربازبوونیش، ناتوانێ وای لێ بکات وێژدان و خودئاگا و کردەوەی ڕەوشتی خۆی پێشێل بکات.)



**سەرهەژێن:** vertiginous ناو گێژکەر، پیر، مایەی سەرلەگێژەوە هاتن و سەرسووڕان، هێمایر سەرسووڕهێنەر. ع دائخ N svimmel د گیج کنندە.

**سەرهەڤ:** ناوێکدراو بەتێکڕایی، سەرجەم.

**سەرهەڵگرتە:** ناوی‌فەرمان تێگرتنی بەرز لە یاری مێشێنێدا پێی ئەوترێ سەرهەڵگرتە، پێچەوانەی خشکەیی کە دەسکەللاکە بە سەر عەرزەکەدا ئەڕوات هێمایر هاویشتنی هەر شتێک بە بەرزی، کە بە شێوەی کەوانی بەرز ئەبێتەوە و پاشان دادێتەوە بەرەو نیشانە.

**سەرهەنگ:** سەربازی پلە پلەیەکی سەربازییە بە واتای فەرمانده‌ی ١٠٠٠ سەرباز.

**هەنگ:** ① پۆل، دەستەی گەورە، شەڵخە، ئاپۆرە. ن: مێشەنگ بە واتای ئاپۆرەی مێشە.

**هەنگ:** ② یەکەی سپایی (پەل، کەرت، تیپ، گوردان، هەنگ، هێز، لەشکر) هەروەها سەرپەل، سەرتیپ، سەرگورد، سەرهەنگ و سەرلەشکر.

ریشەناسی سەرهەنگ [سەر+ هەنگ] سەرۆکی مێشهەنگوینان و هەروەها، پلەیەکی سەربازی و پێشمەرگایەتییە بە واتای فەرمانده‌ی هەزار سەرباز یان پێشمەرگە ن:

ئەلەرزێ دڵ لەبەر سەرهەنگی چاوت
لە ڕووتا برۆ شمشێری ڕووتە
(سالم)

پێشەنگ: [پێش+ هەنگ]
سەرهەنگ: [سەر+ هەنگ]
گوڵەنگ: [گوڵ+ هەنگ]

مێشەنگ: [مێش+ هەنگ]

مێشهەنگوین: [مێش+ هەنگ+ ئەنگەبین]

هەنگەمین: [هەنگ+ مین: شیلە، دۆشاو]

**سەرهەنگ بێرنارد:** Bernard Pierre Magnan ئەفسەر سەرگوتنگەر {١٧٩١ـ١٨٦٥} سەرۆکی لیژنەی سەربازیی بەرپرسی سزادانی بەشدارانی راپەرینی جونی ١٨٤٨ی پاریس. پاش کودێتای ٦ی دێسەمبەری ١٨٥١ لە سەرانی سەرکوتکردنی کۆماریخوازانی دژی بۆناپارتیزم بوو. بۆناپارتی سێیەم کردی بە سەناتۆر و پلەی مارشاڵی پێ دا.





**سەرهێزە:** arc rib نژیارقانر ناو سەرهێرە، سەرکەللەی کەوانی پرد و تاق و پەنجەرە و دەرگا. ع قوس N Bue ribbe د قوس. ⇦

**هێرە:** نژیارقانر ناو ریزە خشتی قەراخی بان، بێلاَیی.







**سەرهێڵ:** online ئاوەڵکار پەیوەندی بە هێڵێکی تۆری دەرەکییەوە هەیە. ع عبر الانترنت N på nett د برخط ⇦ **دەرهێڵ:** offline ئاوەڵکار

بەستراوە بە کەمپیوتەرەوە، بەڵام پەیوەندی بە هێڵێکی تۆڕی دەرەکی ئینترنێت و ئینترانێتەوە نییە ⇦ **ژێرهێڵ:** underline ناو هێڵێک کە بەژێر شتێکدا ئەکێشرێ وەک وشە یان رستە بۆ جەخت و دیاریکردن.




**سەرێڵ:** Maurice Sarrail ژنراڵ (١٨٢٥ـ١٩٢٩)ژنراڵی فەرەنسەیی لە جەنگی جیهانی یەکەم.



**سەرێنی:** duration ناو کاتی بوونی کەسێک لە دارەت و دۆخێکدا، ماوەی ژیان. ع المدة الزمنیة N varighet د مدت زمان. ⇦ **بەسەرێنی:** لە کات و شوێنی خۆیدا.

**سەری دنیا و بنی دنیا:** ئاماژە بووبیەر گلەییکردنە و، ئەماژەیە بە ساڵانی ١٣٠٨ تا ١٣٧٧ کە بارەگای پاپا لە شاری ئاڤینیۆنی Avignon فەرەنسە بوو، نەک لە رۆما.

**سەری ژۆناتان:** ئایینوئەفسانە ئینجیلی کوردی، مەتتا، بەشی ١٤ برگەی ٣ـ١٢، لە جەژنی لەدایکبوونی هێرۆدیسدا، سالوومە سەمای بۆ کرد

و شادمانی کرد. هێرۆدیس وتی چیت ئەوێ. سالوومەش لەسەر ئامۆژگاری دایکی، وەک دەستخۆشانە داوای سەری ژۆناتانی پیرۆزکەری John the Baptist کرد. ئەوە بوو سەری جان یان ژۆناتان یان یەحیایان، لە زیندان بڕی و لە سەر سینی هێنایان بۆ سالوومە.





**سەقامگیر :** impervious ئاوەڵناو تۆکمە، خۆگر، پتەو، سفتوسۆڵ؛ بێچرکە. ع محکم N ugjennomtrengelig د نفوذ ناپذیر.

**سەقز :** Saqqiz ناوی تایبەت سەقزی ١٩٦٨، جەنابی میرزا سمایلی شاسواری لە بەردەم تابلۆی ڕەقەبواری سەقز بۆ بانە، دانیشتوان ١٥٥٠٠ کەس و ماوەی هەتا بانە ٦٦ کیلۆمەتر.





**سەکرستیا**: sacristy پیرۆزگە پیرۆزگە، ژوورێکی بچووکە لە کلیسا کە قەشە خۆی لەوێ ئامادە دەکات و هەروەها جلۆبەرگی فەرمی و شمەکی پیرۆز لەوێ ڕائەگیرێ.





**سەکستانت**: Sextant ئامێر ناو بەرزپێوی خۆر، ئامێری پێوانی بەرزی خۆر، پێوەری بازنەی گۆشەیی، ئامێری دیاریکردنی شوێنی کەشتی لە زەریا، لە ڕێگەی پێوانی بەرزی گۆشەیی ئەستێرەوە، کە کەشتییەوانان بەکاری ئەهێنن. گۆشەی نێوان دوو تەنی دیار دیاری ئەکات و گۆشەی تەنی ئاسمانی و ئاسۆ ئەنوێنێتەوە.















**سەکۆ**[1]: scene شانۆ ناو تەختەی شانۆ، گۆرک، ناوگۆرگ، پانایی، تەختایی چکۆلە. ع صحنة، صحن N scene د صحنه.

ن: سەکۆی شانۆ: صحنه تئاتر

ن: گۆرکی دادگا: صحن دادگاه. G هەنبانە بۆرینە G کاوە G شێخانی

**سەکۆ:**❷ podium دەستەواژەیەکی قانوونییە. پێدانی سەکۆ، بە واتای دانی دەرفەتە بە سزادراوێک تا بچێتە سەر ئەو سەکۆیە و جارێکی تر ڕاستەقینەی پەروەندەکەی بڵێ و داوای پێداچوونەوە و بڕیاری تازەی دادگا بکات.

⇦ **نەرمی:** leniency ئاوەڵناو نەرمی نواندن؛ چاوپۆشی، داشکاندنی سزای تاوانکارێک کە پارمەتی دەسەڵاتی داوە ؛ داخوازی دادیار لە دادگا چاوی لە تاوانبار بێ و سزای کەمتری بۆ ببڕێتەوە.






**سەکوت:** aspect ناو بیچم، سەروبەچک، تەشک و ڕەخت، تەشک و بەرگ، ڕەواڵ، سەروگوێلاک، قەڵافەت، کەسمر، ئەدگار د سر و وضع.

⇦ بەچک واتە بیچم، کەسمر، ڕواڵەت، سەکوت.

⇦ سەروسەکوت.

**سەگ بە مانگ وەڕین:** پەیوەند هەڵوێستی نەشیاو وەرگرتن لە ڕووی لاوازیی کەسایەتی و ئێرەیی و بڕوابەخۆ نەبوونەوەیە. ◀ داگیرکەری بێویژدان ئەوەی لا بەس نییە وڵاتێک داگیر بکات و تاڵانی بکات، بەڵکوو ڕێگە بە خۆی ئەدات سووکایەتیشی پێ بکات. بۆ وێنە لە وێنەی خوارەوە، دەستی ڕاست، کوڕانی حەسەن کاشی کە خۆیان دواکەوتووترین نەتەوەی سەر عەرزن، تەنها نەتەوەیەکن خۆیان بە گوێرەکە ئەزانن و بڕوایان وایە ئەبێ یەکێک لێیان بخوڕێ، کەچی لەویەڕی داماوی و خوێڕیەتی و ئێرەییدا خۆیان لە کورد بە باشتر ئەزانن و شەرواڵی کوردی بە شوورەیی!

## بەوە ئەڵێن سەگ بە مانگ وەڕین!









**سەگڵاوک:** seal ئاژەڵ ننن پەردەپێ، سەگاو، سەگی ئاوی، جۆرێک گواندارى گۆشتخورى پەردەپێی نیوەئاوی و بە زۆری زەریایین. ع زعنفيات الأقدام N seler ف فک.








**سەگورگ:** Alsatian dogs گیاندار ناو wolfhounds یان chiens_loups

١ـ وەچەی دووڕەگەی گورگ و سەگ ٢ـ سەگێک کە بۆ ڕاوە گورگ

بەکار ئەهێنرێ ٣ـ ئەو کەروێشکانەی کە بە هۆی سەگەوە پاسداری ئەکرێن ٤ـ سەگی ئاڵزاسی یان سەگی ناوچەی ئاڵزاس ☜ ئاڵزاس.





**سەگی دۆزەخی:** hellhound گیاندار شێوەزانست ئایینوئەفسانە ناو ئەهریمەنێکە لە ڕواڵەت و جەستەی سەگدا. سەگێکی بانسروشتی وەڕارەییە، وەک گیاندارانی تری دۆزەخ ئاگرینە، چاوی سوور یان زەردە، هەرکەس سێ جار چاوبڕێتە چاوی بە مسۆگەر ئەمرێ. ع كلب الجحيم N Helvetinkoira د سگ جهنمی.

☜ **سەگی دۆزەخی:** Hellhound فیلم فیلمی سینەمایی ٢٠٢٤، دەرهێنانی جاشوا دیکسن، بەشداری لویس ماندیلۆر Louis Mandylor.







**سەگی هەوشار:** گیاندار ناو لە بەهێزترین و ڕەسەنترینی ئەو سەگانەیە لە کوردستان بەخێو ئەکرێن، ڕەچەڵەکیان بۆ ناوچەی «پشدەر» ئەگەڕێتەوە لە باکوری خۆرهەڵاتی سلێمانی، هەر لەبەر ئەوەشە هەم «سەگی پشدەر» و هەم «سەگی هەوشار»یان پێئەوترێت. ئەم

سەگە زۆر بەهێزە و باڵایەکی بەرزی هەیە، یەکێکە لە سەگە دڕەکان، زۆربەی کات بۆ کاری شوانی بەکار ئەهێنرێت لەبەر ئەوەی بە ئاسانی ئەتوانێت ڕووبەڕووی گورگ ببێتەوە. سەگی هەوشار هەبووە نرخی لە ٣٠ هەزار دۆلار تێپەڕیوە.

فازیل شۆڕەو (٦٧ ساڵە) کە شارەزای تۆخمەکانی سەگە و لە هەمان کاتدا مامۆستای زانکۆشە، ئەڵێت: «سەگی هەوشار سەگێکی ڕەسەنی کوردییە و لە دێرزەمانەوە هەر لە کوردستان بووە».





**سەلاحەدین:** Saladin **سوڵتان** **سەرلەشکر** ئەبوو موزەففەر یووسفی کوڕی ئەیووب ناسراو بە سەلاحەدینی ئەیووبی (١١٣٧ـ ١١٩٤) کوردێکی سەرلەشکری موسڵمان و دامەزرێنەری فەرمانڕەوایی ئەیووبی بوو لە میسر. لە دژی فاتمیان و لە دژی خاچپەرستان جەنگی کردووە، لێبوردە بووە بەرامبەر بە دوژمنەکانی. ◀ مێژوونووسی مەزنی کورد سۆرانی حەمەڕەش نووسیوێتی: «بەڵێ سەلاحەدین دەوڵەتی کوردی دروست کرد. دەوڵەتەکەی لە سەرچاوەی مێژووییدا لەلایەن بێگانەوە بە "**دەوڵەتی کوردی**" ناوی هاتووە و پادشاکانیان بە "**ملوک الاکراد**" ناوبراون.» ◀ لە پەرتووکی دێکامێرۆن یان هەگبەی سەد چیرۆک، نووسینی جیۆڤانی بۆکاچیۆی ئیتالیایی وەرگێڕانی سیامەند شاسواری، کە لە سەدەی چواردە نووسراوە و بە باوکی هەموو ڕۆمانەکان دائەنرێ، لە هەموو جیهانی کورد و ئەمازیغ و تورک و ئێران و عەرەب

و ئیسلام ئەمازەی تەنها بە یەک کەس داوە و سێ چیرۆکی سەربەخۆی لێ گێڕاوەتەوە، ئەویش سەلاحەدینی ئەیوبییە!

☜ مێژووی دەوڵەتی کوردان ☜ مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد ☜ دێکامێرۆن




**سەلار:** polite ئاوەڵناو بەوێژە، تێگەیشتوو، دابزان، خاوەنفەرهەنگ، ڕێناس. [ع] مؤدب، مثقف [N] høflig [د] مؤدب. ⇐ **بێوێژە:** ڕێلاس، نەسەلار. ⇐ ڕێناس و ڕێلاس.

**سەلک:** head, lump, bulb, edible root, heart (lettuce) ناو سەری مرۆڤ و ئاژەڵ؛ بنکی خڕی هەندێ گیا، وەکوو: ن: پیاز و توور و شێلم و چەوەندەر؛ هەر شتێکی خڕ هەڵدراوی پڕ بەمشت، وەکوو: ن: سەلکە ترخێنە، سەلکە ڕەژی، سەلکە پەنیر. [ع] الرأس، البصلة، القلب [N] hode, klump, løk [د] کلە، پیاز.

سەلکەچۆنەر: beetroot

سەلکەپیاز: onion

سەلکەتوور: radish

سەلکەپەنیر: ball cheese

سەلکەشێلم: turnip

سەلکەبزووت: firebrand



**سەلماندن:** affirmation چاوگی تێپەڕ بەڕاست گێڕان ڕەوتی پاتەکردنەوە بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوە. ع تأکید N bekreftelse د تأیید، تصدیق، اثبات کردن.

**سەلماندنی ناڕاستەوخۆ:** Proof by contradiction بیرسا شێواز ناکۆکی، دژبەری، هاودژی؛ بە لاتین ئەکاتە reductio ad absurdum لەم شێوازەدا بۆ ئەوەی بیسەلمێنین دۆزێک ڕاستە، ئەیسەلمێنین کە پێچەوانەی ئەو دۆزە، واتە دژەکەی ناڕاستە و گریمانێکی وەها ئەبێتە هۆی ناکۆکی. لە لۆجیکدا تێکۆشانێکە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ئەگەر گوزارەیەک لە کۆتایی خۆیدا بەرەنجامی ناکردە و بێواتای ئەبێت، کەواتە ناتوانێت ڕاستەقینە بێت. ئینگلیزییەکەی واتە «سەلماندن بە گەیشتن بە ناکۆکی» بە شێوەیەک پێناسەشە بۆ دۆزەکە.

◄ سەلماندنی ناڕاستەوخۆ، بە زۆری لە سەلماندنی پێچەوانەی دۆزێکدا بەکار ئەهێنرێت و لە دۆزی دوو مەرجیدا بەکاردێت.

◄ لە ژیانی ڕۆژانەشدا، بازەی ناڕاستەوخۆ زۆر بەکار دێت، هەم بۆ تەوزە و تیتاڵی، هەم بۆ بەرپەرچدانەوەی گوتەی خەنیم و، هەمیش لە بواری ڕامیداریدا.

**سەلمێن:** induction بیرسا بیرکاری شێواز پاژەی بینراوەیی بۆ هەڵهێنجانی بنەمایەکی گشتی. ئەگەر پێشمەرجەکان دروست بن، ئەنجامی مشتومڕی لێکچوونەکە دڵنیایە؛ بە پێچەوانەوە، بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی کە خراوەتەڕوو، دروستی دەرەنجامی مشتومڕێکی هاندەر ئەگەری هەیە. ⇦ بەراوردی لە گشتەوە بۆ پاژە و هاندەر لە پاژەوە بە گشت. ع استقراء N induksjon د استقراء.

**سەڵت:** دۆخ ناو زگورد، ڕەبەن، پیاوێک کە ژنی نەهێنابێ.

**سەڵتە:** پۆشاک ناو سەرجلێک لەسەر کەوای ئاودامێنەوە لەبەر ئەکرێ.



**سەما:** dance سەما موزیک ناو دیلان، زەما، لەیز، هەڵپەرکێ، گەران و جوولانی هەماهەنگ لەگەڵ موزیک، بە تایبەت هەستان بە زنجیرەیەک جوولانی دەست و پێ بە دوای یەکدا. ع رقص، دبكة N danse د رقص ⇦ غیاث اللغات: سما بە جۆرێک هەڵپەرکێی لای مازەندەران ئەوترێ ڕیشەناسی سەما زۆر کۆنترە لەو وشەی {سماع}ەی بە واتای {پایکوبی و دست افشانی: هەڵخستنەوە و پلەزیقان} لای خودی عەرەب نییە و، فارس لە کوردیەکە وەریان گرتووە و بەو واتایە بەکاری ئەهێنن. ئەو دوو وشە زۆر جیاوازن، هەندێک ئەیانەوێ وشەی «سەما» لەگەڵ سماع بەیەک دابنێن و بیشێوێنن، بەڵام وا نییە؛

هەرچەند لە کوردیدا چەندین وشەی تریش بۆ سەما هەیە.




**سەمای تەپڵەسەر:** scalp dance سەما داب‌ونەریت ناو ئاماژەیە بە نەریتێکی کۆنی سووورپێستەکانی ئەمەریکایە کە پارچەیەک لە پێستی سەری دوژمنی شکستخواردوویان بە تووکەوە لە بەزمێکی سەمادا ئەگوورا.







**سەمای جیگ:** sailor's jig dance سەمای بەندەری {ئیرلەندی jig: بەندەر} سەمای بەندەری، سەمایەکی بەگوڕ و هەڵخەیە. سەدەی شانزە لە ئورووپا بڵاو بوویەوە و کۆمەڵێک سەمای بارۆکی لێ بەدی هات. ئەمڕۆ بە موزیکی ئیرلەندی سەمای پێ ئەکەن.




**سەمای شازادە ئیگۆر :** **ئۆپێرا** ئۆپێرای ئەلەکساندر بۆرۆدینە Alexander Borodin.





**سەمای مەرگ :** La Danse de la mort **فیلم** فیلمی سینەمایی فەڕانسەیی ١٩٤٨، دەرهێنانی مارسێل کرەیڤن.








**سەمبا :** Marcel Sembat **ڕامیار** **سۆسیالیست** **وەزیر** **نووسەر** (١٨٦٢ ـ ١٩٢٢) سۆسیالیستی فەانسەیی، وەزیری کاروباری گشتی لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم.






**سەمت :** direction ناو لا، ئالی، ڕەخ، ئاراستە، ئاقار، ڕێبازێک کە کەسێک یان شتێک پێیدا ئەڕوات. ع اتجاه N Retning د جهت.







**سەمفۆنی :** symphony موزیک ناو لە ڕیشەیەیڤی chinfonie یۆنانی هاتووە، بە واتای میانەی ئاوێز و هاوساز. پاشتر وەک زاراوەیەک بە زمانی sinfoniaی ئیتالیایی گیرسایەوە، کە گوزارە لە ئەنجامدانی کارێکی موزیک ئەکات بە ئۆرکسترایەکی بچووک. داهێنانەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ هەگبەی باڕۆک Baroque era کە تیایدا فرۆزەی پارچە کارێکی موزیک ئامێراڵی Instrumental piece ئەکات، وەک بەرایە Prelude پێشەکی Overture بۆ ئۆپێرایەک، سترانێک Cantana یان خود سویتSuiteێک.






**سەمفۆنی دو مینۆر :** C Minor Symphony موزیک سەمفۆنی سەمفۆنیی پێنجەمی بیتهۆڤن.







**سەمفۆنی گوندی:** Symphonie pastorale ڕۆمان فیلم ڕۆمانی فەڕانسەیی ١٩١٩، نووسینی ئاندرێ ژید. ١٩٥٨ کراوە بە فیلم.




**سەمک:** remaining ئاوەڵناو خەرتۆک، پاشەرۆک، پاشماوە. ع متبقي N gjenstående د باقی ماندە.

**سەمەد خان:** سەرۆکوەزیر ناسراو بە مومتازوسەڵتەنە (١٨٦٩ـ١٩٥٥) لە سەرەک وەزیرانی پاش مەشرووتەی ئێرانە. لە پاش شەڕی چوار ڕۆژەی تەورێز لە ساڵی ١٩١١ی زاینی کە مەشرووتە خوازەکان شاریان بەجێ هێشت، رووسەکان سەمەد خانیان کرد بە حاکمی تەورێز. ساڵی ١٩١٨ بوو بە سەرەک وەزیرانی حکوومەتی قاجار.



**سەمەرە:❶** ناو کەللەی کورتان، قەڵپۆزی زین ☜ هاشرمە.

**سەمەرە:❷** تەمەرە ناو ڕووداوی دڵتەزێن.

**سەمەرە:❸** extraneous ئاوەڵناو دیاردەی سەیر و سەرسووڕێن، هەژەند، سۆزرەت د شگرف، شگفت N forbløffende ع مدهش، عجیب E astounding, surreal.

**سوریالی :** surreal ئاوەڵناو خاوەن ئەدگاری سوریالی، دیاردەی سەیر و سەرسووڕێن، هەڕەند، سۆزرەت. ع سریالیة N surrealistisk د سورئال.

**سەمەرە و تایبەت :** peculiar سەیروسەمەرە.

**سەمەندەر :** salamander خشۆک ناو خەجۆکە، ئاگرخۆر؛ گیانەوەرێکی ئەفسانەییە بە بڕوای پێشینان لە ئاگردا ئەژیا. ع سمندر N salamander د سمندر.





**سەمەنی :❶** ڕووەک ناو گەنم و نیسکی ڕووای سەر دەوری یان بەگردی بوتڵەوە کە دوو حەفتە پێش نەورۆز ئەیچێنن و دوو حەفتە پاش نەورۆز واتە ڕۆژی سیانزەبەدەر بە هەڵدانی بۆ ناوی چەم بەسەر سەریاندا وەیشوومەی پێ ڕاوئەنێن.

**سەمەنی :❷** خۆراک ناو پەڵۆڵە، خواردنێکە وەکوو هەڵوا، بە ئاردی فەریکەگەنم و ئاوی سەمەنی زیاتر بەر لە نەورۆز ساز ئەکرێ.








**سەن ئەرسەن:** Sint Arsène ئارییستۆکرات خەڵوەکێشتر {لە ٣٥٤ بۆ ٤٥٠} لە ئاریستۆکراتەکانی ڕۆما و لە پێشەوایانی فەلە کە چوو بۆ بیابانی میسر و لەوێ بوو بە خەڵوەکێش.

**سەنا:** Senate دامودەزگا ١٨ی برۆمێر باڵاترین ئەنجومەن بوو لە فەڕانسە کە دەستووری ١٤ی جانیوەری ١٨٥٢، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سەرۆککۆمار دایمەزراندبوو. سەرۆککۆمار ئەندامەکانی دیاری ئەکرد.

**سەنا:** Senate دامودەزگا ئەنجومەنی دەوڵەتی کۆمار و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کۆن، دەسەڵاتی ڕێسادانانی بەدەست بوو لەگەڵ ئەنجوومەنی جەماوەر، بە هاوکاری دەسەڵاتی دادوەری و شورشگێڕەکان.

**سەنا:** Senate دامودەزگا ئەنجومەنی باڵای بچووکتر لە کۆنگرێسی ئەمریکا و زۆربەی وڵاتەکانی ئەمریکا و هی تریش وەکوو فەرەنسا، پاکستان، فیلیپین، ئانتیگوا و باربودا، باربادۆس، ئەرجەنتین، ئۆستریا، ئۆستڕالیا، بەلجیکا و برازیل.




**سەن بارتۆلۆمیۆ:** Saint Bartholomew ئایینناسر پیریار یان ناتانایل یەکێک لە دوانزە یاری عیسا بوو، کە بە هۆی لایەنگریی لە عیسا بە زیندوێتی کەوڵیان کرد و سەرەوخوار لە خاچیان دا. مایکڵ ئانجێللۆ لە فرێسکۆی دادوەری پەسلان، بارتۆلۆمی کێشاوە لە کاتێکدا پێستی خۆی بەدەستەوەیە، زۆر لە پسپۆڕان لایان وایە کە مایکڵ ئانجێللۆ ڕوخساری خۆی لەم ێنەدا کێشاوە.





**سەن بارنۆم:** Phineas T. Barnum نووسەر بەڕێوەبەری سیرک و نووسەری ئەمریکایی چەند پەرتووکی ژیاننامە و چۆن ئەبی بە ملیۆنێر.







**سەن بێرنارد:** Bernard of Clairvaux قەشە بندیکت {١٠٩٠ـ ١١٥٣} دامەزرێنەری کلیسای دوکلرڤۆ، بنکەی ڕێبازی بندیکتی ناسراوی سیسترکان، هەڵایسێنەری خولی دووەمی جەنگی خاچپەرستان، هەرچەند گوایە پەیرەوانی هەموو کاتی خۆیان بە نوێژ و خوێندنەوەی ئینجیل و کارەوە خەریکن.




**سەن پۆڵ:** Saint Paul پیریار (٥ـ ٦٧ز) Apostle Paul پۆڵی نێردراو، پۆڵی پیریار، لە یارانی عیسا و لە یەکەمین دامەزرێنەرانی نەریتی کڵێسایی و ئایینی فەلەگەری، لە سەردەمی نێرۆدا ژیاوە و گوایە ئەویش چوارسەد ساڵ لە دوای گەزەنفۆن، سەردانی ئەو شوێنانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە کە مێژوونووسی یۆنانی بینیونی. ← پیر پۆڵ. ← سەن پۆڵ.






**سەنت ئارنۆ:** Jacques Leroy de Saint_Arnaud ژنراڵ (١٧٩٨ـ ١٨٥٤) ژنراڵی فەرانسەیی، لە ساڵی ١٨٥٢ـەوە مارشاڵی فەرانسە، بۆناپارتیست بوو. ساڵانی ١٨٥١ـ ١٨٥٤ وەزیری جەنگ بوو. یەکێک لە ڕێکخەرانی کودێتای ٢ی دێسەمبەری ١٨٥١. ساڵی ١٨٥٤ لە جەنگی کریمەدا سەرفەرماندەی سپای فەرانسە بوو.

**سەنت ـ ئاندرەی ـ دوشان:** Saint_André_des_Champs کلیسا ناوی کڵێسایەکە ئەکەوێتە بەری مێژەگلێزی کەمبرەیەوە (گەڕان بەرگی١) ← ڕەفتاری «سەنت ـ ئاندرەی ـ دوشان»ی وەکوو ڕەفتار و خووی ناوچەیەکی تایبەت، بۆ وێنە ڕەفتاری پاریسی.



**سەنت ئورسوڵا:** St Ursula شازادە پاکیزە پاکیزەیەکی ڕۆمانۆـ بریتیش بووە کە ئەفسانەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوار و پێنجی زاینی، کچی شاریاری بروتنی فەڕانسە بوو، شای ئینگلیز خواستی بۆ کوڕەکەی. ئورسوڵا کە ببوو بە فەلە، داوای لە دەزگیرانەکەی کرد ئەویش ببێ بە فەلە و بۆ ئەمکارە بچن بۆ زیارەتی ڕۆما. وایان کرد و لە گەڕانەوەدا کاتی گەمارۆی شاری کۆڵن کوژران.





**سەن ئەرسەن:** Sint Arsène ئاریستۆکرات خەڵوەکێش (لە ٣٥٤ بۆ ٤٥٠) لە ئاریستۆکراتەکانی ڕۆما و پێشەوایانی فەلە کە چوو بۆ بیابانی میسر و لەوێ بوو بە خەڵوەکێش.

**سەنت ئیگنانیۆس لایۆلا:** Saint Ignatius of Loyola سەرۆکی دینی (١٤٩١ـ١٥٥٦) سەرۆکی دینی ئیسپانیایی، دامەزرێنەری ژۆزویت یان پەیڕەوانی یەسوع، لە کلیسای کاسۆلیکی.






**سەنت بلاندین:** Saint Blandina ئایینناسی کۆیلە کۆیلەیەکی گەنجی مەسیحی بوو ساڵی ١٧٧ز لەسەردەمی مارکۆس ئورلیۆس لە شاری لیۆن خرایە بەر دڕندە.




**سەنت بێڤ:** ❶ Charles Sainte_Beuve ویژەوان ڕەخنەگر (١٨٠٤ـ١٨٦٩) ڕەخنەگری وێژەیی فەڕانسەیی.




**سەنت بێڤ:** Pierre Sainte Beuve کارگەدار (١٨١٩ـ١٨٥٥) کارگەدار، زەمیندار، لایەنگری ئازادیی بازرگانی، نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێسادانان، گوتەبێژی پارتی تەناهی.




**سەن پریست:** Emmanuel Louis Marie Guignard, vicomte de Saint-Priest ژنراڵ ڕامکار (١٧٣٥-١٨٢١) ژنراڵ، دیپلۆمات، لۆژێتمیست، نوێنەری ئەنجوومەنی ڕێساداان.

**سەنت ژانارێۆس:** Saint J anuariu فیلم ســینەما جیبە یەکێک لە شەهیدانی سەرەتای فەلەگەری. لاشەکەی هێنرایەوە بۆ ناپۆلی، لە کاتێکدا، خوێنەکەی لە شووشەیەکی بچووکدا ڕائەگیرێ. ئەڵێن هەندێ ڕۆژانی دیاریکراو ئەم خوێنە تراو ئەبێتەوە. ئەم بوویەرە لە خولی ئاهەنگی ساڵانەی نیۆپۆلیتەندا ڕوو ئەدات. تێبینی: هیو گرەی







**سەنت ماری دێل فیرۆ:** Santa Maria del Fiore کلیسا کلیسای مەزنی شاری فلۆرانس، سەدەی چواردە و پانزە دروستکراوە، ئەم کلیسایە لە جوانترین نموونەکانی خولی گۆتیکی ئیتالیایە.



**سەنتەنە:** glory ناو دەبدەبە، شکۆ و درەوشانەوە، خۆبادان. ع طنطنە N herlighet د طنطنە. ← **بەدەبدەبە:** pompous ناو بەشکۆ، شکۆدار، بە خۆبادانەوە. ع أبهى N pompøs د مطنطن.

**سەنتین:** Xavier Boniface Saintine ڕۆماننووس شانۆنووس (١٧٩٨ـ١٨٦٥) زاڤیەر بۆنیفاس، شانۆ و ڕۆماننووسی فەڕانسەیی.









**سەن تیۆفیل** یان **چوار کوڕانی ئەیمون:** Saint theophile or The Four Sons of Aymon چیرۆکری گەلەری چیرۆکێکی گەلەری سەدەی ناونجییە سەبارەت بە ململانێی شارلمانی و چوار کوڕی دووک ئەیمون کە سووکایەتیان پێکردبوو. شارلمانی لێیان خۆش ئەبێ بە مەرجێک

بایارد، ئەسپە جادووییەکی خۆیان بدەن بەو. یەکێک لە کوڕەکان بە ناوی ڕێنو، پاش ئاشتکردنەوە وەکوو داوای لێبوردن کلیسای کۆڵنی لە ئاڵمانیا دروستکرد.





**سەنت دیزیە:** Saint_Dizier جوگرافیا شارێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەڕانسە، لە قەراخ چەمی مارن.

**سەنتە:** stealthy ئاوەڵناو دزەدزێو، دزۆک، لەبنەوە، دزێوی پەنامەکی، بەدزییەوە. ع متخفي N snikende د دزدکی.

**سەنتەری ڕاکفێلەر:** Rockefeller Center ناوەندی بازرگانی کۆمەڵەی ١٦ تەلاری بازرگانی و بەڕێوەبەرییە لە مەیدانێکی نێوان شەقامی ٤٨ و ٥١ لە گەڕەکی مەنهەتانی شاری نیۆیۆرک. ئەم مەیدانە ناوەندێکی بازرگانی و توورِیستی دڵگری شاری نیۆیۆرکە.







**سەنج:** cymbal مۆزیک ئامێر ناو ئامێرێکی مووسیقایە، بریتییە لە دەورییەکی

قۆقز مس کە یان ئەدرێن بەیەکدا یان بە دار ئەیزرنگێننەوە. ع الصنج N cymbal د سنج.






**سەندەل کەڵەک:** barge گەمی گواستنەوە گەمییەکی تەختی گواستنەوەی کەلوپەلە کە بە هێزی خۆی یان کەشتییەکی تر ئەڕوا، زیاتر لە کەنار کاناڵ و چەمەکاندا بەکار ئەهێنرێ.







**سەندیکا: ❶** Syndicate ڕۆژئاوا گۆڕانکاری ناو سەندیکا بریتییە لە گروپێکی خۆڕێکخراو لە کەسان، کۆمپانیا یان دامەزراوە کە بۆ هەستان بە هەندێک ئەرکی دیاریکراو، بۆ بەدواداچوون یان بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی هاوبەش، بە تایبەت کرێکاران، پێکهێنراون. ع النقابة N Syndikere د سندیکا.

جۆرەکانی سەندیکا کە ئەوانیش ڕەنگە هەر کامیان چەندین جۆر بن:

- سەندیکای کرێکاران: Labor syndicate

- سەندیکای میدیا: Media syndicate
- سەندیکای بازرگانی: Business syndicate
- سەندیکای فرۆشیاران: Sales syndicate
- سەندیکای دارایی: Finance syndicate
- سەندیکای لاتاری: Lottery syndicate
- سەندیکای دابین (بیمە): Insurance syndicate
- سەندیکای تاوانکاران: Crime syndicate












**سەندیکا:**[٢] ڕوونکردنەوە له ڕۆمانی (گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو)دا ڕێکخراوی لایەنگرانی درەیفوسە و **قاسە**، مەبەست ئەو پارەیە بوو کە بۆ یارمەتی کێشەی درەیفوس کۆ ئەکرایەوە.

**سەندیکالیزم:** Syndicalism خۆڕێکخراو چینایەتی ناو یان Unionism ڕەوتێکە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی ناوخۆیی و کرێکاری و پێشخستنی داواکاری و مافی کرێکاران لە ڕێگەی مانگرتنەوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زۆرترین چالاکی هەبوو، هەروەها لە سەردەمی نێوان جەنگەکاندا کە پێش سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی دووەم بوو. سیندیکالیزم لە ناوەڕاستی بیستەکاندا لە فەرانسە و ئەڵمانیا و بەریتانیا بەرزبوویەوە، بەڵام هیچ لایەنێک نەیانتوانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا سەرکەوتن مسۆگەر بکەن.

ڕێکخراوە گەورەکانی سندیکالیست بریتی بوون لە کۆنفیدڕاسیۆنی گشتی کار لە فەرانسە، کۆنفیدڕاسیۆنی نیشتمانی کار لە ئیسپانیا، یەکێتی

سەندیکالیستەکانی ئیتاڵیا، سەندیکای کرێکارانی ئازادی ئەڵمانیا و فیدراسیۆنی کرێکارانی ناوچەیی ئەرجەنتین. هەرچەندە خۆیان بە سەندیکالیست نەئەزانی. سەندیکای گواستنەوە و کرێکارانی گشتی ئێرلەندا و یەکێتی گەورەی کرێکارانی کەنەدا لە لایەن زۆربەی مێژوونووسانەوە سەر بەم ڕەوتە دادەنرێن.

ژمارەیەک ڕێکخراوی سندیکالیست تا ئەمڕۆش لە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کرێکاراندا پەیوەندیان هەبووە و ئێستاش هەیە، بەڵام هەندێک لە ڕێکخراوەکان بەرەو کۆنفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کرێکاران ڕۆیشتن کە لە ساڵی ٢٠١٨ پێکهێنرا بوو.









**سەندیکای کرێکاران:** Labor syndicate خۆڕێکخراو چیناپەتر ناو یان یەکێتی کرێکاران trade union گرووپێکی خۆڕێکخراوی کرێکارانە بۆ پێشخستنی داواکاری و مافی کرێکاران لە ڕێگەی مانگرتنەوە ع نقابة العمال N Arbeidssyndikat د سندکای کارگران.

**سەن ڕاک:** Saint_Roch کلیسا ناوی کلیسایەکە لە پاریس. مەبەستی جەنابی شال قەشەکانی ئەو کڵێسەیە.

**سەن زێنۆ:** saint zeno of verona کلیسا ئەماژەیە بە نوێژگەی کلیسای سەن زێنۆ لە شاری ڤێرۆنای ئیتالیا، کاری ئاندریا مانتێنیایە. لای سەرەوەی ئەم بەرهەمە هێشتاش لە شوێنی خۆیەتی بەڵام ئەویتری ناپۆلیۆن بردی بۆ فەرانسە و لە مۆزەخانەی لووڤر و توور دانراوە.




**سەن ژان دانژەلی:** Auguste Regnaud de Saint_Jean d'Angély ژنراڵ بۆناپارتیست {١٧٩٤_١٨٧٠} ژنراڵ، بۆناپارتیست، لە خولی کۆماری دووەمدا نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێسادانان بوو، وەزیری جەنگ و لە جەنگی کریمەدا بەشدار بوو.






**سەن ژانی ریش زێرین:** St. John Goldenbeard گۆتە تیتاڵر مەبەست سەنت ژانە کە نیگاری وێنەکەی لە سەر سکەی فلۆرینۆی زێڕ golden florin یان fiorino d'oro فلۆرانسی ئەو سەردەمە هەڵکەنرابوو، واتە پشکنەر بەیرەوی زێڕە.



**سەن ژۆست:** St. Just {١٧٦٧ـ١٧٩٤} مافنـاس ئەفسەر مافناس، سیاسی و سەرکردەی ڕامیاری لەخولی شۆڕشی فەرانسەدا.

**سەن سباستیان:** Saint Sebastian ئەفسەر کاردینال ئەفسەرێکی ڕۆمی بوو کە بڕوای بە عیسا هێنا و لە ئەنجامی ئەم هەڵوێستەیدا گیرا و کوژرا، بۆیشە بووە بە یەکێک لە هێماکانی «شەهیدی ئەشکەنجە» لە فەرهەنگی مەسیحیدا و، لە تابلۆ و پەیکەرەکاندا بە جەستەی تیرئاژن کراوەوە وێنا کراوە.







**سەنسۆڤینۆ:** Jacopo Sansovino نژیارقانان {١٤٨٦ـ١٥٧٠} لە مەزنترین نژیارقانانی ئیتالیای خولی ڕێنسانس.







**سەن سۆڵپیس:** the place saint sulpice گۆرەپان مەیدانێکە لە پاریس، بەرامبەر بە کڵێسایەک بەم ناوە، کۆگاکانی ئەو ناوە ورتکەوپرتکەی

ئایەخیان ئەفرۆشت.




**سەن سێڤرینا :** پێرسۆنا لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانی «دەیری پارما»ی ستاندالە.







**سەن سیمۆن :** duc de Saint_Simon نووسەر لە نووسەرانی ئاریستۆکرات و مەزنی فەڕانسە، یاداشتەکانی دەرباەی لویی چواردە، وەک مێژوو و لە بەڵگە زیندووەکانی ئەو سەردەمەیە.

**سەن سینۆد :** Holy Synod فێرگەی ئایینی سەن سینۆدی پیرۆز، فێرگەیەکی ئایینی بوو لە ڕووسیەی بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧.



**سەن فەرمین:** Saint Fermin of Amiens پیاکیزە لە پاکیزانی فەلەی سەدەی سێیەم.







**سەن کلۆ:** Paris ـ Saint cloud جوگرافیا گەڕەک کۆمۆنێکە لە ڕۆژئاوای پاریس و یەکێکە لە دەوڵەمەندترین گەڕەکەکانی فەڕانسە.





**سەنگریا:** sangria خواردنەوە خواردنەوەیەکی ئیسپانییە لە شەرابی سوو و لیمۆناد و میوە و بەهارات دروست ئەکرێ، سەنگریا بە ڕەنگی سپیش هەیە.








**سەنگوڵ:❶** spoiled ئەدگار ئاوەڵناو لاسار، ڤیرسیچمە، مرۆڤی نەبیس و ڕەفتار دزێو. ع مزعج N bortskjemt د ناباب.

**سەنگوڵ:❷** unpleasant ئەدگار ئاوەڵناو دڵنەگر، ڤێزەون، ناپەسەند، نەشیاو، شتی ناحز و دڵنەخواز. ع غیر سارة N ubehagelig د نامطبوع.

**سەنگەرەکانی خاتوو دو سێڤینە:** Marquise de Sévigné گەڕان-٧ خاتوون لە نامەی ٢٧ ئاپریلی ١٦٨٩ بۆ کچەکەی Marquise de grignan، ئماژەی بە شوێنێک بە ناوی پیکینی Picquigny لە نزیکی ئامیین داوە و، ئەنووسێ: «چارەکە فرسەخێک دووری ئێرە لەشکرگایەکی سزاری لێیە کە هێشتا سەنگەرەکانیان پاراستووە.»




**سەنگەک:** خۆراک نان نـاو جۆرە نانێکە لە ناو فڕنی بە خڕەبەردی بچکۆلە فەرشکراودا ئەبرژێنرێ.




**سەنگەلا:❶** fluctuation ناوی فەرمان هەڵکشان و داکشان، هەڵکشوداکش،

بەرزونزمبوونەوە بە تایبەت نرخی کاڵای پیشەسازیی و بازرگانی.

**سەنگەلا:**❷ swing ناوی فەرمان بزووتنی بە هەر دووک لای ڕاست و چەپـدا؛ لۆڕە، لەرە، هاتوچۆ، لەپـلەپ، هەلوور. ٤ أرجوحة N svinge د نوسان.

**سەن لێژەلێژە:** Léger Saint_Léger هۆنەر ڕامیار یەکێک لە ناوە خوازراوەکانی ئالێکسیس لێژە Alexis Leger {١٨٨٧ـ١٩٧٥} هۆنەرـ ڕامیاری فەڕانسەیی، کە ئێستە بە سەن ژۆن پێرس Saint_John Perse ناسراوە. ساڵی ١٩٦٠ خەڵاتی نۆبلی وێژەی پێبەخشرا.








**سەوخان:** خافڵان، گوێ نەدان بە ئەرک.

**سەوداد:** Saudade ئاوەڵناو سەوداجە، تاسەبار، وشەیەکی بەناوەرۆکی قووڵە لە زمان و کولتووری پورتوگالیدا، بە واتای دارەتێکی دەروونی و هەستێکی نۆستاڵژی و ماتەمین و دڵتەنگی و دڵمەردەیی لە نەبوون یان دووری ئازیز و خۆشەویستێکدا سەرهەڵئەدا، کە ڕەنگە ئیتر پێی نەگەینەوە یان نەی بینینەوە.

وشەی سەوداد هەرچەند پورتوگالییە، بەڵام بە فراوانی لە زمانەکانی تردا بڵاو بووەتەوە، لەبەر ئەوەی کە پێیان وایە تێگەیشتن لە واتای قووڵی ئەو وشەیە تەنها بۆ پورتوگالییەکان ئەلوێ؛ بۆیەشە لە ڕۆربەی زمانەکاندا وەکوو خۆی بەکاری ئەهێنن.

**سەوداد** ناوی یەکێک لە گۆرانییەکانی سێزاریا ئیڤۆرا Cesária Évora گۆرانیبێژی بەناوبانگی خەڵکی وڵاتی کەیپ ڤێردە Cape Verde یان «کەپکەی سەوز»ە. [ع] حزن عمیق [N] savnet [د] غم عمیق [E] deep sadness.







**سەوڵ: ١** cedar ڕووەکی ناو درەختی سەرو، هەموو دارێکی قوچەکی کە بە زۆری تەختەی بۆنخۆش و تۆکمەی هەبێ. [ع] الارز [N] seder [د] سرو.




**سەوڵ: ٢** oar کەرەستە ناو ئاوژەن، پارووی گەمییەوانی کە بە زۆری لە تەختەی درەختی سەوڵ دروست ئەکرێ، سەوڵی کەڵکەوانی. [ع] مجذاف [N] åre [د] پاروی قایقرانی.



**سەوڵ:**❸ cockscomb ناو گوڵی پۆپەکەڵەشێر، گوڵێکە شێوەی لە پۆپەی کەڵەشێر ئەچێ. د گل تاجخروس N hanekam ع عرف الدیک.



**سەوڵێدان:** rowing وەرزش چاوگی تێپەڕ گەمیەوانی، گەمی لێخوڕین، لێخوڕینی گەمی بۆ سەیران یان وەرزش. ع تجدیف N roing د قایقرانی.




**سەوڵۆپا:** erging وەرزش ناوکارا لێخوڕینی گەمی وەرزشی، بەدەست سەوڵ لێ ئەدیت و بە قاچ خۆت ئەبەیت بۆ دواوە و پاتەی ئەکەیتەوە. ع سکل قارب ریاضي N dro sportsbåt د پازدن قایق ورزشی.



**سەوڵ و پەوڵ:** Saul and St. Paul ☜ سۆڵ و پۆڵ.

**سەوزەمەنی:** vegetables ڕووەک ناو سەوزی، ڕووەک یان بەشێک لە ڕووەکێک کە وەک خۆراک بەکارئەهێنرێت، بە شێوەیەکی گشتی وەک هاوڕێی گۆشت یان ماسی، وەک کەوەر و تەرەپیاز و توور و مەعدەنووس و گژنیژ و شملی و کاهوو و...و ع الخضروات N grønnsaker د سبزیجات.




**سەوزیقاورمە:** خۆراک خۆرشت ناو خۆرشت یان شلەیەکی زۆر دارماڵی خۆش و بەچێژە، لە گۆشت و شەش جۆر سەوزی وەکوو کەوەر و تەرەپیاز و مەعدەنووس و شملی و گژنیژ، لەگەڵ لوبیای سپی یان چیتی و لیمۆی وشککراو دروست ئەکرێ و لەگەڵ برنج ئەخورێ.






**سەهرەبەند:** magician ناو تەردەست، شێوەباز، کەسێک کە خاوەنی هێزێکی بانسروشتی یان سەحەرەیە کە ئەتوانێ کار بکاتە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان.




**سەهۆڵشکێن:** Ice hammer ناو چەکوشی نووک تیژی سەهۆڵ شکاندن. ع مطرقة الجليد N Ishammer د چکش یخ.

**تەوری سەهۆڵ:** Ice axe ئامراز ناو تەور یان ئامرازێکی فرە مەبەستە بۆ ڕۆیشتن و سەرکەوتن لە لایەن شاخەوانانەوە بەکارئەهێنرێت لە هەردوو سەرکەوتن و دابەزینی ئەو ڕێگایانەی کە بەفر، سەهۆڵ، یان بارودۆخی بەستووی تێدایە.



**سەهۆڵی نێوانیان تواوەتەوە:** The ice once broken دەستەواژە واتە ئیتر بیوون بە برادەر.

**سەهویر:** shade ناو تۆنەکانی ڕەنگ، تارمایی، سێبەر، سا، سایە، سەهەند، نسێ، ڕەشکە و پێشکە. ع الظل N skygge د سایە.




**سەهەندە❶:** unrest ئاوەڵناو بزۆز، بێئارام. ع مضطرب N uro د ناآرام.

**سەهەندە❷:** perverse ئاوەڵناو لاسار، بێهودە، بەتاڵ، هەوانتە، کەللەڕەق، گوێنەبیس، چەوتبێژ، خۆهەڵکێش، ئاژاوەچی. ع عنید N pervers د لجوج، عنید.

perverse ئاوەڵناو چەوت، لاڕێ، سەرشەق، مارس، گوێنەبیست، نەساز، کەللەڕەق، هەڵە، لادەر. ع عنید N pervers د لجوج، عنید.

**سەی:** Jean Baptiste Say ئابووریزان {١٧٦٧ـ١٨٣٢} ئابووریزانی فەڕانسەیی لە بواری ئابووریی ڕامیاری جەماوەری، شاگردی ئادام سمیس.




**سەیار:** worry فەرمان دڵ لەدوو، چاوەڕوانی و هاییداریی دڵ، کاتێک کەسێکی نزیک بزر دەبێ یان لە هەوێڵدا نامێنێ. ع قلق N bekymre د دلنگران.

ن: دڵم هەمیشە سەیارە: دڵم هەمیشە لەدوویەتی.

**سەید ڕەزا:** Seyid Riza سەرکردەونەتەوایەتی گیانباز {١٨٦٢ـ١٩٣٧} لە

سەرکردەکانی سەرهەڵدانی دەرسیم بوو. ن: وتەیەکی سەید ڕەزا بۆ تورکەکان: «ئێمە بە درۆکانی ئێوە باوەڕمان کرد، با ئەوە ببێت بە وانەیەک بۆ ئێمە، بەڵام ئێمەیش لەبەردەم ئێوەدا سەرمان نەوی نەکرد، با ئەوەیش ببێت بە دەردێک بۆ ئێوە.»








**سەیرە:** goldfinch باڵندە ناو مەلێکی دەندووک کورتی خۆشچڕی وەک چۆلەکەیە د سهرە.







**سەیرە بژی، سەمەرەیە بمری:** Too Weird to Live, Too Rare to Die موزیک ئاڵبۆم ئاڵبۆمی چوارەمی تیپی مووزیکی پاپ ڕاکی ئەمریکایی «پانیک لە دیسکۆ»، ساڵی ٢٠١٣ بڵاو بوویەوە.

I found love where there's no more,
I found you against all odds
We could go against the law
Spend the day playing gods
Taste so sweet I want some more

Sins I'm tired paying for
Lost the battle not the war
Alone I stand Alone I fall
Live just to fight
Another Day Another Life
Our trust in time
Waiting for you is a state of mind
Hard to define
This kind of love we seek to find
I can't decide
Too weird to live too rare to die








**سەیزان:** wine cellar هەمار ناو سەرداڤ، سیاچاڵ، ژێرخانی شەراب و سرکە N vinkjeller ع د سرداب.




**سەیزانەکانی ڤاتیکان:** Les Caves du Vatican فیلم ڕۆمانی ١٩١٤

ئاندرە ژید.









**سەیزوو:** tomorrow ئاوەڵکار ناو سبەی، سۆزی، بەیانی، (سەیزوو)ی ئاڤێستایی هەمان (سبەی)یە کە تا ئێستەش بە فراوانی لە ناوچەکانی سەقز و هەوشار و خورخورە و سەرشیو و فەیزلابەگی و دیواندەرە و تیلەکۆ و هەروەها لە شێوازی (سۆزی) لە سنە و کامیاران و تا باجلانیش... باوە. ع الغد N i morgen د فردا.

ن: ئاوەڵکار سەیزوو ئەتبینم.

ن: ناو سەیزوو بڕیارە ڕۆژێکی تایبەت بێت.

**سەیزووشەو:** tomorrow night ئاوەڵکار بەیانی شەو، سبەی شەو. ع لیلة الغد N i morgen kveld د فردا شب.

**سەیوان:** awning کەرەستە ناو سایەبان، سابات، وەرسا، کووتاڵێکە بە چوارچێوەیەکەوە بۆ دروستکردنی سێبەر لە سەر کۆگە و پەنجەرە و دەرگا و بانیجە و پێشکۆ. ع المظلة N Markise د سایبان.





**سێبەرنامە:** profile سێبەرنامە ناو پرۆفایل، زانیاری هەمەچەشن کە زیاتر پەیوەندی بە کەسایەتی و لایەنی نادیاری دەروونی و ڕەفتاری کەسێکەوە هەیە، لەسەر بناغەی تایبەتمەندی ناسراو. ع الملف الشخصي N profil د مشخصات. ← **سێبەرنووس:** profiler سێبەرنووسـ پسپۆڕێک کە تایبەتمەندی دەروونی و ڕەفتاری کەسێک تۆمار ئەکات بۆ ئەوەی بتوانێ لێکیان بداتەوە و پێشبینی بکات ئەو کەسە لە کام دەستە و پۆل دایە.











**سێبەری سپی:** White Shadows فیلم فیلمی درامای ١٩٥١ی ئاڵمانی.








**سێبەری گومان:** Shadow of a Doubt فیلم فیلمی ئەمریکایی هەژێنەری دەروونناسی ١٩٤٣، دەرهێنانی ئاڵفرێد هیچکاک.







**سێبەرۆ :** ague [ناو] نۆبەتێ، یاوی ناوبەناو، نۆرەتێ، نۆبەتێی مالاریا. [ع] البرداء [N] ague [د] تب و لرز ❂: هەر کەسێ سێبەرم بگرێ، سێبەرۆ بگرێ!

**سێپالۆو :** pyramid [ئەندازە] [ناو] پیرامید، تەنێکی چوار لایە کە هەر لایەکی سێگۆشەیەکە سەرەکانیان ئەگاتەوە یەک. [ع] هرم [N] pyramide [د] هرم، اهرام.










**سێپالۆوی مەکسیک :** Pyramids of Mexico [ئابییناسی] [ژیار] [ناوی جێگا] هەر نەبێ دوانزە سێپالۆوی کەونارا و پێش کۆلۆمبیا لە مەکسیک هەیە کە شیاوی سەردانی گەشتیارانن. ئەمانە بە چەندین شێوەی جیاواز و لە سەردەمانی جیاوازی ٥٠٠٠ تا ٨٠٠ ساڵ پێش ئێستە دروست کردون. لەوانە: ئۆلمێکی، مایایی، تۆلتێکی و ئازتەکی.










**سێپایە ❶:** tripod [ناوی‌لێکدراو] سێپەک، سێپایەی مەشکە. [ع] ثلاثي القوائم [N] Stativ [د] سە پایە.





**سێپایە:** ❷ easel ئامراز ناو چوارچێوەیەکی داری خۆڕاگر، هەروەها بۆ بۆ ڕاگرتنی کاری هونەرمەندێک لەکاتی ڕەنگکردن یان کێشانی شێوەکاری.
ع حامل لقماشة الرسام N staffeli د سە پایە نقاشی.







**سێپشکە :** trifecta تیرووپشک قومار گەمە یان ترایفەکتا گرەوێکی هاوکێشەیە لەسەر پێشبڕکێی ئەسپ دادەنرێت و، گرەوکار دەبێت پێشبینی بکات کامانە ئەسپ بە ڕیز ئەبن بە یەکەم و دووەم و سێیەم. ع ترایفکتا N trifecta د تریفکتا.





**سێپەرە:** ڕووەک ناو باوەشێنە، باڕێزە، بەڕەزا، خەزەرە، قژی کەنیشک،

نێرووک، گوڵدارِوو، کەرەوزە کێویلە، پەلی سیاوەشان، ڕیشی پیرەمەڕان، گیایەکی پایای گەڵا گەورەی بێ دەدانە، خاڵگەلی وردی بریقەداری زەردی لە ژێردایە، لە کەرەوز ئەکا، نزیکەی ٦,٠٠٠ جۆری هەیە. [ع] سرخس [E] fern [د] سرخس.





**سێپ**: rear sight [ناو] کونی سێرەی تفەنگ. [ع] مشهد خلفيِ [N] bakre sikte [د] سوراخ دید.







**سێپەک**: Tripod [ناو] سێپایە، سێپایەی مەشکە. [ع] ثلاثيِ القواءِ [N] Stativ [د] سه پایه.





**سێتاف:❶** ناو سایەی مرۆڤ لەبەر خۆر.

**سێتاف:❷** notion ناو بیرۆکە، شەبەنگ، تەمار، تارمایی، تاپۆ، قەرەنتو. ع فکرة، خیال N forestilling د خیال، تصور.

**سێت بلۆق:** horny, lovelorn جنر هەوەسگەری ژنی ئیشتیا لە گان. ع حب الجنس N kåt, forelsket د حشری E lustihood, Nymphomaniac.

↤ **هەوەس:** lust جنر هەوەسگەری ئالۆش، ئارەزوی هەوەسبازی، ئیشتیا (بەهێزی سێکسی)، کەڵکەڵە، خۆشی. ☜ نیمفۆمەینیاک ☜ سێت بلۆقی.






**سێت بلۆقی:** Hypersexuality فرەخوازی فرەچالاکی جنسی، توانای جنسی لەرادە بەدەر؛ سێت بلۆق بە شێوەی خۆرسک وزەی جنسی باڵای هەیە، بەڵام کەسانی ئالوودەی جنس توانایەکی ئاساییان هەیە.

**سێتە:** ناو سێتا، پەتی سێباد.

**سێدان:** Sedan جوگرافیا ناو شارێکە لە ناوچەی ئاردن لە باکووری فەڕانسە، ٢ی سێپتەمبەری ١٨٧٠ ناپۆلیۆنی سێیەم لەو شوێنە خۆی ڕادەستی هێزەکانی پرووسیا کرد. ئەم خۆبەدەستەوەدانە کۆتایی و ڕووخانی ئیمپراتۆری فەڕانسە بوو.




**سێدەری:** ناوی لێکدراو پەنجەرەی سێ تاک، ژووری سێ پەنجەرە لە سێ ڕەهەندی جیاوازەوە.



**سێر:** plank خانووسازی ناو تەختەداری چوارلا ڕێکی درێژە، لە بیناسازی و تەختەبەستی خانووکردندا بەکاردێ. ع لوح N planke د تختە.

**جەڵغەکردن:** خانووسازی دوو پارچە تەختە بەیەکدا دابکوترێ، لە

تەختەبەستندا دوو پارچە سێڕ بەیەکدا داکوترێ.



**سێڕاکردن:** چاوگی تێپەڕ بەسێڕاکردن، هەمانەکردن و گەڕانەوەی گوللە پاش ئەوەی لە نیشان ئەدات.

**سێڕ ئایزاک نیوتن:** Sir Isaac Newton زانا (١٦٤٢ـ١٧٢٧) ☜ ئایزک نیوتن.




**سێڕ ئێدوارد گرەی:** Sir Edward Grey رامیار وەزیر (١٨٦٢ـ١٩٣٣) رامیاری بەریتانیایی و وەزیری دەرەوە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، لایەنگری کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا.



**سێراس:** Cérès **میسۆلۆجی** یان Keres یان Ker لە میسۆلۆجی یۆنانیدا ماخوای مەرگ و ژیانە.





**سێرافیتا:** Séraphîta **ڕۆمان** ڕۆمانێکی ناندرێ بالزاکە ساڵی ١٨٣٤ بڵاو کراوەتەوە. ڕووداوەکە لە وڵاتی نەرویج لای ستڕۆمفیوورد ڕوو ئەدات. پێچەوانەی زۆربەی بەرهەمە ڕیالیستیەکانی باڵزاک، ڕۆمانی سێرافیتای ئادرۆجین، وێناکردنی تەوەری فەلسەفی و بانسرووشتییە.











**سێرامیک[١]:** ceramic **سێرامیک** **ناو** هەر شتێکی وەکوو دەفر و گوڵدان لە گڵەسوورە دروست کرابێ و لە کوورەدا سوورەوە کرابێ. ◄ چینی یان پۆرسلێن هەمان سێرامیکە بە کوالیتی بالاتر. ☜ چینی



**سێرامیک[٢]:** Ceramic سێرامیک ناو یان Kerameikos یان Ceramicus گەڕەکێک بووە لە ئەسینا، کە کێلەبەردی سەدەی چوارەمی پێش زایینی تێدا دۆزراوەتەوە. یەکیان کە زۆر بەناوبانگە کێلەبەردی هەژسوو Hegeso، وێنەی دوو ژنی گەنجە یەکیان دانیشتووە و ئەوی تریان مجرییەک ئەدا بە دەستیەوە. ☜








**سێربرۆس:** Cerberus ئەفسانە بوونەوەرێکی ئەفسانەیی یۆنانی کەونارا، سەگێکی سێ سەر بوو، پەنجەی شێر و کلکی مار، دەروازەبانی بەردەرگای جیهانی ژێرین، واتە جیهانی مردوان بوو. ڕێگەی بە گیانەکان ئەدا بچنە ژوورەوە، بەڵام نەیئەهێشت بگەڕێنەوە. ئۆرفیوس Orpheus توانی بە گۆرانی بیکاتە خەو و هاوسەرەکەی یورۆدێسی Eurydice ڕزگار بکات. هێرکوول لە سوارێ دوانزە و دوا سوارێ خۆی توانی سێربرۆس لە شوێنی خۆی دوور بخاتەوە و پێشکەش بە شا یوریستیەسی Eurystheus بکات. ع سیربیروس N Cerberus د سربروس.






**سێرگەی ئایزنشتەین:** Sergei Eisenstein دەرهێنەر (١٨٩٨ـ١٩٤٨) دەرهێنەری سۆڤیێتی و تیۆریستی فیلم. پێشەنگ لە تیۆری و کردەوەی مۆنتاژ.






**سێرگەی ڕۆدنکۆ:** مرۆڤناس شوێنەوارناس (١٨٨٥ـ١٩٦٩) مرۆڤناس و شوێنەوارناسی ڕووسی و سۆڤیێتی، پەیڕەوی فێرگەی فەڕانسەیی پۆڵ برۆکا Paul Broca لە ساڵانی ١٩٤٧ تا ١٩٤٩ بەناوبانگترین گۆڕی سەکاکان و کۆنترین مافوورەی مێژووی لە دۆڵی پازیریک، کە دەکەوێتە سەرەتای چیای ئاڵتای لە ڕووسیا، لەگەڵ کۆمەڵێک کەرەستەی تر دۆزیەوە. ☜ پازیریک







**سێرۆ:** starling بالندە ناو ڕیشۆڵە، گاوانی، باڵندەیەکی خۆدەرخەری هارووهاجە، بە فڕینێکی خێرا و خۆحەنەوە. ناوی زانستییەکەی sturnus vulgaris و لە تیرەی {sturnidae}ـەیە. جاری وا هەیە بە کۆمەڵەی گەورە ئەبینرێن. لە زۆربەی جیهاندا هەن، لە لێڕەوار و گوند و باخ و مێرگوزار ئەژین. مێی گاوانی ٥ تا ٧ هێلکە ئەکات، جووجەکان لە ١٢ تا ١٥ ڕۆژ ئەگوورێن و لە هێلکە دێنە دەرەوە، پاش ٢٠ ڕۆژ ئەفڕن [د] سار [N] stær [ع] زرزوریات.



**سێرە:** lifetime, age ناو تەمەن، ماوەی ژیان، زیندی سەر [N] alder [ع] عمر [د] سن.

**سێرمۆدابنامیک:** thermodynamics فیزیک ناو گەرمیدابنامیک، ئەو لقەی زانستی فیزیکە لە پەیوەندییەکانی نێوان گەرمی و جۆرەکانی تری وزە {وەک وزەی میکانیکی، کارەبایی، یان کیمیایی} و، لە درێژەدا، پەیوەندییەکانی نێوان هەموو جۆرەکانی وزە ئەدوێ. درێژە ڕێساکانی گەرمیدابنامیک سیانن:

١. وزە بەدی ناهێنرێ یان لەناو ناچێت.

٢. لە پرۆسەیەکی خۆبەخۆدا، ئەنترۆپی گەردوون زیاد ئەکات.

٣. کریستاڵێکی دارماڵ لە سفری کەلڤین‌دا خاوەنی ئەنترۆپی سفرە.

☜ گەرما ☜ کەلفین ☜ ئەنترۆپی












**سێزان:** Paul Cézanne شێوەکار (١٨٣٩ـ١٩٠٦) شێوەکاری بەرجەستەی سوریالیستی فەڕانسەیی.







**سێ ساڵ بێگاری:** سەربازی ڕێسا ١٨ی برۆمێر لە ئاگۆستی ساڵی ١٩١٣ ماوەی خزمەتی سەربازی لە سپای فەڕانسە، لە دوو ساڵەوە کرا بە سێ ساڵ. تەمەنی وەرگرتنی سەرباز بوو بە ٢ ساڵ.

**سێ سوارچاکی پیشەسازی:** three knights of industry ڕامیاری ١٨ی برۆمێر بریتی بوون لە لویی بۆناپارت، زڕبراکەی مۆرنی و، ئۆژن ڕۆهەر وەزیری داد لە١٨٤٩ تا١٨٥٢. لە وەرگێڕانی پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی ئەمریکا نووسراوە three swindlers بە واتای سێ مەلاقی قۆڵبڕ.















**سێسێمی بیکەرەوە :** open sesame دەستەواژە حونجەی جادوو کە عەلی بابا بۆ کردنەوەی دەرگای داخراو بەکاری ئەهێنا.












**سێسیل ب. دۆمیل :** Cecil B. DeMille دەرهێنەر {١٨٨١ـ١٩٥٩} هونەرپیشە و دەرهێنەری و بەرهەمهێنەری ئەمریکایی، براوەی خەڵاتی ئۆسکاری گرنگترین فیلمەکانی سینەمای بێدەنگ. بەرهەمهێنەری فیلمی پڕ لە شکۆی وەکوو دەفەرمان لە ١٩٥٦ و کلیۆپاترا لە ١٩٣٤ و لە ١٩٥٦ مەزنترین شانۆی سەر گۆی زەوی دە فەرمان، کە خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت. دۆمیل بە باوکی سینەمای ئەمریکا دائەنرێ.











**سێسیلیا:** Sicily جوگرافیا مافیا یان سیچیلیا Sicilia یان سێسلی، گەورەترین دورگەی زەریای مەدیتەرانە و هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی وڵاتی ئیتالیایە، پایتەختەکەی شاری پالێرمۆ و دانیشتوانی پێنج ملیۆن کەسە. سیسیلیا بە هۆی درگەی مێسیناوە لە نیمچە دورگەی ئیتالیا جیا ئەبێتەوە. سیسیلیا زادگەی مافیایە وەکوو هێزێکی ڕێکخراو لە دژی دەسەڵاتی فەرمی.





**سێ سوارچاک:** Les Trois Mousquetaires رۆمان ڕۆمانێکی مێژوویی ١٨٨٤ی پڕ ڕووداوی فەڕانسەییە، نووسینی ئەلکساندر دۆمای باوک، چەندین جار کراوە بە فیلم. لە ژانری شاسوارگەری swashbuckler دایە و شاسوارانی شمشێربازن بۆ لویی سیانزە، پادشای فەڕانسە ئەجەنگن.









**سێڤەرەنس:** severance ☜ دابڕان

**سێڤێن:** Cévennes جوگرافیا بزووتنەوە ئایینناسی ڕامیاری ناوچەی کوێستانی باشووری فەڕانسە کە ساڵانی ١٠٢ تا ١٧٠٥ ڕاپەڕینی جووتیاریی لەوێ بەرپا بوو. ئەم ڕاپەڕینە بە ناوی ڕاپەڕینی کامیزاران camisards واتە

فرنجی پۆشان بەناوبانگە. فرنجی پۆشان لایەنگری کالڤین سەرۆکی پێڕی پڕۆتستانی فەڕانسە بوون کە لە سەردەمی لویی چواردە بە هۆی ئازاردانی پڕۆتستانەکانەوە ڕاپەڕی. ئەم ڕاپەڕینە سەرەڕای ڕواڵەتی ئایینی، ئەدگاری دژی فیۆدالی ئاشکرای هەبوو، کە تا ساڵی ١٧١٥ش تا ڕادەیەک هەر بەردەوام بوو.









**سێڤیلیا:** Sevilla جوگرافیا (ئیسپانی) بە ئینگلیزی سێڤیڵ Seville، گەورەشار و پایتەختی هەرێمی ئەندەلوسە، ئەکەوێتە وولاتی ئیسپانیا، بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی شارەکە نزیکەی ٧٠٣ هەزار کەس تێیدا ئەژین، شارەکە بە سێیەکەمینی باشترین شارەکان دێتە هەژمارکردن لە یەکێتیی ئەورووپا، شارەکە خاوەن مێژوویەکی کۆنە و یەکەم زانکۆ لە شارەکە مێژووی دروستکردنی بۆ ساڵی ١٥٠٥ ئەگەڕێتەوە، شارەکە دەوروبەری ئاوە و نزیکەی ٧ مەترە بەرزە لەسەر ئاستی زەریاوە، شارەکە بە سێیەم گەورەترین بەندەری ئەورووپا دائەنرێ لە دوای شارەکانی ڤینیسیا و جێنۆڤا لە ئیتالیا.







**سێڤینە :** Marie de Rabutin_Chantal, marquise de Sévigné ئاریستۆکرات

نووسەر {١٦٢٦ـ١٦٩٦} خاتوونی ئاریستۆکراتی فەڕانسەیی مارشێنەر سێڤینە، بە هۆی پەرتووکی نامەکانییەوە ناسرواوە کە گەش و زیندوو و فراوێژ بوون و بە یەکێک لە ئایکۆنەکانی وێژەی فەڕانسە دائەنرێن.






**سێکتاریزم:** Sectarianism فیرگە ڕێباز یان سێکتاریانیزم، واتە دەستەگەری، بۆچوونێکە کە خاڵی بەرجەستەی لادانی توندڕەوانە یان خۆبواردنە لە ڕێبازی گشتی و پێڕەوی ناوخۆی پارت یان ڕێکخراوێکی ڕامیاری.









**سێکسۆلۆجی:** sexology سێکسۆلۆژی ناو جنسناسی، ڕەفتارناسێتی

ڕەگەزی یان نێرمایی. ع علم الجنس N sexologi د جنسیت شناسی.









**سێ کەباری خودایی:** سینەماییە بریتین لە باوەڕ، هیوا، چاکە. تێبینی: هیو گرەی

**سێڵتیک:** Celtic گرووپێکی ڕەگەزی گرووپێکی ڕەگەزیی هێندوئورووپاییە بە ئیرلەند و وێڵز و سکاتلەند و برتۆن و هی تریشەوە؛ لە بواری ئاین‌دا بە بۆچوونێک ئەوترێ کە ئەیەوێ بنەماڵەی سێلتیک زمان لە بن کلیسایەکی سەربەخۆ لە کلیسای کاسۆلیک یەک بخات.





**سێلست:** Céleste پێرسۆنا گەڕان لە زمانی فەڕانسە بە واتای ئاسمانییە، مینەوی، شتێک کە زەمینی نەبێ. ع سماوی N Himmelsk د آسمانی E Celestial.

**سێلیزیا :** Silesia جوگرافیا ناوچەیەکە لە باشووری ڕۆژئاوای پۆڵەندا کە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لە بن دەسەڵاتی ئاڵماندا بوو.

**سیلۆجیزم :** syllogism بیرسا مشتومڕ پێوانی لۆجیکی، چەشنێکی سەلماندنە کە لە دوو پێشەکی دراو یان گریمانەیی وەربگیرێ. چەمکێکی ئاسایی یان مامناوەنجی لە هەردوو هەلومەرجەکەدا هەیە، بەڵام لە بەرەنجامدا نابینرێ، کە ڕەنگە بەهای نەبێ.

: بۆ نموونە هەموو سەگەکان گیانەوەرن؛ هەموو گیانەوەران چوار پایان هەیە؛ کەواتە هەموو سەگەکان چوار پایان هەیە.

☜ لۆجیکپێوەری ☜ پێوانی لۆجیکی




**سێ موغ :** Three Wise Men کوردۆلۆژی ئاییناسی یان سێ پادشای زەردەشتی، زانایانی سیانە لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە ئینجیلی مەتتا، بەشی ٢ ئەمازەی پێ دراوە:

«دوای لەدایکبوونی عیسا لە بەیت لەحمی یەهوودا لە سەردەمی هێرۆدسی پادشا، هەندێ ئەستێرەناس لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە قودس، پرسیان: پادشای لەدایکبووی جوولەکە لە کوێیە؟ ئێمە لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەومان بینی، هاتووین کڕنۆشی بۆ ببەین.» ئینجیلی کوردی.

☜ سێ زانا








**سێنیکا :** Marcus Annaeus Seneca ڕەوانبێژ نووسەر {٥٤پ.ز† - ٣٩ز} ڕەوانبێژ و نووسەری ڕۆمی، ناسراو بە سێنیکای مەزن، باوکی سێنیکای جەوان، فەیلەسووفی ستۆییک stoic ☜ ستۆیسیزم.






**سێوی ئەریس:** Apple of Discord میسۆلۆجی هێمایی بە ئاڵمانی der Erisapfel یان سێوی ئاژاوە، لە ناوی ئەریس ماخوای ناکۆکی و دووبەرەکی لە میسۆلۆجی یۆنانییەوە هاتووە، لە زەماوەندی پلەیۆس و تەتیس، دایک و باوکی ئاخیلێس، ئەریس بانگهێشت نەکرابوو.

زەماوەندەکە لە ئۆلیمپیا لە بارەگای زیۆسی خوای خوایان ساز کرابوو و هەر سێ خاتوونی گەورەی ئۆلیمپیا، هێرا و مینێرڤا و ئافرۆدیت، لەوێ بەشدار بوون. ئەریس تووشی ئیرەیی ئەبێ و وەک تۆڵەسەندنەوە سێوێکی زێڕین کە لە سەری نووسرابوو: «پێشکەش بە جوانترین بانوو!» بە نهێنی هەڵئەدا بۆ ناو کۆڕی زەماوەندەکە. هەر کام لەو سێ بانووە سێوەکە بە هی خۆی ئەزانێ. ئەبێ بە گەنگەشە لە ناویاندا و پاریس کوڕی پەریام شا ئەکرێ بە دادوەر لە نێوانیاندا. پاریس سێوەکە ئەدا بە ئافرۆدیت کە لە ڕفاندنی هێلێن، هاوسەری جوانی مێنەلاسدا یارمەتیی دابوو. مێنەلاس پادشای لاسێدمۆن و برای ئاگاممنۆن بوو. جەنگی ترۆی لەسەر ڕفاندنی هێلێن بەرپا بوو کە هۆمێر لە چامەی «ئیلیاد»دا ئەیگێڕێتەوە. سێوی ئەریس بە واتای وشەی ئاژاوە و ناکۆکی و دووبەرەکییە، ناوی Eris بەرامبەر بە وشەی Discordiaی لاتینییە کە بە واتای «ئاژاوە»یە.






**سیاچارە:** unlucky ئاوەڵناو بەلەنگاز، لانەواز، سیابەخت، چارەڕەش، نازشێواو، ڕەنجەڕۆ، کۆستکەوتوو، وڵۆڵ، نەگبەت، هەشبەسەر، بێفیز، بێدەمار [د] خاکسار، بدبخت، بیچارە. [ع] سيء الحظ [N] unlucky [د] بدشانس.

**سیاچەمانە:** موزیک ناو سیاوچەمانە یان سیاچەمانە چەشنێک گۆرانی کوردییە لە ناوچەی هەورامان (هەورامانی تەخت و هەورامانی لهۆن) دەبێژرێت. ئەم گۆرانییەش وەک هۆرە و موورە بێ موزیک و بێ

ئاهەنگ و ڕیتمە.

**سیاگوان:** نەخۆشیر نەخۆشیەکی ئاژەڵە کە گوانی ئەپەنمێ.

**سیامەند:** Siyamend ناو [سیا+ مەند] لە وشەی **سیا** بە واتای ڕەش و پاشگری **مەند** یان **بەند** بە واتای خودان و خاوەن، کە خاوەن ڕەش ئەگرێتەوە و ڕەشتاڵە و ڕەشباو و سیائاماڵە، بە واتای نەرێنی و سیابەخت و چارەڕەشیش دانراوە. ◄ هەروەک کەیارەش یەکێک لە پێنج کوڕانی کەیقوبادی ساسانی، بە واتای مەزن و بەجەرگ و بوێر و جەربەزە و دلێرە، سیابەندیش هەمان واتا ئەگرێتەوە.

**سیامەند:** Siyamend ناو ناوە بۆ کوڕان و ناوی دڵدارەکەی {خەجا زێڕین}ە لە داستانی خەج و سیامەند، کە زادەی کێلەسیپانی داوێنی چیای سیپانێ بووە لە ناوچەی مەهاباد و ئێستاش گۆڕەکەی هەر لەوێیە.



**سیامی:** Siamese هاوڵاتر ئامرازی پەیوەندی سەر بە سیام واتە تایلەند، چ مرۆڤ و زمان و ئاژەڵ. ع سیامیِ N siamesisk د سیامی.

**پشیلەکەی سیامی:** پشیلەیەکی تووک کورتی چاوشینە.









**سیانزە:** بیرکاری ژمارە ئاپێناسر ناو ڕۆژی

**سیانزەبەدەر:** داب‌ونەریت بۆنە ڕۆژی سیانزەی پاش نەورۆز خەڵکی لە شارەوە ئەچن بۆ سەیرانگەکانی دەرەوەی شارەکان، هەڵئەپەڕن و گۆرانی ئەچڕن و ئەخۆن و ئەخۆنەوە. یەکێک لە بەرنامە تایبەتەکانی سیانزەبەدەر ئەوەیە کە گەورە و بچووک سەمەنی پێش نەورۆز بەسەر سەری خۆیان‌دا حەوا ئەدەن بۆ ناو چەم و بەو جۆرە شوومی و وەیشوومە لە خۆیان دوور ئەکەنەوە و گەنجانی کچ و کوڕ جگە لەوەش بە فڕێدانی سیانزە بەردۆچکە بە سەر سەریان‌دا بۆ ناو ئاوەکە و، هەروەها گرێدانی سەوزە خۆزگەی بەختەوەری و بە مرازگەیشتن بۆ خۆیان ئەخوازن.











**سیانەی جەگەن:** وێژە ڕۆمان ناو هەروەک جەگەن گوڵی ناو زەلکاوە، سیانەی جەگەنیش، سێ ڕۆمانی ناوازەی ئێرانییە، نووسینی سێ نووسەری جیاواز کە لە سێ لاوە بە شێوەیەکی ڕیالیسی بوونەتە نوێنەرەوەی زەلکاوی مێژووی ئێران لە سەرەتای دامەزرانی ساواکەوە تا کۆتاییەکانی جەنگی ئێران و عیراق... سێ ڕۆمان بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەبێ، پیشاندەری ماهەکی هەردوو ڕژێم و درێژەی یەک و تەواوکەری یەکدین؛

- ئەگەر یەکێک بۆفۆی سەرۆکی ساواک و خوشکەکەی سەرکردەی فەباتکارانی دژی ڕژیمە...
- ئەگەر یەکێک باوکی لە گۆڕ دەرهێنراوە و لە گۆڕستان تەرە کراوە و جێگە نییە بینێـژێ...
- ئەگەر یەکێک نە باوکی و نە دایکی ئێرانین و نە موسڵمانن و نە شێعەن و ئەبێ بە نوێنەری ڕژیمی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا...

ئەگەر ئەمانە هەمووی لە دوو توێی سەدان ڕووداوی سەمەرەدا ئەگەنەوە بەیەک و لە بەستەر و بەستێنی یەک ڕۆژەڤەوە سەرچاوە ئەگرن، سەلماندنی ئەو ڕاستیەیە کە پێنووسە ڕاستگۆکان چاو لە گێڕانەوەی ڕاستیەکان نانووقێنن و ئەوەی لە ڕواڵەتی ڕۆمان و تەماردا داڕێژراوە، لە بازنەی ڕووداوە سەرسووڕهێنەرەکانی هەر دوو ڕژێمەکەدا چەقی یەکگرتنەوەیان تەنها و تەنها ڕاستەقینەیە.



**سیاوۆڵە :** black seeds ڕووەک ناو ڕەشکە، سیاولە، هەبرەش، بۆندۆ. ع حبة سوداء، سانوج N بذور سوداء د سیاه‌دانه E nigella sativa E black cumin.





**سیاوەش :** کەسایەتی یان سیاوەخش کوڕی ئازا و پاڵەوانی کەیکاووس، لە کەسایەتیە بێ بەختەکانی شانامە.




**سیپ :**❶ نزنز ئاژەڵ گای شەش ساڵە.

**سیپ :**❷ ناو سندووقی تەختەسێڵا. ↩: سیپی چای.

**تەختەسێڵا :** plywood کەرەستە ناوی لێکدراو تەختەی ناسکە لە سێ توێژ یان زیاتری ڕاست و چەپی بە چەسپ لکێنراو، قوتوو و سندۆقی تایبەتی پێ دروست ئەکرێ کە بە کوردی پێی ئەوترێ «سیپ». وەک سیپی چای یان سیپی تایبەتی بۆ کەرەستەی بەرهەستی ئەلەکترۆنیک وەک کامێرا و تا دوایی. ع الخشب الرقائقي N kryssfiner د تخته سه لا.



**سیپالۆپۆش:** گەدا ناوی لێکدراو جل شڕی پینەوپەڕۆ، تەلیس لەبەر.

**سیپرنێت:** SIPRNet کورتکراوە ناو Secret Internet Protocol Router Network

تۆڕی ڕاوتەری پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێتی نهێنی، «سیستەمێکە لە تۆڕە کۆمپیوتەرییە بەیەکەوە بەستراوەکان کە لە لایەن وەزیرخانەی بەرگری ئەمریکا و، وەزیرخانەی دەرەوەی ئەمریکاوە بەکار ئەهێنرێت بۆ گواستنەوەی زانیارییە نهێنییەکان {و تەنانەت زانیاری پۆلێنکراوی زۆر نهێنی} لە ڕێگەی جێگۆڕکێی گورزەی داتاکانەوە، لە شێوازی «بەتەواوی پارێزراو».



**سیپە :** hideaway ناو ڕەبەت، حەشارگە، چاودێرگە، نهێنگە، کەوشەنی خۆ حەشاردان. ع ملاذ N gjemmested د مخفیگاه.

  

**سی پی ئێچ فۆڕ :** CPH4 کیمیا ئەنزیم ئەنزیمێکە بڕێکی یەکجار کەمی حەفتەی شەشەم لە پزدانی ئافرەتی دووگیاندا دروست ئەبێ و وەک وزەیەکی ناوکی وایە کە ئەبێتە هۆی گرساندنی هەموو ئێسکەکانی ئاولەمەی ناوپزدان و ئێسکبەندی بۆ بەدی ئەهێنێ.

 



**سیخناخ :** overflowing ناو سەررێژ، شتی پڕی ئاخنراو، شتی بە گوشار پەستاوتن. ع فائض N overfylte د با فشار آگندن.

◁ سیخناخ بوون: پڕ بوونی شتێک لە شتێکی تر.

◁ سیخناخ کردن: پڕ کردن و ئاخنینی شتێک لە شتێکی تر.



   

**سیخوار :** hoarfrost دیاردە ناو کوڕشە، زوقم و بەفرۆکە و بەستەلۆک. ع أجش N rimfrost د سرماریزە. ⇠ **خوناو :** dew دیاردە ناو ئاونگ، خوسار، شەونم. ع ندی، نداوة N dugg د شبنم.







**سیخورمە :** prod, blow with knuckles ناو زخورمە. بەمشت تێوەژەندن، هێمایر دنە و هاندان. ع مشت زدن، تشویق کردن N prod د با مشت زدن، تشجیع.

⇠ **سیخورمە لێدان :** punch with knuckles

⇠ **سیخورمە تێوەشاندن :** prod, nudge.

⇠ **دنەدان :** prodding چاوگی تێپەڕ تێژکردنەوە، پاڵپێوەنان. ع حث، تشجیع N pirrende د برانگیختن.








**سید و پۆلیۆکت :** شانۆگەری پییێر کۆرنی Pierre Corneille ن، ساڵانی ١٦٣٧ و ١٦٤١ نووسراون.







**سی دیەز:** si dièse یان B sharp **موزیک** **نیشانە** نیشانەیەکی موزیکە کە فەرمانی نیو پەردە سەرکەوتن ئەدا.






**سیر:** **کێشر** کێشێکە بەرامبە بە حەفتا و پێنج گرم. ⇦ **کێشی مەن:**

⇦ مەن: ٣ کیلۆ = ٤٠ سیر

⇦ نیومەن: ١،٥ کیلۆ = ٢٠ سیر

⇦ یەک سیر: ١٦ مسقاڵ

⇦ یەک مسقاڵ: ٢٤ نخود



**سیرانۆید:** Cyranoid دەروونناسی ناوەندیار کەسانێکن لە ڕێگەی سیستەمی دەماری خۆیانەوە قسە ناکەن، بەڵکو لە ڕێگەی شەپۆلی ڕادیۆییەوە ئەبن بە ناوەندیار لە نێوان کەسێکی تر کە قسە ئەکات، لەگەڵ کەسی سێیەم. ئەم چەمکە بە ستانلی میلگرامی Stanley Milgram دەروونناس لە ساڵی ١٩٧٠ دەستی پێکرد، ئەویش بیرۆکەکەی لە شانۆیی **سیرانۆ دو بێرژێراک** Cyrano de Bergerac نووسینی ئێدمۆند ڕۆستەند لە ساڵی ١٨٩٧ وەرگرت. لە شانۆکەدا، سیرانۆ (هۆنەری ڕۆمانتیک بەڵام نە دڵڕفێن) پەخشانێکی ئەویندارانە بۆ کریستین (خوێندکارێکی قۆز بەڵام زمان نارەوان) ئەنووسێ، تا پێکەوە بە هاوکاری سەرنجی ڕۆکسان ڕابکێشن (ئەو دوو کەسە هیچکامیان بە تەنهایی ناتوانێ بەو ئەرکە هەڵبسێ.)




**سیرتییەکان:** Cyrtians مێژووی‌کوردستان یان کورتیەکان هۆزێکی کۆن بوون لە نزیک چیاکانی زاگرۆس. بە پشتبەستن بە ناوەکەیان، لەوانەیە باپیرانی کورد بن. ◀ بەپێی ڕۆدیگەر شمیت، ئەوان هۆزێک بوون بە شێوەیەکی سەرەکی لە شاخەکانی باکووری زاگرۆس و نەتەوەکانی وەک کادوسی، و ئاماردی (یان «ماردی»)، و تاپیری و ئەوانی دیکە تێیدا نیشتەجێ بوون. ◀ لە سەردەمی هێلینیدا، پێدەچێت وەک بەردهاوێژ داخوازیان لەسەر بووبێت، چونکە ئەوان بەو شێوەیە شەڕیان کردووە لەگەڵ ساتراپی میدیایی مۆلۆن لە ڕاپەڕینەکەیدا دژی پاشا ئەنتیۆکۆسی سێیەم لە ساڵی

٢٢٠ پێش زایین.




**سیرسە:** Circe **میسۆلۆجی** لە ئەفسانەی یۆنانیدا ماخوای ئەفسوون و جادوو، ژنێکی جادووگەری دورگەی ئایا لە چامەی داستانی «ئۆدیسە»ی هۆمێردا. ئۆدیسە بە هۆی ڕقی پۆسیدۆنەوە ١١ لە ١٢ کەشتییەکەی نوقم ئەبێ. بە کەشتیی ١٢ ئەگاتە دوورگەیەکی مێلاو بە سەر ئاوەوە کە نشینگەی سیرسە ئەبێ. ڕێگەی دەربازبوون لە سیرسە ئەپرسن. ئەویش بانگیان ئەکات و تێکەڵەی «پەنیر و هەنگوین و ئاردی جۆ و شەراب لەگەڵ تۆزی جادوو»یان پێ ئەدا تا «نیشتمان»ی خۆیان لە بیر ببەنەوە. ئەم دەستەیە ئەبن بە بەراز و لە کۆتاییدا ئۆدیسە سیرسە ڕازی ئەکا دەستەکەی بکاتەوە بە مرۆڤ.





**سیرک:** The Circus **فیلم** فیلمی بێدەنگی ١٩٢٨ بە هونەرمەندی و دەرهێنانی چارلی چاپلین.








**سیرمە :** Leather strap دەوێژ ناو شیپی قامچی، دەوێڵ، ڕیشاڵی چەرم.
ع حزام من الجلد N Lærstropp د نوار چرمی.





**سیرمەخۆر :** هێمایر دزی خوێڕیلە.
**سیرۆکە :** ڕووەک خۆراک ناو مووسڵی، سیری عەجەم. ← سیرمۆکە:
سیری کێویلە د موسیر. ع القفلوط الكراث الأندلسی E shallot.





**سیرێس :** Ceres میسۆلۆجر ناوی تایبەت لە میسۆلۆجی یۆنانیدا ماخوای ڕێزەن و کشتوکاڵ بوو.



**سیزار:** Gaius Julius Caesar ئیمپراتۆر ناوی تایبەت {نزیکەی ١٠٠ تا ٤٤ی پ.ز†}
سزار، سەرداری بەناوبانگ و ڕامیاری بەتوانای ڕۆمی.




**سیسارک:** vulture باڵندە موزیک ناو سیسارکە کەچەڵ، داڵ، داڵاش، باڵندەیەکی گەورەیە بە سەر و ملی ڕووت و بێپەڕ، ڕاوچی نییە و لاشە و تۆپیوخۆرە، هەمیشە لە بۆسەی ئاژەڵی نەخۆش و برینداردان تا بمرێ و گۆشتەکەی بخۆن. ⇦ لە زۆر زماندا سیسارک بە مشەخۆر و چاوچنۆک ئەچوێنرێ. ⇦ لە کوردستان پێشەی باڵەکانی ئەکرێ بە دووزەلە. ع نسر N gribb د کرکس.

⇦ **هەڵۆ:** eagle ع عقاب N Ørn د عقاب.

  

**سیستان:** هەرێم ناوی جێگا ناوی ناوچەیەکی مێژوویە ئەکەوێتە سێ سنووری ئێران و ئەفغانستان و پاکستان. سیستان و بلوچستان ناوی پارێزگایەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەناو ئێرانی ئێستە.

  

**سیسرک:** cricket دەعبا سفرەبڕە ن: سیسرکەکان ئەجریوێنن. ع صرصار اللیل N siriss د جیرجیرک. ☜ جریواندن

 

**سیسرۆ:** Marcus Tullius Cicero نووسەر دەمەوور {١٠٦ـ٤٣ پ.ز†} ناسراو بە تالی Tully، دەمەوور و ڕامیار و نووسەری بەناوبانگی ڕۆمی.




**سیمبۆ:** Cimbo فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٢٨.

**سیسمۆندی:** Jean Charles Sismondi ئابووریزان {١٧٧٣ـ١٨٤٢} ئابووریزانی فەڕانسەیی، ڕەخنەگری سیستەمی بورژوازی لە ڕوانگەی وەردەبورژوازییەوە.







**سیسەم:** sheesham bed کەلوپەل قەرەوێڵەی خەوتن لە داری شیشەم Rosewood, sheesham tree کە دەرختێکی گەورەیە وەک گوێز و بەڕوو، لە پاکستانەوە تا بووتان ئەڕوێ، دارەکەی سەخت و تۆکمەیە و بۆ گرۆقەری و مۆبل و قەرەوێڵە بەکار دێ. میوەکەیشی بۆ دەرمان بەکار

ئەهێنری N sheesham_treet ع شجرة شیشام د درخت شیشم.

ڕیشەناسی سیسەم بە واتای قەرەوێڵە لە زمانی کوردیدا، لەوەوە هاتووە کە تەختی خەو لە داری سیسەم دروستکراوە.



**سیسەمبەر:** Peppermint ڕووەک گیا گیایەکی بۆن خۆشی گەڵا پانی ددانەدارە لە خێزانی نەعنا. ع نعناع فلفلی N Peppermynte د سوسنبر.



**سیشە:** Psyche میسۆلۆجی گەڕان-٣ پسیشە یان پسیخە یان سایکی {فەڕانسەیی، ئاڵمانی، هۆلەندی، ئینگلیزی}، لە میسۆلۆجی یۆنانیدا ژنێکی جوانە کە کۆپیدۆن یان ئێرۆس شەیدای ئەبێ.



**سیفلیس:** syphilis نەخۆشی فەرەنگی، هاڵۆق، نەخۆشییەکی درێژخایەنی باکتریاییە، ئەدا لە ئامێری جنسی و لە کاتی سەرجێیی ئەگوازرێتەوە، هەروەها بە شێوەی زکماک ئەدا لە ئاولەمەی ناو پزدان.

**سیڤتۆن:** Gabriel Syveton ڕامیار مێژوونووس (١٨٦٤ـ١٩٠٤) ڕامیار و مێژوونووس، نوێنەری ناسیۆنالیستی پەرلەمانی فەرانسە.






**سیک:** ئاوەڵناو ناونیشکە نەدار، لانەواز، بیپارە.

**سیکارد:** Bayonet ئامێر ناو سەرەنێزە، قەمە، کاهوور.





**سیکبوون:** bankruptcy چاوگی تێپەڕ مایەپووچبوون، نەداربوون، ئاس و پەلاس، کەسێک کە هیچ هیچی نەمێنێ، ئەڵێن سیک بووە ☚: واتە کەسێک کە ئەسپێ لە گیرفانیدا تاقمانەجووت ئەکا ☚: سیکی کردم: هەمووی لێبردمەوە. ⇦ ئەبێ لە وشەی سیکی هێندییەوە هاتبێ، کە

لەگەڵ ئینگلیز هاتبوون بۆ کوردستان و هیچکامیان هیچی پێنەبووە، بووە بە باو بە خۆیانەش کە نەیبووبێ، بڵێن ئەویش سیکە. ع افلاس N konkurser د ورشکست شدن.



**سیکست دو بۆربۆن:** Sixte de Bourbon شازادە شازادەی نەمساوی، ژنبرای شارڵی یەکەم {ئیمپراتۆری ئوستریا و جێگری فرانتس جۆزێف لە ١٩١٦}. سیکست دو بۆربۆن ئەفسەری سپای بەلجیکا بوو و ساڵی ١٩١٧ ئیمپراتۆری ئوستریا داوای لێکرد بۆ کۆتایی هاتن بە جەنگ لەگەڵ وڵاتانی یەکگرتوو گفتوگۆ بکات.

**سیلفید:** Sylphides بالێت باڵێتێکی ڕۆمانتیکە بە کاریۆگرافی فیلیپۆ تاگلیۆنی، ١٨٣٢.




**سیلڤێستر:** Sylvestre پێرسۆنا پاڵەوانی ڕۆمانی **تاوانی سیلڤێستر بۆنارد** The Crime of Sylvestre Bonnard نووسینی ئاناتۆل فرانس.







**سیلڤیۆ فیۆریلۆ:** Silvio Fiorillo شانۆنووس هونەرپیشە (١٥٧٠ـ ١٦٣٢) شانۆنووس و هونەرپیشەی شانۆی ئیتالیایی.

**سیلە:** corner, trajectory, direction ناو گۆشە، گۆشەی ڕوانین، گۆشەی دیوار، ئاراستە، ئاقار. ع الزاوية، المسار N vinkel, bane د زاویە، خط سیر.

**سیم:** silver کانزا ناو زێو، زیو، کانزایەکی سپی و درەوشاوە و شل و گەیەنەرێکی بەهێزی گەرمی و کارەبایە، کە لە پلەی گەرمی ٩٦٤ سەدیدا دەتوێتەوە، دەتوانرێت بکرێتە پەڕەی تەنک و وایەری باریک، و بۆ دروستکردنی زەرگ و قاپی بەنرخی هەڵکەنراو و ئاودانەوەی زیو بەکاردێت. بۆ ئەوەی بەهێزتر بێت، لەگەڵ مس تێکەڵی دەکەن و وەکو دارِشتە بەکاری دەهێنن. ع فضة N sølv د نقره، سیم.






**سیمری:** Cimmeri ناو هۆزی کۆچەری هیندوئورووپایی کە سەدەی ٨ و

٧ پێش زایین ئاسیای بچووکیان داگیرکرد.







**سیمریان:** Cimmerian میسۆلۆژی له میسۆلۆژی یۆنانیدا دانیشتوانی ولاتی بێهەتاون و له ڕەهۆڵی بنعەرزدا ژیاون، که هەمان هۆزی کۆچەری هیندوئورووپایین له سەدەی ٨ و ٧ پێش زایین ئاسیای بچووکیان داگیرکرد.






**سیمۆن و پەترۆس:** Simon and St. Peter ئایینناسی پیریار یەک له دوانزه پیریارانی عیسا که ناوی ڕاستەقینەی خۆی سیمۆن یان شەمعوون بوو. شەمعوون هەروەها یەکەم پادشای ئیسرایل و داوید دووەم پادشایان بووە.








**سیمورگ:** ئەفسانە قەقنەس، مەلێکی ڕەنگاوڕەنگ و زۆر خۆش ئاوازی ئەفسانەییە. ئەڵێن هەزار ساڵ ئەژی و کە ئەگاتە ساڵی هەزار و کۆتایی تەمەنی، لەسەر کێوێکی بەرز ئێزنگێکی زۆر کۆ ئەکاتەوە و لەسەری دائەنیشێ، دەس ئەکا بە خوێندن و باڵ ڕاوەشاندن کە لە ئەنجامدا سەرخۆش ئەبێ و پزیسکەیەک لە باڵیەوە ئەکەوێتە ناو ئێزنگەکە، ئاگرێکی گڕەمەشخەڵان ساز ئەبێ و سیمورگ خۆشی لەو ئاگرەدا ئەسووتێ. لە ژێڵەمۆی بن خۆڵەمێشەکەی هێلکەیەک بەدی دێ و سیمورگێکی تر. سیمورگ یان قەقنەس، یان. ع عَنقا جووتی نییە و ئەڵێن مووزیک لە ئاوازی قەقنەس وەرگیراوە.



**سیمین:** silvery ئاوەڵناو زێوین، لەزێو، زێوئاسا، زیوین، وەک زیو لە ڕەنگ یان ڕواڵەتدا؛ دەرەوشاوەی خۆڵەمێشی ـ سپی. ع فضي N sølvfarget د نقرەای، سیمین.

پەنهانەن سیمای سیمین وارەکەت

شـێوەی کـۆتەڵـەن، یادگارەکـەت

مەولەوی تاوەگۆزی

**سینگکوتان:** lamentation شینگێڕی داب‌ونەریت ناو شینگێڕی، سەردۆلکە، سەروە، لەخۆدان و لاواندنەوەی مردوو بە بەستە و ئاواز. ع رثاء N sorg د نوحە.

فەرامۆشم مەکە

تا ئەوپەڕی تاریکی،

تا ئەو کاتەی باران

بە سەر گەڵی شکۆفاندا نازڵ دەبێتەوە و

«با»

بە **سینگکوتان** و قژڕنین

وەرزی فەرامۆشی واژۆ دەکات

بۆ ژیانەوە

هەرمان وەتمانی

**سینۆڤە:** Synnøve Gulost شیرەمەنی پەنیر بەرژەنگ پەنیری سینۆڤە، پەنیرێکی زەردی سووک و نەهیتە و، لە لای هەندێک لە سەرووی ئەوانی ترەوە پەنیری خێزانە. نەرمە و چێژێکی سووک و بۆنخۆش و کەمێک ترشی هەیە. پەنیرێکی کلاسیکە لەسەر پیتزا و بە نانەوە، بەڵام بە هەمان شێوە سروشتییە لەگەڵ ماکارۆنی و پاستا و شۆربا و سۆسدا. نۆرڤێگیا Norvegia یارلسبەرگ




**سینەفیل:** Cinephilia واژ خولیا هەروەها سینەمافیلیا یان فیلمۆفیلیا، حەزێکی پڕ لە سۆز بۆ فیلم و تیۆری فیلم و ڕەخنەی فیلم. ئەم زاراوەیە پۆرتمانتۆی وشەی سینەما و فیلیا و، یەکێکە لە چوار وشەی یۆنانی کۆن بۆ ئەوین. ئەو کەسەی کە حەزێکی زۆری لە سینەما هەیە

پێی ئەوترێت سینەمافیل، سینەمافیل، فیلمۆفیل، یان بە شێوەیەکی نافەرمی، فیلمدۆست. بۆ کەسێکی سینەماخواز، فیلم تەنها جۆرێک نییە لە کات بەسەربردن چۆنکە ئەوان فیلمەکان لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەترەوە ئەبینن.

**سینەماتۆگرافی:** cinematography سینەما هونەری دروستکردنی فیلمی سینەماییە. سینەماکاران هاوێنەیەک بەکاردەهێنن لە گۆشەیەکی تایبەتەوە بۆ فۆکەسکردنی ڕووناکی ڕەنگدانەوەی تەنەکان بۆ وێنەیەکی ڕاستەقینە کە دەگوازرێتەوە بۆ هەندێک هەستەوەری وێنە یان هێسنی هەستیار بە ڕووناکی لەناو کامێرای فیلمەکە؛ پاشانیش ئێدیت و مۆنتاژکردن. سینەما چییە






**سینەماتێکی فەڕانسە:** Cinémathèque Française سینەما دامەزراو شوێن و ئارشیڤی پاراستنی فیلم لە فەڕانسە. ← سینەماتێک: Cinematheque شوێنی پاراستن و هەڵگرتنی فیلمی سینەمایی.










**سینەما ـ چاو:** Kino ـ eye سینەما تەکنیک کینۆ ـ چاو تەکنیکێکی فیلمە لە ڕووسیای سۆڤیەت لە لایەن ژیگا ڤێرتۆڤەوە Dziga Vertov دروست کرا. هەروەها ناوی ئەو بزووتنەوە و گرووپە بوو کە بەم تەکنیکە پێناسە کرا. سینەما ـ چاو ئامرازی ڤێرتۆڤ بوو بۆ گرتنی ئەو شتەی کە پێیوابوو «بە چاوی مرۆڤ دەستنادات» واتە فیلمەکانی سینەما ـ چاو هەوڵی لاساییکردنەوە چۆنیەتی بینینی شتەکان بە چاوی مرۆڤ نادەن. بەڵکو پارچە فیلمەکان کۆ ئەکەنەوە و مۆنتاژیان ئەکەن. سینەما ـ چاو ویستی جۆرێکی نوێی تێڕوانین چالاک بکات بە دروستکردنی فیلمی نوێ، واتە شێوەی میدیایی، ڕۆژەڤ و پەیامێک یان وەژارەی پەیامێک ـ بوارێکی واتادار، جیاواز لە فۆرمەکانی سینەمای کات بەسەربردنی گێڕانەوە یان فیلمە ئەکتەرییەکانی تر. سینەما ـ چاو هەوڵیدا «ژیانی نائاگا» وێنا بکات و ڕاستەقینەیەکی تازە بەدی بهێنێ.









**سینەما و شانۆ:** سینەما چییە نموونەی «شانۆ ناسیۆنال پۆپۆلار Théâtre national populaire» نموونەیەکی چاوەڕواننەکراو و ناکۆکنمایە بۆ پشتگری سینەما لە شانۆ. لام وایە ژان ڤیلار دژی ئەمە نەبێ کە ناوبانگی سینەمایی ژرار فیلیپ پارماتییەکی شایان بە نمایشەکانی ئەوە ئەکات. لە ڕاستیدا، سینەما کاری بەوە هەیە ئەو سەرمایەی نزیک بە چل ساڵ بەر لەمە لە شانۆی بە وام وەرگرتبوو، پێی بداتەوە. واتە ئەو کاتەی پیشەسازی کۆریەی سینەما گاڵتەی پێ ئەکرا و ناچار پەنای بردە بە نمایشی شانۆیی، ئەم نمایشانە ئەو شێواز و بایەخە هونەرییەی پێویستی بوو، خستیە بەردەستی و وردە وردە سینەما گرنگی پێ

درا. سارا بێرنارد ساڵانی نێوان دوو جەنگی جیهانی جێگەی خۆی دا بە گرێتا گابۆر و ئەوە شانۆیە بۆ بانگەشەی شانۆکانی ناوی ئەستێرەکانی سینەما ئەنووسیێ. تێبینی: بازن ژان ڤیلار، هونەرمەندی ناوداری فەرانسەیی و بەڕێوەبەری پێشووی شانۆ ناسیۆنال پۆپلار، لە ماوەی وەرزەکانی بەرەوی شانۆ لە پاریس، هاوینان لە پارێزگەکا و لە هەوای ئازاد شانۆی پیشان ئەدا. تێبینی: هیو گرەی






**سینەما نۆڤۆ :** Cinema Nuovo سینەما گۆڤار چەپیگەرا گۆڤاری چەپی فیلمی ئیتالیا لە ١٩٥٢ تا ١٩٥٦، لە لایەن گویدۆ ئەریستارکۆ لە میلان دامەزرا.












**سینەمای شیانست :** cinéma par excellence دەستەواژە مەبەست جۆنانەتی نواندن و هەڵوێست و تەکنیکی باڵایە لە سینەمادا.

**سینەستیژیا :** Synesthesia دارەت هاوهەستی، دارەتێکی تێگەیشتنە کە هەستێک ئەبێتە هۆی ڕاچڵەکاندنی هەستێکی دیکە. ئەو کەسەی کە سینیستیژیای هەیە ڕەنگ و ژمارە پەیوەند ئەدات و، ئەگەرچی وەکوو

هەموو کەسێک ئەیانبینێ، هەستێکی تریشی بۆ ساز ئەبێ. بۆ نموونە کەسی وا هەیە هەزار ژمارەی دەیی «پی» ئەڵێ و هەر ژمارەیەکیش بە ڕەنگێک ئەبینێ [N] Synestesi [ع] حس مرافق [د] حسآمیزی.




**سینیگالیا:** Sinigaglia جوگرافیا بەندەر بەندەرێکی ئیتالیایە لە کەناری زەریای ئادریاتیک، کە سەردەمی بۆکاچیۆ واتە سەدەی چواردە، بە مێشوولەی مالاریا و ئەو نەخۆشینە ناوبانگی هەبوو.





**سینینگ:** The Thinning فیلم فیلمی سینەمایی ئەکشن درامای ٢٠١٦ و ٢٠١٨ی ئەمریکایی، دەرهێنانی مایکڵ جەی گالاگر. لە داهاتوویەکی دیستۆپیایی فرەمەردمی ٢٠٣٩، کە زەوی ناتوانێ دانیشتوانی تێر بکات، نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتان ناچار ئەکات هەموو ساڵێک لە ٥٪ی ژمارەی دانیشتوانیان کەم بکەنەوە، لە تاقیکردنەوەی ساڵانەی ئەمریکا بە ناوی ١٠ـ٢٤١ یان سینینگ ئەوەی دەرنەچێ، ئەکوژرێ!

ڕەخنەگران زۆر پێشوازییان لێنەکرد، بەڵام دیدی بینەران ئەرێنیتر بوو.
ئایە لەناوبردنی ٥٪ی گەنجان و منداڵان یان بە کۆیلەکردن و لە کارگەی ژێرزەمینیدا چەوساندنەوەیان چارەی ئەم کێشەیە؟









**سینەپاڵوو:** نەخۆشی ناو بەرەزام، ژان و برک لەسەرماوە. [ع] الالتهاب الرئوي [N] lungebetennelse [د] ذات الريه [E] pneumonia.





**سینەپۆش:** Apron پۆشاک بەهداشت بەرکۆش، بەرلیک، بەروانکە، بەرەلبێنە، بەرەوپێڵ. [ع] المريلة [N] Forkle [د] پیش بند.







**سینی وارشۆ:** Warsaw tray وارشۆ پایتەختی پۆلۆنیاو و ناوی دارِشتەیەکی نیکڵ و فافۆن و مسە بە رِێژەی ٢٠ و ٣٥ و ٤٥ لەسەد، لە زۆربەی ئورووپا بەکار ئەهێنرێ، ڕەنگ ناهێنێ، درەوشاوەیە، هەم رِەقە و هەم کەنداکاری لەسەری ئاسانە، دەفر و ئامان و سینی و سەماوەری پێ ساز ئەکرێت. ☜ دارِشتە



**سیوسیوە:❶** ئەوزاندن تیفتیفە، دوبارە تاشینەوەی موی سەر و رِیش بۆ ساف بوون.

**سیوسیوە:❷** ئاوەڵناو بریقە، پەرداخ، تیفتیفە، خۆڵماڵ، زاخاو، زای، ساو، سیقاڵ، سیل، کاڵشت.

**سیوسیوە:❸** polish, varnish ناوی فەرمان سپیکردنەوە، پاکردنەوەی ژەنگ و غەور لە کانزا بە سوونەوە؛ سپیکردنەوەی مەنجەڵ و دەفری مس کە وەستای مسگەر ئەیکا بە تێساوینی قالایی لە دەفری مسین. ٤
صیقل N polering, lakk د صیقل، سفیدگری.



**سیوسیوە:**٤ کەرەستە ناو ئەو بەردە لوس و چاڵەیە لە بنەوە کە گەرێژەنەی داری دەرگا لەسەر چەقەکەی جێگیر ئەکرێ و ئەسورێ؛ بە نەرمەلەی دەرگای ئاسنیش ئەگوترێ سیوسیوە کە ئەچنەوە سەر یەکتر و دەرگای لەسەر ئەسورێ. ⇦ هیێ دەرگای دار، **ئینامە**یە و هیێ دەرگای ئاسنیش پێی ئەڵێن **نێرومێ**.

**سیوسیوە:**٥ ئامراز ناو چیوچیوە، دوو ئەڵقەی لە کانزا {ئاسن} دروستکراو، ئەکرێ بە ئەو دوو مێخ یان سنگەی لەمسەر و ئەوسەری بانگردێن چەقێنراوە و زنجیرێک یان پارچە گوریسێک گرێ ئەدرێ لە سیوسیوەکان. مەبەست لە بەکارهێنانی سیوسیوە، باشتر خولانەوەی باگردێن و هەڵنەڕیشان و نەپسانی دوو سەری پارچە گوریسەکە و هەروەها ئاسانی و ڕەوانی هاتوچۆیە. سیوسیوە تا ڕادەیەک ڕۆڵی بۆلبەرینگ ئەبینێ.




**سیەنا :** Siena جوگرافیا کۆنەپایتەخت لە جوانترین شارەکانی ئورووپایە لە تووسکانی ئیتالیا، ژمارەیەکی زۆر لەبەرهەمەکانی نژیارانی و

شێوەکاری بەر و دوای ڕێنسانسی لێیە. ☜ فێرگەی سیەنا





**سییە خوێنهێن:** pulmonary vein تویکاری دەمار خوێنبەرێکە خوێنی ئۆکسجیندار لە سیەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ دەمارە چەپی دڵ. ع الأوردة الرئوية N lungevene د سیاهرگ شُشی.






{Letter sh}

ش

**شا :** گەڕان-٦ مەبەست **لویی پانزەیە**، کە خاتوو دو باری Jeanne Bécu, comtesse du Barry لە نازیلەکانی بوو و لە شۆڕشی مەزنی فەڕانسەدا بە گیۆتین سەریان پەڕاند.




**شاباژێر :** emporium شاباژێر ناوەندی بازرگانی ناوەندی بازرگانی، مۆڵ، بازاڕی گەورەی هەمە چەشنە کۆگا و کاڵا؛ هیی کۆتایی سەدەی شانزە لە لاتین لە یۆنانی، لە emporion بە واتای بازرگان. ٤ متجر ضخم N emporium د مرکز بازرگانی.






**شابرییە :** Emmanuel Chabrier ئاوازدانەر (١٨٤١ـ١٨٩٤) ئاوازدانەری فەڕانسەیی.




**شابەڕوو :** bay_tree, chestnut درەخت ناو خلیج، کەستانە، بەڕووی خڕ ع کستناء N laurbærtre, kastanje د شاه بلوط.





**شابەندەر :** رامکار کونسووڵ، بەردەستی باڵوێز لە وڵاتی بێگانە. ع القنصل N konsul د کنسول.

**شابی :** Musk willow ڕووەک درەخت جۆرێ داری بییە، گوڵی سپی بۆنخۆش ئەگرێ، بەرێکی کوڵکنی زیوین یان زەرد ئەگرێ، کە بەر لە گەڵا دەرئەکەوێ. ع الصفصاف N fitte pil د بیدمشک.





**شابیزەک:** atropa ڕووەک ناو سێوەخووگانە، توولەزەڕە، هەنگوورە تاڵە، تاڵەترێ، باینجانە مارانە. ع اتروبة N atropa د بلادون.






**شاپلێن:** Charles Joshua Chaplin شێوەکار {١٨٢٥ـ١٨٩١} شێوەکاری فەڕانسەیی.





**شاپۆ:** F chapeau پۆشاک ناو بە کڵاوی «داربی derby»ش بەناوبانگە. کڵاوێکی تۆکمە و ڕەق لبادە، لەگەڵ جاکەتی چوار دوگمە و شەرواڵی کووتاڵ و پێڵاوی داربی قەیتاندار لەبەر ئەکرێ.

**شاپوور و ڤالریانۆس:** ئاماژەیە بە کەندای بەردینی مەرقدەشت، چۆکدادانی ڤالریانۆس ئیمپراتۆری ڕۆما لە بەرامبەر شاپووری ساسانیدا.
 شاپووری یەکەم (٢١٥ـ٢٧٠)، کوڕی ئەردەشیری یەکەمی ساسانی، دامەزرێنەری پاشایەتی ساسانی، کە لە ماوەی ژیانی باوکیدا بوو بە جێنشینی. شاپووری یەکەم بەهێزترین پاشای ساسانی بوو و دەکرێ دەسەڵاتی ئەو بە لوتکەی دەسەڵاتی ڕامیاری و ئابووری پاشایەتی ساسانی هەژمار بکرێت. شاپووری یەکەم بە هێرشکردنە سەر ڕۆما و شکستپێهێنانی ڤالێریانۆس، ئیمپراتۆری ڕۆمانی لە ساڵی ٢٥٩ی زایینی، دەسەڵاتی خۆی نیشان دا و پاشای ڕۆمانی هێنایە سەر چۆک. شاپووری یەکەم سنووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی بۆ ڕۆما فراوانتر کرد و بوو بە تاکە پاشای سەردەمی خۆی.



**شاتۆ بریان:** François-René de Chateaubriand نووسەر ڕامیار (١٧٦٨ـ١٨٤٨) نووسەر، ڕامیار و دیپلۆمات، ساڵانی ١٨٢٨ و ١٨٢٩ باڵوێزی فەرانسە بوو لە ڕۆما، واتە لە کاتی پێکهاتنی لیژنەی کاردیناڵەکان کە پاپا پی هەشتەمیان Pope Pius VIII یان Pape Pie VIII هەڵبژارد، لەم شارە بوو. هەروەها دووک پییێر بلاکاس دۆڵپ Pierre de Blacas d'Aulps (١٧٧١ـ١٨٣٩) کە ئەویش نوێنەری فەرانسە لە ناپۆلی بوو، لە کاتی پێکهاتنی لیژنەکە لە ناپۆلی بووە.



**شاتۆـتێری:** Chateau_Thierry جوگرافیا ناوی جێگا لە شارەکانی باکووری فەڕانسە، لە کەنار چەمی مارن.

**شاتوشووت:** charade ڕەفتار شانۆگەری خۆنمایشکردنێکی بێواتا بە بەمەبەستی بەدیهێنانی سیمایەکی جوان یان ڕێزدار، شانۆگەری ڕازاوی. ع التمثیلة التحزیریة N charade د خودنمایی ☚: دوان دەربارەی یەکریزی، جگە لە چەواشەکاری هیچی تر نەبوو.

**شاتەرە:** fumitory ڕووەک ناو مامجێژنۆکە، مامجەژنە، شاتەرەتاڵە، شەتەرە، شاتاڵە، ڕووەکێکی جیهانییە جۆری زۆری هەیە، هەڵچوو و قیتە، گوڵی بچووکی بۆری پەمەیی یان سپی و گەڵای خۆڵەمێشی وردی دابەشکرای هەیە. ◀ زۆرجار بە گژوگیا دادەنرێت، بەڵام دەرمانیشی لێ ئەگیرێ و بۆ هەرسنەکردن و سکچوون باشە. ع نبات مدخن N fumitory د شاەترە.



**شاخ:** horn ناو قۆچەکێکی ڕەقی، زۆرجار کێشاو و نووکدارە، بە جووت لەسەر سەری ئاژەڵ، مەڕ، بزن، زەڕافە و هتد دەڕوێت، پێکهاتووە لە ئێسکێکی بۆش، بە پڕۆتینێکیرپیشاڵی بە ناوی کەراتین داپۆشراوە. ع قرن N horn د شاخ E antler. ☜ کەچەشاخ

**کەراتین:** keratin ناو هێسنی شاخی، پڕۆتینێکی ڕیشاڵییە پێکهاتەی سەرەکی قژ، پەڕ، سم، نینۆک، قۆچ و هتد پێک دەهێنێت. ع الکیراتین N keratin د کراتینە.



**شاخوێنبەر:** aorta زیندەوەرزانی دەمار خوێنهێنەری سەرەکی جەستە، خوێنی ئۆکسجینداربۆ سیستەمی سووڕی خوێن دابین دەکات. لە مرۆڤدا لە ژێر بن گوێچکەڵەی چەپەوە بەسەر دڵدا تێدەپەڕێت و لە بەردەم بڕبڕەی پشتدا ئەچێ بۆ خوارەوە ع الأبهر N aorta د آئورت.




**شاد:** ئاوەڵناو دڵخۆش، بەدەماخ، دەماخ چاخ. ع فرحان N lykkelig د شاد، خرسند.

**شادانە:** hemp_seed ڕووەک دەنک هۆشبەر دەنکی دەوەنی شادانەیە لە

تیرەی کانابای cannabis [ع] قنب [N] hamp frø [ع] شاهدانە، کنف.

**شادوت:** Princess شازادە شازادەی مێینە [N] Prinsesse [ع] امیرة [د] شازادە.

**شادوت دێلۆم:** گەڕان ـ ٦ دوشێس دو گورمانتی جەوان و تازەبووکە.

**شادوتی تەرەزەن و کلیڤ:** Princess of Troezen and of Cleves پێرسۆنا واتە Princess of Troezen و Princess of Cleves دوو کەسایەتیی، یەکەمیان لە تراژێدیای «فێدر» نووسینی ڕاسین و دووەم لە «شادوتی کلیڤ» نووسینی مەدام دو لافایت. کە تەرەزەن شارۆچکەیەکە لە باکووری شارستانی پلۆپۆنێزی یۆنان و کلێڤ شارۆچکەیەکە لە خوارووترین ناوچەی ڕاین لە باکووری ڕۆژئاوای ئاڵمانیا، نزیک سنووری هۆڵەندا.




**شادمانی:** happiness ناوی چاوگ دارەتی خۆشی و بەدەماخی. [ع] البهجة [N] lykke [د] شادی.

**شادمەندی:** bliss ناو شادمانی دارماڵ، خۆشی مەزن و تەواوەتی، گەیشتن بە ترۆپکی شادمانی. [ع] السعادة الكاملة [N] lykksalighet [د] سعادت ☜ دادمەندی

**شادی:** happiness ناوی چاوگ دارەتی خۆشی و شادمانی. [ع] البهجة [N] lykke [د] شادی [E] joy.

**شادیبەخش:** joyful ئاوەڵناوی فرمان بەخشندەی خۆشی و شادمانی. [ع]

بهيجة N gledelig د شادی آور.

**شار:** City کارگێڕی ناو بازێڕ، لانماکەی {شا+ ئار}ە، بە واتای {عەردی شا}، واتە شار یەکسانە بە {شانشین} و ناوەندی ژیار و گەشە. ع

مدينة N By د شهر.

ئار لە کوردیدا: عەرد، ئەرد، هەردە. شار بە شوێنی {شادار} واتە شوێنێک وتراوە کە شای هەبێ، ن: وەکوو شارە مێروولە، شارە هەنگ

**شاراس:** Jean_Baptiste_Adolphe Charras ئەفسەر وەزیر دژی گەل ١٨ی برۆمێر سایەتییەکی سەربازیی مێژووزان و وەزیر بوو. کۆماریخوازی بۆرژوا بوو، لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی جونی ساڵی ١٨٤٨ی کرێکارانی فەڕانسەدا بەشدار بوو. لە خولی کۆماری دووەم ئەندامی ئەنجوومەنی دەستوور و نوێنەری پەرلەمان بوو. نەیاری لویی بۆناپارت بوو و لە پاش کودێتای ٢ی دێسەمبەر لە فەڕانسە تەرە کرا.








**شارانت:** Charentes جوگرافیا هەرێم مەڵبەندێکە لە باشووری ڕۆژئاوای فەڕانسە، ناوەندەکەی ئانگۆلێمە Angoulême .

**شاردن:❶** Jean Chardin گەڕیدە {١٦٤٣_١٧١٣} خشڵکار و گەڕیدەی فەڕانسەیی، خاوەنی گەشتنامەی سیر جان شاردن.

**شاردن:❷** Jean_Baptiste Chardin شێوەکار {١٦٩٩_١٧٧٩} شێوەکاری فەڕانسەیی.

  

**شاردنەوە :** concealing ناوی چاوگ چاوگی دووڵۆ له بەرچاو ونکردن، پەنامکردن، داپۆشین. ع إخفاء N skjule د پنهان کردن.

**شاردنەی :** Chardonnay ڕووەک میوە شەراب جۆرێک ترێی سەوزە بۆ سازکردنی شەرابی سپی بەکار دێت. سەرچاوەی شاردۆنەی مەڵبەندی بۆرگۆنییە Bourgogne لە ڕۆژهەڵاتی فەڕانسە.







**شارسازی :** The Settlers نژیارڤانی گەمە پلان و بەرنامەی شارسازی و نیشتەجێکردن، کۆمەڵێک یاری ڤیدیۆیی ستراتژیکی شارسازییە ساڵی ١٩٩٣ بڵاو بوویەوە.





**شارستان:** County دابەشینی جوگرافی کارگێڕی ناو شاری گەورە بە گوند و شارۆچکەکانییەوە، شارستان لە پارێزگا بچووکتر و لە شارۆچکە گەورەترە، یەکەیەکی دابەشینی جوگرافییە، لە زۆر وڵاتی وەکوو بەریتانیا و ئەمریکا {County} و لە ئەفغانستان **ولسوالی** پێ ئەڵێن. بە عەرەبی تا ڕادەیەک **قضاء** ئەگرێتەوە کە بریتییە لە: دابەشکردنی کارگێڕی ناوچەیی کە بەدوای هەرێم و پارێزگادا دێت. ئەمە وێنەی شارستانی سەقزە لە دابەشکرادنی جوگرافیایی داگیرکەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:




**شارستانیەت:** civilization کۆمەڵناسی ژیار یان ژیار بە واتای ژیانی شاری و بنەمایەک کە پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتی هەبوو، لە پاش پەیدابوونی شارانی بچووک تا شاربازێڕانی نزیکەی سەد هەزار کەسی سەری هەڵدا. لە هەمان سەرەتاوە کە مرۆڤ ناچار بوون داڵدەی یەکدی بدەن و بەکۆمەڵ بژین، بروا و ڕێگە و ڕێبازێک لە ناویاندا پەیدا بوو بە ناوی فەرهەنگ وەکوو شێوازی ژیان. ئەم شێوازە بووە هۆی پێکهاتنی دوو

نیهاد یان دوو بنگەهی بنەڕەتی. یەکیان خێزان، وەک ڕێسای ژیانی بنەماڵەیی و ئەوی تریان ئایین، بۆ زاڵبوون بەسەر ترس و خۆپاراستن لە دڵەڕاوکەی دیاردە نەزانراوەکان.

پاش ئەوەی سەرەتا لە ڕێگەی مەرداری و پاشان بە هۆی کشتوکاڵەوە زێدە بەرهەم پەیدا بوو و کۆمەڵێک بوون بە خاوەنی ڕاوەن و دارایی، نزیکەی هەشتهەزار ساڵ لەمەوبەر پێداویستی نیهادێکی تر هاتە ئاراوە بە ناوی نیهادی ئابووری و لەگەڵیدا نیهادی ڕامیاری بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵکە و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دانیشتوان سەری هەڵدا.

نزیکەی چەند ساڵێک لەمەوبەر مروڤی شارنشین گەیشتە ئەوەی پێویسی بە فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵگە هەیە، بۆ نیهادی بارهێنان، سەرەتا وەکوو فێرگەی ئایینی و پاشان خوێندنگەی زانستی بەدی هات.

تەنها سەدەیەک بەر لەمە بوو کە مرۆڤ گەیشتە ئەوەی ئەتوانێ جگە لە نزا و پاڕانەوە، یارمەتی لە بەهداشت و پزیشکی بە شێوەی ڕێکخراو و هەمەگیر وەر بگرێ، ئەوە بوو نیهادی پزیشکی بەدیهات و کە ژیان زیاتریش گەشەی کرد و پەرەی سەند، پێداویستی وەرزش بۆ تەندروستی زیاتر و سەیران و سەرگەرمی بۆ حەسانەوە بووە هۆی بەدیهاتنی دامەزراوی گشتی شەشەم و حەوتەم وەکوو وەرزش و سەرگەرمی لەدایک بوو.

ئینجا کۆمەڵگەی خاوەن فەرهەنگ و نیهادی کۆمەڵایەتی ئەوەی لا سەلما، کاتێک بەختەوەرترە کە خاوەنی ڕەوشت بێت و، بەها و هەنجارەکانی لەسەر بنەماکانی ڕەوشت کار بکەن و بچن بەڕێوە. ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو تێگەیشتن و خەباتە دژوارەدا بنەماکانی ڕەوشت لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا بە ئاشکرایی ڕاگەیەندرا. ☜ ڕەوشت و بنەماکانی ☜ بەها و هەنجار












**شارکۆ:** Jean_Martin Charcot پزیشک نۆرۆلۆگ {١٨٢٥_١٨٩٣} زانا و پزیشک و نۆرۆلۆگی بەناوبانگ کە تۆژینەوەکانی سەبارەت بە نەخۆشیی دەمار بەناوبانگە. مامۆستای فرۆید بووە. ☜ نوورۆلۆجی.




**شارگر:** هێمایر گەمە دەستەواژەیەکە لە یاری چاوشارکێدا.

**شارلاتان:** charlatan قۆڵبڕ ناو {فەڕانسەیی لە ئیتالیایی کۆن} جەناب، قۆڵتەچی، سووتار، چەقاوەسوو، گەڕفرۆش، شەلاتی، گزیکار، قۆڵبڕ

ع دجال N sjarlatan د شارلاتان.







**شارل پێگۆ:** Charles Peguy نووسەر (١٨٧٣ـ١٩١٤) سەرنووسەری فەڕانسەیی.

**شارل سان تێر:** Charles Sans terre ناونیتکە شارلی بێ زەوی.

**شارڵ گۆنۆ:** Charles Gounod ئاوازدانەر (١٨١٨ـ١٨٩٣) ئاوازدانەری فەڕانسەیی.







**شارڵ لۆ برۆن:** Charles Le Brun شێوەکار (١٦١٩ـ١٦٩٠) شێوەکار، لویی چواردە بە مەزنترین هونەرمەندی فەڕانسەیی هەموو سەردەمەکان ناوی ئەبا.













**شارلمانی:** Charlemagne یان Charles the Great ئیمپراتۆر (٧٤٢ـ ٨١٤) یان کارلی مەزن، یان کارلۆس ماگنۆس، پادشای فڕانکەکان، دامەزرێنەری ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆما و بە باوکی ولاتانی فەڕانسە و ئالمان دائەنرێ، کە جەنگی زۆری کرد و زۆر لە هۆزەکانی کرد بە

سەرسپێری خۆی.




**شارلۆت کۆردای:** Charlotte Corday کەسایەتی بکوژ ژنێکی فەڕانسەیی بوو، کە ساڵی ١٧٩٣، مارا Marat، لە سەرکردەکانی شۆڕشی مەزنی فەڕانسەی بە خەنجەر کوشت.

**شارلی حەوتەم:** Charles VII of France شا (١٤٠٣ـ١٤٦١) لە ١٤٢٢ تا ١٤٦١ پادشای فەڕانسە بوو. لە سەردەمی ئەودا ژاندارک، فەڕانسەی لە دەستی ئینگلیز ڕزگار کرد و ئەوی هێنایەوە سەرکار.

**شارڵ مۆرا:** Charles Maurras نووسەر ڕامیار (١٨٦٨ـ١٩٥٢) نووسەر و ڕامیار و ڕۆژنامەوانی فەڕانسەیی، دامەزرێنەری بزووتنەوەی ڕاستگەرای پاشاییخوازی «ئەکسیۆن فرانسز» لە ساڵی ١٩٠٨ تا ١٩٤٤ بوو.









**شارۆ:**❶ search ناو فەرمان کنە، شارۆکردن، پەیجوور، بەدواداگەڕان، پەیدۆزی، تۆژانەوە، دانەپەی، فەکۆڵین، کڕکاش، گردیسەر، لێگەڕان، ملۆمۆ، نانەشوێن. ع بحث N søk د جستجو.

**شارۆ:** ❷ search گەڕان فەرمان گەڕانی ئازادە بە کون و قوژبن و بن پەک و گەڵاکاندا بۆ گوێز دۆزینەوە، لە دوای ماشینەوەی گشتی گوێزەکان و ئازادبوونی دارگوێز، کە زیاتر لە لایەن منداڵانەوە ئەکرێ. [ع] بحث [N] søk [د] جستجو.








**شارەزایی:** proficiency پسپۆڕی ناوی چاوگ پسپۆڕی، لێھاتوویی، لێزانی، سەردەرچوویی، سەرەندەرکردوویی. [ع] الکفاءة، مھارة، براعة [N] ferdigheter [د] مھارت، تبحر.

**ن:** پزیشکی پسپۆڕ نەشتەرگەری بۆ کرد.

**شارەوان:** پلە کارگێڕی دەقەردار، پلەیەکی دەسەڵاتە کە بەڕێوەبەرێتی شار یان شارەدێیەک ئەکا [E] burgomaster [ع] قائم مقام [N] borgmester [د] شھردار. ⇦ سێ پلەی فەرمانفەرما و پارێزگار و فەرماندار ئەکەوێتە سەروو پلەی بەڕێوەبەری سەرۆکی شارەوانییەوە. وشەی (قائم مقام) بەرامبەر بە mayor یان burgomaster دێ کە ئەتوانێ فەرماندار یان شارەوان بگرێتەوە. دیارە ئەم پلە و پایە لە وڵاتانی جیاوازدا، جیاوازە، بۆ نموونە بۆی ھەیە لە ھەندێ وڵات پلەی فەرماندار نەبێ، یان لە ھەندێ وڵات بە ھەڵبژاردن بێ و لە ھەندێکی تر بە دانان بێ، بەڵام پۆلێنی پلەکان بە ھەندێ جیاوازییەوە بەمجۆرەیە:

**فەرمانفەرما:** Governor [ع] والِي [N] Guvernør [د] والی، تیولدار.

**پارێزگار:** prefecture [ع] محافظ [N] prefektur [د] استاندار.

**فەرماندار:** mayor ع عمدة N byen prefektur د فرماندار.

**شارەوان:** burgomaster ع قائم مقام N borgmester د شهردار




**شاری بێ شووره:** Open City فیلم یان ڕۆما، شاری بێ شووره Rome, Open City فیلمی سینەمایی ١٩٤٥، دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.




**شاریتە:** Charite تەندروستی نەخۆشخانە نەخۆشخانەی گەورەی پێشووی شاری پاریس، ساڵی ١٩٣٥ تەلارە سەرەکییەکەیان ڕووخاند و زانکۆی پزیشکییان لە شوێنی سازکرد.

**شاری فەرەنگ:** peep show سەرگەرمی سەیرکردنی وێنەی ناو قوتوو لە ڕێگەی لێنز یان کونێکەوە، کە بە سەرگەرمی دائەنرا. هەروەها سەیرکردنی مرۆڤی ڕووت لە کونێکەوە. ئەمڕۆکە شاری فەرەنگی ئان_لاینیش هاتووە.



**شاڕوخ میرزا**: ❶ شا یان شاڕوخ شا یان شاڕوخی ئەفشار {١٧٣٤ـ ١٧٩٦} کوڕی ڕەزاقولی میرزا، جێگری نادرشا، چوارەمین پادشای ئەفشاریەکان، سەدەی ١٨ی زاینی.




**شا ڕوخ میرزا**: ❷ شا یان شاڕوخی گوورکانی {١٤٠٤ـ١٤٤٧} کوڕی چوارەمی تەیمووری گوورکانی، جێگری تەیموور و لە شاکانی تەیمووری. لە پاش تەیموور، هەرکام لە کوڕەکانی دەسەڵاتێکیان پێکەوە نا، بەڵام شا ڕوخ بەسەر هەموویاندا زاڵ بوو.



**شارێحانە :** lavender ڕووەک گوڵ بەرامە ئەسپەرە ڕۆمی، خەزیمە کێویلە، دەوەنێکی هەمیشە سەوزە لە تیرەی نەعنا، گەڵای باریک و گوڵەکانی مەیلەوبەنەوشی بەرەو سوور ـ بەنەوشە. لە کۆنەوە بۆ بەرامە و بخوور سوودی لێ وەرگیراوە.




**شاری :** urban ژیار ئاوەڵناو ئاوەدانی گەورە بە هەموو خزمەتگوزارییەکی هاوچەرخەوە، وەکوو فێرگە و نەخۆشخانە و ناوەندی وەرزشی و بازار و بەڕێوەبەرێتی و هەموو پێداویستییەکانی ژیانی هاوچەرخ. ع مدنيِ، حضريِ N Urban د شهری.

☜ **گوندی :** rural ☜ **پەراوێز :** suburban کەنارشار




**شازادە پالاتین :** Princess Palatine Elisabeth Charlotte شازادە {١٦٥٢ـ ١٧٢٢} ناسراو بە مەدام ژنی فیلیپ دۆرلیان، برای لویی چواردە، ناسراو بە مۆسیۆ بوو.

 

**شازادە دوکلێڤ:** Princesse de Clèves رۆمان بەراورد گەڕان-١ لە لای هەندێ ڕەخنەگر ڕۆمانی دولافایت (١٦٣٤ـ ١٦٩٣) بەرداشتێکی کلاسیک و ئاریستۆکراتی ئەوینە، لە کاتێکدا René شاتۆبریان (١٧٦٨ـ١٨٤٨) بە باشترین نموونەی ئەوینی ڕۆمانتیک ناسراوە.







**شازادە ژوانڤیل:** François d'Orléans, Prince of Joinville شازادە (١٨١٨ـ ١٩٠٠) دوکی دۆرلیان، کوڕی سێیەمی لویی فیلیپ، لە پاش شۆڕشی فێبریوەریی ١٨٤٨ کۆچی کرد بۆ ئینگلیز.

  

**شازادە ماتیلد:** ماتیلد لێتیسا بۆناپارت Mathilde_Létizia Bonaparte

شازادە خاوەن کۆڕ (١٨٢٠_١٩٠٤) کچی ژێرۆم بۆناپارت و کاترین دو وەرتەمبرگ، لە ساڵی ١٨٤٨ تا ڕووخانی ئیمپراتۆری دووەمی فەڕانسە لە کۆشکی ئێلیزە دائەنیشت. دیوەخانەکەی کۆڕی ئاریستۆکرات و هونەرمەندان و نووسەران لەوانە سەنت بۆو و فلووبر بوو.





**شازادە دو مارسییاک:** Boulangist de Marcillac نووسەر گەڕان_٤

شازادە دوو مارسیاک هەمان دو لارۆشفۆکۆ نووسەری پەرتووکی ڕێسایە و بۆلانژیسم شێوازی بیرکردنەوەی ژنراڵ بۆلانژە، هاوپەیمانی مارکسیزم و چەپی ڕادیکاڵە.




**شازادە دو مۆناکۆ:** prince de Monaco ئۆقیانووسناسـر ئاڵبێرت گریماڵدی

{١٨٤٨ـ ١٩٢٢} ئوقیانووسناسی بەناوبانگ و دامەزرێنەری «رێکخراوی ئوقیانووسناسی پاریس».






**شازادە کارمەن شێمەی:** Princess Caraman Chimay شازادە مۆدێل {١٨٧٣ـ ١٩١٦} ناوی کلارا وارد Clara Ward بوو، لە بنەماڵەیەکی ملیۆنێری ئەمریکایی لە دیترۆیتی میشیگان لەدایک بوو. شووی کرد بە شازادە جۆزێف کارمن شێمەی و، بوو بە دووەم شازادەی فەرمی ئەمریکایی، وامەکانی مێردەکەی دایەوە و کۆشکەکەی بۆ نۆژەن کردەوە.










**شازادەی جێگر:❶** Crown prince ناوی‌ئێکدراو میراتگری تاج و تەخت چ کوڕ چ کچ. ع ولي العهد N Kronprins د ولیعهد.

**شازادەی جێگر:❷** Kronprinz ئیمپراتۆر ئاماژە بە شارلی یەکەم {١٨٨٧ـ ١٩٢٢} ئیمپراتۆری ئۆستریا و پادشای هەنگاریا کە لە پاش مەرگی

فرانتس جۆزێف، جێگەی ئەوی گرتەوە و پاش شکستی ئۆستریا لە جەنگدا، لە پاشایەتی کارکەنار بوو.








**شازدە:**[١] bastard ناونیتکە ناوی لێکدراو بە وەچەی شا ئەوترێ لەو کەنیزانەی لە دەربار کار ئەکەن و، بە تەوسەوە پێیان ئەوترێ شازدە واتە شازادەی نارەسەن. ⇦ ڕۆمانی مێژوویی {The Bastard} نووسینی جان جەکس، ١٩٧٤، یەکەم پەرتووکی ئەو زنجیرە ڕۆمانەیە کە باسی بنەماڵەی کێنت کرۆنیکل و شۆڕشی ئەمریکا ئەکات.




**شازدە:**[٢] effeminate ئاوەڵناو لووسکە، لووس و پووس. ع مخنث N feminin د زن صفت E bastard.











**شاژنی ناپۆلی:** Maria Sophie of Bavaria شاژن {١٨٤١ـ١٩٢٥} دواشاژنی فەمانڕەوایی دوو سیسیلیا بوو، کە ساڵانی ١٨١٦ تا ١٨٦٠ لە یەکێتیی سیسیلیا و ناپۆلی لە سنووری ئیتالیای ئێستەدا پێک هاتبوو. خوشکی ئیمپرێسی نەمسا بوو و ساڵی ١٨٩٨ لە ژنێڤ لە ژنێڤ بە دەستی ئانارشیستێکی ئیتالیایی کوژرا.




**شا سمایل:** شا دامەزرێنەری پاشایەتی تورکی شێعەی سەفەوی، سەدەی شانزەی میلادی، زیاتر لە ٢٢٠ ساڵ دەسەڵاتیان بە دەس بوو.









**شاسوار:** knight سوارچاک ئاریستۆکرات سوارچاکی خانەدان لە سەدەکانی ناونجی کە لە لایەن پادشاوە پلەی شانازی دلاوەری و ئازایی پێ ئەبەخشرا د شوالیە، سلحشور، شهسوار N ridder ع فارس، منح

رتبة نبيل.




**شاشبێژی :** sophistry **بیرسای چەواشە** پەنابردن بۆ بەڵگە و بیانووی هەڵە، بە تایبەت بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندن. ع سفسطة N sofisteri د مغلطە.

**شاکۆن :** scepter, sceptre **داردەست** داری زێڕینی دەستی پادشا و مەزنانی ئایینی. ع صَولَجان N septer د صولجان. ⇐ **مەتەشا :** Stick متەشا، داردەستی لار و لوێر و گرێداری دەستی دەروێشان. ⇐ **گورز :** mace.



**شاگال :** Marc Chagall **شێوەکار** مارک زاخارووڤیچ چاگال، شێوەکاری

بەرجەستەی ڕووسی فەرانسەیی، لە پێشڕەوانی شێوازی سوریالیزم و هونەری مۆدێرنە. شاگال توانی کوبیسم و سەمبۆلیزم و فۆڤیزم پێکەوە تێکەڵ بکات و شێوازێکی تایبەت بە خۆی بەدی بهێنێ. ئەو جیهانە نائاساییەی کە دروستی کردبوو، تێکەڵەیەک بوو لە ڕەنگی گەش و ئاژەڵ و گوڵ و مرۆڤ و ئەویندار و باڵندە و ماسی ژەنیار و تەشکی ژنی باڵدار و هێماکانی جولەکە و مەسیحی و کەمانچەیەک کە باڵی فریشتەی هەیە.








**شاگە:** Hello شاگا، دروود، خۆش بە، شادبە، سڵاو، وتەیەکە بەکار دەهێنرێ لە جێگەی وتەی سڵاو و مەرحەبا، لە {شاگاهـ}ەوە هاتووە، واتە کاتێ وەکوو کاتی شا خۆشبێ. [ع] سلام، مرحبا [N] Hallo [د] سلام، درود [G] خاڵ [G] هەنبانە بۆرینە [G] قەڤزین.

**شاگەشکە:** thrilled [دارەت] [ناوی لێکدراو] [شا+ گەش+ ـە] ورووژاو، هەژاو، بوورانەوە لە خۆشیان، شادمانی زۆر لە ڕوودانی شتی زۆر خۆش و لەنکاو. [ع] بسعادة غامرة [N] thrilled [د] ذوقزدە.

**شالووز:** toady [ناو] ڕیاباز، مەراییکەر. [ع] متملق [N] toady [د] چاپلوس، متملق [E] spaniel.

**شالیار:** minister [پیلە] [ناو] وەزیر، بەرپرسی کاروباری شالیارگە یان وەزیرخانەیەک. [ع] وزیر [N] minister [د] وزیر.

**ن:** یەک شایە و یەک شالیار: هەردوکیان خۆیان بە گەورە ئەزانن و گوێ لە کەس ناگرن.

**شالیارگە:** ministery دامودەزگا ناو وەزیرخانە یان فرمانگەی کاروباری شالیارییەک لە بوارێکی دیاریکراودا وەک شالیارگەی پەروەردە، شالیارگەی بەرگری، یان تەندروستی. ع الوزارة N departement د وزارت.

**شاڵی بەنەوش:** «Purpurarum usus» بەرژەنگ بەرامبەرە بە ڕەنگی سپی «pur pur a qua utunt». شاڵی بەنەوش لە ڕۆم و یۆنانی کەونارا نیشانەی ڕەسەنی و پلەی بەرز بووە.




**شام:** Levant جوگرافیا هەرێم لێڤانت، یان مەڵبەندی شام، بە واتای ڕۆژهەڵات، واتە ڕۆژهەڵاتی مەدیتەرانە ئەگرێتەوە بە وڵات و دوورگەکانیەوە د شرق {شرق دریای مدیترانە} N Levant ع الشرق {السواحل الشرقیة للبحر الأبیض المتوسط}.




**شامان:** Shaman شێوەزانست ناو ئەفسوونگەری پزیشک، پزیشکی

جادووگەر ☜ شامانیزم.





**شامانیزم:** shamanism شێوەزانست ئایینناسی دیاردەیەکی ئایینییە کە شامانەکان، واتە پزیشکانی جادووگەر پێی هەڵئەسن. شامانیزم زیاتر دیاردەیەکی سیبری و ئاسیای ناوەندی و نەتەوەی یەکەمە لە ئەمریکا. شامانیزم لە ناو شینتۆکانی ژاپۆنیشدا باوە.










**شامبۆر:** Comte de Chambord شازادە {١٨٢٠ـ١٨٨٣} برازای شارڵی دەیەم، دوائەندامی خانەدانی پاشایەتی بۆربۆن لە فەڕانسە.




**شامۆنی:** Chamonix جوگرافیا شار شارێکی زۆزانی زۆر دڵکەشە لە داوێنی کوێستانی مۆنت بلانک لە ڕۆژهەڵاتی فەرەنسە، لە سێسنووری فەرەنسەـ ئیتالیاـ سویس.






**شامیسۆ:** Adelbert von Chamisso هۆنەر گیانـاسـ (١٧٨١ـ١٨٣٨) هۆنەر و گیاناسی ئاڵمانی، زیاتر بە هۆی ڕۆمانی «سەربردەی پەرجوئاسای پیتەر شلەمیل ـ Peter Schlemihls wundersame Geschichte» بەناوبانگە. ئەم ڕۆمانە لە لایەن وەرگێڕ حەمە کەریم عارفەوە بە ناوی **ئەو پیاوەی سێبەری خۆی فرۆشت** کراوە بە کوردی. وەرگێڕانی ئینگلیزییەکەیشی هەر ئەم ناوەی هەیە:

Peter Schlemiel: The Man Who Sold His Shadow







**شاند:** delegation دەستەی نوێنەران N delegasjon ع وفد د هیئت نمایندگی.

**شانزەی مەی:** بووبەر گەڕان-٦ ڕۆژی ١٦ی مەی ١٨٧٦ مەک ماهۆن سەرۆک کۆماری فەڕانسە، ژول سیمۆنی سەرەکوەزیرانی کارکەنار کرد و برۆلی Victor de Broglie کرد بە بەرپرسی پێکهێنانی کابینە. بەرەی چەپی یەکگرتوو دەنگی نەدا بە کابینەی برۆلی، کە بە کابینەی ١٦ی مەی بەناوبانگە و مەک ماهۆن پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە. **مارکیز دو نۆغیوا**، کە لە کابینەی میانەڕەودا باڵوێز بوو سەرەڕای گۆڕانکاریی ڕامیاری بەردەوام لە پلەی خۆیدا مایەوە.



**شانشین:** shanasheel نژیارقانر پەنجەرەی دەرچوو، بانیجەی سەرگیراو، بەربێلاّیی نزیک پەنجەرە لە ئۆدە چووەتە دەرەوە بۆ دانیشتنی میوان و مەزنان. ع شناشیل، مەشربیة N shanasheel د .



**شانگارنییە:** Nicolas Changarnier راميار ژنراڵ ١٨ای برۆمێر {١٧٩٣ـ١٨٧٧}، ڕامیار و ژنراڵی فەڕانسەیی، پاشاییخواز، لە خولی کۆماری دووەمدا نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێسادانان بوو. پاش جونی ١٨٤٨ فەرماندەی قشڵەی پاریس و فەرماندەی گاردی نەتەوەیی بوو. لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانی ١٣ی جونی ١٨٤٩ لە پاریس بەشدار بوو.







**شانگریلا:** Shangri La ویژە یۆتۆپیا گریمانە شانگری ـ لا، یۆتۆپیایەکی گریمانەییە، ساڵی ١٩٣٣ لە ڕۆمانێکی جەیمز هیلتۆن James Hilton، بە ناوی **ئاسۆی ونبوو** Lost Horizon ناوی هاتووە. بەهەشتێکە لەسەر ڕووی زەوی، کەوتووەتە یەکێک لە دۆڵەکانی کوێستانی کۆنلۆنت لە وڵاتی تەبێت. **شانگری—لای** ناو ڕۆمانی ئاسۆی ونبوو، شاری هێمنی و ئاسایش و ژیانی خۆش و تەمەندرێژییە. لە وێژەدا مەڵبەندی لەبار و ئارام بە کەشی لەباری جوگرافی و تەمەنی درێژەوە، بە بەهەشتی سەرزەوی و بە شانگری ـ لا ناو ئەبرێ N Shangri_La ع شانغريِ ـ لا د شانگری ـ لا.








**شانۆسازی:** Staging شانۆگەری ڕازاندنەوە و سازکردنی شانۆ یان سەکۆی تبب لە نێوان دیمەنەکانی شانۆ و فیلمگرتندا. ع اخراج مسرحي N Iscenesettelse د صحنەسازی.
















**شانۆی بۆلڤار:** Boulevard Theatre شانۆ ☜ بۆلڤار

**شانۆی توولەکی:** farce کۆمێدی گاڵتەجاڕی ناو گاڵتە، تیتاڵی، شانۆی گاڵتەجاڕی بە سوودوەرگرتن لە دەمامکی ئەسپ و گا بە دیمەنی گاڵتەئامێز و ناوێزەوە د نمایش خندە آور N farce ع مسرحية هزلية.







**شانۆی ژیمناز:** Gymnase Theatre شانۆ لە شانۆ کۆنەکانی پاریس.



**شانۆی ڤیچێنزا :** Theater of Vicenza شانۆ ســینەما چییە باشترین نموونەی مێژوویی ئەم بیردۆزەی نژیارڤانی و شانۆ و پەیوەندی لەگەڵ سەکۆ و دیکۆر ئەتوانین لە «ئۆلیمپیکی شانۆی ڤیچێنزا» ببینین کە سەر بە شێوازی نژیارڤانی ئاندرێ پالادیۆ، مێهرازی ئیتالیاییە. ئەم ئامفی تیاترە بێ میچ و کراوەیە، تابلۆیەکی دوورنمای ناوازەی نژیارڤانییە. هیچ توخمێکی ناتوانین بدۆزینەوە، کە ماهەکی مێهرازانەی پشتراست نەکاتەوە، هەروەها دەرگاکەیشی. «ئۆلیمپیکی شانۆ» کە ساڵی ١٥٢٠ لە ناو قشڵەیەکی کۆن کە جەماوەری شار پێشکەشیان کردبوو، دروست کرا. لە دەرەوە تەنها دیوارێکی ئاجووری ژەنگینە، واتە تەنها لایەنی کاردای نژیارڤانی هەیە. ئەتونرێ بە دارەتی ناکریستاڵ ناو ببرێ، بەو واتایەی کە کیمیاگەران لە نێوان دارەتی کریستاڵ و ناکریستاڵی شمەکدا جیاوازی دائەنێن. گەشتیارێک کە لە کونێکی دیوارەکەوە ئەچێتە ژوورەوە، هێدمە ئەیگرێ و دەمی دائەچەقێ، چونکە ڕووبەڕووی کەوشەنێکی بەرین و بێ بنمیچ ئەبێتەوە کە نیوبازنەیەک پێک ئەهێنێ. وەک پارچەکانی کوارتز یان ئاقێق کە لە دەرەوە وەکوو بەردی ئاسایین، لە ژوورەوە کریستاڵی ناوازەن، کە ڕازپۆشانە بەرەو ناوەوە نووشتاونەتەوە. شانۆی ڤیچێنزایش بە گوێرەی ڕێسای زاڵ بەسەر شوێنی جوانناسی و دەستکرد، بە شێوەی تاقانە مۆنەوارە.

تێبینی: هیو گرەی

  

**شانۆی کورسی :** Armchair theater شانۆ شانۆیەکە لە جیاتی هەندێ

کەسایەتی و کەلوپەل، کورسی دائەنێن و پشتئەستوور بە توانای ئەندێشەی بینەرە.




**شانۆی ووویلە :** puppet_theatre.



**شانهەڵتەکاندن :** shrug چاوگی تێپەڕ شان بردنەسەر بە نیشانەی گومان و نازانم، گوێ پێنەدان، نادەربەستی، کەمتەرخەمی. [ع] رفع الكتفين، [N] هز کتفیه trekke på skuldrene [د] شانە بالا انداختن.



**شانیەشەکێ:** سەما شانووشان، دیلانێ، هەڵپەڕکێ.

**شاهەنگ:** Queen Bee هەنگناسی دەعبا شا و دایکی مێشەنگوینان، تاقە مێینەی ناو پوورە یان کەندوویەک کە هەڵئەفڕێ بۆ بەرزی بەرز و هەموو نێرەکان بە دوایدا ئەڕۆن تا ماندوو ئەبن و یەک بە یەکیان ئەمرن، تا دوا دانە، کە لە هەموویان بەهێزترە ئەمبنێتەوە، شاهەنگ لەگەڵی جووت ئەبێت و دائەبەزێ و گەرا ئەخات. بەو پێیەی کە شاهەنگ مێینەیە، وشەی شا دوولایەنەی هەم نێر و هەم مێیە. N Dronning Bee ع ملكة زنبور عسل د ملكه زنبور عسل.






**شای باڤاریا:** King Ludwig II of Bavaria شا موزیک {١٨٤٥ـ١٨٨٦} شەیدای ڤاگنەر بوو، تەلاری شانۆی بایڕۆیت بە فەرمانی ئەو دروست کرا.



**شایست:** halal, legitimate ئاوەڵناو {ئاڤستایی} ڕێگەدراو، شیاو، ڕەوا، حەلاڵ، بە تایبەت لە ڕوانگەی ئایینییەوە. ع حلال N halal, legitim د حلال.

**ناشایست:** forbidden ئاوەڵناو ئاڤێستایی بەرگیراو، نەشیاو، حەرام. ع حرام N forbudt د حرام.

**شایستەیی:** merit ناو چۆنایەتی باشبوون یان شایستەیی تایبەت، نەخوازە بۆ ئەوەی شایەنی ستایش یان پاداشت بێت. ع استحقاق N bragd د شایستگی

ئاوازدانەرانی شایستەی ناوازە.

**شایلاک:** shylock شانۆگەری فیلم پێرسۆنای جوولەکەی سووخۆری شانۆگەری **بازرگانی ڤێنیزی**، نووسینی شێکسپیر. جگە لە شانۆ، چەندین فیلمیشی ژێوەرگیراوە.

**شایلاک:** shylock فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٦٩ ژێوەرگیراو لە **بازرگانی ڤێنیزی** شکسپیێر، نووسین و بەرهەمهێنان و دەرهێنان و هونەرمەندی ئۆرسن وێلز.









**شای هاووڵاتی:** شا لوی فیلیپی یەکەم Louis Philippe I {١٧٧٣ـ ١٨٥٠} سەرۆکی پارتی ئۆرلیان، لە ١٨٣٠ تا ١٨٤٨ پادشای فەرەنسە بوو.




**شایەنە:** ناو کەنیزی ڕازیار، کەنیزی بەرکار، کەنیزی هاودەم د ندیمە در باری N forlover ع خادمة الشرف E maid of honour.

**هەژمە:** servant of honour ناو نۆکەری ڕازیار و خزنەتکاری تایبەتی، نۆکەری بەرکار، نۆکەری هاودەم. ع خادم الشرف N ærestjener د نوکر خاص.

ئەز هەژمەکاری بەژنێ تەمە.



**شاییبەخۆ:** دەروونناسی متمانەبەخۆییر گەشبین، بڕوابەخۆ، شادمان لە کار و کردەوەی خۆ، کەسێک کە شانازی بە کار و کردەوەی خۆی ئەکا، بەرچاو ڕوونانە و شایی بەخۆ، بۆ پێشەوەهەنگاو ئەهاوێژن.

**شێپرزە:** deranged ئاوەڵناو پەرێشان، ئالۆسکاو، پەرۆش، ژاکاو، شێواو.

ع مضطرب N forvirret د آشفته.

**شپرێو:** tacky ئاوەڵناو پەڕیووت، لەبەریەکچوو، خەرەکشکاو، شەقوشڕ ع ردیء N klebrig د زواردرفته.

**شپنە:** husly, vanish ناو پەنام، بزر، ون، وندا. ع اختفى N forsvinne د ناپدید، نامرئی.

**شتۆتگارت:** Stuttgart جوگرافیا ناوەند شارێکی پیشەسازی و پایتەختی پارێزگای بادن ورتمبەرگە لە باشووری ئاڵمان.

**شتەربیەس:** Szczerbiec هێما ناوی تایبەت شمشێرێکی پۆڵەندییە کە لە ئاهەنگی تاجلەسەرنانی زۆربەی پادشایانی پۆڵەندی لە ١٣٢٩ تا ١٧٦٤ بەکار هێنراوە. ئێستە لە گەنجینەی قەڵای پادشایی واوێڵ Wawel لە کراکۆف پارێزراوە و، بە تەنها پارچەی جێماوی سەردەمی پاشایەتی پۆڵەندا دائەنرێ. هێمای فەلەیی و نیشانەی گوڵ و هەروەها درزێکی بچووک لە شمشرەکەدا هەیە کە سپەرێکی بە بەرزەنگی پۆڵۆنیاوە ڕاگرتووە و ناوەکەی لە وشەی پۆڵۆنی szczerba کە بە وتای درزە، وەرگیراوە.






**شتەروور:** ڕۆژژمێر ئاڤێستا مانگی هەسارە و خۆرشید و گەڕە؛

به واتای بەهەشت یان کیشوەری ئاسمانی ئەهووراپە، شتەروور

لە جیهانی مینەویدا نوێنەری پاشایەتی ئێزەدی و شکۆمەندی ئەهووورامەزدایە، شالیاری توانای مینەوی ئارمانجییە، لە جیهانی هێسنی پاسەوانی کانزا و ئاسنەواڵەیە، وەک پاسەوانی کانزا، پارمەتیدەری هەژارانە و دڵی تەنگ ئەبڕ لەوەی کەسێک بە نەشیاو زێڕ و زیو تەخشان و پەخشان ئەکا؛ لەدایکبوانی شتەروور هۆشمەند و گەش و زیندوون، خەمسار و ڕەخنەگرن، بەئەمەگ و کارزانن، لووتن و دووئەندێشن؛

ناوی ڕۆژی چوارەمی هەر مانگێکی خوردشیدییە، ناوی مانگی شەشەمی ساڵی خورشیدییە، لەو ماوەیەدا هەتاو وا لە کەلووی هۆشە Virgo دا، سێیەم مانگی هاوینە، شتەرووەرگان جەژنی ڕۆژی چوارەمی شتەرووەرە؛ خەرمانانە و، مشتاخان:

مانگ شەشەمش مانگ «شتەرووەر»ەن

مانگ هەسارە و ئافتاو و وەرەن

☜ میترا








**شتی هزری:** cosa mentale بیرسا گەڕان-٢ لیۆناردۆ داڤینچی لە نامیلکەی «دەربارەی شێوەکاری» ئەڵێ: «شێوەکاری هزرییە... کاتێگۆرییەکی هزرییە.» **پرووست**یش لە «دژی سەنت بێڤ»دا ئەڵێ: ئەتوانین چەمکی «شتی هزری cosa mentale» داڤینچی، کە دەربارەی هونەری

شێوەکاری وتوویەتی، سەبارەت بە هەموو بەرهەمە هونەرییەکان بەکار بهێنین.



**شراپا :** Sherpa مرۆڤناسی هۆز دانیشتوانی بوومی ناوچەی کوێستانی بەری باشووری هیمالایا لە نێپاڵ، کە لە شاخەوانیدا بەناوبانگن.











**شرام:** Jean_Paul, comte de Schramm ژنراڵ وەزیر (١٧٨٩_١٨٨٤) ژنراڵی فەرانسەیی، لایەنگری پارتی تەناهی، بۆناپارتیست، وەزیری جەنگ لە ١٨٥٠ بۆ ١٨٥١. ١٨ی برۆمێر





**شرۆڤە:** paraphrase ناو فەرمان لێکدانەوە، شرۆڤەی ئازاد بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر. ع شرح النص N omformulere د تفسیر.

**شرەق:** slash, kerf ناو درز، قەڵەش، کوناوژە، قەڵشت، فاق N snittet ع الشق د چاک، ترک. ⇦ شرەقی یەخە: چاک یقە.

**شریخژن:** ناوی‌چاوگ [شریخ+ ژن] دەنگەوشە = دەنگی شریخە [✎ دەنگی شریخەی هەور.

**شڕەوشاتاڵ:** clutter کەلوپەل ناوی‌لێکدراو کەلوپەل، وردەواڵە، پڕوپیتاڵ، وردەویردە. ع أشیاء صغیرة N små gjenstander د خرت و پرت.

**شقاق:** jerusalem artichoke ڕووەک خۆراک ناو سێبنەر، سێفەبنعەرزیلە، گۆرەسێو، گوێزرکە، ئارتیشۆکی جرووزالم، گیایەکە ساقەتەکەی ١,٥ تا ٢ مەتر بەرز ئەبێت گەڵاکەی سادە و تاکی نووک تیژە، کەنارەکەی ددانەی هەیە، بنەکەی وەکوو پەتاتە وایە، گۆشتێکی سپی تورتی هەیە و ئەخورێ، بە تایبەتی بۆ ترشیات N Jordskokk ع بطاتس

قضيبه، الخرشوف القدس [د] سيب زمينى ترشى. ⇐ **ئارتیشۆک:** Artichoke [ڕووەک] [خۆراک] کنگر فەرەنگی، گیایەکی دڕکاوی خۆراکییە وەکوو کنگر ☜ کنگر.







**شکارتە:** iny portion [پاژ] [ناو] پاژی گچکە، بەشێکی چکۆلە، بەشی مەرەزەی گۆخڵ. [ع] جزء صغير [N] liten del [د] سهم كوچک. **نـ:**

شکارتەی گۆخڵەوان یەک لە هەزاری چەڵتووکەکە بوو.

**شکۆفەی ژاکاو:** Broken Blossoms [فیلم] فیلمی دراماتیکی بێدەنگی فەڕانسەیی ١٩١٩ دەرهێنانی د.دەبلیو گریفیس.













**شکۆمەندی:** magnitude [ناوی جیاوگ] [ناوی لێکدراو] دروەوشاوەیی، گەورەیی، مەزنی، بەرەگە، قەبارە، ئەندازە؛ قەبارە و ڕادەی گەورەی شتێک. [ع] أهمية، ضخامة [N] omfanget [د] شكوه، حجم.










**شکەستن:** fracture چاوگی تێپەڕ قەڵەشان و درزتێبوون، یان شکانی هێسنێکی ڕەق و سەخت وەکوو ئێسک paraphrase:

شکەستن دوو جورن

یا ئێکێ مرۆڤ هزر بکەت بۆ کار

یا دوویێ ژی مرۆڤ کاربکەت بۆ هزر

جون سالاک







**شکۆ:** dignity ناو بەها، ڕێز، دارەت یان چۆنایەتی شیاوی شکۆمەندی و ڕێزداربوون. ع كرامة N verdighet د کرامت.

**شکێنراو:** wreck دەروونناسی هێمایی ئاوەڵناو تێکشکێنراو، وردوخاش بوو، ڕووخاو و هیوابڕاو زیاتر لە ڕوانگەی دەروونییەوە؛ لەناوبردن یان زیانگەیاندن بە توندی لە مرۆڤ، پێکهاتە، ئۆتۆمبێل، یان هاوشێوەی. ع شخص مدمر، مصدوم N vrak د شکستە، مصدوم.






**شلکێنە:** khringo نان ناو جۆرە نانێکە هەویرەکەی تراوە و بە کەوچک

دەکرێتە سەر ساج، یان دەکرێتەوە و دەبرژێنرێ، لەگەڵ هەنگوین یان دۆشاو. ع بغرير، صهيرة N khringo د گلاج.

**شلکێنەی هێلکە:** pancake کەیک ناو کەیکی تاوەیی؛ کەیکێکی تەنک و تەختە بە هێلکە و ئارد، لە ناو تاوە سوور ئەکرێتەوە، لەگەڵ دۆشاوی ترێ یان کەوتەوە ئەخورێ. ع فطيرة N pannekake د پنکیک، نان شیرین و پهن.




**شلکە:** ناو چەڵمەتە، گوێزی تازە ناوک کردووی خۆنەگرتوو.

**شلۆ:** turbid ئاوەڵناو شلوێ، لیڵ. ع معکر N grumsete د مکدر.

**شلەمەنی:** liquid ناو ئاوەڵناو ئەستوویەکە بە ئازادی هاتوچۆ ئەکات، بەڵام قەبارەیەکی نەگۆڕی هەیە و سازگارییەکی وەکوو ئاو ڕۆنی هەیە. ع سائل N væske د مایعات.

**شلوێ:** turbid ئاوەڵناو شلۆ، لیڵ. ع معکر N grumsete د مکدر.

**شلەی بامیە:** ☜ بامیەوگۆشت

**شلیاست:** Chiliasts ئایینناسی ئایینزا ناو لە chilias ی گریگ بە واتای هەزار، بە پەیڕەوانی ئایینی فەرمانڕەوایی هەزارەی خوداوەندی لە سەرەتای فەلەگەریدا ئەوترا.

**شڵ:** freckle ناو نمووس، شڵ بوون، خاڵخاڵ یان پەڵەی وردی سەر گۆنا و ڕوومەت، سووری کاڵی پنۆک پنۆک. ع نمش N fregne د کک مک.





**شڵپوهۆڕ :** splashing فەرمان ڕاوەشاندن، پرژاندن، شڵپەی با و باران. ع رش N spruting د پاشیدن.





**شڵەژان :** stress دەروونناسی ناو فەرمان دەمارگرژی، فشار، پەرێشانی N understreke ع ضغط عصبی د فشار عصبی.

⇦ دەرەکییە: کاردانەوەیە بەرامبەر بە فشار و هۆکارە دەرەکییەکان کە ناتوانین باشاریان بکەین. ⟵ چوینەتە سەر پۆلی تاقیکاری.

⇦ ناوەکییە: دارەتێکی دەروونی ناخۆشە لە وەڵامی هاندەری گوشارهێنەردا ڕوودەدات. ⟵ بیر لە تاقیکردنەوەی هەفتەی داهاتوو ئەکەینەوە.

**شڵەژاو :** anxious ئاوەڵناو پەرێشان، پەشێو، سامات، شپرزە، مەراقدار. ع قلق N anxious د مضطرب.

**شڵێوە :** sleet ناوی لێکدراو شلۆقە، بارینی بەفر و باران بە یەکەوە. ع ثلج مخلوط بالمطر N sludd د برف و باران.

ن: ⇦ باران: rain ⇦ وەشەنگ: tornado ⇦ تەرزە: freezing rain ⇦ شڵێوە:

sleet ⇐ بەفر: snow

⇐ **وەشەنگ**: tornado ناوی لێکدراو بارینی باران بە باوە؛ گێژەڵووکە، گەردەلوول، بابلیسک، بۆران. ع اعصار N tornado د توفان.




**شمشاد**: boxwood ناو داری شمشاڵ، درەختێکی هەمیشە سەوزی ڕازێنەرە، گەڵای سەوزی تۆخی بریقەدارە و چێوەکەی پتەوە و لە پیشەسازیدا سوودی لێ وەرئەگیرێ. باڵای تا هەشت مەتر بەرز ئەبێ. ع البقس N buksbom د شمشاد.



**شمشێر**: sword کەرەستە ناو چەکێکە لە تیغێکی کانزایی درێژ blade، بە ناوڕاستی بەرزەوە بە ناوی دووخ fuller و دەسکێکی hilt پڕ بە مشت، بە مشتە grip و کەڵە pommel و دەستپارێز cross_guard و جووتێک شانەی ricasso تیژنەکراو، پێک هاتووە، بۆ ڕاوەشاندن یان زەبرلێدان بەکار دێت. ◄ شمشێرباز دەسکی شمشێر بە توندی

ئەگرێت و بۆ دڵنیایی و هێزی زیاتر پەنجەیەکی ئەخاتە سەر لاشانەی تیژنەکراو. ◀ شمشێر یەکێک لەو چەکانەیە بە درێژایی کات هەزاران جۆری لێ دروست کردوە. ◀ ئێستا بە شێوەیەکی گشتی وەک بەشێک لە جلوبەرگی فەرمی لەبەر دەکرێت. ع سیف N sverd د شمشێر.









**شمشێر ڕاوەشاندن:** saber_rattling هێمایر کردە هەڕەشەکردن بە پیشاندانی دەسەڵاتی سپایی.

**شمشێری دامۆکلێس:** sword of Damocles مێژوو بووبەر پەند دنیسی یەکەم، دیکتاتۆری سیراکۆس بۆ ئەوەی ناسەقامگیری و شادی و بەختەوەری پیشان بدات، شەوێک یەکێک لە سەردارەکانی خۆی بە ناوی دامۆکلێسی، بانگ کرد بۆ میوانییەکی شکۆمەند و لە سەروو شوێنەکەی ئەوەوە شمشێرێکی قورسی بە مووی کلکی ئەسپەوە هەڵواسی. بە درێژایی ماوەی ئەو میوانیە سەما و گۆرانییە بەردەوام مەترسی ئەوە هەبوو مووەکە بپچڕێ و شمشێر دابێتەوە و تەوێڵی دامۆکلێس قاش بکات. مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەوەیە کە مەترسییەکی بەردەوام هەمیشە هەیە و ئەگەری ئەوە لە ئارادایە هەموو هەل و دۆخێک تووشی مەترسی بکات.





**شملّ:** Fenugreek ڕووەک بەهارات ناو شەمەلیلە، گیایەکە لە تیرەی نۆک، گوڵی سپی و دەنکی بۆنخۆشی هەیە وەک بەهارات بەکار ئەهێنرێ، لەگەڵ ڕەشکە تێکەڵ ئەکرێ و ئەهاردرێت بۆ ناو نان N Bukkehornkløver ع نبات الحلبة د شنبلیلە.



**شنگ:** mood ئاوەڵناو پرشنگ، تابشت، یارا، واز، زۆر، هێز. ع صبر، مزاج N humør د طاقت و حوصلە.

**شنگ:** ناو بە ناوی زانستی Tragopogon graminifolius گیایەکی بەهاری لق باریکی گەڵا لوولی بنکدارە، بالآی ١٠ تا ٣٥ سەنتیمەتر بەرز ئەبێ. شنگ لاسک و گەڵاکەی بە کاڵی ئەخورێ، ئەکرێتە ناو سالآددا و بە ئاشیش لێئەنرێ، چێژێکی زۆر خۆشی نە شیرینی هەیە. قازانجی دەرمانی زۆرە.



**شۆ:❶** ڕووەمەت ناو ساوازە، شەرم، حەیا، چاووڕوو، فەهێت، فەدی، ئابڕوو. **ن:** شەرم و شۆ.

**شۆ:**❷ ناو ئاش، دەقی پارچە و کووتاڵ، گیراوەی نشاستە و کەتیرە یان جەوی کە ئەدرێ لە کووتاڵ یان کاغەز، ڕەپ و لووسی ئەکات.

**شۆپ:** trace یافت ناو ڕەندەش، شوێن، شۆپ، یافت، شوێنەوار و شوێن پا، جێ پێ لە ڕێگا. ع اثر N track د رد و اثر. ☜ یافت

**شۆپاژۆ:** pursuer هێمایر ناو ڕانەر، شوێنهەڵگر، ڕاوەدوونەر، پسپۆڕ لە جێ پێ ناسینەوەدا، ئەو کەس یان دەستەیەی ئەکەوێتە شوێن کەس یان کەسانێک. ع المطارد N forfølger د تعقیب کننده.

**شۆپهەڵگر:** skip tracer یافت ناو ڕانەر، شوێنپێ هەڵگری هەڵاتوو، گاراگای تایبەت بۆ شوێنگرتن و شوێنکەوتنی کەسانی هەڵاتوو و تاوانباری خۆگومکردوو. ع تعقب الهارب N flyktende sporer د ردیاب فراری.










**شۆپەن:** Frédéric Chopin ئاوازدانەر ڕۆمانتیسیست {١٨١٠ـ١٨٤٩}. ئاوازدانەر و پیانۆژەنی بەهرەمەند و ڕۆمانتیکی پۆڵەندی. لە سەرانسەری جیهاندا ناوبانگی دەرکردبوو و بە نوێنەری سەرتۆپی ژەنیارانی کاتی خۆی ناوئەبرا. خاوەن تەکنیکێکی هێند بەرز بوو بە بلیمەتێکی تاقانە ناوی دەرکردبوو.






**شۆخ :** facetious [ئاوەڵناو] شۆخیباز، تیتاڵباز، جەفەنگباز، قۆشمە، حەنەکچی، پێکەنینی، گاڵتاوی، قسەخۆش. [ع] طریف، مرح [N] fasinerende [د] لوس، اهل شوخی.

**شۆدار :** [ناو] ئاشدار، ئاهاردار، شۆ یان ئاش گیراوەی نشاستە و کەتیرە یان جەوییە کە ئەدرێ لە کووتاڵ یان کاغەز، ڕەپ و لووسی ئەکا.



**شۆدرلۆس دو لاکلۆ :** Choderlos de Laclos [نووسەر] {١٧٤١ـ ١٨٠٣} ڕۆماننووس، ژنراڵ و فەرماسۆنی فەڕانسەیی.




**شۆڕ :** passion [دەروونناسی] [ئاوەڵناو] سۆزی دەروون، هەست و پەژاری ئەڤین، غایلە و دڵخورپێ. [ع] شغف [N] lidenskap [د] شور. ن:

سەر کە شۆڕێکی نەبێ، من زڕکەتاڵم بۆ چییە؟
دڵ، کە هۆشێکی نەبێ، شووشەی بەتاڵم بۆ چییە؟

«مەحوی»

من نازانم

شیرینەکەم

دڵێ شۆڕ و سەودای تیا بێ...

«پەشێو»

سەری شۆری نەبێ، کاسەی بەتاڵە

دڵی عیشقی نەبێ، خرپێکی کاڵە

سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)

**شۆڕاب:** ناوی لێکدراو پەلکە دارە ترێی خوێ کراوی وشککراو بۆ زستان.

**شۆڕابە:** ناوی لێکدراو ئاوی باران.

**شۆڕانەوە:** erosion چاوگی تێنەپەڕ خوران و پوان ویووکان و دارزان و داوەشان بە هۆی با و ئاو و توخمی سروشتی ترەوە. [ع] تحات [N] erosion [د] سایێدگی.

**نیشتن:** deposition چاوگی تێنەپەڕ پەستاوتنەوە و داچوونی عەرزی نەرم. [ع] ترسیب [N] sediment [د] رسوب [E] sediment.









**شۆڕدنی دایانا:** Diana And Her Companions شێوەکاری تابلۆیەکە لە ساڵی ١٨٧٦، لە پاریس، کاتێ فرۆشتنی کولکسیۆنی نۆڤیل گۆڵدشمیت کرێدرا. سەرەتا بە بەرهەمی نیکۆلاس مەیس (١٦٣٢ـ١٦٩٣) دائەنرا،

بەڵام لە ساڵی ١٩٠٧ـەوە بە هێی ڤێرمیێر ئەژمێردرێ.



**شۆرەکات:** desert ژینگەوانی ناو بیابان، قاقڕ، زەوی سوێر و بێ گیا، زەوییەکە خاکەکەی لەبەر سوێری گیای کەم لێ سەوز بێ. ع الصحراء N ørken د کویر.





**شۆڕش:** La Revolte ڕۆژنامە ڕۆژنامەی ئانارشیستی کە کرۆپۆتکین Kropotkin ساڵی ١٨٧٧ دایمەزراند، سەرەتا لە سویس و پاشان

لەپاریس چاپ ئەبوو.

**شۆڕشەکان:** گۆڕانکاری ١٨ای برۆمێر لە ئاڵمانی Umwälzungen، لە ئینگلیزی revolutions و لە فەرانسەیدا les révolutions و زۆر وەرگێڕانی تریش، تەنانەت لە دەوڵەت و شۆڕشی لێنیندا، کاتی ئاماژە بەم تێزە سەرەکییەی مارکس، وشەی «گۆڕانکاری» بە هاوسەنگی شۆڕش بەکار هێنراوە. دیارە مارکس لێرەدا مەبەستی گۆڕانکارییەکانی سەردەمی پاشایەتیی لوژێتمیستی بۆربۆنەکانە، کە چەمکی «شۆڕش» بە واتای باوی مارکسیستی، ناگرنەوە.

**شۆڕشی بێرلین** ١٩١٨: شۆڕش ڕووبەر ئیمپراتۆری ئاڵمان لە مانگی نۆڤەمبر لە بێرلین سەرەونگووم بوو و دەسەڵاتی کۆماری ڕاگەیەنرا، ڤیلهێلمی دووەم، کایسەری ئاڵمان، شەوی ١٠ نۆڤەمبر هەڵات و بوو بە پەنابەر لە هۆڵەندا.

**شۆڕشی دەستووری ئێران:** Persian Constitutional Revolution بزووتنەوە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی ـ ڕامیاری بوو لە مێژووی ئێراندا و بەشێکە لە بزووتنەوەی دەستووری ئێران و سنووردارکردنی دەسەڵاتی ملهوڕانەی پاشایەتی. ساڵانی ١٩٠٥ تا ١٩١١ لە سەردەمی قاجارەکان ڕووی دا، سیستەمی دەسەڵاتی ئێرانی گۆڕی لە سەرەڕۆ بۆ دەستووری، پەلەمان دانرا و یەکەمین دەستوور پەسەند کرا. ◄ «مەشروتە» واتە سنووردار بە گوێرەی دەستوور. ع الثورة الدستورية الفارسية N Persisk konstitusjonell revolusjon د انقلاب مشروطه.








**شۆڕکردنەوە :** dangle [چاوگی دووڵۆ] [چاوگی تێپەڕ] هەڵاواسین، بەردانەوە. [ع]
استرخی علق [N] dingle [د] آویزان کردن، آویختن.
ن: قاچ شۆڕکردنەوە. ن: خۆشۆڕکردنەوە.






**شۆڕەبی :** [ڕووەک] [درەخت] [ناوی لێکدراو] شەنگەبی، جۆرێکە لە بی کە لکەکانی شۆڕ ئەبنەوە.



**شۆڕەمل :** [خشڵ] [ناو] ملوانکەی درێژ، گەردانە، گوڵوەن، ملەوەن.





**شۆش:** ناو هەست د شعور.

**شۆفار:** informer زمانگیر ناو زمان شڕ، نێوان تێکدەر؛ سیخوڕ، زوانگر.
ع نمام، جاسوس، مخبر N informant, spion د نمام، جاسوس، مخبر E spy.

سەبارەت بە وشەی شۆفار، وتراوە کە قۆچی کەڕەنا لە زمانی عیبریدا پێی ئەوترێ «شۆفار»؛ بەڵام پێناچێ شۆفاری عیبری هیچ پەیوەندی بە شۆفاری کوردییەوە هەبێ، وەکوو {بووک}ی کوردی و {book}ی ئینگلیزی کە هەردووکیشیان {بووک}ن و هیچ پەیوەندیشیان بە یەکەوە نییە. بەڵام من کە لە باکووری ئەفریقا ئەژیم، ڕۆژ نییە گوێم لە وشەی {شوفار} {shufar} نەبێ، بە تایبەتی لە مەراکۆ و لە شاری کازابلانکا. هەرچەند ئەم {شوفار}ە لەم وڵاتانەی کە زمانیان ئەمازیغییە {و هەرچەند تەعریب کراون، بەڵام هێشتاش زیاتر لە ٥٠ ملیۆنیان لێماوە کە خۆیان بە ئەمازیغی «بەربەڕ» ئەزانن}، بە واتای {دز} بەکار ئەهێنرێ؛ من پێم وایە وەکوو سەدان وشەی تر لە کوردییەوە چووەتە ناو زمانەکەیان و، ئەمەش زیاتر لە سەردەمی کوردانی ڕەواقی ئەیووبیدا ڕووی داوە، ئەگەر ئەمازیغییەکان بە کوردانی باکووری ئەفریقا نەزانین!

چ جایە نووسەری ئەمازیغی **عبد الرضا حمد جاسم** و زۆری تر {ئەمازیغییەکان} بە کوردەکانی باکووری ئەفریقا دائەنێن. لە پەیوەند لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی ئەمازیغ ناوچەکە **عبد الرضا حمد جاسم** ئەڵێ: ئەمازیغییەکان کوردانی باکووری ئەفریقان، هەر کەس بیان بینێ ئەزانێ کە ڕواڵەتیان، شوێنی ژیانیان، جلوبەرگی هاوچەشنیان، سازەکانی موزیکیان، گۆرانییەکانیان وتەنانەت بیچم و شێوازیان وەکوو کوردانی عیراقە. {اما الامازيغ وهم اكراد شمال افريقيا... فمن يراهم وطباعهم واماكن تواجدهم وازيائهم والاتهم الموسيقية وانغامهم وحتى اشكالهم يجدهم شبيهين بأكراد العراق}. بەستەر:

http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=279287& r=0

**شۆفتەلز و شپیگلبەرگ:** Schufterles und Spiegelbergs پێرسۆنا
دوو کەسایەتیی تاوانکار لە کاراکتەرانی شانۆگەری فرێدریک شیللەر Friedrich Schiller بە ناوی تاڵانکەران The Robbers.









**شۆفلۆری:** Choufleury پێرسۆنا گەڕان-٢ کاراکتێرێکە لە ئۆپەرێتی ژاک ئۆفنباخ، بە ناوی **جەنابی شۆفلۆری ٢٤ی جانیوەری لە ماڵ ئەبێ.** ئەم ئۆپەرێتە سەبارەت بە میوانییەکی سەرنەکەوتووە، کە خاتوو سوان وەکوو ئامرازەیەکی باو بەکاری ئەهێنێ.







**شۆڤێنیزم:** chauvinism ڕێباز ناوی‌لێکدراو پشتگیری زۆر و دەمارگیرانە بۆ دۆز یان دەستەیەک، هەروەها نەتەوەپەرستی شەڕانگێزانە و توندڕەوانە. ◄ باوەڕێکی ناژیرانە بە باڵادەستیی هۆز و نەتەوەی خۆیی، کە بەهێز و خاوەن کەبارە، لە کاتێکدا هۆز و نەتەوانی تر بە لاواز،

ناشایستە و کەمتر ئەزانێت. یەکەم کەس نووسەری ئینگلیزی جۆرج هۆلیۆک وشەی شۆڤێنیزمی بەکار هێنا. ع الشوفينية N sjåvinisme د شوونیسم.

☜ پیاوسالار











**شۆک:** ناو پزیشکی شۆکە، گەزۆی مازوو، دۆکە، بەلایەکە گەلای مێو سپی هەلئەگێڕێ.

**شۆکە:** fungal mildew ناو فەرمان دۆ، دۆکە، دۆدەردان، دۆکردن، کەڕوویەکی قارچکییە ئەدات لە درەخت و میوە و تەرەکاڵ و وەکوو پەڵەیەکی سپی پێیانەوە دیار ئەبێت. هەروەها پەڵەی سپی ڕەقەڵەبەستوو بە هۆی وشکبوونەوەی لێزکەوە کە بە جلەوە دیار ئەبێت. ع العفن الفطري N soppmugg د سفیدک قارچی.












**شۆلە:** ئەستێرەناسی ناو تیرئەستێرە، گڕئەستێرە، ئەستێرەی گڕدار، ئەستێرەی کشاو N meteor ع د شهاب E meteor.





**شۆمۆن:❶** Chaumont ئایینناسی ناوی جێگا هەمان وشەی گۆلگەتایە Golgotha، بە عەرەبی جەلجەتا، واتای وشەکە بە عیبری ئەکاتە «گردی کەللەسەر» و بە لاتین Calvus Monsـەیە. شۆمۆن ناوی ئەو گردەیە کە رۆژی هەینی پیرۆز، عیسا لەوێ لە خاچ درا.




**شۆمۆن:❷** Chaumont کۆشک کۆشکێکە لە شۆمۆن سورلوار ـChaumont sur_Loire لە ناوەڕاستی فەرانسە، لە سەدەی دەیەمدا دروست کراوە.



**شۆن:** پەیمان ناو پەیمان و ئەمەگ و شەرم و حەیا.

**شۆناڤار:** Paul Chenavard شێوەکار {١٨٠٨ـ١٨٩٥} شێوەکاری فەرانسەیی، لایەنگری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و نواندنەوەی لە شێوەکاریدا بوو.





**شۆوان:** chouan نازناو ناو جووتیاری پاشاییخواز لە ١٧٩٣ تا ١٨٠٠، لە ناوی سەرکردەکەیانەوە بە ناوی ژان شۆوان، لە وشەی chat_huant بە واتای کوندەبوو هاتووە.








**شۆنبرۆن:** Schonbrunn کۆشک کۆشکێکە لە نزیکی ڤیەنا.



**شۆنەڕای:** Imitation ئاییناسی بڕواداری پەیڕەویکردن و چاولێکەری لە عیسا، شۆنەڕای عیسا Imitation of Christ پەرتووکێکی عیرفانی فەلەیە، سەدەی پانزەی زایینی بە زمانی لاتینی نووسراوە.




**شۆنەما:** consequences شۆنهات ناو شۆنهات، بەرەنجام، کاردانەوە د پیامد N konsekvenser ع عواقب.

**شوازۆڵ:** Choiseul خانەدان ئاریستۆکرات لە بنەماڵە ئاریستۆکراتە ناسراوەکانی فەڕانسەیە لە سەدەی دەهەمی زایینییەوە.

**شوربەلیەهوود:** هێمایر دەستدرێژی شەراب خواردنەوەی جوولەکە و مەبەست شەراب خواردنەوەیە بە نهێنی، چونکە وەک لە پەرتووکی

غیاسوللوغاتـدا هاتووە، جوولەکە لە ترسی موسڵمانان بە نهێنی شەرابیان ئەخواردەوە [د] شُرب الیهود.

**شومێلە :** دانەوێڵە ناو دانەوێڵەیەک کە ئاژەڵی پێ قەڵەو ئەبێ.

**شوناس :** Identity شوناسـ ناو ناسنامە، پێناس، ڕاستەقینەی بوونی کەس و کەسایەتی یان شتێک. شوناس، ناسنامەی کەسێک یان کۆمەڵێکە کە لە کەسانی تر و کۆمەڵی تر جیای ئەکاتەوە. ڕێکخراوی یۆنێسکۆ پێی وایە شوناس کاکڵەی سەرەکی کەسایەتی تاک و کۆمەڵە، کە کردار و ڕەفتار و بڕیارە سەرەکییەکانی تاک یان کۆمەڵ {هۆز، نەتەوە} پێکدێنێت [N] identitet [ع] [د] هویت.








**شوورە :** rampart پاراستن ناو دیوار و بارووی بەرز. [ع] متراس [N] voll [د] بارو.




**شوورەیی :** shame ئاوەڵناو فەدی، ساوازە، حەیا، شۆ، چاوڕوو، فهێت،

حەیشۆ، ڕاڤ، حوزم N skam ع د شرم و حیا، آزرم.

**شووش:** ❶ ئاوەڵناو بەڕن زراڤ، باریکی ڕێک و جوان، باڵاجوان.

**شووش:** ❷ ئاوەڵناو بیرووهۆش.

**شووش:** ❸ waterfall ناو تاڤگە و ئاوهەڵدێر. ع شلال N foss د آبشار.



**شووش بەستن:** ❶ چاوگی تێپەڕ هەڵمسان، ئاوسان، پەنەمین، هەڵسان بەبێ ئەوەی بلۆق یان تۆقلەی کردبێ.

**شووش بەستن:** ❷ چاوگی تێپەڕ ڕاستبوونەوە، قنج بوون، وەک شیش وەستان.

**شووشە:** screen ناو پەردە. ع الشاشة N skjerm د صفحه ✿: شووشەی تەلەڤیزیۆن ✿: پەردەی سینەما.

⇐ **پەردەپارێز:** screensaver.

**شووشەی بچووک:** vial پزیشکی پیشەسازی ناو شووشەی دەرمان، ئەمپۆل هێمایر شووشەی ژیان. ع قارورة N hetteglass د ویال.

هێمایر شووشەی ژیان.




**شووشەی ژیان:** The Vial of Life پزیشکی فریاگوزاری ناوی لێکدراو زانیاری ڕزگارکەری ژیان بۆ دارەتە فریاگوزاریەکان، بەرنامەیەکە کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات زانیارییە پزیشکییە تەواوەکانیان لە ماڵەکەیاندا ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کارمەندانی فریاگوزاری لە کاتی باری نائاساییدا سوودی لێ وەربگرن. ئەم بەرنامەیە بەکاردێت بۆ پێدانی زانیاری پزیشکی نەخۆشەکە کاتێک نەخۆشێک ناتوانێت قسە بکات یان ئەو زانیاریانە بیێتەوە بیری. بەرنامەکانی شووشەی ژیان بە شێوەیەکی باو لە لایەن هاولاتیانی بەساڵاچووەوە بەکارئەهێنرێن و لە لایەن ڕێکخراوەکانی ناوەندی باڵا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاگرکوژێنەوە، و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە بەکار ئەهێنرێن. وێنەچەسپان، فۆڕمی زانیاری پزیشکی و کەرەستەی تر بە شێوەیەکی گشتی بەخۆڕایین و، هەندێکیان بە خۆڕایی لە ئینتەرنێتەوە دابەزێنرێن، یان چاپ بکرێن. ع قارورة الحياة N Livets flaske د شیشه حیات F Fiole de vie.




**شووم:** ominous ناو نگریس، بیۆدم، بێفڕ، گۆتاڵ، بەدشووم، ڕەش، هەڕەشاوی، مروا، دمۆری، پڕمەترسی بەختی شووم، نیشانەی خراپ.
ع مشؤومة N illevarslende د مشؤم، نحس، شوم.

**شوێنەوار :** vestige ناو شوێن، پاشماوە، یادگار، پاشماوەی یادگاری.
ع اثر N rest د بقایا.

**شوێنەوارناسی :** Archaeology ژیار مێژوو نژیارقانر ناو ئارکیۆلۆجی، لێکۆڵینەوە لە مێژوو و پێش مێژووی مرۆڤ لە ڕێگەی هەڵکەندنی شوێنەکان و شیکردنەوەی شوێنەوار و پاشماوە فیزیکیەکانی تر. ع علم الآثار N Arkeologi د باستان شناسی.

**کەوانناسی :** Arcology ئەندازە ناو بریتییە لە تێکەڵکردنی تەلارسازی لەگەڵ ئیکۆلۆژی، کە دیدێکی شارستانی گشتگیرە. لە سروشتدا لەگەڵ پەرەسەندنی زیندەوەران، ئاڵۆزییان زیاتر ئەبێت و ئەبنە سیستەمێکی ڕچڕتر. شارێک ئەبێ بە هەمان شێوە پەرە بسێنێت و، وەک سیستەمێکی زیندوو کار بکات.








**شەبستەر :** جوگرافیا ناو شارێکی زۆر کۆنی کوردستانە و ماناکان لەوێ دەسەڵاتیان بەدەست بووە، ئەمڕۆ بەناو بە یەکێک لە شارەکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات دائەنرێ، نزیکی تەورێزە. چیرۆکی **حسێن کوردی شەبستەری** لە پاڵەوانانی شوانکارەی سەردەمی شاعەباسی سەفەوی بەناوبانگە.








**شەبەنگ:**❶ spectrum ناو دەستەیەک لە ڕەنگەکان کە بەهۆی جیابوونەوە ڕووناکی بە پلەی جیاوازی درێژی شەپۆلەکەیان بەدی دێن، هەروەک لە پەلکەڕێڕینەدا ئەبینرێ. ع طیف N spektrum د طیف.

**شەبەنگ:**❷ spectrum ناو شێوازی وەستانی خەکەبڕبەند لە بازنەی مەگناتیسیدا. ع طیف N spektrum د طیف.

**شەبەنگ:**❸ spectrum ناو بۆ پۆلێن کردن و پیشاندنی دۆخی نێوان دوو پلەی توندڕەو و نەیار سوودی هەیە: چەپ یان ڕاستی شەبەنگی ڕامیاری. ع طیف N spectrum د طیف.








**شەبەنگ:**❹ notion ئاوەڵناو تەمار، تارمایی، تاپۆ، قەرەنتو.

**شەپرە:** obesity نەخۆشی ناو نەخۆشی قەڵەوی. ع سمنة بدانة N fedme د بیماری چاقی.













**شەپلاخە:** whack ناو لێدان، پیاکێشان، دەنگی لێدان یان پیاکێشان، شەقە، شڵپە، شریخە. ع اجتز، ضربة عنيفة N klask د ضربە،

صدای ضربە.

**شەپلە :** tremor نەخۆشی کارەندامناسی ناو فاڵنج، لەرزە، گۆجبوون، شەپلە بە زۆری بە هۆی کەوتنە ناو خولگەی کارەبایی هەروەبرووسکەوە تووشی مرۆڤ ئەبێ، کە ئەو لێدانە ئەگەر کەسەکە نەکوژێ، دەست یان قاچی بە جۆرێک گۆج ئەکات کە دەسەڵاتی بە سەریاندا نامێنێ و بە بێئەقان رایان ئەوەشێنێ. ع شلل، فالج N lammelse د رعشە، فلج، سکتە ناقص.

**شەپلەلێدان:** paralysis کارەندامناسی چاوگی تێپەڕ کەوتنە ناو تەزووی کارەبایی هەورەبرووسکە، کە ئەبێتە هۆی کوشتن یان تووشی شەپلەکردنی ئەندامێک.

**پارکینسۆن:** Parkinson's Disease کارەندامناسی نەخۆشی یا PD، یەکەم جار لە ساڵی ١٨١٧دا لە لایەن زانایەکی بەریتانیاییەوە، بە ناوی دوکتور جەیمز پارکینسۆن James Parkinson، هاتە ناسین و هەر بەم بۆنەشەوە ئەم ناوەی لێ نرا. نەخۆشیی پارکینسۆن بریتییە لە لەرە و لاکەی ئەندامەکانی لەش، کە زۆرتر پیران دەگرێتەوە بەڵام لە لاوانیشدا دەبینرێت. بڵاوەی ئەم نەخۆشییە لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا یەکسانە. بە گشتی ئەم نەخۆشییە بە هۆی لەنێوچوونی خانە ڕژێنەرەکانی دوپامینەوە (ماکی بگۆزی دەماری) سەر هەڵدەدات.

**tremor:** ناو هەروەها بە واتای لەرزە و لەرزین و لەرینەوەیە.





**شەپڵەلێدراو:** ئاوەڵناوی فرمان لەگۆکەوتوو، ئەندامێک کە بێهەست بووبێ و لەکار کەوتبێت.

**شەپلی شەپان:** گەمە ناوی لێکدراو مووشەبازی، Juggle،Juggling.



**شەپنی:** guilty دادگا ناوی فەرمان تاوانبار، خەتاکار. ع مذنب N skyldig د گناهکار.

**شەپۆل:❶** wave کار بەندێکی مەزنی ئاوی زەریا کە بە شێوەی کەوانی بەرز ئەبێتەوە، بەردەوام ئەبێت و لە کەنار ئەشکێتەوە. ع موج N bølge د موج.

**شەپۆل:❷** signal هێما ناو نیشانە، هێما، تەشک، کردەوە یان دەنگێک بۆ نیشانەدان و ئاڵوگۆڕی زانیاری. ع الإشارة N signal د موج.




**شەپۆلسواری:** surf وەرزش ناوی لێکدراو ئاوەخلیسکێ، وەرزشی سەر ئاو بە یارمەتی تەختەی ئاوەخلیسکێ. ع تصفح N surfe د موج سواری.

**تەختەی ئاوەخلیسکێ:** surfboard وەرزش ناوی لێکدراو تەختەیەکی تەنکی تۆکمەی هێلکەیی ٦٠ بە ١٤٠ تا ٢٠٠ سەنتیمەترە، بە هۆیەوە لە

سەر ئاو خلیسکێن ئەکەن. ع لوح رکوب الأمواج N surfebrett د تختە موج سواری.






**شەپۆل و شەپۆلدانەوە:** flux and reflux فیزیک وەک کار و کاردانەوە.

**شەپۆلی ڕادیۆیی:** radio signal, radio wave فیزیک سیگنال، یان هێما و نیشانەی ڕادیۆیی. ع اشارات الراديو N radiosignal, radiobølge د سیگنال ڕادیویی.






**شەپۆلی مارتێنۆت:** Martenot wave ئامێر ئامێرێکی ئەلکتریکییە کە شێوەی پێشکەوتووی سێرمین ✎ بوو. ئەم ئامێرە یەکێک لەو هەزاران ئامێرە دەنگییانە بوو کە ژەنیار بە دڵخواز هەندێ نۆتی بەدی ئەهێنا. ئەم نۆتانە سەرەتا ئەبوون بە شەپۆلی ئەلەکترۆمەگنەتیک و سەرەنجام

ـ لە ڕێگەی جۆرێک بڵیندگۆ ـ ئەبوون بە دەنگ.» Groves' Dictionary of Music **تێبینی:** هیو گرەی

**شەختە:** ❶ ناو سەهۆڵبەندان؛ سەرمای پاییز کە بەروبووی کشتوکاڵی خەراپ دەکا.

**شەختە:** ❷ frost ناو ئەڵماسە، سیخوار، قەل، شەڵتە، زوقم، خووس، خویز، ئاڵشت، زەمەگولیلک، سووخ؛ لە کەشوهەوای زۆر سارددا ئاو ئەبێ بە بلوور و زوقم و سیخوار لە سەر قەراخ ورووکارەکان دروست دەبێت. ع الصقیع N frost د سرما زدگی.




**شەختەبەند:** ناوی لێکدراو سەهۆڵبەند.

**شەخەڵ:** ❶ ناو دەوەنجاڕ، بێشەی دەم ڕووبار.

**شەخەڵ:** ❷ shrub ڕووەک ناو دارچک، درەختی بچکۆلانە کە قەدی باریکی هەیە و زۆر گەورە نابێ. ☜ دەوەن

**شەرا:** ❶ status, state of دارەت ئاوەڵناو دۆخ، ژیوار، دارەت، مەرە، دەراوا، بار و دۆخێک لە کەسێک یان شتێکدا هەیە.

ن: چووە شەرای مەرگەوە!

**شەرا:** ❷ ئاوەڵناو ئاورینگ، پزیسکە.

**شەرا:** ❸ ناوی فەرمان گڕە یان تینی گەرمایەکی بەهێز یان گڕەیەکە بە بای ناسازی گەرمەوە، ئەدا لە مەرەزە و هەندێ میوەی وەکوو ترێ و هەنجیر، میوەکە سیس ئەبێت و کەڵکی خواردنی نامێنێ.

**هورە:** شەرا هورەیشی پێ ئەوترێ و بەروبوومی هۆرەلێدراوە پێی ئەوترێ: هورەبردی.

ن: ترێ و هەنجیری ئەمساڵ شەرا بردویەتی و کەڵکی نەماوە.

ن: ئەو هەنجیرە هورە لێی داوە، پێم وا نییە بخورێت.





**شەرابساز:** vintner ناوی‌فەرمان کەسێک کە شەراب دروست ئەکات؛ بازرگانی شەراب ع الخمار N vintner د شراب فروش.

**شەرابی لیۆڤیل:** Léoville wine خواردنەوە بەرزەنگ یەکێک لە شەرابە بەناوبانگەکانی ناوچەی بۆردۆی فەرانسەیە.








**شەرابی ڕەشمیری:** Reshmiri wine خواردنەوە بەرزەنگ شەرابێکی خۆماڵی سروشتییە لە کوردستان بەرهەم ئەهێنرێ و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بەردەستە.



**شەرابی شەقڵاوە:** Shaqlawa wine خواردنەوە بەرزەنگ شەرابێکی خۆماڵییە لە ناوچەی شەقڵاوە بەرهەم ئەهێنرێت.




**شەرابی کوردستان:** Bordeaux Kurdistan Vin خواردنەوە بەرزەنگ کارگەیەکی شەراب لە شاری بۆغدۆی فەرەنسە بەرهەمی ئەهێنێ. لەگەڵ خۆراکی پشتەمازە و بزنەکێوی و مریشک زۆر بەچێژە. نەخشەی

کوردستان کراوە بە لۆگۆی شەرابەکە و یەکێک لە باشترین جۆرەکانی شەرابە لە فەرەنسەیە و لە ٥ ڕێژەی ٤,٧ی پێ دراوە!









**شەرابی مێرسۆ:** Meursault wine خواردنەوە بەرژەنگ شەرابی سور و سپییە لە ناوچەی مێرسۆ لە بۆرگۆندی، ڕۆژهەڵاتی فەرانسە بەرهەم ئەهێنرێ.








**شەرواڵشڕ:** sans_culotte بزووتنەوە ئاوەڵناوی لێکدراو گەڕان ـ٧ مرۆڤی ئاسایی و بۆرەکەی شۆڕشگێڕی توندڕەوی سەردەمی شۆڕشی فەرانسە،

بۆرەپیاوی نائاریستۆکرات.

**خانەدان و بۆرەپیاو:** patrician and plebeian **چیناپەتر** پاتریسیەن و پلەبیەن.



**شەرەف:** honor, prestige, merit, notability, respect, esteem **ناو** هێژان، هێژایی، شکۆ، شایستەیی، ڕێز. **ع** شرف **N** ære **د** شرف.

**ن:** زۆر لەو کەسانە مەکەن کە نیشتمانیان ناوێ، چونکە نیشتمان شەرەفە، کەس ناتوانێ بە زۆر شەرەف بدات بە کەسی بێشەرەف.

شێخ سەعیدی پیران



**شەڕاژۆ:** truculence ناوی فەرمان بێبەزەیی، توند و تیژ، بەدکار. ع المشاكسة N trukulens د شرارت بار.

**شەڕاشۆ:** ناوی فەرمان شەڕکەر، شەڕانی، جینگن.

**شەڕانی:** bruiser ناوی فەرمان شەڕاشۆ، جینگن، جەنگخواز، سەر بە گۆنگڵ. ع بلطجي N bølle د ستیهنده، ستیزەگر E villain.












**شەڕووەستان:** armistice چاوگی تێپەڕ جەنگ ڕاگرتن، پەیمانی ئاشتی فەرمییە، لەگەڵ ئاگربەست جیایە کە بە واتای تەقەڕاگرتنە، ڕەنگە تەنها لەیەک ناوچەدا. ع الهدنة N våpenhvile د صلح موقت.

**ئاگربەست:** ceasefire تەقەڕاگرتن. ع وقف اطلاق النار N våpenhvile د آتش بس.

**شەڕەنگێز:** aggressive دارەت ئاوەڵناو دوژمنکار، ئامادەیە یان ئەگەری پەلاماردانی هەیە. ع عنیف N aggressiv د مهاجم E wicked.

ن: مرۆڤێکی زیرەک، خۆپەرست، شەڕانگێز و، چالاکە.

smart, ambitious, aggressive, proactive

**شەستەباران:** April, Spring rainy season دیارەی سروشتی ناوی لێکدراو بەختەباران، گوڵان، ئەرتەوەهێشت، مانگی دووەمی بەهار یانەسای شێوۆ لە دەقەکە ئاپریل هاتووە.





**شەستپەرە:** marigold [ڕووەک] [گوڵ] گیایەکە لە بنەماڵەی گوڵەمرواری، بە زۆری گوڵی زەرد و نارنج یان قاوەی مسی ئەدات، بۆ جوانی ئەچێنرێ [N] fløyelsblomst [ع] القَطيفة [د] همیشه بهار.







**شەشپاڵوو:** Cube [ئەندازە] [تاوڕێکدراو] خشتەک، کەسمێکی سێ ڕەهەندی ڕەق یان ناو بەتاڵە کە لە شەش چوارگۆشە و هەشت ڕێکگۆشە و دوانزە لێواری هاوچەشن پێک هاتووە. [ع] مكعب [N] Kube [د] مکعب.





**شەشپاڵووی چوارڕەهەند:** tesseract [ئەندازە] تێسێرەکت، لە ئەندازەدا، بە هاوتای چوار ڕەهەندیی شەشپاڵوو دەوترێت، بە دەستەواژەیەکی تر تێسێرەکت بەرزەشەشپاڵوویەکی چوارڕەهەندییە. [ع] تسراكت [N] tesseract [د] تسراکت.





دروستکردنی تێسێرەکت


**شەشخۆر:** Six Shooter چەک ناو یان تۆپلی شەشخۆر، دەمانچەیەکی تۆپلییە شەش فیشەک ئەخوات. ع ستة رماة N Six Shooter د ششلول.

**تۆپلی:** Snub_Nose چەک ناو یان لووتکورت، دەمانچەیەکە دەراخەکەی لەسەر خۆیەتی.




**شەغرە:** ناو باری ڕەشەوەڵاخێک گیا یان پووش.

**شەغرەکێش:** ناو کەتیر، کەرەستەیەکی وەک پەیژەی دوو فاقە، لەسەر پشتی ڕەشەوڵاغ دائەنرێت، بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی گیا و پووش و کا لە کێڵگەوە بۆ شوێنی پێویست.





**شەفتوولی:** Oblique ئاوەڵناو کەشوتووش، لار، خوار، نە هاوتەریب و

نە لە گۆشەی ڕاست بە هێڵێکی دیاریکراو. ع مایل، مورب N Skrå
د مایل، مورب، اریب.





**شەفەلە :** asparagus ڕووەک خۆراک ناو چاقمارە، ئەسپەراگۆس، گەوڵەزەر، کەبەر، گیاماران، گیاگوڵەنگ، گیاتەرچک، گیایەکە لە بنەماڵەی «سوێسنیەکان»، ئەم گیایە بۆ دەرمانیش ئەشێ د مارچوبە N asparges ع نبات الهليون.





**شەق :** groove ناو درز، بوودر، قەڵەش، شەقار، کۆسەک. ع أخدود N rille د شیار.

**شەقار :** groove ناو درز، قەڵەش، بوودر، کۆسەک. ع أخدود N rille د شیار.

**شەقامی ئەبووقیر :** Rue d'Abou_kir شەقامر جوولەکان ناوی جێگا شەقامێکە هاوتەریبی دوکلێری de Cléry، لە شەقامە جوولەکەنشینەکانی پاریسە.




**شەقامی پشتەوە:** Back Street فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٣٢ی هالیوود، دەرهێنانی جان م. ستاڵ.








**شەقامی دارلێ:** Rue d'Arles خانەی هونەر ناوی جێگا ناوەندی ڤەن گۆک لە شاری ئارلێی فەرانسە.






**شەقژن:** دەنگەوشە ناوی چاوگ [شەق+ ژن] دەنگەوشە = دەنگی شەقە [دەنگی شەقەی باڵی باڵدار.

**شەقڵ:❶** پاراستن ناو مۆر یان نەخشێکە لەسەر تەختە بە شەقڵە لە

خەرمانی ئەدەن بۆ ئەوەی دزی لێ نەکرێ. لە کۆندا مۆر لەبری واژۆ بوو هەرکەس مۆری خۆی هەبوو، لە سەردەمی دەرەبەگایەتی (لە باشوور تا ساڵی ١٩٦٨)، ئەو مۆرەی کە زۆر گرنگ و ناسراو بوو «شەقڵ» واتە مۆری خەرمان بوو. کاتی هەڵگرتنی گەنم کە خەرمان سوور ئەکرا و کۆ ئەکرایەوە، گزیر و ڕەنگە خودی ئاغەش ئەچوونە سەر خەرمان و بە شەقڵە، شەقڵیان ئەدا لە خەرمان تا کەس بە شەو دزی لێنەکات. گرنگی شەقڵ لەوەدا بوو کە دەسەڵاتی سیستەمی دەرەبەگایەتی پشتیوانی بوو و ئەو شەقڵە بەبێ ئەوەی چاو و چاودێری هەبێ دزی ئەتەراند و جێزی ئەپاراست. شەقڵ لە تەختە دروست ئەکرا و نەخش و نووسینەکەی سەری یان هەڵئەکەنرا یان بەرجەستە ئەبوو. ⇦ **جێز:**
ناو خەرمانی سوور، خەرمانی ئامادە کراو، کۆی خەرمان.







**شەقڵ:**[2] category پاراستن ناو کاتێگۆری، پۆل یان دابەشکراوی کەسان

یان ئەو شتانەی تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە. ع الفئة N Kategori د دستەبندی.

**شەقڵاوە:** Sheqlawe جوگرافیا شار لە شارەکانی پارێزگای هەولێرە، بە دووری ٥٠ کم ئەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر، شەقڵاوە لە ساڵی ١٩٥٢ کراوە بە شار. زۆربەی دانیشتوانەکەی لە هۆزی خۆشناون، پێکهاتەی خەڵکی شەقڵاوە کوردانی موسڵمان و فەلەن، جاران جولەکەشی لێبووە و دواتر بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کردووە. ئەم شارۆچکەیە بە هۆی سروشتە جوان و ڕەنگینەکەیەوە بۆتە گەورەترین هاوینە هەواری باشووری کووردستان، کە ساڵانە سەدان هەزار کەس ڕووی تێئەکەن.

یەکەم بەڵگە نامە کە ناوی شەقڵاوەی تێدا تۆمار کرا بێت پەرتووکی (معجم البلدان)ی یاقووتی حەمەویە کە بە (شقلاباذ) ناوی هێناوە، کە بە دڵنیایەوە بەرامبەر بە (ئاباد)ی کوردییە و بە شێوەی «ئاوا و ئاوەدانی و ئاوا و ئاویی»ش هەیە.لە سنووری شارۆچکەی شەقڵاوە چەندین شوێن هەیە کە ئەم پاشگرەیان پێوەیە وەک: سیساوە، فاتاوە، سابیراوە...

لە ساڵی ١٢٢٨ز یان ٦٢٦ی کۆچی بە (شەقڵاباز) ناوی هێنراوە، هەندێکیتر پێیان وایە لە شەقبونی ئەو دۆڵەوە هاتووە کە شەقڵاوەی تێدا دروست بووە کە لە نێوان چیای سەفین و بەرزای سۆرک دروست بووە.

مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی پێی وایە لە شەقڵ (دار) و ئاو هاتبێ و، شەماشە میخایلی پێی وایە هەر «شەقاوەک ئاو»ە، بەڵام بە ڕای هەندێ کەسیش ئەو ناوچەیە (شەقرە)ی زۆر تێدابووە، کە ئەو درەختەیە درێژییەکەی نزیکەی سێ مەترە و ئەتوانرێ بەدەست بهەژێنرێ. جاران لە خانووسازیدا بەکاریان هێناوە و وەکوو کاریتە لە بانی خانوەکان دایان ناوە، بۆیە پێیان وایە لە دەوروبەری شەقڵاوە خەڵک بۆ دەستکەوتنی ئەم جۆرە دارانە هاتونەتە شەقڵاوە و، شوێنەکەشیان

ناو ناوە (شەقراوە) واتە ئاوەدان بە بوون و هەبوونی درەختی شەقڕ.




**شەقڵی ڕەسەنی:** هێما بەرژەنگ ناوی لێکدراو شەقڵی و مۆرکی ڕەسەنایەتی و سۆلانبوون E mark of authenticity د مهر اصالت N autentisitetsmerke ع طابع الأصالة.






**شەقەبی:** ڕووەک درەخت ناو ڕاستەبی.





**شەقیلە بەستن:** چاوگی تێپەڕ لە چڵکا ڕەق بوون وەک بەرەڵبێنە و تەقیلە

کە چڵک و عارەق ڕەقی ئەکا.

**شەکرەقەند :** rock candy شیرینی ناو نەبات یان شەکرەبلوور، جۆرێک شیرینییە کە لە کریستاڵی گەورە بەدی هاتووە. ئەگەر شەکر بکرێتە ناو ئاوی گەرمەوە، ڕێگە ئەدات تا بڕێکی زیاتر شەکر لە ناو ئاوەکەدا بتوێتەوە تا تێر ئەبێ، ئەگەر دەزوو یان چیلکە بخرێتە ناو ئەو شەکرە کوڵاوە، لە ڕەوتی ساردبوونەوە، لە ماوەی ٦ تا ٧ ڕۆژدا کریستاڵی نەبات گردی دەزوو یان چیلکە دروست ئەبێ. ئەتوانرێ بە ڕەنگی جۆراوجۆر دروست بکرێ. ع الحلوی الصخرية N steingodteri د نبات. ⇦ **قەند :** glucose, candy شیرینی کەند، شیلەی زەلی شەکر یان چۆنەر لە پاش وشک بوونەوە، ڕەق و سپی و شیرینە. ع ورق السكر N steingodteri د قند. ⇦ **تێربوون :** saturation کیمیا ئەو دارەتەی کە ئیتر هیچ شتێک ڕێگەی وەرگیران و توانەوەی نەماوە. ع التشبع N metning د اشباع.



**شەکلە :** henpecked ئاوەڵناو ئەو پیاوەی لە ژنەکەی ئەترسێ. ع مسيطرة علی زوجها N hønsehakket د زن ذليل.

**شەکە :** ئاژەڵ مێچکەبەرازی یەکساڵە ⇦ **ماڵۆس :** ئاژەڵ بەرازی مێ. ⇦ **یەکانە :** بڕەک، نێرەبەراز.

**شەکەت :** tired دارەت ئاوەڵناو ناوی فەرمان کەشەنگ، ماندوو، هیلاک، لەپێ کەوتوو. ع تعبان، المرهق N sliten د خستە E weary.





**شەلاتی :** charlatan ناو قۆڵبڕ، قۆڵتە، سووتار، چەقاوەسوو، گەڕفرۆش، گزیکار، شارلاتان. ڕیشەناسی هیی سەدەی حەڤدە، فەرانسەیی لە ئیتالیایی کۆن ciarlatano لە ciarlare بە واتای بۆڵاندن و چەنەدان. ع محتال N sjarlatan د متقلب.







**شەلاف :** flattery ئاوەڵناو شالووز، زمانلووس، ماستاوکەر. ع تملق N smiger د تملق.

**شەلاقە :** Spotted Redshank باڵندە مەلێکی لنگ درێژە، تۆزێ لە ڕیشۆڵە گەورەترە.





**شەلف :** prostitute لەشفرۆشی ناو ژنی خۆفرۆش، لەشفرۆش، قەیاتمە.
ع عاهرة فاجرة N prostituert د فاحشه، تنفروش.

**شەلوف :** bastard ئاوەڵناو بیژوو، بیژی، زۆڵەزا، منالی دایک و باوکێکی لێک مارە نەبراو، زۆڵ، زۆڵەزا {لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ڕێساییەوە}، حەرامزادە {لە ڕوانگەی ئایینییەوە بە تۆخمی حەرام دائەنرێ}.

**پێناسە:** لە ڕێسای کۆمەڵایەتیدا هاوسەرگیری بە واتای پەیماننامەیە لە نێوان دوو کەس دا کە بۆیان هەیە پەیوەندی سێکسیان پێکەوە هەبێ، بەبێ ئەوەی کەس بۆی هەبێ خۆی لە کاروبارياندا هەلقورتێنێ. ع نغل N jævel د حرامزاده.

**شەلکە :** نەخۆشی نەخۆشیەکی سمی ئاژەڵە.

**شەلوورە :** باڵندە گۆرەویچنە، مەلێکی جوان و چەند ڕەنگە هێلانەکەی وەکوو گۆرەوی ئەچنێ د چرخ ریسک E titmouse.



**شەلەگە :** ئاودێری ناو شوێنی کردنەوە و گرتنەوەی لەقەجۆگەیەکی ئاودێری؛ جێگەی دادڕینی جۆگە. وشەکە {شێلان + گاهـ}ـە کە پاشگری «گاهـ» لە زمانی کوردیدا بە واتای شوێن دێت، واتای هەردوو بەشەکەی ئەکاتە {شوێنێکی شێلراو} یا خود پەستێوراو، چونکە کاتێک شەلەگەیەک ئەگیرێتەوە، بە بەرد و قەوزە و قوڕ، یا خود بە لاق ئەچنە سەری و ئەیشێلن، ئەگەر ڕێژگەی ئاوەکە زۆر بەهێز بێ، ئەگینا هەر بە پێمەرە ئەیشێلنەوە.




**شلەمیل:** Schlemihl داڕ‌ونەرێت ئارکیتایپ وشەیەکی یەدیش یان جوولەکەیە بە واتای ناکارامە و، کەسێکی حۆڵ و گەمژە. لە نوکتەی جوولەکاندا ئارکیتایپێکی باوە و «نوکتەی شلەمیل» وێناکردنی شلەمیلە کە ئەکەوێتە دۆخێکی بەدبەختییەوە. ☜ شامیسۆ ☜ پیتر شەلەمیل

**شەلەنگۆ:** calotropis ڕووەک بنچیک شەپلە، بنچکێکی گوڵدارە، جۆری زۆرە و بوومی خوارووی ئاسیا و باکووری ئەفریقایە N calotropis ع عشار د خرک، استبرق.






**شەلیاو:** robbed ناو شەلیای، ماڵدزراو، ڕووتەوە کراو. ع مسلوب N ranet د غارت شده.

**شەماڵە:** eavesdrop داڕ‌ونەرێت فەرمان شەماڵێ، گوێگرتنی ژنان بە شەو لە قسەی خەڵک بۆ بخت تاقیکردنەوە ع التنصت N tjuvlytte د استراق سمع، فالگووش ☜ شەمێلە.

وێنە: هەرای سپی White Noise هی Josef Březina.



**شەڵاڵ:** soaked ئاوەڵناو تێوەدراو، ئاوی **ن:** شەڵاڵی خوێن بوو، لە خوێندا شەڵاڵ بوو. ع غارقة N gjennomvåt د آغشته.



**شەمارەنگ:** Sciuscià فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٤٦، دەرهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا E Shoeshine ← **شەمارەنگ:** پیشە کەسێک کە پێڵاو واکس ئەکات، بۆیاخچی.








**شەماڵە :** flame ناو فەرمان بڵێسە، گڕە، گڕشە، سۆڵە. ع لهب N flamme د شعلە.





**شەمامەبەندی :** پۆشاک ناو کاڵەی شەمامەبەندی، گوڵکاریکردن و گوڵدۆزی کردنی سەریەنجەی کڵاش و پاپووچ و گیوە بە بەنی ڕەنگاوڕەنگ وەکوو شەمامە.





**شەمانی :** geranium ڕووەک گوڵ گوڵەچا، دەرزی شوان، گوڵە ساردۆنیا.

**شەمایل :** image ئاوەڵناو پەردەنیگار؛ پەردەیەکە کە نیگاری پیر و ئیمامان

یان وێنەی مەیدانی جەنگ و پاڵەوانانی داستانی لەسەر کێشراوە. بە زۆری لەناو شێعەدا باوە کە دەروێش ئەو پەردەیە هەڵئەواسن و باسی کارەساتە ئاینیەکان ئەگێڕنەوە وەکوو کارەساتی کەربەلا و شەڕەکانی ئیمام عەلی، یان داستانی وەکوو حسێن کوردی شەبستەری و ڕۆستەم و زۆراب...

 

**شەمزاندن:** چێت تۆراندن، دڵێشاندن.

**شەمزە:** ئاوەڵناو ژیکەڵانە، خنجیلانە؛ تازەزاوی ئاژەڵ، کارژیلە و بەرخۆلەی ساوا.

**شەمشەڵە:** bat گیاندار باڵندە شەمشەمەکوێرە. ع مضرب N flaggermus د خفاش.

**شەملک:** کەرەستە ناو دووگرد، بەرماڵ.

**شەمووز:** stubborn ئاوەڵناو تووش، لەچەر. ع عنید N sta د لجوج.

**شەمەترێنکە:** Apis Florea دەعبا هەنگێکی باریکەلەی ڕەشی وردە لەناو دڕک و گەون شانە هەڵئەبەستێ، ئەم هەنگە خۆڕاگرە هەزاران ساڵە بە گەرما و سەرما لەگەڵ کۆکردنەوەی هەلاڵە، ١٤٠ جار زیاتر لە مێشهەنگوینی ئاسایی گەردەی گوڵ بلاو ئەکاتەوە و ئەبێتە هۆی پیتاندن. لە ناو درز و قەڵەشی کێو و ئەشکەوت و بیری ئاو شانە هەڵئەبەستێ و هەر پوورەیەک بە ئەندازەی یەک کیلۆ هەنگوێن

بەرهەم ئەهێنێ. هەنگوینەکەی زۆر خۆش و زۆر گرانبایە، زیاتر لە ناوچەی قەسری شیرین و خانەقین و کەلار و دەربەندیخان هەیە.

⇦ **هەنگوینی شەمەترێنکە:** Apis Florea Honey خۆراک شیرینی
هەنگوینی هەنگی ڕەشی وردیلەی زۆر بەچێژ و گرانبایی د عسل ماذی
ن: هیچ بۆنەیەک نەبووە هەنگوینی شەمەترێنکەی بۆ نەهێنابێتم بە دیاری. «شێرکۆ بێکەس»




**شەمەند:** shapely ئاوەڵناو زەق و قیت و شەنگ و لەبار، پێکەوتوو، بیچم جوان. ع شکیل N velskapt د شکیل ن: مەمکی تورت و خڕ و شەمەند.

**شەمێلە:**[1] eavesdrop داب‌ونەریت فەرمان {شەمێلەی ژنان} شەماڵە، بژارە؛ شەوانی شەممە، ژنان، لە سێ ڕێیان و سووچی کۆڵانان و پەسێوی بانان خۆیان دائەگرن و گوێقوڵاخ ئەوەستن، لەگەڵ نیازێک لە دڵدا. ئەوەی لە ڕێبوارانی ئەبیستن ئەیکەن بە نوخشانە و نوقڵانەی پێکهاتنی نیازەکەیان؛ ئەگەر گوتەی خۆشیان بیست ئەوا ئەیکەن بە نیشانەی پێک نەهاتنی مرازەکەیان، گوایە نوخشانە بەپێچەوانەیە. ئەم نەریتە بە تایبەت لە چوارشەممەسووری یان کوڵە چوارشەممەی کۆتایی ساڵدا زۆر باوە. ع التنصت N tjuvlytte د استراق سمع، فالگوش ایستادن.

وێنە: هەرای سپی White Noise بەرهەمی Josef Březina.



**شەمێلە:** ❷ eavesdrop فەرمان پسوو، کوڵگرتن و بە دزی گوێ لە گوتە ڕاگرتن. ع التنصت N tjuvlytte د استراق سمع، گوش ایستادن.

**شەندۆلێ:** Charles_Julien Lioult de Chênedollé هۆنەر (١٧٦٩ـ١٨٣٣) لە هۆنەرانی فەرەنسەیی خولی ڕۆمانتیسیزم.

**شەن:** rake ئامراز ئاو ئامرازی کۆکردنەوەی پووش و گیا. ع مجرفة N rake د چنگک جمع کردن. ☜ شەن و بێڵ

**شەنک:** color wheel ئاو ڕەنگبژێر، بازنەی ڕەنگ، چەرخی ڕەنگ، بازنەیەکە کەرتی ڕەنگی جیاوازی هەیە و بەکاردێت بۆ پیشاندانی ژمارە و ناوی ڕەنگ و پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان. ع عجلة الألوان N fargehjul د چرخ رنگ.










**شەنگڵە :** conjoined ناو لفانە، دوولفانە، پێکەوەلکاو، شەنگڵە ڕێژەن، شمڵی ڕێژەن، دوانەی پێکەوە نووساو، دوو دانە بەری داری پێکەوە نووساو. ع ملتصق N sammenføyd د بە هم پیوستە.

**⇦ شمڵی شەڕ :** هێمایر نەرێنر شمڵی شووم و شەڕەنگێز.

**ن:** گوریە

چاوی مۆڕی مت
چاو زیتی گەڕ
وەک شمڵی شەڕ
«گوریە ـ لاوکی دیلان»



**شەنگەسوار :** وێژە کۆبەرهەم کۆی بەرهەمەکانی شەنگەسواری وێژەی کوردی سوارەی ئیلخانیزادەیە، بە هۆنراوە و پەخشان و دەقەکانییەوە، کۆکردنەوەی عومەر ئیلخانی، پێداچوونەوە و ئامادەکردنی سەلاحەدین ئاشتی.

لە ناو ئەو هەموو ئاوە
بە تەنها چاوەیەک باوی هەنگاوی خۆشە
هەوەڵ مەنزڵی زێیە،
ئاواتی بەرزی زرێیە.




**شەن و بێڵ:** rake and hoe ئامێر ناوی لێکدراو خاکەنازێکی تایبەتی دووسەرە بۆ ڕێککردنی چەو و لم. ع مجرفة N rake og hakke د شن کش.

**شەن و کەو:** خاوێنکردنەوەی دخڵ و دان بە شەن و لە ڕێگەی هەڵدانی بە حەوا و لەبەر بادا.



**شەنوکەو:** analytical هێمایر ئاوەڵناو سوود وەرگرتن لە شیکردنەوە و تاوتوێی بیرسایی. ع دراسة تحلیلیة N analytisk د تحلیل.

**شەنی:** ugly ئاوەڵناو کرێت، خوێنتاڵ، ئێسک گران، دزێو، نەپۆڕ ع قبیح N stygg د کریە.

**شەنیل:** Shenil پۆشاک ناو لە رووسی шинель، پاڵتاوێکی بێ قۆڵی سینە ئاواڵەیە ئەدرێ بە شان‌دا و لە دەوری مل گرێ ئەدرێ. نیکۆلای گۆگۆڵ رۆمانێکی هەیە بە ناوی شەنیل، ئاران موهەندیس بە ناوی **پاڵتۆ** کردوویە بە کوردی، وەشانی غەزەڵنوس بلاوی کردوەتەوە.




**شەوار:** ناو ئاوەڵکار تەنگی بەر لە شێوان، پاش ئێوارە. ← کازیوە کە دوو بەشە: سپێد باڵا و سپێد پەهنا، بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە، شەوار، شێوان E sunset, dusk ع المغرب N solnedgang, skumring د غروب. ← **شەوارە:** لە داوی رووناکی کەوتن. لە «شەوار»ەوە هاتووە، ئەو کاتەی کە دنیا رەنگ ئەگۆڕێ و ئەو رەنگگۆڕانە، ئەدا لە چاو و ناچار بە تروووکاندنی ئەکات. ← شەوگار؛ کە کاتی بێژەکردن لە هەندێ ناوچە وەکوو «شەو+وار» ئەوترێ لەگەڵ «شەوار» جیاوازە، لەبەر ئەوەی «گ»ـەکەی «گافی کلۆر»ە.



**شەوالّوو :** nocturnal ئاوەڵناو شەوەکی، دیاردەیەک بە شەو ڕوو ئەدا.
⇦ وەک خەوالّوو.

**شەوانی کابیریا :** Nights of Cabiria فیلم فیلمی ئیتالیایی ١٩٥٧، دەرهێنانی فێدێریکۆ فێللینی. هەروەها وتاری تێروتەسەلی ئاندرێ بازن لە پەرتووکی سینەما چییە؟








**شەوبۆی ژەهراوی :** belladonna ڕووەک ناو هۆشبەر یان بێلادۆنای کوشندە، گیایەکی ژەهراوی هۆشبەرە، مرۆڤ تووشی هەڵۆسە ئەکات، ڕەسەنی ئورووپا و ڕۆژاوای ئاسیا، هەروەها کوردستانە.





**شەوبێدار :** vigilante هێزی بەرگری ناوی لێکدراو جۆرێک لە هێزی بەرگری، ئەو کەسانەی بەدزی دەسەڵاتەوە یارمەتی قانوون ئەدەن و دژی بەدکاران خەبات ئەکەن، ئەو کەسانەی کە دامودەزگای دەسەڵاتیان پێ بەس نییە و خۆیان لە ڕێکخراوی ڕێگەنەدراودا ڕێک ئەخەن، بۆ یارمەتیدانی

کۆمەڵگە. ع حارس أمن N borgervern د عضو مقاوت ملی.




**شەوبێداری:** Nightwatching فیلم فیلمێکی ٢٠٠٧کە دەربارەی ژیانی ڕامبرانت و ئافراندنی تابلۆی گەشتی شەوانە.




**شەوپەڕە:** bat گیاندار باڵندە شەمشەڵە، شەمشەمەکوێرە؛ شیردەرێکە لە ئەشکەوت و شوێنی تاریک ئەژی، بە شێوەی سەرەکی شەوانە توانای فڕینی هەیە، باڵەکانی پەردەیی لە نێوان پەنجەکانیدا درێژ دەبنەوە و ئەندامەکانی پێشەوە بە جەستە و ئەندامەکانی دواوە بە کلکیەوە دەبەستنەوە. ع مضرب N flaggermus د خفاش.



**شەوچەرەی پیتۆڵان:** گۆتە ١٨ی برۆمێر لێرەدا ئاگیس شا لە جیاتی تاکۆس هاتووە؛ وەک لە پەرتووکی «شەوچەرەی پیتۆڵان Deipnosophistae» نووسینی ئاسێناوس‌دا Athenaeus نووسراوە، تاکۆس Tachos فیرعەونی میسر، وەکوو تەوس بە ئاگەسیلاوسی Agesilaus پادشای سپارتا، کە بە سپاکەی خۆیەوە هاتبوو بۆ یارمەتیدانی، ئەڵێ:

«کێو ئاوس بوو و زێوس ترسا. بەڵام کێو مشکی بوو.»

ئاگەسیلاوسیش لە وەڵامدا ئەڵێ: «من لە چاوی تۆدا لە مشک ئەچم، بەڵام ڕۆژێک دێ کە لە چاوتدا وەک شێر بنوێنم.»






**شەوداری:** nightwatch ناوی چاوگ شەوئاگاداری، کێشکی شەوانە، پاسەوانی و کێشککێشان بە شەو. ع الحراسة الليلية N nattevakt د نگهبان شبانه.

**شەودێز:** ناژناو ناوی ئەسپەکەی خەسرەوی نەوشیروان بووە کە نەخشی خۆی بە سواری هەمان ئەسپەوە لە تاق وەسانی کرماشان لەسەر بەرد هەڵکەنراوە. تاق وەسان بە تاقی شەودێزیش ناوبراوە، شەودێز کە بە واتای ئەسپی ڕەش و لە ڕەنگی شەو هاتووە، لە وەرگێڕانی کوردی ڕۆمانی کەلیدەر لەبری وشەی تورکی قەرەئات واتە ئەسپەکەی مارالّ دانراوە، کە کورتکراوەکەی **شەوە**یە.





**شەوژەن:** ناو [ شەو+ژەن{ژەندن} ] کڵێلوونی دەرگا داخستن لە ژوورەوە بە شەو.







**شەوشان:** ئاوەڵناو پەرۆش، پەرێشان.

**شەوسین:** چاوگی تێپەڕ رەتڵدان، لەتردان، سەرسمدان، پڕ هەڵەنگووتن.

**شەوکوت:** ناونیتکە ناو و ناتۆرەیەک بوو، لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، لە باشووری کوردستان، بەو کەسانە ئەوترا

کە شەوانە، زۆربەی کات، جلی ڕەشیان ئەپۆشی و جامانەیان ئەکرد بە دەمامک. لەگەڵ ئەوەی کە چەکی گەرمیشیان پێ بوون، بەڵام بە کوتەکەوە، ئەچوونە سەر مالان و تالانیان ئەکرد.

**شەوکۆک:** ناوی فەرمان کەسێ کە مەردم لە خەو بێدار ئەکا.

**شەوگر :** bioluminescence زانست ناو تیشکهاویشتنی بیۆکیمیایی بوونەوەرانی زیندوو وەکوو گوڵئەستێرە و ماسی بن زەریا. ع تلألؤ بیولوجي N bioluminescens د شب تاب.





**شەوگەڕ:** ❶ ناوی چاوگ [شەو+گەڕ {گەڕان}] ئاهەنگی شەومانەوە و هەڵپەڕینی شەوی دوای زەماوەند ☛: شوانی شەوگەڕ.

**شەوگەڕ:** ❷ ناوی چاوگ [شەو+گەڕ {گەڕان}] کەسێک کە شەو بە ناو بازاڕ و ئاواییدا ئەسووڕێتەوە، گەشتی شەوانە، بوونەوەری شەوگەڕی وەکوو شەمشەمەکوێرە ☜ خەوگوڕ.

**شەوگەڕانەوە :** September equinox ناوی لێکدراو هاوسانیی پایزە، یەکێک لە دوو چەقی پێکگەیشتنی ئیکواتۆری ئاسمان لەگەڵ خولگەی کەلووەکانە و، ئەویش ئەو کاتەیە کە خۆر لە بگاری ڕواڵەتیی ساڵانەیدا ئەگاتە ئەوێ و، شەو و ڕۆژ ئەبن بە یەک ئەندازە. ڕۆژگەڕانەوە لە سەرەتای بەهار و شەوگەڕانەوە لە سەرەتای پایزدا ڕوو ئەدا N Septemberjevndøgn ع د اعتدال خریفي.

☜ ڕۆژگەڕانەوە.



UT date and time of equinoxes and solstices on Earth

| event | equinox | | solstice | | equinox | | solstice | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| month | March | | June | | September | | December | |
| year | day | time | day | time | day | time | day | time |
| 2013 | 20 | 11:02 | 21 | 05:04 | 22 | 20:44 | 21 | 17:11 |
| 2014 | 20 | 16:57 | 21 | 10:51 | 23 | 02:29 | 21 | 23:03 |
| 2015 | 20 | 22:45 | 21 | 16:38 | 23 | 08:21 | 22 | 04:48 |
| 2016 | 20 | 04:30 | 20 | 22:34 | 22 | 14:21 | 21 | 10:44 |
| 2017 | 20 | 10:28 | 21 | 04:24 | 22 | 20:02 | 21 | 16:28 |
| 2018 | 20 | 16:15 | 21 | 10:07 | 23 | 01:54 | 21 | 22:23 |
| 2019 | 20 | 21:58 | 21 | 15:54 | 23 | 07:50 | 22 | 04:19 |
| 2020 | 20 | 03:50 | 20 | 21:44 | 22 | 13:31 | 21 | 10:03 |
| 2021 | 20 | 09:37 | 21 | 03:32 | 22 | 19:21 | 21 | 15:59 |
| 2022 | 20 | 15:33 | 21 | 09:14 | 23 | 01:04 | 21 | 21:48 |
| 2023 | 20 | 21:24 | 21 | 14:58 | 23 | 06:50 | 22 | 03:27 |






**شەوڵ:** ناو دەشتایی نێوان چیا، قووڵایی و تەختایی نێوان دوو چین.





**شەونخوونی:**[1] ناوی لێکدراو شەوبێداری و نەخەوتن، جا بۆ شادی یان بەژارە.

**شەونخوونی:**[2] vigil ناو ڤیجڵ، لە وشەی ئیتالیایی vigilia واتە **شەو** کە بە واتای شەوبێداری بەوست بۆ پشتگیری و سەیرکردنی تێکۆشان و ژیاننامەی کەسێک بڵاو بووەتەوە.





**شەوە:**❶ ناو یاقووتی رەش، کارەبای رەش.

**شەوە:**❷ ناو کەلیدەر شەودێزی ئەسپەکەی مارالّ لە رِمانی کەلیدەر.

**شەوە:**❸ ناو ئالّ، جنۆکەی ساوا خنکێن.



**شەوە:**❹ Shoah ناو یان شۆوا، لە زمانی عیبریش هەیە بە واتای تەممەرە و کارەسات. ئەم زاراوەیە بە تایبەتی بە واتای کوشتنی نزیکەی شەش ملیۆن جولەکە لە ئەوروپا لە لایەن ئەڵمانیای نازییەوە بەکار ئەهێنرێت.
ع المحرقة N Shoah د شوآ.



**شەوە:**❺ Shoah فیلم ناو فیلمی سینەمایی بەڵگەیی ١٩٨٥ی ئیسرایلی، سەبارەت بە تەممەرەی هۆڵۆکۆست، دەرهێنانی کلۆد لەنزمەن Claude Lanzmann.



**شەوور :** clover ڕووەک ناو سێپەڕە، کنێر، گیایەکی دەشتەکی و کشتوکاڵییە، گەڵاکانی سێپەلک و چوارپەلکە، پەلکەی هێلکەییە، گوڵەکەی بەشێوەی هێشووی زەرد، سپی یان شینە، بۆنخۆشە، بۆ لەوەڕ و مەبەستی پزیشکی بەکاردێت. بەرەکەی ووردە و مەیلەو ڕەشە. ئەم ڕووەکە لە تیرەی پەپوولەییەکانە {Papilionaceae یان Fabaceae} ع زهرة البرسيم N kløver د شبدر.



**شەوەکی:١** early morning ناو بەرەبەیان، بەیانی، بووڵێڵە، کازێوە، گزنگ. ع الصباح الباكر N tidlig morgen د سحر.

**شەوەکی:٢** ناو لە شەوێدا، بەشەو؛ کردنی کارێک لە کۆتایی شەودا.

شەوەکی لەو خەمی بووم بەرگی نەجاتیان دامێ

چاخــی تاریکــەشەوێ ئاوی حەیاتیــان دامێ

حەقیقی

**شەوێک ڕووی دا :** It Happened One Night فیلم فیلمی ڕۆمانتیکی ١٩٣٤ی ئەمریکایی دەرهێنانی فڕانک کاپڕا.



**شەوی پەردە:** consummation ناوی‌لێکدراو ئەو شەوەی کە بووک و زاوا بەیەک ئەگەن و پەیوەندی جنسی بەدی ئەهێنن. ع لیلة الزفاف N fullbyrdelse د شب زفاف ⟵ **پەردە:** ناو پەردوو، ژووری بووک و زاوا لە شەوی بووک گوێزانەوە.








**شەویلاگە:** jaw توێکاری ناو شەویلاکە، هەریەک لە پێکهاتەکانی سەرەوە و خوارەوەی ئێسک لە کەللەی سەردا کە چوارچێوەی دەم پێکدەهێنن و ددانەکانی تێدایە. ع فک N kjeve د آرواره.

⟵ شەویلاگەی سەروو: upper jaw

⟵ شەویلاگەی خواروو: lower jaw

⟵ **لاشەویلاکە:** کەناری کاکیلە د کنارە آرواره.

⟵ **ماسی پیرانا:** piranha ماسییەکی ئاوی شیرینی چەمەکانی ئەمریکای باشوورە، بە هێزترین شەویلاگە و توانای گازگرتنی ئێسکدارانی هەیە.









**شەوی یەلدا:** ناوی‌لێکدراو یان یاڵدا، واتا درێژترین شەوی ساڵ و

دەستپێکی درێژبونەوەی رۆژ و نوێبوونەوەی ساڵە. خواردنی شوتی لەو شەوەدا بە واتای هاتنی خۆر {سورایی} و تواندنەوەی بەفر {سپی} و سەوز بونەوەی عەردە {پێستی سەوزی دەرەوەی}.

**شەهەت :** malady develop ناو منالّی کێماسی، منالّی کەمئەندام، منالّێک کە بە کەمووکووڕییەوە لەدایک بووبێ. ع مشوە N deformert barn د ناقَص الخلقه.

**⇠ شەهەت :** ناوی بەرکار شەپلە لێدراو، دەست و پێ شل و بێهەست.

**شەهرزاد :** scheherazade موزیک ئۆپێرای بەرهەمی ڕیمسکی کورساکۆف Rimsky_Korsakov.








**شەیپوور :** airhorn ئامێر دەنگ ناو هۆڕنێکی بەهێزە بە یارمەتی هەوای پاڵەپەستۆکراو دەنگ بەرهەم دەهێنێت. ع مزمار هواء N lufthorn د شیپور.





**شەیدا :** infatuated ئاوەڵناو ئەویندارێکی خاوەن سۆزی چڕ، بەڵام کورتخایەن یان تەڕی سەرسامی بۆ کەسێک. ع مفتون N forelsket د شیفته، مفتون.

**شەیدایی :** infatuation ناویچاوگ کوڵوکەفی ئەوین، خۆشویستن تا ڕادەی پەرستن، زۆر خۆشویستن، ئەوینی پەسن و ستایش. ع الافتتان N forelskelse د طب عشق E **پەرستن :** adore چاوگی تێپەڕ زۆر خۆشویستن، زۆر ڕێزلێنان. ⇦ **ئەوین :** love ناو خۆشەویستی، دڵداریی.

**شەیدایی شێتانە :** mania دەروونناسی ناوی لێکدراو ویستنی نائاوەزمەندانە، هەژان و هەڵچوونی بیهۆ؛ لەم چەشنە شەیداییە، بەپێچەوانەی خەمۆکی، وزە و توانای نەخۆش زۆر لە سەروەوەیە و بە زۆری شادی و گەشی بێهوودە و خۆبەزلزانی، بێئۆقرەیی، کێشەی چەقبەستن، بەرنامەی بەرزەفڕانە. دارەتی نەخۆش بۆی هەیە لە ماوەی ڕۆژدا بگۆڕێت، بۆ وێنە بەیانی مەنیک بێت و شەو ببێ بە خەمۆک. شەیدایی شێتانە وەکوو خولێکی ئاڵۆزیی دووجەمسەری Trastorno bipolar دائەنرێ.

⇦ **شەیدایی :** adore ناویچاوگ خۆشویستن تا ڕادەی پەرستن، زۆر خۆشویستن، ئەوینی پەسن و ستایش. ☜ ئەوین

ئەترسم ئەوەندەم خۆش بوێیت،

ئەگەر لەدەستت بدەم ئازار بمتەزێنێ،

ئەترسم خۆشم نەوێیت و هەل لە دەست بچێت،

ژیوان ببمەوە.

تۆ پێم بڵێ؟

چۆن بەبێ ئازار خۆشم بوێیت و

چۆن بەبێ پەشیمانی خۆشم نەوێیت؟

نزار قەبانی












**شەین:** Shane **فیلم** وێستێرنی ڕەنگی ١٩٥٣ی ئەمریکایی، دەرهێنانی جۆرج ستیوارت.








**شێ:**❶ humidity **ناو** نم، شۆ، تەڕایی، شە، تەڕبۆش، ئاوەزا، بنۆ، نماوی. **ع** رطوبة **N** luftfuktighet **د** رطوب.

**شێ:**❷ **ئاوەڵناو** زەردی مەیلەو سوور

**شێ:**❸ **ئاوەڵناو** سپی پەڵە سوور، ڕەش بە سێ هێڵی سپییەوە. ئەسپە شێ.





**شێبا :** ناوی لێکدراو شنەبای فێنکی شێداری دەمەو شەوار، سووکە بای شەوانە، شنەی شەوار.

**شێتگیری :** fury فیلم فیلمی بێدەنگی ئەمریکایی ١٩٣٦ دەرهێنانی فریتس لانگ.









**شێت و دێوانە :** crazy vs insane بەراوردە «شێت» و «دێوانە»، وەک ئەدگار، بە شێوەیەکی نافەرمی بەکاردەهێنرێن بۆ واتای گەمژەیی، هەڵچوون، یان دۆخی باوەڕپێنەکراو. ئەگەر بەم شێوەیە بەکاربهێنرێن، دەتوانن هاوواتا بن. شێت بەهێزترە و زۆرجار دەنگێکی نەرێنی زیاترە لە دێوانەی هەیە. شێتی لە قسەی نافەرمیدا ئاساییترە لە کاتی نیشاندانی تامەزرۆیی یان تەنانەت دەربڕینی خۆشەویستی. ع مجنون و مهوس N gal og sinnssyk د مجنون و دیوانە.

**شێخ خەزعەل :** پارێزگار ناسراو بە سەردار ئەقدەس، فەرمانڕەوای خووزستان بوو. پاش ئەوەی براکەی خۆی ئەکوژێ، موزەفەرووسەڵتەنە لەبری ئەو ئەیکات بە حوکمڕانی موحەممەرە یان خوڕڕەمشاری ئێستە و پلەی ئەمیر توومانی ئەداتێ. توومان وشەیەکی مەغوولیە، واتە دە هەزار. ساڵی ١٩٣٦ زاینی لە بن چاودێری پۆلیسی ڕەزاخان دا ئەمرێ.




**شێخشان:** ناو چۆلانێ، هەنگەشەلێ، یاری منالاّن کە شەشخانەیەک لەسەر عەرزەکە ئەکێشن و بە بەردێکی پان و بە یەک پا گەمەی تێدا ئەکەن.



**شێخ نەعمەتوڵڵای وەلی:** هۆنەر عارف شا نەعمەتوڵڵای وەلی ماهانی کرمانی کە بە ڕەچەڵەک کوردە، هەرچەن دیوانێکی گەورەی بە زمانی فارسی هەیە بەڵام **نوخشانە** یا «پێشگۆیی شاه نەعمەتوڵڵای وەلی، ڕاستەوخۆ لە پێشبینیەکەی عێل بەگی جاف ئەچێ»؛ شا نەعمەتوڵڵا لە هۆنەران و عارفانی سەدەی پانزەی زاینیە، ڕێبازێکی نوێی لە سۆفیگەریدا داهێنا و بە پیری دەروێشانی نەعمەتوڵڵایی ئەناسرێ.



**شێخی سپی:** Lo Sceicco bianco فیلم یان The White Sheik فیلمی کۆمیدی ئیتالیایی ١٩٥٢، دەرهێنانی فێدێریکۆ فێللینی.




**شێدار:** humid, moist **ئاوەڵناو** شەدار، نمدار، نماوی، خاو، کزر، تەڕوبڕ، تەڕەشۆ، تەڕ، شتێکە نمی بینیبێ. [ع] مرطوب [N] fuktig [د] مرطوب، نمناک.




**شێدارکەرەوە:** moisturizer **ئاوەڵناوی لێکدراو** نەرمکەرەوە، جۆرە لۆشن یان کرێمێکە بۆ بەرگری لە وشکبوون و نەرمکردنی پێست. [ع] مرطب [N] fuktighetskrem [د] مرطوب کننده.



**شێر :** faucet ناو شێری ئاو، کەرەستەیەکی ڕەزووەدارە، بەستراوە بە بۆری یان هەماری ئاووەوە، ڕێگە ئەدات لە کاتی پێویستدا ئاو بەربدرێتەوە یان بگیرێتەوە. ع صنبور N Tappekran د شیر آب.



**شێر :** Cher جوگرافیا هەرێم مەڵبەندێکە لە ناوەڕاستی فەڕانسە، زیاتر لە ٣٥ شار و شارۆچکەیە.




**شێربۆرگی گەورە :** Great Cherbourg جوگرافیا بەندەر بەندەری نۆرماندییە کە کۆشکی ڕاسپلیری لێبوو، دۆنکرکی بچووک کۆگایەکی بازرگانی، نزیک لە ماڵی ڤێردۆرینەکانە لە پاریس.



**شێرکۆ:**❶ ئاوەڵناو شێرکۆ کورتکراوەی {شێرکۆڵە}یە. {کۆڵە} واتای بەچکە ئەدات. ⇦ شێرکۆ، شێرکۆڵە، توولەشێر، کۆرپەشێر، بولەشێر، بەچکەشێر، و **پەڵخەشێر**، کە عەرەب کردوویانە بە **فەرخە**. پەڵخ، هەروەها بۆ بەچکەی گامێش بەکار ئەبرێ:

⇦ **پەڵخەگامێش**: بەچکە گامێش.

⇦ **کۆڵە شێر**: بێچوەشێر، بەچکە شێر

⇦ **کۆڵەورچ**: بەچکە ورچ

⇦ **کوودەڵە**: بەچکە بەراز

⇦ **کۆچەک**: کۆچەکەوشتر، بەچکەی وشتر.

**شێرکۆ:**❷ ناوی لێکدراو بە واتای شێری کێوی. ⇦ **هەردەشێر** واتا شێری دەشتایی.

**شێرکۆ:**❸ ناوی لێکدراو بە واتای کۆی شێران:

ن: زانکۆ: کۆی زانست، بە واتای خوێندنگەی هەموو زانستەکان؛

ن: شێرکۆ: کۆی شێران.

**شێری ئەویندار:** The Lion in Love ویژە کۆمیدیی مێژوویی نووسینی فرانسوا پۆنسار François Ponsard.








**شێری ڕووی:** Loin de Rueil ڕۆمان ڕۆمانێکی ١٩٤٤لە نووسینی ڕەیمۆند

کوێنۆ، ڕووی مالمەزۆن کۆمۆنێکە لە ڕۆژئاوای پاریس.






**شێڤرۆل:** Michel Eugène Chevreul زانا {١٧٨٦ـ١٨٨٩} کیمیاگەری فەڕانسەیی، کاریگەری هەبوو لەسەر چەند بواری زانست و دەرمان و هونەر ـینەما چییە ن: ئەو کەسەی وتووێژی لەگەڵ کرابوو، کیمیاگەرێکی فەڕانسەیی بوو. تیۆرییەکی لەمەڕ ڕەنگ پێشنیاز کردبوو کە شێوەکارانی ئیمپرشنیست سەرۆیان لێوەرگرت. نهێنی: هیو گرەی







**شێف:**❶ کشتوکاڵ ناو وەرد.

**شێف:**❷ کشتوکاڵ ناو کێڵانەوە، کێڵان بۆ جاری دووەم.

**شێڵ:** fourragère قردێلە ناو قردێلە، قەیتانی پەلکەکراو بە سەرشانی جلی ئەفسەریدا هەڵئەواسرێ. بۆ جوانی یان بە نیشانەی بوون لە تیپێکی تایبەتییە ڕیشەناسی سالّی ١٩١٥ لە وشەی fourrage ی فەڕانسە

وەرگیراوە بۆ زمانی ئینگلیزی.




**شێلگیر :** with perseverance ناو شوێنگر، پەیجوور، ئیستەرەم، پێداگر. ع مستمر N med utholdenhet د با پشتکار E perseverant.

**شێما :** facade ناو دەرکار، نموود، نما، ڕووکاری دەرەوە N utsikt ع مظهر زائف د نمای خارجی.

**شێنگن :** Schengen Agreement پەیمان هاتووچۆ ڤیزا لە ١٤ی جوونی ١٩٨٥ لە لایەن پێنج ولاّتی ئەندامی یەکێتی ئابووری ئوورووپا، لە شاری شێنگن، کە شارۆچکەیەکی شەرابسازە لە باشووری ڕۆژهەلاّتی لۆگزەمبۆرگ، لە بەری چەپی ڕووباری مۆزێل Moselle لەسەر سنووری ئالّمان و فەڕانسە، پەیماننامەیەک واژۆ کرا. بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە ناوچەیەکی ئورووپایی بەدی هات کە کونترۆلّی سنوورەکان لەو ناوچەیەدا هەلّگیراوە و هەماهەنگی لە ڤیزای ئەم ناوچەیەدا بەدی هاتووە. ژمارەی ولاّتانی ناوچەی شێنگن ئەمڕۆکە گەیشتوەتە ٣٦ ولاّتی ئورووپایی و هەموو ئەوانەی کە ڤیزای شێنگن وەرئەگرن، بە ئازادی ئەتوانن هاتووچۆی هەر ٣٦ ولاّتەکە بکەن. ئەندامانی ناوچەی پەیمانی شێنگن بریتین لەمانە: ئالّمانیا، ئایسلەند، ئۆتریش، ئیتالیا، ئیسپانیا، ئێستۆنیا، بەلجیک، پۆرتۆگال، پۆلۆنیا، دانمارک، سلۆڤاکیا، سلۆڤانیا، سوید، سویس، فەڕانسە، فینلاند، کۆماری چێک، لاتڤیا، لۆگزامبۆرگ، لیتوانیا، مالّتا، نورویژ، هۆلەند، هەنگاریا، یۆنان.






**شێنە:** ئاوەڵناو لە سەرەخۆ، ئەسپایی، شێنەیی، بەکاوەخۆ. ⇦ شێنەیی.

**شێنەیی:** ئاوەڵکار لەسەرخۆیی، لەسەرەخۆ، بەیابشت، هێدی **ن:** بەشێنەیی: بەکاوەخۆ.

**شێوازناسی:** stylistics وێژە ڕێسای جەسیاو بریتییە لە شرۆڤەی دەق لەسەر بناغەی شێوازی زمانناسی و ئاواز و ناسانەی دەق ⇦ ناسانە: tone ئاواز، ئاوازی دەنگ، سەدا، ئاوا. ع نبرة الصوت N tone د لحن صدا، نواخت.

**شێوازی گرێگۆری:** Gregorian chant ڕێباز موزیک بەستە شێوازێکی مۆنۆفۆنیکی ئایینییە، سەر بە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆما، لە سەدەی نۆیەمەوە، کە ئەیبەنەوە بۆ پاپا گرێگۆری.



**شێواندن :** derange چاوگی تێپەڕ ئاڵۆزاندن، تێکدان، شێتکردن، پەشۆکاندن. ع تشوش N forstyrre د نامرتب كردن، ديوانه كردن.

**شێواو :** unhinged, deranged ئاوەڵناو ئاشوفتە، تێکچوو لە ڕووی ئاوەزەوە. ع مختل N uhengslet, forvirret د نامتعادل.

**شێواوی :** complication پزیشکی دەروونناسی ناسازی، نەخۆشی، ئاڵۆزی، دەرکەوتەیەکی بەرەنجامی نەخۆشییەکە لە پزیشکیدا. ع تعقيد N komplikasjon د عوارض.

**شێواوی کەسایەتی هیستریانیک :** Histrionic personality disorder
دەروونناسی ئەو کەسانەی تووشی ئەم ئاڵۆزییە ئەبن زۆر زوو ئەکەونە بن کاریگەری و زوو هەڵئەچن و ڕەفتارێکی نمایشی خودەرخەریان هەیە. سەرەڕای ڕەفتاری خۆدەرخەر ناتوانن بە قووڵی و بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ خولیای شتێک بین. ئەم نەخۆشانە خۆیان بە هاوتای کەسایەتی گرنگ و هونەرمەندان ئەزانن. هەڕان و پەیوەندییەکی بەگوڕ، بەڵام ڕووکەش و بەردەوام بگۆڕیان هەیە. بۆ نموونە بە گوتنی ئەوەم هەیە و ئەوە ئەزانم تێئەکۆشن سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. حەز و تێڕوانینیان بە ئاسانی ئەکەوێتە بن باندۆری خەڵکی یان ئەو ڕۆڵەی لەو کاتەدا بۆ خۆیان داناوە. پەیوەندی دۆستانەی بەگوڕ بەدی ئەهێنن و زوو لێی ماندوو ئەبن بەو بیانووەی کە نرخیان نەزانراوە.






**شێوە :** tactic ناو فێڵ، تاکتیک، تەردەستی. ⟵ **شێوەلێدان :** تاکتیک بەکارهێنانی تاکتیکی بەهێز لە جەنگدا.

**شێوەباز:❶** magician [شێوەزانست] تەردەست، سەهرەبەند، کەسێک کە خاوەنی هێزێکی بانسروشتی یان سەەرەیە کە ئەتوانێ کار بکاتە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان.

**شێوەباز:❷** magician [شێوەزانست] تەردەست، کەسێکی هونەرپیشە کە توانای ئەنجامدانی کاری هەڵۆسە و ئیلووژنی هەیە یان بە هۆی ئامێری تایبەتەوە نمایشی سەرنجراکێش ئەنجام ئەدا [N] tryllekunstner [ع] شعاذ [د] شعبدە باز.











**شێوەپارێزەر:** ☜ پاریدەری ڕێسایە

**شێوەزانست:** pseudoscience [ناوی لێکدراو] کۆمەڵەی ئەو بڕوا نازانستیانەی بەوست و بێوست ئەخرێنە ڕیزی زانستەوە،بەڵام لەسەر بناغەی شێوازی زانستی نین. ئافراندن و دیزانی هۆشمەند، یوفۆ، بەختخوێندنەوە، دەستبینی، فاڵی قاوە، ئەستێرەبینی و وزەدەرمانی نموونەی شێوەزانستن. شێوە زانست خۆراکی نووسینی زۆر لە چاپەمەنی هەرەمەکی و «گۆڤاری زەرد»ن. [ع] العلوم الزائفة [N] pseudovitenskap [د] شبە علم. ⇦ هەموو زانستێک شێوە زانستی خۆی هەیە:

دەروونناسی Psychology، پارادەروونناسی parapsychology هەیە،

پزیشکی Medicine، دەرزیپزیشکی acupuncture و هۆمۆپاسی homeopathy هەیە،

گەردوونزانی Astronomy، ئەستێرەناسی astrology هەیە و ...











**شێوەسازی:** dramaturgy فێرگە هونەری درامانووسی، هونەری تۆژینەوە و شرۆڤەی پێرسوّنا و کات و شوێن و ئامادەکردنی شانۆنامە و شانۆ، کە هەموو جۆرە داستان و ڕۆمان و شانۆیەک چەشنێک شێوەسازی و دروستکردنەوەی ژیان و کۆمەڵگە و سروشتە.

**شێوەگۆڕان:** metamorphosis ناوی لێکدراو چەرخەگۆڕان، دەعەجانین، گوهار، پەرەسەندن، وەک گۆڕانی کەوچکە قوڵە بۆ بۆق N metamorfose ع مسخ د دگردیسی.

**شێوەگەر:** shtick ناو شێوەباز؛ کەسێکە داب و فێڵ و شێوازی کۆمیدی و ڕێگەی نمایشکردنی دیاریکراو و تایبەت بە خۆی هەیە. ع اسلوب، ڕۆتین N shtick د اسلوب، متد.

**شێوەگەری:** magic شێوەزانست شێوەبازی، تەردەستی، هونەری ئەنجامدانی کاری هەڵۆسە و ئیلووژن و ئەنجامدانی نمایشی سەرنجڕاکێش بە هۆی ئامێری تایبەتەوە. ع شعوذە، سحر N magi د شعبدە بازی.









**شێوەرد:** ئاوەڵناو زەوی کێڵراوی هێشتا نەچێندراو، کێڵانەوەی زەوی بەراو. د زمین شخم زده قبل از کشت.

**بەیار:** moor ناو بوورە، قەراج، زەوی نەکێڵراو، بێبەر، زڕ، شۆڕەکات، ڕووتەن، مووش، نەکێڵ، خەرشۆڤ، نەزۆک، وشک، قاقڕ. ع ارض بور N fortøye د بایر، لمیزرع، بی‌ثمر، نازا E barren.

**شێوەڕستە:** ڕێزمان کەمترین ڕستە لانیکەم نیهاد و گوزارەی هەیە: وریا ڕۆیشت. بەڵام شێوەڕستە لە ڕێسای ڕێزمانی ئاسایی پەیڕەوی ناکات، واتە نیهاد و گوزارەی نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیامێک ئەگەیەنێ، پێی ئەوترێ شێوەڕستە. بۆ نموونە **ڕۆژباش** ناوی چاوگ ئەگەر بەسەر یەکەوە بنووسرێ ئەوا (ناوی چاوگە) و ئەگەر بە جیا واتە **ڕۆژ باش** شێوەڕستە بنووسرێ ئەوا (شێوەڕستە)یە. ن:

- هیوای دڵخۆشی و تەندروستی ← بەسەر یەکەوە، ناوی چاوگە.
- هەر دڵ خۆش و تەندروست بیت ← بە جیا، شێوەڕستەیە.

**شێوەکاری مانتۆوا:** شێوەکار نازناو گەران-١ نازناوی Mantuan painter، «شێوەکاری مانتۆوا» لەوێوە هاتووە کە ئاندریا مانتێنیا ساڵەکانی کۆتایی ژیانی لە دەرباری دووک مانتۆوا ژیا.



**شێوەلێدان:** subterfuge چاوگی تێپەڕ فێڵلێکردن، پاشقول لێگرتن، تاکتیک بەکارهێنان، تەڕدەستی نواندن؛ بەکارهێنانی تاکتیکی بەهێز لە جەنگدا.

ع مكر، خدعة N bedragersk د خدعە، طفرە زن E guile.

**شێوەی لووتکەیی:** vertex form بیرکاری چاوگێڕییەر یان ڤێرتێکس لە جەبری سەرەتاییدا فۆرموولی توانی ٢ تەکنیکێکە بۆ گۆڕانی هاوکێشەی چواری

$$y = ax^2 + bx + c$$

بۆ فۆرموولی شێوەی

$$y = a(x-h)^2 + k$$

هەروەها لە بیرکاریدا فۆرموولی توانی ٢ بۆ شیکاری فۆرموولی چەند پێواری پلە دووەم بەکار دێت. ع اکمال المربع N toppunktform د توانی ٢ کامل.




**شێوی پیرۆز:** Eucharist پۆنە دابونەریت یان دابەشینی پیرۆز Holy Communion یان ڕازی نوێژگە the Sacrament of the Altar یان ڕازی پیرۆز Blessed Sacrament، یەکێک لە حەوت نزا یان حەوت ڕازی پیرۆزە کە بە زۆری لە هەموو ئاینزاکانی فەلەدا هەیە و ئاماژەیە بە دوا «**شێوی مەسیح**» لەگەڵ یارانی: **ئینجیلی کوردی، مەتا:** ٢٦/٢٦ـ٢٨:

«کە نانیان دەخوارد، عیسا نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، دایە قوتابییەکان و فەرمووی: «وەرگرن، بخۆن، ئەمە جەستەی منە.»

ئینجا جامەکەی هەڵگرت و سوپاسی خودای کرد، پێیدان و فەرمووی:

«هەموو لێی بخۆنەوە، چونکە ئەمە خوێنی منە، خوێنی پەیمانەکەیە کە لە پێناوی خەڵکێکی زۆر بۆ گوناه بەخشین دەڕژێت.»



**شێوی غەریبان:** پۆنە شەوی خەڵکانی غەریب و لە کەسوکار دوور. لە هۆنراوەدادا زۆر ئەمازەی پێکراوە:

ژینم لەناو پرچی لاولاوت ئەزانی چۆنە
وەک شــەوی غەریبانی رووت و ئاتاجە

**شیاکە:** muck ناو ڕیخ، تەرسەقول، سنێر، سەرین، گوشلەی گا و مانگا. ع روث N møkk د سرگین. 🗨: گوی تێ نەکەی: Don't muck it up.

**شیان:** potential ناو ئاوەڵناو تواوی شاراوە، تواناي نادیار، ڕەخسان، توانست، هەبوون یان پیشاندانی شیانی گۆڕان یان پێشکەوتن بۆ شتێکی تر. ع محتمل N potensiell د بالقوە ⇐ وزەی پیاوار: potential energy وزەی شاراوە.

**شیانست:**❶ worthy ئاوەڵناو شیاو، شایستە، لەبار، ڕێزدار. ع ذو قیمة N verdig د شایستە E honorable, excellence. هەنبانە بۆرینە

**شیانست:**❷ decent [دەبەنگر] لیوەشاوە، لێهاتوو. ع مقبول N skikkelig د نجیب.

**ناشیانست:** boor ناو بێئاکار، ڕەفتارگەن، نخای.

**مرۆڤی شیانست:** DHB کورتکراوە کورتکراوەی decent human being مرۆڤی بەڕێز، کەسایەتی ئادەر و کادانە. ع انسان واعی N anstendig د menneske انسان باشعور.

**شیاو:** ❶ proper ئاوەڵناو گونجاو، لەبار، جێگە بڕوا، شایستە. ع مناسب N ordentlig د مناسب.

**شیان:** proportion چاوگی تێنەپەڕ توانین، پێڕەوابوون، گونجان. ع التناسب N proporsjon د تناسب.

**شیاو:** ❷ trend ئاوەڵناو گونجاو و لەبار بۆ بڵاوکردنەوە لە بواری میدیادا. گەلەری و شیاوی بازاڕ و فرۆشتن و لێدوان و میدیا. ع رغبة مبررة N trend د تمایل موجه.

ن: نووچەی شیاو: trending news هەواڵی شایانی بڵاوکردنەوەیە.

ن: سترانی شیاو: trending songs ئەو گۆرانییەیە پەسەندی جەماوەرە.

ن: بەرهەمی شیاو: trending products بەرەمی بەبرەوە.

**شیاوی ئەندامەتی:** Dignus est intrare لاتین بە واتای شیانستی چوونەژوورەوە، ئاماژەیە بە ئەندامەتیی لە ڕیزی پزیشکاندا.

**شیاوی گۆڕینەوە:** fungible ئاوەڵناو بگۆڕ، ئەو کاڵایەی توانا و بەهای گۆڕینەوە بە کاڵایەکی هاوشێوەی هەیە. ع قابلة للاستبدال N fungible د قابل تعویض.

**شیبا:** ❶ سووکە بای شەوانە، شنەی شەوار. **شێبا:** شنەبای فێنکی شێداری دەمەو شەوار.

**شیبا:** ❷ ڕووناکی و بریسکانەوە.

**شیپ:** ❶ پەت، قەیتان, سیرمەی قامچی، دەوێڵ، ڕیشاڵی چەرم.

**شیپ:** ❷ گشتەک یان سیرمە پەڕۆی بە دارێکەوە بەستراوە و مناڵان شەللاقی

پێ ئەخولێننەوە.



**شیپوەشێن:❶** هێمایر ناوی لێکدراو ئەو کەسەی کاتێ رێکردن بە شلێ و هۆڕ ئەڕوا بەرێدا و بە تایبەت ژن کە دامێنی کراسەکەی وەکوو شیپێ شەلاق خولاندنەوە رائەوەشێنێ

**شیپوەشێن:❷** هێمایر بە ژنی سووک و چرووک ئەوترێ.



**شیپیۆ ئەفریکانۆس:** Scipio Africanus فیلم {٢٣٦ـ ١٨٣ پ.ز} ژنراڵ و پاشان کۆنسوولی ڕۆمی، ستراتژیست و فەرماندەی ناوازە، لە تۆنسیای ئەمڕۆ هانیباڵی شکست دا و نازناوی ئەفریکانۆسی کونسوولی وەرگرت.



**شیتاڵکردن :** چاوگی تێپەڕ شیتەڵکردن، ونجڕ ونجڕ کردن. دڕاندن.

**شیتەڵ :** dissociative ئاوەڵناو پچڕاو و لێکدابڕو، ونجڕ ونجڕ کردن. دڕاندن. ع فصامي N dissosiativ د تجزیه شده. ☜ dissociation

**شیرا :** ناوی بکەر شیردەر، مەڕ و بزنی شیردەری مناڵەبەر.

**شیرازەگرتن :** framing چاوگی تێپەڕ لە قاپ گرتن.

**شیربرا :** foster brother مناڵیارێزی ناوی لێکدراو برای شیری، برای هەڵگیراوە؛ ناوبرا، زڕبرا. ع أخي بالتبني N fosterbror د برادر تعمیدی.

**شیرخوشک :** foster sister مناڵیارێزی ناوی لێکدراو خوشکی شیری، خوشکی هەڵگیراوە؛ شیرخوشک، زڕخوشک. ع أخت بالتبني N fostersøster د خواهر تعمیدی.

**شیرشاسانا :** Shirshasana یووگا شێوەزانست یان سالامبا شیرشاسانا، یان یۆگای لەسەرسەر، ئاسانایەکی سەرەوخوارە لە یۆگای مۆدێرن وەکوو وەرزشێک، بە پادشای هەموو ئاساناکان دانراوە. ⇦ **سانا :** sana ڕاهێنان ڕاهێنان و جووڵە و لەنگەرگرتنە لە هاتایۆگا hatha yoga. ئاسانا جووڵەی خۆکێشانەوە و لەنگەر و هەناسەی قووڵ هەڵکێشانە، ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەسید لاکتیکی زۆر لە ماسوولکەکاندا کۆ نەبێتەوە، ئاسانا کەرستەیەکە بۆ گەیشتن بە لەنگەر، وزەی گیانوەش، هەماهەنگی و ئەولەهی، پەرەپێدانی کەوشەنی جووڵەکان و چالاکی ئەندامەکانی لەش. ⇦ **ڤیپاسانا :** Vipassana ڕاهێنان ڕاهێنانی نەدوان بۆ ماوەی یەک یان تەنانەت دوو حەفتە. ⇦ **گیانوەش :** healthy ئاوەڵناو تەندروست، سەرازا، سەرواز. ع صحي N sunn د سالم.









**شیرکچ:** foster daughter منالّیاریزی ناوی لێکدراو کچی شیری، منالّی کچی هەلّگیراوە یان کچی وەرگیراو کە خێزانێک ئەیکا بە کچی خۆی و بەخێوی ئەکا. شیرکچ، زڕکچ. ع بنت بالتبني N fosterdatter د دختر تعمیدی.

**شیرکوڕ:** foster son منالّیاریزی ناوی لێکدراو کوڕی شیری، منالّی کوڕی هەلّگیراوە یان منالّی وەرگیراو کە خێزانێک ئەیکا بە کوڕی خۆی و بەخێوی ئەکا. ناوکوڕ، زڕکوڕ. ع ابن بالتبني N fostersønn د پسر تعمیدی.

**شیروانی:** gable roof, housetop ناو جۆرێک میچی لێژە هەم لە تەنەکە و هەم لە سوالّەت ساز ئەکرێ؛ ڕیشەی ناوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ شێوازی تڕیارڤانی کۆشک و تەلار و کاروانسەرای نەوشیروانی ساسانی. ع سقف الجملون (وەک پشتی وشتر) N sadeltak, hustopp د شیروانی. ⇠ ژووری بن شیروانی: mansard کۆمانج، هەورەبان. ⇠ **قەرنیز:** cornice هێرە، قالّبی ڕازاندنەوە یان سەیوانی ئاجووری بان دەرگا و پەنجەرە، یان لێواری بنمیچ؛ ئەو ڕیزە خشتەی کە زۆڕتر لە سەر هێم و گوێ بانان دائەنرێ **هێرە:** gable سێگۆشەی بن شیروانی.

⇠ قەرنیز ⟵ قورنە ⟵ گۆشە. ⇠ چوارقورنە = چوارگۆشە.

⇠ cornice ⟵ قورنە ⟵ گۆشە ⇠ چوارقورنە = چوارگۆشە.




**شیرە:** بەری میوە ناو شیرەی تریاک، سوختەی تریاک، پاشماوەی تریاک کە جارێکی تر بەکاری ئەهێنن و ئەیکێشن.





**شیری خەست:** condensed milk شیرەمەنی ناوولێکدراو شیری کۆنسێروی خەستەوەکراو بە هۆی کولاندن و هەڵماندنەوە، کە بە زۆری شیرین کراوە. ع لبن مكثف N kondensert melk د شیر غلیظ شده.









**شیرەمەنی:** dairy شیرەمەنی ناو ئەو بەرهەمانەی شیریان تێدایە یان بە شیر دروست ئەکرێن. ع البان N meieri د لبنیات. ← **کارگەی**
**شیرەمەنی:** dairy شیرەمەنی پیشەسازی ئاوەڵناو ژوور، تەلار، یان کارگەیەک کە بەرهەمی شیری تێدا ڕائەگیرێ، بەرهەم ئەهێنرێ و بڵاو ئەکرێتەوە.

**شیری بروێش:** oat milk خواردنەوە شیرێکی ڕووەکییە لە شیلە و ئاوی دانوێڵەی بروێش یان جۆی دووسەر وەرئەگیرێت. شیری بروێش پێکهاتەیەکی کرێمی و سووکی هاوشێوەی دۆشاوی بروێشی هەیە، بە تامی جۆراوجۆر دروست دەکرێت، وەک ئاسایی، شیرینکراو، ڤانێلا

و شوکولات. بە تایبەت لەگەڵ قاوە زۆر گونجاوە. ع حلیب الشوفان N havremelk د شیر جو دوسر.




**شیرێژ:** خۆراک شیرەمەنی ناو سیراج، ژاژی، خەستەی کوڵاوی دۆی چۆڕاوە، چەوری زۆر کەمە.

**لۆرک:** خۆراک شیرەمەنی ناو فرۆ، جۆرە خواردنێکە لە ئاوی پەنیر دروست دەکرێ و چەری تێدایە.

**شیڤا و شاکتی:** Shiva and Shakti ئایینناسی شێوەزانست ناو یان شیوا و پەروەتی؛ ◄ شیڤا، خوداوەندێکی بەڕاستی گرنگە لە ئایینی هیندۆسیدا. ئەو بە بەرزەنگی گۆڕانکاری و گەشە و بیری قووڵ دانراوە. پاشان خوداوەند پەروەتی دێت کە پێشی دەوترێت شاکتی یان دیڤی. ئەو نوێنەرایەتی خۆشەویستی گەشەی دیاردەکان، بەختکردن و چەشنێک وزەیە کە هاوسەنگی لە نێوان کارە گەردوونییەکانی شیڤادا دروست دەکات؛ ئەم دوانە پێکەوە یەکێتی هەست و وزە پێک ئەهێنن. ◄ لە گەردووناسی تانتریکدا Tantric هەموو گەردوون لەلایەن دوو هێزی بنەڕەتییەوە دروستکراوە و چوونە ژوورەوە و بەردەوامبوون هەست پێدەکرێت، کە بۆ هەمیشە لە یەکێتییەکی تەواو و لەناونەچوودان. ئەم هێزانە یان ئەم لایەنە گەردوونیانە پێیان دەوترێت شیڤا و شاکتی. ◄ نەریت تەشکی ئێزەدی نێر و مێ پێکەوە گرێ داوە، شیڤا پیشاندەری توخمەبەدیهێنەرەکانی گەردوون و شاکتی وزەی داینامیکە توخمەکان زیندوو ئەکاتەوە و ئەیانخاتە گەڕ. ◄ لە ڕوانگەی میتافیزیکییەوە، جووتە

ئێزەدانی شیڤا ـ شاکتی لەگەڵ دوو لایەنی گەوهەری یەکدی گونجاون: بنەمای پیاوانە، کە نوێنەرایەتی لایەنی نەمری ئێزەدە و، بنەمای ژنانە، کە نوێنەرایەتی وزەی ئەو دەکات، ئەو وزەی مایەی دەرکەوتنی جیهان و ژیانە. [ع] شیڤا وشاکتی [N] Shiva og Shakti [د] شیوا و شاکتی.




**شیڤیارد:** Camille Chevillard ئاوازدانەر (١٨٥٩ـ١٩٢٣) بەستەوان و ئاوازدانەری فەڕانسەیی.



**شیکار:** analyzer تۆژینەوە ئامێر ناوی بکەر کەسێک کە بە شێوەی مێتۆلۆژیک و ڕەچاوکردنی هەموو وردبینی و لایەنەکان کار یان ڕووداوێک شرۆڤە ئەکات و لێک ئەداتەوە.

**شیکاری:** analytic تۆژینەوە ئاوەڵناو ناوی چاوگ لێکۆڵینەوەی سەروبەر، واتای ڕاستەقینەی وشەکان و ئەو چەمکەی بۆ دەربڕینیان بەکار هاتووە، بەڕادەیەک کە نکوڵی لێکردنیان ناکۆکییە. ⇦ **شارەزایی شیکاری:**

ئای تی توێژینەوە لێوەشاوەیی ئەنجامی لێکدانەوە شرۆڤەکردنە. ئەم پسپۆڕییانە بریتین لە توانایی بیرردنەوەی لۆجیکی بە مەبەستی کردنەوەی کێشەی ئاڵۆز بە پارچەکانی پێکهێنەری. ساڵی ١٩٩٠، ڕیچارد جەی هۆیەر جۆنیۆر، ڕوونی کردەوە کە: بیرکردنەوەی شیکاری، پسپۆڕییەکە وەکوو پیشەی دارتاشی یان لێخوڕین ئۆتۆمۆبیل. ⇦

**گوگڵ ئانالتیک:** Google Analytics پەروەردە ئای تی خزمەتگوزارییەکی شیکردنەوە و شرۆڤەی «وێب»ـە کە لە لایەن گوگڵەوە پێشکەش کراوە و ترافیکی ماڵپەڕ پەیگیری و گوزارشت ئەکات.




**شیکاری قەبارەیی:** titrating کیمیا دەرمان توێژینەوە ئازوگۆز سەنگاندن، دیاریکردنی عەیار، عەیارگیری؛ دەرخستنی بڕی پێکهێنەرێک لە گیراوەیەکدا بە پێوانەکردنی قەبارەی چڕیی ناسراوی کاراکتەر، کە پێویستە بۆ دارماڵکردنی کارلێکێک لەگەڵیدا بێت. ع المعايرة N titrering د عیارگیری.




**شیلان:** eglantine, hollyhock ڕووەک دارچڵ ناو شیلانەدەشتی، دارچڵێکی

گەڵا پێنج یان حەوت پەڕی گوڵ تاک یان کۆیە د نسترن.






**شیلانگ:** hose ئامراز ناو سۆندە، بۆرییەکی لخێز و باوخۆرە بۆ گواستنەوەی ئاو و شلەمەنی و ئاودان و شۆردن بەکار دێت. ع خرطوم N slange د شلنگ.





**شیلاوک:** abomasum تویکاری ناو شیلافە، شیلاڤک، هەزارلۆغانە، هەزارپرتی؛ ئەندامێکی دەزگای هەرسکردنی ئاژەڵی کاوێژکەرە؛ بۆ خواردن بەچێژە و وەکوو ئامیانی پەنییش بەکار ئەهێنرێت. ع المنفحة، فم المعدة N abomasum د شیردان.






**شیلاوە :** emulsion کیمیا پرزە و دڵۆپی شەبەنگئاسای ڕۆن لە ناو ئاودا. شەبەنگی ڕۆن لە ناو ئاەدا. ☜ نامیّتە

**شیلدبیّر :** Childebert شا {سەدەی پێنج و شەشی ز} لە شاهانی فرانکی خانەدانی مێرۆڤەنژی.




**شیللەر :** Friedrich von Schiller فەیلەسووف {١٧٥٩ـ ١٨٠٥} فەیلەسووف و هۆنەر و مێژوونووس و ئاوازدانەری ئاڵمانی.






**شیلەوگەرم :** lukewarm ئاوەڵناو شلەتێن، ساردوگەرم. ع ولرم N lunken د ولرم.

**شیمانە :** probable ئاوەڵناو ئەشیّ، ڕێی تێئەچیّت، لەوانەیە. ن: شیمانە ئەکرێت نەتوانیّ بێت بۆ سەردان. ع محتمَل N sannsynlig د محتمَل.

**شیمانە کردن:** چاوگ وابۆچوون. **شیمانە هەبوون:** چاوگ ڕێتێچوون، گونجان و بەرداشتی شتێک بۆ شتێک.

ڕێی تێ دەچێ کە نەریمان ببێ بەپیاوێکی گەورە. هەنبانە بۆرینە، فەژین

**شیمانی:** probable ئاوەڵناو گریمانی. ع احتمالا N sannsynlig د احتمالی.

**شیمەن:** Chimene پێرسۆنا سینەما جیهیە پاڵەوانی شانۆی لو سید Le Cid نووسینی کۆرنی. شیمەن شەیدای سەربازێکی جەوان ئەبێ کە باوکی ئەوی کوشتووە. هەرچەند ئەوینی کچە بە سەرباز ڕاست بوو، سەرەڕای ئەوەش داوای سزادانی سەربازەکە ئەکات. تێبینی: هیو گرەی

**شینبەر:** distinctive پۆلێر ئاوەڵناو ناوێزە، بژاردە، خاوەن کەسایەتی، دیار، خۆیا، جیاواز N særegne ع د متمایز.

**شین ڕامیۆن:** Shin Ramyun خۆراک سووپ بەرژەنگ ناو سووپێکی هەرشتەی ئامادەیە لە ١٩٨٦ەوە لە لایەن کۆمپانیای خۆراکی نانگشین Nongshim ـی کۆریای باشوورەوە بەرهەم ئەهێنرێ و، ئێستە بۆ زیاتر لە ١٠٠ وڵات هەناردە ئەکرێ. درێژە چوار جۆری سەرەکی هەیە:

- شین ڕامیۆنی سەرەکی
- شین ڕامیۆنی ڕەش بە چێژی گۆشی مانگا
- شین ڕامیۆنی تیژتیژ
- شین ڕامیۆنی ڕۆبیان تەنها لە چین هەیە.



**شینکی:** anvil gray ڕەنگەوشە ناو ئامالٚ شین، شینباو، شینی کالٚی مەیلەو بۆر. ع رمادي مزرق N blågrå د خاکستری مایل به آبی.



**شینگێڕێک ئەبێ بە ئەلێکترا:** Mourning Becomes Electra فیلم فیلمی درامای سینەمایی ١٩٤٧ی ئەمریکایی، بە هۆنەرمەندی ڕۆزالین ڕاسێل و دەرهێنانی دادلی نیکۆلز.




**شینەبالٚ:** bluefin ماسی ناو تۆنای بالٚشین، باوترین تۆنای ئەندازە گەورەیە، لە سەرانسەری جیهان لە زەریا گەرمەکاندا ئەژی. ڕەنگە گەورەترین ماسی ئێسکدار بێت و، وەک ماسییەکی خۆراکی و ڕاوی گرنگی زۆرەی هەیە. ع الزعانف الزرقاء N blåfinnet د آبی بالە.



**شینەتووترک:** elderberry رووەک میوە جۆرێک تووترکی شین و بەنەوشی بەرەو ڕەشە، زیاتر شەراب و جەلاتینی لێئەگرن.






**شینەشاهۆ:** egret باڵندە ماسیخۆرە، ناوی چەند جۆر مەلە لە قەراخ ئاو ئەژین.








**شینی بەنەوشە:** ultramarine blue ڕەنگەوشە یان شینی ئەوبەر زەریا لە وشەی ultramarinus ی لاتین، ڕەنگێکی شینی قووڵە لە لایەن هونەرمەندانی فەرانسەییە و ڕێنسانسەوە بەکارهێنراوە. زیاتر بۆ کێشانی مریەمی پاکیزە سوودی لێ وەرگیراوە. قەرمیزێر بۆ کێشانی کیژی مرواری لە گوێ بەکاری هێناوە. ئەم ڕەنگە لە بەردی لاجوەرد Lapis lazuli ئەگیرێ، کە لە سەدەی ١٤ و ١٥ بازرگانانی ئیتالیایی لە

ئەفغانستانەوە بردیان بۆ ئورووپا.




**شیواو:** deranged ئاوەڵناو تێکچوو، شپرزە، تێکوپێکدراو، ترازاو. ع مختل N forvirret د آشفتە.

**شیوکردن:** Washing clothes بەهەداشت فەرمان جلشۆردن، خاوێنکردنەوەی جلوبەرگ. ع تغسیل الملابس N Vasker klær د لباس شستن.



{Letter ae}

## ع

**عاشوورا :❶** Tasua og Ashura **ئایینناسی** ڕۆژی دەی مانگی محەڕەمی ئیسلامی کە حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبووتالیب بەدەستی یەزیدی کوڕی معاویە ئەکوژرێن و ئەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ ئەچێ، شێعەکان لەو دوو ڕۆژەدا لە خۆیان ئەدەن و پرسەداری و شینگێڕی بۆ حەسەن و حسێن ئەکەن.

**عاشوورا :❷** Ashura **ئایینناسی** ڕۆژی دەهەمی مانگی محەڕەمی ئیسلامییە کە لەم ڕۆژەدا ئەڵلا، مووسا و هۆزی جوولەکەی لەدەستی فیرعەون ڕزگارکرد. ئاشوورا بە زمانی عیبری بە واتای ڕۆژی دەهەم مانگە و موسڵمانی سونی ڕۆژووی ئەم ڕۆژە بە «سەننەت» ئەزانن.

⇦ **تاسووعا و عاشوورا :** Tasua and Ashura **ئایینناسی** ڕۆژی نۆ و دەی مانگی محەڕەمی ئیسلامی، ڕۆژی نۆیەم ڕۆژی بەر لە کوژرانی حسێن، شمر ئامادەیە حسێن ببەخشێ بەڵام ئەو بەژێرەی ناکات و ڕۆژی دەیەم حسێن ئەکوژرێ.

**عەبداڵ :❶** **ئایینناسی** **دەروێشی** **ناو** عەوداڵ، ئەبداڵ، دەروێشی گەڕیدە کە دەستی لە دنیا و ماڵی دنیا داشۆردووە و بە دوای ونبووی دا ئەگەڕێ

**عەبداڵ :❷** **ئایینناسی** **دەروێشی** **ناو** بە ژمارەیەک لە پیاوچاکان {بە پێی ئەم بۆچوونە ژنیان تیا نییە} ئەوترێ کە جیهان بەوانەوە ڕاوەستاوە و ئەوسا کە یەکیان ئەمرێ خوا یەکیتر لە جێگەی دیاری ئەکات بۆ ئەوەی ژمارەیان کە گوایە حەوت یان حەفتا کەسە وەک خۆی بمێنێتەوە. ئەم دەستەیە لە هەموو ڕازەکانی سروشت و عەرز و ئاسمان شارەزان. نیشانەیان

ئەوەیە کە منالْ یان منالْی نێرینەیان لێ نابێتەوە. یەک لەمانە حەفتا ژنی هێنا و منالْی لە هیچکامیان نەبوو. ئەوانەی ژمارەیان بە حەفتا ئەزانن ئەڵێن چلیان لە شام و سیەکەی تریان بە هەموو لایەکدا بلاّون. ئەوانەش کە ئەڵێن حەوتن بڕوایان وایە هەرکام لەمانە دەسەلاّتی یەک هەرێم لە حەوت هەرێمی جیهانی بەدەستە و هەرکامەیان جێگرەوەی پێغەمبەرێکن. یەکەمیان جێگرەوەی ئیبراهیمی خەلیل و پارێزەری هەریمی یەکەمە، دووەمی جێگرەوەی مووسا، سێیەمی هارڕوون و چوارەمی ئیدریس و پێنجەمی یووسف و شەشەمیان جێگرەوەی عیسا و حەوتەمین جێگرەوەی ئادەم و پارێزەری هەرێمی حەوتەمە.

**عەبووودوجانە:** ئایینناسر ناوی لێکدراو جادووی خۆشەویستی یان جادووی سپی خۆشەویستکردنی ژنانە لە لای مێردەکانیان N amulett ع العین، تمیمة د حزر ☜ چاوەزار ☜ گوللەبەند.



**عەریف:** Sergeant سەربازی پلە یاوەر، سەرنۆگە، پلەیەکی سەربازییە N Sersjant ع عریف، شاویش د سرگروهبان.

**عەرعەر:** juniper درخت رووەک ناو سەروی کێوی، دارۆچکەیەکی همیشە گەلاّ سەوزە، توویەکی قۆچەکی ئەگرێ. بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری ئەوراسیا و ئەمریکای باکووردا بلاّو بووەتەوە. زۆر جۆر قووچەک و گەلاّی بۆنخۆشیان هەیە. ع العرعر N einer د درخت عرعر

خۆش لە سەر سینەی سەریهەڵداوە دوو گۆی سەربەمۆر
مات و حەیرانم کە عەرعەر، کەی هەناری گرتووە؟







**عەزرەت:** desire ناو فەرمان تامەزرۆیی، دڵبزۆکی، حەز، هەڵچوون.

**عەگال:** کەرەستە ناو پاشوەن، چۆکبەند. تەنافێکە کاتی مێزگرتنی وشتر چۆکی پێ ئەبەستن.




**عەلی ئەکبەر:** ئایینناسی کەسایەتی کوڕی ئیمام حسێن، ئیمامی سێیەمی شێعەکان و لەیلا ئەبی مەڕەیە، لە مەدینە لەدایک بوو و لە کەربەلا کوژرا.

**عەودڵ:** ☜ عەبداڵ.

**عەیار:** ڕێباز ناو عەیار بە بۆچوونی هەندێ هەمان **ئەی یار** ە. عەیاران خاوەنی ڕەوشت و بنەمای تایبەت بوون لە ژیان و خەباتدا. یارمەتیدانی هەژاران و بەخشندەیی و جوامێریان کردبوو بە ئامانجی خۆیان.

ریشەی جوامێری لە لایەن عەیاران سێ بنەما بوو: ئەوەی کە ئەیڵێی ئەنجامی بدە، جگە لە راستی مەڵێ و سەبر و ئارامی بکە بە پیشەت. بەڵام ئەو خاڵانەی کە عەیاران لە ماوەی ژیانی خۆیاندا پێبەندی بوون، بریتی بوو لە رازداریی، راستگۆیی، یارمەتیدانی داماوان، داوێن پاکی، خۆ بەختکردن، دۆستی دۆست بوون و دوژمنی دوژمن، بێباکی، پەیمانداریی، سوێند راگرتن، دووزمانی نەکردن و دەسبڵاویی. یاقووبی مسگەر لەم دەستەیە بوو و بە یارمەتی عەیاران حوکمڕانی سەفاریانی لە خوراسان دامەزراند. عەیاری پاشان لەگەڵ سۆفیگەری تێکەڵاو بووە و بووە بە فوتووەت (فتوت). حافز و مەولانا و عەتاری نەیشاپووری پەسنی ئەدگاری عەیارانیان کردووە:

حافز:

**چ باک ئەو زوڵفە چین چینە ستەمکار و بەڵا هێنە**

**لە بەند و کۆت نەترساوە ئەوەی عەیارە لەم شارە**

مەولانا:

**بە گیانی هەموو مەستان کە مەستم**

**بگرە ئەی دڵبەری عەیار دەستم**

عەتتار:

**سەر لە رێ دانان وەکوو عەیاران**

**گیان لەبەری دەست لە دەرگای یاران**








**عەیارداوەر:** ناوی لێکدراو دادگەری جوامێر.

**عەیارداوەریی:** ناوی چاوگ دادگەریی جوامێرانە.

**عیرفان:** Mysticism ئایینناسی ڕێباز شێوەزانست ڕێبازی گەیشتن بە خوایە لە ڕێگەی هەستکردنی قوڵی خوا لە ناخی خۆدا و سەردانەواندنی بە دڵ و گیان بۆ ئەو ئەوینە. عیرفان ناسینێکە لە ڕێگەی دۆزینەوە و هەستەوە نەک بەڵگاندن و پشکنین، بۆیەشە بە زانستی ویژدانی ناوبراوە. پەیڕەوانی عیرفان، بە عارف ناوئەبرێن.

عیرفان لقێکە لە ئایین و فەلسەفە پێکهاتووە، واتە هەندێ کەس هاتوون پرسیارە فەلسەفییەکانیان تێکەڵ بە لایەنی ئایینی کردووە. کەسانی وەکوو مەولەوی ڕۆمی بۆ دەربڕینی بابەتەکانی، ئەماژە بە قورئان و فەرموودە ئەدات، واتە گفتوگۆیەکی فەلسەفی ئایینییە ئەکات، بە گوتەی خۆیان شەریعەتیان خستووەتە لاوە و ڕێگەی «ڕاستەقینە» یان گرتووە. ئەم عیرفانەی کە هەزاران بەرنوێژ و سەدان هەزار لاپەڕە نووسینیان هەیە، بچووکترین کێشەی جیهانی هێشتی ئێمەیان چارەسەر نەکردووە. هیچ کێشەیەکی مرۆڤیان چارەسەر نەکردووە، پرسی ژنانیان چارەسەر نەکردووە و هەر باسیشیان نەکردووە، هەرگێز کێشەی هەژاری و دەرد و ئازاری مرۆڤیان چارەسەر نەکردووە. جگە لە هەندێ دروشم، بە کردەوە هیچیان نەکردووە، واتە ئەو ڕاستەقینەی پێی گەیشتوون لە جیهانی ڕۆژەڤدا کاردانەوەی نەبووە و ڕەنگی نەداوەتەوە. ع الباطنیة الروحانیة، التصوف N Mystik د عرفان.







**عیسا یان کایزەر:** بووبەر ئاماژە ئەماژەیە بەوەی کە ئیمپراتۆر ڤیلهێلمی دووەم Kaiser Wilhelm II ساڵی ١٨٩١ لە دەفتەری زێڕینی شارەوانی شاری میونیک نووسی: «**فەرمانی ئیمپراتۆر لە سەروو قانوونەوەیە!**»



**عیسای بەرگیراو:** Il Cristo Proibito فیلم فیلمی ئیتالیایی ١٩٥١، دەرهێنانی کورتزیۆ مالاپارتە.









**عیسای نەناس:** Antichrist ئایینناسی پەسڵان یان دژی عیسای دەجالی درۆزنە کە فەلەکان لایان وایە بەر لە کۆتایی جیهان پەیدا ئەبێ.

**دەجال:** Antichrist لای مسوڵمان کەسێکی مەلاق و درۆزنە بەر لە هاتنی مەهدی پەیدا ئەبێ و زۆربەی مەردم فریوی ئەخۆن و لە گردی

کۆ ئەبنەوە **یاماکولا:** Yamaloka سانسکریت، بە واتای کەوشەن یان شوێنی ژیانی «یاما»یە کە ئێزەدی مەرگە و لە ئاڤێستاییشدا بە شێوەی «یِمە و جەم» هاتووە، بە شوێنێک ئەوترێ کە تەنها ڕاستی تێدایە. **ئۆسیریس:** Osiris لە ئەفسانەی مەسری کەونارا ئێزەدی جیهانی ژێرزەمینی و ژیانی پاش مردنە، گیانەکان بەر لەوەی بتوانن لە جیهانی تردا بژین، ئەبێ بە بەردەمی ئۆسیریسدا تێپەڕن، چونکە تەنها ئەو ئەتوانێ وەرجاوەندی ببەخشێ.








{Letter qh}




**غازە:** ئارایشت ناو سووراوی خۆ جوانکردن، لۆکەی سوور کە ژنان ئەیهێنن بە گۆنایان‌دا.

**غز:❶** هەڵچوون فەرمان سەرڕێژکردنی هەویر و ماستی ترشاو.

**غز:❷** ئاوەڵناو خز، لووس.

**غلۆر:❶** arrogant ئەدگار ئاوەڵناو لووتبەرز و بادیهەوا لەبەر زۆری سامان و دارایی و نازداری. ع متعجرف N arrogant د مغرور.

**غلۆر:❷** ئاژەڵ نازناو گای لەبەر قەڵەوی بزۆز و دانەسەکناو.

**غورد:** گیاندار ئاژەڵ پاتاڵی خۆش هەڵبەز و دابەز.

**غووژ:** unlucky دارەت ئاوەڵناو داماو، دڕ، کزۆڵە، بەلەنگاز، لانەواز، سیابەخت، چارەڕەش، نازشێواو، ڕەنجەڕۆ، کۆستکەوتوو، وڵۆڵ، نەگبەت، هەشبەسەر، بێفیز، بێدەمار د خاکسار، بدبخت، بیچارە. ع سیئ الحظ N unlucky د بدشانس.

**غوول:** ghoul ئەفسانە شێوەزانست مێردەزمە، دێوەزمە، زەبەلاح، بوونەوەرێکی ئەندێشەیی یان ئەفسانەیی شێوە مرۆڤ، بەڵام بە قەبارەی گەورەتر و زەلامتر. درێژە له ئەفسانەی باودا، بوونەوەرێکی ئەهریمەنییە کە پێیان وایە لە گۆڕستان و شوێنە چۆڵەکانی تردا ئەژی. لە فۆلکلۆری کۆنی عەرەبیدا، غوولەکان سەر بە چینی شەیتانی جنۆکان {ڕۆحەکان} بوون و دەوترێت نەوەکانی ئیبلیس، شازادەی تاریکین لە ئیسلامدا. ڕیشەناسی کۆتایی سەدەی ١٨ لە زمانی عەرەبییەوە چووەتە زمانی

ئینگلیزی، جنۆکەی بیابانە و پێیان وایە مردووی ناو گۆڕەکان دەدزێت و تەرمەکەیان دەخوات. ع الغول N ghoul د غول.




**غەدارە:** broadsword چەک ناو پانەشێر، قەسەتۆرە، جۆرێ شمشێری کورت و دەمپانە. ع منجل السیف N bredsverd د شمشیر لپە پهن، قدارە.



**غەزراو:** furious ئاوەڵناو غەزریو، شێتگیر، زۆر تووڕە، قەڵس، هەڵچوو ⚘: ئەڵێی بەرازی غەزراوە. ع غاضب N rasende د غضبناک.



**غەزریو:** furious داڕێت ئاوەڵناو غەزراو، زۆر تووڕە، قەڵس، هەڵچوو :ن ئەڵێن بەرازی غەزریوە N rasende ع غاضب د غضبناک.

**غەڵبەغەڵب:** clamour دەنگەوشە دەنگ و هەرا و ڕاوەڕاوی مەردوم N stakkato ع ضجیج د قیل و قال.

**غەوارە:** ناو نەناسیاو، بێگانە، کەدە د بیگانە.

**غەور:❶** cloudy ئاوەڵناو لێڵ، ناساف، لەکە، خەش، خەوش. ع غائم N skyet د کدر.

**غەور:❷** mirror rust ناو ژەنگی تەنک لە سەر ئاوێنە. ع صدأ المرآة N Speilrust د زنگ زدگی آینە.

**غەور:❸** concavity داڕێت ناو قوپاوی زەوی، ڕۆچووگ. ع تقعر N konkavitet د تقعر.

**غەور:❹** pus ناو کێم و زۆخی ناو کوان، کێماوی برین، چڵک. ع صدید N puss د چرک، ستیم.

⇦ **زووخ:** competent ئاوەڵناو لێهاتوو، توانا، گیر، هێز؛ وزە، کارایی. ع کفؤ N kompetent د قدرت، انرژی، کفائت.

**غەور:❺** فەرمان چەقینە ناو زەلکاو.

**غەور:❻** fog ناو مژ؛ تەمەهەورێکی ئەستووری دڵۆپاوی بچووکە لە بەرگەهەوادا هەڵواسراوە، لە نزیکی زەوی ئەبێتە هۆی لێڵی بەرەگەی ڕوانین. ع ضباب N tåke د مە.

{Letter f}

ف

**فا :** تەنراو کووتاڵ ناو جۆرە کووتاڵێکی ئاورێشمینە. هەنبانە بۆرینە

**فابر :** Jean_Henri Fabre مێروونـاسـ سۆسیالیست {١٨٢٣_١٩١٥} سۆسیالیستی فەڕانسەیی، ئەنتۆمۆلۆجیست Entomologist واتە زانای دەعبا و مێرووناسی بوو.




**فابریس :** Fabrice یان Fabrizio del Dongo پێرسۆنا گەڕان_ ٥ پاڵەوانی ڕۆمانی خانەگای پارما La Certosa di Parma، نووسینی ستاندالْ، کە لە بەرزایی پەنجەرەی زیندانەکەیەوە ئەڕوانێتە کچی وەردیانەکەی و شەیدای ئەبێ.






**فادیەز:** fa dièse یان بە ئینگلیزی F sharp کە بێتهۆڤن، ستڕاڤینسکی و شۆبێرت و شۆپەن و زۆری تر سۆناتی فادیەزی پیانۆیان نووسیوە.




**فاربیک:** Farrebique فیلم فیلمی سینەمایی فەڕانسەیی ١٩٤٧ نووسین و دەرهێنانی ژۆرژ رۆکییە، ⇦ بان ـ فاربیک: super ـ Farrebique واتە زەوی ئەلەرزێ لە فاربیک ڕیالیستێر و کۆمۆنیستیترە.












**فارس:** Fars نەتەوە مێژوو ڕاستەقینە ناو سەبارەت بە وشەی فارس، دکتۆر حەیدەری مەلایری زمانناس ئەڵێ:

**زبان فارسی اصلا به فارس تعلق ندارد .**

**اصلا نسان یا ملتی به نام فارس وجود ندارد .**

**این زبان از خراسان بزرگ می آید ، که**
**افغانستان ، تاجیکستان ، ازبکستان و خراسان ایران کنونی**
**را دربر می گیرد .**

**دکتر حیدری ملایری زبانشناس**

واتە: زمانی فارسی لە بنەڕەتدا هینی فارس نییە.
بە هیچ شێوەیەک ناسیۆن یان نەتەوەیەک بە ناوی فارس بوونی نییە.
ئەم زمانە لە خوراسانی گەورەوە هاتووە کە
ئەفغانستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان و خوراسانی ئێرانی ئێستە ئەگرێتەوە.
دکتۆر حەیدەری مەلایری زماناس




**فارسی:** Persian نەتەوە مێژوو ڕاستەقینە ناو غغغغ فارسی بریتییە لە زمانێکی بێ دایک و باوک و بریتییە لە ڕێزمان و گەردانی زمانی دەری، لەگەڵ کۆمەڵێک وشەی دزراو و وەرگێراو لە زمانەکانی عەرەبی و دەری و کوردی و ئینگلزی و فەڕانسە و هێندی و ڕووسی. ◄ ئێستە ئیتر هەموو پسپۆڕان ئاماژە بەوە ئەکەن ئەو زمانە دەستکرد و دزراو و زۆڵە. بۆ نموونە دکتۆر حەیدەری مەلایری زماناس و گەردووناسی

جێگەی شانازی ئێرانییەکان دەڵێ:

زمانی فارسی لە بنەڕەتدا هینی فارس نییە.

بە هیچ شێوەیەک ناسیۆن یان نەتەوەیەک بە ناوی فارس بوونی نییە.

ئەم زمانە لە خوراسانی گەورەوە هاتووە کە ئەفغانستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان و خوراسانی ئێرانی ئێستە ئەگرێتەوە.

مەبەستەکە لەم گوتەیە و لەم ددانپێدانانە ئاشکرایە ئەوەیە، ئەگەر نەتەوەیەک بوونی نەبێ، دیارە زمانیشی نابێ.

ئەی ئەم نەتەوە و زمانە لە کوێوە هاتووە؟ لە دوای هێنانە سەرکاری ڕەزا پاڵانی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، هەم خۆیان کرد بە پەهلەوی و هەم هەوڵیان دا هەموو ئەو وشانەی بە ناوی ماد و کورد و پەهلەوی و ئێران و ساسانی هەبوو وردە وردە بگۆڕن بە پێرژن persian. لێرەوە پارسی کۆن و ناوەڕاست و تازە پەیدا بوو و، زۆر بێشەرمانە ئەڵێن زمانی ساسانی پەهلەوی بوو، واتە فارسی بوو. یەکەم ئەوەی پەهلەوییە و ماوە هەم زمانی کوردییە و هەم خۆی بە کورد ئەزانێ و هەم هەزاران گیانیان لە ڕێگەی سەربەخۆیی کوردستاندا بەخت کردووە.

لەو لاشەوە، لە ساڵی ١٩٣٧ دا بە ڕەزا پاڵانی وترا ناوی ناوچەکە بگۆڕێت بە وڵاتی ئێران. بۆ ئەوەی بڵێ ئەوەتا ئێمە ئێرانین و ئێرانیش ئاوەتا بە دەست فارسەوەیە.

**فارگون:** wheelbarrow ناو فەرگون، فەرغون، عەرەبانە، ئەڕابەی دەستی؛ ئەڕابەیەکی بچووکە، یەک تایە و دوو دەسکی هەیە، بە دەست دەجووڵێت و بار دەگوێزێتەوە. ع عربة یدویة N trillebår د چرخ دستی.



**فارۆس:❶** lighthouse, flare زەریاوانی هێما فانۆسی زەریا، مەشخەڵی بڵێسەدار یان چرا و نیشانەی زەریایی. ع منارة، فنار N fyrtårn, د bluss فار، برج فانوس دریایی.

**فارۆس:❷** جوگرافیا دورگە ناوی دورگەیەکە لە میسر لە نزیکی شاری ئەسکەندەرییە، کە ئەسکەندەری مەکەدۆنی بۆ ئەوەی ناوی «هەفس تیۆن» وەرجاوەند بکات لەو دورگەیە پەرستگەیەکی بۆ دروست کرد.

هەروەها ساڵی ٢٨٠ی پێش زایین، بە فەرمانی پتۆلێمی فیلادیلفۆسی دووەم Ptolemy II Philadelphus لە لایەن ئەندازیار دینۆکراتسەوە بورجێک لە مەرمەڕی سپی بە بەرزایی ٤٠٠ پێ (١٢١ مەتر) سازکرا کە باشترین فانۆسی زەریایی ئەو سەردەمە بوو. ئەم فانۆسی زەریا لە چەند نهۆمێک پێکهاتبوو، هەر نهۆمێک لە نهۆمەکەی خوارەوەی خۆی بچووکتر بوو. لە سەروو هەموویانەوە قەفەزێکی گەورە بوو کە بە شەو و ڕۆژ چەند مەشخەڵێکی تێدا ئەسووتان تاکوو ڕووناکی بداتەوە بۆ ئەو کەشتییانەی کە بە شەو بەو کەنارەدا تێئەپەڕین. فانۆسی فارۆس، بە هۆی هەژانی زەریا و زریان و بوومەلەرزەوە بەرە بەرە ڕووخاوە، پاشماوەکانی تاکوو کۆتایی سەدەی سێزدەهەم هەر مابوو. ئەم فانۆسە بە یەکێک لە حەوت سەمەرەی سەردەمی کۆن دانراوە؛ بەم پێیە زۆر جار بە فانۆسی زەریا وتراوە «**فارۆس**»یان «**فار**» یان «Pharos of Alexandria» یان «Phare d'Alexandrie» تەنانەت «ئاوێنەی ئەسکەندەر»یشی پێوتراوە ☜ پتۆلێمی فیلادیلفۆسی دووەم.









**فاس:** bleach گەماربەر ناو کلۆر، دەرمانی سپیکەرەوە، سپیکردنەوە بە تیشکی خۆر یان بە پرۆسەی کیمیایی. ع مبیض N blekemiddel د سفید کننده.




**فاڤار:** Charles_Simon Favart نووسەر شانۆنووس (١٧١٠_ ١٧٩٢) درامانووسی فەڕانسەیی.






**فاق:❶** nock ناو قەڵشی بنی تیری هەمان، قەڵشی پەڕەمووچ و قەڵەم قامیش.

**فاق:❷** ناو حاچە واتە دوولک.

**فاق:❸** ناو قەڵش.

**فاق:❹** ناو جۆرێ کووتاڵی ڕەش بۆ چارشێوی ژنان.

**فاق:❺** branch ناو لق، لکی دار . ع غصن N gren د شاخە.

**فاق:**❻ trap کەرەستە ناو جۆرێ داوی باڵدار گرتن. ع فخ N felle د دام.

**فاق:**❼ چاوگی ئێنەیەر چەمان ن: لەم تاکە دێڕە هاوهۆنییە ناوازەیەدا، پیری هۆنەران نالی، «فاق»ی بە پێنج واتای نەداری و بنی تیر و قەڵەشان و ڕیشی دوولک و حاچە بەکار هێناوە:

سۆفی لە فەقر و فاقە وەکوو فاقە فاقی دا
تەزبێحی دام و دانەیە ڕیشی دووفاقی فاق
«نالی»



**فالکۆنێتی:** Renée Jeanne Falconetti هونەرپیشە ڕێنێ جین (١٨٩٢ـ١٩٤٦) هونەرپیشەی شانۆ و سینەمای ئیتالیایی.









**فالیەر:** Armand Fallières ڕامیار (١٨٤١ـ١٩٣١) ڕامیار، لە ١٩٠٦ تا ١٩١٣ سەرۆککۆماری فەڕانسە بوو.










**فاڵ:** omen شێوەزانست ناو پێشبینی، پێشگۆیی، ڕووداوێک کە وەک نیشانەی چاک یان خراپ سەیر ئەکرێت. ع فال N tegn د فال.

☜ نیشانە ☜ نیشانەی خراپ

**فالاس:** Fallas ئاییںناسی مۆزیک فێستیڤاڵ ناو ئاهەنگی فالاس ئاهەنگێکی نەریتییە کە ساڵانە بۆ یادی سەینت جۆزێف لە شاری ڤالێنسیا لە ئیسپانیا بەڕێوەدەچێت. پێنج ڕۆژی سەرەکی ئاهەنگگێڕان لە ١٥ تا ١٩ی ئازارە، لە کاتێکدا ماسکلێتا، دیمەنی ئاگرین، هەموو ڕۆژێک لە ١ تا ١٩ی مارچ بە تەقینەوەی تەقەمەنی و نمایشی یارییە ئاگرینەکانە، بەڕێوە دەچێت. ع فالاس N Fallas د فالاس.





**فالانکس:** phalanx ئایدیۆلۆجی ناو فالانژ، بە سەربازێک ئەوترێ کە زرێی جەنگی سەردەمانی کۆنی گریکی لە بەردا بێ، بە هەموو پێداویستییەکانیەوە؛ فالانکس یان فالانژ بە ئەو گرووپانە ئەوترێ کە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە ئەیانەوێ ئامانجەکانی ڕێکخراو یان پارت یان دەسەڵاتەکەیان بەدی بهێنن. ⇦ **فالانکسی پیرۆز:** ئاییںناسی

ناولێکدراو فاڵانژی پیرۆز، سپای پارێزەری ئایین کە بە زۆری لە دیندارانی دەمارگیر پێک ئەهێرێ.












**فاڵاوێژ:** ناوی‌بکەر خێرە، کەسێک کە بەخت ئەخوێنێتەوە.

**فاڵبێژ:** شێوەزانست ناوی‌بکەر خێرە، فاڵاوێژ، بەخت خوێنەرەوە.

**فاڵبینی:** horoscope شێوەزانست ناو یان ناوەکانی تری وەکوو نەخشەی بەخت، نەخشەی ئاسمانی، کێرقی ئەستێرەوانی، نیگارەی ڕادیکاڵ، ڕیشە و چەرخی نیگار، پێشبینی داهاتووی کەسێک لەسەر بناغەی نەخشە و دۆخی ڕێژەیی ئەستێرە و هەسارە و کەلووەکان لە کاتی لەدایکبوون یدایە. فاڵبینی ئەچێتە خانەی شێوەزانستەوە و لەگەڵ ئەوەی دەیان جۆری وەکوو فاڵی قاوە و فاڵی میوە و دەستخوێندنەوە و تاد... هەیە، فاڵبینی هیچ بنەمایەکی ڕاستی و زانستی نییە و تەنها بۆ جیفە و پارە پەیداکردنە. ع خریطة الابراج N horoskop د طالع بینی.

**فاڵ ڤەگرن:** soothsay شێوەزانست چاوگی‌تێپەڕ خێرە خوێندنەوە لە لای فاڵگرەوە. ع تهدئة N astrologi د فال گرفتن.





**فالْكۆنە :** Étienne Maurice Falconet **پەیکەرتاش** {١٧١٦ـ١٧٩١} پەیکەرتاشی فەرەنسەیی، شاسواری پەترزبۆرگ بەناوبانگترین بەرهەمیەتی.





**فالْگرەوە :** fortune teller **ناوی‌بکەر** خیرە، فاڵبێژ، فالاوێژ، دەستگرەوە، دەستبین، ئەوەی کە بە هۆی ژیگ یان هەڵدانی زاری تایبەت یان وردەبەرد ئەیەوێ ڕازی سەربەمۆر ئاشکرا بکات و داهاتووی کەسێک پێشبینی بکات. ع ڕماڵ N spåkone د ڕماڵ.



**فالْنج :** **نەخۆشی** **ناو** نەخۆشی شەپلە، گۆجبوون.

**فالْە :** Estrous cycle **زیندەوەرزانی** **ناوی‌لێکدراو** خولی **بەبابوون** یان چەرخەبەبا خولی چالاکی جنسی ئاژەڵە بۆ جووتبوون و جێبەجێکردنی سروشتیترین داخوازی خۆرسک و سروشتی کە زاوزێ و مانەوە و درێژەدان بە ژیانە. چەرخەبەبای نێر و مێی هەر ئاژەڵێک بە یەک ئەندازەیە، بەڵام درێژییەکەی بۆ هەر جوتێک بە گوێرەی جۆاوجۆری گیانداران هەم ناو هەم ئەندازەی دیاریکراوی هەیە، بۆ پشیلە «نەورۆ»یە و لە سەرووبەری بەهار و نەورۆز

دایە، هێی مەڕ وەرزێکە و هێی کەروێشک چەند وەرزە، بۆ سەگ بەهار و پایزە و نەهەنگ شەش مانگی بەرو و دوای نەورۆزە؛ ناوەکانیشیان وەک ئەمانەیە: بزنووەتەگە، پشیلەبەنەورۆ، دێڵەبەبا، مانگاوەکەڵ، ماینبەفاڵە، مەڕووەبەران.




**فانتن لاتوور:** Henri Fantin_Latour تێوەکار {١٩٤٠ـ١٨٣٦} شێوەکار و لیسۆگرافەری فەڕانسەیی.



**فانتۆما:** Fantômas فیلم فیلمی ١٩١٣ی بەرهەمی لویی فۆیاد، چیرۆکی پیەر کێشەر و سووستر و مارسێل ئالێن.



**فاندانگۆ:** fandango موزیک سەما سەمایەکی بەگوڕ و جۆشی ئیسپانیایی کە بووە بە فۆلکلۆری مێکزیکی.






**فانۆس:** lantern کەرەستە ناو فانۆز، چرادەستی، لەنتەر، فەنەر. ع فانوس N lanterne د فانوس.

**فانۆسی جادوو:** Magic lantern سینەما ئامێر لە دەزگا هەرە سەرەتاییەکانی پیشاندانی فیلم و وێنە و نیگار.





**فانۆسی زەریا:** کەرەستە ناوی لێکدراو فارۆس، مەشخەڵی بڵێسەدار یان چرا و نیشانەی زەریایی.

⇦ فارۆس، ناوی دورگەیەکە لە میسر لە نزیکی شاری ئەسکەندەرییە، کە ئەسکەندەری مەکەدۆنی بۆئەوەی ناوی «هەفس تیۆن» وەرجاوەند بکات لەو دورگەیە پەرستگەیەکی بۆ دروست کرد.

هەروەها ساڵی ٢٨٠ی پێش زایین، بە فەرمانی پتۆلێمی فیلادیلفۆسی دووەم Ptolemy II Philadelphus لە لایەن ئەندازیار

دینۆکراتسەوە بورجێک لە مەڕمەڕی سپی بە بەرزایی ٤٠٠ پێ (١٢١ مەتر) سازکرا کە باشترین فانۆسی زەریایی ئەو سەردەمە بوو. ئەم فانۆسی زەریا لە چەند نهۆمێک پێکهاتبوو، هەر نهۆمێک لە نهۆمەکەی خوارەوەی خۆی بچووکتر بوو. لە سەروو هەموویانەوە قەفەزێکی گەورە بوو کە بە شەو و ڕۆژ چەند مەشخەڵێکی تێدا ئەسووتان تاکوو ڕووناکی بداتەوە بۆ ئەو کەشتییانەی کە بە شەو بەو کەنارەدا تێئەپەڕین. فانۆسی فارۆس، بە هۆی هەژانی زەریا و زریان و بوومەلەرزەوە بەرە بەرە ڕووخاوە، پاشماوەکانی تاکوو کۆتایی سەدەی سێزدەهەم هەر مابوو. ئەم فانۆسە بە یەکێک لە حەوت سەمەرەی سەردەمی کۆن دانراوە؛ بەم پێیە زۆر جار بە فانۆسی زەریا وتراوە «**فارۆس**»یان «**فار**» یان «Pharos of Alexandria» یان «Phare d'Alexandrie» تەنانەت «ئاوێنەی ئەسکەندەر»یشی پێوتراوە. ع منارة، فنار N fyrtårn, د bluss فار، برج فانوس دریایی E lighthouse, flare ☜ پتۆلێمی فیلادیلفۆسی دووەم.












**فانوسقە :** bandolier, military belt پۆشاک سەربازی ناو سەربازییە واتای قایشی ڕەخت، فیشەکلۆخ، کەمەربەندی برێزنتی تۆکمەی جلی سەربازی، بۆ هەڵواسینی فیشەکدان و قومقومە و دەمانچە و نارنجەک

تێبینی: دیارە وشەی **فانوسقە** لە ڕێگەی دەسەڵاتی داگیرکەری بەناو ئێرانییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی، کە باشترە بەکاری نەهێنین، چونکە لە فەرهەنگە فارسییەکاندا هاتووە کە فانوسقە وشەیەکی ڕووسییە، بەڵام وشە ڕووسییەکەیان نەنووسیوە و، لە بەرامبەر وشەی «فانوسقە، فانسقە، فانوسکا، فانوسکە» لە ویکیپیدیا، ڕووسییەکەی نووسراوە *Патронная лнта* (پاترۆنیا یەنتا) کە هیچ پەیوەندی بە وشەی فانوسقەوە نییە. ع الحزام العسكري N Militært belte د کمربند نظامی.



**فانیلە :** flannel پۆشاک ناو فلانێل، کووتاڵێکی دەڵپ و فشە لە خوری و کەتان. لە کوردی زیاتر بە واتای ژێرکراسی کەتان بەکار ئەهێنرێ. ع ملابس تحتية من الفانيلا N flanell د جامه فلانل.

**فاوست :**[1] Faust شانۆ شانۆگەرییەکە لە نووسینی یووهان وۆلفگانگ فۆن گۆتە، زیاتر لە ٣٠ فیلمی لێ دروست کراوە.



**فاوست:** ❷ Faust پێرسۆنا ئەفسانە کەسایەتی سەرەکی ئەفسانەیەکی ئاڵمانییە. خاوەنی خوێندنی باڵایە، بەڵام سەرنەکەوتوو و نارازییە، کە لە ئاڵوویرێک لەگەڵ شەیتان گیانی لەگەڵ زانستی بەرتەسک و خۆشگوزەرانی ئەگۆڕێتەوە. ئەم ئەفسانەیە بووە بە سەرچاوەی بەرهەمی وێژەیی و درامایی و موزیکایی و سینەمایی یەکجار زۆر و، زیاتر لە ٣٠ فیلمی لێ دروست کراوە.












**فاوستی گۆتە:** Goethe's Faust شانۆ شانۆگەرییەکە لە نووسینی یووهان وۆڵفگانگ فۆن گۆتە لە، بەشی یەکەم سەبارەت بە بەهەشتە، مەفیستۆفیل یان شەیتان خوا ڕازی ئەکا فاوست تاقی بکاتەوە. مەفیستۆفیل لەگەڵ فاوستی پیر ڕێ ئەکەوێ و دووبارە جەوان ئەبێتەوە و لەگەڵ مەفیستۆفیل هەموو جیهان ئەگەڕێ. شەیدای کچێکی ساکار ئەبێ بە ناوی مارگارت و دوخمانی لێ ئەکا و ئەبێتە هۆی مردنی کچە. مەفیستۆفیل لای وایە گیانی مارگارت یەخسیر ئەکا، بەڵام پاکی ئەوینی ئەو سەبارەت بە فاوست و نەویستنی ژیان، ئەبێتە هۆی ڕزگاریی گیانی. بەشی یەکەم تەواو ئەبێ بەڵام فاوست سەرەڕای ڕابواردن و خۆشگوزەرانی، بەو ساتە پڕشکۆیە نەگەیشتوە، کە ئارەزویەتی.

بەشی دووەم سەبارەت بە ژیانێکی ئاسایی و سرووشتییە. هۆنینەوەیەکی فەلسەفی قووڵە و لە بەشی یەکەم ناچێ. فاوست لێرە هەموو هێزی ماکی و مینەوی خۆی تاقی ئەکاتەوە و هێشتاش بەو ساتە ناگا کە ئارەزوویەتی، تەنانەت لە ئەوینی هێلێنی ترۆیشدا.

سەرەنجام فاوست ماندووئەبێ و ئەبێتەوە بە پیرەمێردەکەی پێشوو وحەز لەوە ئەکا زەوی زەریا ئاوەدان بکاتەوە و،هەرچەند ئەمە کارێکی بچووک بوو، بەڵام ڤازانجێکی بۆ جەماوەرێکی زۆر هەبوو. ئەمکارە ساکار و کۆمەڵایەتییە بە ڕاستی شادمانی ئەکا و، ئەبێتە هۆی ئەوەی مەفیستۆفیل نەتوانێ گیانی بەدەست بهێنێ.










**فایتوون:** faeton ئامراز ناو گالیسکە یان عەرەبانەی چوار چەرخی سووکی دوو ئەسپەی سەرئاواڵە. ⇦ گالیسکەی گەشت: stagecoach.



**فتیش:** fetish دەروونناسی ناو بت، تەلیسم، جادوو؛ پەرستنی شتی بێگیان؛ تامەزرۆیی و کەڵکەڵەی سێکسی نائاسایی. ع صنم N fetisj د طلسم، بت.

**فتیشیزم:** fetishism ڕێباز دەروونناسی ناو بتپەرستی، باوەڕبوون بە هێزی بانسروشتی لە هەندێک کەرەستەی سروشتی کە خۆیان هەن، یان

دەستکردی مرۆڤن. ع دکاکیرية N fetisjisme د فتیشیسم.
پێناسە: پەرۆشییەکی زیادەڕەوی و نامەزرۆیی ناڕیرانەی پابەندبوون بە شتێکی دیاریکراوەوە. جۆرێکە لە ئارەزووی سێکسی کە تێیدا تێربوون و زاویربوون، بە توندی پەیوەندی بە شتێکی تر یان چالاکییەکی دیاریکراو یان بەشێکی جەستەوە هەیە، جگە لە خودی ئەندامە سێکسییەکان.
ڕیشەناسی سەرچاوەی زاراوەی فتیشیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە. گەشتیار و زەریاوانە پورتوگالیەکان لە ئەفریقا درکیان بەوە کرد کە دانشتوانی بوومی ئەفریقا هەندێک کەرەستەی وەک دار و ماسی و ڕووەک و بەرد و پەنجەی مردووی ئاژەڵ و دارە وشک و قژ و نینۆک بە هێزی جادوو دەزانن و پیرۆزیان دەکەن و داوای چارەسەری کێشەکانیان لێدەکەن. پورتوگالیەکان بە زمانی خۆیان ناویان نا فتیش feitiço بە واتای «جادوو و تەلیسم» و، ئەو بیروباوەڕ و داب و نەریتانەی پەیوەندییان بە فتیشەوە هەبووە ناو نا فتیشیزم.




**فتیشیزمی کاڵا:** Commodity fetishism ڕێباز ئابووری ناو کاڵاپەرستی؛
لە فەلسەفەی مارکسیستیدا دەستەواژەی فیتیشیزمی کاڵا ئەڵێ ئەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن کە لە نێوان شتەکاندا (پارە و کاڵا) بوونیان هەیە، نەک پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان. کاڵاپەرستی وەک جۆرێک لە کاڵاسازی، بەهای ئابووری وەک سروشتی کاڵاکان دەخاتە ڕوو، نەک لە هێزی کارەوە، نەک لە پەیوەندییە مرۆییەکانەوە کە کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی بەرهەم هێناوە. ع تقديس السلعة N

Varefetisjisme **د** بتانگاری کالا.

**چەمک:** لە بەشی یەکەمی سەرمایە: ڕەخنەیەک لە ئابووری ڕامیاری (١٨٦٧)، فیتیشیزمی کالاّ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە بەکاردەهێنرێت کە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کار لە کڕین و فرۆشتنی کالاّکان (کالاّ و خزمەتگوزارییەکان) چۆن دەردەکەوێت. لە بازاڕ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان مرۆڤەکان ـ کێ چی دروست دەکات، کێ کار بۆ کێ دەکات، کاتی بەرهەمهێنان بۆ کالاّیەک و هتد ـ وەک پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان شتەکاندا نیشان دەدرێت.

◂ لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا، کالاّکان لە فۆرمێکی بێ کەسایەتیدا دەردەکەون، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سروشتی بەرهەمهێنان تەمومژاوی دەکەن و ئەشارنەوە. مارکس سۆسیۆلۆژیای فیتیشیزمی کالاّی ڕوونکردەوە:

**پێناسە:** **فتیشیزمی کالاّ:** لە بەرامبەر ئەمەدا، تەشکی کالاّیی، و پەیوەندی بەهایی بەرهەمەکانی کار، کە لە چوارچێوەیدا دەردەکەوێت، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندییان بە سروشتی فیزیکی کالاّکە و ئەو پەیوەندییە داراییانەی کە لەمەوە سەرهەڵدەدەن، نییە. ئەمە هیچ نییە جگە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکە، لە نێوان خودی مرۆڤەکاندا، کە لێرەدا، بۆ ئەوان، فۆرمی خەیاڵی پەیوەندی نێوان شتەکان گریمانە دەکات. بۆیە بۆ ئەوەی لێکچوونێک بدۆزینەوە، دەبێت بچینە ناو کایەی تەماویی ئایینەوە. لەوێدا بەرهەمەکانی مێشکی مرۆڤ وەک کەسایەتیی سەربەخۆ دەردەکەون کە ژیانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ڕەگەزی مرۆڤ دەچنە ناو پەیوەندییەکانەوە. کەواتە لە جیهانی کالاّدا بەرهەمی دەستی مرۆڤن. من ئەمە بە فیتیشیزم ناودەبەم کە هەر

ئەوەندەی وەک کاڵا بەرهەم دەهێنرێت خۆی بە بەرهەمەکانی کارەوە دەبەستێتەوە، هەر بۆیەش لە بەرهەمهێنانی کاڵا جیا ناکرێتەوە.







**فحێل:** exonerate [داوەری] [ناو] بێتاوان، بەبێتاوان ناسراو لە دادگا، پاقژ.
[ع] تبرئة [N] frita [د] مبرا، تبرئه شده.

← **بێبەریکرن:** exonerating [چاوگی تێنەپەڕ] بێتاوانکرن و دەربازکرنی تاوانبارکراوێک لە دەستێ ڕێسا و دەسەڵات، سەلماندنی بێتاوانی کەسێک. [ع] تبرئة [N] frigjørende [د] تبرئه کردن.









**ف. دبلیۆ. مۆرناو:** Friedrich Wilhelm Murnau [دەرهێنەر] (١٨٨٨ـ١٩٣١) دەرهێنەری سینەمای بێدەنگ، نووسەر و دەرهێنەری نۆسفراتۆ، لە ڕابەرانی سینەمای ئێکسپرێشنیستی ئاڵمان.











**فرا ئانجلیکۆ:** Fra Angelico شێوەکار {١٣٩٥ـ١٤٥٥} لە شێوەکارە ڕێنسانسە سەرەتاییەکانی ئیتالیا، جۆرجیۆ ڤارەسی هونەرمەند و مێژوونووس، فرا ئانجلیکۆی بە خاوەنی بەهرەی بێخەوش و ناوازە ناو بردووە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانی ڕەنگی زەردی زێڕین بوو.





**فرا بارتۆلۆمیۆ:** Fra Bartolomeo شێوەکار {١٤٧٢ـ١٥١٧} شێوەکاری ئیتالیایی ڕێنسانسی بواری دین.





**فراز:❶** ئاوەڵناو وشک و رووتەن.

**فراز:❷** گوشاد.

**فراز:❸** tall ئاوەڵناو بڵند، لەگەڵ سەر ئەوترێ: **ن:** سەرفراز. ٤ طویل

N høy د طويل.

**فرازە:** reaped فەرمان پەرێز، جێگەی دەخڵی درەوکریاگ. ع حصد N høstet د درو شده.

**فراژۆبوون:** development ناو فراژووبوون، بە خۆداهاتنەوە، ڕسکان، پێگەیشتن، بووژانەوەی لە سیسی و کزییەوە، گەشەکردنی ئابووری د توسعه N utvikling ع الانماء.

**فراژی:**❶ mature ئاوەڵناو هاراش، پێگەیشووی بەخۆدا هاتوو. ع الناضجة N moden د رسيده.

**فراژی:**❷ چاوگی دوولۆ بووژانەوە، لە سیسی و کزیەوە سازبوون و گەشانەوە.

**فراک:** frac پۆشاک ناو ئیتالیایی، بە واتای tailcoat جۆرە جاکەتێکی ئاتەک درێژە بۆ میوانیی فەرمی لە بەری ئەکەن. بۆ ژن و پیاو ئەشێ. E frock.



**فراماسۆن:** Freemason بزووتنەوە پۆچیوون بزووتنەوەیەکی لیبراڵ بوو لەسەر بناغەی گنۆستیسیسم (دنیای گیان بە جیهانی ڕووناکی و دنیای هێسن بە جیهانی تاریکی ئەزانن) لە خولی پاش ڕیفۆرمی ئورووپا سەری هەڵدا. دروشمیان «یەکسانی، بەرابەری، برایەتی» بوو و

ڕۆڵی گەورەیان لە شۆڕشی وەکو ئەمریکا و شۆڕشی مەزنی فەڕانسە و شۆڕشی دەستووری/constitutional/مەشرووتەی ئێران و بزووتنەوەی دژی کۆلۆنیالیزمی ئیسپانیا لە ئەمریکای خوارووداا هەبووە. بنکەی چالاکیی فراماسۆن ناوی {لۆژ_Loge}ە؛ فراماسۆنری کۆی لۆژەکانی جیهانە. فراماسۆن ڕەنگە لە freestone mason بە واتای ئەندازیاری ئازاد هاتبێ، ئەویش دیسان ڕەنگە مەبەست ئەندازیاری مەزنی گەردوون بێ. هەڵبەت زۆر لایەن مێژینەی فراماسۆن ئەبەنەوە بۆ چەند هەزار ساڵ بەر لەمە و تەنانەت بۆ میسری فیرعەونی و بوونەوەرانی بانزەمینی extraterrestrial و گەڕیدەی هەسارە و ئەستێرەکانی تر. ⇦ تەنها سەرچاوەی گرنگ لە ئێران، کە لەسەر بەڵگەنامەکانی ساواک نووسراوە: پەرتووکی فراموشخانە و فراماسۆن در ایران، نووسینی سمایلی ڕایین ـە، . ☜ ڕەوشەنباوەڕان ☜ فەرامۆشخانە...








**فراککردن:** fracking ئەندازە زەوییناسی ئاوولێکدراو کورتکراوەی hydraulic fracturing، دەرزیتەپان، تەپاندن بە دەرزی، قەڵەشان، پرۆسەی تەپاندن یان دەرزی لێدانی شلە بە پەستانی بەرز بۆ ناو بەردی ژێرزەوی، کوول و چاڵەقووت و هتد، بەجۆرێک کە درزەکان بە زۆر بکرێنەوە و شەقار بدەن، بە مەبەستی دەرهێنێنای نەوت یان گاز. پیشەناسی وشەی fracking ساڵی ٢٠٠٠ لە ژارگۆنی ئەندازیاریدا وەکوو کورتەی hydraulic fracturing بە پاراستنی پیتی c دوو پیتی a و k سەری هەڵهێنا. واتە وشەی فراک بە تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە و پێویست بە وەرگێڕانی نییە. ع التكسير الهيدروليكي N fracking د فرکینگ.









**فرانسیسکەن:** Franciscans ئایینناسی ڕێباز یان Friars Minor یان پێڕی سەن فرانسیس ئایینزایەکە سەر بە فرانسوا داسیزی Francis of Assisi ئایینزانی بەناوبانگی فەلە لە سەدەی سیانزەدا، کە بڕوای بە ژیانی هەژارانە و خۆتەمێکردن هەبوو.








**فرانکنشتەین:** Frankenstein فیلم فیلمی ترسناکی ئەمریکایی ١٩٣١،

دەرهێنانی جەیمز واڵ.








**فرانکۆنیا :** Franconia ناوچەیەکە لە باڤاریای ئاڵمان.






**فراوانکردن :** expanding چاوگی تێپەڕ پەرەپێدان و گەورەکردنەوە، وەکوو پەرتووکخانە. ع توسیع N utvides د گسترش.

**کشاندن :** expand چاوگی تێپەڕ ڕاکێشان بۆ درێژ یان پان کردنەوە. ع وسیع، بسط N utvide د بسط دادن.

**فراو بۆش :** Frau Bosch ناونیتکە ڕامیاری خاتوو ئاڵمانی {خاتوو بەدئاڵمانی}.

**فراو ڤۆن دەن بۆش :** Frau von den Bosch ناونیتکە خاتوو ئاڵمانی.

**فراوێژ :** absurd ئاوەڵناو گاڵتەجاڕ، هەزەلی.

**فرسەخ :** parasang یەکە پێوان فرسەنگ، فرسەنگ، یەکەیەکی پێوانەییە بۆ پێوانی دووری بەکار هاتووە. درێژی فرسەخ نادیار و نایەکسانە و ئەگۆڕێ بەپێی شوێن. فرسەخ ماوەی نێوان خاڵێکی دیاری کراو بە

چوارناڵەی ئەسپێکی چاک و تێز و لە زەویەکی نەرم و، تا ئەسپەکە گوڕی چوارناڵەی تێدایە و بەگۆڕینی لە چوارناڵەوە بۆ ڕەوت یان لۆقە خاڵی کۆتایی فرسەخ دیاری ئەکرێ. واتە لە بان «ساڵەیی» جیاوازە لە شێخ «بزێنی». بەڵام فرسەخ بە زۆری بەرامبەر بە ٥,٨ و ٦ کیلۆمەتر دانراوە.

**فرسەند:** fairness, impartiality ڕەوایی دادگەری هێمۆ، داد، ڕەوایی، ویژدان. ع انصاف N rettferdighet, habilitet د انصاف

ن: بەڵام ئامانج فرسەند نییە، بەڵکوو ئامانج کۆتایی پێهێنان و درێژەدان بە ژیانە

But fair, is not the goal, the goal is finishing and move on

⇦ **بەفرسەند:** دادگەری ناوی لێکدراو هێمۆ، دادوەر، دادپەروەر، بەویژدان.

⇦ **بێفرسەند:** دادگەری ناوی لێکدراو بێبەزەیی.

**فرشک تەنگ:** intolerance ناو کەمجیکەڵدان، کەم پشوو، پشووتەنگ د ناشکیبا N intoleranse ع ضیق الصدر، نافذ الصبر.

**فرشە:** brush ئامراز ناو فرچە، فڵچە، تۆپەمووی خۆرسک و دەستکردی بە داردا کوتراو بۆ ڕەنگکردنی شت و خاوێنکردنەوەی جلک؛ سیواکی مووبین. ع فرشاة N børste د قلم مو.



**فرمان:** precept ناو ئیشوکار، ڕاسپاردە. ⇦ **فەرمان:** order ناو

بڕیار، بڕیارێک گەورەتر ئەیدا؛ ڕاپەڕاندن.

**فرۆزە:❶** characteristic, feature, personality, quality ئەدگار وەسپ، ئەدگار، تایبەتمەندی، نموودی کەسایەتی، چۆنایەتی. N karakteristikk, personlighet, kvalitet ع د وجهە، صفت، خاصیت.

ن: فرۆزە بە واتای وەسپ: بەکارهێنانی چەمکی «بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە» بۆ فرۆزە کردنی ئامانجێکی پەروەردەیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٠)... ن: هەرسێکیان فرۆزەی کەسایەتییان دەکەن. ن: زۆر ئاستەمە بتوانرێت فرۆزە بکرێت.

**فرۆزە:❷** ناو فرۆزەخانە، فانۆسی زەریا، مەشخەڵی بڵێسەدار یان چرا و نیشانەی زەریایی کە لە دوورەوە دیار بێ. N fyrtårn, ع منارة، فنار د bluss فار، برج فانوس دریایی E lighthouse, flare.





**فرۆزەمەند:❶** astute ئاوەڵناو هۆشمەند و خاوەن بیری ورد و ڕووناک؛ خاوەن توانای هەڵسەنگاندنی وردی دۆخ و کەسان و، گۆڕینی دارەتەکە بۆ قازانجی مرۆڤ؛ خاوەنی ڕاستەقینەیە و بە ڕوونی و ڕەوانی ئەناسرێتەوە، هەروەها وەکوو ئاوەڵناوی ناسێنەری دیاردەکان ئەبێ. ع داهیة N skarpsindig د موشکاف.

**فرۆزەمەند:❷** personification ناو پێدانی کەسایەتی یان تایبەتمەندیی مرۆیی بە شتێکی نامرۆیی یان بە نوێنەرایەتی لە چۆنایەتی دابڕاو لە بیچمی مرۆییدا، یان بە پێچەوانە، دانی تایبەتمەندیی نامرۆیی بە

مرۆڤ؛ وەکوو: خواوەندئاسا، فریشتەئاسا، پەریشێوە، پەریووەش.
ع الصفة المجسدة، تجسيد N personifisering د تجسم شخصيت.

**فرۆشەر:** vendor پیشە ناو فرۆشیار، کەسێک یان کۆمپانیایەک کە شتێک پێشکەش دەکات بۆ فرۆشتن، بە تایبەت فرۆشەری دەستگێڕ، ڤیرسیچمە. ع بائع N selger, Leverandør د فروشنده.

**فرۆشەری گەڕۆک:** pitchman پیشە هێمایر ناو چەرچی، دەستگێڕ. ع بائع متجول N kjøpmann د دستفروش.

**فرۆمەنتن:** Eugène Fromentin شێوەکار (١٨٢٠ـ١٨٧٦) شێوەکار و نووسەری فەڕانسەیی.




**فرۆند:** Fronde ڕاپەرین ڕاپەرینی ساڵانی منداڵیی لویی چواردە لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی بورژوا و ئاریستۆکراتەکانی فەڕانسەدا بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ پاشایەتیی سەرەڕۆ، کە کاردیناڵ مازارین Mazarin، گراوی شاژنی دایک، ئان دو تریش Anne d'Autriche هەمەکارە بوو. فرۆند ئەبێ بە دوو بەشی خولی پارلمانی (١٦٤٨ـ١٦٤٩) و فرۆندی شازادەکان (١٦٤٩ـ١٦٥٣) و لە کۆتایی ئەو کێشە و تەنانەت ڕووداوە خوێناویەدا لویی چواردە بە دەسەڵاتێکی زیاترەوە ئەچێتە سەر تەخت. دەستەواژەی فرۆند، ئاماژەیە بە یارمەزیی ئاریستۆکراتی و ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە هاندەری کەسی و نارەزامەندی تاک بزوێنەری بێ.









**فرووزی:** humble ئاوەڵناو بچووک، تووزک، گچکە و هەژارانە. ع محقر N ydmyk د محقر.

**فرەخۆری:** gluttony ئاوەڵناو زگلەوەڕێنی، زیادەڕەوی و زیادەڕۆیی لە خواردن و خواردنەوەدا. لە ئایینی فەلە یەکێک لە حەوت گوناهی کوشندەیە. ع الشراهة N fråtsing د شکم پرستی.











**فرەدەنگی:❶** polyphony مۆزیک پێناسە چەند بەشێکی دەنگییە لە یەک کاتدا پێشکەش دەکرێن، زۆرجار بە تۆناڵی سەربەخۆ. ◄ شێوازێکە دوو دەنگ یان زیاتر لە شێوەی مێلۆدی سەربەخۆدان و هەریەکێک لەو مێلۆدیانە جووڵە و ڕەوتی خۆی هەیە لە شێوەی کۆمەڵەیەکدا. ◄ فرەدەنگی گیی سەردەمی بارۆکو و یۆهان سێباستیان باخ بە باوکی دائەنرێت.

**فرەدەنگی:❷** polyphony وێژە پێناسە تایبەتمەندییەکی گێڕانەوەیە لە وێژەدا، کە فرەچەشنی دیدگا و دەنگە هاوکاتەکان لەخۆدەگرێت. کاریل ئیمێرسۆن بەم

شێوەیە وەسپی دەكات «نووسینێكی ناچەقبەستووە كە ڕەوایەتی بە هەموو دەنگەكان دەبەخشێت.» ◀ فرەدەنگی لەلایەن میخائیل بەختینەوە ناسێندرا، بە بەكارهێنانی مەتافۆرێک لەسەر بنەمای زاراوەی موزیكی پۆلیفۆنی.

☜ ڕۆمانی فرەدەنگی












**فرەڕەنگی:** pluralism رامیاری هێمایی ناوی لێكدراو فرەچەشنی، فرەبڕوایی، پێكەوە ژیانی ڕامیاری هەمەچەشن:

پێناسەی ١ دۆخ یان سیستەمێک کە دوو دەوڵەت یان زیاتر، گرووپ، بنەما، سەرچاوەی دەسەڵات و هتد پێکەوە ئەژین.

پێناسەی ٢ پراكتیزەكردنی هەڵگرتنی زیاتر لە یەک بەرێوەبەرایەتی یان سەرچاوەی داهاتی كڵێسا لە یەک كاتدا. ع التعددية N pluralisme د كثرت گرایی.

**فرەگەردوون:** multiverse ناوی لێكدراو یوونیڤێرس univers یان گەردوون بریتییە لە هەموو حەوا و كات و قەرقەشان و ناوەڕۆكەكەی، بەڵام فرەگەردوون یان مۆڵتیڤێرس كۆمەڵەیەكی گریمانەییە لە چەندین گەردوونی ڕەنگە هەبوو. ع الكون المتعدد N multivers د چندجهانی.

: ئایا تا ئێستا گەردوون چاوی لێ داگرتوویت؟ (Three Body Problem)

**گەردوون یان فرەگەردوون:** Universe or Multiverse نووسینی بێرنارد كار Bernard Carr. پێشكەوتنەكانی ئەم دواییە لە گەردووناسی و

فیزیکی تەنۆڵکەدا، وەک وێنەی دیمەنی تار، بووەتە هۆی ئەوەی کە درککردنێکی سەرنجڕاکێش بێتە ئاراوە، کە گەردوونەکەمان دەتوانێت تەنها یەک دانە نەبێت، بەڵکوو یەکێک بێت لە زۆرێک لە گەردوونەکان. پێشنیاری فرەگەردوون پارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی سەرچاوەی گەردوون و هەندێک لە تایبەتمەندییە چاوەڕوانکراوەکانی. بەو پێیەی نەگۆڕە فیزیاییەکان دەتوانن لە گەردوونەکانی تردا جیاواز بن، ڕەنگە ئەو وردکردنەوانەش ڕوون بکرێنەوە کە پێویستن بۆ سەرهەڵدانی ژیان. سەرەڕای ئەوەش زۆرێک لە فیزیکزانان لەگەڵ پێشنیاری فرەگەردوونەکاندا داماون، چونکە ئەگەری تاقیکردنەوەی زۆر کەمە. زانایان لەم بوارەدا هێشتا مشتومڕیانە.

⇤ **فیزیکی تەنۆلکە :** particle physics فیزیک ناوی لێکدراو فیزیکی تەنۆلکە یان فیزیکی وزەی بەرز، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە تەنۆلکە و هێزە بنەڕەتییەکانی کە هێسن و تیشکدانەوە پێکدەهێنن. هەروەها ئەم بوارە لێکۆڵینەوە لە تێکەڵبوونی تەنۆلکە سەرەتاییەکان دەکات تا ڕادە و قەبارەی پرۆتۆن و نیوترۆنەکان؛ لە کاتێکدا لێکۆڵینەوە لە تێکەڵبوونی پرۆتۆن و نیوترۆن پێی دەوترێت فیزیکی ناوکی. ع فیزياء الجسيمات N partikkelfysikk د فیزیک ذرات.









**فرەواتا :** ambiguous ناوی لێکدراو فرەواتا، دووواتابەخش، ناڕوون، شتێکە لە یەک واتا زیاتر وەربگرێ. ع غامض N tvetydig د مبهم.

**فرەوور :** distinguishe ئاوەڵناو فرەهووەر، بەشکۆ، مەتین و بە هەیبەت، جیاواز. ع متمايز N fornem د متمايز.

**فرەویێژی ٤٨ :** ناونیشکە ١٨ى برۆمێر ئاماژەیە بە شۆڕشی فێبریوەری ١٨٤٨ یان بەهاری گەلان، کە لامارتین، هۆنەر و نووسەری فەڕانسەیی، لەو کاتەدا وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی کاتی بوو.

**فرەکردە :** multitasking ناوی لێکدراو یان کەمپیوتەری فرەکردە، سیستەمێکە کە توانای بەکارهێنانی چەندین نەرمەواڵەی لە یەک کاتدا هەبێ. توانای فرەکردەیی بە زۆری لە ٢٠١٠ەوە خرانە سەر سیستەمەکانی کارپێکردن.




**فرەهات :** Euphrates جوگرافیا ناو ڕووباری فورات، یەکێکە لەو دوو ڕووبارەی کە بەناوچەی مێزۆپۆتامیادا واتە بە کوردستاندا تێپەڕ ئەبێت. فورات لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری کوردستانەوە سەرچاوە ئەگرێت و ئەڕژێتە ڕۆژئاوای کوردستان و شانبەشانی دەجلە بە ناو خاکی عێراقدا تێئەپەڕێت، تا ئەڕژێتە کەنداوەوە. ◀ فورات پانزەهەمین درێژترین ڕووبارە لە ئاسیا و، درێژترین ڕووبارە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، نزیکەی ٢٧٨٠ کیلۆمەترە {١٧٣٠ میل}، ڕووبەری ئاوەڕۆی ٤٤٠ هەزار کیلۆمەتری٢ جایە {١٧٠ هەزار میل چوارگۆشە}یە. ڕیشەناسی فرەهات وشەیەکی کوردمادییە، لە سۆمەریش هەیە، بە واتای ڕووباری بەخور و بەگوژم. بە پێی ئەوەش کە کانزای مس بە هۆی فرەهاتەوە شۆراوەتەوە و گوازراوەتەوە؛ میزۆپۆتامیا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ناوەندی پیشەسازی کانزاسازی مس بووە. ع الفرات N Eufrat د فرات.

☜ دەجلە










**فرەهاوسەری:** polyamory خێزان ناوی‌لێکدراو وازی هاوسەرگیری لەگەڵ زیاتر لە یەک کەس، ژان یان پیاو، بە ئاگاداری هەموو لایەنەکانی هاوسەرگیرییەکە. ع تعدد الزوجات N polyamori د چند همسری.

**جووتهاوسەری:** bigamy خێزان ناوی‌لێکدراو وازی هاوسەرگیری لەگەڵ دوو کەس، ژان یان پیاو، بە ئاگاداری هەموو لایەنەکانی هاوسەرگیرییەکە. ع زوجتان N bigami د دو همسری.

**فرێد ئەستر:** Fred Astaire هونەرپیشە (١٨٩٩ـ١٩٨٧) سەماکار و هونەرپیشە و گۆرانیبێژی ئەمریکایی، بە ناودارترین سەماکاری هەموو مێژوو دائەنرێ.











**فرێدریک داگڵاس:** Frederick Douglass نووسەر ڕامیار ڕیفۆرمخوازی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشێنەرەوە و وتاربێژ و نووسەر و ڕامیاری ئەمریکایی و، لە سەدەی نۆزدەهەمدا بووە گرنگترین سەرکردەی بزووتنەوەی مافی شارستانی ئەفریقایی ـ ئەمریکاییەکان بوو.










**فرێدریک لۆمێتر:** Frédéric Lemaître هونەرپیشە (١٨٠٠ ـ ١٨٧٦) ئەکتەری فەڕانسەیی.





**فرێدریک نیچە:** Friedrich Wilhelm Nietzsche فەیلەسووف هۆنەر (١٨٤٤ ـ ١٩٠٠) فرێدریک ڤیلهێلم نیچە، فەیلەسووف، هۆنەر، ڕەخنەگر، ئاوازدانەر و فیلۆلۆژیستی کلاسیکی مەزنی ئاڵمانی و، ئوستادی لاتین و یۆنانی، کە بەرهەمەکانی کاریگەرییەکی قووڵ و ڕەهەندەی لەسەر فەلسەفەی ڕۆژئاوا و مێژووی ئەندێشەی نوێ داناوە. نووسینەکانی زۆر قووڵ

و چڕ و شۆڕشگێڕانەن، کە خودی نیچە بە بڕاردەنووسی ناویان ئەبا. چەمکی تازەی وەکوو «خوا مرد» و «سەرەمرۆڤ» زۆر گەنگەشە و مشتومڕیان لێکەوتووەتەوە.

◄ هەرچی چۆنبێ، پاش ئەوەی کە نیچە بە چەند لایەنی جۆراوجۆر پەیوەند ئەدرێ، سەرەنجام لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە، بۆچوونەکانی ئەبووژێتەوە و لایەنگرانی فراوان پەیدا ئەکا و لەو کاتەوە کاریگەرییەکی ڕەهەندی لەسەر بیرمەندانی جۆرەکانی فەلسەفە، بە تایبەت پووچیگەریی، پۆست مۆدرنیزم و پۆست ستراکتۆرالیزم، هونەر و وێژە و دەروونناسی و ڕامیاری و فەرهەنگی گشتی هەبووە.

☜ کاتێ نیچە گریا.




**فرێدریکی سیسیلیا:** Frederick II {١٢٧٢ـ١٣٣٧} یان فرێدریکی دووەم، جەوانترین کوڕی پێتری سێیەمی ئاراگۆن.

  

**فرێدریکی یەکەم:** Frederick I ئیمپراتۆر (١١٢٢ـ١١٩٠) هەروەها ناسراو بە فرێدریکۆ باباڕۆسا، لە ساڵی ١١٥٥ هەتا مردن ئیمپراتۆری ڕۆمای پیرۆز بوو.

  

**فرێر:** Ferrer Francisco ئانارشیست نووسەر (١٨٥٩ـ١٩٠٩) کۆماریخوازی ئانارشیستی خەڵکی بارسیلۆنا، کە لە هەمان شار لە سێدارە درا و بە دوای ئەوەدا خۆپیشاندانی بەرفراوان لە زۆربەی شارەکانی ئورووپا بەرپا بوو.







**فرێز:** frieze هونەر کەندا کەندای سەر بەرد، دیوار یان دار. ع نحت مجسم N frise د با کتیبه اراستن.

**فرێسکۆ:** fresco هونەر شێوەکاری لە وشەی ئیتالیایی Fresco کۆمەڵە شێوازێکی وێنەی لە سەر گەچ و دیوار و بنمیچ، فرێسکۆ بە واتای تەر و تازە، سەردەمی ڕێنێسانس و پێشتر بە کار هێنراوە. ع فریسکو N fresco د نقاشی دیواری.



**فرێسکۆ:** fresco هونەر شێوەکار لە وشەی ئیتالیایی Fresco کۆمەڵە شێوازێکی وێنەی لە سەر گەچ و دیوار و بنمیچ، فرێسکۆ بە واتای تەر و تازە، سەردەمی ڕێنێسانس و پێشتر بە کار هێنراوە. ع فریسکو N fresco د نقاشی دیواری.



**فرێگۆلی:** Leopoldo Fregoli ئەکتەر گۆرانیبێژ {١٨٦٧ـ١٩٣٦} هونەرپیشه

و گۆرانیبێژی ئیتالیایی، ئەیتوانی بە خێرایی ڕواڵەتی خۆی بگۆڕێ و ڕۆڵی پیاو یان ژن ببینێ.




**فرێن:** Fresnes زیندان ناو هەتا ئێستەش دووەمین زیندانی گەورەی فەڕانسەیە، ١٢٠٠ ژووری هەیە و وا لە فرێن، باشووری پاریس.




**فریاکەوتن:** emergency فریاگوزاری ناو فریاگوزاری.

**فریاگوزاری:** paramedics پزیشکی واژە فریاگوزاری پیشەیی تەندروستی

ڕاهێنراوی بەرزن، لە پۆلی خزمەتگوزارییە پزیشکییە فریاگوزارییە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکان؛ ئامادەی فریاکەوتنن کاتی ڕووداو و بریندار و کێشەی دڵ وهەناسە و ئاریشەی پزیشکی تر. ع المسعفين N ambulansepersonell د امدادگران. ☜ paramedical




**فریتاتا:** frittata خواردەمەنی ناو ئیتالیایی بە واتای سوورەوەکراو، لەسەر بنەمای هێلکە و وەکوو ئۆملێتە، بەڵام گۆشت و پەنیر و سەوزەشی تێئەکرێ. ع فریتاتا N frittata د فریتاتا.



**فریتس لانگ:** Fritz Lang دەرهێنەر (١٨٩٠ـ١٩٧٦) دەرهێنەری ئۆتریشی.



**فریشتەی شین:** The Blue Angel فیلم فیلمی سینەمایی موزیکاڵ کۆمیدی ١٩٣٠ی ئەمریکایی، دەرهێنانی جۆزێف ڤۆن شتەرنبەرگ.

  

**فریشتەی کوێر:** The Blind Angel پەند هێمایر چیرۆک چیرۆکێکی سەدەی نۆزدەی سۆفیگەری جوولەکەی ئورووپای ڕۆژهەڵاتە کە لە ئەشکەنازی عیبری بە واتای «میهرەبانی لەبەردڵان» هەوڵ ئەدا بۆ بڵاوکردنەوە دەروونکردنی سۆفیگەری جوولەکە و وەکوو یەکێک لە بنەماکانی خۆی بانگەشە بۆ مینەویەت و شادمانی ئەکات. ⇦ ئاماژە بە فریشەی کوێر، مەبەست بە مەنزڵ نەگەیشتنە، چونکە وەک لە چیرۆکەکەدا هاتووە، ڕەب ئەلیاکیم ڕێگەی ئەدرێ بچێ بۆ بەهەشت، بەڵام فریشتەی کوێر ئەکرێ بە ڕابەری و هەتا ئێستەش سەرگەردانن و نەگەیشتوونەتە مەنزڵ ☜ چیرۆکی فریشتەی کوێر.

**فریشک:** yeast ئامیان ناو شیلاوک؛ ژەکی ناوسکی کار و بەرخ بۆ ئامیانی پەنیر. ع خميرة N gjær د خمیر مایە.

**فریشک کەوتن:** دارەت تووشبوونی مناڵ بە ڕاوشاندنی نائاسایی دەست و یا بە هۆی دەستلێدانی ناشیانەی گەورەکانەوە؛ هەروەها بە هۆی «گۆچنەکردنەوە» (مەڵاشوو هەڵدانەوەی مناڵ بە شیرینی. گۆشکردن: یەکەمجار شیردان بە مناڵی تازە) ⇦ بە مناڵی گۆچ نەکرابوو بۆیە فریشکی کەوتبوو. ⇦ **گۆچ:** دەست و پای چەفت و چەوێڵ. ⇦ **گۆچ:** بەدەن بە چەوری یان هەرشتێ داماڵین.

**فرانتس جۆزێف:** Francis Joseph I ئیمپراتۆر {١٨٣٠ـ١٩١٦} لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە، لە ساڵی ١٨٤٨ـەوە، تا مردنی لە ١٩١٦دا، بۆ ماوەی ٦٨ ساڵ ئیمپراتۆری ئۆستریا بوو.




**فرانتس فردیناند:** Archduke Franz Ferdinand شازادە {١٨٦٣ـ١٩١٤} لە ساڵی ١٨٩٦ـەوە شازادەی جێگری تاج و تەختی ئۆستریاـ هەنگاریا بوو و کوژرانی ئەو لە سرایێڤۆ، لە لایەن گەنجێکی شۆڕشگێڕی بۆسنیایی، بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم.




**فرانتس کومۆنت:** Franz Cumont مێژوونووس وشەناس کۆنینەناس، مێژوونووس، وشەناس و لێکۆڵەری بەردەنووسناسی بەلجیکی، بە باوکی میترازانی مودێڕن ناسراوە.




**فڕاندنی ئۆرووپا:** the Rape of Europa شێوەکاری تابلۆی فرانسوا بووشە François Boucher.



**فرانسوا پریڤۆ:** Antoine François Prévost نووسەر {١٦٩٧ـ ١٧٦٣} یان ئابە پریڤۆ، ڕۆماننووس، مێژووناس، ڕۆژنامەوان و وەرگێڕی سەدەی هەقدەی خەڵکی فەڕانسە.










**فرانسوا تروووفۆ:** François Truffaut دەرهێنەر {١٩٣٢ـ ١٩٨٤} فیلمساز، بیرمەند و ڕەخنەگری مەزنی فەڕانسەیی، لە پێشڕەوانی ڕەوتی شەپۆلی نوێی فەڕانسە بوو. یەکەم بەرهەمی سینەمایی ئەو بە ناوی **چوارسەد قامچی** ئەچێتە ڕیزی سێ فیلمی سەرەتای **شەپۆلی نوێ**. فیلمنامەی هەموو ئەو فیلمانەی کە دەرهێنەریان بووە، خۆی نووسیوێتی.









**فرانسوا داسیز:** Francesco d'Assisi {١١٨١ـ ١٢٢٦} قەشەیەکی کاسۆلیک بوو کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئایینزانی و فەلسەفەی ڕۆژئاوا دانا، دامەزرێنەری پێڕی سەن فرانسیس، بڕوایان بە هەژاری و خۆسزادان و خۆشویستنی گیانەوەر هەبوو، بەڵام ئەوینی مرۆییان بە ئاوی قوڕاوی دائەنا و لایان وابوو کە ئەوینی ڕاستەقینە تەنها ئەوینی نێوان خوا و مرۆڤە لەسەر بناغەی سۆز و بەبێ چاوەڕوانی پاداشت.

فرانسیسکەن.




**فرانسوا کۆپە:** François Coppée نووسەر هۆنەر {١٨٤٢ـ١٩٠٨} هۆنەر و نووسەری فەرانسەیی.




**فرانسوا مۆریاک:** François Mauriac نووسەر ڕۆماننووس {١٨٨٥ـ١٩٧٠} نووسەری فەرانسەیی.



**فرانسیس شەپیرۆ:** Francine Shapiro دەروونناس (١٩٤٨ـ٢٠١٩) دەروونناس و دەروونپزیشکی ئەمریکایی. داهێنەری شێوازی ئیئێمدیئار Eye movement desensitization and reprocessing یان EMDR کە شێوازی خاوکردنەوەی هەستیاری لە ڕێگەی جووڵەی چاو و پێداچوونەوە، بۆ کەمکردنەوەی گوشاری بەرەنجامی زیانی دەروونییە ☜ ئیئێمدیئار.




**فرانسیۆن:** Francillon شانۆ ئاشپەزی شانۆگەری بەرهەمی ئەلکساندر دۆمای کوڕ (١٨٨٧)، لە پەردەی دووەم باسی دروستکردنی سالادی ژاپۆنی تێدایە.




**فرانش کونتە:** Franche_Comtè جوگرافیا پارێزگا پارێزگایەک لە سنووری فەرانسە و سویسرا، سەردەمی لویی چواردەهەم لە ساڵی ١٦٧٨، کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەرانسەوە.




**فرانک هێربێرت:** Frank Herbert نووسەر نووسەری تەرماری زانستی ناسراو بە هۆی ڕۆمانی ١٩٦٥ بە ناوی Dune، هەروەها نووسەری کورتەچیرۆک و ڕۆژنامەوان و ئێکۆلۆجیست بوو.











**فراوێز:** affable ئاوەڵناو فرباز، دەم بە گاڵتە. ع لطيف N kjærlig د خندەرو.

**فرباز:** funny ئاوەڵناو زماندرێژ، پلارهاوێژ، گاڵتەباز. ع هزلی N morsom د شوخ. ⇦ **گاڵتەی شێتانە:** demented joke

**فرفرۆکە:** fidget spinner گەمە لەیستۆک ناو فرفرە، خولخولەی نەوێس، مەزرەقی بێئارام، لەیستۆکێکە بۆ هێورکردنەی گوشار و فرەکردنی چەقبەستن. فرفرەیەکی سێ باڵ و بەرەوژوورە، کەللاپۆلا یان بۆلبرینگێک لە ناوەڕاستەکەی دایە، لە هێسنی وەکوو فافۆن، تیتانیۆم، پۆلا، مس و پلاستیک دروست ئەکرێ. بە سووڕانێکی بچووک، بۆ ماوەیەکی باش

گەردی تەوەری کەللاپۆڵاکە ئەسووڕێتەوە. [ع] اسبنر [N] Fidget spinner [د] فرفره بی‌قراری.





**فڕفڕۆکە:** UFO [زانست] یوفۆ، دەفری باڵندە، ئەرابەی باڵندە، جۆرە کەشتییەکی باڵندەی سەمەرەیە، لە هەندێ وڵات، ئەڵێن، بینیویانە و زۆر کەس پێیان وایە لە جیهانێکی غەوارەی دەرەکییە هاتوون. زۆر فیلمی سینەمایی و بەڵگەیی سەبارەت بە یوفۆ ساز کراوە. بەڵام لە ڕوانگەی زانستییەوە، تا ئێستە بوونیان لە سەر زەوی نەسەلمێنراوە. بۆی هەیە وڵاتانی جیاواز پرۆژەی زانستی لەو بابەتەیان هەبێت. [ع] جسم غامض [N] UFO [د] بشقاب پرنده.



**فڕفڕۆکەی ئەزکیال:** Ezekiel's Wheel ئاییناسی ئەفسانە یا Merkabah
mysticism هەندێ بڕگە لە پەرتووکی ئەزکیالدا هەیە کە بە مسۆگەری وەکوو ئەزموونی یوفۆ یان تاسی باڵندە وایە. ڕەنگە ناسراوترینی ئەم نموونەیە، فڕفڕۆکەی ئەزکیال بێ، کە ئەڵێ شتێکی ئاسنین لە ئاسمانەوە هات. ع المرکبة (قبالة) N Merkaba د عرفان مرکابا، عرفان ارابە.

◀ یەکەم بڕگە، بۆ نموونە، ئەڵێ: «ئاسمان کرایەوە و تیشکی نموودی خوام بینی.»

◀ بڕگەی شانزە وێنای شتێکی درەوشاوە ئەکا کە وەکوو «چەرخێکی لەناو چەرخ»دا وابووە. زۆر نموونەی بینرانی یوفۆ لەم سەردەمەدا گوزارشت کراوە کە وەکوو دەزگایەکی چەرخ لەناو چەرخدا وابووە ـ کە هەندێ جار بە پێچەوانەی ئاقاری یەکدیدا سووڕاونەتەوە ـ و زۆر تۆژەری گەیاندوەتە ئەو بڕوایە کە ئەمە جۆرێکە لە سیستەمی چەرخی مۆنەبێز.

◀ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەوەی کە ئەزکیال بینیویەتی و لە پەرتووکەلەیدا باسی ئەکا، لە ڕوانگەی یوفۆ لە تەوراتدا، ڕەنگە زۆرترین سەرنجی ڕاکێشاوە و مشتومڕی لەسەر کراوە. ساڵی ١٩٤٧ یەکێک لە فەرمانبەرانی پایەبەرزی ناسا بە ناوی جۆزێف بلومریک، سەرسام بوو بەو شتانەی کە ئێریک ڤۆن دانیکن لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی **ئەرابەی خواکان،** وتبووی. خودی نووسەر هێلکاری زۆر ی دەربارەی تاسی باڵندە یان فڕفڕۆکەی ئەزکیالی لە پەرتووکەکەیدا کێشابوو. ئەو تەنانەت نەخشە و هێڵکاری وردی ئەرابەکەی کێشابوو کە ئەزکیال وێنای کردووە و، بڕوای بەوە پەیدا کردبوو کە گوتەکانی ڕاستن. ڤۆن دانیکن ڕەخنەی زۆری لێگیرا و بۆچوونەکانی بەرپەرچ درایەوە.

☜ (دە پەرجووی تەورات ـ نۆیەم)



**فڕۆک:**❶ volatile ناو تیژباڵ، تیژپەڕ، فڕا، شتێکە بەخێرایی بفڕێ، یان هێسنێک کە بەخێرایی بڵاو ببێتەوە. ع سریع الزوال N flyktige د فڕار.

**فڕۆک:**❷ airplane ناو فڕۆکە، ماشینی گواستنەوەی حەوایی باڵ و پەروانەدار بە بەنزین ئەفڕێ. ع طائرة N fly د هواپیما.



**فڕلێدان:** چاوگ فەن لێدان، لە زۆرانبازی‌دا؛ هێمایر فێڵ لێکردن.

**فڕۆک:** volatile کیمیا ئاوەڵناو گاز یان شلەی زووهەڵمیو؛ ناسەقامگیر، ناجێگر. ع متبخر، سريع التأثر N flyktige د فرار، بی ثبات.










**فڕۆکەی ئاونشین:** float plane کەرەستە هاتوچۆ ئاونشین، جۆرێک فڕۆکە کە بۆ نیشتنەوە و هەڵسان و نیشتنەوە لە سەر ساز کرابێ. ع طائرة عائمة N flytefly د هواپیمای شناور. ⇦ **فڕۆکەی خاکئاو:** amphibious aircraft ع الطائرات البرمائية N amfibiefly د هواپیمای دو زیست.




**قڕە:** whirring دەنگەوشە فڕە، ویژە، هاژە، سیڕە، دەنگی قڕەقڕ وەک ترەن و ترامووەی، دەنگی سیڕە، فڕەفڕ. ع طن N surre د ور، غژغژ کردن.

**فڕین:** ❶ چاوگی تێنەپەڕ پەڕین، لێدان. ⇦ پەڕەکانی لووتی ئەفرێ: پەڕەکانی لووتی لێیان ئەدا، ئەلەرزین، ئەلەرینەوە. ⇦ چاوفڕین: لەرینەوەی پێڵووەکان

**فڕین:**❷ هێماپیر له بڕوای کوردەواری‌دا باوه ئەڵێن چاوفڕین شتێکی به دواوەیه. ← چاوم ئەفڕی پارەچه نانێکم خسته سەری، نان هێمای ڕێزەنه و پیرۆزه و هیوای وایه چاوفڕینەکەی ئەنجامی خراپی به دواوه نەبێ.



**فسفس پاڵەوان:** Polichinelle نازناو پێرسۆنا پۆلیچنێل، کەسایەتییەکی کلاسیکی کۆمیدی ئیتالیاییه که له سەدەی حەڤدەوه سەری هەڵدا و به دەیان شێوه و شێوازی جۆراوجۆر لەیستۆکی لێ ساز کراوه، له پاش ئەوەی سیلڤیۆ فیۆریلۆ Silvio Fiorillo له پەرتووکی هونەری کۆمیدیا le Commedia dell'arte له ١٦٢٠دا ئەماژەی پێدا. پۆلیچنێل به دەنگی جەماوەر و نوێنەرەوەی مرۆڤی بزۆز و هەڵسوور دانراوه که ئەم لایەنەی هەندێ جار تا ڕادەی قەبەکردنەوه خۆی ئەنوێنێ، پۆلیچنێل بەو پێیەی که له لایەن دوو باوەکەوه گەوره کراوه، بووه به خاوەنی دوو کەسایەتی جیاواز و سەمەره و تا ڕادەیەک قاپان و فسفس پاڵەوانی E Punchinello.



**فلاماندی:** نیشتمان هەرێم نیشتمانی فلاماند و ئەو زمانەی لە فلاندرزی بەشی هۆڵەندا قسەی پێئەکەن، یەکێکە لە دوو زمانی فەرمیی بەلژیک، فلاندرز ئێستە لە نێوانی فەرەنسە و بەلجیک و هۆڵەندا دابەش کراوە E Flemish.



**فلاندرز:** Flanders نیشتمان هەرێم یان فلاماندی یان فلێمیش، نیشتمانی فلاماند و ئەو زمانەی لە فلاندرزی بەشی هۆڵەندا قسەی پێئەکەن، یەکێکە لە دوو زمانی فەرمیی بەلژیک، فلاندرز ئێستە لە نێوانی فەرەنسە و بەلجیک و هۆڵەندا دابەش کراوە.



**فلانێل:** flannel کووتاڵ پۆشاک فانیلە، کووتاڵێکی دەڵپ و فشە لە خوری و کەتان.





**فلۆبێر:** Gustave Flaubert نووسەر گەڕان-٧ (١٨١ـ١٨٨٠) نووسەری کاری فەڕانسەیی و لە پێشڕەوانی ڕیالیزمی وێژەیی، کە باوکی بەڕێوەبەر و گەورە نەشتەرگەری نەخۆشخانەی شاری ڕووەن Rouen بوو.








**فلۆریس و گوڵی سپی:** Floire et Blancheflor ڕۆمان بە ئینگلیزی Floris and Blancheflour ڕۆمانێکی دڵدارییە بە زمانی فەڕانسە نووسراوە، لە ساڵانی ١١٦٠ لە ناو ئاریستۆکراتی فەڕانسەدا دەرکەوت و لە ساڵانی ١٢٠٠ تا ١٣٥٠ لە پڕخوێنەرترین ڕۆمانەکانی ئورووپا بووە N Floris og Blancheflour.






**فلۆرین:** florin دراو سکە یەکەم سکەی زێڕی ئورووپایە، لە ساڵانی ١٢٥٢ تا ١٥٣٣ لە فلۆرانسی ئیتالیا لێئەدرا، ڕوویەکی گوڵ بووە و ڕوویەکی ناوی ئەو شارەی کە سکەکە هی ئەوێ بووە، ناوەکەی لە ڕیشەی فیرنزی بە واتای گوڵ وەرگیراو لە وشەی فلۆرانس، کێشەکەی ٣ تا ٥ گرم و، بەرامبەر بوو بە ٢ شلینگ یان بە٢٠ سۆلدی N florin ع د فلۆرین.



**فۆبیا:** phobia دەروونناسی فۆبیا بریتییە لە ترسێکی باشارنەکراو و ناژیرانە و بەردەوام لە شتێک، دۆخێک یان چالاکییەکی دیاریکراو. ئەم ترسە ئەتوانێت ئەوەندە سەرسەخت بە تەوژم بێت کە مرۆڤ نەتوانێت بە هەوڵی زۆریش لە سەرچاوەی ئەم ترسە دوور بکەوێتەوە. یەکێک لە وەڵامەکان ئەتوانێت هێرشی ترس و دڵەڕاوکێ بێت. ئەمە ترسێکی کتوپڕ و چڕ و پڕە کە چەند خولەکێک بەردەوام ئەبێت.

- **جۆرەکانی فۆبیا:** فۆبیا جۆری زۆری هەیە وەکوو:
- **ئاستڕافۆبیا:** Astraphobia ترس لە ڕەشەبا
- **ئاکرۆفۆبیا:** Acrophobia ترس لە بەرزایی
- **ئاکۆستۆفۆبیا:** Acousticophobia هەستیاری زۆر و وەڕەزبوون بەرامبەر بە دەنگی تایبەت

- ئاگۆرافۆبیا: Agoraphobia هەراسی ئاپۆرە
- ئاێرۆفۆبیا: Aerophobia ترس لە فڕۆکە
- تریپانۆفۆبیا: Trypanophobia ترس لە دەرزی لێدان
- ئۆکلۆفۆبیا: ochlophobia ترس لە مار و خشۆک
- خودهەراسی: Autophobia ترس لە خود و لە تەنهایی
- زێنۆفۆبیا: xenophobia ترس لە بێگانە
- سۆسیالفۆبیا: Social phobia ترس لە چڕەبەندن
- سۆنۆفۆبیا: Sonophobia هەستیاری زۆر بەرامبەر بە دەنگی تایبەت
- فۆبیای ئازار: Algophobia ئ رهاب الالم N Algofobi د آلگوفوبیا
- فۆبیای ترس: achluophobia ئ رهاب الظلام N achluofobi د تاریکی هراسی.
- فۆنۆفۆبیا: Phonophobia لیگرۆفۆبیا، سۆنۆفۆبیا، یان ئاکۆستۆفۆبیا هەستیاری لە ڕادە بەدەرە بەرامبەر بە دەنگی تایبەت
- کلاسترۆفۆبیا: claustrophobia ترس لە شوێنی داخراو
- لیگرۆفۆبیا: Ligyrophobia هەستیاری زۆر بەرامبەر بە دەنگی تایبەت
- میزۆفۆبیا: Mysophobia ترسی لە میکرۆب و پیسی

**فۆتۆن:** Photon فیزیک بینایی کارۆموگناتیس ئاو بچوک ترین یەکەی تیشکی کارۆموگناتیسیە کە خێراییەکەی لە بۆشاییدا یەکسانە بە خێرایی ڕووناکی. شەپۆلی ڕادیۆیی، ڕووناکی، تیشکی ئێکس، و تیشکی گاما لە فۆتۆن پێک هاتوون. بارستایی وەستاوی فۆتۆن یەکسانە بە سفر. خێراییەکەی لە ناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی تر ئەگۆڕێت.وەک گشت تەنۆلکە سەرەتاییە ناسراوەکانی تر، فۆتۆن لە ئێستادا بەجوانی لە لایەن ڕێساکانی کوانتۆم میکانیکەوە ڕوون کراوەتەوە. فۆتۆن تایبەتمەندی دووانی هەیە، واتا لە یەک کاتدا هەم لە شێوەی تەنۆلکە خۆی ئەنوێنێ

و هەم لە شێوەی شەپۆل. هەڵبەت بە پێی درێژی شەپۆلی فۆتۆنەکە یەکێک لەم دوو تایبەتمەندیانە زاڵ تر ئەبێ بەسەر ئەوەی تریاندا. بۆ نمونە فۆتۆنی ڕادیۆیی زیادتر تایبەتمەندی شەپۆلی بەسەر دا زاڵە و فۆتۆنی گاما تایبەتمەندی تەنۆلکەیی زاڵترە.

درێژە فۆتۆن یەکەم جار لە لایەن ئەڵبێرت ئەنیشتاینەوە ناوی لێنراوە. هەڵبەت ئەم زانایەش سودی لە دۆزینەوەکانی زانا، ماکس پلانک وەرگرتوە کە چەند ساڵێک پێش ئەو، هاوکێشەی نەگۆڕی پلانکی دۆزیەوە. وزەی فوتۆنەکان بە هۆی درێژی شەپۆلەکەیانەوە دیاری ئەکرێت. هەروەها بە پێی ئەو ووزەیەی هەیانە ئاستی تێپەڕبوونیان بە ناو هێسن ئەگۆڕێت. بۆ نمونە تیشکی گاما زۆر بە ئاسانی ئەتوانێت بە ناو دیوارێکدا تێپەڕ ببێت، بەڵام تیشکی ڕووناکی بە هۆی پەردەیەکەوە ڕێگری ئەکرێ لە تێپەڕ بوونی.

درێژە تایبەتمەندیەکانی فۆتۆن بە هیچ ڕێسایەکی کلاسیکی ڕاڤە ناکرێت.

درێژە بە پێچەوانەی مۆدێلی شەپۆلی ڕووناکی کە شێوەکەی یەکپارچە، لە مۆدێلی کوانتۆمی دا بە شێوەی فۆتۆن وزەکەی لە شێوەی پارچە پارچە شرۆڤە ئەکرێ. هەر پارچەیەک بڕێکی دیاریکراوی وزەی هەیە و توانای پارچەبوونی نیە. ئەم مۆدێلە توانی بەسەرکەوتوویی شرۆڤەی تەنی ڕەش بکات کە پێشتر ڕێساکانی فیزیکی کلاسیک گەیشتبوونە بنبەست لە شرۆڤەکردنی.

ڕیشەناسی وشەی کوانتا پێش ساڵی ١٩٠٠ بەکار هاتوە بۆ دیاریکردنی ئەندازەی بڕە جیاوازەکان، وەک ڤۆڵت و تەزووی کارەبا. ساڵی ١٩٠٠ ماکس پلانک کاری لەسەر تەنی ڕەش ئەکرد، بەتایبەتی کە لە شرۆڤەی کارەساتی سەرووەنەوشەیی پێش ئەو کەس نەیتوانیبوو شرۆڤەیەکی گونجاو بخاتە ڕوو. ئەو وای دانا ئەو تیشکە کارۆموگناتیسیانەی لە تەنی ڕەش دەرئەچێ پێویستە لە شێوەی پاکەتی وزەدا بێت. ساڵی ١٩٠١ ناوی ئەم پاکەتە وزانەی نا تۆخمی وزە Energy elements. ساڵی ١٩٠٥ ئەلبێرت

ئەنیشتاین لە شرۆڤەی دیاردەی کاریگەری کارۆڕووناکی بۆی دەرکەوت کە وزە لە شێوەی پچڕ پچڕە و ئەتوانێ بەتەواوی ئەم دیاردە فیزیکییە ڕوون بکاتەوە.

ناونان وشەی فۆتۆن، بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٢٨ لە لایەن ئارتور کۆمتۆنەوە بەکارهێنرا، لە وشەی یۆنانی فاس φως بە واتای تیشک.





**فۆرتان:** بکەر خۆهەڵکێشی درۆزن.

**فۆرتان:** چاوگی تێنەپەڕ خۆهەڵکێشان، بە خۆدا هەڵگوتن.

**فۆرتۆنی:** Mariano Fortuny y Madrazo دیزاینەر ماریانۆ فۆرتۆنی ئی مادرازۆ {١٨٧١ـ١٩٤٩} دیزاینەری مۆدی ئیسپانیایی کە زۆربەی ژیانی لە ڤێنیزیا ژیا.






**فۆرستیری:** forestieri ناو {ئیتالیایی} خەڵکی هەندەران، هەندەرانی.

**فۆریەی:** Joseph Fourier بیرکار {١٧٦٨ـ١٨٣٠} زانای بیرکاری و فیزیکی

فەڕانسەیی.






**فۆریەی:** Charles Fourier ئابووریزان {١٧٧٢ـ١٨٣٧} شارڵ فۆریەی، ئابووریزانی سۆسیالیستی فەڕانسەیی، دژی ئابووری کلاسیک و لایەنگری پێکهێنانی دامەزراوی هاوبەش لە ئابووریدا.









**فۆشە:** Leon Faucher ڕامیار ئابووریزان {١٨٠٣ـ١٨٥٤} ڕامیار، ئۆرلیانیست و پاشان بۆناپارتیست، ئابووریزانی پەیڕەوی بیردۆزی مالتۆس، دوو جار وەزیری ناوخۆ بووە.












**فۆگ باخ:** Bach fugue موزیک شێواز ئاوازدانان شێوازێکی ئاڵۆزی ئاوازدانانە کە بابەت و وەڵامی گرتووەتە خۆی، لە خولی بارۆک Baroque era لە ساڵانی ١٦٠٠ـ١٧٥٠ پەرەی پێ درا.






**فۆلبە:** Foulbe مرۆڤناسی هۆز یان Peuhl ناوی خێڵێکە لە ڕۆژئاوای ئەفریقا، زیاتر لە ٣٠ ملیۆن کەسن. لە وڵاتانی وەکوو: نیجریا، سێنێگال، گانا، کامێرۆن، مالی، مۆریتانیێنی، گینەی بیساوۆ، چاد و سوودان...

**فۆڵد:** Achille Fould ڕامیار ئابووریزان (١٨٠٠ـ١٨٥٨)ئاشیل، بانکدار، ڕامیار، ئابووریزان، ئۆرلیانیست و پاشان بۆناپارتیست، ساڵانی ١٨٤٩ تا ١٨٦٧ چەند جار وەزیری دارایی بوو.





**فۆنتێن بلوو:** Fontainebleau جوگرافیا شارێکە لە ٦٤ کیلۆمەتری باشووری

ڕۆژهەڵاتی پاریس، ناوەندی ناوەند و زانکۆی سەربازییە.

**فۆن ڕۆمیۆ:** Font_Romeu_Odeillo_Via جوگرافیا شار شارۆچکەیەکە لە باشووری فەڕانسە لەسەر سنووری ئیسپانیا، ناوچەیەکی کەش و هەوا خۆشە لە کوێستانی پیرنە.

**فۆن شلگێڵ:** August Wilhelm Schlegel ویژە {١٧٦٧ـ١٨٤٥} هۆنەر و ڕەخنەگر و وەرگێڕی ئاڵمانی.








**فۆنۆفۆبیا:** Phonophobia دەروونناسی یان لیرۆفۆبیا، یان سۆنۆفۆبیا، یان ئاکۆستۆفۆبیا هەستیاری لە ڕادە بەدەرە بەرامبەر بە دەنگی تایبەت. ناسازییەکە کەس کاردانەوەی سۆزداری یان فیزیۆلۆژیکی بەرامبەر بە هەندێ دەنگ هەیە و بە نالەباری ئەزانێ. بۆی هەیە بڵێن: «ئەو دەنگە خەریکە شێتم ئەکات». کاردانەوەیان لە ڕقهەستان تا ترسێکی زۆر جیاوازە.






**فۆنۆگراف:** phonograph ئامێر مۆزیک گرامافۆن، ئامێری تۆمارکردنی دەنگ.

**بیرگەی فۆنۆگرافیک:** phonographic memory بەهرە بیرگەی بیستراوەیی، توانای نائاسایی بۆ بیرهێنانەوەی شتەکان بە تەواوی و بە وردی، وەک ئەوەی بیستراون. **بیرگەی فۆتۆگرافیک:** photographic memory بەهرە بیرگەی بینراوەیی، توانای نائاسایی بۆ بیرهێنانەوەی شتەکان بە تەواوی و بە وردی، وەک ئەوەی بینراون.










**فۆنەتیک:** phonetics زمانەوانی یان دەنگناسی زانستی ناسین و پۆلێنی دەنگی گوتە و بیت و وشە.

لقێک لە زانستی زمانەوانییە کە لە سەر دەنگەکانی زمانی مرۆڤ ئەکۆڵێتەوە. «فۆن» واتە دەنگ. فۆنەتیک واتە زانستی ناسینی دەنگ. لە زمانەوانیدا، دەنگناسی بە کۆڵەکەی ناسینی زمان دەناسرێت.

هۆی گرنگی دەنگناسی لەمەدایە کە زمان لە بنەڕەتدا لە کۆمەڵێک دەنگ پێکهاتووە کە بە شێوازێکی تایبەت، سیستەمێکی پێوەندی، بە ناوی زمان، چێ دەکەن؛ دەنگناسی لە چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم دەنگانە ئەکۆڵێتەوە.

بۆ وێنە فۆنەتیک لەوە ئەکۆڵێتەوە کە لە زمانی کوردیدا چەند دەنگ هەیە. ئەم دەنگانە لە کوێی ئەوک، دەم، زمان و لووتدا دروست ئەبن و چۆن دروست ئەبن؟ ڕۆڵی ئەندامەکانی لەش (دەم، زمان،

ئەوک، لووت، لێو، ددان و هتد} لە سازبوونی ئەم دەنگانە دا چیە؟ هەروەها، کام لەم دەنگانە دەنگی سەرەکین {فۆنیم}، کامانەش دەنگی ناسەرەکین {ئەلەفۆن}. ئەمانە و زۆر شتی گرنگی دیکەش بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی فۆنەتیک پێک ئەهێنن.

**دەنگناسی:** phonetics لە باری فیزیکیەوە کارەنداماسی دەنگ، تایبەتمەندی ئاکۆستیک، باری کارەنداماسی دەمار و لە باری فۆنۆلۆجییەوە دەسنیشانکردنی دەستووری سیستەمەکانی دەنگ، ئەگرێتە خۆ. N fonetikk ع د علم الاصوات. ⇦ کۆمەڵەی جیهانی فۆنەتیک. ⇦ IPA.

**دەنگ:** لە ڕێگای ئەندامەکانی ئاخافتنەوە دەرئەبڕێت و بە هۆی بیستنەوە هەستی پێ ئەکرێ.

**پیت:** وێنەی دەنگە. بە نیشانە لە نووسیدا دیارکراوە و بە هۆی بینینەوە وەرئەگیرێ.

**فۆنێم:** ئەو دەنگانەن لە زماندا وشە پێک ئەهێنن و بە گۆڕان و لاچوونیان واتا ئەگۆڕن. هەرچەند کاری جیاکردنەوەیان گۆڕینی واتا بەجێ ئەهێنن، وەلێم بە تەنها خاوەنی واتا نین. فۆنێم لە دەنگ گرنگترە، چونکە جیاوازی ئەخاتە نێوان وشەوە. هەموو فۆنێمێک دەنگە، بەڵام هەموو دەنگێک فۆنێم نییە.

⇦ {م، ن، د، ڤ، ش، پ...} فۆنێمن

⇦ گ لە «گەر» و «گێڕ»دا یەک فۆنێمن

⇦ {و}ی کورت و {وو-û}ی درێژ دوو فۆنێمن

**ڕێنووس:** کۆمەڵە ڕێسایەکە هەم پەیوەندی فۆنەتکەوە هەیە و هەم بە ڕێزمانەوە، بۆیە ئەبێ لەبەر تیشکی ڕێزماندا تەماشا بکرێن، دەستووریان بۆ دابنرێ و گونجان و نەگونجانیان بەیەکەوە ڕەچاو بکرێ.

⇦ تر: دوو مۆرفێمە.

ئاوەڵناوی {تر} بە جیا ئەنووسرێ، وەک: نانی تر، کابرایەکی تر.

نیشانەی بەراوردی {تر} بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆیە و ئەلکێنرێ، وەک: گەرمتر، بەرزتر.

بە: دوانە.

ئامرازی پەیوەندی یان پرێپۆزیشنە، بەجیا ئەنووسرێ، وەک «من بە تۆم وت...»

پێشگرە، بەیەکەوە ئەنووسرێ، وەک: «بەهێز»، «بەجەرگ»

{ب}ێی هاریکار: وەک ڕاکە، هەڵگرە، وەرگرە...
ڕابکە، هەڵبگرە، وەربگرە...

مۆرفێمی وشەداڕێژەر: ئەو پێشگر و پاشگرانەی ڕۆڵی وشەڕۆنان ئەبینن، وەکوو «پـ» و «ب»، جۆرێکی تایبەتن لە مۆرفێم، بە تەنها لە زماندا بایەیان نییە و سەربەخۆ کار ناکەن.

لە وشەی نادە، پاشگر لە دوای ڕەگی وشە دێت و ئینجا نیشانە: «ئاسن+گەر+ان»، «مۆم+دان+ەکە».

مۆرفێمی وشەگۆڕ: بە کۆتایی یان سەرەتای وشەوە ئەلکێن و دارەتی جیاوازی ڕێزمانی دروست ئەکەن: سەردار نەچوو»، پێیان ئەوترێ نیشانە، دوو جۆرن: هی کۆتایی inflexion و هی سەرەتا augment.

مۆرفێمی وشەی لێکدراو: ئەو مۆرفێمانەن دوو وشەی واتاداریان تێدا بێت.

بێ یاریدە: گوڵاو، شاهەنگ، سەرگەرم، دەستدرێژ، ملنان.

بە {ە}: بەردەنوێژ، مزرەسێو، بووکەشووشە، گوڵەباخ.

بە {و}: لەرزوتا، هێلکەوڕۆن.

بە {وە}: بانەوبان، شارەوشار،ماڵەوماڵ.

بە {او}: ڕەنگاوڕەنگ، دەماودەم، چەماوچەم.

به {ان}: بەرانبەر، سەرانسەر.
به {ـه}: چاوبەکل، گوڵبەدەم، جێبەجێ.

**«و» ئامراز و «و» پەیوەندی**

**«و» ئامراز:** ئەگەر {و} وەکوو ئامراز بوو، ئەبێ بە جیا بنووسرێ: کوڕ و کچ، ژن و پیاو، چاو و لووت.

**تێبینی:** وشەی سەربەخۆ، لە چاوگی لێکدراو بەجیا ئەنووسرێ: ڕێگاگرتن: ڕێگام گرت.

**«و» پەیوەندی:** ئەو وانەی سەربەخۆن و ڕاستەوخۆ واتای دیاردەیەکی بابەتی و جۆراوجۆر ئەبەخشن، ئەبێ وەکوو ئەندامێکی سەربەخۆ بنووسرێن. ئەوانە وشەی دارماڵ خۆواتایین autosymantic و شەش بەشن:

١ـ ناو،
٢ـ ئاوەڵناو،
٣ـ ڕاناو،
٤ـ ژمارە،
٥ـ کردار/چاوگ
٦ـ ئاوەڵکردار

**وشەی نیوەچڵ:** symantic word هەندێ وشە هەن نیوەچڵ و ناتەواون، ناتوانن سەربەخۆ وەک ئەندامێکی ڕستە بن، بەڵکو ڕۆڵیان یاریدەدانی وشە دارماڵەکانی بەشەکانی ئاخاوتنە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا، بە تایبەتی لە دەربڕینی واتا و پێکەوە بەستنیان. وشەی نیوەچڵ چوار بەشن:

ــ١ **ئامرازی پەیوەندی:** preposition نالکێنرێ: {بە} ئەو بە سواری ئەسپ هات [د] حرف اضافه.

ــ٢ **پیتی زیادە:** postposition یان پاشگری زیادە ئەلکێنرێ: {دا، ڕا، ەوە}

لە گیرفانیدا، لەوێڕا، لە گوڵەباخەوە.

٣ـ **خاڵبەندی:** ئامرازی بانگهێشتن و سەرسووڕمانن، وەکو:

**خاڵ** ⟵ . dot

**جووتخاڵ** ⟵ :

**دابڕ** ⟵ ،

**خادابڕ** ⟵ ؛

**خاڵپرس** ⟵ ؟

**خاواق** ⟵ !

**تەقەڵ** ⟵ ...

**هەنج** ⟵ ـ en dash

**هەنجی کشاو** ⟵ em dash

**لکێن** ⟵ hyphen

**کەوانە** ⟵ ( )

**چواربۆر** ⟵ “ ” **یان** ⟵ «»

**کەوانەی گۆشەدار** ⟵ ف ع

**برۆ** ⟵ « »

٤ـ **پێزە:** particle ڕێزمان ناو لە ڕێزماندا دوو واتا ئەگەیەنن، یەکی نەریتی کە وەکوو بەشێک لە گوتە کۆ نابێتەوە، واتای نوێ کە وەکوو وشەی پەیڕەو لەگەڵ وشە و دەستەواژەی تر واتا ئەگوێزێتەوە.



**فۆنۆلۆجی:** Phonology زمانەوانی یان واچناسی یەکێک لە لقە وپۆکانی زمانەوانییە کە ئەپەرژێتە سەر سیستەمی دەنگی زمان و، جێ و شوێنی توخمەکانی دەنگ لە زنجیرەی وتەدا دەسنیشان دەکا. لەم لقەدا، لە بابەتی وەک دەنگ، فۆنیم، بڕگە، وشە، سترێس، ئاهەنگ و کێشی هۆنراوە گفتوگۆ ئەکرێت.




**فۆنێم:** Phoneme زمانەوانی فۆنیم یان واچ لە زمانەوانیدا بە بچووکترین بەشی وتە (قسە) ئەگوترێت کە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە.

واچەکان بچووکترین یەکەی دەنگیی سەربەخۆن کە جیاوازی واتایی پێک ئەهێنن، بۆ وێنە لە کوردیدا «ر» و «ڕ» دوو واچن، لە بەر ئەوەی کە لە دوو وشەی وەک (کەر و کەڕ)دا دەبنە هۆی جیاوازی واتایی، بەڵام لە بڕێ زماندا (وەک زمانی ئینگلیزی و..) یەک واچن، چونکە واتا ناگۆڕن.

مۆرفێمەکان بە یارمەتی واچەکان دروست ئەبن (یەک یان چەند مۆرفێمیش، وشەیەک پێک ئەهێنن). بۆ وێنە: «تۆ» لە دوو واچی «ت» (/t/) و «ۆ» (/o/) پێک هاتووە.



**فۆرموولی ئۆیلەر:** Euler's formula بیرکاری بە ناو لیۆنارد ئۆیلەر، بیرکاری سویسری ناونراوە، لە شیکاریی ئاوێتەدا فۆرموولێکی جەبرییە کە پەیوەندیی فانکشنیی توانی ئاوێتە و فانکشنە سێگۆشەییەکان بەم شێوە دەردەبڕێت:

$$e^{ix} = \cos x + i \sin x$$

لێرەدا بنچینەی لۆگاریتمی سروشتی و $i = \sqrt{-1}$ یەکەی گریمانەییە و گۆڕەکی x دەتوانێت هەر ژمارەیەکی ڕاستەقینە بێت بە یەکەی پێوانی ڕادیان.

← **ڕادیان:** نیوەتیرە.









**فووره:** Gabriel Fauré (١٨٤٥ـ١٩٢٤) مۆزیک مایسترۆ و ئاوازدانەری فەڕانسەیی.





**فووری:** Furies ئەفسانە لە ئەفسانەی ڕۆما، فووریاکان، سێ فریشتەن کە دوای تاوانباران ئەکەون.





**فووستین :** La Faustin ویژە ڕۆمانێکە لە نووستینی ئێدمۆند گۆنکور، ١٨٨٢.









**فووکە :** Jean Fouquet {١٤٢٠ـ١٤٨١} هونەر شێوەکار و زێڕنیگاری مینیاتوریستی فەڕانسەیی.







**فوولی برژر :** Folies_Bergères موزیک هۆڵێکی کاباره موزیکی بەناوبانگی پاریسه. ١٨٩٠ تا ١٩٢٠ خولی ناوبانگ و برەوی بوو. «مانێ» تابلۆی بارەکەی کێشاوه. ☜ مانێ








**فەتی ئارباکڵ :** Roscoe Arbuckle هونەرپیشه (١٨٨٧_١٩٣٣) ناسراو به ئارباکلی قەڵەو Fatty Arbuckle هونەرپیشه و دەرهێنەری کۆمیدی ئەمریکایی.











**فەدی :** shame ئاوەڵناو شووره‌یی، ساوازه، حەیا، شۆ، چاووڕوو، فهێت، حەیشۆ، ڕاڤ، حوزم. ع حیاء N skam, beskjedenhet د شرم و حیا، آزرم.

**فەراگەرد :** Environment ناو دۆر، دۆرمادار، کشتوکەنار، دەوروبەر، ناوچه، پەراوێز، ئەو نواقەی که مرۆڤ یان ئاژەڵ یان گیا تێیدا ئەژی N Miljø ع بیئة د محیط ⇦ **چێوە :** perimeter ناو پەراوێزی بازنه. ع محیط N omkrets د محیط.

**فەرامۆشخانە و فراماسۆن لە ئێران:** Freemason بزووتنەوە بۆچوون تۆژینەوەیەکە لە ٣ بەرگدا، نووسینی سمایلی ڕایین (اسماعیل رائین). ع الماسوني N Frimurer د فراموشخانە.







**فەرامۆشکار:** forgetful ئاوەڵناو لەبیرکەر، بیرپەرت، کەسێکە زۆر شتی لەبیر ئەچێت. ع منسي N glemsom د فراموشکار.

**فەرامۆشی:** forgetfulness زیندەوەرزانی دارەتە ناوی چاوگ لەبیر نەمان، لە بیرگە چوونە دەرەوە، لەبیر کردن. ع النسيان N glemsel د فراموشی.

**فەرامۆشی پاشەکشە:** Retrograde amnesia زیندەوەرزانی دارەتە یان (RA) ئاماژەیە بۆ نەمانی ئەو زانیاریانەی بەر لە دەستپێکردنی ڕووداوەکە بەدەست هەتوون. ئەویش بە هۆی زیان گەیشتن بە مۆغەرە یان پیازی مۆخ ڕوو ئەدات. ئەم دارەتە زیاتر لە سەد ساڵە دەروونناس و زیندەوەرناسانی هێدمە کردووە. ع فقد الذاكرة الرجعي N Retrograd hukommelsestap د یادزدودگی پس گستر.











## فەرامۆشی یان ئەمنیژیا : forgetfulness or amnesia زیندەوەرزانی وەرزش

مرۆڤ ئەوەندەی پێی نایە ٥٠ساڵی وا ئەزانێت تووشی ئاڵزایمر بووە. ناوی لەبیر ئەچێتەوە و نازانێ شتەکانی لە کوێ داناوە، ئەمانە کێماسین، ئەنۆسگنۆسیای کاتین، بەڵام نەخۆشی نین. زۆربەی کەسانی دوای ٥٠ ساڵ ئەو دارەتانەیان هەیە، پرۆفیسۆر دایبۆس، سەرۆکی دامەزراوی IMMA ئەتوانن خۆتان تاقی بکەنەوە و بزانن نەخۆشن یان نا؟

١ ـ لە تەشکی خوارەوە پیتی C بدۆزەرەوە:

OOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOO

OOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOO

OOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOO

OOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOO

OOOOOOOOOOOOCOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOO

OOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOO

OOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOOO

٢ ـ ئێستا کە پیتی c ت دۆزییەوە، ژمارەی 6 بدۆزەرەوە:

99999999999999999999999999999999999999999999999999999999999999999

99999999999999999999699999999999999999999999999999999999999999999

99999999999999999999999999999999999999999999999999999999999999999

٣ ـ ئێستە پیتی N بدۆزەرەوە. دیارە ئەن پرسیارە تۆزێ دژوارترە:

MMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMM

MMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMNM

MMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMM

MMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMMM

٤ـ ئێستە پیتی Y بدۆزەرەوە:

XXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXX

XXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXYXXXXXXXXXXX
XXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXX
XXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXXX

٥ـ ئینجا نۆرەی پیتی G یە:

QQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQ
QQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQ
QQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQGQQQQQ
QQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQ
QQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQQ

ئەگەر وەڵامی هەر پێنج تەشکەکەی بە دروستی دایەوە؛
پێویست ناکات بچیت بۆ لای پزیشکی مێشک و دەمار؛
مێشکت لە باشترین دارەتی تەندروستی دایە؛
هیچ چەشنە نیشانەی ئاڵزایمر لە تۆدا نییە؛
ئینجا ئەوە بزانە، ئەگەر وەرزشکاریش نیت، واز لە ڕۆیشتن مەهێنە،
چونکە ئەوسا تەندروستی لە لات بار ئەکات؛
پێست ئەسید لیپتۆنیک ئەدەڵێنێ و ئەوەش هۆرمۆنی سستی و تەمەڵییە.

١ـ دژی دڵەڕاوکە و گوشاری دەروونی و ... ئەبێ پیادەڕەوی بکەین.

٢ـ بۆ دابەزاندنی کێش، ئەبێ پیادەڕەوی بکەین.

٣ـ بۆ چارەسەری شەکرە و کۆلۆسترۆڵ و... ئەبێ پیادەڕەوی بکەین.

٤ـ گورچیلە و جەرگ و چاو و... بە پیادە ڕەوی باشتر کار ئەکەن.

٥ـ بۆ وزەدان بە دڵ و بەرگری لە تەنگبوونی ڕەگەکان ئەبێ پیادەڕەوی بکەین.

٦ـ بۆ بەرگری لە ئاوسانی ڕیخۆڵە و نەخۆشی دەزگای هەرس ئەبێ پیادەڕەوی بکەین.

٧ـ بۆ چالاک کردنی سیستەمی بەرگری ئەبێ پیادەڕەوی بکەین.

٨ـ بۆ چالاککردنی ماسوولکە و ئێسک و بەهێزکردنی تەندروستی ئەبێ پیادەڕەوی بکەین.

◀ پزیشکانی پسپۆڕ لایان وایە، باشترین دەرمانی ئۆرگانیک، گرینگ و کاریگەر بۆ تەندروستی جەستە و دەروون پیادە ڕەوییە. پیادەڕەوی سادە و خۆڕایی، بەس تۆزێک توندتر لە پیاسەی ئاسایی.

- ئێمە ئافرێنراوین تا پیادەڕەوی بکەین.
- ئەگەر خۆمان دادووڕین بە کورسییەکاندا،
- کاتێک نەخۆشی پەلامارمان ئەدات،
- لەبری ئەوەی بمانبات بۆ پیادەڕەوی،
- ئەمان نێرێت بۆ ناو چەرچەفی سپی.
- دەبا بجوولێین تا تەندروستیمان وەرجاوەند بێت!

**فەراهەمکردن:** provide خزمەتگوزاری چاوگی تێپەڕ پێگەیاندن، دابینکردن، فەراهەمهێنان. ع یمد N skaffe د تهیە کردن E procure.

**فەرتوت:** hoary, senile ئاوەڵناو زورهان، بەساڵاچوو N senil ع شیخوخي د سالخوردە.

**فەرتاش:** existence ناو بوون. ع وجوود N eksistens د هستی.

**فەرجام:** the end ناو فەرگاف، ئاکام، ئەنجام، کۆتایی. ع نهایة N slutten د سرانجام. ⇐ بڕێ فەرجام: بڕێئاکام، ناکام، چارە ڕەش، دوارۆژ ڕەش. ڕیشەناسی ⟵ **فەرجام:** ناو [فەر+ئەنجام] فەر بە واتای باش و پیرۆز، کاری کۆتایی باش ئەگرێتەوە. هەرچەند واتاکە وەکوو ئەنجامی لێهاتووە، بەڵام کە ئەوترێ بەدفەرجام واتای خۆی پاراستووە: کارێک کە ئەنجامێکی باشی نەبووە، بەدچارەنووس بووە.

**فەرجامخێر:** ناوی لێکدراو خۆشفەرجام، ئاکام خێر، کارێک کە کۆتاییەکەی پیرۆز و خۆشی بێ.

**فەرزانە:** wise ئاوەڵناو فرەزانا، فرەزان، زیر، فەیلەسووف، لەدنیازان، ئاریشمەن. ⇦ {واژەنامە ئازاد} کە فەرهەنگێکی فارسییە نووسیوێتی **ئەم وشەیە کوردییە** و [فەر+زان+ە] فەر بە واتای فرە و زۆر + زان بە واتای زانین N klok ع حکیم د خردمند.




**فەرقان کردن:** چاوگی تێنەپەڕ بێئۆقرەبوون، بێقەرار بوون، بێهۆشبوون.

**فەرگون:** wheelbarrow ناو عەرەبانە، ئەرابەی دەستی. ع عربة يدوية N trillebår د چرخ دستی.

**فەرمان:❶** injunction دادوەری فەرمان ڕاسپاردە، فەرمانی گرتن، فەرمانی ڕاسپاردەی دادگا، فەرمانێکی دادوەرییە ڕێگە لە ئەنجام یان درێژەدانی کارێک ئەگرێ، هەرەشە لە مافی ڕێسایی کەسێکی دیکە دەکات، یان ناچاری دەکات کردەوەیەکی دیاریکراو ئەنجام بدات. بۆ نموونە قەرەبووکردنەوە بۆ کەسێکی زیان دیدە. ع أمر قضائي N kjennelse د دستور.









**فەرمان:**❷ charter **ناوی فەرمان** بڕیارێک کە لە لایەن دەسەڵاتێکی قانوونی یان سەربەخۆی وڵاتەوە دەرئەچێ. [ع] منشور. [N] charter [د] منشور.




**فەرمانداڕ:** mayor **ناو** بەڕێوەبەری شارستانێکە {شارستان بریتییە لە شار و گوندەکانی} [ع] عمدة [N] borgermester [د] فرماندار.



هەندێ لە فەرمانداڕانی نەروێجی، ڕووگەش و خزمەتکار و بڕوا بەخۆ، نەک بەرتیلخۆر و چەقاوەسوو

**فەرمانفەرما:** Governor **ناو** فەرمانڕەوای هەرێم، سەرۆکی هەرێم یان مەڵبەندێکی دیاریکراو. [ع] محافظ حاكم [N] Guvernør [د] والی.

⇦ لە خوار فەرمانفەرما، پارێزگارە، کە بەڕێوەبەری چەند شار و شارۆچکەیە؛ خوارتر فەرمانداڕە کە باڵاترین دەسەڵاتی شارستانێکە؛ ئەوسا شارەوان یان سەرۆکی شارەوانی دێ کە وەک پلەی دەسەڵات

بەڕێوەبەرێتی شار یان شارەدێیەک ئەکا. وشەی {قائم مقام} بەرامبەر بە mayor یان burgomaster دێ کە ئەتوانێ فەرماندار یان شارەوان بگرێتەوە. دیارە ئەم پلە و پایە لە وڵاتانی جیاوازدا، جیاوازە، بۆ نموونە بۆی هەیە لە هەندێ وڵات پلەی فەرماندار نەبێ، یان لە هەندێ وڵات بە هەڵبژاردن بێ و لە هەندێکی تر بە دانان بێ، بەڵام پۆلێنی پلەکان بە هەندێ جیاوازییەوە بەمجۆرەیە:

**فەرمانفەرما:** Governor [ع] والي [N] Guvernør [د] والی، تیولدار، نظام الإیالة.

**پارێزگار:** prefecture [ع] محافظ [N] prefektur [د] استاندار.

**فەرماندار:** mayor [ع] عمدة [N] byen prefektur [د] فرماندار.

**شارەوان:** burgomaster [ع] قائم مقام [N] borgmester [د] شهردار




**فەرمانگە:** headquarters [ناو] بەڕێوەبەرێتی، ناوەند، ستاد، ناوەندی فەرماندەیی. [ع] القیادة العامة [N] hovedkvarter [د] ستاد.

**فەرمانگەی کارتی نیشتمانی:** resident registration [کارگێڕی] داتاباس یان بنکەی دراوەی فەرمی حکوومەتە کە زانیاری نشینگەی هاوڵاتیانی تێدا تۆمار کراوە، ئەم زانیارییە لە پەیوەندی لەگەڵ پسووڵەی ئاژۆتن (بەڵگاژۆ)و تۆمارکردنی خۆبزوێن automotive و زۆر مەبەستی تر، بە تایبەت لە بواری باج و داهاتدا سوودی لێ وەرئەگیرێ، پێشتر ناوی فەرمانگەی باری شارستانی بوو. [ع] سجل السکان [N] folkeregister

د ثبت نام جمعیت. ⇚ **ئاژاوتن:** چاوگی تێپەڕ ئاژووتن، لێخوڕین.




**فەرمانی:** imperative ناوی چاوگ زۆر پێویست، بڕیاردەر، مسۆگەر. ع عمدة، الزامی N imperative د الزامی.

**فەرمانی ئیمپراتۆر:** گۆتە گەڕان-٤ ئیمپراتۆر ڤیلهێلمی دووەم ساڵی ١٨٩١ لە دەفتەری زێڕینی شارەوانی شاری میونیک نووسی:

**«فەرمانی ئیمپراتۆر لە سەروو قانوونەوەیە!»**




**فەرمانی تەڕ:** Wetwork گۆتە لە دەستەواژەی ڕووسی мокро дло لە سەدەی نۆزدەوە بڵاو بووەتەوە، بە واتای فەرمانی کوشتن یان تێرۆر

و خوێنرڕان.

**فەرمانی ڕێکەوتن :** consent decree [دادوەری] فەرمانی ڕەزامەدی، بریتییە لە ڕێکەوتن یان یەکلاییکردنەوەیەک، کە ناکۆکی نێوان دوو لایەن بەبێ دانپێدانان بە تاوان (لە دۆسیەیەکی تاوانکاریدا) یان بەرپرسیارێتی (لە دۆسیەیەکی زیاریدا) چارەسەر دەکات.




**فەرمانی قانوونی :** decree [دادوەری] [بڕیار] فەرمانێکی فەرمی کە لە لایەن دەسەڵاتێکی دادوەرییەوە دەرچووە. [ع] أمر، حكم قضائي [N] dekret [د] حکم، امر.

**فەرمانی کۆن :** Old World order [سەرمایەداری] فەرمانی جیهانی کۆن، سیستەم و دامەزراوی سەرمایەداری و ئیمپریالیستی.

**فەرمانی مۆسکۆ :** Ukase [فەرمانی تزاری] [هونەر] بە فەرمانی ڕاگەیەنراو لە لایەن تزاری ڕووسیە ئەوترێ؛ لێرەدا مەبەست Décret de Moscou واتە فەرمانی وازۆکراوی دامەزراندنەوەی شانۆی «کۆمیدیی فەرانسە»یە لە لایەن ناپۆلیۆنەوە لە ساڵی ١٨١٢ کە لە ڕووسیا بوو.





**فەرمانی میلان:** Edict of Milan پەیماننامە پەیماننامەیەکی مۆرکراوە لە لایەن ئیمپراتۆری ڕۆمای ڕۆژئاوا کۆنستانتینی یەکەم و لیسینیۆس بەرپرسی باڵکان، لە ساڵی ٣١٣ی زایینی. لەم نامەیەدا ئایینی عیسایی لە ئیمپراتۆری ڕۆما ئازاد کرا و ڕێگەی پێ درا. ئەم فەرمانە پاش دوا ئازار و ئەشکەنجەی فەلەکان لە ڕۆما دەرچوو. فەرمانی میلان لە ڕۆژی ژنهێنانی لیسینۆسی لەگەڵ خوشکە چکۆلەی کۆنستانتینی مەزن واژۆ کرا.





**فەرروار:** ❶ ceremony ناو ئاهەنگ، ئادینە، بەرنامە، بۆنە، داب، ڕست. ع مراسم N seremoni د مراسم.

**فەرروار:** ❷ order ئاوەڵناو فەرمان، بڕیاری دەسەڵات، بڕیارێک کە ئەبێ بە ناچاری ڕایەڕێنرێ. ع امر N rekkefølge د امر، فرمان.

سەد وەک شاهێ خوسرەوانێ د فەروارێ تە بی

مەلای جەزیری

**فەرووی دەسپۆش:** muff پۆشاک ناوی لێکدراو جۆرێ خەزە کە ئەکرێتە دەست.





**فەروەردان:** ڕۆژژمێر ئایین‌وئەفسانە ناو مانگی گوڵاڵە گەزیزە و نێرگز و ژیانەوەی سروشت، بە واتای فەروەرد ئەو هێزەیە کە ئەهوورامەزدا بۆ پارێزگاری چاکان لە ئاسمانەوە ناردوویەتی، سەرتاپای ئەفرێنراو لە پەرتەوی فەروەردەوەیە، بەر لەوەی ئەهوورامەزدا ئەم جیهانە خاکییە بەدی بهێنێ، فەروەردی هەرکام لە ئافرێنراوە چاکەکانی ئەم جیهانەی لە جیهانی مینەویدا ئافراند و هەرکامە و بۆ پارێزگاری ئەو ئافرێنراوەی جیهانی خاکی ئەنێرێ و پاش مردنی ئەو کەسە فەروەرد ئەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان، بەڵام هەموو ساڵ جارێک دێتەوە بۆ سەردانی ئەو کەسەی لێی بەرپرس بووە، ئەو ڕۆژەش جەژنی فەروەردینەگانە و لەم جەژنەدا هەموو ئێزەدان و فریشتە و تەنانەت ئەهوورامەزدا فەروەردێکی هەیە؛ ڕۆژی یەکەمی نەورۆز و شەشەمین ڕۆژی ساتەوەختی لەدایکبوونی زەردەشتە، ڕۆژی سیانزەیشی سیانزەبەدەرە؛ لەدایکبوانی فەروەردان، بزۆز، قسەلەڕوو و شەیدای دەسەڵاتن، داهێنەر و وردن و کەم هەڵە ئەکەن؛ ناوی نۆزدەهەمین ڕۆژی هەر مانگێکی خوردشیدییە، ناوی مانگی یەکەمی ساڵی خورشیدییە، لەم ماوەیەدا هەتاو وا لە کەلووی بەرخ Aries دا، یەکەم مانگی بەهارە، فەروەردینەگان جەژنی ڕۆژی نۆزدەی فەروەردانە بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەری گیانی مردوان و، فەرەهوەری پاکانە کە بۆ دە شەو و ڕۆژ لە سەر زەوی ئەژین و لەگەڵ کازیوەی نەورۆز ئەڕۆنەوە بۆ جیهانی دی؛ فەروەردان، خاکەلێوە، ئاخلێقە، نەورۆز و هەرمێ پشکوانە:

مانگ یەکەمش مای «فەروەدان»ەن
گوڵ و وەنەوشە پەر نە هەردانەن

☜ ئەرتەوەهێشت





**فەرهەنگ:** culture کۆمەڵناسی داب‌ونەریت چاند، یان کولتوور کۆیەک لە زانست، باوڕ، هونەر، ڕێسا، ڕەوشت، خوو و خدە و هەر شتێکی ترە کە کۆمەڵگە لای خۆی تۆماری کردووە و مرۆڤ وەکوو ئەندامێکی کۆمەڵگا فێری ئەبێت. هەر وڵات یان هەر بەشێک لە وڵاتێک ئەتوانێت چاندێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. چاند لە ڕێگا فێرکارییەوە بە تۆرەمەکانی دەهاتوو فێر ئەکرێت. فەرهەنگ ئەگەر لە بوارێکی بەرینتر و بەربڵاوتردا هەموو لایەنەکانی زمان و مێژوو و زانست و ڕامیاری و ئایین و هتد بگرێتەوە پێی ئەوترێت ژیار یان شارستانیەت.

**درێژە** فەهەنگ بە زمانی زۆر سادە واتە ڕێباز و شێوازی ژیان. هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕەوتی گەشەکردنیدا کۆمەڵێک ڕێگە و ڕێبازی لای خۆی کۆکردوەتەوە و بە گوێرەی ئەوانە هەڵسوکەوت ئەکات، کە لەگەڵ فەرهەنگی کۆمەڵگەکانی تردا جیاوازە؛ بە گوێرەی ئەوەی مرۆڤ تەنها گیاندارێکە ئاوەز یان ژیری هەیە، توانیوێتی ڕێسا ناچاری و ئەرێییەکانی ژیان بدۆزێتەوە و ببێ بە خاوەنی ڕەوشت؛ توانیوێتی بەهاکان دیاری بکات کە بە باش زانینی هەندێ شتە بەسەر شتەکانی تردا؛ توانیوێتی هەندێ هەنجار دیاری بکات کە شێوەی نەریتی هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی دیاری ئەکەن؛ ئینجا لەگەڵ ئەوەی فەرهەنگی هەر کۆمەڵگەیەک لەگەڵ فەرهەنگەکانی کۆمەڵگەکانی تر جیاوازە، بەڵام بنەماکانی ڕەوشت لە هەموو فەرهەنگەکاندا، وەک باڵاترین دەسکەوتی مرۆڤایەتی، یەکن و هیچ جیاوازیان نییە!

**ریشەناسی** فەرهەنگ [فەر + هەنگ] ئاڤێستایی، فەر بە واتای فەرزانەیی و زیرەکی و زانایی و هەنگ وەکوو لە وشەی هەنگ و هەنگوین و سەرهەنگ و پێشەگ و گولەنگ، بە واتای کۆ و کۆمەڵەی ئەو نەریت و ڕێباز و زانایانەیە، لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا وەک دەسکەوتی مرۆیی تۆمار کراون.

◄ فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی، وشەی فەرهەنگ بە {فارسی} دائەنێ و

بە یەک وشەی ئەزانێ. لەکاتێکدا بە ئاشکرا دیارە فەرهەنگ وشەیەکی ئاڤێستایی و هەم [فەر] و هەم [هەنگ] وشەی سەربەخۆن و فەرهەنگ وشەی لێکدراوە، وەک زۆر وشەی لێکدراوی وەکوو:

- پێشەنگ: [پێش+ هەنگ]
- سەرهەنگ: [سەر+ هەنگ]
- گوڵەنگ: [گوڵ+ هەنگ]
- مێشەنگ: [مێش+ هەنگ]



**فەرهەنگی وشەی دێرس:** Altiranisches Worterbuch رۆژهەڵاتناسی زمان فەرهەنگی وشە کەوناراکان و بە تایبەت ئاڤێستا، نووسین و ئامادەکردنی کریستیان بارتلۆمەی Christia Bartholomae بە زمانی ئاڵمانی.



**فەرەوور:** ❶ gloriously ئاوەڵناو بەشکۆ، مەند، پیرۆز، زیرەک و بەهەیبەت، جیاواز، کاریزماتیک. ⇦ فەرەوور، بۆ مرۆڤ، بۆ هونەر، بۆ شمەک، بۆ سرووشت و بۆ هەست و بۆ نەستە. ⇦ لەلای یەکێک جەنگ فەروەرە و لای یەکێکی تر ئاشتی و تەبایی. ع المجید N herlig د عظیم الشان.

**فەرەوور:** ❷ distinguishe ئاوەڵناو فەرەهوور، بەشکۆ، فەرزانە، مەند و بە هەیبەت، جیاواز. ع متمایز N fornem د متمایز.







**فەریسی:** Pharisee ئایینناسی دەستەیەکی کۆنی جوولەکە، کە بڕوایان بە ڕەچاوکردنی ڕێسا و نەریتی ناو پەرتووکەکان و ڕێزلێنانی زۆر تایبەتی مەزنانی ئایینی هەیە.

**فەریکە:** ناو بۆ گوێز و نۆک و سێوی پێنەگەیشتوو بەکار دەهێندرێت، ئەم سیانە پێش ئەوەی پێبگەن بە فەریکەیی دەخورێن، زۆر بەتام و چێژن.

**فەکۆن:** Facon ئامێر ناو جۆرێک خەنجەری جەنگی و سوودبەخشە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئەرجەنتین و بەرازیل و ئۆرۆگوای وەک ئامراز و چەکی سەرەکی مەردمی هۆزی گاوچۆی پامپای ئەمریکای باشوور بەکار دێت. فاکۆنە، زۆر جار دەسک و دەم و کێلانەکەی بە شێوەیەکی ناوازە ڕازاوەتەوە، تیغێکی گەورە و قورسی دەبانی هەیە بە درێژی ٣٥

سم بۆ ٥١ سم. وێنەکان مەردمی گاوچۆ بە فاکۆنەی بەر پشتێنیانەوە پیشان ئەدات.






**فەگیگ:** Figuig جوگرافیا ناو فیگیگ بە ئەمازیغی ئیفیی Ifiyey شارێکی یانزەهەزار کەسییە لە تەنیشت مێرگی خورما oasis of figuig سازکراوە، دانیشتوانی ئەمازیغین لە رۆژهەڵاتی مەراکۆ، لەسەر سنووری جەزایر نزیک کوێستانی ئەتڵەسی.




**فەلسەفەی تێگەیشتن:** Philosophy of perception دەروونناسی سەبارەت بە ماهەکی ئەزموونی تێگەیشتن و دۆخی دادەی تێگەیشتنە. بە تایبەت ئەوەی کە ئەو تێگەیشتنانە چۆناوچۆن لەگەڵ بڕوا سەبارەت بە گەردوون یان ناسینی جیهان پەیوەند پەیدا ئەکەن. هەر پێناسەیەکی روون لە تێگەیشتن، پێویستی بە بڕوابوون بە یەکێک لە روانگە هەبووناسانە یان بانسروشتییەکان هەیە. ☜ هەبووناسی

تێگەیشتن ئەبێ بە سێ بەشی دەرەکی و ناوەکی و تێکەڵ:

- دەرەکی سەبارەت بەو شتانەیە لە جەستەکانی ئێمەدا ڕوو ئەدەن؛ ئەندامان و دەزگاکانی لەشی ئێمە لە کوێن؟ ئایە دائەنیشین یان ئەوەستین؟ ئایە دۆش داماوین؟ شادین، برسین، ماندووین؟ و ...
- دەرەکی یان هەستی، سەبارەت بە جیهانی دەرەوەی جەستەی ئێمەیە. ئێمە بە یارمەتی هەستەکانمان وەکوو بینین و بیستن و دەستلێدان و بۆن و چەشتن زانیاری وەرئەگیرێن.
- تێکەڵی دەرەکی و ناوەکی وەکوو هەژان و دارەتی تایبەت، سەبارەت بەو دیاردانەیە لە جەستەی ئێمەدا و هۆی وەرگرتنی تێگەیشتنی جەستەیی، بەدی دێن.




**فەلەگەری :** Christianity ئاوەڵناو ئەو ئایینەی لەسەر بنەمای کەسایەتی و فێرکارییەکانی عیسای ناسری، یان بیروباوەڕ و کرداری ئەو دامەزراوە. ع النصرانیة N Kristendommen د مسیحیت.

**فەنگۆریا :** Fangoria گۆڤار سینەما ناو گۆڤاری هەواداارانی فیلمی ترسناکی ئەمریکاییە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بلاو ئەبێتەوە، لە ساڵی ١٩٧٩ـەوە ساڵانە چوار جار لە لایەن کۆمپانیای فانگۆریا و ئێڵ ئێڵ سی بلاودەکرێتەوە و لەلایەن فیل نۆبیلی جونیۆرەوە سەرپەرەشتی و مۆنتاژ دەکرێت.



**فەنەر:❶** spring, absorber کەرەستە ناو کانزایەکی ڕەقی بادراوە لە ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئامێری میکانیکیدا بەکار ئەهێنرێ. ع زنبرک N spiralfjær د فنر، زنبرک.

**فەنەر:❷** lantern کەرەستە ناو فانۆز، فانۆس، چرادەستی، لەنتەر؛ فانۆسێکە لە جیاتی شووشە چاوی هەیە، بۆ ئاراستەکردنی ئاقاری ڕووناکی. هێمایە ناوە بۆ کوران، بە واتای چرای ڕابەر و ڕێپیشاندەر. ع فانوس N lanterne د فانوس.



**فەهێت:** modesty ئاوەڵناو فەدی، چەشووری، ڕوومەت. ع تواضع N beskjedenhet د شرم و حیا.

**فەیچیت ڕێدفێرن:** Redfern fecit گەران-٢ لاتین خاتوو سوان کە بەردەوام ئینگلیزی و ئیتالیایی تێکەڵ بە قسەکانی ئەکا، لەوەش تێئەپەڕێ و ئەمجارەیان بە زمانی لاتین ئەپرسێ: کاری ڕێدفێرنە؟

**فەید ئین:** Fade In نەرمەکاڵا سینەما هونەر نەرمەکاڵای سیناریۆنووسی پیشەیی سیناریۆنووسی بۆ نووسینی سیناریۆ بە شێوەی پیشەیی و ستانداردی پیشەسازی کە لە هۆلیوود و شوێنەکانی دیکە بەکار دەهێنرێت. هەروەها دەتوانرێت بۆ تەلەڤیزیۆنی، شانۆنامەی شانۆیی، شانۆنامەی ڕادیۆیی، مالتیمیدیا، ڕۆمانی گرافیکی و فۆرماتەکانی تری سیناریۆی هاوشێوە بەکاربهێنرێت؛ زۆر سیناریۆنووسی تریش لە بازاڕدا هەیە.

**ڕوونبوونەوە :** fade_in وردەوردە دەرکەوتن، یان هاتنە بەرگوێ.

**کاڵبوونەوە :** fade_out وردەوردە ڕەنگدۆڕان، تاریک داهاتن.







**فەیلەسوفی ناو هەورەبانەکە :** Un Philosophe sous les toits ڕۆمان نووسینی ئیمیل سوڤێستر Émile Souvestre {١٨٠٦ـ١٨٥٤} نووسەر و مامۆستای سەدەی نۆزدەیەمی فەڕەنسا E A Philosopher Under the Roofs.










**فێدر :** Phèdre یان Phaedrus شانۆ تراژدیای پێنج پەردەیی لەسەر کێشی ئەلکساندری alexandrine دوانزە بڕگەیی ١٦٧٧ نووسینی ژان ڕاسین.

ڕیشەناسی لە یۆنانی بە واتای درەوشاوە؛ لە میسۆلۆژی یۆنانیدا، فێدر، کچی مینۆس و پاسیفای و هاوسەری سێسۆس، خوشکی ئاریادن و دایکی

دێمۆفۆن و ئاکاماسە.






**فێدراسیۆنی گشتی کرێکاران:** Confederazione Generale del lavoro, CGdL ڕامیاری دامەزراو سەندیکا سەندیکایەکی کرێکارانی ئیتالیا بوو، لە ١٩٠٦ دامەزرا و توانی وەک ڕێکخراوێکی نهێنی خۆی لە پەلاماری جەنگی جیهانی یەکەم و فاشیزم بپارێزێ، ساڵی ١٩٤٥ چووە ناو سەندیکای گشتی کرێکارانی ئیتالیا CGIL ـەوە.









**فێدۆرا:** Fedora شانۆ گەڕان-٢ شانۆگەری لە چوار پەردە، ساڵی ١٨٨٢، نووسینی نووسەر و شانۆنووسی فەڕانسەیی، ڤیکتۆرین ساردۆ Victorien Sardou.









**فێرارا:** Ferrara جوگرافیا شار شارێکە لە باکووری ئیتالیا لە هەرێمی «ئیمیلیا ڕۆمانا».





**فێرخواز:** student ناو فێرخاز، فێرخواز، زانخواز، زانگر، شاگرد، هیخاز، کەسێک کە لە فێرگەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی دەخوێنێت. ع طالب N elev د دانش آموز.

⟵ **خوێندکار:** student ناو کەسێک کە لە زانکۆ و زانستگە دەخوێنێت. ع طالب N student د دانشجو.

**فێردیناند زەکا:** Ferdinand Zecca نووسەر {١٨٦٤ـ١٩٤٧} نووسەر و هونەرپیشە و دەرهێنەری بەرجەستەی فەڕانسەیی.











**فێرکۆرس:** Vercors نووسەر (١٩٠٢ ـ ١٩٩١) نازناوی ڕۆماننووسی فەڕانسەیی ژان برۆلەر Jean Bruller.











**فێرگەی ئاشپەزی:** Culinary School ئاشپەزی پەروەردە. ← **پەیمانگەی ئاشپەزی:** Culinary Institute پەیمانگەی کولین. ع معهد الطهي N Kulinarisk institutt د مؤسسە آشپزی.

**فێرگەی ئایینی:** theological seminary ئایینناسی پەروەردە دامەزراوێکی ئایینییە بۆ خوێندنی وانەی دینی و پەروەردەی خوێندکارانی ئایینی لە بواری وێژە و لۆجیک و مێژوو و فەلسەفەی ئایینی.






**فێرگەی بێرلیتز:** Berlitz Corporation پەروەردە فێرگە فێرگەیەکی جیهانیی خوێندنی زمانە، ساڵی ١٨٧٨ لە لایەن مەکسیمێلیان بێرلیتز لە پرۆڤیدێنسی ئەمەریکا دامەزرا.







**فێرگەی سیەنا:** Sienese School هونەر شێوەکاری فێرگەی نیگارکێشانی ڕازاندنەوە و ڕەنگی دەوڵەمەند و ڕەگەیەکی ئەفسانەیی و عیرفانی بوو، لە نێوان سەدەی ١٣ و ١٥ لە شاری سیەنا لە ئیتاڵیا گەشەی سەند.
ع المدرسة السينية N Sienesisk skole د مدرسە ستەنا ☜ سیەنا







**فێرگەی فرەخوێنی:** Cram schools پەروەردە فێرگەی تایبەتی ئامادەکردنی فێرخواز لە هەندێ وانەی تایبەت و بە زۆری ئامادەکردنی فێرخواز بۆ تاقیکاریی بەکەلۆری ئامادەیی.

**فێرگەی میری:** پەروەردە مەبەست فێرگەی نادینییە کە لە فەرانسە، بە گوێرەی ڕێسای ساڵی ١٨٨٦، لە فێرگەی دینی جیاکرانەوە. هەڵبەت لە تەنیشت فێرگەی میری، فێرگەNی تایبەتی دینیش هەیە کە لە لایەن

دەسەڵاتەوە بە تازیاریان وەرگرتووە و کوڕی جەنابی تیبۆ لە یەکێک لەم فێرگە دینییانە ئەخوێنێ، بەڵام وەک پاش تۆزێک دەرئەکەوێ، بۆ وانەی گشتی ئەچێ بۆ یەکێک لەم فێرگە دەوڵەتییانە.

**فێرگەی ناوخۆیی:** Boarding school پەروەردە دەبستانی کۆنسەیی، فێرگەیەک کە فێرخواز بە درێژایی وەرزی خوێندن، بە خوێندن و خەو و خواردنەوە لەوێ ئەژی. ع مدرسة داخلیة د مدرسە شبانەروزی. ☜ ناوخۆ

**فێرەڤان:** trainee فێرخواز فێرخواز لە خولی ڕاهێنانی کار یان پیشەدا. ع المتدرب N lærling د کارآموز. ⇦ ئینتەرن.

**فێزانساک:** Fezensac جوگرافیا کۆمۆنێکە لە باشووری ڕۆژئاوای فەرانسە.






**فێست:** fez پۆشاک ناو فینە، فێس، جۆرێ کڵاوی سووری کەللەقەندی سەرقرتاو لە لوبنان و میسر و... باو بوو.







**فێفێرۆنی:** feferoni ترشیات ناو بیباری شیرینی ئیتالیایی، بیباری شیرینی سوێرکراو N feferoni ⇦ **پێپێرۆنچینۆ:** Peperoncino ناو بیباری تیژی ئیتالیایی.




**فێللینی:** Federico Fellini دەرهێنەر (١٩٢٠ـ١٩٩٣) دەرهێنەری ئیتالیایی.
وێنەی باڕۆک و فانتاسی تێکەڵ ئەکرد، براوەی ٥ خەڵاتی ئۆسکارە.




**فێڵ:** subterfuge ناو تەڵەکە، فێڵباز، گزەون. ع مکر، خدعة N bedragersk د خدعة، طفره زن E guile.

**فێڵێکراو:** deluded ئاوەڵناوی بەرکار خاپێنراو، کلاوسەرکراو، باوەڕپێکراو بە شتێک کە ڕاست نییە. ع مخدوع N lurt د توهم زده E defrauded.

**فێڵەباز:** deluder ناوی کارا خاپێنەر، کلاوباز، فریودەر بە بەڵێنی ناڕاست. ع

المخادع N bedrag د متقلب، حیلەگر.

**فێڵەسوو:** deceitful ئاوەڵناو فێڵەباز، فێڵاوی، تەڵەکەباز، دووزمان، گزەون، فریودەر، دەسبڕ. ع مکار N bedragersk د مکار.

**فێم:** Fismes جوگرافیا شارێکە لە پارێزگای مارن لە باکووری فەڕانسە، ڕووباری مارن Marne بە ناو شارەکەدا تێئەپەڕێ.








**فێمینیزم:** femenism ئایدیۆلۆجی فێمێنیزم ناو پشتیوانی لە مافی ژیان لەسەر بناغەی یەکسانی ژن و پیاو. بزووتنەوەی چەسپاندنی یەکسانی ڕەگەزییە، بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەکاتی کەرەنتینەکەی کۆڤید ١٩ ئافرەتانی نێوان تەمەن ١٤ بۆ ٢٤ زیاتر لە پێویست کاریان کردووە بەمەش کێشەی بۆ دروستکردوون لەوەی بتوانن سەرەنج بدەنە خوێندن و قوتابخانەیان. ع النسوية N feminisme د فمینیسم.

دریژه قۆناغەکانی فیمینیزم

- قۆناغی یەکەم لە ساڵەکانی (١٨٥٠ تا ١٩٦٠)ی زایینی، کە ناسراوە بە مێژووی سەرهەڵدانی لیبرالیزم، کۆمۆنیزم و سۆسیال فێمینیزم.
- سەرهەڵدانی بیرۆکەی ڕادیکاڵ فێمینیزم.
- قۆناغی سێیەم لە ساڵەکانی (١٩٩٠)ی زایینی و هەتا ئێستاشی لە گەڵدایە، قۆناغی سەرهەڵدانی پۆستمۆدێرنیسمی فێمینیستی و هەروەها توێژینەوە لەسەر دۆزینەوەی وەڵام بۆ ڕەگەز و هۆکارە زانستییەکانی دروستبوونی نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لە درێژایی مێژوودا.









**فێنتەنایل:** fentanyl کیمیا هۆشبەر ناو دەرمانێکی بەهێزی ئۆپیۆیدییە، کار ئەکاتە سەر وەرگرەکانی ئۆپیۆید لە مێشکدا، جۆری سروشتی و دەستکردی هەیە، کە لە خەنەفەی تریاکەوە وەرگیراون، یان پەیوەندیان بەوەوە هەیە. فێنتانیل بۆ ئارامکردنەوەی ئازاری درێژخایەن و ئازاری توندی شێرپەنجە و تێکچوونی دەمارەکان و برینداربوونی پشت و زەبر و زەنگی گەورە و نەشتەرگەری سوودمەندە. ع الفنتانيل N fentanyl د فنتانیل.

**دوا کەسی ئێمە:** The Least of Us زنجیرە چیرۆکە ڕاستەقینەکانی ئەمریکا و هیوا لە سەردەمی فێنتانیلْ و میس، زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠٢٣ ئافراندنی نیل دراکمەن، کرەیگ مەزین. ☜ کارفێنتەنایل







**فێنلۆن:** François Fénelon کاردینال هۆنەر (١٦٥١ـ١٧١٥) مەتران و شاعر و ئایینناسی فەرەنسەیی.






**فیبۆناچی:** Leonardo Fibonacci بیرکاری لیۆناردۆ پیناسۆ بیگۆلۆ ناسراو بە لیۆناردۆ فیبۆناچی {١١٧٠ـ١٢٥٠}، فیبۆناچی زانای بیرکاری بوو لەچەرخەکانی ناوەڕاست، لە ساڵی ١٢٠٢ واتە لە سەدەی سیانزە پەرتووکێکی بەناوی {Liber Abbaci} نووسی کە پەرتووکی ژمێریاری بوو، ڕێژەی زێڕین بە هیی فیبۆناچی دائەنرێ. ⇦ **ڕێژەی زێڕین:** Golden ratio ناوی لێکدراو لە بیرکاری و هەروەها لە هونەرەکانیشدا، دوو بڕ لە حەنای یەکترا ئەبنە خاوەنی ڕێژەی زێڕین ئەگەر ڕێژەی کۆی ئەو دوو بڕە بە بڕە گەورەترەکە یەکسان بێ بە ڕێژەی بڕە گەورەترەکە بە بچووکترەکە. ☜ ئاڵبێرتی ☜ ژیگی ئاڵبێرتی.





**فیرۆ:** ئاوەڵناو بە بێهوودە لە دەس دان.

**فیچەر:** feature ناوی چاوگ تایبەتمەندی، فرۆزە، نموودی کەسایەتی، ئەدگار یان لایەنی جیاوازی شتێک. ع میز ة N trekk د ویژگی.







**فیرموویر:** firmware ئاو نر بەرنامەیەکە نووسراوە بۆ «بیرگەی تەنیاـ خوێندن» read_only memory لە «پێژمێریی ئامێرێکەوە computing

device» ئەنێردرێ.

**فیز :** arrogance ناو مەنەر، دفرە، دەعیە، لووتبەرزیی، لەخۆبایەتی، بادیهەوایی. ع غطرسة N arroganse د تفرعن

**بەفیز :** presumptuous ئاوەڵناو بەدفرە، لووتبەرز، لەخۆبایی، بادیهەوا، کەسێک دابی کۆمەڵایەتی لە ڕەفتاریدا ڕەچاو ناکات. ع متغطرس N overmodig د متکبر.

**فیزیکی تەنۆلکە :** particle physics فیزیک ناوی لێکدراو فیزیکی تەنۆلکە یان فیزیکی وزەی بەرز، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە تەنۆلکە و هێزە بنەڕەتییەکانی کە هێسن و تیشکدانەوە پێکدەهێنن. هەروەها ئەم بوارە لێکۆڵینەوە لە تێکەڵبوونی تەنۆلکە سەرەتاییەکان دەکات تا ڕادە و قەبارەی پرۆتۆن و نیوترۆنەکان؛ لە کاتێکدا لێکۆڵینەوە لە تێکەڵبوونی پرۆتۆن و نیوترۆن پێی دەوترێت فیزیکی ناوکی. ع فیزياء الجسيمات N partikkelfysikk د فیزیک ذرات.




**فیزیکی کوانتۆم :** quantum physics زانست خوێندن ناو کوانتۆم بە کەمترین بڕی لواوی هەر بڕ، یان کەمێک ئەوترێ. فیزیکی کوانتۆم لقێکە لە زانستی فیزیک کە گەردیلەکان لە ئەندازەیەکی یەکجار زۆر کەمدا ئەخاتە بەر تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە. واتە بەرەنجامەکانی فیزیکی کوانتۆم لە ڕۆژەڤی ڕاستەقینەدا پێناسەکردنیان یەکجار دژوارە. لە لای فیزیکی کلاسیک تەن یان گەردیلەیەک، لە کاتێکی دیاریکراودا تەنها

لە یەک شوێنی دیاریکراوە، بەڵام فیزیکی کوانتۆم ئەڵێ یەک گەردیلە ئەتوانێ هاوکات لە دوو شوێنی جیاوازدا بێت. فیزیکی کوانتۆم بە هۆی هەندێ فۆرمۆلا و سەلماندنی بیرکارییەوە، ئەتوانێ وەڵامی پرسیارە نارۆوونەکانی فیزیکی کلاسیک بداتەوە. فیزیکی کوانتۆم لەگەڵ بڵاوبوونەوەی «بیردۆزی رێژەیی» ئاینشتەیندا دەست پێئەکات. ع
فیزیاء الكم N kvantefysikk د فیزیک کوانتم.










درێژە **کوانتۆمی رێژەیی:** ئەگەر فیزیکی کلاسیک لەو شتانە بکۆڵێتەوە کە خێراییان لە هی ئۆتۆمۆبیل و فرۆکە زیاترە، فیزیکی رێژەیی تایبەتمان هەیە، ئەگەر هەمان فیزیکی کلاسیک لە شمەکی بچکۆلانەی وەکوو ئەلەکترۆن بکۆڵێتەوە، فیزیکی کوانتۆممان هەیە کە ئاینشتاین دایهێنا و، کاتێکە لە رێژەی تایبەت و کوانتۆم ئەکۆڵێتەوە، کوانتۆمی رێژەییمان هەیە وەکوو: فیزیکی تەنۆلکە وزەبەخشەکان، فیزیکی تەنۆلکەکان، فیزیکی خێراکەر، فیزیکی ئەتۆمی، فیزیک و کیمیای هێسنە چرکراوەکان (وێنەی ژمارە ١).



وێنەی ژمارە ١

**فیس :** forelock ئارایشت گودیلە، کاکۆڵ، قژی پێش سەر. ع ناصیة N fortoppen د کاکل.

پەرچەم و فێسی کەجی تۆ ئەی جوان ～ تاجی کەیان و عەلەمی کاویان «حاجی قادر»



**فیشاردە :** conundrum پەروەردە هەڵهێنر گەمە بۆڕێن و هەڵهێنی زۆر ئاڵۆز و دژوار. ع لغز معضلة N gåte د معمای بغرنج E intricate.




**فیشەک :** cartridge چەک ناو لۆلەکێکی کورتی کانزا یان مقەبایە، بارووتی تێکراوە، بنەکەی چاشنی و سەرەکەی گوللە دانراوە، بۆ تەقەکردن بە چەکی ئاگرینی وەکوو تفەنگ و دەمانچە. ع خرطوشة N patron د فشنگ E ball primer, cartridge.

← **گوللە :** bullet چەک ناو ساچمە؛ بەشی دەرهاوێژی فیشەکە بۆ تەقەکردن بە تفەنگ، دەمانچە، یان چەکی ئاگرینی بچووکی تر، بە شێوەیەکی گشتی ئەستوونی و نووکدار، و هەندێ جار تەقەمەنی تێدایە. ع رصاصة N

bullet د گلولە E projectile.

**قاپوور :** casing چەک ناو پووکە، بەرگ یان توێکڵێک کە شتێک دەپارێزێت و دای دەپۆشێت یان دەیگرێتەوە، وەک قاپووری فیشەک؛ شتێکە ناوەکەی دەرهاتبێت و بەبۆشی مابێتەوە؛ قاپێکی چوارچێوەدار کە تەنها ڕووەکەی ئاوەڵە بێت. ع غلاف N foringsrør د پوکە.

**چاشنی :** detonator, primer چەک ناو ئامێر یان بارگەیەکی هەستیاری بچووک کە بۆ تەقاندنەوەی تەقەمەنی بەکاردێت. ع مفجر N primer, detonator د چاشنی.

**باروووت :** gunpowder چەک ناو دەرمان، بارووت، تێز، شۆرە {تێکەڵەی نیتراتی پۆتاسیۆم potassium nitrate، ڕەژی charcoal و سۆلفۆر}. ع البارود N krutt د باروت.

**دەبە :** توورەکەبارووت.

**دەربک :** جێ بارووتی دارین.

**فیشەکدان :** bandoleer, bandolier چەک ناو لۆخەندان، فیشەکبەند، فیشەکلۆخ، ڕەخت، ڕەختی فیشەک، زەر. ع خرطوشة حزام N bandoleer د قطار فشنگ.







**فیشەکەشێتە :** Firecracker تەقەمەنی جەژن گەمە ناوی لێکدراو تەقەمەنی ئاگرین، تەقەمەنی ئاگربازی، لوولەیەکی باریک و درێژی کاغەز یان مقەبایە، باروووت و کلۆریات و زەرنیخی تێکراوە، پلیتەی بۆ دانراوە و

کلکێکی درێژی قامیشی لێبەستراوە، ئاگری ئەدەن و هەڵیئەدەن، ئەچێ بە حەوادا و لەوێ ئەتەقێتەوە. [ع] مفرقعة نارية [N] Fyrverkeri [د] ترقەبازی [L] dailies. ⇦ **نارنجەک:[٢]** جەژن بۆنە گەمە ناو کلۆریات و زەڕنیخە لەگەڵ چەند وردەبەرد، کراوەتە ناو کاغەزێک و بە دەزوو بەستراوە، ئەیدەن بە زەویدا ئەتەقێتەوە. ⇦ **حاجی حەوتەقە:** گەمە ناو جۆرێک نارنجەکە لە ناو کاغەزێکی درێژی حەوت بەشدا، کولۆریات و گۆگردی تێکراوە و بە پلێتە پەیوەند دراوە و بە یەکەوە بەستراوە، ئاگر ئەدرێ و هەڵئەدرێ، حەوت جار ئەتەقێتەوە. حاجی حەوتەقە جۆری زۆری هەیە و بە شێوەی جۆراوجۆر پێکەوە گرێدراون و ڕەنگە هەزار تەقەیشی هەیە. ⇦ **شەمچەی ماوزێر:** گەمە ناو تەلێکی باریکە بارووت و هێسنی وەکوو ئالۆمینیۆم، سولفور، باریۆم، سترەنتیۆم، مس و پۆتاسیۆمی لێدراوە، کلکەکەی ئەگرن بەدەستەوە و ئاگری ئەدەن، ئەسووتێت و پزیسکەی ڕەنگنامەی لێئەبێتەوە، بە گوێرەی ئەو هێسنانەی تێی کراوە. ⇦ **کووپەی ماوزێر:** گەمە ناو کووپەڵەی باریک و درێژە، بارووت و ماوزێری تێکراوە و پلێتەی بۆ دانراوە، لە عەرزی ئەچەقێنن و ئاگری ئەدەن، ئەسووتێت و ئاگر و پزیسکەی ڕەنگنامەی ئەچێ بە حەوادا، هەڵبەت ڕەنگەکانی بە گوێرەی ئەو هێسنانەی تێی کراوە، وەکوو ئالۆمینیۆم، سولفور، باریۆم و پۆتاسیۆم، کە لە لایەن PESO «ڕێکخراوی جیهانی هێمنی پەترۆڵ و تەقەمەنی»یەوە ڕێگە دراون.



**فیگیگ:** Figuig جوگرافیا شار بە ئەمازیغی ئیفەی Ifiyey شارێکی پانزەهەزار کەسییە لە تەنیشت مێرگی خورما oasis of figuig سازکراوە، دانیشتوانی ئەمازیغین لە رۆژهەڵاتی مەراکۆ، لەسەر سنووری جەزایر نزیک کوێسیانی ئەتلەسی.




**فیلار:** high heel پایپۆتر ناو پێڵاوی پاژنەبڵیندی ژنانە، قۆندەرەی ناڵچە ئاسن. ع كعب عالِ N høye hæler د پاشنە بلند.






**فیلمخانەی کۆنگرێس:** film archive congresses

**فیلمسازی لە شوێنانی دوور:** Le Cinema au long cours سینەما چییە
شێوازی دروستکردنی فیلمی بەڵگەیی جوگرافیایی، یان داب و نەریتی ناوچەیەکی تایبەت کە پێویستە ناوەندێکی تایبەتی سینەمایی خاوەن توانا و دارایی فراوان پێ هەڵبسێت.

**فیلمگر:** cameraman پیشە ناو کەسێک کە پیشەی فیلمگرتنە بە کامێرا و لە بواری سینەماییدا. ع المصور السینمائي N kameramann د فیلمبردار.

**ڤیدیۆساز:** videographe کەسێکە کاری دروستکردنی فیلمی ڤیدیۆییە. ع مصور فیدیو N videograf د مصور ویدیو.

**فیلمی بانگەشە:** propaganda film فێرگە فیلمێکە پڕوپاگەندە یان پڕوپاگەندەی ڕامیاری لەخۆ ئەگرێت. ئەم فیلمانە بە شێواز و جۆری جیاواز دروست ئەکرێن، بەڵام بە زۆری بەرهەمی بەڵگەیین، یان چیرۆکێکی هەیە کە ئەیەوێت بینەر بۆیەن بکات دیدی ڕامیاری دیاریکراو پەسەند بکات و بە ناوەڕۆکی خۆی کاریگەری لەسەر بینەر دابنێت.




**فیلمی پەیامدار:** film à thèse فێرگە بەرهەمی سینەمایی گێڕانەوەیی بە ئامانجی گواستنەوەی پەیامێک یان هاندانی بیرکردنەوە لە پرسێکی ڕامیاری، فەلسەفی، ئایینی یان کۆمەڵایەتی. فیلمێکی گێڕانەوەییە لە شوێنە ناوخۆیی یان دامەزراوەییەکان کێشە یان ململانێیەکی کۆمەڵایەتی گەورەتر لە ململانێی تاکەکەسی لە نێوان کارەکتەرەکانیدا تێکەڵ ئەکات. ع فیلم أطروحة د فیلم قضیەمند E Social problem

.film




**فیلمی دەستکرد:** Synthetic movies [شێواز] وێنەی لەدوای یەکی بزۆزن کە لە کاتی بینیندا دروست ئەکرێن ☜ کورتبڕ.




**فیلمی ژیاننامە:** biopic [وێژە] [شێواز] [کورتکراو] یان بایۆپیک کورتکراوەی biographical motion picture واتە فیلمی بیۆگرافی کەسایەتی یان ئەو کەسە ڕاستیانەی کە خول و کاتژمێری ژیانیان لە ڕووی مێژووییەوە گرنگی تایبەتی هەیە، لەم چەشنە فیلمانەدا سوود لە ناوی شوێن و کەسانی ڕاستەقینە وەرئەگیرێ، ئەم چەشنە فیلمانە لە سەرەتای سەرهەڵدانی سینەماوە بوو بە باو.



**فیلمی گێڕانەوە:** narrative film سینەما یان چیرۆکدار، فیلمنامەی هەیە و چیرۆک یان ڕووداوێک بە وردەکاری و دیمەنە جیاوازەکانییەوەلە لایەن ئەکتەرەکانەوە نمایش دکات. ع فیلم روائي N narrativ film د فیلم داستانی.











**فیلمی هونەری:** film d'art شێواز شێوازێکی فیلمسازی سینەمای سەربەخۆیە، ئامانجی ڕاکێشانی بینەرێکی دیاریکراوە لە جیاتی بینەری گشتی سینەما. ئەم جۆرە فیلمانە بە دەگمەن پاڵپشتی دارایی لە لایەن دامەزراوە سینەماییەکانەوە وەرئەگرن و زۆرجار بووجەیان کەمە، بە هۆی ئەم سنووردارکردنانە، دەرهێنەرانی فیلمی هونەری زۆرجار ئەکتەری کەمتر ناسراو و تەنانەت ئاماتۆر بەکار ئەهێنن.









**فیلۆلۆجی:** philology پەروەردە زمانەوانی لقێکە لە زانست کە پەیوەندی بە پێکهاتە، گەشەکردنی مێژوویی و پەیوەندییەکانی یەک زمان یان خودی ئەو زمانەوە هەیە. ع فقه اللغة N Filologi د لغت شناسی، فقەاللغە.









**فیلی:** Philae ئای تی ئامێر یان پشکنەری فیلی Philae probe ئامێری پشکنەری ناوەندی حەوایی ئورووپایە European Space Agency، ١٢ نۆڤەمبری ٢٠١٤ لە سەر کلکەداری «پـ٦٧ـ چۆریۆمۆف ـ گراسیمنکۆ» نیشتەوە، کە لەو کاتەدا ٥٠٠ ملیۆن کیلۆمەتر لە زەوی دوور بوو. فیلی بۆ ماوەی ٦٠ کاتژمێر کاری پشکنین و نموونە ناردنی ئەنجام دا و پاشان کوژایەوە. هەرچەند تا ئێستە چەند جار هەڵبووەتەوە و کوژاوەتەوە.





**فیلیپ لاندریۆ:** Philippe Landrieu سۆسیالیست سۆسیالیستی تێکۆشەر و هاوکاری ژۆرس.

**فیلیپی بێباک:** Philip the Bold شا لە ١٣٧٠تا ١٣٨٥ پادشای فەرانسە بوو.





**فیلیپی حەوتەم:** Philippe VII نازناو ناوێک بوو کە کونت پاریس وەکوو داواکاری تاج و تەختی پاشایەتیی فەڕانسە لە خۆی نابوو، چونکە دوا شای هاو ناوی ئەو فیلیپی شەشەمی ڤالوا (١٢٩٣ـ١٣٥٠) بوو.




**فینستر:** Finistère جوگرافیا گەڕان ـ١ ناوچەی برتانی فەڕانسە لە سەر ئوقیانووسی ئەتڵەس. مەبەستی لوگراندین جگە لە شوێنی جوگرافی ناوچەکە، ئەگەڕێتەوە بۆ ڕیشەی ناوەکەش کە وشەی فینستر بە واتای «کۆتایی زەوی»شە.





**فینیال داربر:** finial d'arbre پۆیەـئەسێتێرە فەڕانسەیی، ڕازێنەرەوەیەکی بە زۆری شووشە یان پلاستیکە ئەدرێ لە نووکی داری کرسیمەس، زۆرتر بە شێوەی پۆیە، ئەسێتێرە، پەری، فریشتە و کۆترە E Tree topper.








**فینیەن:** Fenian **بزووتنەوە** بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو لە لایەن شۆڕشگێڕانی نیشیمانپەروەر لە بەریتانیا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە، خوازیاری سەربەخۆیی دورگەی ئیرلەند لە بەریتانیا بوو. ئەندامانی ئەم بزووتنەوە پێیان ئەوترا ڤیانیەن Vianian. ناوەکە لە ئەفسانەی ئیرلەندی Fianna وە هاتووە، کە کۆمەڵێک کۆمەڵەی جەنگاوەر بوون کە بە شێوەیەک پەیوەندی بە فیۆن مەک کەمهەیڵ Fionn mac Cumhail وە هەیە. فینیەن ئەمڕۆ بە سێکتاریستە ئیرلەندییە نەتەوەیی یا کاسۆلیکە ئیرلەندییەکان ئەوترێ، بە تایبەت لە ئیرلەندی باکوور.







**فیووگ:** ❶ Fugue **دەروونناسی** **دارەت** **نەخۆشی** خولێکی لەدەستدانی وشیاری کەس، کە دوورەپەرێز ئەبێت و تووشی هەڵچوون و فێ ئەبێت.

**فیووگ:** ❶ Fugue **موزیک** **گەرەلاوژە** پارچە موزیکێکی چەند دەنگی مێلۆدییەکە کە لە لایەن دەستەی ترەوە بۆیان ئەسێنرێتەوە و بە تێکەڵبوونی پارچەکان، لەیەسا پەرەگر ئەبێ.


Subject
rhythmic continuation
Climax
repeated note motif
closing rhythmic idea
Subject Inverted



{Letter v}

ڤ

**ڤاتێل:** François Vatel خوانسالار {١٦٣١ـ١٦٧١} خوانسالاری شازادە لویی کوندەی گەورە Louis, Grand Condé سەرداری فەڕانسەیی لە سەردەمی لویی چواردە بوو. لە میوانییەکدا کە بۆ لویی چواردە بەرپا کرابوو، ماسی بە ئەندازەی پێویست نەبوو و بەشی نەکرد، ڤاتێل ئەمەی بە مایەی شەرمەزاری زانی و بە شمشێر خۆی کوشت.






**ڤاتیمنیل:** Antoine Lefebvre de Vatimesnil ڕامیار ڕامیار، لۆژێتمیست، ساڵانی ١٨٢٨ تا ١٨٣٠ وەزیری پەروەردە، نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری بوو.

**ڤاچ:❶** ناو ئاقار، شوێن، ناوچە؛ تەنشت، لا.

**ڤاچ:❷** Logic پیرسا زازا ناو ژیربێژی، لۆجیک، زانستی بیرکردنەوەی شیانست و بنەما و ڕێسای دروست بەکارهێنانی ئاوەز. ع منطق N Logikk د منطق.

**ڤادانەوە:** چاوگی دوولۆ واو دانەوە، قەرز دانەوە

**ڤارگا:** Alberto Vargas شێوەکار {١٨٩٦ـ ١٩٨٢} شێوەکاری دیاری پێرووی **پین ئاپ گێڕڵ**. زۆر جار بە ناودارترین هونەرمەندی پین ئاپ گێڕڵ دانراوە. هەندێ لە تابلۆکانی ڤارگا بە سەدان هەزار دۆلار فرۆشراوە و ئەفرۆشرێ ☜ پین ئاپ گێڕڵ ☜ کچی پۆستەر.



**ڤاریس:** varicose نەخۆشی ناو ڤاریکۆز، ئاوسان و درێژبوونەوەی پێچاوپێچی خوێنبەرەکانە و، زۆربەی کات لە قاچەکاندا بەدی دێت. ع الدوالي N åreknuter د واریس.








**ڤاگنەر:** Wilhelm Richard Wagner ئاوازدانەر مایسترۆ {١٨١٣ـ ١٨٨٣} ئاوازدانەر و مایسترۆی ئاڵمانی، بە گەنجی زۆر سەرسام بوو بە موزیکی بێتهۆڤن، خاوەنی ئۆپێرای زۆر بەناوبانگە وەکوو تانهاوزر و هۆڵەندییە فڕیوەکە، چوارینەی بازنەی نیبلۆنگ ☜ نیچە دژی ڤاگنەر ☜ تاودانی

ڤالکریا ☜ ئاڵقە.







**ڤالێری لاربۆ:** Valery Larbaud رۆماننووس هۆنەر (١٨٨١ـ١٩٥٧) هۆنەر و نووسەر و ڕەخنەگری فەڕانسەیی.












**ڤالەی ئولوو:** Vallée des Loups کۆشک یان ڤالەی دو لوو واتە دۆڵی گورگان، شوێنێکە لە دەوروبەری پاریس، کە شاتۆبریان یان «ڕێنێ» لە ١٨٠٧ ـ ١٨١٤ لەوێ ئەژیا.




**ڤالێریان:** valerian درۆیێکە لە گیای ڤالێریان ئەگیرێ، ئارامبەخش و یاوبڕە.




**ڤالکریا:** valkyrja ئەفسانەی باکوور لە نوروێژی کۆن بە واتای هەڵبژادەی گیانبازان و هەروەها بە پەرستگەی ئۆدن وتراوە، ڤالکریا لە ئەفسانەی سکاندیناڤی ماخوای شەنگی نادیدەن کە لە جەنگەکاندا بەشداری ئەکەن. لە خزمەتی ئۆدن خودای خوایاندان. ئۆدن پێویستی بە جەنگاوەری کوژراو هەبوو بۆ ڕاگنارۆک یان ڕۆژی سەرەنجام و ڤالکریاکان دلێرترین جەنگاوەرانیان ئەدۆزییەوە و بۆ ڤاڵهالا یان بەهەشتی ئۆدن‌یان ئەبردن، تا خۆیان بۆ جەنگی کۆتایی ڕۆژی ڕاگنارۆک ئامادە بکەن.





**ڤالایی:** vacuum [هەوا] [ناو] هەوایەکی دەراندەرە چۆڵ لە هەموو چەشنە ماک و هێسن، بۆشایی، گەشێوەش. [ع] خلاء [N] vakuum [د] خلاء ←

**هەوا:** space [ناو] ئاسمان، ناوچەیەکی بەربەرین و ئازادی بێکۆتایی لەدووی یەک. [ع] الفراغ [N] verdensrommet [د] فضاء.





**ڤالس:** waltz [سەما] سەمایەکی دووکەسی سێ‌پێییە کە لەگەڵ پێدانان، بە شێوەی هەماهەنگ ئەسووڕێنەوە.

**ڤالسی گوڵەباخ:** waltzes Les Roses [مۆزیک] [سەما] بەرهەمی Olivier Metra (١٨٣٠ـ١٨٨٩).







**ڤالوا:** Valois [پاشایەتی] ناوی لقێک لە خانەدانی پاشایەتیی فەڕانسەیە لە سەدەی چواردە و پانزەدا.







**ڤالْهالا:** Valhalla ئەفسانەی باکوور نەرویجی، بە واتای سەرای گیانبازان، لە میسۆلۆژی سکاندیناڤی، سەرایەکی مەزنی شکۆمەندە لە ئاسگارد کە هۆڵی مەزنی کوژراوانە و هێزی ئۆدنی ئێزەدی ئێزەدانە. ئەم سەرا مەزنە پێنجسەد و چل دەرگای هەیە. کاریتەکانی ئەم سەرایە نێزەن و هەموو هۆڵەکە بە سپەر داپۆشراوە. زرێی سینەپۆشی کانزا کراوە بە کورسییەکان. گورگێک پاسەوانی دەرگای ڕۆژئاوا ئەکات و هەڵۆیەک بە سەریدا ئەسووڕێتەوە. نیوەی گیانبازان دلێرانی لە جەنگدا کوژراون و لە لایەن ڤالکرییەکانەوە هێنراون بۆ ئەم سەرایە، تا خۆیان بۆ جەنگی ڕۆژی ڕاگنارۆکی ئۆدن ئامادە بکەن؛ ڕۆژی ڕاگنارۆک لە هەر دەرگایەکی ئەم سەراوە هەشتسەد جەنگاوەر شانبەشان دێنە دەرەوە و بەرەو گۆڕەپانی جەنگ ئەڕۆن. ع فالهالا N Valhalla د والهالا.





**ڤان دایک:** Anthony van Dyck نیگارکێش (١٥٩٩ـ١٦٤١) شێوەکاری شێوازی بارۆک.





**ڤایان:** Édouard Vaillant دامەزرێنەری پارتی سۆسیالیست {١٨٤٠ـ ١٩١٥} ئێدوارد، سۆسیالیستی فەڕانسەیی، ئەندامی کۆمۆنی پاریس، ئەندامی یەکێتی ئینتەرناسیۆنالی کرێکاری، دامەزرێنەری پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕی فەڕانسە، دۆست و هاوکاری ژوورس. ☜ ژوورس




**ڤایس:** Claude_Marius Vaïsse وەزیر {١٧٩٩ـ ١٨٦٤} بۆناپارتیست، پارێزەر، وەزیری ناوخۆ لە ١٨٥١دا.

**ڤایۆلا داگامبا:** viola da gamba ئامێر هەمان بە سازی هەمانی و ٦ـ ٧ ژێ ئەوترێ، سەدەی پانزە لە ئیسپانیا سەری هەڵدا، لەسەردەمی ڕێنسانس و بارۆکدا باو بوو.



**ڤایۆلا دامۆر :** Viola d'amore ئامێر هەمان سازێکی ٧ یان ٦ ژێیــە زیاتر لە هەگبەی بارۆک (١٦٠٠ تا ١٧٥٠) باوی هەبوو و وەکوو هەمان ئەژەنرێ.



**ڤایۆلە لۆ دوک:❶** Eugène Viollet_le_Duc نژیارقان گەڕان_١ (١٨١٤_١٨٧٩) میهراز و تیۆریسیەنی فەڕانسەیی، شێوازی نۆژەنکردنەوەی بە ناوی خۆیەوە ناسراوە، مەبەستی پڕووست ئەوەیە کە ئەو شێوازە توندڕەوانەیە و ئەیانەوێ شوێنەوارە مێژوویەکان وەها نۆژەن بکەنەوە کە بە تازەیش مەگەر تەنها ماوەیەک ئەوەندە تەکووز بووبێتن.



**ڤایۆلە لۆ دوک:❷** Viollet_le_Duc نژیارقان ســینەما چییە (١٨١٤_١٨٧٩)
مێهراز و نووسەری فەڕانسەیی، نۆژەنقانی کلیسا و تەلاری دێرس،

وەکوو نۆتردام و لاسێنت شاپێل، بۆچوونی وابوو هەر تەلارێک نە بە گوێرەی دۆخی دیاری، بەڵکوو لەسەر بنەمای ڕێسای نژیارقانی ئەبێ نۆژەن بکرێ، کە بنەمای تەشکەکانی پێک ئەهێنێ. ئەو ئەنجامەی خۆی و پەیڕەوانی بەدیدیان هێنا، بە زۆری نە لەبەر خودی بەرەنجامەکان، بەڵکوو زیاتر بە هۆی ئەوەوە ڕەخنەی لێگیرا کە شێوازەکەی ئەوان ڕێگەی بۆ هیچ چەشنە چارەسەرێکی تر نەئەهێشتەوە. تێبینی: هیو گرەی

**فرۆشە:** ❶ imagination ناو ئەندێشە، وەرم، تەمار، پندار، هۆن، گومان، ڕامان، کەڵکەڵە، بووره. ع خیال N fantasi د فکر، خیال.

**فرۆشە:** ❷ speculative هێمایر ئاوەڵناو بەکاکڵ، بیربزوێن، سەرنجراکێش، بیرکەرەوە، کەڵکەڵاوی. ع تأملي N spekulativ د تأملی، فکری.

**فرۆشاوی:** fancifully ئاوەڵناو کەس و بیرۆکەی زیادی فریوە و ناڕاستەقینە. ع خیالي N fantasifulle د خیالپردازانه، خیالپرستانه.

**فۆرواردس:** Vorwärts ڕۆژنامە بە واتای «بۆ پێشەوە» ڕۆژنامەی ڕامیاری لە ١٨٩١ەوە ئۆرگانی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان بوو.







**فۆژ:** Vosges جوگرافیا مەڵبەند ناوچەیەکی شاخاوییە لە ڕۆژهەڵاتی فەرەنسە.

**فۆژە:** Vosges جوگرافیا مەڵبەند مەڵبەندێکە لە ڕۆژهەڵاتی فەرەنسە، لە نێوان

ئالْزاس و لۆرندا.

**ڤۆژیرار:** Vaugirard جوگرافیا ناوی جێگا شەقامێکە لە گەڕەکی ١٥ی پاریس.

**ڤۆن فریش:** Karl von Frisch زانا (١٨٨٦ـ١٩٨٢) زانا و توێژەری ئالْمانی ـ ئوتریشی، زانی مێشهەنگوین پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و بە یارمەتی خۆر و با و ماوە، شوێنی ئەو خواردنەی دۆزیویانەتەوە بەوانەی ناو کەنووەکە ڕائەگەیەنن. ساڵی ١٩٧٣ خەلاتی نۆبێلی پزیشکی پێ بەخشرا.










**ڤۆکوا:** Vauquois جوگرافیا جەنگ ناوی جێگا گردێکە لە ناوچەی ڤێردۆن لە باکووری ڕۆژهەلاتی فەرەنسە، ١٩١٥ مەیدانی جەنگێکی خوێناوی و بەکارهێنانی مین بوو.




**ڤۆلابێلی:** Achille Tenaille de Vaulabelle مێژوونووس وەزیر (١٧٩٩ـ١٨٧٩) مێژوونووس و وەزیری پەروەردەی فەرەنسە لە ١٨٤٨.









**ڤۆلاپووک :** Volapuk زمان زمانێکی دەستکردی داڕێژراو بوو، ساڵی ١٨٧٩ جان شێلیر بەدی هێنا، لە سەدەی بیست زمانی ئێسپرانتۆ Esperanto جیگەی گرتەوە.







**ڤۆڵت :** volt یەکە ناو یەکەی هێزی بزوێنەری کارەبا، جیاوازییەکی پۆتانسیەلی کە ئامپێرێک کارەبا لە بەرامبەر بەرگری یەک ئۆهمدا بجووڵێنێ. ع فولت N volt د ولت. ☜ ئامپێر ☜ وات









**ڤۆڵتێر:** Voltaire فەیلەسووف نووسەر شانۆگەر (١٦٩٤ـ١٧٧٨) ناوی خۆی فرانسوا ـ ماریی ئەرۆیت François_Marie Arouet بوو. ڕووناکبیر، نووسەر، مێژوونووس و فەیلەسووفی فەرەنسەیی بوو. ڤۆڵتێر بە ڕەخنەکانی لە مەسیحییەت بەتایبەت کاتۆلیک ناوبانگی دەرکردبوو، هەروەها بە داکۆکی لە مافەکانی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ئایین و جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەسەڵات. یەکێک بووە لەو فەیلەسووفانەی پێداگری لە مافی تاک کردووە و دژایەتی تەواوی مەسیح و بڕوای مەسیحییەتی کردووە. دەسەڵاتی ئەوان و پاشاکانی چەرخی ناوەڕاستی بە پەرداخێک بیرە چواندووە.














**ڤۆڵتێریانیزم:** Voltairianism ڕێباز ڕێبازی ڤۆڵتێری، بۆچوون و شێوازەکانی ڤۆڵتێر وەک تێڕوانینی گوماناوی لە دین و دژی دەمارگیریی ئایینی کە لە زۆربەی بەرهەمە وێژەییەکانیدا ئەبینرێ، وەک ڕووراست Candide.








**ڤۆڵف:** Friedrich August Wolf زمانەوان ڕەخنەگر {١٧٥٩ـ١٨٢٤} زمانەوان و ڕەخنەگری ئاڵمانی، پێی وابوو کە ئیلیاد و ئودیسە نە کاری کەسێک و سەردەمێک، بەڵکو پێکهاتوو و لێکگرێدراوی کۆمەڵە نووسەر و نووسراوێکی سەردەمە جۆراوجۆرەکانە، کە سەرەتا بە شێوەی دەمی و وەکوو گێڕانەوەی داستانی پاڵەوانی بووە.




**ڤۆن کۆلمان:** Richard von Kühlmann ڕامیار {١٨٧٣ـ١٩٤٨} ڕامیاری ئاڵمانی و وەزیری دەرەوە لە ساڵی ١٩١٨.

**ڤوازینۆن:** Claude–Henri Voisenon درامانووس هۆنەر {١٧٠٨ـ١٧٧٥} دراماونووسی فەرەنسەیی، شانۆگەری و هۆنراوە و پەخشانی دژی ڕەوشتی هەیە. چیرۆکی ناپەسندی لە ناو کۆمەڵی ناسراوانیدا بڵاو ئەکردەوە و هۆنراوەی بە شان و باڵای مادام دو بۆڤاری هەڵئەبەست، هەر وەک پێشتر بۆ مادام پۆمپادۆریش هۆنیبوویەوە.



**ڤەبوور:** saving پاشەکەوت ناو نیاتە، پاشەکەوت، پەزمەندە N sparing
ع توفیر د اندوختە

**ڤەرساندن:** emancipate چاوگی تێپەڕ داخوازی فەرمی لە دادگا بۆ دەربازبوون لە بەرتەنگی ڕێسایی و کۆمەڵایەتی، یان ڕامیاری؛ ڕاپسکاندن بۆ دەربازکردن لە باشار و دەسەڵاتی دگەر.










**ڤەرمیێر دو دێلفت:** Vermeer de Delft شێوەکار یان Johannes Vermeer
شێوەکاری بەناوبانگی هولەندی، کە پرووست زۆر حەزی لە کارەکانی بوو و لە چەند شوێنی ڕۆمانی «گەڕان»دا ئەمازەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پێئەکا (١٦٣٢ـ ١٦٧٥).











**ڤەن گۆگ:** Vincent van Gogh شێوەکار (١٨٥٣ـ١٨٩٠) شێوەکاری پۆست

ئیمپرشنیستی هۆڵەندی، بەناوبانگترین و کاریگەرترین هونەرمەندە لە مێژووی هونەری ڕۆژئاواییدا.



**ڤەن گۆک:** Van Gogh فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٤٨، دەرهێنانی ئالێن ڕێنێ. درێژە هەروەها فیلمی سینەمایی ١٩٩١، دەرهێنانی مۆریس پیالات Maurice Pialat.




**ڤەژین:** revive ئاییناسر فەرمان ژیانەوە، زیندووبوونەوە، سەر لە نوێ ژیانەوە ع اعادة احياء N gjenopplive د دوبارە زندە شدن.

**ڤەفر:** ❶ oppression ناو ماس، ستەم، نافرسەندی، ڕەفتاری بێبەزییانە و نادادگەرانە N Undertrykkelse ع ظلم د ظلم.

**ڤەڤر:** ❷ Woëvre جوگرافیا گوند گوند و دەشتێکە لە مەڵبەندی لۆرن.

**ڤەمپایر:** vampire ئەفسانە وێژە فیلم خوێنمژ، لە فۆلکلۆری ئورووپاییدا بوونەوەرێکی ئەفسانەییە کە مردووە و بە شەو لە گۆڕ دێتە دەرەوە تا خوێنی زیندوویەک لە خەودا بمژێ؛ چەشنێک شەمشەمەکوێرەی زەبەلاح

فیلم هەر لە سەرەتای سەرژەڵدانی سینەماوە زۆر فیلمی لەسەر ساز کراوە وەکوو «خوێنمژان»ی ١٩١٥ای لویی فۆیاد.




**ڤەمەیزین:** reprieve چاوگی دووڵۆ فەرمان قەدیتن، پێداچوونەوە، هەڵوەشاندنەوە یان دواخستنی بڕیاری سزای کەسێک، بە تایبەت کەسێک کە سزای کوشتنی بۆ بڕاوەتەوە. ع ارجاء التنفیذ N utsette د تاخیر، مهلت. ⇦ **مەیزین:** to watch, see سەیرکردن، دیتن، تەماشاکردن، ڕوانین. ع یری N se د نگاه کردن.

**ڤەنت:** Venette جوگرافیا کۆمۆنێکە لەسەر چەمی واز، لە باکووری فەڕانسە.






**ڤەندالیزم:** vandalism ڕێباز ئاماژەیە بە لەناوبردنی بە ئەنقەستی دارایی و شوێنە گشتییەکان لە ئاستی شاردا و هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی وێرانکارانە، ناڕیاری، دژەکولتوری و بێبەزەییانە لە کەشی گشتی شار لەخۆ ئەگرێ: شکاندنی بۆتکەی تەلەفونی گشتی، شکاندنی

شووشەی پەنجەرە، نووسینی دروشم لەسەر دیوارەکانی شار و تاد.

⇦ ڤەندالیزم یەکەمجار لە لایەن هانری جۆرجیۆر لە سەردەمی کاولکاری شۆڕشی فەرانسە بەکار هێنرا و سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ هۆزی ڤەندالی ئالمانی کە لە ٤٥٥ی زایینی ڕۆمایان کاول کرد و بە تالان برد.

**تێبینی:** سەرنجدانە ئەم خاڵە زۆر گرنگە لە زۆربەی دەقەکاندا بە زۆری بەربەریزم بۆ کاولکاری و ناڕیاریی بەکار ئەهێنرێ، بەڵام ڤەندالەکان و ئورووپاییەکان زۆر لە بەربەرەکان خراپتر بوون و من خۆم هەمیشە ڤەندالیزم لە جێگەی بەربەریزم بەکار ئەهێنم.



**ڤەندرڤۆلد:** Emile Vandervelde سۆسیالیست (١٨٦٦ـ١٩٣٨) سەرۆکی پارتی کرێکاری بەلجیکا و لە سەرۆکانی «ئینتەرناسیۆنال»ی دووەم.












**ڤەن دەر moولن:** Adam van der Meulen تێوەکار {١٦٣٢ـ١٦٩٠} شێوەکاری فەڕانسەیی.




**ڤەندەی:** Vendée جوگرافیا پارێزگا پارێزگەی ڕۆژئاوای فەڕانسە کە لە سەردەمی شۆڕشی بورژوایی ساڵانی ١٧٨٩ تا ١٧٩٤ی فەڕانسە ڕاپەڕینی دژی شۆڕشگێڕانەی جووتیاران بە سەرکردایەتی دەرەبەگ و کلیسا لەوێ ڕووی دا.








**ڤەنسان پۆڵ:** Vincent de Paul قەشە {١٥٨١ـ١٦٦٠} قەشەی خێرخوازی فەڕانسەیی، دامەزرێنەری «کۆمەڵەی خوشکانی خێرخواز» و «بنکەی خێرخوازیی مناڵانی هەڵگیراوە».

**ڤێتیڤێر:** vétiver ڕووەک بەهارە لە ڕیشەی تامیلی ڤێتیڤێرۆ، ناوی گیایەکی هیندییە کە لە ڕیشەکەی بۆنێک ئەگرن هەر بەو ناوە.



**ڤێرا کرووز:** Vera Cruz فیلم فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی ١٩٥٤، دەرهێنانی ڕابێرت ئاڵدریچ.




**ڤێرژوو:** Verjus ڕووەک میوە بەرسیلە جۆرێ بەرسیلەیە کە هەرگیز بە تەواوەتی ناگا و نابێ بە ترێ، هەروەها واتایەکی وەکوو ئاوی بەرسیلە ئەگسرێتەوە و وشەکە لە {Vertjus} لە {verdant + jus} فەڕانسەوە هاتووە و چووەتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە کە وشەی verdant بەرسیلە ئەگرێتەوە.



**ڤێرژیل:** Virgil هۆنەر {٧٠ ـ ١٩پ.ز} هۆنەری کۆماری ڕۆما و نووسەری بەستەی گوندی، سروودی شوانی وئەنەییدە.











**ڤێرسان ژێتوریکس:** Vercingetorix مێژوو سەرکردە ناوی سەرکردەی هۆزی «گوڵ» بوو لە {٧٢ـ٤٦ی پێش زاین} کە سەرکردایەتی هێزە یەکگرتووەکانی خۆیان ئەکرد لە دژی هێزەکانی ژولیۆس سزار. ڕۆمیەکان گرتیان و بردیان بۆ ڕۆما و لەوێ کوشتیان. ناوی ڤێرسان ژێتوریکس تێکەڵ بووە بە ئەفسانە و کراوە بە کەسایەتییەکی داستانی بە تایبەتی لە لای گوڵەکان.







**ڤێرسای:** Versailles کۆشک کۆمەڵەکۆشکێکە لە شاری ڤێرسای لە نزیکی پاریس، وەکوو گەورەترین کۆشکی شاهانەی جیهان ئەناسرێ.







**ڤێرسێر:** Werther **ڕۆمان** یان The Sorrows of Young Werther ڕۆمانی گۆتە Goethe یە، ساڵی ١٧٤٧ لە تەمەنی ٢٥ ساڵی بڵاوی کردەوەتەوە. مژاری خودکوشی لەم بەرهەمەدا قەشەکانی تووڕە کرد و بەر بە بڵاوبوونەوەی گیرا، بەڵام ئەوەندەی تر ناوبانگی دەرکرد و وەرگێڕدرا بە زمانەکانی تر. ناپۆلیۆن لە چاوپێکوتنی تایبەت لەگەڵ گۆتە، دانی بەوەدا نا کە شەش یان حەوت جار ڤێرسێری خوێندوەتەوە. هەروەها ژوول ماسەنە ئۆپێرایەکی چوار پەردەیی لەسەر بناغەی ئەم ڕۆمانە نووسیوە.







**ڤێرلن:** Paul Verlaine **هۆنەر** (١٨٤٤ـ١٨٩٦) هۆنەری سەمبۆلیستی فەڕانسەیی، لە هاوکارانی بزووتنەوەی دێکادنت Decadent movement بوو. بە یەکێک لە گرنگترین نوێنەرانی Fin de siècle یان **کۆتایی سەدە** دائەنرێ. ئەو هانی ڕەمبۆی دا لە ١٨٧٢دا هات بۆ پاریس. ڕەمبۆ و ڤێرلن کراوە بە فیلم.








**ڤێرن:** Louis_Désiré Véron ڕامیار ڕۆژنامەنووس پیێرسۆنا {١٧٩٨_١٨٦٧}
ڕۆژنامەنووس، ڕامیار، ئۆرلیانیست و پاشان بۆناپارتیست، ساڵی ١٨٣٥ ڕۆژنامەی کۆنستیتۆسنێلی Constitutionnelle دامەزراند کە پاشتر بوو بە ئۆرگانی تیەر. باڵزاک لە ڕۆمانی «ئامۆزا بێت» دا ئەوی لە کەسایەتی کرەڤێل دا وێنا کردووە.












**ڤێرناچا:** vernaccia یان ڤێرناچا، شەرابی سپی تریێ ناوچەی سان جیمینانۆی ئیتالیا کە شیرین و وزەبەخش و کەفدارە، هەروەها لە سەردینیا بەرهەم ئەهێنرێ.



**ڤێرناچا کۆرنێلیا:** Vernaccia Cornelia جوگرافیا شەراب شەرابی هەرمێی ناوچەی کۆرنێلیا لە مەڵبەندی لیگۆریا لە سەر زەریای مەدیتەرانە، کە لە تۆسکانییەوە تا سنووری فەرانسە کشاوە، لە کۆندا لیگۆریا تا ئوقیانووسی ئەتڵەس درێژەی هەبوو.





**ڤێرنۆی :** Verneuil جوگرافیا شارێکی بچووکە لە باکووری فەڕانسە.

**ڤێرنی :** verni پۆشاک ناو جۆرێک کەتیرەیە بۆ بریقەدارکردن و پاراستنی لە تەڕی ئەدرێ لە چەرم و هەروەها شێوەکاران مانگێک پاش تەواوبوونی تابلۆ لێی ئەدەن بۆ ئەوەی بریقە بداتەوە، هەم بە واتای varnished واتە پەرداختکراو و جەلادراو هاتووە و، هەم بە جۆرێ پێڵاوی بریقەدار ئەوترێ کە ڤێرنی لێدراوە.






**ڤێرۆنا :** Verona جوگرافیا شاری تراژێدی شارێکە لە بەشی باکووری ئیتالیا، لە نێوان ڤێنیزیا و میلانۆ، ناسراوە بە هۆی جولیەت و ڕۆمیۆی بەناوبانگ و، هەروەها مەیدانی دێلێ ئەربێ piazza delle erbe یەوە.





**ڤێرۆنز :** Veronese's women پۆومر واتە ژنی ڤێرۆنایی، کە Verona شارێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا، هەروەها بە ژنی ڕەختە و سەرەژنیش ئەوترێ.





**ڤێرۆنێزی :** Paolo Veronese شێوەکار (١٥٢٨ـ١٥٨٨) شێوەکاری ڕێنسانسی ئیتالیایی.





**ڤێزۆڤیەس :** Vesuvius گڕکان ناو لە بەناوبانگترین گڕکانە زیندووەکانی ئیتالیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناپۆلی. تەنها گڕکانی چالاکی ئورووپایە لەم سەدە ساڵی دوایيدا، ساڵی ٧٩ی ز. دوو شاری پەمپەی و هێرکولانیۆمی بە لافاوی گڕماڵکە سووتاند و فەوتاند.




**ڤێریسمۆ:** Verismo ڕێباز یان ڕیالیزمی ڕاستەقینە، لاسایی و تێکەڵکردنی ڕیالیزم و ناتۆرالیزمی فەرەنسەیە، دەراوی توند و بێپەردەی نووسەرانی کۆنی ئیتالیا تێکەڵ بە فەلسەفەی ڕەوشتی تۆماس هاردی ئینگلیزی، ١٨٧٥ لە لایەن جیۆڤانی ڤێرگا و لویجی کاپۆناوە Luigi Capuana دامەزرا و تا سەرەتای ١٩٠٠ درێژەی کێشا.












**ڤێسڤۆلۆد پودۆڤکین:** Vsevolod Pudovkin دەرهێنەر نووسەر {١٨٩٣ـ ١٩٥٣} دەرهێنەر و نووسەر و هونەرپیشەی سۆڤیێتی، ڕۆڵی گرنگی لە پێشخستنی مۆنتاژدا هەبوو.












**ڤێکسێل:** VECSEL کورتکراو فیزیک بە واتای لەیزری گرشەی ئەسکوندی شاوڵی دەرەکی vertical_external_cavity surface_emitting_ laser لە پلەی یەکەمدا وەکوو دەزگای تیشکی بنسووری ماوەنزیکی ساردکەرەوەی لەیزر و شەبەنگناسی کەڵکی لێ وەرگیراوە، هەروەها بۆ پەیوەندی ڕێگەی دوور بەکار ئەهێنرێ. ڤێکسێڵ بەکارهێنانی تازەی لە چاویلکەی هۆشمەند smart glasses دایە، بۆ بینینی پەیام و وێنە

لەکاتێکدا بینینی ئاساییش ئەبینی. ⇐ پیکسێڵ.






**ڤێلاسکز:** Diego Velázquez شێوەکار (١٥٩٩ـ١٦٦٠) شێوەکاری ئیسپانیایی باڕۆک، خولی زێڕین، کارەکانی نموونە بوون بۆ ڕیالیست و ئیمپرشنیستەکان.







**ڤێنمۆ:** Venmo بانک ئای تی خزمەتگوزاری خزمەتگوزارییەکی ئەمریکاییە بۆ پارەدان بە مۆبایل، لە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠١٣ەوە خاوەنی (پەیپاڵ PayPal)ە. ڤێنمۆ ئامانجی ئەوە بەکارهێنەرانەیە کە دەیانەوێت هێمان یان فاکتۆراکانیان دابەش بکەن. خاوەن هەژمارەکان دەتوانن لە ڕێگەی ئەپی مۆبایلەوە پارە بۆ کەسانی دیکە بگوێزنەوە؛ هەردوو نێرە و وەرگر دەبێت لە ئەمریکا بژین.

⇐ **ڤیپس:** Vipps بانک ئای تی خزمەتگوزاری خزمەتگوزارییەکی نەرویجی پارەدان بە مۆبایلە، ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن بانکی DNB بڵاو کرایەوە و

ئەندامی کۆمەڵەی ئوروپایی سیستەمی پارەدانی مۆبایلە. ساڵی ١٩٢٢ نزیکەی هەموو نەرویج ڤیپس بەکار ئەهێنن. ڤیپس لەگەڵ دانمارک و فینلاند تێکەڵ بووە و خەریکە زیاتر پەرە ئەستێنێ.








**ڤێنایز:** Stones of Venighce گەڕان-٢ ناوی پەرتووکەکە بە هەڵە ئەخوێنێتەوە و مەبەستی لە ڤێنایز، venice واتە ڤێنیزە، کە نازانێ بێژەی بکات و {i} کردووە بە {ai}.










**ڤێنووسی میلۆ:** Venus of Milo پەیکەر پەیکەرێکی ڤێنووسە ساڵی ١٨٢٠ لە دوورگەی میلۆی یۆنان دۆزرایەوە. ئێستە لە مووزەی لوڤرە.





**ڤێنیامین:** Veniamin مافیا پێرسۆنا لە کەش و ژینگەی مافیای ڕووسیدا، هەموو کەس ئەبێ بە گوێری کۆد هەڵسوکەوت بکات و خاوەنی بەڵێنی خۆی بێ. ڤێنیامین گوێی نەئەدایە ئەو کۆدە، شتێکی ئەوت و شتێکی تری ئەکرد. بۆیە سەریان لێکردەوە و لە بن ئاسفاڵتی سەرشەقام ناشتیان. جا ئێستە بووە بە باو هەرکەس بیەوێ هەڕەشەی کوشتن لە یەکێک بکات ئەڵێ: ڤێنیامین زۆر شادمان ئەبێ لە بینینی. ⇦ مەک

**مافیا:** McMafia زنجیرە زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی بەریتانیایی ٢٠١٨ی، دەرهێنانی جەیمز واتکینز.




**ڤێنیزلۆس:** Eleftherios Venizelos ڕامیار سەرۆکوەزیر {١٨٦٤ـ١٩٣٦} چەند جار بە سەرەکوەزیرانی یۆنان هەڵبژێردرا، لە جەنگی جیهانی یەکەم {١٩١٤ـ١٩١٨} وڵاتەکەی هێنایە ڕیزی هاوپەیمانان.




**ڤێنیزیا:** ❶ Venice جوگرافیا بەندەر لە شارە توریستییە کۆنەکانی وڵاتی

ئیتالیایە، کۆمەڵە دورگەیەکە و هاتوچۆی ناو شار بە گەمییە، ئەم شارە خاوەنی چاند و زیارێکی کۆنە، شاری ڤێستڤاڵ و کارناڤاڵ و فیلمە، لە بواری بازەرگانیشدا بەدرێژایی مێژوو چالاک بووە و ناوی هاتووە It Venezia ⇐ **ڤێنیز :** Venice جوگرافیا هەروەها شار و گەڕەکێکی ٤٠ هەزار کەسییە لە ڕۆژئاوای شاری لۆس ئانجلێس.














**ڤێنیزیا :**[٢] ١٨ی برۆمێر ئاماژە پەنجاکانی سەدەی نۆزدە، شاری ڤێنیزیا ژینگەی کۆنت دو شامبۆر یان هانری پێنجەم خوازیاری تاج و تەختی فەرەنسە بوو.

**ڤێنیسۆن :** Venison خۆراک ناو گۆشتی بزنەکێوی، خواردنێکی ناسکی بەپێز و بەچێژ لە گۆشتی ئاژەڵەکێوی. ع لحم الغزال N Hjortekjøtt د گوشت گوزن.







**ڤیا دۆلۆرۆزا :** Via Dolorosa ئاییناسر ناوی جێگا (عیبری ויה דולורוזה)

بە واتای شەقامی ئازار، ناوی ئەو شەقامەیە لە ئۆرشەلیم کە ڕۆژی لەخاچدانی عیسا بەو ڕێگەیەدا بردیان تا گولگەتا و لەوێ لە خاچیان دا، ئەویش لە کاتێکدا خاچەکە بە شانیەوە بوو، لێیان ئەدا و سووکایەتیان پێئەکرد.








**ڤیان :** Love ناو ئەوین، خۆشەویستی، مێهر. ع حب N kjærlighet د عشق.

**ڤیبەر :** Jehan Georges Vibert شێوەکار {١٨٤٠ـ ١٩٠٢} شێوەکاری ئاکادێمیکی فەڕانسەیی.





**ڤیپس:** Vipps بانک ئای تی خزمەتگوزاری خزمەتگوزارییەکی نەرویجی پارەدان بە مۆبایلە، ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن بانکی DNB بڵاو کرایەوە و ئەندامی کۆمەڵەی ئورووپایی سیستەمی پارەدانی مۆبایلە. ساڵی ١٩٢٢ کاربەرانی ڤیپس لە ٥,٢ نەرویجی ملیۆن گەیشتە ٤,٢ ملیۆن، کە ئەوی تریشی منداڵن. ڤیپس لەگەڵ بانکی دانمارکی و فینلاندی تێکەڵ بووە و خەریکە زیاتر پەرە ئەستێنێ.

**ڤێنمۆ:** Venmo بانک ئای تی خزمەتگوزاری خزمەتگوزارییەکی ئەمریکاییە بۆ پارەدان بە مۆبایل، لە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠١٣ەوە خاوەنی {پەیپاڵ PayPal}ە. ڤێنمۆ ئامانجی ئەوە بەکارهێنەرانیە کە دەیانەوێت هێمان یان فاکتۆراکانیان دابەش بکەن. خاوەن هەژمارەکان دەتوانن لە ڕێگەی ئەپی مۆبایلەوە پارە بۆ کەسانی دیکە بگوێزنەوە؛ هەردوو نێرەر و وەرگر دەبێت لە ئەمریکا بژین.






**ڤیتربۆ:** Viterbo جوگرافیا شار شارێکی کەونارایە لە ناوەڕاستی ئیتالیا نزیکی ڕۆما، پایتەختی مەڵبەندی ڤیتربۆیە.




**ڤیتۆرینی :** Elio Vittorini نووسەر پرۆئەمریکا وەرگێڕ (١٩٠٨ـ ١٩٦٦) لەدایکبووی سێسیلیا، ڕۆماننووس، لە پاش سێزار پاڤێس، گرنگترین ئەمریکاگەرای دەهەی ١٩٣٠ە. ئەویش وەک پاڤێس چەندین ڕۆمانی ئەمریکایی و لەوانە نانساجی پانی Tortilla Flat وەرگێڕاوە بۆ ئیتالیایی.












**ڤیتۆریۆ دی سیکا :** Vittorio de Sica دەرهێنەر (١٩٠١ـ ١٩٧٤) دەرهێنەر و هونەرپیشەی ئیتالیایی، براوەی خەلاتی ئۆسکاری ١٩٥٧. لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی نیۆڕیالیزمی سینەمای ئیتالیا.










**ڤیچێنزا :** Vicenza جوگرافیا شار شارێکی چەند فەرهەنگییە لە باکووری ئیتالیا نزیکی ڤێنیزیا، شوێنێکی دیدەنیارییە.







**ڤیدال:** Francois Vidal ئابووریزان سۆسیالیست {١٨١٤ ـ ١٨٧٢} ئابووریزان، سۆسیالیستی وردەبۆرژوا و نوێنەری ئەنجوومەنی ڕێسادانان بوو.

**ڤیدیۆساز:** videographer کەسێکە کاری دروستکردنی فیلمی ڤیدیۆییە. ع مصور فیدیو N videograf د مصور ویدیو. ⇦ **فیلمگر:** cameraman پیشە ناو کەسێک کە پیشەی فیلمگرتنە بە کامێرا و لە بواری سینەماییدا. ع المصور السینمائي N kameramann د فیلمبردار. ⇦

**ڤیدیۆ هایڤ:** VideoHive ئاو ئر لە بەستەری https://videohive.net کۆمپانیایەکی سازکردن و فرۆشتنی وێنە و ڤیدیۆی FX ـە.









**ڤیزای شێنگن:** Schengen Agreement پەیمان هاتوچۆ ڤیزا لە ١٤ی جوونی ١٩٨٥ لە لایەن پێنج وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئابووری ئۆورووپا لە شاری شێنگن کە شارۆچکەیەکی شەرابسازە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی لۆگزەمبۆرگ، لە بەری چەپی ڕووباری مۆزێل Moselle لەسەر سنووری ئاڵمان و فەرانسە واژۆ کرا. بە گوێرەی ئەم پەیماننامەیە ناوچەیەکی ئورووپایی بەدی هات کە کونترۆڵی سنوورەکان لەو ناوچەیەدا هەڵگیراوە و هەماهەنگی لە ڤیزەی ئەم ناوچەیەدا بەدی هاتووە. ژمارەی وڵاتانی ناوچەی شێنگن ئەمڕۆکە گەیشتوەتە ٢٦ وڵاتی ئورووپایی و هەموو ئەوانەی کە ڤیزای شێنگن وەرئەگرن، بە ئازادی ئەتوانن هاتووچۆی هەر ٢٦ وڵاتەکە بکەن. ئەندامانی ناوچەی پەیمانی شێنگن بریتین لەمانە: ئاڵمانیا، ئایسلەند، ئۆتریش، ئیتالیا، ئیسپانیا، ئێستۆنیا، بەلجیک، پۆرتۆگال، پۆلۆنیا، دانمارک، سلۆڤاکیا، سلۆڤانیا،

سوید، سویس، فەڕەنسە، فینلاند، کۆماری چێک، لاتڤیا، لۆگزامبۆرگ، لیتوانیا، ماڵتا، نوروێژ، هۆڵەند، هەنگاریا، یۆنان.






**ڤیستاڤیژن:** Vistavision سینەما کەرەستە جۆرێک فیلمی زۆر ڕوونی ٣٥ میلیمەترییە، کۆمپانیای پارامۆنت ١٩١٤ دروستی کرد.

**ڤیسکۆنتی ڤێنۆستا:** Visconti_Venosta ڕامیار وەزیر (١٨٢٩ـ١٩١٤) ڕامیار، چەند جار بوو بە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیتالیا.




**ڤیشی:** Vichy جوگرافیا بەرژەنگ شار شارێکە لە ناوەڕاستی فەڕەنسە لە باشووری پاریس، ناوچەیەکی تووریستییە و ئاوی کانیاوەکانی ڤیشی وەکوو ڤیشی سێلستین Vichy Celestin بەناوبانگە.








**ڤیشیسواز:** Vichyssoise خۆراک سووپ سووپێکی خەستی فەڕانسەییە بە پەتاتە و پیاز و کەوەر و قەیماخ دروست ئەکرێ و زیاتر بە ساردی ئەخورێ، بۆی هەیە کولەکەیشی تێ بکرێ.





**ڤیشی ـ سێلستین:** Vichy Célestins خواردنەوە بەرژەنگ ناو ئاوێکی چالاکی زۆر تەسەلە بە کانزای سروشتی، پەرەکی کانیاوەکانی ناوچەی ڤیشی فەڕانسەیە و ١٨٦١ـەوە نێردراوەتە بازاڕەوە؛ هەروەها زنجیرە هۆتێلەکانی ڤیشی سێلستین بەناوبانگە ⇐ **پەرەک:** Sparkling water ئاوی گازدار ئاوی گازدار، ئاوی کانی گەرمک، گەڕاو. ع میاه فوارة N kullsyrevann د آب گازدار.







**ڤیڤیانی:** René Viviani ڕامیار وەزیر سەرۆکوەزیر (١٨٦٣ـ١٩٢٥) ڕامیاری کۆماری سێیەم، لە یەکەم هاوکارانی ڕۆژنامەی «ئۆمانیتە»، نوێنەری پارتی سۆسیالیست لە پەرلەمان و پاشان «پارتی کۆماریخوازی سۆسیالیست»ی دامەزراند. وەزیری کار، وەزیری پەروەردە و سەرەنجام لە جولای ١٩١٤ تا ئۆکتۆبری ١٩١٥ بوو بە سەرەکوەزیر.







**ڤیکتۆر ماسە:** Victor Massé ئاوازدانەر (١٨٢٢ـ١٨٨٤) ئاوازدانەری فەڕانسەیی، ئۆپێرای شەوێکی کلیۆپاترا دوا بەرهەمی بوو کە ساڵێک پاش مردنی هێنرایە سەر شانۆ.






**ڤیکتۆر هۆگۆ:** Victor Hugo ڕۆماننووس (١٨٠٢ـ١٨٨٥) نووسەری مەزنی فەڕانسەیی، لە خولی کۆماری دووەمدا نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێسادانان بوو.









**ڤیڤیانی پەری:** fairy Viviane ئەفسانەناسی یاری مەرلینی جادووگەرە لە چیرۆکی ئارسر شا کە چەندین فیلم و زنجیرەی لێ دروست کراوە.







**ڤیکتۆر خارا:** Víctor Jara هۆنەر شۆڕشگێڕ {١٩٣٢ـ ١٩٧٣} هۆنەر، ژەنیار، گۆرانیبێژ و شۆڕشگێڕی شیلیایی کە لە ڕەوتی کودیتای سەربازیی ئاگۆستۆ پینۆشە دژی سەرەککۆمار سالڤادۆر ئاییندە Salvador Allende لە شیلی بە ٤٤ گوللە کوژرا و گیانی لە پێناوی نیشتماندا بەخت کرد.

**ن:**

چامەی من بۆ پەسنی کەس نییە
من ناهۆنمەوە تا غەوارەیەک بگری.
من بۆ بەشێکی بچووک و چەپەکی ولاتەکەم ئەهۆنمەوە
کە هەرچەند ڕیشاڵێکی درێژکۆلە زیاتر نییە،
بەڵام قووڵاییەکەی بێپایانە.
هۆنراوەی من سەرەتا و کۆتایی هەموو شتێکە،
هەڵبەستی جەربەزەیە،
هۆنراوەی هەمیشە زیندوو و تازە و کرکاشە.






**ڤیکۆنت :** ئاریستۆکراتی پیلە یان ڤایکۆنت viscount پلەیەکی ئاریستۆکراتی ئینگلیزی لە سەروو بارۆن و لە خوار ئێرڵ ـەوە. هیرارشی ئاریستۆکراسی یان نۆبێلیتی یان خانەدان بوون گرنگییەکی تایبەتی لە ژیانی ئورووپاییەکان بە تایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوو و لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی باڵاتر جیاوازییەکی یەکجار زۆری لە ڕوانگەی باری کۆمەڵایەتی و دارایی و دەسەڵاتەوە هەبوو. پلەکانی خانەدان بوون لە فەرانسە:

**دووک، پرینس، مارکیز، کۆنت، ڤیکۆنت، بارۆن.**

لە بەریتانیا:

| | |
|---|---|
| دووک ـ دوشێز، | مارکیز ـ مارشێنەز، |
| ئێرڵ ـ کۆنتێس، | ڤایکۆنت ـ ڤایکۆنتێس، |
| بارۆن ـ بارۆنێز، | لۆرد ـ لەیدی. |






**ڤیکتۆرین ساردۆ:** Victorien Sardou نووسەر (١٨٣١ـ١٩٠٨) نووسەر و درامانووسی مێژوویی فەڕانسەیی.









**ڤیکۆنیا:** Vicuña گیاندار جۆرێکی لامایە لە بەرزاییەکانی چیای ئەندێس لە ئەمریکای باشوور ئەژی. ئاژەڵی نەتەوەیی پێروو و، وێنەی خراوەتە سەر ئاڵاکەیان. لە لاماکانی تر بچووکترە. کوڵکەی ڤیکۆنیا لە نەرمترین و گرانترین جۆری بەرگنە، لە سەردەمی ئینکاکاندا بەهایەکی زۆریان پێدەدرا و تەنها پادشاکانی ئینکا بۆیان هەبوو جلوبەرگێک لەبەر بکەن کە بە مەرەزی ڤیکۆنیا ساز کرابا. لە ساڵی ١٩٧٤ نزیکەی شەش هەزاری

مابوو. ئەمڕۆ ژمارەیان گەیشتووەتە نزیکەی ٣٥٠ هەزار سەر. ☜ لاما ☜ ئاڵپاکا ☜ گواناکۆ






**ڤیلار:** Jean Vilar ئەکتەر دەرهێنەر (١٩١٢ـ١٩٧١) ئەکتەر و دەرهێنەری فەڕانسەیی.




**ڤیلێت:** Villette ناوی جێگا گەڕان-٥ گەڕەکێکی پاریسە کە لەو سەردەمەدا کوشتارگەی لێبوو و شوێنی تەراتێنی لاتولووت و گەنجانی بەرەڵڵا بوو.





**ڤیلرکۆترە:** Villers_Cotterets جوگرافیا سەربازی لە شارەکانی باکووری فەڕانسە، نزیکی سواسۆن کە ساڵی ١٩١٨ سواڕی زۆر دڕوار لەوێ ڕووی دا.

**ڤیلەن:** Raoul Villain ترۆریست یابەسای تیبۆ خوێندکاری زانکۆی نژیارڤانی کە بە هاندانی جەنگخوازان ژۆرسی کوشت. لە پاش جەنگ، ساڵی ١٩١٩ بە بێتاوان ناسرا.




**ڤیلهێلم شتراسە:** Wilhelmstrasse ناوی جێگا شەقامێکە لە بەرلین، تا ١٩٤٥ و دوو ئاڵمان، بە ناوەندی فەرمانڕەوایی ئاڵمان ناسرابوو، باڵوێزخانەی فەڕانسە لەو شەقامە بوو.





**ڤیلهێلمی دووەم:** Kaiser Wilhelm II, German Emperor ئیمپراتۆر (١٨٥٩ـ١٩٤١) دوا کایسەری ئاڵمان و پادشای پرووسیا بوو، لە ١٨٨٨ تا ١٩١٨. پشتیوانی ئەو لە ئیمپراتۆری ئۆستریا ـ هەنگاریا لە جولای ١٩١٤دا یەکێک لە هۆکارەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بوو. بە هۆی سەرکردایەتی نەشیاو لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، پشتیوانی سپای لەدەست دا، لە پاش شۆڕشی ١٩١٨ی بێرلین و ڕووخانی ئیمپراتۆری لە مانگی نۆڤەمبردا، شەوی ١٠ نۆڤەمبر هەڵات و بوو بە پەنابەر لە هۆڵەندا.








**ڤیلێر برۆتۆنۆ:** Villers_Bretonneux جوگرافیا گوند گوندێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرانسە.

**ڤیلیە دو لیل ئادام:** Auguste de Villiers de L'Isle_Ada نووسەر (١٨٣٨ـ١٨٨٦) نووسەر و یەکەم وێنەگری بەڵگەیی فەرانسەیی.
















**ڤینی:** Alfred de Vigny هۆنەر ڕۆماننووس (١٧٩٧ـ١٨٦٣) هۆنەر و ڕۆماننوس

و شانۆگەری فەڕانسەیی. ڤینی ژیانی خۆی ئەکات بە سێ بەشەوە: یەکەم پەروەردە، دووەم ئەفسەری و هۆنەری، سێیەمیش خولی فەلسەفی.









**ڤیۆن:** François Villon هۆنەر {١٤٣١ـ١٤٦٣} هۆنەری مەزنی فەڕانسەیی.









**ڤیەیرا:** Henry Vieyra Molina سەرهەنگ دەسکەلا کودێتاگەر {١٨٠٤ـ١٨٨٩} سەرهەنگی سپا، سەرۆکی گاردی نەتەوەیی، ئاڵقەلەگوێی لویی بۆناپارت بوو. سێ چاپخانەی گەورەی پاریسی تالأن کرد، کە ڕۆژنامەکانی دژ بە بۆناپارتیان چاپ ئەکرد. چالاکانە لە کودێتای ٢ی دێسەمبەری ١٨٥١دا بەشدار بوو و ڕێگەی لە دەستگیرکردنی بکوژانی گاردی نەتەوەیی گرت.

{Letter x}



**ق:** ڕێزمان پیتی بیستەم لە پیتەکانی زمانی کوردی **ن:** قەیتانی قۆندەرە قاوەییەکانی قالە قوڕاوی لە قوڕەکەی قالاوە قرتا.

**قابس:** Gabès جوگرافیا پایتەخت پایتەختی مەڵبەندی قابسە لە ڕۆژهەڵاتی توونیسیا، لەسەر کەنداوی قابس. دانیشتوانی ١٥٢ هەزار کەس و، شەشەمین شاری گەورەی توونیسیایە.






**قاپان:** ئاوەڵناو خۆهەڵکێش، بادیهەوا، لووتبەرز، بەفیز و دەعیە [ع] متبجح [N] skrytende [د] متضاهر، لافزن [E] boastful.

**قاپ❶:** knucklebone, talus ناو پێشەی قولاپە، ئێسکی بەندی پەنجەکان. [ع] الكاحل [N] talus [د] قاپ.

**قاپ❷:** bolle دەفر ناو دەفری قووڵی سووپ و خۆرشت.



**قاپشۆرخانە :** scullery ئاشپەزخانە ناو كۆنەڵان، ژوورێكی بچووكە وەک هەوێشخان لە تەنیشتی ئاشپەزخانە بۆ شۆردنی دەفروئامان و شمەكی تر. ع حجرة غسل الاطباق د شربت خانە.

**قاپوور :** casing چەک ناو پووكە، بەرگ یان توێكڵێک كە شتێک دەپارێزێت و دای دەپۆشێت یان دەیگرێتەوە، وەک قاپووری فیشەک؛ شتێكە ناوەكەی دەرهاتبێت و بەبۆشی مابێتەوە؛ قاپێكی چوارچێوەدار كە تەنها ڕووەكەی ئاوەڵە بێت. ع غلاف N foringsrør د پوكە.




**قاپە گۆشتی میسری :** ئەفسانەناسی ئامāژەیە بۆ سەربردەكانی تەورات، ئەو كاتەی كە هۆزی بەنی ئیسرایل لە میسر هەڵئەهاتن، هەندێ لە كەسانی لاواز و بێورە، كە بەرگەی سەختی ڕێگە و برسێتییان نەئەگرت، ئاواتیان بە ڕۆژانی كۆیلایەتی ئەخواست، كە هەرچەند نان و شەقیان ئەخوارد، بەڵام هەر نەبێ سكیان تێر بوو!

  

**قاپێن:** Knucklebones گەمە قومار جگێن، میچێن، یارییەکە بە قاپ ئەکرێ و بە گوێرەی هەڵدان و وەستانی قاپەکان براوە دیاریی ئەکرێ. چەق براوەیە و تەف دۆڕاوە. ◀ گەمەی قاپێن جۆری زۆرە. ع الجاکس N Knokebein د قاپ بازی. ⇦ قاپ بە چوار شێوە ئەوەستێ: وەزیر، شا، چەق، تەف یان کاودز.




**قاچاخ:❶** illicit ئاوەڵناو نارێسایی، بەرگیراو لە لایەن ڕێسا و داب و نەریتەوە. ع غیر مشروع N ulovlig د قاچاق، نا مشروع، خلاف قانوون.

**قاچاخ:❷** contraband ناو ئەو کەلوپەلەی کڕین و فرۆشی بەگوێرەی بە

دەستوری دەوڵەت ڕەوا نیە. [ع] غیر مشروع [N] ulovlig [د] اموال قاچاق.

**قاچاخ:**[٣] wanted ئاوەڵناو ئەشقی، ویستراو، هەڵاتوو، کەسێکە لە ترسی دەوڵەت خۆی شاردبێتەوە. [ع] مطلوب [N] ønsket [د] تحت تعقیب.

**قاچاخبەر:** runner, mule, contrabandist هێمایر فەرمان کەسێکە چ خۆی یان بە کەرەستە و هۆکاری تر، کالای قاچاخ ئەگوێزێتەوە. قاچاخبەر بە زۆری بۆ کەس یان ناوەندێکی تر کار ئەکات.

⇦ **تووروەکەکێش:** bagman

**قاچاندن:** embezzlement هێمایر دزی چاوگی تێپەڕ دزۆکی، پارەدزین، دەستماڵکرن، ژێرقولکردن، هەڵگرتنی نارێسایی دارایی دامەزراوی دەوڵەتی یان سەر بە کەرتی تایبەت بە مەبەستی تایبەت، کە جۆرێک دزین و ئۆینبازییە. [ع] الاختلاس [N] Underslag [د] اختلاس.











**قاچۆر:** inventory ناو فەرمان کالاژمێری، سەرژمێرکردنی کالا و کەلوپەلی کۆمپانیا و کۆگا و ناوماڵ، هەژمارکردنی پووشانە، ژمارەی ئاژەڵ نووسین بۆ باج [N] Inventar [ع] جرد، جرد السلع [د] فهرست موجودی.




**قاچوقول:** ناوی لێکدراو لنگ و لەتەر.

**قاچێک بشکێنە:** Break a leg دەستەواژە گۆتە ئاماژە هیوای سەرکەوتن!

دەستەواژەیەکی تایبەتی ئینگلیزییە لە بواری شانۆ یان هونەرە نمایشییەکانی دیکەدا بەکاردێت بۆ هیوای سەرکەوتن بۆ نمایشکارێک. کینایە یان مەتەڵێکە سەرچاوەی نادیارە. قاچێک بشکێنە، بە شێوەیەکی باو بە ئەکتەر و موزیکوان ئەوترێت پێش ئەوەی بچنە سەر شانۆ بۆ نمایشکردن یان پێش تاقیکردنەوە ڕیشەناسی یەکەمجار ساڵی ١٩٢١ لە لایەن ڕابێرت ویلسۆنەوە تۆمار کراوە. زۆر بۆچوون لەسەری هەیە و یەکیان ئەمە: هونەرمەند ئەگەر سەرکەوتوو بێت لە کارەکەیدا، چەپڵەی بۆ لێئەدەن و ئەویش قاچی ڕاست و چەپ دائەنێ و لە کاتی کڕنۆشبردن بۆ بینەران ئەژنۆی ئەشکێنێتەوە. کەوابوو قاچێک بشکێنە واتە برۆ سەرکەوتوو بە! ☜ دەستەواژە








**قاچێن:** گەمە هەڵمەقۆ، بازەڵێن؛ جگێن، گەمەیەکە دوو کەسی بە پێنج خڕەبەردی بچووک و بە هەردوو دەست یاری ئەکرێ، بەردەکان لە لەیەوە هەڵداوێنە پشتی دەست و هەڵیدەدەن و دەیگرنەوە د یە قول دو قول.









**قاخلّی:** safflower رووەک گیاناسر ناو کاخلّی، کاکلّی، قاقلّی، گیایەکی یەک یان دوو ساڵەیە، باڵای ئەگاتە ٦٠ سانتیمیتر. گەڵاکانی پان، ددانەدار و هێلکەیین، گوڵەکانی تاک، لوولەیی و بە ڕەنگی زەردی مەیلەو سوور لە پۆپکەی لاسکەکانەوە ئەڕوێن. بەرەکەی سپی یە و شێوەی فندقیە کە لە کۆتاییەکەیدا دەستەیەک ژێی نازکی پێوەیە. دەنکەکەی ڕۆنی لێ ئەگیرێ، بۆ خواردن بەسوودە. پەڕەی گوڵەکەی ڕەنگی زەرد و سووری بەن و قژ ڕەنگکردنی لێ ساز ئەکرێ و، قاخلّی کە زەعفەرانی ئەمریکایی American Saffron و زەڕەزەعفەرانیشی پێ ئەوترێ، هیچ پەیوەندی بە تیرەی زەعفەرانەوە نییە، وەلێم هەندێ جار وەک زەعفەران سوودی لێ وەرئەگیرێ، بە تایبەت بۆ ڕازاندەوەی سەر نان و کولێرە د گلپر، گل رنگ، کاجیره N saflor ع القرطم ☜ زەعفەران.



**قارەمان:** hero میسۆلۆجی ناو پاڵەوان، بە گوێرەی ئەفسانەناسیی گریک، ئەگەر خوداوەندێک لەگەڵ مەرگەوەرێک، واتە لەگەڵ مرۆڤێکدا جووت ببوایەت، ئەو نەوەیەی لەم هاوسەربەندییە ئەکەوتەوە، {قارەمانی Hero}یێ ئەوترا، نە خوداوەند بوو و نەیش مرۆڤ، لەو نێوەندەدا بوو. ع بطل N helt د پهلوان.



**قازان:** [1] caldron, cauldron کەلوپەل قازان ناو شەلووف، مەنجەڵی یان مەکەڵی زۆر گەورەی کانزا کە قوڵفەی هەیە، بۆ لێنان لەسەر ئاگری سەرئاواڵە وەکوو ساوەر یان چێشتی زەماوەند. ع مرجل N gryte د پاتیل.







**قازان:❷** Kazan جوگرافیا ناوی جێگا یان کازان، گەورەترین شاری کۆماری تاتارستان لە ڕووسیایە. ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە زیاتر لە ١،٢٠٠،٠٠٠ کەسە و بووەتە پێنجەمین شاری گەورەی ڕووسیا و گەورەترین شاری ناوچەی فێدراڵی ڤۆڵگا، واتای وشەی قازان هەمان قازانی مەنجەڵی گەورەیە.





**قازانجبەخش:** lucrative ئابووری ئاوەڵناو بەرهەمهێنانی قازانجێکی زۆر. ع مربح N lukrative د سودآور.

**قازیاخە:** ڕووەک گیا خۆراک ناو پاقازە، ئاڵفەگیایەکە لە تیرەی ئەسپەناخ، گەڵای درێژ و پڕاو پڕاو و باڵای لە ٣٠ تاکو ٣٥ سم بەرز ئەبێ. قازیاخە ڕووەکێکی بەهارییە و هاوینییە و بە کاڵی و کوڵاوی ئەخورێ و بۆ خاوێن کردنەوەی خوێن باشە. ڕیشووی قازیاخە بە کوڵاوی دەرمانێکی زۆر باشە بۆ دژی سکچوون. ◄ لە پەرتووکی دەرمانی ڕەسەنی وڵاتی چیندا Pontsao هاتووە، ئەم ڕووەکە ئێش و ژانی کاتی منداڵبوونی ژنان کەم ئەکاتەوە و خواردنی بەرەکەی ئەبێتە هۆی نەزۆکیی مرۆڤ و ئەبێتە هۆی بەهێزبوونی چاو و گوێ و، قورسایی لەشی مرۆڤ کەم ئەکاتەوە و ڕووناکی ئەخاتە ڕوخساری. هەروەها دەرمانێکی باشە دژی کۆڵنج، لە نووسراوەی دیکەشدا هاتووە کە قازیاخە لە گەڵ خوێ و سرکە بۆ دەرمانی سووتان و برینی چڵک کردوو و بە بۆن زۆر باشە د غازیا، غازیاغی.



**قاسە :** safe پاراستن ناو سندۆقی پۆڵا، گاو سەندووق ع خزنە N pengeskap د گاو صندوق.



**قاشکردنی زەریای سوور :** The Parting Of The Red Sea ئاپیینناسی

ئەفسانە (دە پەرجووی تەورات ـ هەشتەم) بەر لەوەی مووسا بتوانێ ئیسرایلییەکان بپەڕێنێتەوە کە لە لیستەکەی «دە فەرمان»دا نووسرابوو، ئەبوایە ئاپۆرەکە لە کۆیلەدارە میسرییەکان دوور بخاتەوە و بەشێکی چیرۆکەکە ئەوەیە کە زەریای سوور شەق ئەکات؛ کە ئەمکارە دەرفەت بە ئیسرایلییەکان ئەدا بە بێوەی بگەنە ئەوبەری زەریاکە، بەر لەوەی ئاوەکە بێتەوە یەک و سەربازانی میسری نوقم بکات.

شێوەزانست زۆر لە زانایانی کۆنی ئەستێرەناسی لایان وایە کە ئەم پەرینەوە و ئەم کۆڕەوە بە یارمەتی غەوارەی هەندەرانی هۆشمەند ئەنجام دراوە، بۆیە هیچ دوور نییە وا لێک بدرێتەوە کە ئەوانە بەشدارییان هەبووبێ لە ژیانی مرۆڤدا و لە شەقکردنی ئاوی زەریای سوور و، لە

ڕێگەدان بە مووسا کە ئیسرایلییەکان بە بیۆەی بپەڕێنێتەوە. ئاماژەی ڕوون بەوەی کە عیسا دەستی رادێرا و بەمە «ئاوەکە کشایەوە و قاش بوو، وەک بایەکی بەهێزی ڕۆژهەڵاتی قاشی کردبێ» ئاسانە لەوە تێبگەین کە بۆچی هەندێ کەس ئەو ڕووداوانە بە کاری غەوارەی دەرەکی یان تەکنەلۆجی پێشکەوتوو ئەزانن.

هەروەها، زۆر میدیای جۆراوجۆر بە تازەیی هەندێ بیرۆکە پێشنیاز ئەکەن سەبارەت بەوەی کە ئەم ڕووداوە تۆ بڵێی چۆن ڕووی دابێ؟ بە زۆریش لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونەی کە ڕەنگە کەشوهەوایەکی شێتۆکە بووبێتە هۆی ڕوودانی ئەو ڕووداوە، بەڵام ئەی ئەوە چۆن بووە مووسا زانیوێتی هەوایەکی شێتۆکە بەرپا ئەبێ؟ ئینجا ئەبێ ئەوەش بوترێ کە **ڕۆن وایات** Ron Wyatt لە دەهەی حەفتادا ڕایگەیاند پشکنین و تۆژینەوە لە ناوچەکە ئەوی گەیاندوەتە ئەو بڕوایە کە پاشماوەی ئەرابەکان و فوسیلی مردووەکان لە بن عەرزی ئەو ناوە ماوە.



**قاف:** Mount Qaf ئەفسانە ناو کێوی قاف یان Qaf_Kuh یان Jabal Qaf و هەروەها Djebel Qaf کێوێکی ئەفسانەیی بەرزە و گوایە دەوری زەوی گرتووە و خۆر لە پشتیەوە هەڵدێ و شەوانەش لە چاڵێک لە پشت ئەو کێوە لێی رائەکشێ. پێشینیان کێوی قافیان بە گوڵمێخی زەوی زانیوە و وتوویانە لە پیرۆزەیە و شینایی ئاسمان تاودانەوەی رووناکی پیرۆزەیە، ئەگینا ئاسمان بۆ خۆی لە عاج سپی ترە. کێوی قاف بە سەرچاوەی ئاوی ژیانیش ناوبراوە و لە وێژەدا بە واتای دوورترین شوێنی جیهان هاتوە، هەمیش بە جێگەی قەقنەس زانراوە. ع جبل قاف N Mount Qaf د کوه قاف.






**قاقڕ:** wilderness, dryland ناو کڕاڵ، کڕاڕ، چۆڵگە، بیابان، کەویر، زەوی بێئاو و لەوەڕ و نەشیاوی ژیان، دەشتی لمەڵانی کاکیبەکاکی. ع ارض جافة N tørt land د خشکزار. ☜ بیابان






**قاقڕستان:** dryland ناوی لێکدراو زەوی رووتەن و بێبەرووبۆ، بیابان، دەشتی کاکیبەکاکی، کەویر N tørt land ع ارض جافة د خشکزار .

**قالک:** tupperware box دەفر ناو قوتوومە، گەروانکە، دەفری چکۆلەی بە سەرپۆش بۆ وردەشت؛ قوتوی چکۆلەی سەردار بۆ ڕاگرتنی وردەواڵە و خواردن. ◀ قالک یان قوتوومەی تاپێروەر لە ١٩٥٠وە لە لایەن کۆمپانیای Tupperwareـەوە نێردرایە بازاڕەوە. ع درج، علیبة N tupperware boks د قوطی سردار. G خالّ G هەنبانە بۆرینە G کانی G ڕێژگە G شێخانی G دەستی

☞ گەروانکە




**قالۆنچە:** scarabs دەعبا ناو تەرسگلێنە، سکەرابس تیرەیەکی ڤالۆنچەن لە هەموو جیهان هەن جگە لە هێتمی باشوور و ئۆقیانووسەکان. ٣٠٠٠٠ جۆر ڤالۆنچەی ناسراو تەنها لەسەتا ١٠ی ڤالۆنچە پێک ئەهێنن ئابیروئەفسانە هێمایر لە سەردەمی میسری فیرعەونییەوە هەتا ئێستا ڤالۆنچەی سکەرابس وەکوو هێمای دارایی و بەختەوەری ناسراوە. ع الجعران N scarabs د سرگین غلتان.



**قالەک:** melted gold ئاوەڵناو تواوەی زێڕ و زیو. ع ذهب مصهور N smeltet gull د طلا و نقره ذوب شده.



**قاڵ:**❶ molten ئاوەڵناو تاواوە، تواوە. ع منصهر N smeltet د مذاب.

**قاڵ:**❷ experienced ئاوەڵناو لەکاردەرهاتوو، ڕاهاتوو لە کار. ع خبير N opplevde د مجرب.

**قاڵ:**❸ هێمایر خاوەن ئەزموونی ژیان.

**قاڵ:**❹ tumult ناو چەقچەق، ئەنگامە، دەنگوهەرا. ع ضوضاء N tumult د جنجال.

**قاڵ:**❺ shavings ناو پووش و پەلاش، چیلکە، ن: قرش و قاڵ. ع نجارة N spon د خاشاک.

**قالایی:** Tin ناو تەنەکە، کانزایەکی سپی زیوینی نەرمباوە بە ژمارەی ئەتۆمی ٥٠ لە خشتەی خولیدا، کە بە ئاسانی ئۆکسیدە نابێ و دانارزێ. لە زۆربەی دارشتەکاندا بەکار دێت. بۆ تەندروستی زیانبارە. N Tinn ع القصدير د قلع.

**دارشته:** alloy ناو ئالیاژ، تێکەڵەی چەند کانزا N legering ع أشابة د آلیاژ.



**قاڵکردن:** nectaring چاوگی تێنەپەڕ دارێژران، لە قاڵب دان، پوختە و زرنگ کردنی ڕۆن یان هەنگوین. ع الرحيق، خزو، ترويض N nekterende د شهد زدایی، ساغونی کردن، از کار درآوردن. ☜ قاڵکردنی هەنگوین.

ن: گورگی قاڵێکن: هێماپر شەریکە بەشن، هاوکار و هاوپیاڵەن.



**قاڵکردنی هەنگوین:** honey extraction هەنگداری جیاکردنەوەی ڕیاڵی هەنگوین لە مۆمەکەی لە ڕێگەی گەرمکردن و تواندنەوە. ع استخراج العسل N honning utvinning د استخراج عسل.

**بەشەکانی هەنگوین:** parts of honey comb خۆراک ناو بەرهەمی هەنگ لە شانە یان نانەکەدا دروست ئەبێت کە تەنها لە دووبەشی مۆم و، پاڵافتە، یان شیلەی هەنگوینی قاڵکراو پێکهاتووە. تێبینی: هەرچەند ڕیاڵ هەنگوینی قاڵکراوە و مۆمەکەی لێ جیا کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شانە گرانترە تاکوو شیلە؛ هۆکەشی کەمی شانەیە، واتە لە هەر ١٠٠ کیلۆ هەنگوین تەنها ١٠ کیلۆی بە شانەیی ئەمێنێت. هەنگوینی تێکە لە سەتا هەشتا تا نەوەدی شیلەیە و پارچەیەکی بچووکی شانە خراوەتە ناوی. ع عصارە N sevje د عصارە.



**قاڵماسک :** slingshot لەیستۆک چەک ناو قەڵماسک، بەردەقانی، قۆچەقانی، کەهێنک، دارلاسیک؛ جۆری یەکجار زۆرە، هەر لە لەیستۆکی مناڵەوە بگرە، بە دارێکی دوو فیلقانە و لاتیک و ناوکەفەوە، تا گەورەترین چەکی هاوێژەری سەردەمانی زوو، تا دۆزینەوەی باروت. ع مقلاع N sprettert د فلاخن، تیرکمان لاستیکی.



**قاڵنگە :** pull skein دەزوو ناو بەنی هەڵکراو بە شێوەیەکی تایبەتی راست و چەپ لە پەنجە گەورە و پەنجە تووتە دەئاڵێنرێ و پاشی ئەوەی ناوقەد بەرەوژووری ئەبەسترێ جەمسەرەکەیتری لەپەسا ئەکرێتە کار بەبێ ئەوەی بڵاو ببێتەوە، لە کاتێکا گلۆلە ئەگەر جەمسەرەکەی بگری و بەری بدەی، تل ئەبێتەوە و ئەڕوات؛ چەند هەودا دەزوو یان ئاوریشمێکە کە پێکەوە هەڵ کراون بۆ ئەوەی تاوتاو دەرکێشرێ و کار بکرێ N trekke nøste.




**قالۆرە :** ناو ساقەتە گیای ناوبۆش و ناوبەتاڵ. ← وەک قالۆرە : وەکوو

زەلی ناوبەتاڵ.



**قام:❶** موزیک دەزگای موزیک، مەقامی موزیک، گۆرانی.

**قام:❷** خدە ئاوەڵناو ئاکار.

**قام:❸** ناو بڵندایی باڵای مرۆڤ.

**قام:❹** ناو دەرفەت.

**قام:❺** ناو وزە، هێز و توانا.

**قام:❻** بەراوەرد لە بیچم و کەسکدا وەک یەک.

**قامک:** finger ناو پەنجە، ئەنگوست، تیل، کلک، قامک. ع سبع N

finger د انگشت. ⇦ **کلکەوانە:** خشڕ ئەنگوستیلە.



**قانگ:**❶ ناو دووکەڵ، دوو.

**قانگ:**❷ ڕووەک ناو ئەسپەندەر، هەرمەل، خەربەنگ، لە ڕێزەڵە ئەچێت و بەرەکەی وەکوو نۆک وایە.

**قانگ:**❸ ناو قان، دەرفەت بۆ دووبارە یاریکردن.

**قانگ:**❹ ڕووەک ناو ترێی بێ ناوک.

**قانگ:**❺ ناو قان، یەکەی بژاردنی تەنی ڕەق: کەڵلای یەک قان، هەڵماتی دوو قانگ.

**قانگ:**❻ ڕووەک ناو تووری کفەڵ.







**قانگدان:** چاوگی تێنەپەڕ دەریەڕاندن بە دووکەڵ، دەرکردن بە دووکەڵ.
قانگدانی مێشهەنگوین.





**قانوونی:** canonical ڕێبسا ئادیننامە پەروەردەی قانوونی بە گوێرەی ئادیننامەی کلیسا. ☜ پەروەردەی قانوونی

**قانوونی باجی شەراب:** ١٨ی برۆمێر داد بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی

نەتەوەیی دەستووری، بڕیار بوو لە یەکی جانیوەریی ١٨٥٠ەوە باجی شەراب هەڵبگیرێ، بەڵام دە ڕۆژێک بەر لەو ڕێکەوتە، واتە لە ٢٠ی دێسەمبەری ١٨٤٩ ئەنجوومەنی ڕێسادانان ئەو ڕێسایەی تازەی کردەوە.

**قانوونی پەروەردەی فالۆ:** ڕێسادانان ١٨ی برۆمێر بەپێی ڕێسای کاتیی پەسەندکراوی ١٣ی دێسەمبەری ١٨٤٩، سەرۆکی هەموو بەڕێوەبەرێتییەکانی پۆلیس، دەسەڵاتیان پێ درا، هەر مامۆستایەک لە وانەوتنەوەدا پەیڕەوی شیاوی ئایینی مەسیح نەبوو، لە کار دەری بکەن. ئەم دەسەڵاتە بۆ ماوەی شەش مانگ برەوی هەبوو، ئەم قانوونە پێشنیازی فالۆ بوو کە لە ١٥ی مارچی ١٨٤٩ پەسەند کرابوو.

**قانوونی کوێستۆرەکان:** ڕێسادانان ١٨ی برۆمێر قانوونی کوێستۆرەکان: proposition des questeurs لە وشەی لاتینیی quouestor لە ڕۆمای دێرین بە واتای گەنجینەوان. ئەم ڕێسایە ڕۆژی ٦ی نۆڤەمبەری ١٨٥١ لە لایەن دوو ئەندامی پاشاییخواز، کە کوێستۆر یان ڕاوێژکاری پەرلەمان لە کاروباری دارایی و ئاسایشی پەرلەمان بوون، پێشنیاز کرا. ئەم گەڵاڵەیە لە ١٧ی نۆڤەمبەردا پاش مشتومڕێکی توندوتیژ ڕەت کرایەوە. کاتی دەنگدان مۆنتانی، باڵی چەپی پەرلەمان، کە پاشاییخوازانی بە مەترسییەکی گەورە ئەزانی، پشتیوانیی لە بۆناپارتیستەکان کرد E quaestors.





**قانوونی هۆیەتی:** law of causality ڕێسادانان هۆکارگەری، قانوونی

پەیوەندیی نێوان هۆ و بەرهۆ [د] قانون السببية [د] قانون علیت.



**قانه ❶:** opportunity [ناو] مۆڵەت، ماوە، دەرفەت. [ع] فرصة [N] mulighet [د] فرصت.

**قانه ❷:** [ناو] دێراوەڕەز [دێراو+ە+ڕەز] جۆگەلەی ڕەز.

**قانه ❸:** [ناو] گەز و یاردی پێوان.

**قانه ❹:** [ناو] تویێەک کووتاڵ لە تۆپە کووتاڵدا، قەدێکی کووتاڵە لە تۆپی کارخانەییدا.

**قاو:** rumour [ناو] دەنگۆ، بانگەشە، درۆودەلەسە. [ع] شائعة [N] rykte [د] شایعە.

**ن:** قاو داکەوتووە، داگیرکەر شوێنەواری لە کوردستان ون ئەکات.

**قاوداکەوتن:** spreading rumours [چاوگی تێنەپەڕ] بڵاوبوونەوەی بانگەشە و دەنگۆ و درۆودەلەسە. [ع] نشر الشائعات [N] spre rykter [د] شایعە پراکنی.

**قاوکردن:** calling, call [چاوگی تێپەڕ] بانگ کردن، دەنگکردن، گازکردن، چڕین. [ع] نداء [N] anrop [د] صداکردن.

**قاوەتوونی سەر چیمەن:** déjeuner sur l'herbe [شێوەکاری] دوو تابلۆی بەناوبانگ هەیە بەم ناوە، یەکیان هی مانێ Edouard Manet و ئەوی تریان تابلۆیەکی سێ لەتە و هی مۆنێیە Claude Monet کە تەنها دوو لەتی ماوە.





**قاهیرە:** Cairo جوگرافیا پایتەخت قاهیرە گەورەترین شار و هەروەها پایتەختی وڵاتی میسرە، لە کەناری چەمی نیلدا هەڵکەوتووە. ژمارەی دانیشتوانی قاهیرە زیاتر لە ١٥ ملیۆنە و ئەمە قاهیرە ئەکاتە گەورەترین

شاری کیشوەری ئافریقا و گەورەترین شاری جیهانی عەرەبی. [ع] القاهرة [N] Kairo [د] قاهره.




**قایشی ڕەخت:** bandolier, military belt [سەربازی] [ناو] فانوسقە {ڕووسی} چەرم یان برێزنتی تۆکمەی جلی سەربازی، بۆ هەڵواسینی فیشەکدان و قومقومە و دەمانچە و نارنجەک.



**قایل:** convinced [ناو] بوێن، دڵتێر، دڵنیا، ڕازی، ڕەزامەند، بە تەواوەتی دڵنیابوون لە شتێک. [ع] قانع، قائل، متقاعد [N] overbevist [د] قانع، قائل، متقاعد. ⟵ convince پێ سەلماندن، دڵنیاکردن.

**قدۆش:** misfortune [ناو] شووم، پێ ڕەش، نەحس. [ع] نحس [N] ulykke [د] نحس.

**قرتێنە:** push_button, snap fastener ئامراز ناو دوگمەیەکی نێر و مێیە، کاتی جووتبوون قرتەی لێوە دێ. ئەندازەی بچووک و گەورەی هەیە، وەک قرتێنەی کراس و قرتێنەی جەکەتی چەرم. ع اضغط الزر N trykknapp د دکمه فشاری F bouton poussoir.



**قرچە:** ❶ high heat ئاوەڵناو تەوژمی گەرما. ن: بەمە قرچەی هاوینە. ع درجة حرارة عالية N høy varme د شدت گرما.

**قرچەی هاوین:** season of great heat

**قرچەی نیوەڕۆ:** hottest part of summer

**قرچەی گەرما:** noon_day heat

**قرچە:** ❷ crackle, sustained crackling دەنگەوشە ئاوەڵناو دەنگی پشکوتن و تەقینی برێشکە لە سەر ساج؛ ◀ دەنگی ڕۆنی سەر ئاگر؛ ◀ دەنگی شکانی دار و ئێسک؛ ◀ تەقەی پشت و قامک لە کێشان و کشاندا. ن: قرچە لە پشتمەوە هات، قامکم کێشا قرچەی هات. ع درجة حرارة عالية N høy varme د شدت گرما.

**قرچەقرچ:** sustained crackling ناو

**قرچوهور:** loud crackle, creaking ناو

پەند دڵداری هۆنەر ئەگێڕێتەوە: ڕەخنەگرێک گرێو دەکات تەنها بۆ یەک ڕۆژ درۆ نەکات. لە مووسڵ لەبەر سیبەری کۆگایەک دانیشتبوون، تازەزاوایەکی جوولەکە بەوێدا هات کە جلێکی دارماڵی لەبەردا بوو.

کابرای ڕەخنەگر هەر سەیری تازەزاوای کرد و لەپڕ تەقییەوە و وتی: بگرن کاکە ئەممەش بیست دینارەکەتان. من دۆڕام. «باشە ئەبێ بەس لەبەر ئەوەی تازەزاوایە ئەو زستانە بهێنێ بۆ ئەم قرچەی هاوینە؟»

**قرچەی نیوەڕۆ:** High Noon سینەما فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٥٢ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ستەنلی کرەیمر.




**قردێلە:** ribbon ناو ڕووبان، قەیتان، بەنۆک، باریکە، پاپیۆن. ٤ شریط N bånd د روبان.



**قردێلەی مۆبیۆس:** möbius strip ناوی لێکدراو ڕووبان یان قردێلەیەکە دوو جەمسەرەکەی داخراوە و بازنەیەکی بەدی هێناوە، بەس سەرێکی قردێلەکە بەر لە لکاندن نیوسووڕ سووڕاوە، لە نێوان هەر دوو خاڵی ئەم قردێلەیەدا، بەبێ دابڕینی لێوارەکەی، ئەتوانرێ هێڵکی بەردەوام بکێشرێ. کەواتە قردێلەی مۆبیۆس تەنها یەک ڕووبەر و یەک سنوور یان لێواری هەیە. ساڵی ١٨٥٨ دوو بیرکاری ئاڵمانی بە ناوی مۆبیۆس و بنێدیکت دۆزیانەوە.




**قرساندن:** speculation ئاڵۆگۆڕ چاوگی تێپەڕ خەملاندن د تخمين زدن E surmise.




**قرمژن:** ناوی چاوگ [قرمە+ ژن] دەنگەوشە = دەنگی قرمە [دەنگی قرمەی دەستڕێژی چەک.

**قرک:** neck tubercle ناو کەڵەبابە، گوێزەی ئەستۆ؛ خڕایی گەردن؛ دەرپەڕیوی بەر گەروو کە بە هۆی پێکگەیشتنی دوو لقی تیرۆیید پێک دێ. ع حدبة العنق N hals tuberkel د سیبک، سیب آدم.

**قرکەر:** annihilator ئاوەڵناوی فرمان [لە قڕکردن] تووناکەر، قەلاچۆکەر، تیابەر، فەوتێنەر، لەناوبەر. ع المدمر N annihilator د نابود کنندە.

**قرکردن:** annihilate چاوگی تێپەڕ تووناکردن، قەلاچۆکردن، ڕەگبڕکردن، تیابردن، فەوتاندن، لەناوبردن، پووچاندنەوە تا ڕادەی سفر. ع ابادة N utslette د نابود کردن E annihilation.

**قرنیس:** greed ناو بەهەڵپە، تامەزرۆ، چاوچنۆک. ع نهم N grådighet د طمع.

**قرنیسی:** craving ئاوەڵناو بەهەڵپەوە، بە حەز و ئارەزووی زۆرەوە، بە چاوچنۆکی. ع نهم N grådig د طمعکاری، ولع.

**قرە:❶** last ئاوەڵکار دواین کەس. ع الاخیر N siste د آخرین. ← باش و قرە: یەکەم کەس و دوا کەس.

**قرە:❷** altercation ناو کێشە، شەڕوکێشە، ململانێ، کێشمەکێش، مشتومڕ، شەڕەقسە، دوو و سێ، دەمەقاڵە، دەمەقرە، زمانبازی؛ مشتومڕی زارەکی. ع مشادة، مهاترة N krangel د نزاع، جدال لفظی.

**قژبژ:** fuzzy hair ئاوەڵناوی لێکدراو سەرکوڵکنی قژئاڵۆزاو. ع شعر مجعد N uklart hår د مو وزوزی.





**قژزەرد:** blond, fair ئاوەڵناوی لێکدراو بسکزەر، قژکاڵ.

**قژکاڵ:** blond, fair ئاوەڵناوی لێکدراو قژزەردی سوورهاڵ، بلۆند.

قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ
گۆران

**قژکردن:** چاوگی تێنەپەڕ کردنەوە: زارت قژکە: دەمت بکەرەوە.

**قسر:❶** ئاوەڵناو نەزۆک، ئەستێور

**قسر:❷** ئاوەڵناو داری لەبەرکەوتوو.

**قسر:❸** ناو قسڵ، ئاهەک.

**قسڵ:** lime ناو ئاهەک. هێسنێکی بازی سووتێنەری سپییە کە ئۆکسیدی کالسیۆمی calcium oxide تێدایە و لە ڕێگەی گەرمکردنی بەردی ئاهەکەوە بەدەست دێ ☜ بەردەئاهەک ☜ مسکی.




**قسەڕەق:** blunt ئاوەڵناو قسەلەڕوو، بێ پڕکێشی. ع فظ N sløv د رک.

**قسەی بۆش:** nonsense ناوی لێکدراو گوتەی بێنرخ، بێواتا، قلی‌وبلی، هەڵیتوپەڵیت. ع کلام فارغ N tull د مهمل.

**قشڵە:** blunt سەربازی ناو پادگان، سەربازگە، سەربازخانە. ع ثکنات عسکریة N brakke د پادگان.

**قفڵ:** padlock پاراستن ناو کەرەستەیەکی قوڵفەداری نووشتاوەیە بەسەر تەنەکەیدا، بۆ مەبەستی پاراستن ئەبەسترێت و بە کلیل ئەکرێتەوە. ع قفل N hengelås د قفل.



**قفڵساز:** locksmith پیشەگەر ناو وەستای دروستکردن و چاککردنەوەی قفڵ. N låsesmed ع قفال د قفل ساز.

**قلّپ:** overturning ناو سەرەونخون، وەرگەڕان. ع انقلاب N velte د واژگون شدن.

**قلّپکردنەوە:** ❶ چاوگی دووڵو سەرەونخوون کردنەوە.

**قلّمکردنەوە:** ❷ چاوگی دووڵو دەنگی ڕژانی ئاو لە دەفری مل باریکدا.

**قلّمکردنەوە:** ❸ چاوگی دووڵو فەوتاندن، لەناوبردن.



**قنچکان:** squatting شێوەی دانیشتن چاوگی تێپەڕ تروشکان، هەڵتروشکان، چیچکان، دەسەزرانی، قنج دانیشتن؛ نوشتانەوە و دانیشتن لەکاتێکدا ئەژنۆکان چەماوەتەوە و پاژنەکان نزیکی سمت یان پشتی ڕان وەستاون یان پێوەی لکاون. ع قرفصاء N huk د چمباتمە.



**قنەلاشک:** ڕووەک ناوی لێکدراو قنگەلاشک، پەلک و گەڵای وشکەڵاتووی کنگر بە دەم باوە.



**قۆپان:** گیاجاڕ ناوی جێگا گیاجاڕی تایبەتی بۆ لەوەڕی ئاژەڵ.

**قۆتک:** stroke دارەت فەرمان وەستانی مێشک. ع سکتة دماغیة N slag د سکته مغزی.

**قۆچ:** ئاژەڵ ناو بەران.



**قۆچاخ:** ئاوەڵناو زیرەک، وشت، وریا، بزۆز، چالاک، لەش سووک، بەبڕ.

**قۆچەک:** ناو کۆیارە، هەنج، بەرزایی پشتی وشتر.

**قۆچی قوربانی:** scapegoat ئاوەڵناو بزنی سەرگەرد، بزنی گوناهبەر، ئەو بزنەی کە خاخامی جوولەکە هەموو تاوانەکانی خەڵکی دا بە کۆڵیدا و لە بیابان بەرەڵای کرد {تەورات، لاوین، پەرتووکی سێیەم، ١٦}.






**قۆرت:** obstacle, pothole هێمایر ناو هەڵەت، چاڵەقووت، ڕێگر، تەگەرە، ئەسکوند، چاڵوچۆڵ. ع أخدود، مشاكل N jettegryte د مانع، چالە چولە.

◄ فەرهەنگی وەهبی ئەدمۆندز ئەم واتانەی بۆ داناوە: ruck, excrescence, snag, obstacle, difficulty, rucked, snaggy, beset with obstacles

**قۆرتتێکەوتن:** get into difficulties ناو لەمپەر و بەرگر هاتنە پێش کاروبار، چەت تێ کەوتن. ع حدوث مشاكل N problemer som oppstår د مانع بوجود آمدن.

**قۆرتتێخستن:** trouble making, impede ناو لەمپەر و بەرگر خستنە بەر کاروبار، چەت تێ خستن. ع صنع المشاكل N problemer med å lage د مشکل سازی، چوب لای چرخ گذاشتن.

**قۆرتدان:** impede ناو هەڵنگووتن، سەرسم دان بە هۆی چاڵی سەر ڕێگا، تووشی کێشە هاتن.

**قۆرتم:** ❶ calamity ناو ئاسێو، ڕووداوی ناخۆش، تەمەرە، کارەسات، نسکۆ. ع مصيبة N ulykke د مصيبت.

**قۆرتم:** ❷ تەنگوچەڵەمە، نەهات و ناخۆشی.

**قورنە:** گۆشە، سووچ. ع زاوية N vinkel د زاويه.

**قۆزاخە:** ❶ پێوەر ناو پارچەیەک لە شتێکی چواربەشکراوی هێشتا جیانەکراوە ن: هەنارەکەی چوار قۆزاخە لەت کرد.







**قۆزاخە:** ❷ cocoon دەعبا ناو ماشۆت، کلاّفە هەورێشمی دەستلێنەدراوی خۆڕسک و سروشتی کە **پیۆپا**ی لەناودایە. ع شرنقة N kokong د پیلە. ← **پیۆپا:** دەعبا ناو گەرای تازەدەرهاتوو د تخم حشره تاز درآمدە، هەورێشمی خۆڕسکی لە قۆزاخە دەرهاتوو.






**قۆزاخە:** ❸ boll ڕووەک ناو شکۆفەی گەیشتووی پەموو. ع اللوز N boll د غوزە.








**قۆشمە :** humorist نازناو ئاوەڵناو مرۆی زیرەک و قسەخۆش، تیتالی و حەنەکباز. ع الفكاهي N humorist د بذلەگو. ع الفكاهي N humorist د بذلەگو.

**قەشمەر :** ridiculous ناونیشکە ناوی فەرمان ڕاگەش، مرۆی ڕوودار و نەسەلار و گاڵتەجاڕ، تانەوەشێن. ع سخیف N latterlig د مسخره.

ن: ئەشی خوری و ئەشی یەشێ: گاڵتە بەخەڵک ئەکات، بەڵام بۆخۆی بەرگەی پلار ناگرێ.

ن: قەشمەری نزمترین شێوەی قۆشمەییە.

*Eg.:* Sarcasm is the lowest form of wit.




**قۆقز :** convex ئاوەڵناو زەق، زۆپ، کووڕ. ع محدب N konveks د محدب.
ن: قۆقز و قوپاو.

**قۆڵ:❶** jib ناو دەسک، بازوو، ناوەندی شان و ئانیشک. ع ذراع المرفاع N jibb د بازو.

ن: **قۆڵی سلینگ:** jib crane

ن: **قۆڵی ئەڕابە یان عەرەبانە.**

**قۆڵ:❷** arm ناو قۆڵی مرۆڤ، هەرکام لە دوو ئەندامی سەرەوەی جەستەی مرۆڤ لە شانەوە تا مەچەک. ع ذراع N væpne د بازوی انسان. ☜ دەسک




**قۆڵا:** neat ئاوەڵناو ڕێک، ڕەختە و شیاو، لەبار، گونجاو. ⇦ ئەم پینەیە ناقۆڵایە، کابرایەکی ناقۆڵایە. ع متقن N ryddig د مرتب.

**قۆڵچی:** ناو پۆلیس.

**قۆناغەکانی لەخاچدن:** Way of the Cross ئایینناسی داب‌ونەریت چواردە وێنەی قۆناغەکانی لەخاچدانی عیسا پیشان ئەدەن. پەیڕەوانی فەلە سالآنە ئەم بۆنەیە لە جرووزالم و لە شەقامی دۆلۆرۆزا تا گۆلگەتا پاتە ئەکەنەوە. ☜ ڤیا دۆلۆرۆزا ☜ گۆلگەتا



**قوباد:** ❶ پادشا قوبادی یەکەم کوڕی پیرۆز، پادشای ساسانی کە دوو جار چووە سەر تەخت. جاری یەکەم (٤٨ـ٤٩٦) خولی دووەمی پاشایەتی (٤٩٩ـ٥٣١).

**قوباد:❷** پادشا قوبادی دووەم یان شیرۆیە کوری خوسرەو پەرویز پادشای ساسانی، ساڵی ٦٢٨ی زاینی چەند مانگێک پادشایی کرد.

**قوباد:❸** ئەفسانە پادشا کەیقوبادی یەکەم، واتە شاهقوباد، یەکەم پادشا و دامەزرێنەری پاشایەتی کیانیەکان بوو.



**قوببە :** spire نژیارقانر بەرژەنگ نیشانە ناو کەلانە، بەرزترین بەشی گومەز یان زەنگخانەی کلیسا یان کۆمانجی ئەورماڵ N spir ع قمة مستدقة د گلدستە **گومەز :** نژیارقانر ناو گومەت، تاقێکی خرە کە بنەکەی بە زۆری بازنەییە N kuppel ع قبب د گنبد.




**قوپاو :** concave ئەندازە ئاوەڵناو ناوچاڵ، رۆچووگ. ع مقعر N konkav د مقعر ☜: قۆقز و قوپاو.

**قوتار :** end ناو رزگار. ⇐ بە فرکە لە دەستی قوتار بووم؛ رزگاربووم، خەلاس بوون؛ برانەوە، تەواوبوون. ع نهاية N slutt د تمام.

ئاردمان قوتار بووە. ⇦ **دارماڵ:** totally ئاوەڵکار دەراندەر، سەرپاک، بەرهەڤ، بەجارەکی، پێکرا، بەیەکجاری، بێکەماسی، دارماڵ، بەتەڤایی، پڕاوپڕ، خشت، سەرلەبەر. ٤ کامل N fullt د کامل.

**قوتوو:** ❶ can, box, canister کەرەستە ناو قاپ یان دەفرێک کە بنما و لاکانی تەختە، بە شێوەیەکی گشتی چوارگۆشە یان لوولەکییە و سەرقاپی هەیە.



**قوتوو:** ❷ console کەرەستە ناو car console یان قوتووی ئوتۆمۆبیل، کۆگایەکی بچووک لە نێوان کورسییەکانی پێشەوەی ئۆتۆمبێلدا، بۆ هەڵگرتنی شمەکی وردە.



**قوتووی پاندۆرا:** Pandora's box ئایین‌وئەفسانە لە میسۆلۆجی یۆنان یەکەم ژنی سەر عەرزە کە هەموو خواکان پێکەوە دروستیان کرد و هەرکام لە هونەر و ڕێزەنی خۆیان پێبەخشی و هرمس ناوی نا پاندۆرا، بە واتای کۆی بەهرەکان. پاندۆرا قوتوویەکی پڕ درابوو کە بیدا بە مرۆڤ

و داوایان لێبکا هەرگیز نەیکەنەوە. بەڵام خۆی لە پاش شووکردن کردییەوە و هەموو بەڵا و ڕۆژەڕەشی لێهاتە دەرەوە وەکوو کار و نەخۆشیی و مەرگ و، تەنها هیوای تێدا مایەوە بۆ دڵدانەوەی مرۆڤ، قوتووی پاندۆرا بە واتای بەدبەختییەکی لەچارەنەهاتووە.





**قورچک:** dose پزیشکی ناو ژەمەدەرمان، گوڵم، بژێکی دەرمان کە بۆ یەکجار بەکار ئەهێنرێ. ع جرعە N dose د جرعە.






**قورسە:** bullion داڕشتە ناو تۆڵا، لۆک، داڕشتە، شمش N bullion ع السبائک د شمش.





**قورسی:** کەلوپەل ناو مێزێکی قاچ کورتە لە ناوچەی ساردەسێری کوردستان لێفە ئەدەن بە سەریدا و مەنگەڵی پشکۆ ئەخەنە بنی، لە گردی دائەنیشن و خۆیان لە سەرمای زستان ئەپارێزن.





**قورقوشم:** Lead هێسن ناو سرفت، زرفت یان سرب، توخمێکی کیمیاییە لە ڕیزی کانزاکاندا بە هێمای Pb لە Plumbum و گەردیلەی ژمارە ٨٢ـە. تێشکی ناوکی پێیدا تێپەڕ ناکات و لە سروشتدا بە شێوازی کانی بە ناوی گالێنا Galena هەیە. قورقوشم کانزایەکی ورشەدار و نەرم و باوخۆرە، بۆ خانووسازی و ساچمە و گوللە و ئالیاژ بەکار دێت ☜ قورقوشمخانە.








**قورقوشمخانە:** بەندیخانە گەڕان-٦ یان بە ئیتالیایی پیۆمبی Piombi سەیزانێک بووە، لە بن کۆشکی دۆجەکان لە ڤێنیزیا، کە وەکوو بەندیخانە بەکار هێنراوە و زۆر بەناوبانگ بووە، هەروەها لەبەر ئەوە پێی وتراوە قورقوشمخانە، چونکە سارنج و زێرخانەکانی ڤێنیزیا کە لە ناو ئاودا بوون، بە {پیومبی Piombi} واتە قورقوشم lead کونبڕ ئەکران، تا ئاو دزە نەکات بۆ ژوورەوە. جیاکۆمۆ کازانۆڤا توانی لە ساڵی ١٧٥٦ لەم بەندیخانەیە ڕابکات و، سەربردەی هەڵاتنەکەی لە زیندانی پیۆمبی، لە ١٧٨٧دا بڵاو کردەوە.









**قورم:** soot سووتان ناو هیس، سیان، تەنی، ڕەشایی نیشتووی دووکەڵ، دووکەڵی چڕ د دودە N sot ع السخام. ← **سووتوو:** soot سووتان ناو سووتک، بزووت، سەرەبزووت، چیلکە داری سەربەئاگر، سووتاوی نیوەسووت.

**soot و سووتوو؟!**





**قوڕاوی:** muddy [ئاوەڵناو] لیخن، لیتاوی، لیڵ، بەخی، ئاقشیز، شلوێ، نازوڵاڵ، ناڕوون؛ چڵکن. [ع] موحلة [N] gjørmete [د] گل‌آلود، کدر.




**قوڕبەسەر جیهان:** [ئایینناسی] ئینجیلی کوردی، مەتا ١٨:٧ «قوڕبەسەر جیهان لەبەر ئەو کۆسپانەی کە مرۆڤ تووشی گوناه دەکەن! چونکە کۆسپەکان هەر دەبێ هەبن، بەڵام قوڕبەسەر ئەوەی دەبێتە هۆی کۆسپەکان!»

**قوڕقوڕاچکە:** throat, gullet [توێکاری] [ناو] گەروو، گەڵوو، قوڕگ، قوڕاچکە، قوڕقوڕاگە؛ بەشی پێشەوەی گەردن بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، کە بریتین لە: ئەوک، خوێنهێنەر و خوێنبەرەکان، دەمارەکان، ماسوولکەکان و... [ع] حلق، مريء [N] hals, spiserør [د] گلو، حلق، نای.







**قوشارێ:** thyroid توێکاری ناو سایرۆید، ڕژێنێکی گەورەی بێ بۆرییە لە ملدا، هۆرمۆنی ڕێکخستنی گەشە و باڵاکردن ڕێکدەخات، بە گوێرەی ڕێژەی میتابۆلیزم. ع غدة درقیة N skjoldbruskkjertelen د تیروئید.



**قوشقی:** angry ئاوەڵناو سڵ، تووڕە، وەڕەز. ع غاضب N sint د خشمگین.

**قول:** کشتوکاڵ خەرمان ناو قۆڵمە، دەستکێکی بچکۆلانە؛ چەند قول یەک گەشتانە، چەند گەشتانە مەلۆیەکە، سێ مەلۆ باخەیەکە، چەن باخە لۆدەیەک، دوو لۆدە بارێکە، چەند بار گیشە یان شارا و کۆی گیشەی دووراو خەرمانە:

قول، گەشتانە، مەلۆ، باخە، لۆدە، بار، گیشە، خەرمان

یان:

گۆڵمە، سواڵە، مەلۆ، باخە، شەنە، شەماڵ، شارا، خەرمانی سوور.





**قولاپە:** ankle ناو قولەپێ، جومگەی پا، باریکایی پووز. ع كاحل N ankel د مچ پا.

**قولاپەگرتن:** دەستەواژە هێمایر چاوگی تێپەڕ پەخەگرتن و پیا هەڵپێچان، بیانوو پێگرتن، شەرپێفرۆشتن.



**قولاپی کلاوچنین:** knitting hooks ئامێر ناو قولاپی مەکینەی کامواچنین یان تریکۆچن. ع خطاف الحياكة N strikkekroker د قلاب بافندگی.





**قولاج:** [یەکە] [ئەندازە] یەکەی درێژایی کە ئەکاتە سەری پەنجەی ئاماژە تا سەری قامکە گەورە بە بڵاوی، نزیکەی ١٥ سەنتیمە.

- **باڵ:** yard گەز، زەر، نزیکەی ١٠٥ سەنتیمە. [ع] الوار [N] verftet [د] گز.
- **دووباڵ:** fathom, armspan دووباڵ، سینگ، دووباڵ، نزیکەی ١٨٠ سەنتیمە. [ع] الباع [N] fathom, armspenn [د] دوبال.
- **ساقۆڵ:** cubit بازوو، چارەکەزەر. [ع] الذراع [N] alen [د] ذرع.
- **قولاج:** digit دووقامک [N] digit [ع] الفتر [د] باز، قلاج.
- **بست:** span بنگووس، وزە. [ع] الشبر [د] وجب.
- **پەنجە:** doigt پەنجە، قامک، کلک. [ع] الاصبع [د] انگشت.
- **گرێ پەنجە:** digit گرێ قامک. [ع] الائمله [د] بند انگشت.



**قولۆر :** crooked ئاوەڵناو نەپۆڕ، ناقۆڵا، خواروخێچ. ع ملتوية N krokete د کج و کوله.




**قوڵ:❶** ناو کورت ن: قوڵە: مرۆڤی کورت.
**قوڵ:❷** ناو ئاژەڵی کلک پەڕیو.
**قوڵ:❸** ناو جۆشێک، یان قوڵتێک لە ئاوی سەر ئاگر.



**قولاخ:❶** ناو قۆزاخە پەموو.
**قولاخ:❷** ناوی جێگا جێگەی ئاو دابەشکردن لە مەرەزە
**قولاخ:❸** بەڵگە ناو بەڵگەی ئاژەڵی ونبوو کە شوان ئەبێ پیشانی بدا
**قولاخ:❹** aware ئاوەڵناو لەسەر هەست. ع واع N klar over د ملتفت، مسبوق ن: گوێ قولاخ بە.




**قوڵپ:**❶ ئاوەڵناو گریانی لەپڕ ⬅: لە قوڵپی گریانی دا.

**قوڵپ:**❷ دەنگەوشە دەنگی جۆشینی ئاو لە سەرچاوە.

**قوڵپ:**❸ دەنگەوشە دەنگی ئاوی کوڵاتوو لەسەر ئاگر.

**قوڵپ:**❹ کەرەستە ناو دەسک و هەنگڵی دەفر.

**قوڵپ:**❺ ناوچە ناوی جێگا ناوچەیەکە لای ئامێدی.

**قوڵتەش:** trollop ناو قوڵتەشە، ڕوودار، بێڕووومەت، لەشفرۆش، بێشەرم و فەهیت. ع امرأة قذرة N trollopp د زن هرزه.







**قوڵتەشی:** insult ناوی چاوگ سووکایەتی پێکردن. ع اهانە N fornærmelse د اهانت. ⬅ بە قوڵتەشی: بە سووکایەتی پێکردنەوە.

**قوڵەدز:** ناوی لێکدراو گەنەدەز.

**قوڵتە:** Nuthatch باڵندە مەلێکی گەرمیانی زۆر جووڵەیە، لە چۆلەکە ئەکا، چەریکەی زەلاڵ و ڕەنگی پشتی خۆلەمێشی مەیلەو کەوەیە، ژێرسک

سپی، بۆ دواوە پاشوی ڕەنگی {لەتکە نۆکیە ـ زەردی کاڵ} یان وەک ڕەنگی بەڕوی وشک {خاکی ـ قاوەیی}، لەسەر درەختەکان یان کۆ و کەمەر {تاشەبەردەکان} دەژی و هێلانەی قوڕینە لەناو مەزرا بۆ خۆی دروست ئەکا. سەری گەورەیە، دەندوکی زۆر بەهێزە، پێکانی کورتە و چڕنوکەکانی درێژ و بەهێزە، هێڵێکی ڕەش چاوەکانی داپۆشیوە لە پشت دەنوکەوە تا گەردەنی ڕۆشتوە، باڵەکانی خڕ و کورت، کلکی کورت، بەشێوەیەکی گشتی وەک باڵندەیەکی خڕو بەهێز دیارە. قولتە باڵندەیەکە کۆچ و ڕەوناکات، بەدرێژایی ساڵ لەهێلانەکەی خۆیدا لەهەمان ناوچە ئەژی. لە سەرانسەری جیهاندا نزیکەی ٢٨ جۆرە قوڵتە هەیە، کە بە پێی دابەشبونی جوگرافی {ئاوازی خوێندن و ڕەنگ و قەبارە و شێوەیان} کەمێک ئەگۆڕێ. بەلام هەر هەمویان لە تیرەی قوڵتە sittidae و ڕەگەزی nuthatch ن، گەورەترین قولتە درێژی نزیکەی ٢٠سم و کێشی ٣٦ـ٤٧ گرەمە، بجوکترین قوڵتە درێژی ١٠سم و کێشی ١٠ گرەمە کەپێی ئەوترێ قوڵتەی بچوک {قەزەم} [د] کمرکولی [N] Nuthatch [ع] خازنات البندق ـ کاسرات الجوز [E] Nuthatch ناوی ئەو جۆرەی لە ئاسیا و ئورووپا ئەژی: Eurasian nuthatch ناوی زانستی: sitta europaea.







**قوڵم:** arrogant ناو خۆ بە زۆرزان، غللۆر، دفرە، لووتبەرز و بادیهەوا.
ع متعجرف N arrogant د مغرور.

**قونتک:** sarma خۆراک ناو ئاپراخ، سارمە، دۆڵمەی گەڵا مێو. ع محشي ورق عنب N kålruller د دلمە برگ مو. هەنبانە بۆرینە





**قونتە:** ناو کوڵە، قوڵە.

**قونە:** فەرمان هەڵخەوداخەی قاز و مریشک؛ ڕۆیشتنی کەو و کۆتر.

**قووتدان:** devour چاوگی تێپەڕ بردنە خوارەوەی خواردەمەنی لە دەمەوە بۆ ناوسک. ع افترس N sluke د بلعیدن.

**قووتدراو:** devoured فەرمان خۆراک یان نێچیری خوراو. دەروونناسی هێمایی هەستێکی دەروونییە کە مرۆڤ وا ئەزانێ لە لایەن گیانەوەرکی وەڕارەییەوە خوراوە و نەماوە و، بە زۆری چەشنێک نەخۆشی و ناسازی دەروونیە. ع التهمت N slukte د بلعیده شده.








**قووچ:** پۆشاک ناو سەرکڵاو، کڵاوی لکاو بە بارانی یان تراکسووتەوە E hood.





**قووچەک:** cone ئەندازە ناو ماکێکی کرەک یان ناو بۆشە بنەکەی خرە و بازنەیە و تەنک ئەبێتەوە تا سەرەکەی ئەبێ بە خاڵێک. ع مخروط N Kjegle د مخروط.






**قووچەکی:** Parabolic ئاوەڵناو هێڵی چەماوەی وەکوو قووچەک N Parabolsk ع مکافئ د سهموی.







**قووڵ:** pensive ناوی‌فەرمان ئاڵوودەی بیر و ئەندێشەی قووڵ و ڕاستەقینە.
ع متأمل N ettertenksom د متفکر ن: مووزیکی قووڵ.

**قووڵایی ڕووناک:** deep focus سینەما فیلمگرتن قووڵایی چەقبەستوو، تەکنیکێکی فیلمگرتنە کە سوود لە قووڵایی بەرینی گۆڕەپان وەرئەگرێ. قووڵایی گۆڕەپان بریتییە لە کەوشنی چەق لە پێشەوە بۆ دواوە لە یەک دیمەندا، یان ئەوەی کە تا چەند زەق و ڕوون خۆیا ئەکات. لە قووڵایی ڕووناک، پێش زەمینە، ناوەند و پاش زەمینە هەموویان لە چەقی کامێرادان. ⇦ لە قووڵایی.










**قەبارەی سروشتی:** ئاوەڵناو پێوەری سروشتی E life_size.

**قەبرغە:❶** توێکاری ناو برک، تەراد، لاکەلەکە، لە ئەسپدا ئەکەوێتە بن تەکەڵتوو.

**قەبرغە:❷** ناو نێوانی هەر دوو شان کە قورسایی بار ئەکەوێتە سەری د گُردە.



**قەپاتمە :** mistress ناو گراوی. ع عشيقة N elskerinne د معشوقة.

**قەپاڵ :** hunk ناو پارچەیەکی گەورەی هەر شتێک، پچڕینی پڕبەدەم. ع قطعة كبيرة N kjekkas د تکە بزرگ. ن: قەپاڵێکی لێکردەوە: واتە پارچەیەکی پڕبەدەمی لێکردەوە.

**قەپکەن :** فەرمان بە قەپ هەڵپچڕاو.

**قەراخی دەنگی :** soundtrack سینەما ناو دەنگی تۆمارکراوی گوتە و موزیک لە قەراخی فیلمی سینەمایی. ع تسجيل صوتي N lydspor د حاشيه صوتى.



**قەپۆشکە :** snail نەرمەلۆکە ناو شەیتانۆکە، هێلکەشەیتانۆکە، لیسگ، لوولپێچ، نەرمەلۆکەیەکە یەک توێکڵی خولگەیی هەیە ئەتوانێ هەموو جەستەی تێدا بشارێتەوە. ع حلزون N snegl د حلزون.



**قەپۆشکەی گوێ :** cochlea زیندەوەرزانی یان لوولپێچی گوێ، یان کۆکلیا، بەشی لوولپێچی ناووەی گوێیە، کە ئەندامی مایکرۆمێکانیکی «کۆرتی»

تێدایە و لەرینەوەی دەماری بۆ لەرینەوەی دەنگی بەدی ئەهێنێ N Ørsnegl ع قوقعة الأذن د حلزون گوش.




**قەدەغەی هاتوچۆ:** state of siege ئادیننامە ئاسایش دۆرپێچی سەربازیی، بەرگری هاتوچۆ. ع حظر التجول، منع التجول N beleiringstilstand د حکومت نظامی.

**ئادینامەی دۆرپێچ:** curfew ناو ئادینامەی دیاریکردنی کاتی هاتوچۆ، بە زۆری لە شەودا.

**قەدەڵە:** ناو دەبەی ئاو.

**قەراخی بەرۆژ:** ناوی لێکدراو کەناری ئەو ڕووکارەی خۆر ئەیگرێتەوە. بەری بەرۆژ و بەری نسێ.



**قەرزدەر :** creditor ناویبکەر وامدەر، خاوەن قەرز، کەسێکە قەرزی داوە.
ع الدائن N kreditor د طلبکار.

**قەرزدار :** debtor ناوی‌بەرکار وامگرتە، وام لەسەر، کەسێکە قەرزی لەسەرە.
ع المدین N debitor د بدهکار. ⇦ **قەرزدەر و قەرزدار :**
creditor and debtor ئاوەڵناو وامدەر و وامگرتە د طلبکار و بدهکار.

**قەرقەشان:❶** nebula ئەستێرەزانی پەڵەهەوری گەردوونی لە دەرەوەی دووری حەوا.

**قەرقەشان:❷** nebula پزیشکی پەڵەیەکە لەسەر بیبیلەی چاو کە ئەبێتە هۆی کەمبینی.




**قەرقەشە :** commotion ناو ئاژاوە، ئاڵۆزی، ئەنگامە، پشێوی، پاشاگەردانی، جەنجاڵی، شڵەژان، فەرتەنە، هۆسە، هەرمەلە، کەڵەوەکێشی، یاخیگەری، بەرخۆدان، سەرهەڵدان، سەرکەشی، گۆبەند، لاساری، نافەرمانی، تێکچوون و بشێوی دارماڵ. ع الفوضی N oppstyr د آشوب، هرج و مرج. ☜ تیۆری کەیۆس








**قەرمەتی:** ئاییناسر ئایینزا قەرمەتییان، لە گرووپە توندڕەوەکانی شێعە، لە سەدەی دەی زاینی لە باتنیە یان ئیسماعلیە جیابوویەوە. ناوی قەرمەتی لە «حەمدانی ئەشعەب ناسراو بە قەرمەت» لە دامەزرێنەرانی قەرمەتیە، وەرگیراوە. قەرمەتیان بڕوایان وایە لە پاش جەعفەری سادق، ئیمامی شەشەمی شێعە چون کوڕەکەی، ئیسماعیل، پێش خۆی مردووە ئیمامەتی ئەگا بە «محەممەد کوڕی ئیسماعیل» بۆیە بە **حەوتە**ش ناوبراون. بڕوایان بە ڕاپەڕین هەیە بە شمشێر و کوشتوبڕی نەیاران ٢} ئەگەر ئەو نەیارانە موسڵمان و لە ئاینزاکانی تری ئیسلامیش بن. زیارەتی گۆڕستان و ماچکردنی بەردی کەعبە لایان حەرامە. تا ئەو رادەیەی کە هێرشیان کردە سەر کەعبە، حاجیەکانیان تالان کرد و فڕێیان دانە ناو بیری زمزم، دەرگای کەعبە و «حەجەرەلئەسوەد» یان لەگەڵ خۆیان برد. هەندێ لە مێژوونووسان رایان وایە دامەزرێنەرانی قەرمەتیان بڕوایان بە ئیسلام نییە و هەوڵیان بۆ تیابردنی ئیسلام و ژیاندنەوەی دینی زەردەشتیە، چونکە ئەوانە مەجووس {بە عەرەبکراوی موغ واتە زەردەشتی} و لەبەر ئەوەی ناوێرن بە ئاشکرا رای خۆیان دەرببڕن، ئەو رێگەیان هەڵبژاردووە. قەرمەتیان بڕوایان بە خوای دوانە، واتە خوا و گیان هەیە کە، **ئێزەدان** پێکەوە دنیای حەوتە {حەوت ئەمشاسپەند}بەڕێوە ئەبەن. هەروەها مارەبڕینی کەسی مەحرەم و خواردنەوەی شەراب لایان رەوایە. هەر کەس ئاگر بکوژێنێتەوە دەستی ببەڕێنن و هەرکەس بە فوو بیکوژێنێتەوە، زمانی بقرتێنن.








**قەرەبوو:** compensation, remedy ناوی لێکدراو بژاردنەوە، شتێک و، بە شێوەیەکی گشتی پارە، کە ئەدرێت بە کەسێک وەک بژاردنەوەی زیان، بریندا‌ربوون، یان ئازار. ع تعويض N kompensasjon د جبران کردن. 🔸: قەرەبووی دەکەمەوە. I'll make amends

**قەرەچی:** Gypsy, Gipsy, Romany, Hungarian ئاوەڵناو کاولی، دۆم، ڕۆمانی، ئەندامی هۆزێک کە سەرچاوەیان لە باشووری ئاسیایە و بە شێوەی گەڕۆک ئەژین، لە سەرانسەری ئورووپا و ئەمریکای باکوور و باشوور ئەژین، بە زمانی ڕۆمانی ئەدوێن کە لە هێندی نزیکە. جلوبەرگ و مووزیکی تایبەتی خۆیان هەیە ع الغجر N sigøyner د کولی.



**قەرەقۆز:** punch_and_judy بووکەشانۆ شانۆی وەویلە، بووکەشانۆ د خیمە شب بازی N punch_and_judy ع مسرحیة الدمی.






**قەرەنتو:** ناو تەمار، تارمایی، تاپۆ، شەبەنگ. ⇐ **تەمار:** تارمایی

بەرچاو، ڕەشایی بەرچاو، تاپۆ.



**قەرەوێڵە :** کەلوپەل ناو چڕپا، کەت، تەختی لەسەر نووستن.



**قەرێت :** کەرەستە ناو قەڵەنگی بزمارداری ملی سەگ بۆ ئەوەی گورگ نەتوانێ قەپی بە ملیدا بکات. ⇦ **قەڵەنگ :** dog collar هێمایر تەوق، خەڵتانە، قەلادەی ملی سەگ، پەتک.

لەگەڵ تۆمە لەگەڕێتە

مامزێ گەردن بەقەرێتە

ئاقردار بووم، لۆت بووم شێتە

فۆلکلۆر



**قەزاق:** Kazakhs ناو یان Cossack گەڕان بەرگرا و پانەسای نێبۆ بەرگر٧
نەتەوەی قەزاقی دانیشتووی قەزاقستان یان کازاخستان و هەندێ شوێنی ئاسیای ناوەڕاستن. بەڵام قەزاق هەروەها بەو گوندیپانەی باشووری رووسیە و ئوکراین و پۆلونیا ئەوترا کە لە دەست ئاغەکان هەڵاتبوون و لە قەراخ چەمەکانی دان و دنیپر ئەژیان. ئەم گرووپانە وردە وردە خۆیان رێککخست و بوون بە خاوەنی چەشنە سەربەخۆییەک و لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچانە ئەرکی سنوورەوانیان پێ سپێردرا. کاتی هێرشی ناپلیۆن بۆ رووسیە قەزاقەکان بە جەنگی تەق و رەو ترسیان هاویشتبوویە دڵی سەربازە فەرانسەییەکان. یەکەی قەزاق تا کۆتایی حکوومەتی تزاری لە سپای رووسیەدا هەبوو و بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانە بەکاریان ئەهێنان. ناسرەدین شای قاجار پاش گەشتی ئوورووپا بریگادی قەزاق یان یەکەی قەزاقی لەناو سپای قاجار دامەزراند. رەزا قەزاق (رەزا شای پالانی) لەم یەکەیەدا خزمەتی ئەکرد.




**قەزوان:** میوە ناو وەنەتەق، بەری دارەبەن.





**قەسبە :** قَصْبَە Kasbah دامودەزگا کۆشک ناو هەروەها English casbah or qasbah, in Spanish alcazaba قەڵات، کۆشکی سەرۆک مەڵبەندەکان بە شوورە و بارووی بڵیند و پارێزراو لە پەلامار. ⇦ لە مەراکۆ هەروەها **گوندی گەشتیاریی** کە دیواری بە دەوردا کێشراوە و پاسەوانی تایبەتی هەیە و هاتوچۆی زۆور و دەر لە زاڵگەی چاودێرییەوە ئەکرێ پێی ئەوترێ قەسبە E fortified house.




**قەشان :** ڕەنگەوشە ئاوەڵناو ئەسپی ناوچاو سپی.




**قەشقە :** ئاوەڵکار شووم، نەحس.

**قەشمەر :** ridiculous ناوێنیتکە ناوی فەرمان ڕاگەش، مرۆی ڕووداو و نەسەلار و گاڵتەجاڕ. ع سخیف N latterlig د مسخره.

قۆشمە: ناژناو ئاوەڵناو مرۆی زیرەک و قسەخۆش و حەنەکباز. ع الفكاهِي N humorist د بذلەگو.

ن: قەشمەری نزمترین شێوەی قۆشمەییە.

Eg.: Sarcasm is the lowest form of wit.

قەشە: ❶ ئایینناسی پلەی پاش پاپا و کاردینال و مەتران لە ئایینی مەسیحیدا.
پاپا، کاردینالْ، مەتران، قەشە.




قەشە: ❷ trout گیاندار ماسی ناو خاتوونە، ماسییە کەشینە، ماسییەکی بچوکی لچ ئەستوورە لە تیرەی ماسی ئازاد یان سەلمموون، خاڵی سووری پێوەیە، لە ئاوی شیریندا ئەژی، گۆشتێکی بەچێژ و بەهایەی خۆراکی چاکی هەیە. ع سمك السلمون المرقّط N ørret د قزل ئالا E trout.



**قەشەی کلۆنی:** Abbot of Cluny گیاندار ماسر ناو قەشەی دەیری بنەدیکتییە کە ڕێبازێکی چاکسازی مەسیحی بوو بە ناوی زێبازی سەنت بنەدیکت، لە سەدەی دە و یانزە، پەیڕەوانی سەنت بنەدیکت نرسیا، بڕوایان بە ملکەچی، بێدەنگی، خاکەڕایی و کۆڵنەدانە. ئەم ئاینزایە واتە Order of Saint Benedict، سەدەی ناونجی هەموو ئورووپای گرتەوە و نەک هەر کاری کردە سەر ئایینی عیسایی، فەرهەنگی ئورووپاییشی خستە بن کاریگەرییەوە.







**قەشەی شاری توور:** Le Curé de Tours پەرتووک ڕۆمان ڕۆمانێکی کورتە، لە بەرهەمە ناودارەکانی ئۆنۆرە دو بەلزاک. ساڵی (١٨٣٢) نووسراوە و لە شاری توور ڕووی داوە.







**قەفەسی فارادەی:** Faraday cage زانست ئامێر کارەبا ئەولەهەر یان سیەری فارادەی، قەفەسێکی داخراوە لە کانزا یان گەیەنەری ئەلکتریکی دروست کراوە، ڕێگە بە شەپۆلی دەرەکی نادات بچێتە ژوورەوە و هەروەها ڕێگە نادا شەپۆلەکانی خۆیشی بچنە دەرەوە. ساڵی ١٨٣٦ مایکڵ فارادی ئینگلیزی دروستی کرد و بە شانازی ئەوە، بە ناوی خۆیشیەوە ناونراوە. بە زۆری لە کۆیلی تێسلا کەڵک وەرئەگرن بۆ تاقیکردنەوە. ئەگەر کەسێک لەناو ئەو قەفەسە بێت، پزیسکەی کارەبایی کاری لێ ناکات. ع قفص فاراداي N Faradays bur د قفس فارادی.

**ئەولەهی:** safety ناوی‌چاوگ پاراستن، ئاسوودەیی، هێمنی، دڵنیایی، ئاسایش.






**قەقنەس:[1]** ناوی‌بکەر (کەلیدەر بەرگی٣) شتێک بە تەواوەتی سووتابێ، سووتاونی بە تەواوەتی، وەک شتێک کە ئەسووتێ و ئەبێ بە خۆڵەمێش، قەقنەس لە دوای ئەوەی بە تەواوەتی ئەسووتێ ئەژیەتەوە.

**قەقنەس:[2]** ئایین‌وئەفسانە ناو یان سیمورگ، مەلێکی ڕەنگاوڕەنگ و زۆر خۆش ئاوازی ئەفسانەییە. ئەڵێن هەزار ساڵ ئەژی و کە ئەگاتە ساڵی هەزار و کۆتایی تەمەنی، لەسەر کێوێکی بەرز ئێزنگێکی زۆر کۆ ئەکاتەوە و لەسەری دائەنیشێ و دەس ئەکا بە خوێندن و باڵ ڕاوەشاندن کە لە ئەنجام دا سەرخۆش ئەبێ و پزیسکەیەک لە باڵیەوە ئەکەوێتە ناو ئێزنگەکە، ئاگرێکی گڕەمەشخەڵان ساز ئەبێ و قەقنەس خۆشی لەو ئاگرەدا ئەسووتێ. لە ژێڵەمۆی بن خۆڵەمێشەکەی هێلکەیەک بەدی دێ و قەقنەسێکی تر. قەقنەس یان سیمرگ یان. ع عَنقاء، جووتی نییە و

ئەڵێن مووزیک لە ئاوازی قەقنەس وەرگیراوە.

  

**قەلاچۆ:** annihilate ناوی چاوگ فەوتاندن، قڕکردن، لەناوبردن، پووچاندنەوە تا ڕادەی سفر. [ع] ابادة [N] utslette [د] نابود کردن [E] annihilation.

**قەلاچۆی یەک بە دە:** decimate ناوی لێکدراو فەوتاندن و لەناوبردن بە ڕادەی یەک لە دە. [ع] هلک القسم الأعظم [N] desimere [د] از بین بردن یک از دە.

**قەلبڕین:** چاوگی تێپەڕ گەڕان-٤ بڕینی قەلی برژاوی ساخ بە قاشی ناسک ناسک بە تایبەت لە جەژنەکاند، وەک جەژنی سپاسداری thanksgiving لە باکووری کیشوەری ئەمریکا، کە قەل لە ناو فڕن ئەبرژێنن.

 

**قەل فڕی، ئەفڕێ:** ویژە ڕەوانبێژی {گەڕان بەرگی٢} پرووست یاری بە وشە ئەکا وەک دوو وشەی {ville} و {vole} کە لە زمانی فەڕانسەدا، یەک بێژەیان هەیە و بە دوو واتای شار و فڕین، کە وشەی فڕین لە

یاری قەل فڕی بەردەوام ڕاتە ئەبێتەوە. قەل فڕی یارییەکە کۆمەڵێک منالْ ڕوو لە شارەوان دائەنیشن، شارەوان پەنجەی ئاماژەی دائەنێ و هەموو چاویان لەوە کە ئەڵێ: فڕی فڕی، قەل فڕی، مێش فڕی، پەرتووک فڕی... و بۆ هەموو پەنجەی هەڵدێنێ. منالاْن ئەبێ بۆ ئەوەی ئەفڕێ پەنجە هەڵبهێنن و بۆ ئەوەی نافڕێ دەستیان نەبزوێ، هەر کەس لێی تێک بچێ، ئەسووتێ.

**قەلەمنارێ:** گەمە یارییەکی کوردییە لە شێوەی بەیسباڵی ئەمریکی.



**قەلەن:** کۆمەڵناسی هاوسەرگیری قالان، شیربایی.

**قەلەندەر:** کەسێ کە گوێی لە داب و نەریتی کۆمەڵگە نییە، کەسی سەڵت و لە دنیا دابڕاو، دەروێشی ئازاد و گەڕیدە هێمایی کەمتەرخەم، کەکەلا.




**قەلیاباران:** alkaline rain دیاردە ژینگە ناوێکدراو یان بارانی ئەلکالی، بە هۆکاری سروشتی و مرۆییەوە ڕووئەدات. کاتێک ڕووئەدات کە

کانزاکان، وەک کالسیۆم، ئەلەمنیۆم، یان مەگنیسیۆم لەگەڵ کانزای تردا یەکئەگرن و پاشماوەی ئەلکالی دروست ئەکەن کە ئەچنە ناو بەرگەهەواوە، هەورەکان لە لایەن دڵۆپە ئاوەکانەوە هەڵیان ئەمژن و لە کۆتاییدا وەک باران ئەگەڕێنەوە بۆ زەوی. ☜ ترشەباران







**قەلیاو:** lye کیمیا ناو گیراوەیەکی بە هێزی ئەلکالی بە تایبەت پۆتاسیۆم هیدرۆکسید، یان سۆدیوم هیدرۆکسید، لە پیشەسازیدا وەکوو قەلیاوی بەهێز بەکار ئەبرێ، قەلیاوی سابوون سازی. ع غسول N lut د آب قلیایی. ☜ زاخ







**قەڵات:** fortress کۆشک دژ، سەنگەرێکی سەربازی مەزن، بە تایبەت شارێکی بە کەلوو و شوورە، کە بۆ پادگانێکی سەربازی لەبار بێت N festning ع قلعة د قلعه ن: سنەدژ: دژی سنە. ⇦ **ڕەواندز:** Tank, Mobile Fort سەربازی ئامێر جەنگ ڕەواندز، قەڵاتی گەڕۆک. ع قلعة

متحرک N Mobilt fort د قلعه متحرک.




**قەڵاتی بابل:** Tower of Babel ئاپیروئەفسانە بووبەر تەورات، سفری ئافراندن؛ بەشی ١٠ و ١١: هەموو دانیشتوانی زەوی سەرەتا یەک زمانیان هەبوو. منالەکانی نوح، ویستیان شارێک دروست بکەن بە ناوی بابل، کە قەڵاتی بەرزی سەر لە هەوری هەبێ، بۆ ئەوەی لێی سەربکەون و دژی یەهوە (خوای هۆزی ئیسرائیل) بجەنگن. بەڵام یەهوە، لە ئاسمان هاتە خوارەوە و ئەو شار و قەڵاتەی بینی، لای خۆی وتی: ئێستە کە ئەمانە هۆزێکی یەککرتوون و بە زمانێک قسە ئەکەن و مەبەستیان ئەوەیە، کەواتە هیچ شتێک ناتوانێ ڕێگەیان پێ بگرێ؛ ئەبێ زمانیان تێک بدەم تا لێک تێنەگەن. بۆیە زمانی شێواندن و ئەوان نەیانتوانی قەڵاتەکە دارماڵ بکەن و لە سەرانسەری گۆی زەوی بڵاو بوونەوە و هۆزی جیاواز و زمانی جیاوازیان بەدی هێنا. ئەمارە بە «قەڵاتی بابل» و «باربەرەنی بابل»، مەبەستی ئەو شوێنەیە، کەس لە زمانی کەس تێناگات. ع برج بابل N Babels tårn د برج بابل. تێبینی: ئەمە ئەیگەیەنێ جوولەکە خۆی بە خاوەنی یەکەم زمان و شارستانیەت بە خاوەنی هەموو نەتەوەیەک ئەزانێ. ☜ زایۆنیزم




**قەڵاتی عاج:** ivory tower هێماپر ئاماژە تەلاری عاج N elfenbenstårn ع د برج عاج.





**قەڵاچن:** full ئاوەڵناو کەلاتکراو، زەبەند، پڕاوپڕ، تەژی، دارماڵ، سەرڕێژ، کەفرێژ N fullt ع ع ملو.

**قەڵاخ:** heap ناو داری لەسەر یەک قەڵاکراو، چەند لێژنە داری لەسەر یەک کۆما کراو. ع کومة N haug د پشتە.





**قەڵاس:** دانەوێڵە ناو داسووکە، گوڵە گەنم و جۆی لە داس هەڵوەریو، پرزەی گوڵە گەنم و جۆ.





**قەڵاسچن:** ناوی لێکدراو دەسکچن، دەسکەوان، ئەو مناڵ و مەزنانەی قەڵاس واتە گوڵە گەنمی هەڵوەریوی پاش دروێنەوان کۆ ئەکەنوە.





**قەڵاش:** ناو تەوش، مرۆی سووک و بێکارە.

**قەڵاشک:** تفاق ناو گەڵ، پێڕا، گەڵاداری لەسەریەک هەڵچنراو وەکوو گومەز.

**قەڵاشکێن:** Trebuchet ئامراز جەنگ ناوی لێکدراو جۆرێک هێلکان یان مەنجەنیقی گەورەیە بۆ لێدانی قەڵات، کە لە کۆندا لە دوورەوە بەرد و تیری ئاگراویان پێ ئەهاویشت. ع مقذاف N Blide د کشکنجیر.

زۆر کۆمپانیای ئابووری و ئاسایش و شێوەسەربازی ناوی ترێبۆشیان بەکا هێناوە.








**قەڵاغ:** stack ناو کۆشکەڵان، دەوە، تەپاڵەچن، تەپاڵەی پێژراوی لەسەر یەک کەڵەکە کراو کە بە تەپاڵەی تر سواخ درابێ و لە کونێکی

وەکوو گوڵبێنەوە تەپاڵەی لێ دەرئەهێنن، کە وشکە و خۆشسووتە و تەڕوتووشی کاری لێنەکردووە. [ع] الكدس [N] stable [د] پشتە.



**قەڵای شیروانە:** Sherwana Castle [شوێنەوار] [کۆشک] [قەڵا] [ناوی تایبەت]

قەڵایەکی کۆنی مێژوویە، لەسەر تەپۆڵکەیەکی دەستکرد لەسەر ڕووباری سیروان لە شاری کەلار لە شێوەی چوار گۆشەدا بنیات نراوە.

ئەگوترێ لە لایەن ئەنوشیروانی ساسانییەوە بنیات نراوە، هەندێکیش رایان وایە حەمە پاشای جاف دروستی کردووە. بوونی ڕەهۆڵێکی ژێرزەوی لە قەڵاکەوە بۆ سەر ڕووباری سیروان، ئەوە ئەگەیەنێ بۆ دارەتی جەنگ و گەمارۆدان سوودی لێوەرگیراوە و ئاوی لێوە هێنراوە بۆ ناو قەڵاکە. کەواتە قەڵاکە تەنها هەوارگەیەکی زستانە نەبووە. ئەشوترێ تەپۆڵکە خۆڵەکە لە لایەن ئەنوشیروانی ساسانیەوە بنیاتنراوە و کۆشکەکە لە لایەن حەمە پاشاوە دروست کراوە و کۆشکی زستانەی ئەو بووە.



**قەڵپۆز:** ناو بەرکۆ، کەللەی زین، بەرزایی پێشەوەی زین. ☜ هاشرمە.



**قەڵتاس:** دانەوێڵە ناو قەلاس، قەڵداس، پرزەی گوڵە گەنم و جۆ، توێکڵی نۆک و پاقلە.





**قەڵغانی سینە:** breastplate ئەولەهەر ناو زرێ یان پارچە ئاسنی داپۆشینی سینەی جەنگاوەر. ع درع الصدر N brystplate د زرە سینە ⇦ **سینەبەند:** bra پۆشاک ناو سوتیان، مەمکدان، سوخمەی مەمک. ع حمالة صدر N brassiere د پستان بند. ⇦ **بەرۆک:** collar ناو یەخە، پێسیر؛ مل و ئەستۆ، بۆ سینەبەندیش بەکار هاتووە. ع طوق د گریبان. ⇦ **سپەر:** shield کەرەستە ناو پارچەیەک ئاسنە لە ناوەوە دەسکی هەیە و جەنگاوەر بۆ بەرگری بەکاری ئەهێنا، ئێستاکانێ بە ئاسن یان پارێزەری پێشەوەی هەموو چەشنە خۆبزوێنێک automotive ئەوترێت. ع درع د سپر. ن:

تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا
«پیرەمێرد»



**قەڵس:** sulking ناوی فەرمان مۆن و بێدەنگ و بێزار لەبەر بێزاری یان نائومێدی. ع عبس N surmuling د عبوس.

**قەڵسی:** resentment چاوگی تێنەپەڕ تۆران و دڵئێشان، ڕەنجان. ع استیاء، غضب N harme د رنجش.




**قەڵەش:** cranny ناو درز، دەرز، شەق، لێکبوونەوەی باریک. ع شق N krok د شکاف.



**قەڵەنگ:** dog collar باشار ناو تەوق، خەڵتانە، قەلادەی ملی سەگ، پەتک N hundehalsbånd ع قلادة د قلادە.



**قەمارە:** coupe ناو زووری چەند کەسی لە شەمەندەفەردا د کووپە.

**قەمتەر:** باشار ناو خەزێمی لووتی ورچ و وشتر کە بەنی تێئەخرێ، دەمبێنی پاتاڵ، مەهار. ⇦ **بەرس:** باشار ناو قەمتەری دار.




**قەمچ:❶** مەڕداری ناوی‌فەرمان موو بە برینگ هەڵپاچین؛ پەرتاوتنی سار.

**قەمچ:❷** earmark ناو نیشانەی شوناس، نیشانەی ناسینەوەی هەر شتێک جا سروشتی یان دەستکرد. ع علامة مميزة N øremerke د علامت هویت.






**قەمچ:❸** earmark ڕامیاری هێمایر یان politics earmark بە واتای قەمچ لە جیهانی ڕامیاریدا وەک earmark spending و earmark funding. زاراوەی قەمچی تەرخانکردن ئاماژەیە بۆ بەشێک لە پرۆژە ڕێسای تەرخانکردنی پارە بۆ شتێکی دیاریکراو وەک شوێنێک، پرۆژەیەک یان دامەزراوەیەک. جیاوازی سەرەکی نێوان تەرخانکردن و هێڵی بودجەی گشتی تایبەتمەندی وەرگرە، کە بەزۆری پرۆژەیەکی تایبەتە لە

ناوچەیەکی دیاریکراوی کۆنگرێسمان یان هەرێمی زێدی سەناتۆرێک. زۆرجار تەرخانکردن وەک ئامرازێک بۆ دانوستان و گرێبەست بەکار ئەهێنرێت: نوێنەرێک ئەتوانێت دەنگ بە پرۆژەیەک بدات لە ناوچەی نوێنەرێکی دیکە لە بەرامبەر پارەی تەرخانکراو لە هەرێمەکەی خۆیدا.





**قەمچکردن:❶** earmark چاوگی تێپەڕ نیشانەکردنی ئاژەڵ و مەل بە پێداهەڵواسینی نیشانەی شوناس، نیشان کردنی مەڕ و بزن بە هەڵپاچینی هەندێ کوڵکە.

**قەمچکردن:❷** چاوگی تێپەڕ سارێژ، توێخی باش بەڕینە سەر زام.

**قەمچی سامان:** earmarking of a tax ئابووری باج بارمتەکردنی سامان، دابینکردنی داهات لە ڕێگەی باجێکی تایبەتەوە، بۆ مەبەستێکی تایبەت؛ شێوازی ئاسایی ئەوەیە کە هەموو تێچووی دەوڵەت لە یەک ناوەندی دارایی یەکخراوەوە دابین ئەبێ.









**قەند:** glucose, candy خۆراک ناو کەند، شیلەی زەلی شەکر یان چۆنەر لە پاش وشک بوونەوە، ڕەق و سپی و شیرینە. ٤ ورق السکر N

glukose, godteri [د] قند. ⇦ **شەکرەقەند:** rock candy [خۆراک] [ناوی لێکدراو] نەبات یان شەکرەبلوور، جۆرێک شیرینییە کە لە کریستاڵی گەورە بەدی هاتووە. ئەگەر شەکر بکرێتە ناو ئاوی گەرمەوە، ڕێگە ئەدات تا بڕێکی زیاتر شەکر لە ناو ئاوەکەدا بتوێتەوە تا تێر ئەبێ، ئەگەر دەزوو یان چیلکە بخرێتە ناو ئەو شەکرە کوڵاوە، لە ڕەوتی ساردبوونەوە، لە ماوەی ٦ تا ٧ ڕۆژدا کریستاڵی نەبات گردی دەزوو یان چیلکە دروست ئەبێ. ئەتوانرێ بە ڕەنگی جۆراوجۆر دروست بکرێ. [ع] الحلوى الصخرية [N] steingodteri [د] نبات. ⇦ **تێربوون:** [کیمیا] saturation ئەو دارەتەی کە ئیتر هیچ شتێک ڕێگەی وەرگیران و توانەوەی نەماوە. [ع] التشبع [N] metning [د] اشباع.



**قەندان:** [ناو] شکردانی شەکری کلۆ. ⇦ **قەند:** glucose, candy [ناو] کەند، شیلەی زەلی شەکر یان چۆنەر لە پاش وشک بوونەوە، ڕەق و سپی و شیرینە.



**قەندیلە:** [کەرەستە] [ناو] چرا پڵیتە.




**قەنەفە :** bench [کەلوپەل] [ناو] کورسی درێژۆکەی سێ چوار کەسی، نیوکەت.




**قەننە ❶:** tobacco pipe [دووکەڵکێشان] [ناو] سەبیلەی کلکدرێژ. [ع] تبغ الغليون [N] tobakkspipe [د] پیپ.

**قەننە ❷:** hookah نێرگەلە، قلیان. [ع] الشيشة [N] vannpipe [د] قلیان.





**قەنەوس :** damask [ئەنراو] [کووتاڵ] [پۆشاک] [ناو] قەنەوز، کووتاڵی ئەتڵەسی، خامەک، کووتاڵێکی بریقەداری ئاورێشمینە بۆ ئاسمەڕ و جلی بنەوە و

ڕوومێزی و ڕازاندنەوە بەکار دێت.





**قەواڵ:**❶ ئاییناسی ئێزەدی پلەی ئایینی پلەی شەشەمە لە ئایینی ئێزەدی لە پاش ئەمیر و بابەشێخ و شێخ و پیر و فەقیر، لە دوای ئەویش چکۆلە و مورید دێت. قەواڵ کەسێکە سرووده ئایینییەکان لە جێژنە پیرۆزە کاندا ئەخوێنێت. زۆربەی قەواڵان هۆنەری ناوچەیین و وەک ئەڵێن «شەمخ ئادی» بەهرە و دەرەتانی هاڵبەستنی چامە و پێداهەلگوتنی پێداون و ئەوانی بۆ پاراستنی نەهێنییەکانی ئایین و ڕووداوە مێژووییەکان هەڵبژاردووە و، هەروەها شانازیی هاودەمیی لەگەڵ مەلەک تاووسی پێبەخشیون. ڕاسپاردەی کۆکردنەوەی نەزر و گەسکدانی خزنی پیرۆز و جلوبەرگ و جێ و ڕێی زیارەتکەرانیشن لە ئەستۆی ئەوانە و ئەمەش بە میرات بۆیان ماوەتەوە. منداڵی خۆیان فێری سەمای ئایینی و دەفلێدان و زوڕنا و شمشاڵژەنی و وتنی چامە و سروود ئەکەن. مرۆڤی ئەم زنجیرە تەنها لەگەڵ زنجیرەی قەواڵان ژن و ژنخوازی ئەکەن. ◄ لێرەدا لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەی ئێزەدی ئەبێت بە سیستەمێکی چینایەتی کاستی. ☜ کاست

**قەواڵ:**❷ ناو دەنگ خۆش.

**قەواڵ:**❸ چەک ناو جۆرێک تفەنگی کۆن.

**قەواڵ:**❹ ئامێر مۆزیک ناو شەبابە، جۆرێک بلوێر.



**قەواڵە:** ناو بەڵگە، بەڵێننامە، پەیماننامە. ⇐ قەواڵەی خانوو.

**قەوچ:**❶ ناو دەمخوار. ⇐ **قەوچەقەوچ:** واتە دەمت خوار مەکەرەوە.

**قەوچ:**❷ ئاوەڵناو گێلۆکە، ناتێگەیشتوو، گەمژە.

**قەومان:** accident ڕوودان، بوویەر. ع حادثة N ulykke د حادثە.

⇐ **ڕەهات:** incident بوویەر ناو ڕووداو، کارەسات، مەرسەلا، قەوماو. ع حادثة N hendelse د حادثە ⇐ **جیاوازی ڕەهات و قەومان:** ڕەهات کارەسەتێکی گەورەیە و، قەومان بچووکتر و کەمزیانترە.

**قەیارە:** dirk ناو قەدارە، جۆرێ خەنجەری یەکدەمی درێژکۆلەی لە شمشێر کورتترە. ع طعن بخنجر N dirk د قدارە.



**قەیاسە:** back cinch, woven saddle_girth ناو پاڵوو، شۆرتک، شۆرکە، کەژگ، کەژوو، باربەندی پان لە چەرم، کەژگی پانی تەنگەی وڵسات، پارچە کەژوویەکی پانە سەری پارچە گوریس یا قایشێکی تێ هەڵدەکێشرێ، سەرەکەی تری ئەڵقەیەکی پێوەیە لەسەر بارەوە تەنگەی وڵاخی پێ دەدرێ. ع حزام الظهر N salgjord د کمربند پشتی، باربند پهن چرمی.






**قەیران:** Crisis فیلم فیلمێکی ٢٠٢١ە بە هونەرمەندی «گەری ئۆڵدمەن»، دەربارەی دەرمانێک بە ناوی کلارالۆن Klaralon ئەدوێ کە ئۆپیۆیدێکی وێناگەرە و، لە چەشنی ئاندۆرفینە. هەرچەند بە شێوەیەکی بەرچاو مەترسییەکانی بەکارهێنانی ئەو دەرمانە لەسەر مرۆڤ پیشان ئەدات، بەڵام خودانەکانی سەرمایەی میلیاردی ئەوەندە بە دەسەڵاتن، سەرەڕای کوشتاری بەرەوژووری ١٠٠,٠٠٠ کەسی، هێشتاش کەس ناتوانێ ڕێگەیان پێ بگرێ و بە شێوەی **فەرمی** ڕەوانەی بازاڕی ئەکەن. ئەوانەی لە دوساڵی ٢١٩ و ٢٠٢٠دا بە ئۆپیۆید کوژراون ژمارەیان زیاتر لە هەموو کوژراوەکانی جەنگی ڤیەتنامە. واتە ئەمریکا پێویست نییە ئەمریکایی بنێرێ بۆ ئەو سەری دنیا بۆ بەکوشتدان و کوشتنی ڤێتنامی بێتاوان، هەر لە لای خۆیشی ئەتوانێ ئەو کارە بکات. ☜ ئۆپیۆید.











**قەیرانگە:** crisis center قەیرانگە ئاسایتر ناوەندی قەیران، ناوەند یان

دامەزراوێکە ئەو کەسانەی کە تووشی کێشە و قەیران ئەبن و ئەکەونە بەر پەلامار ئەتوانن خۆیان بگەیەننە ئەو ناوەندە، یان بە تەلەفۆن پەیوەندی بکەن و ڕاوێژ یان یارمەتی فریاگوزاری وەربگرن. ع مرکز الأزمات N krisesenter د مرکز بحران ئەکاتە قەیرانگە، ئەتوانرێ پێشی بوترێ ناوەندی قەیران.





**قەیرە:** spinster ئاوەڵناو لە جەنگەی جەوانی و گەنجی بەتەمەنتر، زیاتر بۆ کچ بەکار دێت ن: قەیرەکچ، قەیرە کوڕ ع العانس N spinster د دختر ترشیده.

**قیران:** howling چاوگی تێپەڕ قیڕاندن، قیژاندن، قڕووسکاندن، زیقاندن. ع عواء N hylende د زوزە کشیدن.

⇐ **قیرە:** howling ناو دەنگی قەبەی بەرزی ناساز.

⇐ **قیرن:** Howling Man ناوی کارا کەسێکە ئەقیرێنێ، یان ئەزیقێنێ.

⇐ **مرۆڤی قیرن:** The Howling Man ناو زنجیرەی تلەڤیزیۆنی ١٩٦٠ی شێوەزاستی The Twilight Zoneوەرزی دووەم، زنجیرەی پێنج.






**ڤێزەون:❶** abomination ناو ئاوەڵناو شتێک کە ئەبێتە مایەی کینە و تووڕەیی. ع رجس، عمل بغیض. N styggedom د عمل شنیع.

ن: ئینجا ئەو کاتژمێرە، شتێکی ڤێزەونە.

**ڤێزەون:❷** pariah ناو دشت، تەرە، تەرەکراو، بێزراو، کەسێکە لە ماڵ یان لە کۆمەڵگا یان بە جۆرێک لە جۆرەکان دوورخراوەبێتەوە، بە چاوی سووک سەیر بکرێت، یان پشتگوێ بخرێت. ◁ لە گۆتەی باوی ئینگلیزیدا، ڤێزەون ڕەنگە کەسێک بێت کە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئاساییدا نەگونجێت، ئەمەش دەتوانێت هەستی گۆشەگیری پەرە پێ بدات.

**ڤێزەون:❸** Abomination ئاپێناسر ناونیشکە ئاوەڵناو زاراوەیەکە لە تەوراتدا هاتووە بە واتای کەسێکی دشتی ڕقاوی، گوناهبار، خراپەکار و چەوتە. ع رجس N Avskyelighet د مکروە.



**ڤیرسیچمەیی:** tenacity ناوچاوگ سینگسەختی، نکۆڵیکردنی لاسارانە، دەمسووری، زۆخبوون. ع سماجة N utholdenhet د سماجت.

**ڤیرقاج:** crookedly ناو خوارەوخوار، لارەولار، قرژاڵی، کەشوتووش. ع بشکل ملتوي N skjevt د خرچنگی، کج و کولە.

**ڤیژاندن:** rambling چاوگی تێپەڕ هەراوهوریا، ڤیران، ڤیراندن، زیڤاندن. ع تعرش N vandring د جیغ زدن، سر و صدا کردن.

**قیژەقیژ :** squeaking فەرمان دەنگێکی بەرزی وەکوو قیڕاندن یان گریان.
ع الصریر N knirking د جیرجیر زدن.

**قیرسیچمە :** dogged ئاوەڵناو پێداگر لە ئەنجامی کارێکدا، سەرچەوت، بلەوەز، پێداگر، وڕکگر. ع عنید N sta د لجوج. بەلەسەیی:
لجاجت.

**قیسب :❶** ناو لقەداری باریک و درێژ ئەکرێ بە خێزەرەی خانوو. خێزەرە تەڕە.

**قیسب :❷** misery ئاوەڵناو قۆرت، چۆرتم، نەگبەتی. ع بؤس N elendighet د بدبختی.

**قینلەدڵ :** spiteful ئاوەڵناوی لێکدراو بوغزن، کیناوی، غەزراو، کینەلەدڵ، لەنجۆ، خیلەسەر، ڕقئەستوور، سەرقورس، خیشمەسەر، کەللەڕەق. ع حاقد N ondskapsfull د کینەتوز.

{Letter k}




**کابال:** Cabal ئابیینانسر ناو یان کابالا، دەستە و کۆمەڵە و ڕێکخراوێکە کە بە نهێنی تێئەکۆشێ تا بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژی یان ڕژیمێکی تایبەت، بە شێوازی نهێنکارانە بپارێزێ، یان بهێنێتە سەرکار. وشەی کابال بە زۆری وەک وشەیەکی نەرێنی جێگیر بووە.

**کابالیسم:** cabalism ڕێباز ناو بڕوای فەلسەفی عیرفانییە لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی کابالا دامەزراوە.

ڕیشەناسی کابال پەیوەندی بە گروپی پێنج وەزیرەوە هەبووە لە حکومەتی شا چارڵی دووەمی ئینگلتەرا. پیتە سەرەتاییەکانی ناو یان نازناوی ئەو پیاوانە {کلیفۆرد، ئارلینگتۆن، باکینگهام، ئاشلی و لۆدەردەیل} بە کابال ئەنووسرا و بەکۆمەڵ بە «کابینەی کابالْ» یان «وەزیرخانەی کابالْ» ناویان لێنراوە. بەڵام ئەم پێنج ناوە سەرچاوەی وشەی کابال نین کە دەیان ساڵ پێش ئەوەی چارڵی دووەم سەرکەوێت بۆ سەر تەختی پاشایەتی بەکار ئەهێنرا. ئەم زاراوەیە ئەگەڕێتەوە بۆ کابالا، ناوی لاتینی سەدەی ناوەڕاست بۆ کابالا، کە سیستەمێکی نەریتی عیرفانیی نهێنی جوولەکەیە. لاتینی کابالا لە زمانی عیبری qabbālāh وەرگیراوە کە بە واتای «ناسینی وەرگیراو یان نەریتی» دێت.











**کابۆر:** Cabourg جوگرافیا ناو بەندەرێکی گەشتیارییە لە مەڵبەندی نۆرماندی باکووری فەڕانسە، بۆ سەیران و مەلە.

**کابۆلی پلاو:** خۆراک ناو جۆرێ لێنانی برنجە بە یەک ئاو وەکوو یەکاوەی کوردی، واتە دایناڕێژن، بە پیازوڕۆن و برنجی دەنک درێژی بەسمەتی و گۆشتی کولاوی مەڕ، گەزەر و کشمیش و زرشک و خەلالی پستە و بادام لێئەنرێ. کابۆلی پلاو خواردنی نەتەوەیی و میوانی ئەفغانستانە و زۆر پەسەندە و برەوی هەیە. ☜ یەکاوە.





**کابووس:** nightmare ئایین‌وئەفسانە ناو یۆنانی incubus لە میسۆلۆژی یۆنانیدا دێو یان ئەهریمەنێکی نێرینەیە کە بە شەو ئەچێتە خەوی ژنان و لەگەڵیان جووت ئەبێ؛ مێینەی کابووس ناوی سۆکۆبۆسە کە ئەچێتە خەوی پیاوان. ئارختەک، مۆتەکە، شەوە، کابووس، دارەتی سەنگینی و هەناسە سواربوون لە خەودا کە مرۆڤ هەست ئەکا شتێکی قورس سواری سینگی بووە. ع کابوس N incubus, mareritt د کابوس.






**کابینەی دکتۆر کالیگەری:** The Cabinet of Dr. Caligari فیلم یان Caligari تەنها فیلمی سینەمایی ترسناکی ئاڵمانی ١٩٢٠ دەرهێنانی ڕابێرت ڤیەن.









**کابینەی سێبەر:** Shadow Cabinet ڕامیاری ئەو دەستە لە وتەبێژە باڵاکانە کە لەلایەن سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنەوە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی ئاوێنەیەکی کابینە بن لە حکومەتدا؛ بە تایبەت لە بەریتانیا. هەر ئەندامێکی کابینەی سێبەر بۆ سەرکردایەتیکردن لە بوارێکی ڕامیاری دیاریکراو دەستنیشان دەکرێت تا داکۆکی لە پارتەکەیان بکات و بەرپەرچی پرسیار و پەلاماری هاوتاکەی لە کابینەدا بداتەوە. بەم شێوەیە ئۆپۆزسیۆنی فەرمی هەوڵدەدات خۆی وەک حکومەتێکی چاوەڕوانکراوی بیارە و ئاڵتەرناتیڤ پیشان بدات. ع هيئة الوزراء الظل N skygge statsråder د کابینە سایە.










**کاپادۆکیە:** Cappadocia مێژوو جوگرافیا یان کاپادۆسیا، وڵاتێک بوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووک، لە نێوان چەمی فرەهات و زەریای ڕەش واتە لە کوردستان، لە یەکەم ناوەندەکانی فەلەگەری بوو.




**کاپسا :** Capsa جوگرافیا ناو یان گەفسا Gafsa شارێکە لە توونس، ناوەکەی ڕیشەی لاتینی هەیە و ئەگەڕێتەوە بۆ ژیاری چاخی نیوەبەردینی Mesolithic کاپسییەکان.




**کاپۆ :** bailiwick کارگێڕی ناو مەڵبەندێکی دیاریکراو بوو کە پادشا لە بەرامبەر سۆز و بەڵێنی تایبەتدا ئەیدا بە فەرمانفەرمای مەڵبەندەکە و ئەو، باج و تاریفەی وەرئەگرت. هەر کاتیش کە بیویستایەت ئەیتوانی وەری بگرێتەوە. ع قطاعة N bailiwick د تیول. ← **فەرمانفەرما :** lord, suzerain, feoffee کارگێڕی ناو فەرمانفەرمای مەڵبەند، کاپۆدار، بەرێوەبەر و دەسەڵاتداری کاپۆ یان هەرێمێک، بە سەرۆکی هۆز و عێلیش وتراوە. ع زعيم N herre د تیولدار، نظام الإيالة. ← **حەبیب بەگ :** ناوی تایبەت یان حەبیبوڵلاخانی نیزامولئەیالە (نظام الإيالة) عێل بەگی هۆزی

باوەجانی، لە ١٨٨٥ی زاینیدا بوو بە فەرمانفەرمای جوانڕۆ، لە گرنگترین کەسایەتییەکانی کرماشان و سەلاسی باوەجانی بووە.




**کاپوولە و مونتێگۆ:** Capulets and Montagues خانەدان دوو بنەماڵەی دوژمن لە درامای ڕۆمیۆ و ژولێتی شکسپیر.







**کاپێت:** Capet مێژوو ئاوەڵناو بە واتای سەرداریپۆش، نازناوی هووگ کاپێت Hugh Capet پادشای فەڕانسە، دامەزرێنەری «خانەدانی کاپێتەکان» Capetian dynasty ی فەڕانسە، لە ٩٨٧ تا ١٣٢٨.





**کاپیتۆل:** Capitol ناوی جێگا یان بە ئیتالیایی کامپیدۆلیۆ Campidoglio یەکێکە لە حەوت گردی سەرەکی ڕۆما کە پەیکەری ژووپیتر و ژۆنۆن و هەندێ لە خوایانی تری لێیە، پەرستگەی ژووپیتر لەسەر بچووکترین گرد دروستکرابوو. لە ڕۆمای کەونارا ناوەندی ئایینی و ڕامیاری بوو.





**کات:** tense ئاوەڵناو کاتی کار، کاتی ڕوودانی کار. ع صیغة الفعل N verbform د زمان فعل. ⟵ کات هۆکاری گشتگیری هاودەمکردنە.

**کاتابۆلیزم:** Catabolism پزیشکی ناو ڕەوتێکە کە شانەکانی گیانەوەر، مۆلۆکۆلە ئاڵۆزەکان تێکئەشکێنن، تا بتوانن وزەیان وەربگرن و لە وزەیان کەم بکەنەوە. کاتابۆلیزم نیوەی مێتابۆلیزم پێک ئەهێنێ، نیوەکەی تری ئانابۆلیزمە ☜ کاتابۆلیسیز.






**کاتابۆلیسیز:** catabolysis پزیشکی ناو توندترین شێوەی هەرسنەکردن و گەنەخۆری، کە چەوری و ماسوولکەکان بۆ مانەوە، ڕیشاڵ ئەکات و ئەرزێنێ. لە نەبوونی پرۆتین و کاربۆهیدرات و ڤیتامین ڕوو ئەدات ☜ کاتابۆلیزم.

 

**کاتارسیس:❶** catharsis دەروونناسی ناو بەتاڵبوونی دەروون لە هەژان، پڕۆسەی ڕزگاربوون و لە ئەنجامدا دەربازبوون لە هەستێکی بەهێز یان سەرکوتکراو. ❋: موزیک بۆ ئەو ئامرازێکە بۆ کاتارسیس.

**کاتارسیس:❷** catharsis دەروونناسی ناو پرۆسەی ئازادکردن و بەو هۆیەوە ڕزگاربوون لە هەستە بەهێزەکان یان سەرکوتکراوەکان. ع التنفیس N katarsis د کاتارسیس.

**کاتارتیک:** cathartic دەروونناسی دابینکردنی ڕزگاری دەروونی لە ڕێگەی دەربڕینی کراوەی هەست و سۆزە بەهێزەکانەوە، دەبێتە هۆی دروستبوونی کاتارسیس. ◄ هەندێ جار، مرۆڤ هەستێکی دژواری تێکشکێنەری هەیە کە پێویستە بە ئاسوودەیی لێی ڕزگار ببێ؛ کاتێک ئەو ئازادکردنە ڕوودەدات، پێی دەوترێت ئازادکردنی کاتارتیک. ◄ کاتارسیس یارمەتیدەرە بۆ ڕزگاربوون لە باری زۆری سۆزداری لە ڕێگەی بەشداریکردن لە چالاکی وەک جوولە، نووسین، یان ئافراندنی هونەری.










**کاتاکەمب :** catacomb ناو گۆڕستانی ژێرزەمینی کە بریتییە لە گالێری و چەندین ڕەهۆڵ بۆ گۆڕ، کە لە لایەن ڕۆمیانی کۆنەوە ساز ئەکرا.









**کاتالیا :** cattleyas ڕووەک ناو کاتێلیا، ئۆرکیدەی گەرمەسێری ئەمریکایی.




**کاتاتۆنیا :** catatonia ناسازی دارەتێکی نائاسایی جووڵە و ڕەفتارە کە لە باری دەروونی تێکچووی (وەکوو شیزۆفرنیا) سەرهەڵئەدات. ←

**کاتاتۆنیک :** catatonic ناسازی تایبەتمەندی کاتاتۆنی، سکیزۆفرنی کاتاتۆنیک. ←

**سکیزۆفرنی کاتاتۆنیک :** catatonic schizophrenia دەروونناسی ناسازی تێکچوونی دەروونی توندی دەگمەن کە بە ڕەفتاری جووڵەیی لێدان دەناسرێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی کەمبوونەوەی بەرچاو لە جووڵەی خۆویستانە یان فرەچالاکی hyperactivity و ورووژان لەخۆدەگرێت. لە هەندێک دارەتدا، نەخۆشەکە لەوانەیە لە دۆخێکی نزیکەی تەواو بێجووڵەی، وەک پیکەرێکدا بمێنێتەوە.





**کاتالان:** Catalan نەتەوە ناو واتە دانیشتوانی نیشتمانی کاتالۆنیا کە هەرێمی داگیرکراو، بەڵام ئۆتۆنمی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیایە، ناوەندەکەی بارسیلۆنا و چوار پارێزگای هەیە بە ناوی بارسیلۆنا، خێرۆنا، لریدا و تاراگۆنا. کاتالان لە ئینگلیزیدا بە نیشتمانی کاتالۆنیاش ئەوترێ، بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کاتالۆنیا لە پەرەسەندایە بەرەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی. ☜ ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی










**کاتالۆنیا:** Catalan نیشتمان بە زمانی کەتەلۆنی: Catalonha، بە زمانی ئیسپانی: Cataluña، کەتەلۆنیا هەرێمێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای وڵاتی ئیسپانیا، هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە بە زمانی کەتەلۆنی دەدوێن، کە تایبەتە بە نەتەوەکەیان، جگە لەوە زمانی ئیسپانییش بەکاردەهێندرێت، پایتەختی هەرێمی کەتەلۆنیا شاری بەرشەلۆنایە، لەڕووی مێژووییەوە ئەم هەرێمە لە لایەن ئیسپانیاوە داگیر کراوە و هەمیشە ئارەزووی جیا بوونەوە لە

ئیسپانیا دەکات، بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان، لە ئێستادا خاوەن پەرلەمانە و هەرێمێکی ئۆتۆنۆمییە لەژێر دەسەڵاتیی ولاّتی ئیسپانیادا، لە کەتەلۆنیا نزیکەی حەوت ملیۆن کەس دەژین.

**جووگرافیا**

لەڕووی جووگرافیاوە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئیسپانیا و، لەگەڵ باکووری فەڕەنسا و ئەندۆڕا هاو سنوورە. لە ڕۆژهەڵاتیش لە سەر هەردوو دەریای سپی و ناوەڕاستە و، لە باشووری هەرێمەکەش ناوچەی ڤاڵەنسیا لە ئێسپانیایە. ڕووبەرەکەی ٥,١٦,٣٢٠ کیلۆمەتری دووجای بەربەرینە و بە شەشەم گەورەترین هەرێمی بن دەسەڵاتی ئیسپانیا دادەنرێت.

**ڕووبارەکان**

ڕووباری ئیبرۆ، ڕووباری فرانکۆلی، ڕووباری تۆردێرا، ڕووباری تیر، ڕووباری فلۆفیا، ڕووباری گایا




**کاتالیزۆر :** catalyst هێسنێکە ڕێژەی کارلێکی کیمیایی زیاد ئەکات بەبێ

ئەوەی خۆی هیچ گۆڕانکارییەکی کیمیایی هەمیشەیی بەسەردا بێت. ع
عامل حفاز N katalysator د کاتالیزر.










**کاتای:** Cathay ناو یان خەتا، ئەو ناوەی کە ئورووپاییەکان لە سەدەی ناونجی بۆ وڵاتی «چین» بەکاریان هێناوە.





**کاتدرێژکردنەوە:** running the meter دەستەواژە هێمایر کاتێک ئەوتری کاری یەکێک بە بێهۆ و بە وست دوا ئەخری:

ن: میلی ژمێرەرەکە ناکوژێنیتەوە: You're running the meter on her

**کاتژمێر یەکی بەیانی:** One A.M. فیلم فیلمی ١٩١٦ی چارلی چاپلین.







**کاتنامەی نزا :** Book of hours جۆرێک پەرتووکی نزا بوو کە دێرسیپەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ناونجی و تێیدا بۆ هەموو کاتژمێرێکی ڕۆژ، سروود و نزا و گازەی تایبەت دیاری کرابوو. هەندێ لەو ڕابەرانە کە بۆ ساماندارانی دروست ئەکرا، وێنەی جوانی تێدا بوو. **تێبینی:** هیو گرەی



**کاتۆ :** Le Catcau **ناو** شارێکی بچووک لە باکووری فەڕانسە، نزیک سنووری بەلجیکا.

**کاتووگن :** Catogan **ناو** بە جۆرە گرێیەک ئەوترێ کە قژی پشت سەری پێ ئەبەستن و لە ناوی ژنراڵێکی ئینگلیزی سەدەی هەژدەوە هاتووە.



**کاتێگۆری :[1]** category **ناو** پێڕە، گۆتە، شەقڵ، پۆل یان دابەشکراوی کەسان یان ئەو شتانەی تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە. **ع** الفئة **N** kategori **د** دەستەبندی.

**کاتێگۆری :[2]** **دەستەواژە** **سینەما چیبە** لێرەدا واژەی «کاتێگۆری» {category} بە هەمان واتا بەکار ئەهێنم کە گۆهیە لە پەرتووکەکەی [گەوهەری

شانۆ L'essence du théâtre] بۆی داناوە. کاتێگۆری دراماتیک و جوانناسی لێک جیا ئەکاتەوە. بە هەمان شێوە کە بارگرژی دراماتیک dramatic tension بایەخی هونەری نییە، باشترین بەدیهێنانەوەی وێنەییش لەگەڵ جوانناسی یەک نییە، بەڵکوو هێسنێکی سەرەتایی بەدی ئەهێنێ کە ڕۆژەڤی هونەری لەسەری تۆمار ئەبێ. شێپێ: بازن

**کاتێ نیچە گریا:** when nietzsche wept بووپەر فیلم ئەڵێن نیچە و هاوڕێکەی یاکوب بۆرکهارت، ڕۆژێک لە ڕۆژانی مەی ١٨٧١ لە سەردەمی کۆمۆنی پاریس کاتێک کە دەنگۆی ساختەی ئاگرگرتنی کۆشکی لووڤریان بیست، هەردووکیان پێکەوە دەستیان کرد بە گریان 1 2 3 نیچە دژی ڤاگنەر.





**کاتی پاتەکراو:** frequentative tense دەستەواژە.

**کاتی کێماس:** imperfect tense دەستەواژە.

**کاخڵێ:** safflower ڕووەک ناو قاخڵێ، کاکڵێ، قاقڵێ، گیایەکی یەکساڵە یان دوو ساڵەی وڵاتی عەرەبستانە، ئێستە لە هەموو جیهاندا ئەڕوێ، بالای ئەگاتە ٦٠ سانتیمیتر. گەڵاکانی پان، ددانەدار و هێلکەیین، گوڵەکانی تاک،

لوولەیی و بە رەنگی زەردی مەیلەو سوور لە پۆپکەی لاسکەکانەوە ئەڕوێن. بەرەکەی سپی یە و شێوەی فندقیە کە لە کۆتاییەکەیدا دەستەیەک ژێی نازکی پێوەیە. دەنکەکەی ڕۆنی لێ ئەگیرێ، بۆ خواردن بەسوودە. پەڕەی گوڵەکەی ڕەنگی زەرد و سووری بەن و قژ ڕەنگکردنی لێ ساز ئەکرێ، قاخڵی کە زەعفەرانی ئەمریکایی American Saffron و زڕەزەعفەرانیشی پێ ئەوترێ، هیچ پەیوەندی بە تیرەی زەعفەرانەوە نییە، وەلێم زۆر هەرزانترە و وەک زەعفەران سوودی لێ وەرئەگیرێ، بە تایبەت بۆ رازاندەوەی سەر نان و کولێرە؛ وەک بەهارات بە ئەندازەی زەردەچێوە گرنگی پێ ئەدرێ هەم وەک ڕەنگ و چێژ و هەم وەک سوودمەندی، لەگەڵ خۆرشتی گۆشت و مریشک بەچێژە. [ع] القرطم، عصفر [N] saflor [د] گلپر، گل رنگ، کاجیرە ریشەناسی عصفر aousfr بۆی هەیە لە safora ـی ئۆزبەکییەوە هاتبێ، یان پێکەوە هاوریشە بن ☜ زەعفەران.



**کادان:**[1] [ناو] خەرمانی کا، خەرمانی گیای وشک، قەڵاخی نووک تیژی کا و گیا. [ع] کومة قش [N] høystakk [د] پشتە علف ن: دەرزی ناو بارەکا: Needle in a haystack.





**کادان:**❷ ناو هەماری کا.

**کادانە:** original, noble ئاوەڵناو نەژادە، ئادەر، خانەدان، هیلاو، ڕەسەن و خاوەن کۆڵکە. ع اصیل، نجیب N original, edel د اصیل، نجیب.

هەنبانە بۆرینە کاوە

ئەم کاتەتان باش.
من ئەسپێکی کوردی کوژراوی شەڕی ناوخۆم
کادانە بووم،
ڕەسەن ڕەسەن.
ئەو ئەسپەی تر کە منی کوشت،
ئامۆزام بوو،
ئەویش دیسان ڕەسەن ڕەسەن،
هەر وەکوو من کادانە بوو.

شێرکۆ بێکەس

**کادز:** Milky Way ناو ئەستێرەناسی سپیایی ناوەندی ئاسمان لە شەودا، کاکێشانی ئاسمان د کهکشان، مجره E Galaxy.






**کادوو:** smoke ناوی لێکدراو دووکەڵی کا، دووکەڵ. ع دخان N røyk د دود.

**کادێن مێشی:** ناو جێگەیەک کە پلوورەگەنگی لێ دانراون، شوێنی مەلەکەی مێشان د کندوی زنبور عسل.

**کار:** verb ڕێزمان ناو ئەو کردەیە کە بکەر ئەنجامی داوە، کردار، کردە، کاروشە بریتییە لە وشەیەک کە بەرێوەچوونی کار یان ڕووداوێک لە ڕابوردوو، ئێستا یان داهاتوودا پیشان ئەدات. بە واتایەکی تر، کار ئەو بەشە لە ڕستەیە کە ڕوودانی کار یان ڕووداوێک، لە کاتێکی دیاریکراودا پیشان ئەدات

ن: خوێندم، بردبووم، دەمبرد، لێدرابام.

هەر کارێک لە زمانی کوردیدا هەڵگری پێنج چەمکە:

- کات (ڕابوردوو، ئێستا، داهاتوو)
- کەس (یەکەم کەس، دووهەم کەس و سێهەم کەسی تاک و کۆ)
- دۆخ (دۆخی هەواڵی، دۆخی هاوڕایی، دۆخی مەرجی، دۆخی دەستووری، دۆخی ڕاقەیی)
- کرانی کار یان ڕوودانی دۆخێک
- نواند (نموود) لە هەر کاروشەیەکدا بەشێکی نەگۆڕ و چەقبەستوو هەیە کە واتای بنەڕەتی کار دەگەیێنێ، ئەم بەشە ڕەگ یان بنەکارە.

هەر کاروشە دوو جۆر ڕەگی هەیە:

- ڕەگی ڕابوردوو
- ڕەگی ئێستا

**کارا:**[1] subject ڕێزمان و **بەرکار:** object ڕێزمان.

**کارا:**[2] efficient ئاوەڵناو چالاک، لێهاتوو، خاوەن ئەزموون. ع مجرب، فعال N opplevde د فعال.

**کارابۆس:** Carabosse ئەفسانە کەسایەتیی چیرۆکێکی فۆلکلۆری ئورووپاییە بە ناوی زڕدایکی دڵڕەقی پەرییەکە Wicked fairy godmother.






**کاراڤاجیۆ:** Michelangelo Merisi da Caravaggio تێوەکار {١٥٧١ـ١٦١٠} لە هونەرمەندانی چالاکی ئیتالیایی بوو لە ڕۆما، ناپۆلی، مالْتە و سێسیلیا. لە ناودارانی شێوازی بارۆکە و گۆڕانکاری لە شێوەی بەکارهێنانی ڕەنگدا کرد. تابلۆکانی دارەتێکی جەستەیی مینەوی مرۆیی هەیە و بە هۆی بەکارهێنانی دراماتیکی ڕووناکییەوە، کاری کردە سەر شێوازی بارۆک. تابلۆکانی کەشی فەلەگەرییان هەیە. ڕیالیزمێکی بەهێز و بە دوور لە سازش پێشکەش ئەکات.















**کاراگا:** detective پیشە پسپۆڕی ناو [کار+ئاگا] [لە کار ئاگا] لێزان و پسپۆڕی پشکنەر و لێکۆڵەری بواری کەتن و تاوان، کە لە ئاسایش یان دامەزراوێکی کاراگایی private investigator agency کار ئەکات.















**کاراگای یاد:١** Memory Detective دەروونناسی پزیشکانی پسپۆڕی دەروونناسین کە ئەتوانن بە هاوکاری نەخۆش بچنە ناو یادگەیەوە و ئەوەی بەسەری هاتووە و لە بیری نەماوە، ببینن و بەسەر بکەنەوە. هەروەها بۆ سەلماندنی ڕاست و درۆیی گوتەی کەسێک سوود لەم تەکنیکە وەرئەگیرێ. ئەم چەشنە کارە تەنها لە ئاستی بیردۆز دایە و بەس لە ڕۆمان و فیلمدا هەیە. وەک فیلمی ئانا و دەزگای کاراگایی مایندسکەیپ Mindscape...
















**کاراگای یاد:٢** The Memory Detective ڕۆمان ڕۆمانی تەمار زانستی، تەمار دەروونی، ئاوێزانی ٢٠١٨، نووسینی تی.سی. نیکۆڵس T.S. Nichols کۆمەڵەیک بیرەوەری زۆروزەبەند لە کاتێکیکەمدا.







**کاراگۆرگەڤیچ:** Karageorgevitch مێژوو خانەدان خانەدانێکی پاشایەتی

سەربیاییِن کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت.






**کارامە:** experienced ئاوەڵناو خاوەن ئەزموون. ع مجرب N opplevde د مجرب E efficient.

**ناکارامە:** dysfunctional ئاوەڵناو تێکچوو، شێواو، خراپ‌کارکردوو، باش‌کارنەکردوو، بەدفرمان؛ شتێکە بە شێوەی ئاسایی کار نەکات. ع مختلة وظيفيا N dysfunksjonell د نامجرب.

**کارامەیی:** experience ناوی چاوگ پەیوەندی بەکردەوە لەگەڵ تاقیکردنەوە و بینینی بەڵگە و ڕەهاتەکان؛ قۆناغی دوای ئەزمون و تاقی کردنەوە کە بە واتای وانەوەرگرتن لە ئەزمون و تاقی کردنەوەیە. ع تجربة N erfaring د تجربە.

**ئەزموون:** test ناوی چاوگ تاقیکردنەوە. ع امتحان N prøve د امتحان.

**کارایی:** efficiency ناوی چاوگ دۆخ یان چۆنێتی کارا و کارامە بوون. ع كفاءة N effektivitet د بازدە، کفائت.

**کاربەر:** user ناوی فەرمان بەکارهێنەر، کەسێک کە ئامێرێک بەکار ئەهێنێ یان ئەخاتە کار وەکوو کەمپیوتەر و ماشینی تر؛ بەکارهێنەری تۆڕی پەیوەندی وەک ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا. ع المستعمل N bruker د کاربر.

**کارپاچیۆ:** Vittore Carpaccio {١٤٦٥ـ١٥٢٦} [هونەر] شێوەکاری ئیتالیایی، خاوەنی داستانی سەن ئۆرسولا، هەروەها خواردنی «کارپاچیۆ» کە لە جیهاندا ناوبانگی هەیە لە ناوی ئەوەوە گیراوە بە هۆی بەکارهێنانی ڕەنگی زەقی سوور و سپی لە تابلۆکانیدا.








**کارپاداشت:** honorariums [ناوی لێکدراو] پاداشتی سەربەخۆ لە مووچە کە لەپێناوی کاری ئازاددا ئەدرێ بە هەندێ فەرمانبەر و خاوەن پیشە. [ع] مكافئة [N] æresbevisninger [د] پاداش کار.

**کارڕاپێکی پۆلیسی:** police action [ناوی لێکدراو] ڕاپەڕاندنی پۆلیسی. [ع] اجراء بولیسي [N] politiets aksjon [د] اجرای پلیسی. [G]قانوونی

**کارڕاپێکی ڕواڵەتکار:** formality [ناوی لێکدراو] ڕاپەڕاندنی ڕواڵەتی. [ع] اجراء شکلي [N] formalitet [د] شکلیات. [G]قانوونی

**کارڕاپێکی ڕێسایی:** legal measure [ناوی لێکدراو] ڕاپەڕاندنی ڕێسایی. [ع] اجراء قانوني [N] juridisk tiltak [د] اقدام قانونی. [G]قانوونی

**کارڕاپێکی سەرەتایی:** preliminary proceeding [ناوی لێکدراو] ڕاپەڕاندنی سەرەتایی. [ع] اجراء اولي [N] juridisk tiltak [د] رسیدگی مقدماتی.

**کارڕاپێکی یەدەگی:** precautionary measure [ناوی لێکدراو] ڕاپەڕاندنی یەدەگی. [ع] اجراء احتیاطي [N] føre var‑tiltak [د] اقدام احتیاطی.

**کارتێل:** Cartel [ئابووری] [دامەزراو] جۆرە دامەزراوێکی ئابوورییە، لە کۆمەڵەی ئەو

کۆمپانیانە پێک هاتووە، ڕێ ئەکەون بە یەکخستنی نرخی فرۆشی کاڵا، تا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر بازاڕێکی تایبەتدا بسەپێنن. لای کارتێل گرنگ نییە ئەندامانی بە چ شێوەیەک کەرەستەی خاو دەست ئەخەن، گرنگ تەنها نرخی دیاریکراوی چوونیەکی فرۆشتنە، کە بۆیان نییە گرانتر یان هەرزانتر بیفرۆشن. ⇦ زۆربەی بانکەکانی کاناد تراستن.

⇦ **تراست:** Trust ئابووری دامەزراوە جۆرێکی تری کارتێل، تراستە کە پەیوەندییەکی تۆکمەتریان هەیە، پارِی کۆمپانیاکان لە لای تراستەوە، ئەبێ هەم کەرەستەی خاو و هەم نرخی کڕین و فرۆشیان لە چوارچێوەی پەیڕەوی «تراست»دا بێت و وەکوو یەک بێت. ⇦ زۆربەی بانکەکانی کاناد تراستن. ⇦ تاوانی ڕێکخراو لە ئەمریکای لاتین بە زۆری لەسەر بنەمای کارتێل ڕێکخراون، هەرچەند هەموو جۆرەکانی مافیادا خێزان بایەخێکی گرنگی بۆ دانراوە.

☜ تراست ☜ بەرەو جێوبان ☜ کازا نۆسترا ☜ کامۆرا ☜ ندرانتێگا








**کارتی سواربوون:** boarding card بەڵگەنامە ناوی لێکدراو boarding pass یان پسوولەی سواربوون، کارت سەرکەوتن، پسوولەی سواربوونی فڕۆکە کە کاتی کڕینی بلیت یان لە فڕۆکەخانە ئەدرێ. ع بطاقة الصعود N boardingkort د کارت پرواز ☜ گەشتنامە.




**کارتیمۆک :** chamomile ڕووەک ناو بەیبۆن، چاوەگا، گوڵەچاوێشە، گیایەکە گوڵی درشتی زەرد ئەکا، چایەکەی ئارامبەخشە. ع البابونج N kamille د بابونە گاو چشم. ⇐ **گوڵە چەرمەڵە :** د بابونە.




**کاردا :** function ناوی فەرمان کاری سوودمەند، بەهرەی کار، کاری کراو، چالاکی سروشتی بۆ کەس یان شتێک د عملکرد. ع عمل N funksjon د کارکرد. G هەنبانە بۆرینە




**کاردار :❶** attaches ناو فەڕانسە، فەرمانبەری باڵوێزخانە، ڕاوێژکار د ملحق في السفارة N attache د وابستە E attache.

**کاردار :❷** clerk ناو فەرمانبەری نووسینگە. ع کاتب ملفات N kontorist د کارمند دفتری E clerk.

**کارداری دادگا :** clerk ئارشیفدار، فەرمانبەری بەشی ئارشیڤ و کاروباری نووسینگەی دادگا N kontorist ع کاتب ملفات د کارمند دفتری دادگاه.

**کاردانەوەی ئەرێنی :** reflex affirmative ئامادەکردنی بە مەبەست

بۆ نزیکبوونەوەی خودکار وەک ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی وەڵامدانەوەی سۆزداری.

**کاردۆ:** گیا ناو کاردی، کاردوو، کاردو، پاز، هاز، گیایەکی گەڵاپانی خۆڕسکی کێوییە، لە نێو سماقاودا زەردی دەکەن و دەیکەنە چێشت و دۆڵمە. ئەگەر بە کاڵی بخورێ دەم و زمان دەبڕێ. بۆ دەرمانی خاوێن کردنەوەی نێو زک باشە.






**کاردۆخی:** Karduchoi, Carduchii نەتەوە کۆمەڵێک هۆزی جەنگاوەر بوون لە ٥٥٠ تا ٥٣٠ لە لایەن کووڕشی مەزنەوە خراونەتە سەر ئیمپراتۆریەتی ماد. لە دوای ساڵی ٤٠١ پێش زایین، لە ڕووباری بۆتانەوە تا باکووری سیزر لە کوردستان دەسەڵاتیان هەبوو. لە نێوان ساڵانی ١٦٥ـ ٩٥ پێش زایین، شانشینی سەربەخۆی گۆردینیان Gordyene دامەزراند، لە ئەنجامی لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتی سێلۆسیدی یۆنانی (٣١٢ پێش زایین — ٦٣ پێش زایین). ◀ ناوی کاردۆخی بە بەهێز و پاڵەوان دانراوە.



**کاردوو:** گیا ناو ☜ کاردۆ

**کاردەوژە:**❶ kernel ناوی فەرمان کاکڵەی ساخ، دوو لەتکردنی گوێزی کەمکوڵ بە کارد و چەقۆ و دەرهێنانی ناوکەکەی بە شێوەی بازنەیی.



**کاردەوژە:**❷ ناوی فەرمان هەڵکوڵینی شت بە چەقۆ.

**کاردەوژە:**❸ ناوی فەرمان بە هەورامی فەریکەگوێزە. خاڵ

**کاردەوژە:**❹ هێمایر ناوی فەرمان بریتییە لە ملوومۆش و زۆر خواردن لە شتێک.

**کاردەوژەی هاتگە:** هێمایر شێوەڕستە مەبەست ئەو گوێزەیە مەژگەکەی بۆ ئەوە ئەشێ کاردەوژەی بکەی، واتە بە چەقۆ یان سووژن ناەکەی دەربهێنی.

**کاردی:** گیا ناو ☜ کاردۆ

**کاردیناڵ:** Cardinal ئاییننارسر ناو پلەی پاش پاپا. ⇦ پاپا pope، کاردیناڵ Cardinal، مەتران bishop، قەشە priest.



**کاردیناڵ پریگۆر:** Charles Maurice de Talleyrand_Périgord کاردیناڵ

رامیار {١٧٥٤ـ١٨٣٨} ناسراو بە تالیران، کاردیناڵ، ڕامیار و دیپلۆماتی فەڕانسەیی. لە سەردەمی لویی شانزە، شۆڕشی فەڕانسە، ناپۆلیۆنی یەکەم، لویی هەژدە و شارڵی دەهەم پلەی باڵای لە دەسەڵاتدا هەبوو؛ ئینجا ئەڵێن خاین بوو بەرامبەر هەمووشیان!








**کاردیناڵ دو ڕێتز:** Cardinal de Retz کاردینال رامیار {١٦١٣ـ١٦٧٩} ناسراو بە پۆڵی گوندە، ڕامیاری فەڕانسەیی. پەرتووکی «بیرەوەری»یەکانی کە ساڵی ١٧١٧ چاپ کرا، لە شاکارەکانی وێژەی فەڕانسەیە.

**کاردیناڵ لابالۆ:** Jean La Balue کاردینال رامیار {١٤٢١ـ١٤٩١} وەزیری لویی یانزە، بە تاوانی بەشداری لە پیلانێک لە قەڵای لووش خرابوویە قەفەسەوە.





**کاردیناڵی کانتەربێری:** Archbishop of Canterbury ئاییناسی کاردینال کاردیناڵی مەزن و سەرۆکی کڵێسای ئینگلیز، سەرۆکی نمانایی «کۆمۆنیۆن ئەنگلیکەن»ـە لە سەرانسەری جیهاندا، کاردیناڵی سەر بە

کەوشەنی قەشەنشینی کانتەربێرییە. ئەم پۆستە زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵە هەیە و لە سەردەمی ئاگوستین کانتەربێرییەوە دەست پێ ئەکا کە ساڵی ٥٩٧ ز. لە ڕۆماوە وەکوو «نوێنەر بۆ ئینگلیز» نێردراوە.




**کارستان:** masterwork, feat [ناوی لێکدراو] کاری گەورە و مەزن و شاکار. [ع] تحفة [N] mesterverk [د] کارستان: کارێکی کردووە کارستان: کارێکی مەزنی ئەنجام داوە.

**کارشێوان:** subvert [چاوگی تێپەڕ] [فەرمان] چەت تێخستن، تێکدان و شێواندنی کاری دگەر. لاوازکردنی توانا و دەسەڵاتی کەس یان دامەزراوێک. [ع] تخریب، دمر [N] undergrave [د] تخریب، بر انداختن.

⟵ **تێکدراو:** subverted [فەرمان] تێکەرمێندراو، شێوێنراو، کەوڵکراو. [ع] مهدوم [N] undergravd [د] واژگون شده.

**کارفێنتەنایل:** carfentanyl [کیمیا] [هۆشبەر] [ناو] دەرمانێکی بەهێزی دەستکردی ئۆپیۆیدییە، ئەتوانێ کۆکایین یان هێرۆین بێت، ١٠٠ جار لە فێتەنایل و ١٠٠٠٠ جار لە مۆرفین بەهێزترە. لە پزیشکی ئاژەڵ بۆ خستنی فیل و کەرگەدەن بەکار دێت. [ع] کارفنتانیل [N] Karfentanil [د] کارفنتانیل.

⟵ **دوا کەسی ئێمە:** The Least of Us [زنجیرە] زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠٢٣ ئافراندنی نیل دراکمەن و کرەیگ مەزین، چیرۆکە ڕاستەقینەکانی ژیانی تووشبوانی هۆشبەرەکانی ئەمریکا و، **هیوا** لە سەردەمی فێنتانیڵ و میس.







**کارکردن بۆ شای پرووس:** کینایە گەڕان-٧ بە واتای بێگارییە، بێگاری بۆ بێگانە، بە تایبەت لە کاتی جەنگدا.

**کارکەناری دێلکاسە:** (گەڕان، بەرگی٥) ڕامیاری ئاماژەیە بە کێشەی تەنجە (أزمة طنجة ١٩٠٥) کە بووە هۆی جەنگ لە نێوان ئاڵمانیا و فەڕانسەدا، تیۆفیل دێلکاسە لە ١٨٩٨ تا ١٩٠٥ وەزیری دەرەوەی فەڕانسە بوو. بە هەوڵدانی ئەو، یەکێتیی فەڕانسە و ڕووسیا (١٩٠٠) و هاوکاریی فەڕانسە و ئینگلیز (١٩٠٤) بەهێز بوو، لە ١٩٠٥ بە هۆی گوشاری ڤیلهێلمی دووەم و بۆ خۆپاراستن لە جەنگی ئاڵمانیا، دێلکاسەی وەزیری دەرەوە بە ناچار کارکەنار بوو.





**کارگوزار:** secretary کارگێڕی ناو باشنووس، بەڕێوەبەری کاروباری نووسین و ڕاگرتنی ئەرشیف و ڕۆژنامە و زمێرپاری کەسێک N sekretær ع امین د منشی.

**کارگوزاری:** brokerage کارگێڕی ناو بەڕێوەبەریتی کاروباری نووسین

و ڕاگرتنی ئەرشیف و ژواننامە و ژمێریاری دەزگایەتی حکوومی یان کۆمپانیایەک N sekretær ع امین د منشی.

**کارگوزاری داهاتی ناوخۆ:** Internal Revenue Service یان IRS ئابووری دەبەنگر دامودەزگای دەوڵەتی سەر بە شالیارگەی گەنجەداری ئەمریکا، بەرپرسی ڕاگەیشتنە بە کاروباری داهاتی دەسەڵاتی فێدراڵ. پێناسە بە گوتەی د. زاڤیەر کلێمنت لە پەرتووکی دەبەنگی: «تێکەڵەیەکی گەشتاپۆ و کا گێ بێ و چەند ڕێکخراوی بیرکۆلین و ئاسایش و پاراستنی سامناکی ترە».

**کارگەی نەتەوەیی:** مێژوو ئابووری ١٨ی برۆمێر لە پاش شۆڕشی فێبریوەری ١٨٤٨ بە فەرمانی دەوڵەتی کاتی فەڕانسە، ئەم کارگانە پێک هاتن و بە ڕادەی زۆرایەتیی کرێکارانی «سۆسیالیست» واتە کرێکارانی سەر بە پارتی سۆسیال دێمۆکرات تێیدا بەشدار بوون. ئامانج لە دامەزراندنی ئەم کارگانە ئەوە بوو لە لایەکەوە بۆچوونەکانی لویی بلان سەبارەت بە ڕێکخستنی کار، لە لای کرێکاران پووچەڵ بکەنەوە و، هەم ئەم کارگانە کە بە شێوەی سەربازی ڕێک خرابوون، لە دژی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ سوودیان لێ وەربگیرێ. بەڵام ئەم نەخشەیە کە ئامانجی دووبەرەکینانەوە بوو لە نێوان چینی کرێکاردا، سەرنەکەوت و کرێکاران ورەی شۆڕشگێڕانەی بەهێزتریان پیشان دا، ئەوسا دەوڵەتی بۆرژوازی بۆ لەناوبردنی ئەم کارگانە زنجیرەیەک چالاکیی ئەنجام دا. ئەم چالاکییانە پرۆلیتاریای پاریسیان تووڕە کرد و بوو بە هۆی ڕاپەڕینی مانگی جون. پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕین، کابینەی کاڤێنیاک لە ٣ی جولایی ١٨٤٨دا فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەم کارگە نەتەوەییانەی دەرکرد.




**کارگێڕی:** management بەڕێوەبەری دامەزراو بەڕێوەبردنی دامەزراوێکە، جا چ کۆمپانیایەکی ئابووری بێ، ڕێکخراوێکی چاکەخوازی بێ، یانیش دامودەزگایەکی میری بێ. ◀ مژاری کارگێڕی زانستی بەڕێوەبردنی جەماوەر ڕێکخستن و بەکارهێنانی سەرچاوەکانە. کارگێڕی پیشەیەکی گرنگ و پسپۆڕانەیە و لە خێنەرانی ئەو ڕشتەیە ئەتوانن بڕوانامەی جێ شانازی لە بەکەلۆری تا دکتۆرای تێدا وەربگرن . ع ادارة N ledelse د مدیریت، کارگزینی.








**کارلێک:** interplay ناوی فەرمان ئەو شێوازەی کە دوو شت یان زیاتر کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە ع تفاعل، تعامل N samspill د تعامل، تعامل متقابل.

**کارلێککار:** interactive ئای تر ئاوەڵناو دوو دیاردە کە لەگەڵ یەک لە پەیوەند دان. لە بواری کەمپیوتەر سوودی لێ وەرگیراوە بۆ دۆزینە و ڕاستەوخۆ کردنەوەی مژار یان ڤیدیۆی پەیوەندیدا.

✿: پ د ئێف کارلێککار interactive pdf ئەو دارەتەیە کە ئەتوانرێ لینکەکانی ناو فایلی پ د ئێف لە هەمان پەروەندە یان ئینتەرنێت بکرێتەوە. فۆرماتی پ د ئێفی فەرهەنگی شاسوار بە شێوەی کارلێککارە و کرتە لە هەر لینکێک بکرێ ئەو بەستەرە لە ئینتەرنێت ئەکرێتەوە.

✿: بۆ نموونە ڤیدیۆلینکی یەک 1، ڤیدیۆلینکی دوو 2 یان ڤیدیۆلینکی سێ 3 لە دەستەواژەی کاتێ نیچە گریا.




**کارلی ناپۆلی:** Carlo I d'Angiô شا {١٢٤٨ـ١٣٠٩} پادشای ناپۆلی و ئاڵبانیا.



**کارڵ تیۆدۆر درەیەر:** Carl Theodor Dreyer دەرهێنەر {١٨٨٩ـ١٩٦٨}
دەرهێنەری دانمارکی، لە گرنگیترین دەرهێنەرانی مێژووی سینەما.



**کارڵسباد:** Carlsbad جوگرافیا گەشت شارێکە لە بوهیمیای کۆماری چێک، گەرماوی ئاوی گەرمی هەیە.




**کارڵسرۆهە:** Karlsruhe جوگرافیا دووەم شاری پیشەسازی و گەورەی پارێزگای بادن ورتمبەرگە لە باشووری ئاڵمان.






**کارڵ مارکس هۆف:** Karl Marx_Hof ژیار ڕیزە تەلارێکە بە درێژایی ١١٠٠ مەتر و بۆ ژیانی نزیکەی ٥٠٠٠ کەس، کە ١٣٨٢ وارخانە، لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی «ڤیەنای سوور» بە بوودجەی باجی تایبەت لە ١٩٢٧ تا ١٩٣٠ لە شاری ڤیەننای ئوستریا ساز کرا. کارڵ مارکس هۆف، بە چوار وێستگەی مێترۆوە یەکێک لە درێژترین شوێنە نیشتەنییەکانی جیهانە، کە هەموو پێداویستییەکانی ژیانی شارستانی تێدا دروست کرابوو.




**کارمەن شیمەی:** Clara Ward مۆدێل (١٨٧٣ـ١٩١٦) کلارا وارد ناسراو بە شازادە کارمەن شیمەی Princesse de Caraman_Chimay لە بنەماڵەیەکی ملیۆنێری ئەمریکایی لە دیترۆیتی میشیگان لەدایک بوو. شووی کرد بە شازادە جۆزێف کارمن شیمەی و، بوو بە دووەم شازادەی فەرمی ئەمریکایی، وامەکانی مێردەکەی دایەوە و کۆشکەکەی بۆ نۆژەن کردەوە.







**کارماین:** carmine ڕەنگەوشە ناو ڕەنگی کارماین، سووری کارماین، خوێی ئالۆمینیۆم و ئەسید کارمینیک کە ڕەنگمایەیەکی سووری گەشە. ع احمر قرمزي N karminrød د سرخ کارماین.



**کارمز:** wage ئابووری کارانە، مزی کارکردن، مووچە. ع اجرة N lønn د حق الزحمە.

**کارمن:** Carmen نۆڤێلا نۆڤێلای ١٩٤٥ نووسینی پرۆسپێر مێریمی Prosper

Mérimée چەندین جار فیلم و ئۆپێرای ژێوەرگیراوە.












**کارمن سیلڤا**: Queen Carmen Sylva [وێژە] ناوی خوازراوی شاژن ئێلیزابێتی ڕۆمانی (١٨٤٣ـ١٩١٦)یە کە هۆنراوەی ئەهۆنیەوە و چیرۆکی ئەنووسی.






**کارن**: Karen [نازناو] [ناونیتکە] [ناو] بەرزەنگ و هێمای ژنێکی سپی پێستی لەخۆ بایی وردەبورژوا واتە لە چینی مامناوەنجی کە زیاد لە پێویست خۆی بە مافدار و بە زل ئەزانێ. [ع] کارین [N] Karen [د] کارن.

: کارنێکە بۆ خۆی. واتە ژنێکی سپی پێستی لەخۆ بایی و خۆبەزلزانە.







**کارناڤالی چلەی پارێز:** Lenten carnival داب‌ونەریت بووبەر چل ڕۆژ بەر لە جەژنی ڕابوونەوە خولی پارێز و ڕۆژووگرتنی فەلەکانە، لە زۆربەی ئایینزاکاندا لە چوارشەممەی خۆڵەمێش تا پێنجشەممەی فەرمان یان تا جەژنی ڕابوونەوە درێژەی هەیە. لە زۆربەی کولتوورەکاندا کارناڤال لە خولی چلەی بەرۆژووودا بووە بە باو.




**کارنامە:** CV بەڵگەنامە یان Curriculum vitae شایستەگینامە، پێشینەی کاری، پاشزەمینە، کاروخوێندن، دەسکەوتنامە، کۆلکەی خوێندن، تۆمارنامە، کورتەنامە.

**کارنۆ:** Lazare Carnot خەباتگێر ناوی تایبەت (١٧٥٣ـ١٨٢٣) ناسراو بە ڕێکخەری سەرکەوتن، ڕامیار، ئەندازیار، فراماسۆن و بیرکار بوو.




**کارنەج:** Carnage سینەما هاوڕی، هاوڕین، یەکێک لە سیمبایۆتەکانی symbiote مارڤێڵ کامیکسە وەکوو سپایدەرمەن. چەندین فیلمی لەسەر

ساز کراوە. ⇦ **کوشتارگە :** carnage ناوی جێگا شوێنی سەربڕینی ئاژەڵ. ع مجزرە N blodbad د قصاب خانه.










**کارۆزێل :** Carrousel جوگرافیا گۆڕەپانێکە لە نزیک مۆزەخانەی لووڤر لە پاریس. ع کاروزل N Carrousel د کاروزل.





**کارۆن :** Charon ئاییروئەفسانە یان Kharon لە یۆنانی χάρων لە ئەفسانەی گریکدا گەمیەوانی دشتی چەمی ڕەش بوو کە لە بەرامبەر ١ دیناری زێڕدا مردانی ئەپەڕاندەوە بۆ هادس. ئەگەر مردوو نەیتوانیبا پارەی گەمیەوان بدات، ئەبوو بە گیانێکی سەرگەردان و ئەبوایە لەو ناوە تاهەتایە ئاوارە بێ. ئەمە چارەنووسی ئەوانەش بوو کە نەنێژرابان **کارۆن :** Charon سینەما فیلمی ٧٣ خولەکی هەژێنەری ٢٠٢١ تز قز زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی Blindspot وەرزی ٣ ئاڵقەی ١٩ ع خارون N Kharon د خارون.







**کاروانی ڕەش:** La Croisiere Noire فیلم بەڵگەیی یان Black Journey گەشتی ڕەشی دووهەزار کیلۆمەتری لە باکوور تا کۆتایی باشووری ئەفریقا، فیلمی بەڵگەیی فەڕانسەیی ١٩٢٦، دەرهێنانی جۆرج سپێکت Georges Specht.











**کارووس:** sermon, elevation, homily ئاییناسر وتاری دینی و ئامۆژگاری ئایینی. ع خطبة N preken د موعظە.

**کارەبا:**[1] frankincense ڕووەک جیوە کەهرۆبان، جیوەی درەختی کەنێرەیە زەرد و سووک و گرانبایی، وەکوو بخوور و بەرامەبەخش بەکار ئەهێنرێ، ئەکرێ بە بەرموور و تەسبێح، جەستەی مێرووی تێکەڵ ئەکەن و لەشی مێرووەکە لە ناویدا خۆیا ئەکات. ⇦ هەروەها هێسنێکی بنێشتییە کە لە کەنارەکانی زەریای باڵتیک هەیە، لەبەر ئەوەی لە تیرەی هیدرۆکەربونە و ئەلکتریسیتەی ستاتیکی تیایە، ئەگەر بیهێنین بە کووتاڵێکدا، یان ئەگەر دەستی پێدا بهێنین، ئەتوانێ شتی سووکی وەکوو موو بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ع شجرة البخور، اللبان، الکندر N røkelse tre د کندر، کهربا.








**کارەبا: ❷** electricity ئاوەڵناو ئەلکتریسیتە، چەشنێکی وزەیە لە بوونی گەردیلەی بارداری وەکوو ئەلکترۆن یان پرۆتۆن، پێکهاتووە بە شێوەی کارەبای ستاتیک یان دینامیک وەکوو تەزوو. ع کهرباء N elektrisitet د برق.





**کارەباگۆڕ:** transformer ئامێر کارەباگۆڕ، ئامێر یان دەزگایەکە بۆ بەرز و نزمکردنەوەی ڤۆڵتاژی تەزووی کارەبا. ع محول N transformator د تبديل کننده.

**وزەگۆڕ:** transducer ئامێر ئامێرێکە وزە لە فۆرمێکەوە دەگۆڕێت بۆ فۆرمێکی تر. بەزۆری گۆڕینی سیگناڵێک لە فۆرمێکی وزەدا دەگۆڕێت بۆ سیگناڵێک لە فۆرمێکی تردا. ع محول الطاقة N transduser د مبدل برق.







**کارەساتی هیندنبۆرگ:** Hindenburg disaster ڕووبەر فیلم ئاگرگرتنی کەشتی گازی هەوایی هیندنبۆرگ لە ١٩٣٧ لەکاتێکدا لە فرانکفۆرتەوە ئەچوو بۆ ئەمریکا، لە مەنچێستری نیوجێرسی دای لە دیرەگێک و ئاگری

گرت. ← هێمایر تەقینەوە بە هۆی گازەوە بە «هێندنبۆرگ» ناو ئەبرێ.











**کارەکەر:** maid, housekeeper ناو خزمەتکاری ژن، کڵفەت. ع خادمة N hushjelp د کلفت. ← کارەکەر و نۆکەر

← **نۆکەر:** servant, valet ناو خزمەتکاری پیاو. ع خادم N tjener د خدمتکار.










**کارەندامزانی:** physiology زیندەوەرزانی فیزیۆلۆجی، ئەو لقەی بایۆلۆجییە کار لەگەڵ گیاندارە زیندووەکان و ئەندامەکانیان ئەکات. ع علم وظائف الأعضاء N fysiologi د فیزیولوژی.

**کارێز:** subterranean canal ناو بنعەرزی؛ ئاوێکە لە بیر و لەغەم لێدانی زەوی پەیدا بوو بێت و، بە مەبەستی پاراستن بە رەهۆڵی داپۆشراودا برابێت. ڕیشەناسی کارێز: [کا{کانی}+ ڕێز{ڕێژ}] وەک ئارێز کە هەمان ئاوڕێژە و بووە بە ئارێز، کارێزیش بە زۆری ئاوی کانییە، سەری گیراوە و ڕەهۆڵی بۆ لێدراوە تا شوێنی مەبەست و بەکارهێنان. ع قناة جوفية N underjordisk kanal د قنات.

کارێزلێدان: dig subterranean canal کارێزکەندن.

کارێزکەن: subterranean canal expert





**کارێنای:** second hand ناویچاوگ دەکارکریاگ. ع مستعمل N brukt د مستعمل، مصرف شده.

**کارێنەر:** client ناو کارهێن، ماميل، بریگرتە، ڕاژەخواز، کەسێک کە بۆ کارێک ئەچێتە شوێنێک، یان لای پسپۆڕێک N klient ع زبون د ارباب رجوع.







**کاری:** [1] curry خۆراک چەترەوشە ناو چەترەوشەیەکە بۆ کۆمەڵێک خواردنی هێندی. تایبەتمەندی هاوبەشی ئەم خواردنانە بەهاراتێکە پێکهاتووە لە:

١ـ گەڵای کاری، ٢ـ زەردەچێوە،
٣ـ بیبەری ڕەش، ٤ـ کەموون،
٥ـ هاڕدراوی گژنیز، ٦ـ زەنجەفیڵ،
٧ـ دارچین، ٨ـ مێخەک،

٩ـ هێڵ، ١٠ـ بیباری سووری تیژ،

١١ـ پۆدری سیر.

◁ کاری، هەروەها بە بەهاراتی کاری ئەوتریٚ کە لەگەڵ زۆربەی خۆرشت و شلەکاندا بە ڕادەی کەم شیاوە و بەکار ئەهێنریٚ؛

◁ کە واتە ئەتوانین بڵێین مریشکی کاری، نۆکاوی کاری، شلەی کاری، قاورمەی کاری و بەهاراتی کاری.





**کاری:** [٢] curry ڕووەک چێژەمەنی ناو شەخەڵەگیایەکە لە تیرەی دەیزی daisy گەڵاکانی باریکی زیوینی ئاماڵ خۆڵەمێشی، گوڵەکانی زەردی بچووکە و بۆنی تیژی کاری بڵاو ئەکەنەوە. گەڵای کاری ئەستووی سەرەکی بەهاراتی کارییە.







**کاری:** [٣] curry بەهارات چێژەمەنی ناو یان بەهاراتی کاری، بە زۆری تێکەڵەی یانزە جۆر بەهاراتە کە چاشنییە سەرکیەکەی گەڵای کارییە. [٤] کاریِ [N]

karri د کاری. ☜ هێل ☜ کەوچک

ئەم یانزە ئەستووە بریتین لە:

٢ گەڵا کاری وشک Curry, dried

١ کەوچک هێلی سەوز Cardamom, green seeds

١ کەوچکی لاچەڕ هێلی ڕەش Cardamom, black seeds

٨ کەوچک مێخەکی دەنک Cloves, whole

٤ کەوچک دەنکی گژنیژ Coriander seeds

١ کەوچک ڕازیانە Fennel seeds

١ کەوچکەچای Mace, ground

١ کەوچکی لاچەڕ گوێزی هێندی هاڕدراو Nutmeg

١ کەوچک دەنگی بیباری ڕەش Peppercorns

٢ کەوچک بادیانی ئەستێرە Star anise

١ چڵ دارچین Cinnamon

١ کەوچک دەنکی کەموون Cumin seeds







**کاریتان:**[1] anthology وێژە ناو هەڵبژاردەی وێژەیی، کۆمەڵە هۆنراوە و پەخشان و نووسراوی چاپکراو، کەشکۆڵی وێژەیی. دەقی والا ئەتوانێ چەشنێک کاریتان بێت. ع مقتطفات، مجموعة مختارات أدبية N antologi د گلچین ادبی، جنگ [ جُ].

ﯙ: کاریتانی هۆنراوەی ئوروپایی.
ﯙ: کاریتان یان ئانسۆلۆجی، کەشکۆڵی هۆنەرانی پارناسییە.
ﯙ: کاریتان شانە هەنگوینی ڕەنگنامەی زەرد و سوور و پەمەیی و ڕەش و شینە، بەرامەی هەمەپێژی دڵ کەیل ئەکات.
ﯙ: ئافراندنی کاریتانی وێژەی واڵا ئاڵنگاری سنووری داخراوە.









**کاریتان:❷** hive کەرەستە کەندوو، کەنوو، کواره، پلوورەمێش. ع خلیة نحل N bikube د کندو.







**کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ:** ڕێزمان تێپەڕ ئەو کارەیە پێویستی بە بەرکار هەیە و تێنەپەڕ ئەو کارەیە پێویستی بە بەرکار نییە.
⇦ کاری تێپەڕ transitive verb د متعدی، بە هۆی (قەدی چاوگ)ەوە دروست ئەبێ:

| | |
|---|---|
| خوێندم | ﯙ: پەرتووکەکەم خوێند |
| دەرچویت | ﯙ: لە تاقیکردنەوە دەرئەچووین |
| سەرئەکەوت | ﯙ: بە دیوارەکەدا سەرئەکەوت |

پێشکەوتبام ؛: ئەمتوانی پێشکەوتبام

ئاقاکرییە ؛: تە خانییەک ئاقا کرییە

ئامادە بوو ؛: لە کۆبوونەوە ئامادە بوو

کاری تێنەپەڕ intransitive verb د لازم، بە هۆی {ڕەگی کاری} دروست ئەبێ، واتە هەر کارێک ڕەگ بێت و ڕاناوی لکاوی {م، یت، ات، ێت، ین، ن، ن} و {م، ی، یت، ت، ین، ن، ن} ی لەگەڵدا بێ، ئەوە کاری تێنەپەڕە:

ئەخوێنم ؛: پەرتووکەکە ئەخوێنم

ئەچین ؛: لە تاقیکردنەوە دەرئەچین

سەرکەفن ؛: دێ سەرکەفن

ئەکەفم ؛: پێش ئەکەفم

بکەین ؛: دێ خانییەکی ئاقا کەین

ببم ؛: ئامادە ببم

**دریژە** خاڵێکی زۆر گرنگی ناسینەوەی کاری تێنەپەڕ و تێپەڕ

ئەگەر هەموو ئەندامەکانی جەستە بەشداری کارەکەی کرد ئەوە کارەکە تێنەپەڕە وەک ؛: کۆترەکە فری ؛: پیاوەکە ڕۆیشت. یان ؛: منداڵەکە [منداڵ+ـەکە {بکەر}] خەوت [{کاری ڕابوردووی تەواوی تێنەپەڕ}].

{ـەکە: نیشانەی ناساندنە}

بەڵام ئەگەر یەکێک یان هەندێک لە ئەندامەکانی لەش بەشداری کارەکەی کرد کارەکە تێپەڕە وەک ؛: کوڕەکە نامەکەی نووسی: واتە دەست و مێشکی زیاتر بەشداری کارەکە بوون ؛: منداڵەکە نانی خوارد: نانخواردن دیارە بە زۆری کاری دەست و دەمە.

**دریژە** جیاوازی نێوان کاری {تێپەڕ و تێنەپەڕ}

١ـ ئەگەر هات و کارەکە ڕابوردووی نزیکی ڕاگەندنی تێپەڕی سادە، دارێژراو، یان لێکدراو بوو، ئەوا کۆمەڵەی خاوەندارییە و کۆمەڵەی یەکەمی پێ دەگوترێت {م ـ ت ـ ی / مان ـ تان ـ یان} وەردەگرێت. بەڵام کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ ئەو نیشانانە وەرناگرێت. بە کورتی کاری تێپەڕ

{م ـ ت ـ ی / مان ـ تان ـ یان}وەردەگرێت و، کاری تێنەپەڕ وەرناگرێت.

٢ـ ◁ کاری تێپەڕ بە یەک یان دوو ئەندامی لەش ئەنجام دەدەرێت و دەکرێت. بۆ نموونە: ن: نووسیم ← چونکە تەنها بە دەست نووسین ئەنجام دەدرێت.

◁ بەڵام لە کاری تێنەپەڕ بە هەموو ئەندامی لەش دەکرێت و هەروەها هەر کارێک زیانی بۆ لەشی بکەر هەبێت تێنەپەڕە وەک: ن: {هاتن}، مرۆڤ بە هەموو ئەندامانی لەشی دێت؛ ن: {سووتان} زیانی بۆ لەشی بکەر هەیە و تێنەپەڕە.

٣ـ ڕێسای بکەر ـ نادیار {کارا ـ نادیار} لە دەمی ڕابوردوو، ڕانەبردوو لە کاری تێپەڕ دروست دەکرێت، بەڵام لە کاری تێنەپەڕدا ڕێسای بکەر ـ نادیار جێبەجێ نابێت وەک:

ڕێسای بکەر ـ نادیار لە دەمی ڕابوردوو:

ڕەگی کاری تێپەڕ + ر + ا = کاری بکەر ـ نادیار

نـــووس + ر + ا = نـــووسرا

ڕێسای بکەر ـ نادیار لە دەمی ڕانەبوردوو:

ڕەگی کاری تێپەڕ + ر + ێ = دەنووسرێ

دە + نـــووس + ر + ێ = دەنووسرێ

درێژە تێبینی: دەتوانرێت چاوگی تێنەپەڕ بۆ چاوگی تێپەڕ بگۆڕدرێ بە هۆی پاشگری {اندن} وەک

ن: گـــریان ◁ [گری + اندن = گریاندن] تێنەپەڕ ⟵ تێپەڕ

ن: گەیشـتن ◁ [گەی + اندن = گەیاندن] تێنەپەڕ ⟵ تێپەڕ



**کاری چەسپاو:** fixed work ناوی لێکدراو کاری هەمیشەیی. ع عمل ثابت N fast arbeid د کار ثابت.

**کاری ڕەمەکی:** scut work ناوی لێکدراو کاری بێبایەخ و بچووک. ع عمل تافه N skutt arbeid د کار پیش پا افتاده.

**کاریزما:** carisma ناو شایستەیی، شیانستبوون، لێهاتوویی؛ بەهرەیەکی باڵای سروشتییە کە ئەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بتوانێ کار بکاتە سەر کەسانی تر و ڕایان بکێشێ N Karisma ع جاذبیة د جذابیت.

**کاری کراوە:** ناوی لێکدراو کۆڵەی کوتراوە: هەتا یاد ئەکەمی، ئاوە بەو ورمە بەردینە کاری کراوە (سوارە، خەوەبەردینە).

**کاریگەری:** potency ناوی لێکدراو هێز، هێزی شتێک بۆ کارکردنەسەر یان دروستکردنی کاریگەری. ع الفاعلیة N potens د قدرت E impact.
: سەرنجت مەخەرە سەر ئەو **کاریگەرییانە**ی خراپەکان لەسەرت هەیانە، سەرنجت بخەرە سەر ئەو **کاریگەرییانە**ی باشەکان لەسەرت هەیانە.

**کارین:** ability ناوی چاوگ پێکاری، توانایی، دەرەقەت، شیان، توانین، پەک، وزە، سیرا، یارا دەروونناسی توانا یان بەهرە یان هەر تایبەتمەندییەکی تر کە ڕێگە بە مرۆڤ ئەدا کارێک ئەنجام بدات N evnen ع مقدرة د توانایی.

**کاریناى:** کارێنای

**کاریۆگرافی:** choreography هونەر موزیک ناو هونەری دزاینکردنی جوولانی فیزیکی جەستە و هەنگاوەکانی سەما. ع الکوریغرافیا N koreografi د رقص آرایی.






**کاریەر:** Eugène Carrière شێوەکار (١٨٤٩ـ١٩٠٦) یۆجین کاریەر، شێوەکاری سەمبۆلیستی فەڕانسەیی.





**کاز:** ناو کوخت، کەپر، ماڵی هەژارانە، سازەیەکی سەرگیراو لە دار و چیلکە یان ئاسن بۆ سێبەرکردن و پشوودان. ع سقیفة N hytte, skur د خرابە، کلبە ☜ کەپر.




**کازابلانکا:** Casablanca جوگرافیا گەورەترین شار و، پایتەختی ئابووری و چاندیی مەراکۆیە لە سەر ئۆقیانووسی ئەتڵەس. وشەکە ئیسپانییە و بە عەرەبی پێی ئەڵێن «الدّار البَيضَاء»، واتە تەلاری سپی. ڕەنگی زۆربەی خانووەکان سپییە و شارەکە لە دوورە سپی ئەکاتەوە. لە ڕووی ئابوورییەوە لە شارە گرنگەکانی ئەفریقایە.






**کازامانس:** Casamance جوگرافیا چەمێکە لە سینێگال، بە درێژایی ٣٠٠ کیلۆمەتر بەرەو ڕۆژئاوای ئەفریقا بۆ ناو ئوقیانووسی ئەتڵەس.






**کازا نۆسترا:** La Cosa Nostra مافیا یان مافیای سێسیلیا، ڕێکخراوێکی تاوانکارییە سەدەی ١٩ بەدی هاتووە. لە چەندنی دەستەی تاوانکار بەدی هاتووە، کە هەرکامیان شێواز و ڕەفتاری جیاوازیان هەیە، پێیان ئەوترێ یانەسا و هەرکام بەرپرسی شارێکن. سەدەی بیستەم زۆر لە مافیۆسییەکان کۆچیان کرد و لە ئەمریکای باکوور و باشوور هەمان چەشنە مافیایان دامەزراند ☜ کامۆرا.














**کازیمیر پێریە:** Casimir Pierre Périer رامیار ئابووریزان (١٧٧٧ـ ١٨٣٢) بانکداری بەرچاوی فەرانسەیی، خودانی کان، سەرکردەی رامیاری و سەرۆکوەزیران لە ١٨٣١ تا ١٨٣٢.





**کازیوە:** dawn, false dawn ناوی لێکدراو [کات+زیو+ئە] بوولێڵەی بەیان، ئەو کاتەی کە ئاسمان هێشتا روون نەبووەتەوە و کاتی زیوینە. ع الفجر الكاذب falsk daggry N فجر کاذب. د ← **سپێدبالا و سپێدپەهنا:** ناوی لێکدراو کازیوە دووبەشە، کازیوەی سپێدبالاّ کە روونا کییەکە بەرز ئەبێتەوە بۆ ناوەراستی ئاسمان و، کازیوەی سپێدپەهنا کە دوابەدوای ئەو دێ و ئەو کاتەیە کە کەناری ئاسمان واتە ئاسۆ زیوین بووە. ← **سبادرە:** ناو پێش کازیوە. ← (نە سبادرە نە بەرەبەیان) ← بە هەورامی سیم هەمان زیوە: (سیم=زیم= زیو).










**کازیوەخێز:** early bird ناوی لێکدراو کەسێک کە سەرلەبەیانی زوو لە خەو رائەبێ هێمایر مەلی بەیان. ع morgenfugl N سحرخیز. د ن:

کازیوەخێـزە و بەختـەش بڵێنـدەن
باڵنـدەی بەیـان چ کار پـەی کەردەن

**کاژ:❶** membrane تویکاری ناو پەردە، کاژی، پێست، لۆخ، ئەتەم. ع غشاء حيواني أو نباتي N membran د غشاء. ☜ کراژ

**کاژ:❷** fir ڕووەک ناو سنەوبەر، دارێکی هەمیشە سەوزی یەکپایەیە، بە ساقەتی بەرز و گرۆڤەر، لقوپۆی دوای ساقەتە و گەڵای دەرزیلەیی جووتجووتە؛ کاژ بە زۆری تا ٣٠ مەتر باڵا ئەکات، بەڵام هەندی کاژ، وەکوو کاژی داگلاس Douglas_Fir باڵای بە ئەندازەی دە قیلای ١٠ مەتری، واتە تا نزیکەی ٩٩ مەتر و، سوورەکاژی کەستانە Hyperion redwood لەوەش زیاتر تا ١١٥ مەتر، لە کەلووی بیگ بێن و پەیکەرزی ئازادی، باڵای بەرزتر ئەبێ N Furu ع شجر صنوبر د کاج. ⇦ کاژاو: لێرەواری کاژ.




**کاژەرە:** skull ناو کاسەی سەر، قاپیلکەسەر. ع جمجمە N hodeskalle د جمجمە.



**کاتژمێربوون:** چاوگی تێنەپەڕ ئیرزابوونی پیاو لە ڕووی جنسییەوە. ⇦ **زاوێربوون:** ئیرزابوونی ژن لە ڕووی جنسییەوە ⇦ **کاتژمێرکردن:** ئیرزاکردنی پیاو لە ڕووی جنسییەوە ⇦ **زاوێرکردن:** ئیرزاکردنی ژن لە ڕووی جنسییەوە.




**کاژیلە:** گیاندار ناو کاریلە، بێچووی شیرەخۆرە. ⇦ **گیسک:** بێچووی کەمێک گەورەتری لە شیر بڕاو. ⇦ **کوێستیر:** چێشتیر، بێچووی دوو ساڵەی لە گیسک گەورەتر.





**کاست:** Caste کۆمەڵناسی کاست بە واتای ڕەگەز و نەژاد، جۆرێکی سیستەمی چینایەتییە، کە تێیدا بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی لە سەر بناغەی ڕۆڵی بەدەستهاتووی ناو کۆمەڵ دابەش ئەبێ. ئەندامانی چینێک ناتوانن بگوێزنەوە بۆ چینێکی تر و ئەبێ مەرجی تایبەت لە هەڵسوکەوتی خۆیان بەرامبەر بە ئەندامانی چینەکانی تر ڕەچاو بکەن. کاست لە نێوان ئارياییەکانی هیندا هەبووە. لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دووریش هەبوو.








**کاستبەزاندن:** loss of caste **ناوی لێکدراو** لە سیستەمی چینایەتی و کاستی، بە تایبەت ئایینی وەکوو هێند، بە واتای لادان لە چین و کاست و، پشتکردن لە ڕەگەزە.

**کاستەری نێسلرووود:** Nesselrode pudding **شیرینی** یان کاستەری دیپلۆمات، جۆرێک کاستەری بەستەنییە ڕازاوە بە میوە و لە قاڵبێکی فانتزی دا، ناوەکەی لەوەوە هاتووە کە یەکەم جار ساڵی ١٩٠٨ لە کۆبوونەوەیەکی ڕامیاری لە بۆسنیا درا بە میوانەکان و زۆریان بە دڵ بوو. وەک وتراوە، گوایە نێسلروودی دیپلۆماتی ڕووسیی کە لە هەموویان زیاتری پێ خۆش بووە، پێشنیازی ناوی کاستەری دیپلۆماتی کردووە؛ هەروەها ئەوترێ ئاشپەزێکی کارامەی فەڕانسەیی ساڵی ١٨١٤ ئەم جۆرە کاستەر، یان پوودینگەی بۆ نێسلروود داهێناوە.







**کاسۆلان:** casolan ناوی جێگا هەندێک نووسیویانە ڕەنگە مەبەست کاسۆلی Casoli لای ناپۆلی بێ، بەڵام کاسۆلان لە دورگەی ماڵتا هەیە کە ئەکەوێتە خوارووی ئیتالیاوە.





**کاسەگوڵ:** foxglove ڕووەک هێماپر ناوی لێکدراو وەرگیا، گوڵێکی ئەوراسیایە، هێشووی درێژکۆڵەیە، گوڵی وەک پەنجەوانەی هەیە، ڕەنگی بە زۆری چێرەیی بەرەو بەنەوش و سپی وەک پەنجەوانەیە. واتای ئینگلیزییەکەشی پەنجەوانەی ڕێوییە. ◀ پێکهاتەی [کاس + ە + گوڵ] بە واتای گوڵی ورکەر، کاسکەر، هەروەها وەکوو کاسەیشە. کاسەگوڵ، دەرمانێکی تێدایە بە ناوی دیجاتالس digitalis کە ئەبێتە هۆی هاندانی ماسوولکەی دڵ و توانایەکی کاسکەر یان کەسکوونی وەهای هەیە، ئەتوانێ ببێتە هۆی وەستانی دڵ، بۆیە بە شێوەی هێمایی گوڵی بکوژیشی پێوتراوە.
ع قمعية N Revebjelleslekta د گل انگشتانه. ☜ دیجیتالس.







**کاسی :** Kassites : مێژوو کوردستان شانشینی کاسییەکان، باوباپیرانی کورد بوون کە لە نێوان ١٥٩٥ و ١١٥ پێش زایین شانشینی بابلیان بەڕێوە دەبرد. شارەزایی باشیان هەبووە لە شارسازیدا و، بەشدارییان کردووە لە فراوانکردنی زەوی کشتوکاڵی، و لەژێر سەرپەرشتی ئەواندا کەلتووری بابل لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەشەی کرد و فراوان بوو. ع سلالة کاسیین N Kassit_dynastiet د سلسله کاسی ها.








**کاسیدراڵ :** cathedral ئایینناسی نژیارقانی کڵێسەی گەورەی ئاینزایەکی تایبەتی فەلەیە و نشینگەی کاردیناڵ و بە زۆری ناوەندی ناوچەیەکی قەشەنشینە.





**کاسیس :** cassis خواردنەوە ڕەنگاڵێکی شیرینی تۆخە لە ترێمارای ڕەش ئەگیرێ، ناوەکەی لەوەوە هاتووە کە خواردنەوەی تایبەتی ناوچەی کاسیسە، لە لای

مارسەی لە باشووری فەڕانسە.






**کاش:** skewer کەرەستە ناو شیشی کەباب، بڵسک، سیخ N spyd ع سیخ د سیخ.





**کاشمە:** Giant Hogweed, Angelica ڕووەک ناو سۆلین، سۆڵان، گوڵەسۆ، پۆیەکەڵەشێر، ڕووەکێکی چەند ساڵانە لە تیرەی «چەترییەکان» Umbelliféres، بەڵام جۆری دیکەی هەیە کە بە ڕنچە و هەمیشە دەڕوێتەوە. لاسکەکانی قەڵەو و گەڵاکانی پان و پەنجەیین، گوڵەکانی زەرد یان چەرموون و بە کۆمەڵ و بە شێوەی چەتر لە پۆپەی لاسکە گوڵدارەکانەوە دەڕوێن. بەرێکی هێلکەیی و بە بۆن دەگرێ کە بە کوتراوی لە هێندێک چێشتی وەک فاسۆلیا و پەتاتەی کوڵا و بەکاری دێنن. تۆ و لاسکەکەشی کە چێژێکی زۆر بەهێزی هەیە ئەکرێتە ناو ترشیی. گەڵاکانی بۆ بۆنخۆش کردن لە شەراب ئەکرێ. ◀ بە لاتین پێی ئەوترێ Heracleum persicum ع حشیشة الملاک N angelica د گلێر.

ن: دەنکی کاشمە لە بن ددانمدا تەقییەوە، ئاو لە هەردوو چاوم هات. جا ئەو تامە بەهێزە هەندێک پێیان خۆشە و هەندێکش نا.



**کاشن:** Marcel Cachin رامیار (١٨٦٩ـ١٩٥٨) رامیاری فەڕانسەیی، ساڵی ١٩١٤ بۆ بە ئەندامی پەرلەمان و، پاشتر بوو بە یەکێک لە دامەزرێنەران و سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی فەڕانسە و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی «ئۆمانیتە».

**کاشووی گوڵف:** وەرزش ناوی لێکدراو گۆچانی گوڵف golf_club.



**کاشینکە:** clay pot, creuset ناو دیزە، کیتەڵە، دەفری گڵی شێوی تێدا لێ ئەنرێ. ع قدر الطبخ N creuset, leirgryte د دیگ سفالی.



**کاغەزی چەور:** parchment paper ئاشپەزی ناو کاغەزی ئاشپەزی. کاغەزێکی ڕەقی چەورە لە ئاشپەزیدا بەکار ئەهێنرێت. ع ورق شمعي N pergamentpapir د کاغذ چرب.

**تۆمار:** parchment پەڕە پەڕەیەکی ڕەق و تەخت و تەنکە لە پێستی ئامادەکراوی ئاژەڵ دروست دەکرێت، وەک ڕووکاری نووسینی بەهێز لە سەردەمی کۆن و سەدەی ناوەڕاستدا بەکاردەهێنرا.



**کافرمان:** razor blade ناو چەقۆی ڕیشتاشین. ع شفرة حلاقة N barberblad د تیغ موتراشی. ☜ گوێزان ☜ نەشتەر ☜ یەکدەم



**کافکا :** Franz Kafka وێژە نووسەر ناو فرانتس (١٨٨٣ — ١٩٢٤) ڕۆماننووس و کورتەچیرۆکنووسی چیکی بوو، بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی وێژەی سەدەی بیستەم دادەنرا. کارەکانی لە تێکەڵەی توخمەکانی ڕیالیزم و تەمار پێکهاتبوو. بە شێوەیەکی گشتی پاڵەوانە گۆشەگیرەکان لەخۆدەگرێت کە ڕووبەڕووی دژواری سەیر یان سوریالیستی و دەسەڵاتە کۆمەڵایەتی-بیرۆکراتییە تێنەگەیشتووەکان دەبنەوە. بە گەڕان بەدوای بابەتەکانی نامۆبوون، دڵەڕاوکێی بوونگەرایی، تاوانباری و بێواتایی لێکدراوەتەوە. ناسراوترین بەرهەمەکانی بریتین لە کورتە چیرۆکی **دەعەجانین** و ڕۆمانی **دادگایی** و **قەڵاکە** . زاراوەی **کافکایی** بۆ وەسپکردنی بارودۆخە بێواتاکان هاتۆتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە، وەک ئەوانەی لە نووسینەکانیدا وێناکراون. درێژە سێچکۆف نووسەری ڕووسی ئەڵێ: ململانێیان لەگەڵ نووسەرانی ڕۆژئاوا بێسوودە، چونکە ئەوان سێ خوایان هەیە: (کافکا، جەیمز جۆیس و پرووست).










**کافوور :** camphor ڕووەک ناو کاپوور ١) داری کافوور؛ ناوی دوو جۆرە دارە کە ناوقەدیان ئەقەڵەشێنن و ماکی کافووریان لێئەگرن ٢) ماکێکی سپییە بە بۆنێکی تایبەتەوە کە زوو گڕ ئەگرێ و هێندێک ژەهرییە، لە پزیشکی و پیشەسازیدا زۆر کەڵکی هەیە. ع کافور N kamfer د کافور.





**کافووری:** ئاوەڵناو کاپووری، بە ڕەنگی سپی سوڵان و بێخەوش ئەوتریێ کە گەردەی کافوور سپییەکی زۆر ڕوون و سوڵانە E Camphor.








**کافەی دو لا پەی:** Café de la Paix ناوی جێگا ڕێستۆرانتێکی کەشخە و بەناوبانگە لە مەیدانی ئۆپێرای پاریس، ساڵی ١٨٧٠ کرایەوە و تا ئێستای سەدەی بیستو یەکەیش هەیە.



**کاڤالکانتی:** Alberto Cavalcanti دەرهێنەر (١٨٩٧ـ ١٩٨٢) دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری بڕازیلی.














**کاڤالیە :** cavalier ناو ئاوەڵناو سوارچاک، هەروەها بە واتای جووتی سمما لە میوانییەکاندا. مێژوو سوارچاکی جەنگاوەری پشتیوانی پاشایەتی، بۆ نموونە سوارچاکانی پشتیوانی شا چارڵز لە دژی پەرلەمان لە جەنگی ناوخۆی ئینگلیز.





**کاڤریۆلا :** Cavriuola ناو بە ئیتالیایی واتە بزنەکێوی.




**کاڤێنیاک :**❶ Cavaignac Louis_Eugène ژنراڵ (١٨٠٢_١٨٥٧) ژنراڵی فەڕانسەیی لە ساڵی ١٨٤٨ ژمارەیەکی زۆر لە شۆڕشگێڕانی ڕاپەڕینی جوونی لە پاریس کوشت. کاڤێنیاک ساڵی ١٨٣٢ نێردرا بۆ جەزایر و تا ١٨٤٨ لە فەرماندەکانی لەشکری پەلاماردەری فەڕانسە لە «جەزایر» بوو.





**کاڤینیاک:**❷ Jacques Cavaignac ڕامیار ژەنراڵ (١٨٥٣ـ١٩٠٥) ناسراو بە گادفرۆی کاڤێنیاک، لە ١٨٩٨ وەزیری جەنگ، درەیفوسی بە تاوانبار ئەزانی و لە «لیژنەی نیشتمانی فەڕانسەیی» چالاک بوو.





**کاکلە کۆماچ:** ناوی لێکدراو دارەتی قووچەکی، دوو خشتی کاڵ سەرەکەیان ئەنرێ بە یەکەوە و بنەکەیان لێک دوورە، بۆ ئەوەی زووتر وشک ببێتەوە. هێمایەر ن: وەک کاکلە کۆماچ سەریان نابوو بە یەکەوە. ⇦ **کۆماج:** ناو کۆمانج، ژوورۆچکەی سەربان. ⇦ **هەوروبان:** attic ناو ژووری چکۆڵە لە سەر بان بۆ کەل و پەل، ژووری هەرە بەرزی باڵەخانە، کە ڕاستەوخۆ ئەکەوێتە بن بانی خانوو و یارمەتی پلەی گەرمی جێگیری خانووەکان ئەدا. ⇦ **کۆمانج:** ناو دارێکی درێژە بە ناوەڕاستی دەواردا ڕایەل دەکرێ و هەسوونی دەدرێتە ژێر. ☜ چەترمە ☜ قووچەک ☜ قۆچوک






**کاکڵ:** gist ناو نیاز، ناوەرۆک، گەوهەر، بنەڕەت، چەمک یان واتای گشتی

وتار یان دەقێک. رێسا واتای ڕاستەقینەی چالاکییەک. ع کنە جوهرة N GIST د اصل مطلب. ن: تێگەیشتن لە کاکڵی وتارەکەی ئاسان نەبوو.

**کاکڵ**: kernel چەرەسر ناو ناوکی گوێز کە بە تەواوی، بە خڕی و بێ وردبوون دەرهێنرابێ. ع نواة N kjernen د مغز.




**کاکنی**: Cockney ناوی جێگا ناوی تایبەت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی لەندن یان کەوشەنی کلیسای سەنت ماری لەبۆ، کە بنزاراوە و نەریتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە.





**کاکۆشنیک**: kakochnyk خشتر ناو ڕازاندنەوەی قژە بە تاج لە لای ژنانی ڕووسیەی تزاری.



**کاکۆڵ:** forelock ئارایشت گودیلە، فیس، قژی پێش سەر. ع ناصية N fortoppen د کاکل.

پەرچەم و فێسی کەجی تۆ ئەی جوان ⁓ تاجی کەیان و عەلەمی کاویان «حاجی قادر»



**کاکەلی:** Eddie نازناو تێبۆ بەرگر٢ وشەی خۆشەویستی بۆ برای بچووک، لە فەرانسییەکە Loulou وەک بچووک کراوەی Louis ـە و لە ئینگلیزییەکە Eddie نووسیوە، عەرەبییەکەی هەمان {لولو} و فارسیش {داشی} داناوە.

**کاکێشان:** galaxy, Milky Way ناو ئەستێرەناسی سپیایی ناوەندی ئاسمان لە شەودا، کەشکەڵان، گەلەئەستێرە، پێکهاتەی ملیۆنان یان ملیارەها ئەستێرە، لەگەڵ گاز و تۆز، کە بە هۆی هێزی کێشەرەوە بەیەکەوە ڕاگیراون. ع مجرە E Galaxy د کهکشان، مجرە.



**کاکی بە کاکی:** دەشتی پانی دووروودرێژی چۆڵ و هۆڵ.

**کاگڵ:** straw clay, adobe ناو قوڕی گڵ و کای ورد بۆ خشتپێژان و خانوو دروستکردن و سواخدان. گڵ و کای ئاسایی کە هەزاران ساڵ خانوو و بەناگەی پێ سەوز کراوە. ع طین القش، سیاغ، حماة N halmleire د کاهگل، ملاط.




**کالان:** scabbard ناو بەرگی شمشێر و خەنجەر. ع غمد N skede د نیام.



**کالانە:** eye socket ناو چاڵی چاو، ئێسکی دەوری چاو؛ تەنگایی نێوان هەردوو سمت. ع محجر العين N Øyehule د حدقە.



**کالباس:** kielbasa خۆراک پۆلۆنی جۆرێک سۆسیسی پرچێژەمەنی پۆلۆنیاییە. ع لانشون N kallskuret د کالباس E bologna. ☜ ژامبۆن و بریسکت






**کاڵەمێر:** old man ناوی لێکدراو کالەمێر، پیرەمێرد، پیاوی زۆر پیر. ع عجوز، الشیخ N gammel mann د پیر مرد.

**کەڵەمێر:** brave ناوی لێکدراو کەلەمێر، مروف، عەگید، کەڵەپیاو، ئازا، چاونەترس، زیرەک، جامێر، پاڵەوان. N modig د شجاع E temerity.

**کالیگولا:** Caligula دیکتاتۆر (١٢ـ٤١) ئیمپراتۆری سەرەرۆی رۆما لە ٣٧ تا ٤١ کە درندەیی و ڕابواردن و تەخشانویەخشانی گەیاندە ئەوپەڕی خۆی و سەرەنجام بە دەستی گاردی پرەتۆریان، کە ئەویان بە دەسەڵات گەیاندبوو، کوژرا. جگە لە مێژووی ئاسایی، چەندین ڕۆمان و شانۆگەری لە لایەن نووسەرانی بەناوبانگی وەکوو ئەلبێرت کامۆ و سەم ویلکنسۆنەوە نووسراوە.







**کالْزۆنە:** calzone خۆراک ناو ئیتالیایی، جۆرێک پیتزای نووشتاوەیە وەک کەلانە، جۆرێک پیتزایە کە پاش پانکردنەوەی هەویرەکە، پەنیر و پەسای تێئەکرێ، دوو لای نانەکە ئەهێنرێتەوە یەک و پێکەو ئەلکێنرێت. ⇦

**کەلانە:** calzone خۆراک ناو جۆرێک نانی بەرۆنی نووشتاوەیە کە ناوەکەی پیاز، کنیواڵ، سیرمۆکە، یان پەنیری تێئەکرێ.




**کالڤن:** John Calvin ئایینناسر قەشە (١٥٠٩ـ١٥٦٤) ئاماژەیە بەوەی کە بانگخوازی پرۆتستانی، خاوەنی فەلسەفە و شێوازی ڕامیاری ـ ئایینی کالڤنیزم، دامەزرێنەری یەکێک لە درژترین کۆمارە ئایینییەکانی جیهان لە جنێڤ بووە.

**کالیستۆ:**❶ Callisto ئاییروئەفسانە بە واتای جوانترین، لە ئەفسانەی یۆنانیدا نیمفێک بوو کە کچی لۆکایۆن پادشای ئارکادیا بوو. ئەندامی بتۆمی ئارتمیس و شایەنەی ئەو بوو. سوێندی خواردبوو بۆ هەمیشە دەژ بێ، بەڵام زیۆس دڵی چووە سەری و هەڵیخراند، لە ئەنجامی ئەو پەیمانشکێنییەدا بوو بە ورچ و، کورێکی بوو بە ناوی ئارکاس. ع کالیستو N Kallisto د کالیستو.

**کالیستۆ:**❷ Callisto ئەستێرەناسر یان ژووپیتری چوارەم لە مانگەکانی گالیلەی ژووپیترە. چوارەمین مانگی گالیلەی ژووپیتر و هەسارەیەکی کەمەربەندی

سەرەکی ناوی خۆی لە کالیستۆی ئەفسانەی یۆنانی وەرەگرتووە. ع
کالیستو N Kallisto د کالیستو.






**کالە:** پاپۆتر ناو پێڵاوی چەرمینی گوندییان لە تۆفی سارد و سەرمادا.

**کالە:** پاپۆتر ناو گاڵۆش، جۆرێک پێڵاوی لاستیکە، بەسەر پێڵاودا لە پێ ئەکرێ، بۆ پاراستنی لە قوڕ و چڵپاو. ن: کالە و پێڵاو.

**کالە:** espadrilles, sneaker پاپۆتر ناو پێڵاوی کەتانی وەرزشی، پێڵاوی لاسیق تێبینی: sneaker پێڵاوی کەتانی و sneakers واتە پێڵاوی وەرزشی.
ع أحذیة قطنیة N joggesko د کفش کتانی.





**کالەنی:** brass alloy کیمیا ناو ئالیاژی برنج، تێکەڵەی سپی یان زەردی مس و تووتیا N messinglegering ع سبائک النحاس د آلیاژ برنج.

**ژرزیر:** zinc کیمیا ناو مز، ڕۆح، تووتیا، فافۆن، بە ژمارەی ئەتۆمی ٣٠، کانزایەکی سپی زیوینە، بۆ دروستکردنی کالەنی و گاڵوانیزەی ئاسن و پۆڵا بەکار دێ، بوونی لە لەشدا بە ڕادەی ڕۆژانەی ٥٠ میلی گرەم پێویست و نەبوونی زیانبەخشە، لە پزیشکی و خۆراک پێدانی کشتوکاڵدا

زۆر سوودمەندە N sink ع زنک د فلز روی

دارِشتە : alloy کیمیا ناو ئالیاژ، تێکەڵەی چەند کانزا N legering ع أشابة د آلیاژ.





**کالەی :** Calais جوگرافیا ناو باکووری ترین بەندەری سەرەکی کەشتیەوانی فەرانسە بەرامبەر بە بەندەری دۆڤر Dover ی ئینگلیز.





**کالیار :** Acur cucumber ڕووەک ناو ترۆزی زل و ترش کە بۆ تۆو هەڵئەگیرێ، تامێکی مێخۆشی کەمترش و شیرینی هەیە. خرچە : Acur cucumber ڕووەک ناو خرچان، میوەیەکی تەرەکاڵە لە خێزانی ترۆزی و کالیار، تامێکی خۆشی نەشیرینی هەیە، کاتی خواردن خرمەی دێ، بە کاڵی ئەخورێ و ئەشکرێ بە ترشی. هاروێ : cucumber ترۆزی : Chamomile

Cucumber ن: کالیارم دیوە، باڵای بەقەد خاوەنەکەی.










**کالیداسا :** Kalidasa {سەدەی ٥} هۆنەر هۆنەری هیندی خاوەنی درامای ئابیجناساکونتالام. ئەم هۆنراوەیە سەدەی نۆزدە کرا بە فەڕانسەیی و چاپ کرا.










**کالیدۆسکۆپ:** ١ kaleidoscope ئامێر ناو لوولەی وێنەنما.







**کالیدۆسکۆپ:**❷ Kaleidoscope زنجیرە زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠٢٣ نووسین و ئافراندنی ئێریک گارسیا، بە هونەرمەندی جیانکارلۆ ئێسپۆزیتۆ، ڕۆفۆس سوێڵ. دەربارەی گەورەترین دزی و تۆڵە و دوخمانی.






**کالین:** sob ناو گریان بە دەنگی زۆر بەرز. ع شهق N hulke د زار زدن.

**کاڵا:**❶ goods, commodity ئابووری ناو کەرەستەی خاو یان بەرهەمێکی کشتوکاڵی سەرەتایی کە ئەتوانرێت بکڕدرێت و بفرۆشرێت، وەک مس یان ئاسن و مەوز یان قاوە.

**کاڵا:**❷ cloth, piece_goods ناو کەلوپەلی پۆشین.





**کاڵاژمێری:** inventory ناوی فەرمان قاچۆر، سەرژمێری کاڵا، بەسەرکردنەوە و هەژمارکردنی کاڵا یان کەلوپەل، سەرژمێرکردنی کاڵا و کەلوپەلی کۆمپانیا و کۆگا و ناوماڵ، هەژمارکردنی پووشانە، ژمارەی ئاژەڵ نووسین بۆ باج.

ع جرد، جرد السلع N inventar د فهرست موجودى

**سەرژمێری:** statistics ناوی فەرمان هەژمارکردنی مەردم، شێوازی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای هەژماری لە بڕی گەورەدا، بە تایبەت بە مەبەستی سەلماندنی گشت لە پاژ یان نموونەی بچووک. ع احصائیات N statistikk د آمار.




**کالْزۆنە:** calzone خۆراک ناو جۆرێک پیتزایە کە پاش پانکردنەوەی هەویرەکە، پەنیر و پەساى تێئەکرێ، دوو لای نانەکە وەک کەلانە ئەهێنرێتەوە یەک و پێکەو ئەلکێنرێت

**کەلانە:** scallion pancake خۆراک ناو جۆرێک نانی بەرۆنی دوو لۆی نووشتاوەیە کە ناوەکەی پیاز، کنیواڵ، سیرمۆکە، یان پەنیری تێئەکرێ.




**کاڵە:** ناو کرکە، تەماتەی پێ نەگەیشتوو، ڕەنگیان سەوز و سپییە بۆ خواردن

ناشێن، بەڵام ئەکرێنە ناو ترشی.

**کاڵەبڕوێش:** Tiny hail تەرزەی وردە. ← **تەرزە:** کەشزانی ناو دڵۆپەبارانی ڕچاو کە لە هەوری کۆمۆلۆنیمبۆس cumulonimbus ئەباری N hagl ع انهمر کالبرد د تگرگ.








**کاڵەک:❶** cantaloupe ڕووەک ناو کاڵەکی زەرد، میوەیەکە لە تیرەی هارویێ و کەدوو، وەکوو گرکەیە و گەورەترە. لە میوە خۆشە ئاودارەکانی وەرزە. گۆشتەکەی ئەخورێ و تووەکەی ئەبرژێنرێ. لایان وایە سەرەتاکەی هیندستانە. ع البطيخ الأصفر N cantaloupe د گرمک.

← **کاڵەکی گەزۆ:** Honeydew ڕووەک ناو کاڵەکێکی زۆر شیرینە، وەک هەنگوین و گەزۆ وایە. ع المن N honning dugg د عسلک.







**کاڵەک:❷** درێژە دکتۆر کامەران ڕەسووڵ ژاژەڵەیی پسپۆری زانستی خۆراک ئەندامی پرۆفیشناڵی کۆلیژی ئەمریکی بۆ زانستی خۆراک ئاماژەی بە گرنگترین سوودەکانی خواردنی کاڵەک کردووە کە دیارترینیان ئەمانەن:

١. پاراستن لە شێرپەنجە، چونکە دەوڵەمەندە بە هێسنی کارۆتێن کە بەرگری خانە شێرپەنجەیەکان دەکات و ڕێگری دەکات لە بڵاوبوونەوەیان: هەروەها ڕۆڵی هەیە لە تووشنەبوون بە شێرپەنجەی سیەکان.
٢. بەهێز کردنی کۆئەندامی بەرگری لەش: چونکە بڕێکی زۆر ڤیتامین سی تێدایە.
٣. ڕێگری کردن لە وشکبوونەوەی لەش و تینوویەتی: بەشی زۆری لە ئاو پێک هاتووە.
٤. باشکردنی کۆئەندامی هەرس و کەمکردنەوەی دڵەکزێ و قەبزی.
٥. ڕێگری کردن لە مەینی خوێن و جەڵتە و نەخۆشیەکانی دڵ و تەسک بوونەوەی خوێنبەرەکان.
٦. یارمەتی کۆنترۆڵکردنی بەرزی فشاری خوێن دەدات، چونکە دەوڵەمەندە بە پۆتاسیۆم.
٧. کەمکردنەوەی ڕێژەی هەوکردن لە بەر بوونی بڕێکی باش لە ماددەی کۆلین.
٨. یارمەتی دابەزینی کێش دەدات لە کاتی ڕێجیم لەگەڵ خۆپاراستن لەگەڵ قەڵەوی.
٩. پاراستنی تەندروستی پێست و گەش بوونەوەی. پاراستنی تەندروستی چاو و بەهێز کردنی بینین و خۆپاراستن لە شەوکوێری و زۆر نەخۆشی جیاوازی چاو.
١٠. بۆ خانمانی دوو گیان و کۆرپەلەی ناوسکی زۆر بەکەڵکە چونکە دەوڵەمەندە بە فۆلیک ئەسید.
١١. کەمکردنی بڕی لە دەستدانی خوێن لە کاتی سوڕی مانگانە.
١٢. کەم کردنەوەی گرژبوونی ماسولکە و هیلاکی و شەکەتی بەردەوام و تووڕەیی و دڵتەنگی.

**کاڵا و داخواز:** supply and demand ئابووری کاڵای هەبوو لە بازاڕدا و داخوازی کڕیار بۆ ئەو کاڵایە، شێوازێکی ئابوورییە کە بەهای کاڵا لەسەر بناغەی پێدا لە بازاڕی کێبەرکێدا هەڵئەسەنگێنن. زۆری داخواز نرخی پێدا بەرز ئەکاتەوە و بە پێچەوانە. ع عرض و طلب N tilbud og etterspørsel د عرضە و تقاضا.









**کاڵدوێڵ:** Erskine Caldwell نووسەر (١٩٠٣ـ١٩٨٧)ئێرسکین، ڕۆماننووسی ئەمریکایی. ڕێگەی تەماکۆ و دۆنمێکی بچووکی خودا پەسنی ڕەخنەگرانی بەدواوە بوو.















**کاڵەی بە ئەژنۆ شکاندن:** پەند لە ئەنجامدانی کارێک پەشیمان بوونە.

**کاڵەی شەمامەبەندی:** پۆشاک ناو جۆرێک کلاشی ڕەنگنامەیە یان کلاشی سپییە، کە بە بەنی ڕەنگاورەنگ، وەکوو شەمامە گوڵکاری و گوڵدۆزی کراوە.





**کاڵا و داخواز:** supply and demand ئابووری کاڵا ناوی لێکدراو داوا و دەرکەوتە، شێوازێکی ئابوورییە کە بەهای کاڵا لەسەر بناغەی «پێدا» لە بازاڕی کێبەرکێدا هەڵئەسەنگێنن. زۆری داخواز نرخی پێدا بەرز ئەکاتەوە و بە پێچەوانە ع عرض و طلب د عرض و تقاضا ☜ پێدا.












**کام:** wish ئاوەڵناو ئاوات، ئارەزوو، ویست، هەوەس. ← کامەران و کامڕەوا: کەسێکە کە بە ئاواتی خۆی گەیشتبێ. ع أمنية N ønske د آرزو.

**کاما:** bent ناو ئاوەڵناو فەرمان دار و تەختەی خوارەوەبووی جەغزی وەک کەللە بێڕنگ و دەف و وەکوو ئەوانە. ع منحنی N bøyd د خم شده.





**کامارگ:** Camargue جوگرافیا ناوچەیەکی سروشتی پاوانکراوە لە باشووری ئارلێسی فەڕانسە، لەسەر زەریای سپی ناوەڕاست.






**کامبرمر:** Cambremer کینایە گەڕان-١ کامبرمر وەکوو لێکدراوی دوو کورتکراوەی «بۆندار»ی merde و cambronne، یان دووپاتەبوونەوەی وشەی یەکەمە. فەڕانسییەکان بە مەبەست و ئەنگیزەی جۆراوجۆر وشەی merde (پیسایی) بەکار ئەبەن، هەندێ جار بۆ بەرگری لە دەمپیسی و بەزییک وشەی cambronne بەکار ئەهێنن. ئینجا Cambronne کە ناوی ژنراڵێکی فەڕانسەییە، لەگەڵ mer ی کورتکراوەی merde تێکەڵ بووە و لێکدراوێکی تازەی بەدی هێناوە. ژنراڵ Pierre Cambronne (١٧٧٠ ـ ١٨٤٢) لە جەنگی واترلوو، فەرماندەی یەکێک لە تیپەکانی «چوار بەرە»ی گاردی کۆن بوو. ئەگێڕنەوە لە وەڵامی دوژمندا کە داوای ڕادەست بوونیان لێکردبوو وتبووی:

«گارد ئەمرێ بەڵام ڕادەست نابێ!»

◀ هەروەها ئەڵێن بە وشەیەکی بەناوبانگ وەڵامی داوەتەوە، کە لەوەبەدوا تێکەڵ بە ناوەکەی بووە. گێڕانەوەیەکی قارەمانانەی ئەم ڕووداوە بەناوبانگە لە ڕۆمانی مێژوویی Les Misérables بێنەوایانی ڤیکتۆر هۆگۆدا هاتووە.







**کامپۆسانتۆ:** Camposanto ناو {ئیتالیایی} گۆڕستان، ئارامستان.

**کامپیدۆلیۆ:** Campidoglio ☜ کاپیتۆل.

**کامرینی:** Mario Camerini دەرهێنەر {١٨٩٥ـ١٩٨١} دەرهێنەری ئیتالیایی.











**کام لەگەڵ کام:** هەر پرۆگرامێک بۆ مەبەستێکە. زۆر لە پرۆگرامەکان تەواوکەری یەکدین. ئینجا کامە پرۆگرام لەگەڵ کامە پرۆگرام گونجاوە و یان بەبێ ئەوانە کاری ناچێتە پێشەوە، نەخشەیەکی ئاڵۆزی هەزار لۆیە و بە دەیان و سەدان جۆری سەمەرە بەیەکەوە گرێ دراون و لەگەڵ یەکدی کار ئەکەن.

◀ **ئیندیزاین:** InDesign پرۆگرام گرنگترین پرۆگرامی چاپ و بلاوکردنەوەی پەرتووک و ڕۆژنامەیە، هی ئادۆبیە Adobe، ماڵپەری پێ ساز ئەکرێ و، بە یارمەتی پالیشت {ئەدـئان Add_on} ڕاستەوخۆ ئەنێردرێتە سەر وێب. لە شێوەی Pagemaker و Quarkxpress و Ready Set Go ـە و، بە پێی ئەوەی ئادۆبی ١٦ پرۆگرامی مەزنی هەیە بۆ پالیشتی ئیندیزاین و خۆیشی بە تەنهایی هیچ فانکشنێکی لەو پرۆگرامانە کەمتر نییە، بۆیە بەهێزترین و بەتواناترین پرۆگرامە تا ئێستە. پێویستی مسۆگەری بە وۆرد و فۆتۆشاپ و ئیلووستراتۆر هەیە و، لە ڕاستیدا کارەکانی ئەوان مۆنتاژ ئەکات، هەرچەند هەرکام لەو پرۆگرامانە بە شێوەی سەربەخۆ کار ئەکەن و سوودمەندی زۆر و تایبەت بە خۆیان هەیە.

◀ **ئەفترئەفێکت:** After Effect پرۆگرام هی کۆمپانیای ئادۆبی Adobe، لە

گرنگترین پڕۆگرامە نیوە پیشەییەکانی سازکردنی ئێفێکتی ڤیدیۆیی، مۆنتاژکردن و، بانگەشەیە. زیاتر لە دەیان هەزار بڕگە و فێرکاری ئەفترئێفێکت بە پارە و بێپارە لە وێب هەیە. چەندین کۆمپانیای و لایەنی ئینەرنێتی وەکوو ڤیدیۆهایڤ Videohive، مینیماڵ تایتڵ Minimal Titles لەو بوارەدا خزمەتگوزاری پێشکەش ئەکەن.




**کامۆ:** Camus Albert (١٩١٣ـ١٩٦٠) فەیلەسووف نووسەر فەیلەسووفی فەرەنسیی جەزائیری، نووسەر و ڕۆژنامەوان بوو. براوەی خەڵاتی نۆبلی وێژەی ١٩٥٧ە، بە ئیگزیستانسیالیست دانراوە، بەڵام خۆی بە پووچگەرا Absurdist ئەزانی، کە ململانێی نێوان ئارەزووی جۆری مرۆڤە بۆ گەڕان

بەدوای بەها و واتای ناوەکی ژیان و بێتوانایی مرۆڤ لە دۆزینەوەیدا.




**کامۆرا:** Camorra مافیا ڕێکخراو ناو سەندیکای تاوان یان ئەنجومەنی نهێنی تاوانی ڕێکخراوە لە ئیتالیا. سەدەی حەڤدە لە ناوچەی کامپانیا بە ناوەندێتی ناپۆلی دامەزراوە. جیاوازی لەگەڵ مافیا Mafia لە تەلاری ڕێکخراوەییدایە، کە هیی مافیا شاوڵی و هیی کامۆرا ئاسۆییە و لە ئەنجامدا کەرتەکانی کامۆرا سەربەخۆیی زیاتریان هەیە. هەروەها ڕێکخراوێکی تری بەهێز لە ناوچەی کالابریا Calabria کە ئەکەوێتە نێوان ئیتالیا و سێسیلاوە، هەیە بە ناوی ندرانتێگا Ndrangheta. مافیای چوارەمیش بە ناوی ساکرا کۆرۆنا یوونیتا بە واتای تاجی پیرۆزی یەکگرتوو، لە ناوچەی آپۆلیا لە باشوور دەسەڵاتی هەیە ☜ کازا نۆسترا.




**کامووک:** ناو دۆشاوساز، دمس چێکەر د شیرە انگور ساز.

**کامیلیا:** camellias ڕووەک ناو داروچکەیەکی هەمیشە شینی گەڵا سەوزی

گۆشتن و تۆخ و بریسکەدارە، گوڵی قەڵەو و جوانی سپی و پەمەیی ئەگرێ کە سەرەتای بەهار ئەپشکوێ. کامیلیای پەمەیی نیشانەی شەیدای ئارەزوومەندە و کامیلیای سوور بە هێمای مرۆی هەتەر و پابەند دائەنرێ.





**کامیۆ:** cameo خشڵ ناو جۆرە بەردێکی گرانبەهایە، هەروەها شێوازی هەڵکەندنی بەرجەستە لە سەر بەرد و گەوهەر. ع حجر کریم ذو نقش بارز N cameo د جواهرات با نقش برجستە. ☜ کورتەنەخش





**کاناو:** ناو چەم یان سەرچاوە ئاوێک کانزای لێ دەرئەخەن.

**کانزا:** metal ناو هێسنێکی کرەکە، کە بە زۆری رەق، بریقەدار، لخێز، گرگر و گەیەنەری تەزووی کارەبایی و گەرمایە (بۆ نموونە ئاسن، زێڕ، زیو، مس و ئالۆمنیۆم و ئالیاژی وەکوو کالەنی و پۆڵا. ع فلز N metall د فلز.

**هێَسن:** element ناو ئەستوو، توخم، سفن، ماک، ماکە، هێمان، ماتەر. ع مادە، عنصر N element د مادە، عنصر.

**ئەستوویی:** ناوی چاوگ ماتەری، ماتریالیستی ✿: ئەوا جیهان بۆ ئەم بوونە، کە ناوەرۆکێکی ئەستوویی هەیە ڕاستەقینەیەکی بێگانە و ناحەزە. {هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، ل٥٠}

**دارِشتە:** alloy ناوی لێکدراو تێکەڵە، ئالیاژ، تێکەڵەی چەند کانزا. ع أشابة N legering د آلیاژ.

**کالەنی:** brass alloy ناو ئالیاژی برنج، تێکەڵەی سپی یان زەردی مس و تووتیا N messinglegering ع سبائک النحاس د آلیاژ برنج.






**کانسلیێری:** consiglieri مافیا پیشە فیلم بە واتای ڕاوێژکار، وشەیەکی ئیتالیایی و پلەیەکی سەرکردایەتیە لە ناو ڕێکخراو و خێزانە مافیاکانی سیسیلیا و ئەمریکا. وشەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبوویەوە و بەکارهێنرا لەناو ڕێکخراوە مافیاییەکان لەگەڵ دەرچوونی ڕۆمانی **تاتە** یان **تاتەسالار** یان **باوکی گیانی** The Godfather لە ساڵی ١٩٦٩ و لەگەڵ فیلمەکەی لە ساڵی ١٩٧٢. لە ڕۆمانەکەدا، کانسلیێری ئەو کەسەیە کە وەک ڕاوێژکاری سەرکردەی خێزانەکە کار ئەکات و بەرپرسە لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان لە نێوان ئەم و خێزانە مافیاییەکانی تردا. هەروەها دواتر لە فیلمی **ئەمە لێکدەرەوە** Analyze This و دواتریش لە زنجیرەی میلیارد Billions. ☜ تاتەسالار patriarch.












**کانکان:** Cancan **سەما** جۆرە سەمایەکی بەجۆشە بە تایبەت لە قریوە کێشان و قاچ هەڵهێناندا، لە هۆڵەکانی موزیکی پاریسی سەدەی نۆزدە باو بوو؛ لە {ڕۆمانی گەڕان} نازناوی جەنابی دوکامبرمری زاوای جەنابی لوگراندینە.



**کانکەن:** کەسێ کە کاری دانەوەی کاراک و دەرهێنانی کانزایە. ⇐

**کانکەن:** کانی ئاسن. ⇐ **کاراک:** کان، زەمینێ کە ئەسپابی پێویستی ژیانی تێدایە و ئەیدەنەوە.

**کانگە:** origin, source ناوی جێگا کان، کاراک، کارە، جان، هێمایی سەرچاوە، پێگە، بنەما، بنەڕەت. ع مصدر، اصل N kilde د منبع، اصل.

**کانۆدۆ:** Ricciotto Canudo (١٨٧٧ـ١٩٢٣) سینەماکار تیۆریسیەنی ئیتالیایی سەرەتای سینەما کە لە فەرانسە ئەژیا.








**کانۆک:** Small mine کانگەی بچووک.

**کانەزوانە:** gap ناو کەلێن، کۆلدراوی جێگەی شووشەپەنجەرە، کەلێنی زاموسقەلێدان؛ کەلێنی بەردەرگای مێترۆ. ع فجوە N spor د شکاف، شیار. بۆشاییەکە بەربەست نییە، بەڵکو کاتالیستێکە بۆ گۆڕانکاری

ن: ئاگات لە کەلێنی بەر پات بێت! Mind the gap دەستەواژە

ن: کەلێن لەمپەر نییە، بەڵکو کاتالیزۆرێکە بۆ گۆڕانکاری.

ن: کەلێنی نێوان زیاتر و ئیتر بەسە هەرگیز داناخرێت.







**کانەشکاو:** ئامرازێکی دارکوڵینە.

**کانیژە:** گیایەکی ئوورووپاییە زیاتر بە گوڵی شینەوە، بۆ دەرمان ئەشێ E cornflower.





**کاو:**❶ ناو فەرمان جووڵە، گەڕان، کایە، وازی.

**کاو:**❷ ناو فەرمان جووڵان لە شەترنج و دامەدا.

**کاو:**❸ concave ناو تاقی ناو شاخ، بەچاڵاچوو. ع مقعر N konkav د مقعر. ← **قوپاو:** concave ئەندازە ئاوەڵناو ناوچاڵ، ڕۆچووگ. ع مقعر N konkav د مقعر: قۆقز و قوپاو: convexo_concave.




**کاوان:**❶ rocky mountain ناوی کۆ شاخان، چیایانی بەردین د کوهھای سنگی.

**کاوان:**❷ mountain ناوی کۆ چیایان د کوهساران.

**کاوان:**❸ hilltop ناو بستو، شانەشاخ، ملە، گەردەنە د ستیغ کوە.



**کاودز:** دارەت ناو چکی جگ، قاپێ کە دیوی قووڵی روبەبان بێ د حالت بر پشت افتادە شتالنگ. ← قاپ بە چوار شێوە ئەوەستێ: وەزیر، شا، چەق، تەف یان کاودز. ☜ قاپێن




**کاوز:** Cowes بەندەرێکە لە دورگەی ئینگلیزی وایت، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، ناوەندی گەورەترین پێشبڕکێی گەمیەوانیی ئورووپا بوو. havoc



**کاوش:** abnormal ئاوەڵناو پێچەوانەی سروشتی، نەگونجاو دەگەڵ دام و دەستووردا. ع غیر طبیعِي N unormal د غیر طبیعی. ← سروشتی و کاوش: natural and unnatural.

**کاولاش:** Humble hut هێمایی ناوی لێکدراو [کاول +ە +ئاش] ئاشی کاول، خانۆچکەی هەژارانە. د کنایە لە کلبە محقر.

هەمدیسان نەفرەتی خۆکوژیم هاتەوە ناو خوێن و
هاتەوە **کاولاشی** ماڵەکەم
شێرکۆ بێکەس

**کاولستان:** havoc بەرژەنگ دارمان و کاولبوونی بەربەرین، مەڵبەندی خاپوور و کاولکراو. ع دمار واسع النطاق N ødeleggelse د خرابی گسترده. ← وشەی Havoc ناسناو و نازناو و ناوی چەند فیلم و ڕۆمان و ئاڵبۆمی موزیک و تیپی موزیک و گەمەی کەمپیوتەر و وەرزشییە.












**کاولی:** Gypsy, Gipsy, Romany, Hungarian, Koli ئاوەڵناو قەرەچی، دۆم، ڕۆمانی، ئەندامی هۆزێک کە سەرچاوەیان لە باشووری ئاسیایە و بە شێوەی گەڕۆک ئەژین، لە سەرانسەری ئورووپا و ئەمریکای باکوور و باشوور ئەژین، بە زمانی ڕۆمانی ئەدوێن کە لە هێندی نزیکە. جلوبەرگ و مووزیکی تایبەتی خۆیان هەیە. پەنیری کۆلیبری بە هی ئەوان دائەنرێ ع الغجر N sigøyner د کولی. ☜ پەنیری کۆلیبری



**کاوەخۆ:** patience ئاوەڵناو پشوو لەسەرخۆیی، هێدی، هێواش، تابشت. ع صبر N Tålmodighet د حوصلە، شکیبا. ⇐ **بەکاوەخۆ:** slowly ئاوەڵناو لەسەرەخۆ. ع ببطء N sakte د آهستە.

**کاوێر:** thorn camel ڕووەک ناو چاڵووک، تەنگز، وشترخۆر، دڕکێکە وشتر زۆر حەزی لێ ئەکا د شتر خار.



**کاویان:** ناو نازناوی ئاڵای کاوە ن:

پەرچەم و فێسی کەجی تۆ ئەی جوان ~ تاجی کەیان و عەلەمی کاویان
«حاجی قادر»

**کاوین:** ناو پارەی مارەیی، مارەیی ژن د مهریە.

**کاهوو:** lettuce ڕووەک ناو گیایەکی ماڵییە گەڵاکەی ئەخوری و کەرەستەی سەرەکی ساڵادە، کاهوو جۆری زۆری خڕ و درێژی هەیە لە ڕەنگی جۆراوجۆردا. ع خس N salat د کاهو. ⟵ **کەلەمی چینی:** Chinese cabbage ڕووەک ناو جۆرێک کەلەمی ڕۆژهەڵاتییە کە ناوەکەی وەک کەلەمی خڕ پڕ و تۆکمە نییە.




**کاهوور:** ئامراز ناو سەرەنێزە، قەمە، سیکارد.



**کایزە:** Keizer fabric پۆشاک ناو کووتاڵێکی زۆر ناسکی ئاورێشمە کە لەبەر

ناسکی گنج یان ڕێڕیّ کراوە.

**کایزەر :** Kaiser شا ناو سێزار، ئیمپراتۆری ئاڵمان یان ئوستریا، ئینگلیزی ناونجی لە keisari کۆنی باکووری، لە ڕووسی بووە بە تزار царь، لەسەر بناغەی Caesarی لاتینی کە ئەویش لە [خوسرەو. دریژە کسری. دریژە قیصر]، واتە لە خوسرەوەی نەوشیروانی کوردی ساسانییەوە هاتووە، کەواتە بە هەمان شێوەی عەرەب کردوویەتی بە کەسرا و قەیسەر، لاتینیش کردوویەتی بە سێزار و کایزەر و تزار.





**کایمێرا :** chimera ئەفسانە دەروونناسی کەمیرە، ئەندێشەی بێهودە، خەونێک کە نایەتە دی؛ لە ئەفسانەی یۆنانیدا گیاندارێکی مێینەیە، ئاگربەدەم، سەری شێرە، جەستەی بزن و کلکی مارە.





**کاینە بیبار :** cayenne pepper بەهارات ناو جۆرێک بیباری بەزۆری توونی کیشوەری ئەمریکایە، ڕەنگەکەی سوور و ١٠ تا ١٥ سم درێژ ئەبێ و بە لقەکەیدا شۆڕ ئەبێتەوە. بە تەڕی یان وشککراو و هاڕدراو ئەکرێتە چێشتەوە. ع فلفل حریف N kajennepepper د فلفل هندی.




**کایۆ:** Joseph Caillaux **ڕامیار** (١٨٦٣ـ١٩٤٤) ڕامیاری فەڕانسەیی، چەند جار بوو بە وەزیری دارایی و ڕێسای باجی داهاتی پەسەند کرد. ساڵانی ١٩١١ و ١٢ بوو بە سەرەکوەزیرانی فەڕانسە. لە ڕووداوی (☜ پەلاماری ئاگادیر) ئەو لایەنی گفتوگۆی فەڕانسە و ئاڵمان بووە. ساڵی ١٩١٣ دیسان بوو بە وەزیری دارایی و لەم خولەدا، ڕۆژنامەی دەستی ڕاستی «فیگارۆ» کە دژی بارستەی ڕێسای باجی داهات و ئاشتیخوازیی ئەو بوو، هەڵڵایەکی گەورەی ساز کرد و ئەوی تاوانبار کرد بە دوخمانی. مارچی ١٩١٤، ژنی کایۆ چووە نووسینگەی گاستۆن کالمت (Gaston Calmette) سەرنووسەری ڕۆژنامەی فیگارۆ و بە دەمانچە تێرۆری کرد. کایۆ کە تاوانبار کرابوو هاوبەشی تاوانەکەیە، لە وەزیری کشایەوە. دادگاییکردنی ژنەکەی کایۆ درێژەی کێشا و سەرەنجام، چەند ڕۆژ بەر لە ڕاگەیاندنی جەنگی جیهانی یەکەم بە بێتاوان ناسرا.




**کایە:**[١] **ناو** مەیدان، گۆڕەپان

**کایە:**❷ ناو وازی، یاری.

**کایە دو سینەما :** Cahiers du Cinéma سینەما گۆڤار گۆڤارێکی سینەمایی کاریگەری فەرانسەییە، ساڵی ١٩٥١ واتە ٧٠ ساڵ بەر لەمە، لە لایەن ئاندرێ بازن و کۆمەڵێکی ترەوە دامەزرا.




**کایی:** ناو کاغەزی بۆر کە لە کا درووست کراوە.

**کتک:** ناو پشیلە.

**کتوپڕ:**❶ نەخۆشی ناو مافەتە، نەخۆشیەکە ئەدا لە ئاژەڵ گێژ ئەبێت و لووتی دائەژنێ.

**کتوپڕ:**❷ surprisingly ئاوەڵکار لە ناکاتدا.

**کتومت :** exactly ئاوەڵکار دەقاودەق ع بالضبط N بالضبط د دقیقا.

**کچانی سەن سیر :** ویژە مێژوو فیلم (گەڕان ـ ٣) ئەماژەیە بە کچانی شا The King's Daughter و شانۆی ئێستێر Esther، نووسینی ڕاسین. ساڵی ١٦٨٥ خاتوو دو مینتیۆن، دوا هاوسەری لویی چواردە ئەیەوێ فێرگەیەک بۆ پەروەردەی کیژانی ئاریستۆکرات دابمەزرێنێ، یەکەم ئامانجی فێرگە ئەوەیە کیژانی ناوچە جیاوازەکان فێر ببن بە زمانی یەکگرتووی پاریسی بدوێن و زانست بخوێنن، بەڵام فێرگە لەم مەبەستەیدا سەرکەوتوو نابێ. لەبەر کاریگەری شانۆگەری ئیفیگێنیا Iphigénie نووسینی ڕاسین وا لە خاتوو دو مینتیۆن ئەکات داوا لە ڕاسین بکات شانۆگەرییەکی لە پەسنی کەبار و ئەدگاری چاکەدا بۆ بنووسێ. ڕاسین، شانۆی ئێستێر

ئەنووسێ. بەڵام ئەم شانۆگەرییەش ئەبێتە هۆی ئەوەی فێرگە ببێ بە شوێنی دۆزینەوەی هاوسەر و گراوی. خاتوو دو مینتیۆن زۆر تێئەکۆشێ تا فێرگە بەئاقاری ئایینیدا ببات، بەڵام ئەو کیژانە لەبری ئەوەی لە فێرگە ببن بە ڕسپۆر و بەهوردە، ئەبن بە گیرۆدەی ئەو ڕۆژەقەی لە ویستنێکی سادە بەهێزترە.

یێڤس دەنجێرفیلد Yves Dangerfield نووسەر و ئەکتەر ڕۆمانێکی لەمبارەیەوە نووسیووە بە ناوی سەن سیر، خانەی ئێستێر Saint Cyr, la maison d'Esther کە ساڵی ٢٠٠٠ بە ناوی کچانی شا The King's Daughters یان بە فەرانسە سەن سیر Saint Cyr کرا بە فیلم. خاتوو دو مینتیۆن لە کۆتایی فیلمەکەدا ئەڵێ: «کچە شیرینەکانم، کەی لەوە تێئەگەن کە ئەویندار و هەستیار و پایەبەرزبوون لە ژیاندا هیچ بایەخی نییە؟!» ساڵی ٢٠٢٠یش فیلمێکی تر لەسەر ئەو بابەتە دروست کراوە ☜ کچانی شا.












**کچانی شا:** The King's Daughters رووبەر مێژوو فیلم بە فەرانسە filles du roy بە ٨٠٠ ژنی گەنجی فەرانسەیی ئەوترێ کە لە نێوان ساڵانی ١٦٦٣ تا ١٦٧٣، وەکوو بەشێک لە بەرنامەی پشتیوانی دارایی لویی چواردەی فەرانسە، کۆچیان کردووە بۆ فەرانسەی نوێ. مەبەستی ئەم بەرنامەیە هاندانی بەریرسانی داگیرکەر فەرانسەیی بوو بۆ مانەوە و نیشتەجێ بوون لە کۆلۆنیەکان، هەروەها پەرەپێدانی هاوسەرگیری، پێکهێنانی خێزان و

وەچەخستنەوە بوو، بۆ پەرەپێدانی ژمارەی فەڕانسەییەکان لە فەڕانسەی نوێ. دیارە کچان و ژنانی تریش لەم ماوەیەدا کۆچیان کردووە بۆ فەڕانسەی نوێ، بەڵام ئەمانە بە «کچانی شا» دانانرێن، چونکە ئەم نازناوە تەنها بۆ ئەو کچانە بوو کە لە لایەن دەوڵەتەوە دائەمەزران و وەکوو فەرمانبەر، لە لایەن شاوە ئەنێردران بۆ ئەو کۆلۆنیانە. ئەم کچ و ژنانە هەندێ جار بە چاودێرانی شاش ناوبوێر کراون.




**کچی ڕۆلان:** the daughter of Roland ڕۆمان درامای داستانی نووسینی هانری دوبۆرنیە Henri de Bornier (١٨٧٥).




**کچی سروشتی:** ڕێبسا دابـونەریت کچی حەرامزادە لە ژنی مارەنەبڕاو، شازدە E natural daughter.

**کچی مینۆس و پاسیفای:** La Fille de Minos et Pasiphae ئاپیروئەفسانە دێڕێکی بەناوبانگ لە شانۆی فێدر نووسینی ژان ڕاسین. مینۆس و پاسیفای لە میسۆلۆجی هێلاسدا دایک و باوکی «فێدر»ن.

**کچ هلی:** stepdaughter ناو زڕکچ، کچی هەوێ. ع ربيبة N stedatter د نادختری.

**کر:** fabric, textile تەنراو ناو دەسکار؛ تەنراو، ڕایەڵی تەون، شاڵی ڕانک و چۆغە؛ کورت، کوتا؛ نرکە. ع نسيج N tekstil د نسيج. ⇦ **کراوتە:** mattress کەرەستە ناو دۆشەکی خوری یان لۆکە. ع فراش N madrass د تشک.

**کراپۆلینسکی:** Crapulinski کەسایەتی ناوی تایبەت ١٨ ی برۆمێر پاڵەوانی چامەی «دوو سوارچاک The Two Knights» بەرهەمی هانریک هاینە Heinrich Heine، هۆنەری ئاڵمانی. هاینە لە کەسایەتیی کراپۆلینسکیدا گاڵتە بەو پۆلۆنییانە ئەکات کە بە هۆی هەڵخەرجییەوە مایەپووچ بوون. کراپۆلینسکی لە وشەی Crapuleی فەرانسەیی وەگیراوە، کە هەم بە واتای مەلاقە و هەمیش بە واتای زگلەوەڕێنی هەمیشەمەست بەکار دێ. مەبەستی مارکس لە ئاماژە بە کەسایەتی کراپۆلینسکی، لویی بۆناپارتە.




**کراژ:** Molt ناو کاژ، کاژەمار، کەل، پێستی کۆن. ع تساقط N molt د پوست انداختن. ⇦ **کراژخستن:** پوست انداختن. ☜ کاژ



**کراس:** shirt ناو جلێک بۆ بەشی سەرەوەی جەستە لە کەتان و کوودەری یان قوماشی هاوشێوە دروست دەکرێ، بە زۆری یەخە و قۆڵ و دوگمەی پێشەوە و سەردەستی هەیە. ◄ تێبینی: لە زمانی کوردیدا، کراس ناوێکی گشتییە بۆ پۆشاکێکی ژنانە و پیاوانە، جۆری زۆری هەیە و، جۆرەکەی بە ئاوەڵناوەکەیدا دەردەکەوێ. وەک کراسی درێژ، کرسی ژنان، کراسی کودەری، کراسی فەرمی و... ع قمیص N skjorte د پیراهن.



**کراسبەز:** peritoneum ناو کراژ یان توێژاڵە پێستی زۆر تەنک و ناسک کە لەبن پێستەوە لەشی داپۆشیوە ع الصفاق N peritoneum د صفاق، مراق.




**کراڤات:** Cravat بەرزۆنگ ناو یان necktie یان tie کووتاڵێکی گرێدراو بوو، وەک نیشانە، کە کرۆواتییەکان Croatia لە سەدەی شانزەوە وەک بەشێک لە جلوبەرگی نەتەوەیی ئەیانکردە ملیان، لە ماوەی جەنگەکانی ناپۆلیۆندا ئەم مۆدە کرا بە باو و ئەمرۆ لە هەموو جیهان لەگەڵ جاکەت و پانتۆڵ لەبەر ئەکرێ. ع ربطة عنق N slips د کراوات.

ن: کەسێکە لە میوانی فەرمی کراوات لەبەر ناکات، واتە کەس بە گەورە و بەرپرسی خۆی نازانێ.





**کراگۆیەڤاچ:** Kragujevac جوگرافیا ناوی جێگا لە شارەکانی سەربیا لە کەناری چەمی لەپەنیکا، کە ساڵی ١٨١٨ تا ١٨٣٩ پایتەختی سەربیا بوو.



**کراوت:** Kraut ناونیتکە ناو وشەیەکی ئەڵمانییە لە ساڵی ١٩١٨ بەدواوە وەک ناونیتکەی ناشرین بۆ ئەڵمانییەک، ەە زمانی ئینگلیزیدا تۆمارکراوە، بەتایبەتی ئاماژەیە بە سەربازی ئەڵمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم و جەنگی جیهانی دووەمدا. واتای پێشووی کراوت لە زمانی ئینگلیزیدا وەک

هاوواتای کەلەمبەترش بووە، کە خواردنێکی نەریتی ئەورووپای ناوەڕاست و ڕۆژهەلاتە.

⇦ **کۆدی بکوژ:** The Assassin's Code فیلم فیلمی سینەمایی ٢٠١٨ی ئەمریکایی، بە هونەرمەندی پیتەر ستۆرمەرە و دەرهێنانی دەیڤید ئارمستڕانگ.












**کراوتە:** mattress ناو دۆشەکی خوری یان لۆکە. ع فراش N madrass

د تشک **کر:** fabric, textile تەنراو ناو دەسکار؛ تەنراو، ڕایەڵی تەون؛ کورت، کۆتا؛ نرکە. ع نسیج N tekstil د بافتە، نسیج.

**کراون:** Craonne جوگرافیا ناو شارەدێیەکە لە باکووری فەڕانسە، نزیکی لافۆ.

**کراویەدۆڵ:** جوگرافیا ناوی جێگا کوێستانێکی بەناوبانگە لە هەورامان.

باخچە و هانەدەشت سەفای هانەکۆڵ
حەوت کەشنی و مێویە ئەسپەرێزی چۆڵ
سەربەرزە و سەربەرز بەرزی شنگەهۆڵ
باخەکۆن، نوێن، گۆڵێ و کراویەدۆڵ
شنرویێ بەرزە، بەرزیش هۆرئامان
بە بەرزی بەرزایش سڵام هەورامان
فەیسەڵ هێدایەتی



**کرتان:** گیاندار ناو نێرەگامێشی خەسیو.



**کرتەک:** ناو بەفری تەڕی سەهۆڵبەستوو.

**کرتێنەر:** clinker ناووفەرمان ئامێرێکە کاتی بەکارهێنان دەنگی کرێەیەکی لێوەدێ، بە نیشانەی ئەوەی کاری کردووە؛ وەک ماوسی کەمپیوتەر، ژمێرەر، قرتێنە. ع مقرقعة N klikker د کلیک کننده.



**کردوکۆش:** ناوی‌یاوگ تێکۆشانی فراوان [د] کوشش و جهد.

**کردەی ناو لیمەن:** Motion in limine دادوەری ڕێسا بەشێکە لە ڕەوتی دادگایی کە لە دەرەوەی دادگا و بە دوور لە چاوی جووری بۆ ئەوەی گۆڤانییەک لە بەرچاو نەگیرێت. [ع] الحركة في اللیمین [N] Bevegelse i limine [د] دادگاهی در لیمن.

**کردەیی:** de facto ئاوەڵناو ئاوەڵکار دیفاکتۆ، بەکردەوە، لەڕاستیدا، ئاماژە بە کەسێک یان شتێک بەو شێوەی کە وەهایە؛ کرداری {لەمەڕ دەوڵەتێک کە لە ڕێگەی شۆڕشەوە هاتبێتە سەرکار، بەبێ گوێدانە ئەوەی مافی خۆیەتی یان نا؟} [N] de facto [ع] في الواقع [د] بالفعل.












**کرک مازی:** spinal cord زیندەوەرزانی تویکاری ناو مازگە، مازە، گەوبەند، ناوەڕاستی پشت، مۆغەرە، بڕبڕەی پشت. [ع] نخاع [N] ryggmarg [د] ستون فقرات.

**پشتەمازە:** گۆشتی ڕاستەی لکاو بە مازگەوە [E] tenderloin, filet.






**کرلینگ:** Curling وەرزش ناو وەرزشێکە بەردێکی خڕ لە سەر سەهۆڵ پاڵ ئەنرێ، بەرەو «شار» لە ناوەڕاستی سێ بازنەدا. زەوییەکەی ٤٤ بە ٤,٤ مەترە. لە یارییە کۆنەکانی سکاتلەند و لە ١٥٤١ەوە نووسراو هەیە دەربارەی. بووە بە یاری ئۆلیمپیکی زستانە.







**کرماشان:** Kirmashan گۆڕدراوی کرمانجان، واتە شاری کرمانجان، شاری کوردان، لە مەزنترین و گرنگترین شارەکانی کوردستانە و سەدان شوێنەواری گرنگی تێدایە د مخفف (کرمانج شار).





**کرمۆکە:** larvae زیندەوەرزانی بەچکەی هەندێ زیندەوەر کە لە ڕوانگەی ڕووالەتەوە جیاواز و نەزۆکە. لێرەدا سینەما چییە؟ بەرگرا larval stage واتە قۆناغی نەزۆکی و سنوورداری.

**کرمەک:** خشڵ ناو خشڵێکی ژنانە، کرمکە.

**کرۆپ:** Krupp پیشەسازی بەرژەنگ ناو لە یانەسا دارا و خاوەن دەسەڵاتەکانی

ئاڵمان، خاوەنی کارگەی مەزنی پۆڵاسازی و پیشەسازی جەنگی.





**کرۆپۆتکین:** Peter Kropotkin (١٨٤٢ـ١٩٢١) ئایدیۆلۆگ خەباتگێڕ تیۆریستی ئانارشیزم، سەرۆکی بزووتنەوەی ئانارشیستی نێونەتەوایەتی. پیتەر کرۆپۆتکین ساڵی ١٨٨٣ لە شاری لیۆنی فەرەنسە بە تاوانی بانگەشەی دژی دەسەڵات بە پێنج ساڵ زیندان سزا درا.













**کرۆزۆ:** Creusot پیشەسازی بەرژەنگ کەرتێکی تێکەڵی پیشەسازی مەزنە کە بە زۆری ئەکەوێتە شاری کرۆزۆ، ڕۆژهەڵاتی پاریس لە ناوەڕاستی فەڕانسە.





**کرۆژتن:** کرۆتن، داکرۆشتن د کلوجیدن.

**کرۆژە:** cartilage زیندەوەرزانی ناو کرکراگە یان نەرمە ئێسک، هۆنەیەکی تۆکمەی لخێزە لە تەشکی جۆراوجۆر لە نێوان ئێسکەکاندا هەیە، وەکوو گەروو و سازەی گوێی دەرەکی و جمگەکاندا. ◀ کرۆژە یان نەرمەئێسک لە کۆرپەدا زیاتر بەدی ئەکرێ کە لەگەڵ گەورەبوون، ئێسک جێگەی ئەگرێتەوە. ع غضروف N brusk د غضروف ☜ ماسوولکەژێ.








**کرۆسک:❶** wild pear ڕووەک ناو هەرمێ کێویلە. ع الكمثرى البرية N vill pære د گلابی وحشی تێبینی: لە باکوور بە هەرمێی ئاسایی ئەوترێ کرۆسکا.

**کرۆسک:❷** ناو تێخی کرۆژ و ژەنگگرتوو.






**کرۆک:** essence ناو کاکڵ، گەوهەر، بنەما، ناڤ، پڕنسیپ، نێرک، نێرۆک: بنچینەی تشت. ع ذات و جوهر N essens د ذات و جوهر.

**کرۆی:** Crouy جوگرافیا ناوی جێگا کۆمۆنێکە لە باکووری فەڕانسە.

**کرۆیتزەر سۆناتا:** Kreutzer Sonata مۆزیک ڕۆمان فیلم سۆناتای هەمانی ژمارەی ٩ی بتهۆڤنە. لیۆ تۆلستۆی ڕۆمانێکی بەم ناوە هەیە، ناوەکەی لە سۆناتای بێتهۆڤێن وەرگرتووە. ساڵی ١٨٨٩ بڵاو کرایەوە و دەسبەجێ لە لایەن دەسەڵاتی تیزارییەوە کۆکرایەوە. چەند جار کراوە بە فیلم.

ئەمین گەردیگلانی بە ناوی «سۆناتای کورۆیتیزێر» لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی،

هەروەها ئەردەڵان عەبدوڵڵا بە ناوی «سۆناتای خاچ» لە ئاڵمانییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی.

**کرۆیتزەر:** Kreutzer ١} هەموو دراوێکی بچووکی پێشوو کە لە لایەن دەسەڵاتی ئەڵمانیاوە دەرچووە. ٢} دراوی مسی پێشووی نەمسا، یەک لە ١٠٠ی فلۆرینێک.

**کرۆیتزەر سۆناتا:** The Kreutzer Sonata فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٥٦ ژێوەرگیراو لە ڕۆمانەکەی تۆلستۆی بە هەمان ناو، دەرهێنانی ئێریک ڕۆمێر.

**کرۆیتزەر سۆناتا:** The Kreutzer Sonata فیلم فیلمی سینەمایی ٢٠٠٨ ژێوەرگیراو لە ڕۆمانەکەی تۆلستۆی بە هەمان ناو، دەرهێنانی بێڕنارد ڕۆز.









**کرووزۆس:** Croesus مێژوو ئەفسانە ناوی تایبەت (٥٩٥ـ٥٤٧ پ.ز) پادشای لیدیا

Lydia کە بە هۆی سامانداری و بەخشین و دەسبڵاوی بەناوبانگ بوو و، تا سەدەی پێنجی زاینی وەک کەسایەتییەکی ئەفسانەیی لێهاتبوو، هەندێ جار بە قاروونی برای مووسا دانراوە، کە ئەویش زۆر دەوڵەمەند بووە و، بە نەفرینی مووسا، خۆی و خەزێنەکەی عەرز قوتی داون.





**کرەڤێل:** Crevel ناوی تایبەت ١٨ی برۆمێر باڵزاک لە ڕۆمانی «ئامۆزا بێت»، کرەڤێل کە وێنای دکتۆر ڤێرن، خاوەن تازیاری ڕۆژنامەی کۆنستیتۆسنێل Constitutionnelـە، وەکوو گەندەڵترین پیاوی پاریس پیشان ئەدات. (تێبینی مارکس)

**کرەی:** Creil جوگرافیا شارێکە لە قەراخ چەمی ئۆڤاز Oise، لە باکووری فەڕانسە.

**کرێبیۆن:** Claude Jolyot de Crébillon نووسەر (١٧٠٧ـ ١٧٧٥) ڕۆماننووسی فەڕانسەیی، ڕۆمانی گەناوەری هەیە.





**کرێپ:** crêpe یان crape یان crepe ئەنراو ناو کووتاڵێکی هەورێشم یان پەشمینە. کووتاڵی کرێپ زیاتر بە کووتاڵی شینگێڕی و تاسەباری (Voile noir) ناسراوە.





**کرێپ دووشین:** crêpe_de_Chine ئەنراو ناوی لێکدراو کراسی هەورێشم، جلی فەرمی سەرلەبەیانیان.







**کرێت:**❶ abysmal ئاوەڵناو دزێو، دشت، ناشیرین، بێبەش لە جوانی. ع البشع N stygg د زشت.

**کرێت:**❷ abysmal ئاوەڵناو نەشیاو، زۆر خراپ، گەن، ترسناک، بێکەڵک: بەرەنجامی کارەکەی هەر زۆر کرێتە. ع سیئ N bunnløs د

افتضاح.

**کرێتکرن:** ئەتککردن. G کانی

**کرێتۆن:** Nicolas Crèton ڕامیار {١٧٩٨ـ١٨٦٤} مافناس، ئۆرلیانیست، نوێنەری ئەنجوومەنی دەستووری و ئەنجوومەنی ڕێسادانان.




**کرێتینیزمی پەرلەمانی:** parliamentary cretinism کینایە هێمایر {١٨ی برۆمێر}کرێتینزم نەخۆشییەکە لە ئەنجامی ئاڵۆزی و نەرِسکانی گلاندی تیرۆید بەدی دێ و ئەبێتە هۆی لاوازیی ئاوەز، **واتا هێماییەکەی** گەمژەیی و نەزانییە. کرێتینیزمی پەرلەمانی بڕوای ساویلکانەیە بە دەسەڵاتداریّتی و هەڵەنەبوونی سیستەمی فەرمانڕەوایی پەرلەمانی و تێنەگەیشتن لەو ڕاستییە کە پەرلەمان ئاریشەی ژیانی کۆمەڵگە چارەسەر ناکات، بەڵکو هاوسەنگیی ڕاستەقینەی هێزە چینایەتییەکان ئەو کێشەیە چارەسەر ئەکات. ئەم دەستەواژەیە یەکەم جار خودی مارکس بەکاری هێناوە.





**کرێژەبەرد:** moss زیندەوەرزانی ناو قەوزەی سەر بەرد، خەنەبەردیلە ٤ طحلب N mose د گل سنگ.




**كرێڤ :** ئایینناسی خزمایەتی ناو خوشکی ئایینی، برای ئایینی، شیرخوشک، شیربرا، زڕکوڕ، زڕکچ د پسر تعمیدی، دختر تعمیدی E foster child, adopted children.

**كرێنامە :** lease گرێبەست ناوی لێکدراو بەڵێننامەی نێوان دوو لایەن بۆ بەکرێگرتنی خانوو، زەوی و خزمەتگوزاری بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.





**كریا :** Kriya شێوەزانست ناو یان کریا یۆگا، کریا بە واتای کردن و ئەنجامدان، ئەبێ لە چاوگی (کردن)ی کوردییەوە هاتبێ. کریا لە لایەن مامۆستا و کاربەرانییەوە بە سیستەمی کەونارای یۆگا دائەنرێ کە سەردەمی هاوچەرخ یۆگی **ماهاواتار باوەجی** لە ساڵی ١٨٦١دا ژیاندییەوە. کریا یۆگا ساڵی ١٩٢٠ بە ڕۆژئاوا ناسێنرا. کریا زیاتر لایەنی ئایینی هەیە و بە شێوازی بەدیهێنانی دارەتی قووڵی ئارامی و پەیوەندی لەگەڵ ئەهووراەمزدا بەکار دێ.












**کریار:** behavior کردە، کردار، ڕەوشت، ئاکار، خدە [ع] سلوک [N] oppførsel [د] سلوک.

**کریستۆفەر کۆلۆمبس:** ☜ کۆلۆمبس

**کریستیان بارتلۆمەی:** Christian Bartholomae زمانناس ڕۆژهەڵاتناس

(١٨٥٥ـ١٩٢٥) زمانناس و خاوەرناس و ئوستادی زمانی سانسکریت بوو. ورگێڕانێکی تازەی ئاڤێستای پێشکەش کرد. «**فەرهەنگی وشەی دێرسی ئێرانی**»ی نووسی و لە سکەناسی ئەشکانی کۆڵیيەوە.








**کریستیان ژاک:** Christian_Jaque فیلمساز {١٩٠٤ـ ١٩٩٤} فیلمسازی فەڕانسەیی.











**کریستیەن بێرار:** Christian Bérard هونەرمەند {١٩٠٢ـ ١٩٤٩} هونەرمەندی نیگارکێش و دیزاینەری فەڕانسەیی.

سینەماجیبیە لویی ژۆڤێ و ژان کۆکتۆ بە دڕواری دڵکاویان کرد تا دیزاینی دیکۆری شانۆ بکات. دیزانیەری نمایشی ئەندێشەی مرۆیی {١٩٣٠} و ماشینی دۆزەخی {١٩٣٤} بوو. دیکۆرەکانی فیلمی دزێو و جوانی ژان کۆکتۆ ئەو کردوویەتی. نیگارکێشی بەرهەمەکانی ئارسر ڕەمبۆ هێنی ئەوە. بنێڕە: هیو گرەی










**کریسمەس:** Christmas ئایینناسی جەژن بە فەڕانسی نوێل Noël جەژنی لە دایکبوونی عیسا، کە لە دوای جەژنی ڕابوونەوە گەورەترین جەژنی ئایینی فەلەکانە؛ لە شەوی ٢٤ی دیسامبرەوە دەست پێئەکا تا ڕۆژی ٢٥ی دیسەمبر.




**کریڤ:❶** ناو بەواتای برادەر دێت لای ئێزدیەکان. Gکانی

**کریڤ:❷** ناو خزم، دۆست، کەسێ کە منداڵ لە باوەشیا خەتەنە کراوە.

**کرینچک:** forelock ئارایشت کاکۆڵ، گودیلە، فیس، پەرچووکەی لەسەر هەنی قرتاو. ع ناصیة N fortoppen د کاکل.

پەرچەم و فێسی کەجی تۆ ئەی جوان ⁓ تاجی کەیان و عەلەمی کاویان
«حاجی قادر»

**کراکەزانی:** Phrenology شێوەزانست ناو بیردۆزێکی شێوەزانستییە ئەڵێ لە ڕێگەی چاڵ و بەرزییەکانی کراکەی سەرەوە ڕەفتار و کەسایەتی کەسان دیاری ئەکرێ. ساڵی ١٨٠٠ پزیشکی ئاڵمانی فرانتس گاڵ دایهێنا.

**کراڵ:** dryland جیۆلۆجی ناو قاقڕ، کراڕ، زەوی بێئاو و لەوەڕ، بیابان، دەشتی کاکیبەکاکی، کەویر. ع ارض جافة N tørt land د خشکزار.



**کراڵک:** ڕووەک ناو گیایەکی دڕکاوییە بە تۆپەڵ ئەڕوێ.

**کرامویڵ:** Oliver Cromwell ڕامیار ژنراڵ (١٥٩٩ـ١٦٥٨) سەرۆکی سەربازی و ڕامیاری ئینگلیز بوو. دەرەبەگی تازەبوورژوا لە شۆڕشی سەدەی حەڤدەی ئینگلیز. کاتی ململانێ نێوان پەرلەمانی ئینگلیز (کە ١٢ ساڵ درێژ بوویەوە بە پەرلەمانی درێژ ناوی دەرکردبوو) و سپا (کە ئەیویست هەڵبژاردن بکرێ) دەستی پێکرد، کرامویڵ کودێتای کرد و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی یەک لە دوای یەک هەڵوەشاندەوە. پاش ئەم کودێتایە کە ئەوی کرد بە دیکتاتۆر، نازناوی لۆردی پارێزەر Lord Protector ی ئینگلیز و سکاتلەند و ئیرلەندی پێ درا.









**کرانتش:** [1] weigh ناوی چاوگ کێشان بە تەرازو، هێنانەوە. ع توزین N veie د وزن کردن.

**کرانتش:** [2] ناوی چاوگ ڕاکێشان بە زەویدا.

**کرانتش:** [3] ناوی چاوگ دەرکێشان.

**کرانتش:** [4] ناوی چاوگ خۆهەڵکڕاندن لەبەر خورانی لەش.

**کرکاش:** search ناوی چاوگ ملۆمۆ، لێگەڕان، وەشکیان. ع البحث فی N søk د جستجو.

**کرکاشی بێپسان:** Forschungsquellen کارگێڕی ئاڵمانی، جۆرە جیاوازەکانی بەڵگەنامە کە زانیاری بەسوود پێشکەش ئەکەن بۆ ئەنجامدانی تۆژینەوە

و لە ئەنجامدا بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری [E] research sources.

**کرکڕاگە:** cartilage تویکاری ناو کرۆژە، ئێسکی ناسکی کرۆشتەنی، شانەی گرساوی پتەو و سپی و نەرم کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە قوڕگ و کۆئەندامی هەناسەدان، لە پێکهاتەی وەک گوێ دەرەوە و لەسەر جومگەکاندا ئەبینرێن. لە ئێسکەپەیکەری کۆرپەدا زیاترە هەیە و، لە ڕەوتی گەشەکردندا ئێسک جێگەی ئەگرێتەوە. [ع] غضروف [N] brusk [د] غضروف.




**کرکڕە:** venetian blinds, shutters ناو پشدەری پلاستیک، جۆرێک پەردەیە لە پلاستیکی باریک و درێژ بە دەرزوو گرێدراون بەیەکەوە [N] persienner
⇐ **قرقڕە:** ناو هەمان کرکڕەیە کە تەختەیەکی کونداری گرد و لوولاکە و کردەی بەرزکردنەوەکە ئاسان ئەکات.



**کڕنۆش:** genuflect فەرمان ناوی چاوگ دانەوینەوە لەگەڵ ئەژنۆ نووشتانەوە و

سەردانەواندن بە نیشانەی ڕێزگرتن و بندەستی و پەرستن. ع ركع، حنى الركبة تعبدا N genuflekte د تعظیم، ركوع.



**کڕوکاش:** ❶ scour ناوی چاوگ ئەختوچار، پەلوپۆ، ڤەکۆلین، لێگەڕان زۆربەتوندی. ع البحث الجاد N søker hardt د جستجو.

**کڕوکاش:** ❷ ناوی چاوگ کۆکردنەوەی گوڵەگەنم و گژوگیا.

**کڕوێ:** ❶ ناو برینی گەدە. ع قُرحة N Sår د زخم معده E Ulcers.

**کڕوێ:** ❷ ناو درمێکە ئەدا لە میوە.

**کڕووز:** ئاوەڵناو پرچن، سەر بنەگەون، قژن.



**کڕووزانەوە:** whining ئاوەڵناو چاوگی دووڵۆ تۆڵانەوە، ناڵین، ناڵین و لالانەوەی درێژخایەن. ع الأنین N klynking د ناله کردن E supplicate.

**کڕوک:** inanimate ئاوەڵناو نازیندوو، نەجووڵ، بێجووڵە، بەرامبەر بە زیندوو و

ڕووەک. [ع] جماد [N] livløs [د] جامد، بیجان.

**کرێوە:** blizzard [ناو] بەفر و بارانی بەباوە کاتێ وشکەسەرما. [ع] عاصفة ثلجية [N] snøstorm [د] کولاک.







**کزداماو:** disillusion [ئاوەڵناو] دڕداماو، کزومات، بێبەخت. [ع] خيب الأمل [N] desillusjon [د] وازدە.

**کزر:** moisture [ناو] پندر، نیوە وشک، زەوییەک کە لە پاش وەشت وشکەوە بووە، بەڵام هێشتا تەڕایی ماوە. [ع] نداوة [N] fuktighet [د] نمدار.

**کزەی با:** sound of breeze [ناوی لێکدراو] دەنگی ناسکی سروە. [ع] صوت النسيم [N] lyden av bris [د] صدای آرام نسیم. ن:

چ ژین سەختم، چ دڵ سەختی گوڵی من
کزەی دڵ وەک کزەی با دێتە بەرگوێت
«هەژار»

**کزیر:** stockbroker, broker [ئابووری] [ناوی فەرمان] دەلاڵی بۆرسە، بریکار و ڕابەر و پسپۆڕی سەرمایەگوزاری لە بۆرسە. [ع] سمسار البورصة [N] aksjemegler [د] دلال بورس. ⇐ **گزیر:** overseer ئینجۆ، چاودێری ڕاوەن، داژدە و دارایی خان. [ع] مشرف [N] tilsynsmann [د] مباشر خان.






**کسپە** :❶ ناو ڕاچەنینی دڵ. ⇦ کسپە لە دڵمەوە هات.

**کسپە** :❷ sizzle ناو دەنگی ئاو بە ئاگردا کردن.

**کسپە** :❸ ژانێک کە لەپڕ ئارام ئەگرێ، ژانێک کە دێت و ئەڕوا.

**کست** : side ناو تەنیشت، لا، ئالی. ع الجانب N side د جانب.

**کسکە** :❶ ئاوەڵناو کزۆڵە.

**کسکە** :❷ ناو ڕەنگی چاوی پشیلە و گیانەوەری کێوی لە شەودا.

**کسکە** :❸ shimmering ئاوەڵناو درەوشانەوەی ڕەنگی فۆسفۆری. ع متلألئ N skimrende د درخشندگی.




**کسۆک** : ناو سەگ؛ تووتکەسەگ.

**کسکیانەوە** : چاوگی تێپەڕ تۆزانەوە، کسکیان، سووتانەوەی پێست.

**کشانەوەی دیدەنیاران** : Pilgrim's Regress وێژە پەرتووکێکی تەمار نموونەیی نووسینی سی. ئێس لویس، ئەم ڕۆمانە ساڵی ١٩٣٣ بڵاو کرایەوە. پێشکەوتنی کارەکتەرێکی ئەندێشەیی بە ناوی جۆن لە ڕێگەی دیمەنی فەلسەفیەوە بەدوای دوورگەی ئارەزووی خۆیدا پیشان دەدات. لویس ڕۆمانەکەی بە «جۆرێک لە بونیانی نوێ» وەسف کردووە. بەم پێیەش کارەکتەرەکەی دژی دۆدەیی و دووڕوویی و بەتاڵی بیری مۆدێرن وەک کەنیسەی مەسیحی و کۆمۆنیزم و فاشیزم و بزووتنەوە فەلسەفی و هونەرییە جۆراوجۆرەکاندا دەجەنگێت.










**کشتش:** کوژران [د] کشته شدن.

**کشتوکەنار:** vicinity [ناو] نزیک، دۆر، دۆرمادار، گرداگرد، دەوروبەر، ناوچە، پەرانپەر، ئەو نواقەی کە مرۆڤ یان ئاژەڵ یان گیا تێیدا ئەژی. [ع] المناطق المجاورة [N] nærhet [د] حومه، مجاورت.

**چێوە:** perimeter [ناو] پەرانپەرِ بازنە، گرداگردی کەوشەنی خرِ. [ع] محيط [N] omkrets [د] محیط.

**کشتیار:** peasant [ناوی‌فەرمان] باخەوان یان باخدار، کەسێک کە درەخت و رەز و باخ بەخێو ئەکات.

**کشتیل:** [ئامراز] [ناو] ئەسکۆ، ئەسکوێ، مەلاک، چەمچە.

**کشمیش:** raisin, sultana raisin [چەرەس] [ناو] ترێی دەنک وردی بێناوکی وشککراو لەبەر هەتاو یان ژووری تایبەت. [ع] زبيب [N] rosiner [د] کشمش. **مێوژ:** raisins, jumbo, mavis [چەرەس] ترێی گەورە و بە تایبەت ترێ رەشەی وشکەوەکراو. [ع] زبيب [N] rosiner [د] مویز.





**کشنە:** ناو هەر دانەوێڵەیەک کە بە ئاژەڵ دەدرێ د آنچه از غلات به حیوان داده می‌شود.

**کفتە تەبرێزی:** Tabrizi Meatball خۆراک خواردنێکی تۆپەڵکراوە بە برنج و لەتکە، قیمە و هێلکە، سەوزی و چێژەمەنی لەناو شۆربایەکی خەستی تەماتە و پیاز و سەوزیدا ئەکوڵێنرێ. ع كرات اللحم التبريزي N Tabrizi kjøttkaker د کوفته تبریزی.





**کفتەی سابوونکەران:** Sabunkeran Meatball خۆراک یان کفتەی سلێمانی، خواردنێکی تۆپەڵکراوە بە ئارد یان برنج، قیمە، پیازداخ، سەوزی و چێژەمەنی لەناو شۆربایەکی خەستی تەماتە و پیاز و سەوزیدا ئەکوڵێنرێ. ع كرات اللحم صابونكران N Sabunkeran kjøttkaker د کوفته صابونکران.





**کفر:[1]** vitex ڕووەک ناو ناوی جێگا کێرف، دارئاڵەت، دارێکی خۆڕسکی کوردەوارییە. ع ارثد N vitex د پنج انگشت. ⇦ لە کوردەواری چەند

شوێن بە ناوی ئەو دارە هەیە:

ـ کفرەدۆڵی سەروو، کفرەدۆڵی خواروو: ٢ گوند لە حاجیاوای ڕانیە

ـ کفری: شارێکە لە گەرمیان

ـ کفراوڕ: دەشتێکی پان و بەرینە لە شاری گێلآنی کرماشان




**کفر:❷** blasphemy, profanity ناو دژمێن، بێڕێزی بە پیرۆزییەکان N blasfemi, banning ع شتم د کفر.

**کفنی تۆرین:** Shroud of Turin دیاردە ئایینناسی کووتاڵێکی کەتانە وێنەی پیاوێکی خوێناوی لە خاچدراوی لەسەرە، لە کلیسای سەنت جان بابتیست ڕائەگیرێ. فەلەکان لایان وایە کفنی عیسا مەسیحە.







**کفەڵ:** vacuous, frollow, hollow داردەت هێمایر ئاوەڵناو بۆش و بێبایی، بێناوەڕۆک، نابەسەند؛ میوەی بڕئاو، قانگ، تووری کفەڵ. ع فارغة،

متدفقة، جوفاء N tomrom, rulling, hul د پوک، توخالی.

**کلا:❶** omission ناو پشتگوێخراو، فەرامۆشکراو، لاخراو، کەس یان شتێک کە خرابێتە لاوە. ع حذف N utelatelse د خذف شده.

**کلا:❷** ناوی فەرمان فەرمانە بە جیابوونەوە و لادان، لە چاوگی کلابوون: جیابوونەوە.

**کلاپسۆن:** Louis Clapisson ئاوازدانەر (١٨٠٨ـ١٨٦٦) ئاوازدانەری کۆمیک و گەلەری فەڕانسەیی.






**کلارا زێتکین:** Clara Zetkin فەلسەفەی ئاڵمان ڕامیار (١٨٥٧ـ١٩٣٣) مارکسیتی ئاڵمان ئەندامی سەرکردایەتی و لە دامەزرێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی ئاڵمان.

**کلاریس:** Clariss ویژە گەڕان-٧ بەشێکە لە کۆمەڵە کورتەچیرۆکی Tendres Stocks نووسینی پۆڵ مۆران Paul Morand، ساڵی ١٩٢٢ چاپ بوو و پرووست پێشەکیی بۆ نووسیوە.









**کلاستڕۆفۆبیا :** claustrophobia دەروونناسی کلاستڕۆفۆبیا ترسی ناڕێرانەیە لە شوێنە داخراوەکان. بەڵام دوورکەوتنەوە لەو شوێنانە ڕەنگە ترسەکە بەهێزتر بکات. هەندێک کەس کە تووشی ترسی کۆشک بوون کاتێک لە شوێنێکی داخراودا تووشی دڵەڕاوکێیەکی سووک ئەبن، هەندێکی تر تووشی دڵەڕاوکێیەکی توند یان هێرشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبن. باوترین ئەزموون هەستکردنە یان ترسە لە لەدەستدانی کۆنترۆڵ.

**کلاکردن ❶:** oust وەرزش چاوگی تێپەڕ لە پێشبڕکێی ئۆتۆمۆبیل و مۆتۆڕسیکلت، باڵ پێوەنان و لە ڕێگا دەرکردن.

**کلاکردن ❷:** oust ددا چاوگی تێپەڕ بێبەشکردن، یان لە شتێک بێوەری کردن؛ لێوەرگرتنەوەی دەسەڵاتی دادگا لە بوارێکدا.

**کلاوسن :** Clavecin یان Harpsichord ئامێر موزیک جۆرێک چەنگی وەک پیانۆیە.



**کلکی فرۆکە :** tailfin پارچە کلکەباڵ، پاشبەند. ⇦ **پاشبەند :** tailfin

زیندەوەرزانی کلکەباڵ، باڵەیەکی لە کۆتایی دواوەی جەستەی ماسی، بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ کلکدا بەردەوامە. ع الذیل N halefinne د دم باله.








**کلۆدیۆن:** collodion کیمیا گیراوەیەکی چەسپێنە لە پیرۆکسیلین لەناو ئیسێر یان ئەلکول بۆ داپۆشانی فیلم بەکارئەهێنرا.








**کلیل بە بەرۆک:** هێمایر ئاوەڵناو کلیل بەیەخە، کچی عازەب، کچی وەختەشوو، بەربەخت.





**کلاویە:** clavier (فەرانسەیی) ناو کلیل، تەختە کلیل وەک هی پیانۆ و کەمپیوتەر، لە کوردی زیاتر مەبەست کلیلی پیانۆیە.






**کل:** ناو گەردێکی ڕەشە، بە زۆری سولفیدی ئانیتمونە یان قورقوشمە، بۆ ئاڕایشتی چاو، بە تایبەت لە ولاتانی ڕۆژهەلات بەکار دێت.

**کلدان:**❶ چاوگی‌تێپەڕ کلا کردن، لادان، ناردن.

**کلدان:**❷ kohl container ناو کلتوور، دەفر یان کیسەیەکە کە کلی تێئەکەن. ع حاوية الكحل N kohl beholder د سرمە دان.



**کلک:**❶ finger ناو قامک، تبل، تل، ئەنگوست، موست. ع اصبع اليد N finger د انگشت. ⇦ **کلکەوانە :** موستیلە.

**کلک:**❷ chick ناو دو، جوچکە قەلە دەسک. ع کتکوت N kylling د جوجە.

**کلک:**❸ tail ناو بەشی دواوەی ئاژەلێک، بە تایبەت کاتێک لە دەرەوەی جەستە درێژ دەبێتەوە، وەک درێژبوونەوەی نەرمی بڕبڕەی پشت لە کرکڕاگەیەکدا. ع ذيل N hale د دم.

**کلک:**❹ handle, haft ناو دەسک. ع مقبض N håndtak د دستە.



**کلکەسووتێ❶:** tail wagging ناوی لێکدراو کلک ڕاتەکاندنی سەگ بۆ کەسێ کە خۆشی ئەوێ. ع الذيل الذي يهز N tail wagging د دم تکان دادن.

**کلکەسووتێ❷:** flattery هێمایی ناوی لێکدراو ماستاوکردن، زمانلووسی، بیسەیی کردن.







**کلکەوانە:** ring ناو ئەنگوستیلە، موستیلە، مستیلە. ئاڵقە یان بازنێکی پەنجەیە بە زۆری نقێمی شووشە و ڕووژەی لە سەرە. ع خاتم N ringe د انگشتر.





**کلکی مێمڵ:** ناوی لێکدراو کلکی ملۆزم، ١٨ای برۆمێر لە دەقە ئاڵمانییەکە بە فەڕانسەیی هاتووە manvaise queue، لە ئینگلیزیدا نووسراوە «مشەخۆری ڕاڕا».

**کلۆج:** style ناو جۆر، شێوە، شێواز. ع نمط N stil د سبک.

**کلۆدێل:** Paul Claudel ڕامیار هۆنەر (١٨٦٨ـ١٩٥٥) ڕامیار و هۆنەری فەڕانسەیی.




**کلۆری :** cavity ناو حەوای بەتاچ لەناو تەنێکی ڕەقدا، کون یان بۆشایی لە هێسنێکی سەختدا، بە تایبەت لە ئەندامی مرۆڤدا، وەکوو کلۆری ددان.
ع تجویف N hulrom د حفره.



**کلۆیی :** chloe ئایین‌وئەفسانە ناوی‌تایبەت بە واتای سەوز و گەش، لە ناوەکانی ماخوا دێمیتری Demitri یۆنانی خواژنی دەخڵ و دان و ڕێژەن و ڕۆزییە؛ ناوی کچانە. هێمایر ئاماژەیە بە گەنج؛ شوانی مێیینە.



**کلەیتەمێسترا :** Clytemnestra میسۆلۆژی ناو هاوسەری تانتالوس بوو

و منالێکی لێ هەبوو. ئاگامێنۆن پادشای مایسینی Mycenae هاوسەر و منداڵەکەی کوشت و کردی بە ژنی خۆی. چوار منداڵی لە ئاگامێنۆن هەبوو بە ناوی ئیفیگینیا، ئێلیکترا، کریستەمیس و ئۆرێستێس. کاتێک ئاگامێنۆن ویستی ئیفیگینیا بکاتە قوربانی، تووڕە بوو. پەیوەندییەکی نهێنی لەگەڵ ئایگیستۆس دروست کرد. دوای ئەوەی ئاگامێنۆن لە ترۆی گەڕایەوە، ئایگیستۆس ئەو و کاساندرای کوشت. ئۆرێستێس و ئێلکترای کچ و کوڕی ئاگامێنۆن هەڵهاتن و، دواتر تۆڵەی باوکیان لە دایکیان و سۆتەکەی کردەوە.












**کلێپتۆمانیا :** Kleptomania ناو خولیای دزین، ناسازی دەروونی وازی دزینی وردەشت کە زۆر جار نرخێکی ئەوتۆی نییە و، بە ئاسانی ئەتوانرێ بکردرێ. ع هوس السرقة N kleptomani د جنون سرقت.











**کلێتە :** woolen hat پۆشاک ناو کۆڵۆز، سەرکڵاوی بەن، لە هەردوو لاوە لفکەی درێژی هەیە و لە دەوری کڵاوەکە دەئاڵێنرێ N Lue د کلوتە، نوعی کلاە پشمی.






**کلێرمۆنت :** Claremont ناو کۆشکێکە لە نزیکی لەندەن. پاش هەڵاتنی لویی فیلیپ لە فەڕانسە، بنکەی ئەو بوو. کلێرمۆنت بنکەی پیلانگێڕانی ئۆرلیانیستەکان بوو لە دژی ناوەندی پیلانگێڕانی ئەمس.




**کلێمەنسۆ :** Georges Clemenceau ڕۆژنامەوان ڕامیار {١٨٤١ـ١٩٢٩} فیزیکزان و ڕۆژنامەوان و ڕامیار، نوێنەری باڵی چەپی توندڕەو، وتاربێژی توانا، ناسراو بە «بەبری فەڕانسە»، خاوەنی ڕۆژنامەی «مرۆڤی ئازاد»، دژی ڕامیاری پوانکارە بوو، ساڵی ١٩١٧ بوو بە سەرۆکوەزیران و وەزیری جەنگی فەڕانسە.







**کلیشی:** Clichy ناوی جێگا زیندانێک بوو لە فەرەنسە، ساڵانی ١٨٢٦ـ١٨٦٧ ساز کرا. ئەو قەرزبارانەی کاتی خۆی قەرزەکەیان نەئەدایەوە، ئەنێردران بۆ زیندانی کلیشی.

**کلیل:** key کەرەستە ناو هاچار، مفتە، ئاچار، هەڵگر هێمایی کەسی خاوەن گرنگییەکی تایبەت: بوو بە ڕوخسارێکی کلیلی لە بزووتنەوەی دەنگاندا. ع مفتاح N nøkkel د کلید.

**کلینگسۆر:** Klingsor موزیک ناو ئەفسوونگەری ئۆپێرای پارسیفالی ڕیچارد ڤاگنەر.









**کلینیکاڵ:** clinical پزیشکی ئاوەڵناو پزیشکی، تاقیگەیی، تاقیگەری، تۆژینەوەی دارەتی نەخۆشی نەخۆشانی لەجێدا کەوتوو. ع مرضي N klinisk د بالینی.

**کلیتە:** ناو قەڵاندۆش، نێوان شان و پیل. ☜ کلێتە

**کلیدە:** restrict کار لە هەموو لاوە گەمارۆدراو. ع محصور N begrenset د محصور E besieged.

**کلیر:** keyhole ناو کلر، کونی کلیل، کونی جێ کلیل لە دەرگادا. ع ثقب المفتاح N nøkkelhull د سوراخ کلید.

: ئەگەر دز و خاوەنماڵ یەک بن، گا بە کونی کلیل دا ئەبەنە ژوورەوە.





**کلیسا :** church ناو کڵێسە، کلێسە، کلیسە، جێی خواپەرستی گاوران. ع
کنیسة N kirke د کلیسا.

**کلیسای بروو :** church of Brou ئاپیناسر یان Royal Monastery of Brou
کلیسای گووتیکی بروو لە ناوچەی ئەین Ain لە ڕۆژهەڵاتی فەرانسە، مارگارێت دۆتریش Marguerite d'Autriche یان Margaret of Austria دۆشێسی ساڤۆی لە سەرەتای سەدەی شانزە بە یادی مێردەکەی فلیبێر دووکی ساڤۆی دروستی کرد، کە سێ ساڵ پاش زەماوەندەکەیان مردبوو.






**کلیسای سیستین :** Sistine chapel ناوی تایبەت کلیسایەکە لە کۆشکی ئاپۆستۆلیک Apostolic Palace، شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمی پاپایە لە شاری ڤاتیکان. لە بنەڕەتدا بە کاپێلا ماگنا Cappella Magna ناسرابوو، ناوەکەی لە پاپا سیکستۆسی چوارەم وەرگرتووە کە لە نێوان ساڵانی ١٤٧٣ بۆ ١٤٨١دا فەرمانی دروستکردنی داوە. فرێسکۆ یان دیوارنیگاری بنمیچی نوێژگەی ئەم کلیسایە، کە بە دەستی پەروەردگار ڕووناکی لە تاریکی جیائەبێتەوە و ئافراندنی جیهان و پیاو و ژن و جیابوونەوەی ئاو

و وشکی پیشان دراوە، مایکڵ ئانجیڵلۆ ساڵانی ١٤٧٧ تا ١٤٨٠ کێشاونی.





**کلیسای مەترانی:** Episcopal Church ئاییناسر ئەپیسکۆپاڵ، کلیسای پرۆتستانی قەشەگەری لە ئەمریکا. ئایینزایەکی هێڵی سەرەکی ئەنگلیکەنە. ع الكنيسة الأسقفية N Episkopale kirke د کلیسای اسقفی. ☜ مەتران.





**کلیلە:** avalanche ناو ڕنوو، ڕنیە بەفری هەرەس. ع انهيار ثلجي N avalanche د بهمن.





**کلیلی سلێمان:** The Key of Solomon شێوەزانست ئایینناسی پەرتووکی تەلەسم یان پەرتووکی جادووی ڕەشی سلێمان، یان دەستنووسی گریموار، پێئەچێ هی سەدەی چواردە تا نۆزدەی جادووی ڕێنسانسی ئیتالیا بێ. سەبارەت بە کۆتاییهاتنی جیهان و چوار سوارەی پەسلانە. زۆربەی ئەم گریموارانە لە سەردەمی ڕێنسانسدا نووسراون و کاریگەری کابالیستی جوولەکە و جادووگەری عەرەبیان لەسەر بووە، هەرچەندخۆیان هەندی لایەنی جادووی یۆنانی-ڕۆمایی بوون ☜ چوار سوارەی پەسلان. ☜ کابال











**کلیمت:** Gostav Klimt شێوەکار (١٨٦٢-١٩١٨) گۆستاڤ کلیمت، شێوەکاری سمبۆلیستی ئوتریشی، ئەندامی هونەری نوێی ڤیەننا بوو. پسپۆڕی کێشانی جەستەی ئیرۆتیکی ئافرەت بوو.







**کلێنچە:** coccyx توێکاری ناو کلێزە، کلێنجک کۆتا ئێسکە لە بڕبڕەکانی پشتدا، ئێسکێکی سێگۆشەیە، لە سێ ئێسکی بچکوکتر پێکهاتووە، ئەکەوێتە ناو دیزەڵەوە. لە کاتی پێکان یاخود فشار خستنە سەر ئێسک

و بەستەر و ماسولکەکانی فەراگەردی، تووشی ئازار دەبێت. ع
العصعص N halebein د دنبالچە.

**ئازاری کلێنچە:** coccyx pain نەخۆشی ناو ئازارێکە لە بەشی خوارەوەی بڕبڕەکانی پشتدا دروست دەبێت، کە کلێنچکەیە و، لەکاتی پێکان یاخود فشار خستنە سەر ئێسکەکە و بەستەر و ماسولکەکانی دەوروبەری، تووشی ئازار دەبێت. ئازارەکە چەند حەفتە یان چەند مانگ ئەخایەنێ و هۆکارەکانی فشاری کاری بەردەوام، پێکان، منالبوونی دژوارە. ع ألم العصعص N halebenssmerter د درد دنبالچە.

**دیزەڵە:** lumbar region ناوی پێچووکراو قووڵایی بان سمت. ع حفرة الخصر N korsryggen د چال کمر.






**کلیۆ:** Clio ئایین و ئەفسانە لە میسۆلۆژی یۆنانیدا ماخوای مێژوو بوو.





**کڵاش:** پۆشاک ناو جۆرە پێڵاوێکی کوردی دەستسازە، لە گشتەک و پەڕۆ

و مووی بزن و دەوێڵی چەرم و گونی گا و بزماری ورد ساز ئەکریٚ. وەک بنی کلاٚش، پارچە پەڕۆی زۆر ئەنووشترێنەوە و لەسەر یەک دائەنرێن و، سیرمەی چەرمیان تیٚ هەڵئەکێشریٚ و توند ئەکرێن، سەروبنی بنی کلاٚش بە گونی وشککراوی گا لیٚک گریٚ ئەدریٚ. پەرگەمای مووی بزن بە دەوری بنی کلاٚشەکەدا دائەدووردریٚ و، بە گشتەک و سووژن سەری کلاٚشەکە لەسەر پەرگەما ئەچنریٚ. لە پاش دارماڵبوون شیرازە لەسەر پەرگەما ئەچنریٚ و گونەکە بزمارڕێژ ئەکریٚ.



**کلافە :** skein دەزوو ناو دەزووی خرکراوە، پەتی هەڵکراو، هەودا دەزوو یان ئاوریشمی درێژی هەڵکراو، کە بە گوێرەی جۆری هەڵکردن و بەکارهێنانیان چەندین ناویان هەیە وەکوو کلافە و گلۆلە و کەرگ و تۆپەڵە و، بە تایبەت قالنگە pull skein ع خصلة خيوط N nøste د کلاف. ن:

شـکـافـێـکـە کـلافـەی نـافـی زولـفـت

دەرێژی میسک و عەنبەر لێرە تا چین

«نالی»

**وزە :** The Power زنجیرە ناو زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ئەمریکایی ٢٠٢٣، نووسین و دەرهێنانی نوامی ئالدێرمەن Naomi Alderman سەبارەت بە ئەگەری گۆڕانکاری و گەشەکردنی سروشتی ئەندامی نوێ لە جەستەی مرۆڤدا، وشەی skein بە واتای گلۆلەـ دەزوو بەکار ئەهێنێ.













**کلان نە گەیل :** Clan na Gael ڕێکخراو وەرزش ڕێکخراوێکی کۆماری ئیرلەندا بوو لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە کۆتایی سەدەی نوزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەڵام لە سەدەی بیست و یەکەمدا بچووک بوویەوە.



**کڵاوبۆرە:** ناوی لێکدراو کڵۆز، کڵاوی لباد، کڵاوی دەوستکراو لە تەحتی د کلاە نمدی.



**کڵاوباز:** Tartuffe فیلم یان بە ئینگلیزی Impostor، شانۆنامەی کۆمیدی ١٦٦٤ی نووسینی مۆلییێرە.




**کڵاوی ئیسکی:** balaclava ناو کڵاوێکی چنراوی کامواپە هەم سەر و ڕوومەت دائەپۆشێ، تەن چوار کونی تێدایە بۆ چاو و لووت و دەم. ع بالاکلافا، قناع التزلج N ski maske, balaclava د بالاکلوا، کلاە اسکی E ski mask.



**کڵاوی ئەژنۆ:** kneecap ناو ئێسکی کاوی پێش جومگەی ئەژنۆ. ٤ الرضفة N kneskål د کاسە زانو.







**کڵاوی فریگی:** Bonnet phrygien ناوی لێکدراو وەرگیراو لە ناوی فریگیا، کە لە کۆندا وڵاتێک بوو لە ناوەندی ئاسیای بچووک یان باکووری کوردستان، جۆرە کڵاوێکی قووچەکیی سوورە لە سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازی ١٧٨٩ـ١٧٩٤ی فەرانسە وەک نیشانەی شۆڕشگێڕبوون لە سەریان ئەکرد. پاشتر ئەم کڵاوە لە سەدەی نۆزدەدا بوو بە هێمای ئازادی.






**کڵاوی لۆلەکی:** Flosshatt, Top hat ناوی لێکدراو جۆرە شاپۆیەکی ماووتی لۆلەک درێژە .





**کڵێسا :** ئایینناسی پەرستگە کلیسا، کلێسە، کلیسە، جێی خواپەرستی گاوران.

**کڵێسای سالوتە :** Santa Maria della Salute on the Grand Canal ئایینناسی
پەرستگە کڵێسایەکی کاسۆلیکی شێوازی بارۆکە، ساڵی ١٦٨٧ لە سەر کاناڵی مەزنی شاری ڤێنیزیا دروستکراوە.



**کلۆ :** ناو وردی پێکەوە لکاو. ⇦ کلۆقەند، کلۆگڵ، کلۆبەرد.





**کلۆج :** شێوە، تەرز: بە هیچ کلۆجێک چارەی نایەت.

**کلۆد ئۆتان ـ لارا :** Claude Autant_Lara دەرهێنەر (١٩٠١ـ٢٠٠٠)
دەرهێنەری فەڕانسەیی و پاشتر ئەندامی پەرلەمانی ئورووپا.










**کلۆد مۆریاک :** Claude Mauriac (١٩١٤ـ١٩٩٦) نووسەر نووسەر و ڕۆژنامەوان و ڕەخنەگری سینەمای فەڕانسەیی.











**کڵۆز :** ناو کڵاوی لباد، کڵاوی دەوستکراو لە تەحتێ.





**کڵێسای ئامیەن :** cathedral of amiens ئابیناسر پەرستگە لە شاری ئامیەن، لە باکووری فەڕانسەیە.





**کڵاوسوور:❶** ڤیژە ناوی تایبەت یان کوڵوانەسوور، کیژۆڵەی ناو چیرۆکێکی فۆلکلۆری ئاڵمانی Rotkäppchen زۆر بەناوبانگە کە ئەچێ بۆ سەردانی دایەگەورەی و گورگە شوێنی نەنکی گرتووە و ئەیەوێ بیخوات. Charles Perrault لە ١٨٩٦ بڵاوی کردەوە.




**کڵاوسوور:❷** Le Bonnet Rouge ڕۆژنامە ڕۆژنامەی ئانارشیستی بەرەی چەپی توندڕەوی سۆسیالیست بوو لە ١٩١٣ تا ١٩٢٢.




**کڵاوە:❶** ناو پۆپەی باڵدار لە پەڕ [د] شانە سر پرندە.

**کڵاوە:❷** ناو ترۆپکی چیا [د] قلە کوە.

**کڵاوە:❸** ناو لاسکە گەنمەشامی کە دانی نەگرتبێ [د] بلال دانە نگرفتە.

**کلاوە:**❹ ناو قوڕی لە دەوری دەمی دولاش بلندکراو، ئاخلەیەکە دروست دەکرێ لە قوڕ یا لە هەویر بەدەوری گوێرووی بەرداشدا بۆ ئەوەی «دانەرێز» نەکات د دیوارک پیرامون دهانه ناو آسیاب.

**کلاوە:**❺ ناو ئالقەی دارینی ملی گاجوت د چنبر گردن گاو.

**کلاوە:**❻ ناو قەر شتێ قووچ لە سەرەوە د کلاهک.

**کلاوە:**❼ ناو سەلکی گیا د پیازه.

**کلاوە:**❽ ناو دەنکی درشتی بەفر د دانه درشت برف.

**کلاوە:**❾ ناو پۆپیتەی کەڵەباب د تاج خروس.

**کندر:** chanvre ڕووەک ناو (فەرانسەیی). گیای کانابای یان حەشیشە کە هێسنێکی هۆشبەرە، بەڵام flax لە ئینگلیزییەکە گیاکندرە، کەتانە کە هەودایەکی زۆر پتەوەی هەیە بۆ چنینی تەناف و گونییە، ڕەنگی کندری ڕەنکێکی کرێمی نۆکی، سپی مەیلەوە قاوەییەکی زۆر کاڵە. ع قنب N lin د کنف E flax.

**کنر:** ناو دەرزووی بادراوی زۆر باریکی دروومان.







**کنگر:** ڕووەک ناو کەنگر، قنگر، گیایەکی دڕکاوییە لاسکەکەی ئەخورێ، زیاتر بە هێلکەوە سوور ئەکرێتەوە، وەکوو کووکووی کنگر، کەنگر کەباب.

**ئارتیشۆک:** Artichoke ڕووەک ناو کنگر فەرەنگی، گیایەکی دڕکاوییە وەکوو کنگر. **شقاق:** jerusalem artichoke ڕووەک ناو سێفەبنعەرزیلە، ئارتیشۆکی جرووزالم. ع بطاتس قصبیه، القدس الخرشوف N jerusalem artisjokk د سیب زمینی ترشی.








**کنەکردن:** Search ناوی لێکدراو بەدواداگەڕان، کڕکاش، پەیدۆزی، تۆژانەوە، لێکۆڵینەوە، دانەیەی، شارۆکردن، هەکۆڵین، گردیسەر، لێگەڕان، مڵومۆ، نانەشوێن د جستجو N Søk ع بحث.

**کنێسە:** Synagogue پەرستگە ناو کەنشت یان بێت کەنیسە، پەرستگە یان دەیری جولەکانە و کڵێسا هی فەلەیە، ئاتەشگە هی زەردەشتی و مزگەوت هی موسڵمانە.





**کنێسێت:** Knesset ڕامیاری دامودەزگا ناو ناوی پەرلەمان یان ناوەندی ڕێسادانانی ئیسرائیلە، ١٢٠ کورسی هەیە، سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران دیاری ئەکات، پەسەندکردنی کابینەی بەدەستە و، چاودێری کاروباری دەستەی

وەزیران ئەکات. جگە لەمانە چاودێری دارایش کنێسێت هەڵی ئەبژێرێ.





**کنیزیۆلۆجی:** kinesiology زیندەوەرزانی ناو زانستی جووڵە، زانستی مێکانیزمی جووڵەی لەش. ع علم الحرکة N kinesiologi د حرکت شناسی.




**کنین:** quinine دەرمان ناو جەوتێکی کریستاڵییە لە پێستی درەختی سینچۆنا cinchona ئەگیرێ، دژی یاو و بەرهەنگە. ع کینین N kinin د گەنەگەنە.




**کنیواڵ:** ڕووەک ناو کوراڕە، گیایەکی خۆڕسکی چیا و دەشتە لە تیرەی Liliaceae لە چەشنی پیچک و کەوەر، تامی وەک پیازە، بە کاڵی وکوڵاوی

ئەخورێ، ئەکرێ بە کەلانە، دەرمانی زۆر دەردانە بە تایبەتی دژی کرمی گەدە و ڕیخۆڵەیە د ترە کوهی.



**کۆ:** Pleiades گەردووناسی ناوی تایبەت یان پێروو، هێشوویەک ئەستێرەیە لە کەلووی گا بە حەوخوشکانیش ناسراوە، چونکە بە چاوی ئاسایی ئەبینرێ و بەرامبەر بە حەوتەوانە ئەوەستێ. کۆی حەوت خوشکان لە میسۆلۆژی یۆنانیدا کچانی ئەتلەسی خاوەنشکۆن کە ئۆریۆن لە شێوازی کەلووی ڕاوچی بە دوایانەوە بوو و ئەوانیش بۆ ڕزگاری خۆیان بوون بە حەوت کۆتر و لە شەقەی باڵیان دا. ⇦ **ئەستێرەی کۆ و تەرازوو:** لە کۆندا، ئەگەر ئە ئەستێرەیە لە ئەوەڵین شەوی زستان و ئاخری پاییز ئاوا دەبوو، نێری و بەرانە کێوی سوار مێوەکانیان دەبوون، بەڵام تا دەگەیشتە ئەو کاتە، ئەوەندە دەچوونە سەر بەردی بڵیند و چاویان لە ئاسمان دەکرد کە زۆربەیان هەڵدەداشتران.

بەو (حەوتەوانە)ی روو لە (کۆ) ئەکا
دڵەکەم کەڵکەڵەی باڵای تۆ ئەکا








**کۆبۆرگ:** Coburg لەیستۆک ناو یان ورچی کۆبۆرگ، ورچێکی لەیستۆکی زۆر گرانبایە، ساڵی ١٩١٣ لە لایەن ئارسر و ئادێلە و مەکس کۆبۆرگی ئاڵمانییەوە دروستکرا و لە ساڵی ١٩٢٠ پاش جەنگی جیهانی یەکەم، کارگەکەیان فراوان کرد و بەرهەمەکەیان بە هەموو جیهاندا بڵاو کردەوە.



**کۆبەرهەمی مەسعوود محەمەد:** پەرتووک کۆبەرهەم بەپێی ڕاگەیاندنی تۆفیق کەریم، لە لایەن **ڕێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیریی**، کۆی نووسینە کوردییەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

◁ **بەرگی یەکەم:** حاجی قادری کۆیی

بەشی یەکەم / بەشی دووەم / بەشی سێیەم

◁ **بەرگی دووەم:** مرۆڤ و دەوروبەر ◁

بەشی یەکەم / بەشی دووەم / بەشی سێیەم

◁ **بەرگی سێیەم:** چەپکێک لە گوڵزاری نالی

ـ دەستەودامانی نالی

◁ **بەرگی چوارەم:** گەشتی ژیانم

◁ **بەرگی پێنجەم:** زاراوەسازیی پێوانە

ناوەرۆک: پێشەکی / بەشی یەکەم: وشەی داڕێژراو / بەشی دوەم: ناوی داڕێژراو / بەشی سێیەم: وشەی لێکدراو / وشەی لێکدراوی «کار و ناو» / وشەی لێکدراوی «ناو و ناو» / پاشکۆی ١: بایی پەیینکە لە باراشی زمانی کۆنینەمان / پاشکۆی ٢: لیستەی زاراوە زانستییەکان.

◁ **بەرگی شەشەم:** لە پەرۆشەکانی ژیان

- حەمە ئاغای گەورە
- بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەرکوێیەک بێت

◁ **بەرگی حەوتەم:** دەمودووی هزر

- حەجێکی تر بۆ بەردەرگای (خەتێ)ی زانا
- زمانی کورد
- کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆچی بە شێتخانە دەچێ
- هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا
- سەرنجێک لەسەر لێکدانەوەی مرۆیی مێژوو

◁ **بەرگی هەشتەم:** بۆ گۆرباتشۆفی مەزن

- پەرەسترۆکای گۆرباتشۆف
- نامەی مەسعوود محەمەد بۆ سەعدوون حەمادی

◁ **بەرگی نۆیەم:** شکۆی ئەدەب

پێڕست: کەیفی جوانرویی / «کۆڕی زانیاری کورد» چۆن ئەم ناوەی وەرگرت؟ / «پێشەکی» بۆ گوتاری «بەرکوڵێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا» / نامەیەک / شاکارێکی ئاگرین / تریفەییێکی نەورۆز / فۆلکلۆر ـ بەشی یەکەم / فۆلکلۆر ـ بەشی دووەم / ڕوونکردنەوەیەکی وردیلە / سلاوێک لە شیعری نوێبابەتی کوردی / پایەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردیی سەدەی نۆزدەمدا / دڵدار / دەساتیر / ڕاجی لە ژیانی دوای مەرگیدا / لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک / سەجادی لە سەرەتای نەمریدا / ڕەمزی نافیع قوربانییە زلەکەی هەولێر / میرزا حاجی کەریمی ئاسنگەر سەربازێکی بێناو / قەرزدانەوەیە؟ یان خۆهەڵدانەوەیە؟ / ڕۆشنبیری پێویستی بە کوردەغیرەتی نییە / کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ / زرەخەون لە تەمومژ بە دەوری «مەحوی»ی تۆقەڵەوە / تاوانی

دیاردە چاوغەڵەتێنەکان / مەرگی تاڵ و ژار ناوناوە شیرینیت / جارێکی تر گوندی نورەددین و گەردێک لە گەردەلوولی نورەددینی و میراودەلی / دەستبژارێک لە کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبان / بژار و گوڵبژێرێک لە هەندێ نووسراوی کوردی / لە پەرستگەی «ماموستای کورد»دا.

ـ گرۆگاڵی نیوەچڵ

◁ **بەرگی دەیەم:** شکۆی زمان:

پێڕست / گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی / فۆنەتیک چیمان بۆ بکا؟ / ڕێنووسی کۆڕ / بەسەرداچوونەوە / هەڵدانەوەی چەند رووپەرەیێکی زمانی کوردی / ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە / خۆدیتنەوە لە دوو ڕەخنەی دۆستانەدا / لەگەڵ دەنگسازیی کوردیدا / چەند ریشەیەک لە ریشاڵی زمانەکەمان / تیروپشکێ لە دەنگسازی / کورتەیەکی بیرورا لەسەر پێشگرەکان «پێ لێ و تێ» / «نە... نە...»ی کوردی و هێندی لە دەستوورەکانی.

ـ وردبوونەوە لە چەند باسێکی رێزمانی کوردی: پێشەکی / بەشی یەکەم: بەکارهێنانی «ی» لە زمانی کوردیدا / بەشی دووەم: سوورێکی خامە بە دەوری ڕاناودا.

ـ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی:

پێڕست / پێشەکی / بەشی ١: گیروگرفتی نووسینی دەنگەکان / بەشی ٢: گیروگرفتی وشەی سادە و دارێژراو / بەشی ٣: وشەی ناسادە / بەشی ٤: گیروگرفتی نووسینی کردار لەگەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوەنووسان و پێکەوە نەنووسانیانەوە / بەشی ٥: گیروگرفتی ئامرازە لێکدراوەکان (حروف العطف) / بەشی ٦: گیروگرفتی وشە لێکدراوەکان لە بارەی پێکەوەنووسان / بەشی ٧: گیروگرفتی دانانی نیشانەکان / کورتە پێشنیازەکان.

ـ چەند حەشارگەیێکی رێزمانی کورد

- بەرەو ڕاستەشەقامی ئاخاوتنی کوردی

◁ **بەرگی یازدەیەم:** {دیدارەکان} ژیان و جیهانبینی

- نووسەر / نووسین و ئازادی

- گفتوگۆکانی تر

◁ **بەرگی دوازدەیەم:** نامەکانی مەسعوود محەمەد.




**کۆپیدۆن:** Cupidon میسۆلۆجر یان ئێرۆس Eros لە میسۆلۆژی یۆنانیدا خوای ئەوین و سێکس و، باشترە بوترێ وازی جەستەیی و کێشەری فراوانە، هەندێ جار چەتوونی کردووە و بەبێ ئاگادارکردنەوە، کەسانی دەستنیشانکراوی خۆی هەڵبژاردووە و دڵیانی خستووەتە تریە و هەڵقولان. وەک هێسیۆد Hesiod ئاماژەی پێداوە: ئێرۆس لەش خاو ئەکاتەوە و ئاوەزیش کول ئەکات.







**کۆت:**❶ shackle ئامراز ناو سندەم، داری ئەستووری قاچی زیندانی کۆتکراو، جۆرە پێوەندێکە ئەکرێتە دەست و پێ. ع اصفاد N lenker د غل و زنجیر.




**کۆت:**❷ ئامراز ناو دوو تەختەی پانی پچکۆلانەیە دەدرێتە بەر کونی مەشکە و هیزە، لە دیوی دەر و ناوی و توند دەبەسترێ. ⇦ کوندە ئەگەر کون بێت، بە داوەبەنێک کوولەکەی وشککراوەی لێ دەدورن، ئەمە پێی دەڵێن (کۆت).

**کۆت:**❸ ناو پووش و کا ن: کا و کۆت.

**کۆت:**❹ ئامراز ناو داری ئەستوور بۆ ملی گاو کەڵی غلوور.

**کۆت:**❺ Pierre Auguste Cot کەسایەتی (١٨٣٧ـ١٨٨٣) پییەر ئاگۆست کۆت، شێوەکاری فەرانسەیی شێوازی هونەری ئاکادمیک Academic art و ئەندامی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی فەرەنسا ☜ هونەری ئاکادمیک.






**کۆتایی سەن پێترزبۆرگ:** The End of St. Petersburg فیلم فیلمی بێدەنگی سۆڤێتی ١٩٢٧ دەرهێنانی ڤێسڤۆلۆد پودۆڤکین Vsevolod Pudovkin.











**کۆت دازۆر:** Cote d'Azur جوگرافیا یان بە ئینگلیزی ریڤیەرای فەرەنسە French Riviera هێڵی کەناری گۆشەی باشووری رۆژهەڵاتی فەرەنسەیە.





**کۆترە:**[١] ناو ئەستوندەک، داری راگرتنی خێوەت، کاریتە.





**کۆترە:**٢ Cotterets جوگرافیا گەشت ناو ناوچەیەکە لە کوێستانی پیرنە لە فەڕانسە، گەرماوی ئاوی گەرمی هەیە.






**کۆترەنەخشینە :** koel باڵندە ناو مەلێکی بۆری خاڵخاڵی چاوسووری لە کۆتر بچووکتری ئاسیایی یان ئۆستڕالیاییە، نێرەکەی سەرتاپێ ڕەشە، ئاوازی کوکوو کوکووە و، بە شینەکۆتریش دانراوە. ع الوقواق N koel د فاختە.





**کۆتک:**١ ئامراز ناو تەشپی، دەفرێکە بە قەندشکێن قەندی لە سەر ئەشکێنن
ن: ئامراز کۆتک و قەندشکێن .






**کۆتک:**❷ bushel ئامراز ناو کیل، کیلە، کۆتک، ڕبە، ئایەرە، پەیمانە. ع مکیال N busk د پیمانە.




**کۆتەرە:**❶ ناو قەدی دار.

**کۆتەرە:**❷ ناو بارستی ئەستوورایی دەوری هەر شتێک.

**کۆتەرە:**❸ ناو بزووت .

**کۆتەرە:**❹ ناو باڵندەی باڵکراو.



**کۆتەرەی چەوێڵ:** driftwood ناوی لێکدراو چیلکە و چەوێڵ، داروۆردووی ئاوهێنراوی لاروڵەوێر و خواروخێچ. ع الاخشاب الطافیة N drivved د چوب اب اوردە.






**کۆتەڵ**: داب‌ونەریت ناو ئەسپێکی تایبەتی ڕازێنراوە لە شینگێڕی و کۆتەڵگێڕیدا ئەیگێڕن. تێبینی: وشەی «کۆتەڵ» وەک لە هۆنراوەی مەولەویدا هاتووە ڕێک بە واتای یادگار relic هاتووە. ☜ یادگار

پەنهانەن سیمای سیمین وارەکەت
شـێوەی کۆتەڵـەن، یادگارەکـەت
ئیمشەو مەینەتان نە دەروون جەمەن
خێڵ خانەی کەیفم پڕ جە ماتەمەن
مەولەوی تاوەگۆزی



**کۆتەڵخوێن:** موزیک ناوی فەرمان کۆتەڵبێژ، ئەو کەسەیە لە ئاهەنگی کۆتەڵگێڕان سەردۆلکە و شینگێڕی ئەخوێنێتەوە. ⇐ کۆتەڵ: ئەو ئەسپەیە لە کۆتەڵگێڕیدا ئەیگێڕن. ⇐ کۆتەڵگێڕان: ئاهەنگی شینگێڕی کە دەستە ئەکەوێتە ڕێگە و بە خوێندنی سەردۆلکە سۆزی خۆیان بۆ کۆچکردوو پیشان ئەدەن. ⇐ **سەردۆلکە:** داب‌ونەریت ئاوەڵناو بەندی بە مردوو هەڵگوتن و پەسنی مردووە بە دەنگی گۆرانی.

**کۆتەڵگێڕان:** ناوی لێکدراو داب‌ونەریت ئاهەنگی شینگێڕی کە دەستە ئەکەوێتە ڕێگە و بە خوێندنی سەردۆلکە سۆزی خۆیان بۆ کۆچکردوو پیشان ئەدەن. ⇐ **کۆتەڵ:** ناو ئەو ئەسپەیە لە کۆتەڵگێڕیدا ئەیگێڕن.




**کۆتەنتن:** Cotentin جوگرافیا گەشت نیمچەدورگەیەکی گەشتیارییە لە باکووری فەڕانسە.




**کۆچێ:** centralized ئاوەڵناو چەقبوستوو، چڕبوو، هاوچەق ع متمرکز N sentralisert د متمرکز.

**کۆچبەران:** The Overlanders فیلم فیلمی سینەمایی بەریتانیایی ١٩٤٦، دەرهێنانی هەری وات.



**کۆچەر بیرکار:** Caucher Birkar بیرکار پڕۆفیسۆر کۆچەر بیرکار {FRS هاوپۆلی کۆمەڵگەی شاهانە}، لەدایکبووی ١٩٧٨ لە گوندی نێی مەریوان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بیرکارێکی هاوچەرخی کوردە، ساڵی ٢٠٠٤دا لە زانکۆی ناتینگهام پلەی پی ئێچ دی بە دەست هێناوە و، ئێستاکە لە زانکۆی کەمبریج پرۆفیسۆری بیرکارییە. ساڵی ٢٠١٨دا توانی گەورەترین خەڵاتی بیرکاری جیهانی فیلّدز کە بە نۆبێلی بیرکاری ناسراوە دەستەبەر بکات. کۆچەر بیرکار وتوویەتی: «هیوادارم ئەم خەڵاتە بزە بخاتە سەر لێوی چل ملیۆن کورد». کۆچەر بیرکار چوار خەڵاتی گرنگی لە بواری بیرکاریدا بەدەست هێناوە: خەڵاتی بنکەی بیرکاریی پاریس، خەڵاتی لێڤێرهوڵم، خەڵاتی مۆر بۆ وتاری لێکۆڵینەوەیی، خەڵاتی فیلّدز لە ساڵی ٢٠١٨دا. ع کوجر بیرکار N Caucher Birkar د کوچر بیرکار.



**کۆچەری:** nomad ناو ئەندامی گەل و هۆزێک شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی نییە، و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئەڕۆن بۆ دۆزینەوەی لەوەڕگەی تازە بۆ ئاژەڵەکانیان. ع بدوي N nomad د عشایِر هێمایر
**nomad:** سەرگەردان، بێ ئامانج و ڕێ ونکردوو.








**کۆچەک:**[١] ناو پلەیەک لەپیاوی ئایینی ئێزەدی.
**کۆچەک:**[٢] ناو شەکەرۆکە، مناڵە سەماکەری قاوەخانان.
**کۆچەک:**[٣] ناو ئالاش، هەلاش، قنگەلاشک.
**کۆچەک:**[٤] ناو بەچکەی وشتر ن: کۆچەکەوشتر
⇦ **پەڵخ:** بەچکەی گامێش ن: پەڵخە گامێش.




**کۆدان:** to complete چاوگی تێنەپەڕ بەسەرەنجامگەیاندن، پێگەیاندن. ع تکمیل، مکمل N å fullføre د تکمیل، مکمل.
**کۆدبێک:** Caudebec جوگرافیا ناو شارێکە لە نزیکی ڕووەن لە باکووری فەڕانسە.

**کۆد و جفرە:** code and cipher کریپتۆلۆجی کۆد سیستەمێکی سێمانتیک و واتایی Semantic ئەگەیەنێ و جفرە، هێما و ڕستەکار یان (سینتاکس) یک لە خشتەی کۆددا پیشان ئەدا. کۆدێک لە خشتەی نامیلکەی کۆددا دائەنرێت، لە کاتێکدا کە جفرە هێما تاکەکان لە ئالگۆریتمدا ئەگۆڕێ.








**کۆبەرهەم:** collection وێژە ناوی لێکدراو کۆمەڵەی بەرهەمەکانی وێژەوان یان ڕامیارێک ع مجموعە آثار N samling د مجموعە آثار.

**بەرهەم:** production بەرهەمهێنان ناو ڕەوتی دروستکردن یان بەرهەمهێنان لە هێسن و کەرەستەی خاو، یان پرۆسەی بەدیهێنان و ئافراندن لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، وەک بەرهەمی کشتوکاڵی، بەرهەمی وێژەیی، وەک کۆبەرهەمی مەسعوود محەمەد، شێکۆبێکەس، ئەحمەد موختار، بەختیار عەلی و شێرزاد حەوەن و زۆرتر. ع إنتاج N produksjon د تولید.







**کۆدورگە:** archipelago جوگرافیا ناوی لێکدراو کۆمەڵە دورگە، کۆمەڵە گرئاڤ. ع

مجموعة جزر N skjærgård د مجمع الجزایر.




**کۆدەنگی:** consensus کۆمەڵایەتی ناوی لێکدراو ڕێککەوتنێکی گشتییە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پاش هاودەنگکردنی لایەنەکان. ع إجماع N konsensus د اجماع، وفاق.

**کۆدەنگیساز:** consensus_builder کۆمەڵایەتی دامودەزگا ناوی کارا بەرپرسی پرۆژەی بنیاتنانی کۆدەنگی. ع منشئ الإجماع N konsensusbygger د اجماع ساز.

ن: زانای ڕامیاری لویی ئۆستین Lewis Austin دەڵێت: «دەبێت بە شێوەیەکی نافەرمی ڕاوێژ بە هەموو کەسێک بکرێت، دەبێت هەموو کەسێک ببیسترێت، بەڵام بە شێوەیەک نییە کە بیستنی بۆچوونی جیاواز گەشە بکات و ببێتە دژایەتی. کۆدەنگیساز و یاریدەدەرەکانی «بۆچوون هاوئاهەنگ دەکەن...» پێشوەختە، بەکارهێنانی پەیوەندییەکان بۆ ڕێگریکردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە دژبەرەکان».

**کۆدەنگیسازی:** consensus_building کۆمەڵایەتی پرۆژە دەستەواژە بنیاتنانی کۆدەنگی بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو ئەوانەی بەشدارن لە پرۆژەیەکدا هاوڕا و هاودەنگن. کۆدەنگیسازی یان دروستکردنی کۆدەنگی و گەیشتن بە ڕێککەوتن پێش دەستپێکردنی پرۆژەیەک هەنگاوێکی گرنگە لە **پرۆسەی بڕیاردان**دا. ع بناء المشورة N Konsensusbygging د ایجاد اجماع.




**بەشکۆی کۆدەنگیسازی:** consensus_builder firm داموده‌زگا بەشکۆ یان دامەزراو یان کۆمپانیا یان ڕێکخراوی کۆدەنگسازی.

**کۆدی ناپۆلیۆنی:** Code Napoleon سیستەم کارگێڕی کۆمەڵەی ڕێساکانی ناپۆلیۆن لە ساڵی ١٨٠٤ەوە.




**کۆراو:** ناو جیۆلۆجی بەهارەکانی، کوێرەکانی، کانیاو یان سەرچاوەیەک کە تەنها بەهاران ئاوی هەیە.

**کۆرای:** Korai ژیار پەیکەری کۆنی ژنی یۆنانی بە کراسی دەڵێی درێژەوە.



**کۆرباچیۆ:** Corbaccio ڕۆمان (١٣٥٥) ڕۆمانێک لە نووسینی جیۆڤانی بۆکاچیۆ،

وشەی کۆرباچیۆ لە زمانی ئیتالیایی بە واتای قەلی بەدفەڕە و لێرەدا مەبەست ژنی ناجسنە.









**کۆربەلا:** بالندە ناو قالاوی دارماڵ ڕەش و بێ خاڵ.

**کۆربی:** Corbeil جوگرافیا شارێکی بچووکە لە کەناری چەمی سێن، کە گەورەترین کارگەی ئاردی فەڕانسەی لێیە.

**کۆرپە:** baby ناو ساوای تازە لەدایکبوو. کۆرپە تا تەمەنی یەک ساڵی و، یەک تا سێ ساڵش پێی ئەوترێ منداڵی. **ساوا**. ع طفل N baby د نوزاد.





**کۆرپەلە:** fetus ناو نەوەی مرۆڤ یان شیردەری تر لە قۆناغەکانی گەشەکردنی پێش لەدایکبوون کە دوای قۆناغی ئاولەمە دێت و بۆ مرۆڤ بریتییە لە سەرەتای هەشت هەفتە دوای دووگیانی. ع الجنین N foster د جنین.

← **ئاولەمە:** embryo ناو دارەتی کۆرپەی ئافرەتی دووگیان بەر لە هەشت

هەفتەیی. [ع] جرثومة [N] embryo [د] مرحله بدوی جنین.




**کورتکراوەکان:** Abbreviation **ئاو**. [ع] المختصرات [N] Forkortelse [د] اختصارات.

نیشانەکانی ڕێزمانی لە فەرهەنگدا: بە گوێرگەی ئەوەی خۆشبەختانە ژمارەیەکی یەکجار زۆری فەرهەنگی کوردیمان هەیە و ئەگەر فەرهەنگە بێانییەکانیش بەکار بهێنین ئەوە زۆر زیاتر، ناسینەوەی کورتکراوەکانی فەرهەنگەکان کە هەر کامە و بە شێوەیەک دایان ناوە، ئاریشە و سەرەئێشەیەکی گەورەیە. بۆیە لە فەرهەنگی شاسوار جگە لە کورتکراوەکان ئەمارە بە پێژە و دارەتی ڕێزمانی وشەکانیش دراوە، ئەوە کارەکە زۆر دژوارتریش ئەکات. من تێکۆشاوم نیشانەی کورتکراوەکان ڕوون بن یان بە ڕەنگ و نووسراوی تایبەت و دیار بن:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ☞ | بڕوانە | پ.ز | پێش زایین |
| فەرهەنگۆک | بڕوانە فەرهەنگۆک | ن: | نموونە |
| ویکیپیدیا | بڕوانە ویکیپیدیا | | لە شوێنی تر ڕاڤە کراوە |
| [E] | ئینگلیزی | [N] | نەرویجی |
| [ع] | عەرەبی | [د] | دەری ـ فارسی |
| [F] | فەرانسە | [GR] | گریگ، یۆنانی |
| [L] | لاتین | [RU] | ڕووسی |
| | ڕووسی | | وشەی هاوچەشن |
| G خاڵ | فەرهەنگی خاڵ | G هەمبانە بۆرینە | هەمبانە بۆرینە |

نموونەی هەندێ پێڕە و دارەتی ڕێزمانی وشەکان:

ناو | ئاوەڵناو | چاوگی تێنەپەڕ | مێژوونووس | پزیشک | ڕۆماننووس | ١٨ی برۆمێر | ئاسایتر

تاقیگە | تێکنیک | فیلمساز | تویکاری | جێژەمەنی | بیریار | کۆمەڵناسی | ئەندازە | داد | ئایین‌وئەفسانە




**کۆرتەبنە:** midget ناو بستەباڵا، پیرەپنک، مرۆڤی زۆر کورتەباڵا. ع قزم N dverg د کوتولە.

**کۆردۆبا:** Córdoba جوگرافیا شارێکە لە ئیسپانیا، چەرمی کۆردۆبا بەناوبانگە.





**کۆرسیکا:** Corsica جوگرافیا چوارەمین دورگەی گەورەی زەریای سپییە، یەکێکە لە ١٨ مەڵبەندی فەرەنسە.





**کۆرسیکایی:** ناونیتکە ئەوروپیلار ١٨ی برۆمێر مەبەست ناپۆلیۆنە. چەند دێڕ لە چامەیەکی هۆنەری فەرەنسەیی ئۆگۆست باربیە Auguste Barbier (١٨٠٥ـ ١٨٨٢)، بە ناوی «یەیکەرە برۆنزەکەی ناپۆلیۆن»، کەترە (هەجو) ی ناپۆلیۆن بۆناپارتی کردووە (کە خەڵکی دورگەی کۆرسیکا بوو و هەر بەم هۆیەشەوە پێی ئەڵێ «کۆرسیکایی»)، ئەگەر هۆنراوەکە بە دروستی بخوێنرێتەوە، واتاکەی ئەکاتە:

«ئەی کۆرسیکایی،

ئەی قژ خاو؛

فەرەنسە چەندە جوان بوو،

لە ژێر هەتاوی مێسیدۆردا!»

(«مێسیدۆر» ناوی مانگی دەی ڕۆژژمێری شۆڕشی مەزنی فەرەنسە بوو (☜ برۆمێر)). ئینجا بیسەران لەو ڕووەوە پێئەکەنن کە باتنکۆر لە دەقی فەرەنسییەکەی لە بری پیتی زێدەی «a»پیتی «ô»ی گازکردن بەکار ئەهێنێ و بەم شێوەیە واتاکەی ئەبێ بە: «ئەی کۆرسیکایی، ئەی قڕی خاو...). وەک بڵێی هۆنەر لەگەڵ قڕی ناپۆلیۆن ئەدوێ! ☜ کەترە.

**کۆرلارەین:** Cours-la-Reine ناوی جێگا شەقامێکە لە پاریس، هاوتەریبی

چەمی سێن.



**کۆرن:** basin ناو تەغارێکە لە گەرماوی گشتی هەرکەسە و لە ئاستی خۆیەوە ئاوی لێ هەڵ ئەگۆزێ. ع حوض الحمام N basseng د حوضچە.



**کۆرنتی:** Corinthian ژیار پەیوەندیدار بە ژیاری شاری کۆرنتی یۆنانی و هاووڵاتی و کولتوورەکەی.





**کۆرنەی:** pierre corneille نووسەر شانۆنووس {١٦٠٦ـ١٦٨٤} شانۆنووسی داستانبێژ و کۆمیدی فەڕانسەیی. لەگەڵ ڕاسین و مۆلیێر بە سێچوکڵەی درامانووسانی سەدەی حەڤدەی فەڕانسە دائەنرێن.











**کۆرنێلیۆس ڤەندێربێلت:** Cornelius Vanderbilt بازرگان بازرگانی دارای ئەمریکایی ڕێگەی ئاسن، زانکۆی ڤەندێربیلتی لە نەشڤیلی تێنێسی دروست کرد. ⇦ **کێلی ڤەندێربێلت:** سەبارەت بە ڤەندێربێلت وتراوە، لە سەر کێلی کەس نانووسن چەندە سەخت کاری ئەکرد، بەڵکوو ئەنووسن چی لە بەجێ ماوە.






**کۆرنیئاسا:** Corneillian چواندن وەکوو کۆرنی، مەبەست کۆرنی داستانبێژی فەڕانسەیی.

**کۆرۆ:❶** نەخۆشی نەخۆشییەکی گەنمە ئەودا لە دەنکەکەی و ڕەشی هەڵئەگەڕێنێ.

**کۆرۆ:❷** Jean_Baptiste_Camille Corot پێوەکار {١٧٩٦ـ١٨٧٥} وێنەگەری فەڕانسەیی، تابلۆکانی تاودانەوەی سروشت بوو و زیاتر ڕەنگی سەوز و

خۆڵەمێشی بەکار ئەهێنا.

   

**کۆرەدار :** storeroom ناو تێڵەکەپووشکە، لێژنەی ئێزنگ، خەرمانی دار و چیلکە.

**کۆرۆساوا :** Akira Kurosawa فیلمساز (١٩١٠ـ١٩٩٨) شێوەکار و فیلمسازی خاوەن باندۆری ژاپۆنی، لە ماوەی ژیانیدا ٣٠ فیلمی دەرهێنا.








**کۆریزاند :** Diane d'Andoins ناوی تایبەت دایان داندوان ناسراو بە کۆریزاندی شەنگ *la belle Corisande*، گراویی هانری چوارەمی شای فەرەنسە بوو.

 

**کۆڕ:** quorum کارگێڕی لیژنە، دەستەی هەڵبژاردە، لانیکەمی دەستەی هەڵبژاردەی کۆڕی ڕاوێژکاری کە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری بازرگانی کۆمپانیایەک پێویستە، دامەزراوێک کە شێوازی پەرلەمانی وەکوو ڕێسادانەر بەکار ئەهێنێ ☜ ژێرلێ مەرێ.

**کۆڕبەندی:** forum ناو شوێن یان کۆڕ یان میدیایەک کە بیر و بۆچوون سەبارەت بە بابەتێکی تایبەت lewv بخرێتە بەر مشتومڕ و لێکۆڵینەوە. ع منتدی N forum د دیوانخانە.




**کۆڕژن:** ناوی چاوگ [کۆڕ+ ژن دەنگەوشە = دەنگی حیلە] دەنگی حیلەی ئەسپ.

**کۆڕگێڕ:** moderator ناوی بکەر بەڕێوەبەر، نێوبژیوان، نێوەندگیر، ڕێکخەر یان داوەر. ع رئیس جلسة، وسیط N moderator د ناظم، میانجی.

**کۆڕ ـ میوانی:** le banquet ناوی لێکدراو جەژنی دوان، لە کۆڕەکانی پلاتۆن کە مشتومڕ لەسەر ئەوینی ئافرەت بۆ پیاو ئەکرا. ع ولیمة N bankett د جشن جدل E banquet.



**کۆڕە:** دەنگەوشە ناو دەنگی خوڕینی ئەسپ.

**کۆڕەدار:** ناو جەنگەڵی چڕ و چوغر.

**کۆڕی زانیاریی فەڕانسە:** L'Académie française پەیوەرد ویژە دزز ساڵی ١٦٣٥ لە سەردەمی لویی سیانزە دامەزرا. پاش شۆڕشی فەڕانسە لە ساڵی ١٧٩٣ داخرا و ساڵی ١٨٠٣ لە سەردەمی ناپۆلیۆن بۆناپارت دیسان کرایەوە. چل ئەندامی هەڵبژێردراوی هەیە و کاری پارێزگاری و پەرەپێدانی زمان و وێژەی فەڕانسەیە لە سەرانسەری جیهاندا.










**کۆڕی سەما:** bal_musette

**کۆز:** ناوی جێگا پەچەی مەڕ، خەلان، خەڵ، سەرگێڕ، شوێنی کار و بەرخ، هەوێز، هەوێس.



**کۆزەرە:** کشتوکاڵ ناو چەتی خەرمان، درشتەی لە گێرەدا نەهاڕدراو، گوڵەجۆ.



**کۆژن:** Victor Cousin (١٧٩٢ـ١٨٦٧) فەیلەسووف فەیلەسووف و ڕامیاری ئایدیالیستی فەڕانسەیی. دامەزرێنەری فێرگەی گوڵبژێری eclecticism. وەک بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە بۆ ماوەی دە ساڵ کاریگەری گرنگ لەسەر شێوازی پەروەردەی فەڕانسە هەبوو.










**کۆسپ:** shackle ئامراز هێمایر ناو دەستبەند، پابەند، کەلەپچە، ڕێگر و لەمپەری کۆمەڵایەتی N sjakkel ع قید د قید و بند E hurdle.











**کۆست :** tribulation ناو تەنگانە، ناراو، ژاراو، هۆکاری پەژارە یان ئازاری گەورە ع محنة N trengsel د مصیبت.

**کۆستی سەرشەقام :** speed bump بەرزەنگ کارگێری هاتوچۆ ناوی لێکدراو قۆقزێکی نزم لە سەر ڕێگە و شەقامەکان، لە ماوەی دیاریکراودا دائەنرێ بۆ باشارکردنی خێرایی کەرەستەی هاتووچۆ بۆ ڕێگەگرتن لە تونڕۆیشتنی لێخوڕی گوێنەدەر و هەروەها بەرگری لە کاری توندوتیژانەی تڕۆریستی. ع تفریغ السرعة N fartsdump د سرعت گیر.




**کۆسە :** ❶ shark ناو نقە، خۆتەی گەورە، جۆرە ماسییەکی جەستە درێژی زەریایی دووتاڵ سمێڵی ڕاوچییە. ع سنوط N hai د کوسە.

**کۆسە :** ❷ thin_bearded هێمایەر ناو پیاوی موو لێ نەهاتگ، نێرەمووک. ع ذو لحیة رقیقة N tynnskjegget د بی ریش.




**کۆسیدیەر :** Marc Caussidière ڕامیار خەباتگێر (١٨٠٤_١٨٦٧) دێموکراتی وردەبورژوا، لە ڕاپەڕینی لیۆن لە ساڵی ١٨٣٤ بەشدار بوو، لە ڕێکخەرانی

کۆمەڵە نهێنییە شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی پاشایەتی جولای، پاش شۆڕشی فێبریوەری ١٨٤٨ بوو بە سەرۆکی پۆلیس و نوێنەری ئەنجومەنی دەستوور.



**کۆش :** lap ناو باوەش، سەر ڕان، داوێن، دامێن؛ ماوەی بەر ورگ و ڕانی مەردووم لە کاتی دانیشتندا؛ ئاتەگ، ئاتەک، کۆشوانە، کۆشپۆش. ع حضن N runde د داماں.



**کۆشش:❶** diligence ناوی‌چاوگ هەوڵدان و تێکۆشان یان کاری بێوچان و، لە زانستی کۆمەڵناسیدا ئەمە نیشانەی ڕەوشتی کارکردنە، بەو بڕوایەوە کە «کار» خۆبەخۆ و لە ناوەرۆکی خۆیدا باشە؛ لای ئایینەکانیش هەروەها پەسەندە و بە یەکێک لە حەوت کەباری مرۆیی دائەنێن. ع اجتهاد N aktsomhet د سخت کوشی E strive.

**کۆشش:❷** Conatus [فەلسەفە] ناوی‌چاوگ کۆناتۆس، هەڵگ و تێکۆشانی بێپسانەوە و دوابەداوی بوونەوەرە بۆ مانەوە و درێژەدان بە ژیان و زیندووبوون، کە نەک تەنها مرۆڤ، بەڵکوو هەموو بوونەوەران ئەگرێتەوە،

واتە کۆشش یان کۆناتۆس هەوڵی مانەوە، زیندووبوون، ژیانکردن و پارێزگاری لەخۆ کردنە، هێزی سروشتی پاڵنەری گیاندارە بۆ ویستن و هەوڵدانی پێکەوەبەستن (زنجیر).










**کۆشکەڵان:** ناوی لێکدراو ئاوەڵناوی لێکدراو دەوە، قەڵاغ، تەپاڵەچن، تەپاڵەی پێژراوی لەسەر یەک کەڵەکە کراو کە بە شیاکە و تەپاڵەی تر سواخ درابێ و، لە کونێکی وەکوو گوڵبێنەوە تەپاڵەی لێ دەرئەهێنن، کە وشکە و خۆشسووتە و، تەڕوتووشی کاری لێنەکردووە.

بۆچوونێک ئەڵێ: [کۆشک+تەپاڵە+کۆڵان]ـە بە واتای کۆشکێک بە تەپاڵە لە کۆڵان دروست بووبێ.



**کۆشکی ئیلیزە:** Elysee palace کۆشک ناوی جێگا کۆشکی سەرۆککۆماری فەڕانسە، لە پاریس.



**کۆشکی باربرین:** Palazzo Barberini کۆشک ناوی جێگا کۆشکێکی سەدەی حەڤدەیە لە ڕۆما، کراوە بە گالێری نیشتمانی هونەری کەونارا.





**کۆشکی بلوا :** Château de Blois کۆشک ناوی جێگا کۆشکێکە لە شاری بلوا لە باشووری پاریس، سەدەی سیانزە تا حەڤدە دروستکراوە، ژینگەی چەند پادشای فەڕانسە بووە. هەروەها ئەو شوێنەیە کە ژاندارک لە ١٤٢٩ چوو بۆ ئەوێ تا لە لایەن مەترانی ڕێمسەوە پیرۆز بکرێ و بچێ بۆ جەنگی ڕزگاریی فەڕانسە لە دژی ئینگلیز.




**کۆشکی بۆربۆن:** Palais Bourbon کۆشک ناوی جێگا تەلارێکی سەدە هەژدەی میری فەڕانسەیە لە گەڕەکی حەوتی پاریس، لە تەنیشت گۆڕەپانی کۆنکۆرد، شوێنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نەتەوەیی فەڕانسەیە.




**کۆشکی پیشەسازی:** Palais de l'Industrie لەبەری چەپی شەقامی شانزەلیزە بوو.




**کۆشکی ترۆکادرۆ:** Troca_déro کۆشک ناوی جێگا کۆشکێکە لە پاریس ساڵی

١٨٧٨، داڤیۆ Gabriel Davioud بۆ پێشانگەی جیهانی پاریس دروستی کرد، کە هۆڵی جەژن و مۆزەخانەی پەیکەری تێدا بوو.



**کۆشکی تویلری:** Tuileries Palace کۆشک ناوی جێگا لە کۆشکە پادشایەکانی فەڕانسەیە لە شاری پاریس، ساڵی ١٥٦٤ لە کەناری ڕاستی چەمی سێن دروست کرا. ساڵی ١٨٧١ لە سەردەمی کۆمۆنی پاریس، جەماوەر پەلاماریان دا و ئاگریان تێبەرا. تویلری بە واتای کوورەی ئاجوور و، شوێنەکە کوورەی ئاجووری لێبوو.



**کۆشکی دۆجەکان:** Palace of the Doges کۆشک پارەگا ناوی جێگا کۆشکی شێواز گۆتیکی دادوەری باڵا لە ڤێنیزیای ئیتالیا.



**کۆشکی سەنت جەیمز:** St James's Palace کۆشک پارەگا ناوی جێگا فەرمانگەی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز، لە شەقامی پاڵ ماڵ شاری لەندەن لە ١٦٩٧ تا ١٨٣٧ نشینگەی پادشاکانی بەریتانیا بوو.




**کۆشکی شۆمۆن:** Chaumont کۆشک ناوی جێگا کۆشکێکە لە شۆمۆن سورلوار Chaumont_sur_Loire لە ناوەڕاستی فەڕانسە، لە سەدەی دەیەمدا دروست کراوە ☜ شۆمۆن.



**کۆشکی فارنێزی:** Farnese Palace کۆشک ناوی جێگا یەکێکە لە جوانترین کۆشکەکانی سەدەی شانزەی ئیتالیایە لە شاری ڕۆما. بەرهەمی هونەری سانگالۆ، دالاپۆرتا و میکل ئانژە، باڵوێزخانەی فەڕانسە لە ڕۆما لەم کۆشکەدا نیشتەجێیە.




**کۆشکی ڤێرسای:** Château de Versailles کۆمەڵەکۆشکێکە لە شاری ڤێرسای لە نزیکی پاریس، وەکوو گەورەترین کۆشکی شاهانەی جیهان ئەناسرێ. پەیمانی ڤێرسای کە یەکێک لە گرنگرین پەیمانەکانی مێژووی جیهانە لەم کۆشکەدا بەستراوە.





**کۆشکی مۆنتەچیتۆریۆ:** Palazzo Montecitorio کۆشک ناوی جێگا تا ساڵی ١٨٧٠ فەرمانگەی وەزارەتی داد بوو و پاشان پەرلەمانی ئیتالیا گوێزرایەوە بۆ ئەوێ.




**کۆشکی هەتاو:** Sun palace Crete مێژوو کۆشک ناوی جێگا بە فەرمانی مینوس لە دوورگەی کرێتا ساز کرابوو.




**کۆشکی هێرۆد:** Herod's palace کۆشک بارەگا ناوی جێگا لە کۆتایی سەدەی یەکەمی پێش زایین لە ئۆرشەلیم بە فەرمانی هێرۆدی یەکەم دروست کراوە. گوایە لە سەدەی دوانزەدا دوو ستوون لە کۆشکی هێرۆدەوە هێنراون و لە پیاتزێتای بەر کۆشکی دۆجەکانی ڤێنیزیا دانراون و، ناویان لێنراوە ستوونی سەن مارکۆ و ستوونی سەن تیۆدۆر.







**کۆشکی یادگە:** memory palace دەروونناسی یادەوەری شوێنێکی خەیاڵییە لە

مێشکدا کە دەتوانرێ وێنەی یادەوەری تێدا هەڵبگرێت. باوترین جۆری کۆشکی یادگە بریتییە لە ئەنجامدانی گەشتێک بەناو شوێنێکدا کە باش دەیناسین، وەک تەلارێک یان شارۆچکەیەک. بەدرێژایی ئەو گەشتە شوێنی تایبەت هەیە کە هەمیشە بە هەمان ڕیزبەندی سەردانی دەکرێت. ئەو شوێنانە پێیان دەوترێت loci کە لاتینییە بۆ شوێن.

⇦ **کۆشکی یادگە :** Memory palace فیلم فیلمی سینەمایی ٢٠٢١، ٢٠١٣، ٢٠١٢، ٢٠٠٨، ١٩٨٣.




**کۆفک :** funnel کەرەستە ناو ماستەرگ، ڕەحەتی ع قمع N trakt د قیف. ع قمع.



**کۆکتەیل :** cocktail ڕێنگار ناو خواردنەوەی تێکەڵی ئەلکولدار.

⇦ **مۆکتەیل :** mocktail ڕێنگار ناو خواردنەوەی تێکەڵی بەبێ ئەلکول.

⇦ **مۆهیتۆ :** mojito ڕێنگار ناو خواردنەوەی تێکەڵی ئەلکولدار، پێکهاتوو لە ڕامی سپی، لیمۆ، شەکر، نەعنا و ئاوی گازدار.




**کۆکلن:** Coquelin Benoît_Constant هونەرپیشە {١٨٤١_١٩٠٩} ئەکتەری فەڕانسەیی، دەربارەی وتراوە: یەکێک لە مەزنترین پڕسوناژەکانی سەردەمی خۆی بوو.



**کۆکلاش:** ڕووەک ناو کۆکلاشک، گیایەکە لاسکەکەی جەویەکی چەسپداری لێئەگیرێ، وەکوو چەقە ئەیجاون.

**کۆکۆبۆلۆ:** cocobolo ڕووەک کەلوپەل ناو درەختێکی گرانبایی گەرمەسێریی ئەمریکای ناوەڕاستە، لە سەردەی دالبەرگیان Dalbergia، تەنها ناوەزێلەکەی کە پرتەقالی، یان سووری مەیلەو قاوەییە، بەکار ئەهێنرێ بۆ دروستکردنی مێز و موبل و شەترەنج و تاولە و تەنانەت قۆنداخی تفەنگ و دەسکی چەقۆ، چونکە پاش خۆشەبوون زۆر باش خۆی لە بەرامبەر تەڕوتووشیدا ڕائەگرێ ☜ **گەزلک**.



**کۆک و کوڕان:** Messrs. Thomas Cook and Son's دامەزراو گەشت دامەزراوێکی گەشتیاری بوو لە ئینگلس.




**کۆکراوە:** collection ناو کۆلکسیۆن، کەڵەکشن، کردار یان پڕۆسەی کۆکردنەوەی ئەو شمەکانەی ئەگەری بەرزبوونەوەی بەهایان هەیە. ع مجموعة N samling د کولکسیون.








**کۆکەرەوە:** collectionner کارا کەڵەکشنر، کەسێکە شمەک و کەرەستەی گرانبەها کۆ ئەکاتەوە. ع المجمع أداة لتجميع التيار N samler د کولکسیونر.





**کۆکەیژن:❶** caucasian شا ئەفسانە ناوی تایبەت بە واتای سپی پێستە، لە وشەی کەی کاڤووس [Kay Kāvus] ـەوە هاتووە، کە لە مەزنترین پادشایانی کیانی و کوڕی کەیقوباد و باوکی کەیخوسرەوە و باپیرەی کوردان و لە یەکەم ئاریاییە سپی پێستەکان بووە. لە ئەفسانەدا هاتووە هێمای دەسەڵات و هێز و شکۆمەندییە، ١٦٠ساڵ پادشایی کرد و فەرمانڕەوای حەوت کەوشەن بوو. لەسەر کێوی ئەلبۆرز حەوت کۆشکی دروست کرد، یەک لە زێڕ و یەک لە زیو و دوان لە پۆڵا و دوانیش لە شووشە. کاتێک بە هۆی پیریەوە وزەی دابەزیایەت، ئەچوو بۆ ئەو کۆشکانە و گەنج و بەوەج ئەهاتە دەرەوە .

**کۆکەیژن:❷** Caucasian ڕەچەڵەک ئاوەڵناو بە واتای خەڵکی {کەوکازیا Caucasus} کە ناوچەیەکە لە باشووری ڕووسیە، ئەم مەڵبەندە وڵاتانی سەربەخۆی ئەرمەنستان و گورجستان و ئادەربایجان و بەشێ لە ڕووسیا ئەگرێتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک هەرێمی نیمچە سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم.









**کۆگای گوێز :** Walnut warehouse ناو خەرمانە گوێز، تەپەگوێزی هەڵڕژاوە سەر یەک. ع مستودع الجوز N Valnøttlager د خرمن گردو.





**کۆل:** gutter ناو داری هەڵکۆڵراو یان پلووسکی تەنەکە و گونجەی نیوبازنە بۆ گواستنەوەی ئاو؛ پلووسک. ع مزراب N takrenne د پل ناودانی.

☜ ئاوبارە







**کۆلاس:** bolt handle ناو فیشەککێشی تفەنگ. ع مقبض الترباس N bolthåndtak د گلنگدن.







**کۆلاقە:** ❶ ناو بێواز و بێتوان.

**کۆلاقە:** ❷ ناو کار لەدەست نەهاتوو.

**کۆلبێر:** Jean_Baptiste Colbert ڕامیار ڕووناکبیر (١٦١٩ـ١٦٨٣) ڕامیاری فەڕانسەیی، وەزیری دارایی لویی چواردە و دامەزرێنەری پەیمانگەی زانستی نوێی French Academy of Sciences.






**کۆلکە:❶** factor ناوی فەرمان هەلومەرج، هۆکار یان باندۆرێک کە ئەنجام یان بەرەنجامێکی لێ ئەکەوێتەوە. ع عامل. N faktor د عامل.

**کۆلکە:❷** ناو کۆلک، کۆتە داری ئەستوور.

**کۆلکەنامە:** pedigree, family tree مرۆڤناسی ناوی لێکدراو کۆلکە، بنج و ڕیشە، تۆماری ڕەچەڵەک، ڕەچەڵەکی تۆمارکراو. ع شجرة العائلة N familietre د شجره نامه.









**کۆلکەناسی:** ناو لە دەقی فەڕانسە نووسراوە: La chancellerie کە نووسینگەی کۆلکەناسی فەرمییە، لە ئینگلیزی نووسراوە: 'Heralds College کە ناوەندێکی فەرمی پاشایەتی ئینگلیزە و یەکێکە لە ناوەندەکانی کۆلکە و نیشانەناسی لە هەموو بەریتانیای مەزن ☜ نیشانەناسی.






**کۆلکە و تاپۆ:** Civil Registration Office کارگێڕی دامودەزگا کۆلکە و تاپۆ، سیستەمێکە لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ تۆمارکردنی ڕوداوە گرنگەکانی ژیانی هاوڵاتیان وەکوو «لەدایکبوون و هاوسەرگیری و مردن». کۆی ئەو تۆمار

و داتاباسە پێشانی ئەدا ئەگەر کەسێک بە چەند ناو لە وڵاتانی جیاواز هەبێ. مەبەستی سەرەکی ناسنامە و نشینگە دەرکردنی بەڵگەنامەی ڕێسایی بۆ هاوڵاتیانە کە مافیان ئەپارێزێ و پشتیوانیان لێئەکات؛ مەبەستی دووەم بەدیهێنانی سەرچاوەیەکی داتا بۆ کۆکردنەوەی هەژماری ژیانییە د ثبت اسناد و احوال د مکتب التسجيل المدني E Civil Registration Office.

**کۆلۆرادۆ:** Colorado Territory فیلم فیلمی وێستێرنی ١٩٤٩ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ڕاوول واڵش.









**کۆلۆز:** ناو کلێتە، سەرکڵاو، کڵاوی لە بەن چندراو.





**کۆلۆمبس:** Christopher Columbus (بە لاتینی: Christophorus Columbus؛ بە ئیتاڵی: Cristoforo Colombo؛ بە ئیسپانی: Cristóbal Colón؛ بە فەرەنسی: Christophe Colomb)؛ (١٤٥١ـ١٥٠٦). گەڕیدە گەڕیدە و دۆزەرەوە و داگیرکەری بەناوبانگی ئیتاڵیایی، کە دۆزینەوەی جیهانە نوێ

{ئەمریکا} دەدرێتە پاڵی. لە شاری جێنوای ئیتاڵیا لەدایکبووە و لە زانکۆی پاڤیا بیرکاری و زانستی سروشتی و گەردوونناسی خوێندووە. زەریای ئەتڵەسی بڕی و گەیشتە دوورگەکانی کاریبی، لە ١٤٩٢دا، بەڵام لە ساڵی ١٤٩٨ زایینی، واتە لە گەشتی دووەمیدا کیشوەری ئەمریکای باکووری دۆزییەوە.






**کۆلۆن:** Colonne جوگرافیا ناو کۆمۆنێکە لە پارێزگەی ژوورا، لە ڕۆژهەڵاتی فەڕانسە.





**کۆلۆنیالیزم:** colonialism ڕامیاری داگیرکاری ناو کۆلۆنیالیزم بە واتای داگیرکردن و دەستتێوەردانی ڕامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتێکە، لە لایەن وڵاتێکی خاوەن دەسەڵاتەوە بە بەهانەی ئاوەدانی، کە لە سەدەی شانزەوە تاوەکوو سەدەی بیست و سەرهەڵدانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نیشتمانییەکانی شەستەکان درێژەی کێشا. لە دوای شەڕی

دووهەمی جیهانی، کۆلۆنیالیزمی کلاسیک، شوێنی خۆی دا بە کۆلۆنیالیزمی نوێ، کە شێوازی نوێی ڕامیاری، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی لە خۆ ئەگرێ. هاتنە سەرکاری بەکرێگیراوانی خۆماڵی کە لە ڕواڵەتدا داکۆکی لە دابینکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان ئەکەن؛ دەستێوەردان لە هەڵبژاردنە نەتەوەییەکان و بەلاڕێدابردنی حکوومەتە ڕێساییەکان؛ برەودان بە ئاڵۆزییە ناوخۆییەکان و، هاوکاریی تەکنیکی سنووردار بۆ بردنی ئابووری وڵات بەرەو بوارە دڵخوازەکان و، فرۆشتنی چەکوچۆڵی سەربازی بە نرخێکی زۆر گران، لە نموونەکانی شێوازی کۆلۆنیالیزمی نوێیە کە لە لایەن داگیرکەرانەوە پیادە ئەکرێ.

**پۆست ـ کۆلۆنیالیزم:** postcolonialism ڕامیاری داگیرکاری بۆ پێناسەکردن و پەسنکردنی خەباتیی ڕامیاری و تیۆری ئەو کۆمەڵگایانە بەکارئەهێنرێت کە بە قۆناغی ڕاگوزەر لە پاشکۆیەتی ڕامیارییەوە بۆ سەروەرێتی تێپەڕیوون N postkolonialisme ع ما بعد الاستعمار د پساستعمار.

**ئیمپریالیزم:** imperialism ڕامیاری داگیرکاری وەک چەمکێکی بەربڵاو، ئاماژەیە بۆ هەژموونی ئابووری و ڕامیاری و سەربازی، کە بە بێ دامەزراندنی کۆلۆنییە هەمیشەییە ئەوروپییەکان، بەدی هاتووە. چەمکە باوەکەی ئیمپراتۆریەت لە ژێر کاریگەریی شیکارییەکەی لینین‌دا، بوو بۆ ئیمپریالیزم، بە گوێرەی شرۆڤەی لینین، ئیمپریالیزم سیستەمێکە گرنگیی بە چەوساندنەوەی ئابووریی ئەدات. لەم ڕوانگەیەوە، ئیمپریالیزم بەرەنجامێکی پێویست و ناچاری و لۆجیکی کەڵەکردنە لە سەرمایەداریی دواییندا. بەم جۆرە ـ لای لینین و مارکسیستەکانی دواتر ـ ئیمپریالیزم، لەبری ئەوەی سەپاندنی هەژموونی ڕامیاری و سەربازیی بێت بە درێژایی مێژوو، وەک قۆناغێکی مێژوویی سەرمایەداریی پێناسە کرا، بەمجۆرە کاریگەریی میتۆدی مارکسیستی لە مشتومڕە هاوچەرخەکاندا دەربارەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا هاتنە ئاراوە، بە زۆری مەبەست لە چەمکی ئیمپریالیزمی ئەمریکایش هەژموونی ئابووریی ئەمریکایە، جا چ بەشێوەی

ڕاستەوخۆ پیادەبکرێت یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ. ع الإمبريالية N imperialisme د امپریالیزم.

⇦ کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم، نووسینی ئانیا لۆمبا، وەرگێڕانی عومەر عەلی غەفوور.












**کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێ:** Settler colonialism ڕامیاری داگیرکاری شێوازێکی داگیرکردنە کە کۆمەڵێکی تازەی داگیرکەر خۆی ئەکات بە نیشتەجێی سەرەکی وڵاتی داگیرکراو. ئەم شێوازەی کۆلۆنیالیزم تێئەکۆشێ لە ڕێگەی دەربەڕاندن و تواندنەوەی نەتەوەی یەکەمەوە ببێ بە خاوەنی وڵاتەکە، بۆ نموونە:

- کوردستان کە لە لایەن چوار کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێوە داگیر کراوە و، سەرەڕای هەموو بەرگری و داکۆکی نەبەردانەی نەتەوەی کورد، سیمای بەشێکی گەورەیان گۆڕیوە وەک بەعەرەبکردنی کردنی کەرکووک و هێنانی هەزاران بنەماڵەی خێڵەکی عەرەب لە جێگەیان، لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی بەعسی عەرەبیدا.
- نیشتەجێکردنی زیاتر لە ١٥٠,٠٠٠ خێزانی فارس لە پارێزگای کرماشان لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی حەمەڕەزا شای پالانی.
- ٢٢ وڵات هەر لە نیمچە دوورگەی عەرەبەوە تا ئەوسەری باکووری ئەفریقا کە عەرەب ئاسیمیلەی کردووە و بووە بە نەتەوەی یەکەم تێیدا، تا ئەوە

ڕادەیەی کە میسری شەش هەزار ساڵەی قێبتی فەرعەونی ناو نراوە (جُمهورِیَّةُ مَصر اَلعَرَبِیّةَ).

ن: یان کیشوەری ئەمریکا کە ژمارەی دانیشتوانی خاوەنی کیشوەرەکە، لە لایەن کۆچبەرانی نیشتەجێوە بە شێوەیەک قڕ کراون، وەکوو هەر نەمابێتن. کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێ بە سەدان شێوەی جۆراوجۆر تەنانەت فێڵی ڕێسایی وەکوو دانی ئۆتۆنۆمی و فێدرالیزم، نەتەوەی سەرەکی هەڵئەفریوێنن. دەسەڵاتی داگیرکەری نیشتەجێ بەگشتی خۆی لە ڕوانگەی نژادییەوە لە نەتەوەی یەکەم بە باڵاتر دائەنێ، کە هەر ئەمە ئەندامانی کۆمەڵی داگیرکەر وا لێئەکا خۆیان لە دانیشتوانی ڕاستەقینەی وڵاتەکە بە خاوەنهەقتر دابنرێن.

◀ **کۆلۆنیالیزمی ئاسایی** ئەنجامەکەی نەمانە و بە ناچاری هەر کۆتایی پێدێت، چونکە ڕەنگی بێگانەیان هەیە و ئەبێ بڕۆنە دەرەوە، لەکاتێکدا کە کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێ بە شێوەی بێسنوور درێژەی هەیە و تەنها کاتێک کۆتایی پێدێت کە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی وڵاتی داگیرکراو سەربکەوێ، واتە تەنها و تەنها لە ڕێگەی **سەربەخۆییەوە** و لە ڕێگەی بەدەستهێنانی **سەربەخۆییەوە** کۆتایی بە کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێ ئەهێنرێ.
ع الاستعمار الاستيطاني N Bosetningskolonialisme د استعمار ماندگار.












**کۆلەشۆڤ**: Lev Kuleshov فیلمساز (١٨٩٩ـ١٩٧٠) فیلمسازی سۆڤیێتی ناسراو بە هونەرمەندی جەماوەر، خاوەنی شێوازی مۆنتاژی سۆڤیێتی و

له یەکەم دامەزرێنەرانی فێرگەی سینەما له جیهاندا: پەیمانگەی فیلمی مۆسکۆ.











**کۆلێره:** cholera درم نەخۆشی ناو چاوەقووڵکە، ڕەشەرِشانەو، کۆلێرە، درمێکی باکتریایی گیرۆی ڕیخۆڵه بچکۆلەیه، که به زۆری له ڕێگەی باکتریای باسیلۆسی ناو ئاوی چەپەڵەوە تووشی ئەبن و ئەبێتە هۆی ڕشانەوە و سکچوونی دژوار. ع وبا N Kolera د وبا.

**باسیل:** bacillus باکتریای نەخۆشینی cholera یان چاوەقووڵکە.






**کولێره مەژگە:** خۆراک ناو جۆره نانه کولێرەیەکه که مەژگەی ورد کریاگ ئەکەنه ناوی. **مەژگە:** ناوکه گوێز.

**کۆلیدار:** usurper نازناو ناوی تایبەت لاتین «usus+rapere» داگیرکەرێکی سەرەڕۆی دەسەڵات، که بەبێ هیچ مافێکی ڕێسایی و فەرمی ئەبێ به دیکتاتۆری وڵات یان ناوچەیەک.










**کۆڵتان:** coltan ناو کۆلتان کورتکراوی کۆلۆمبایت ـ تانتالیتە، کە کانزایەکی کانی ماتە. کاتێک کۆلتان پاڵاوتە دەکرێت دەبێتە تۆزێکی بەرگەگری گەرمی. تانتالۆمی کانزایی، تایبەتمەندی ناوازەی هەیە بۆ هەڵگرتنی بارگەی کارەبایی هەیە.



**کۆڵدان:** concede چاوگی تێنەپەڕ بەزێرەکردن، وازهێنان، دانپێدانان بە ڕەوایی شتێک دوای نکۆڵیکردن یان بەرەنگاربوونەوەی. ع تنازل، قَبل N innrømme د قبول کردن.

: من کۆڵم دا، لەوە زیاتر مشتومڕ و بەرەنگاریم پێناکرێ.

**کۆڵنجە:** ❶ unripe berries ناو تووی پێنەگەیشتوو، سەوز و بۆر و بێ تامە؛ دانی دەخڵی فەریک. ع التوت غیر الناضج N umodne bær د توت

نارس.

**کۆڵنجە:** ❷ juvenile, teenager هێماپەر ئاوەڵناو کیژی تازە پێ گەیشتوو. ع مراهقة N tenåring د نوجوان.

ن: نەک هەر قەیرە نەبووە، بە زۆر کۆڵنجەیە!



**کۆڵنەدان:** perseverance چاوگی‌تێپەڕ پێداگری، شێلگیری، جەختکردن و پشتگەرمی لە ئەنجامی کاردا، سەرەڕای دژواری یان درەنگ بە ئەنجام گەیشتن. ع استمرارية N utholdenhet د پشتکار، تداوم.

**کۆڵنەدەر:** indestructible ناوبکەر نەبەز، لە شکاننەهاتوو. ع غیر قابل للتدمیر N uforgjengelig د فنا ناپذیر E perseverant.

**کۆڵۆز:** beanie کلێتە، کڵاوی لەبەن چنراو، کلوز. ع قبعة صغیرة N lue د کلاه پشمی.



**کۆڵوو:** ڕووەک ناو بنجی تاڵوو کە ئەستوورە و بۆ سووتاندن ئەبێ.

⇦ **تاڵوو:** ڕووەک ناو تاڵک، گیایەکی گەورەی گەڵاپانی تووکنە، بنکێک

تویّ تویّی هەیە، پیّی ئەڵیّن کۆڵوو، وەک دار دەیسوتیّنن.




**کۆڵەکەزیّرینە :** rainbow دیاردە ناو تیرەژە، پەلکەزیّرینە، پلوورەوارانە. ع قوس قزح N regnbue د زرین کمان، قوس قزح.




**کۆڵەوار :** wretched ئاوەڵناو دەردەدار، ئیّشدار، بەژان، چلّدار. ع بائس N elendig د رنجور. ⇦ **بیّبایی :** wretch ئاوەڵناو بەدبەخت، چارەرەش؛ بیّویژدان؛ ڕیّلاّس. ع بائس؛ التعيس، مريع N elendig د بدبخت؛ بی وجدان؛ خیرە چشم.

**کۆڵەوژ :** ناو کەرەستە داریّکی دریّژە ئاگری تەنووری پیّخۆش ئەکەن.





**کۆڵەوەس:❶** ناو کۆڵەبەست، بە منداڵێک ئەوترێ کە ژنێک هەیەتی و شوو ئەکات، منداڵێک کاتی شووکردنەوەی دایکی بە کۆڵیەوەیەتی ن: ژنێکی هێناوە کۆڵەوەسی هەیە. ⇦ **هەنەزا:** ناو منداڵی هەوێ.

**کۆڵەوەس:❷** ڕووەک ناو ڕەیستە، ئاوەنیا، دەغڵێکە لە پێش بارانی پەڵە چێنرابێ و بنجی داکوتابێ.

**کۆما:** heap ناو شتی لەسەریەک کۆمەڵەکراو. ع تل N haug د پشتە.

**کۆماری پارتیبۆس:** government in partibus کینایە هێمایر کۆماری تاراوگە، کۆماری وەرم و هەڵۆسە، کۆمار لە وڵاتی دەرەکی؛ نازناوی پارتیبۆس لەوەوە هاتووە کە پلەیەکی تەنها بەناوە بۆ ئەو کاردینالانەی لە وڵاتانی بێگانە دائەنرێن و هیچ دەسەڵاتێکی فەرمیان نییە. ئەوسا نازناوەکە ئەبێ بە ناونیتکە، وەک بە گاڵتە ئەوترێ فلانە کەس باڵوێزی یان شالیاری {partibus}ـە، واتە باڵوێزی بێدەسەڵاتە.

**کۆماریخوازی دەستکێش زەرد:** républicain en gants jaunes کینایە ١٨ای برۆمێر لە دەقی ئاڵمانییەکە بە فەرەنسەهاتووە، ئەمارە بە بورژوا بوونی «مەرست»ـە کە بورژواکان دەستکێشی چەرمیان لەدەست ئەکرد.

**کۆماری سان مارینۆ:** Repubblica di San Marino وڵات ناوی تایبەت یەکەم و کۆنترین کۆماری سەربەخۆی جیهان و خاوەنی کۆنترین دەستووری نیشتمانی جیهانە، کە لە ١٦٠٠ـەوە هەتا نەها کاری پێ دەکرێ. کەوتووەتە باکووری ڕۆژهەڵاتی چیای ئەپینین، بە ڕووبەری ٦١ کیلۆمەتری چوارگۆشە پێنجەم بچووکترین وڵاتە و، بە ژمارەی دانیشتووانی ٣٣،٨٤٧ کەسەوە، پێنجەم وڵاتی کەمترین دانیشتوانی جیهانە. ع سان مارینو N San Marino د سان مارینۆ.







**کۆماری قەزاق:** Kazakhs هێمایی کینایە یان Cossack، بەو قەزاقانەی باشووری ڕووسیا و ئوکراین و پۆلۆنیا ئەوترا کە لە دەست ئاغەکان هەڵاتبوون و لە قەراخ چەمەکانی دان و دنیپر ئەژیان. ئەم گرووپانە وردەوردە خۆیان ڕێک خست و بوون بە خاوەنی چەشنە سەربەخۆییەک، دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچانە ئەرکی سنووروەوانییان پێ سپاردن. کاتی هێرشی ناپلیۆن بۆ ڕووسیا، قەزاقەکان بە جەنگی تەق و ڕەو ترسیان هاویشتبووە دڵی سەربازە فەرانسییەکان. یەکەی قەزاق تا کۆتایی حکومەتی تزاری لە سپای ڕووسیادا هەبوو.




**کۆماری کۆمەڵایەتی:** social republic هێمایی ڕامیاری مارکس لە «جەنگی ناوخۆی فەرانسە»دا ئەڵێ: «کۆمۆن، ڕێک خاڵی بەرامبەر بە ئیمپراتۆری بوو. پرۆلیتاریای پاریس کە بە ڕاگەیاندنی دروشمی «کۆماری کۆمەڵایەتی» پیرۆزبایی لە شۆڕشی فێبریوەری کرد، تەنها وازێکی گونگ بوو بۆ ئەو چەشنە کۆمارەی کە ئەبوایە نە تەنها شێوازی پاشایەتی دەسەڵاتی چینایەتی، بەڵکو خودی دەسەڵاتدارێتی چینایەتیش لەبن هەڵکەنێ. بەڵام کۆمۆن هەمان بیچمی دیاریکراوی ئەو کۆمارییە بوو.»






**کۆمب:** Émile Combes ڕامیار چالاکڤان {١٨٣٥ـ١٩٢١} ئێمیل کۆمب، سەرۆکوەزیرانی فەڕانسە و چالاکوانی دژی کلێسا. پەرتووکێکی هەیە بە ناوی خەباتی سکۆلار {١٩٠٢ـ ١٩٠٣}، کە ئاناتۆڵ فرانس پێشەکیی بۆ نووسیوە.








**کۆمبۆرگ:** Combourg جوگرافیا ناو کۆمۆنێکە لە ناوچەی برۆتنی لە باکووری فەڕانسە.






**کۆمپانیای لق:** subsidiary ئابووری ئاوەڵناو لقی کۆمپانیای گەورە کە گرنگی کەمتری هەیە و ناتوانێ بڕیاری زۆر گرنگ بدات، کە بە پێی پەیڕەو لە دەسەڵاتی ناوەند دایە. ع شرکة فرعية N datterselskap د شرکت فرعی.









**کۆمپرۆمات:** Kompromat ڕامیاری ناو لە وشەی ڕووسی *компромат* کە هەمان **سازشی** compromise ئینگلیزی و کورتکراوی **بەڵگەی سازش**ـە. بە شێوەیەکی فراوان لە بواری ڕامیاری ڕووسییە و وڵاتانی پاش سۆڤیەت بە واتای **سازش پێکردن** کەڵکی لێ وەرئەگیرێت. کۆمپرۆمات زانیاری زیانبەخشە دەربارەی ڕامیار، بازرگان، یان کەسایەتییەکی دیکەی گشتی، کە ڕەنگە بۆ دروستکردنی بانگەشەی نەرێنی بەکار بهێنرێت، هەروەها بۆ وەرگرتنی باج و سەرانەی ناڕەوا، ڕەنگیشە بۆ گوشارادانان، نەک قازانجی پارەیی. ڕەنگە کۆمپرۆمات لە خزمەتگوزارییە هەواڵنێرییە جۆراوجۆرەکان بەدەست بهێنرێت، یان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ساختە بکرێت، پاشان لە ڕێگەی بەرپرسێکی پەیوەندییە گشتییەکانەوە بڵاوبکرێتەوە. ◀◀ زۆر پەرتووک و فیلم و زنجیرە لەسەر کۆمپرۆمات دروست کراوە. وەک چەند فیلم بە ناوی کۆمپرۆمات، یان زنجیرەی **نۆمس** Recruit.

**کۆمپرۆمات:** Kompromat ڕامیاری فیلم فیلمی سینەمایی ٢٠٢٢ نووسین و دەرهێنانی ژێرۆم سال، ڕامکارێکی فەڕانسەیی ئەبێ خۆی لە پیلانی ئێف ئێس بی لە سیبریا ڕزگار بکات.

**نۆمس:** ① novice ناو تازەکار، شاگرد، تازە هاتوو، تازەوەرگیراو. ٤ مبتدئ N nybegynner د مبتدئ.

**نۆمس:** ② Recruit ڕامیاری زنجیرە زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠٢٢ لە دوو وەرزدا، ئافراندنی ئالێکس هاوڵی و هونەرمەندی نۆوا سێنتینۆ. لە مەڕ سی ئای ئەی و ڕامیارییەکی بەهێزی نێودەوڵەتی مەترسیدار.











**کۆمپێرمۆرل:** Adéodat Compère_Morel رامیار (١٨٧٢_١٩٤١) ڕامیاری سۆسیالیستی فەڕانسەیی باڵی ڕاست.




**کۆمپیاله:** promissory note ئابووری ئامراز. ع سند أذنی N gjeldsbrev د سفته.

**کۆمپیەن:** Compiègne جوگرافیا شارۆچکەیەکە لەسەر چەمی واز، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەڕانسە. کۆمپیەن لە جەنگی جیهانی یەکەم بنکەی فەرمانەیی سپای فەڕانسە بوو و لە ساڵی ١٩١٨ ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە جەنگەڵی کۆمپیەن واژۆ کرا.




**کۆمسای:** دەزگا ئەنجومەن ناو لە پاش داگیرکرانی کوردستان لە لایەن ئیسلامەوە، بەر بە دیاردەی پیرۆز و پێشکەوتووی کۆمەڵایەتی **ژیرلێ مەرێ** گیرا، بەڵام پاشان  بە ناوی **کۆمسای**، کۆ بە واتای کۆبوونەوە و لیژنە و ئەنجومەن و، مسای واتە ڕاوێژ و تەگبیر زیندوو کرایەوە و، جیاوازییەکی ئەوتۆی لە ڕوانگەی دەستوور و بەڕێوەبردنەوە لەگەڵ

ژیرلێ مەرێ نییە. بەم شێوەیە لە ژیرلێ مەرێ بۆ کۆمسای، کوردانی هەورامی کۆنیترین کۆمەڵگەی مرۆیین کە هەڵبژاردنی گشتییان کردووە و خاوەنی پەرلەمان بوون ☜ ژیرلێ مەرێ.

**کۆمۆنارد:** communards ناو ئەندام یان پشتگیرانی کۆمۆنی پاریس لە ١٨٧١.




**کۆمەک:** help هەرەوەز فەرمان یارمەتی، یاریدە، ئالیکاری، هەداری، دەستگرتن، دەسیاری، بەهاناوەبوون؛ یارمەتیدان و ئاسانکاری بۆ {کەسێک} بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یان سەرچاوەکانی خۆی. ع مساعدة N hjelp د امداد، مساعدت.




**کۆمەکخۆراک:** supplement تەندروستی بەهێزکەر ناو بەهێزکەر، تەواوکەر، سەرخستە، شێوەخۆراکی چڕکراو و دەرمانی پێویستی وەک ئەستوو و ڤیتامین و مینراڵ بۆ دابینکردنی تەندروستی. ع الداعم، ملحق N

supplement د مقوی، مکمل.



**کۆمەکۆم:** slouching وێژە ئاماژە ئاوەڵناو بەکۆمەکۆم، بە دارەتی نووشتاوە بەرەو شوێنێک ڕۆیشتن، بە کزی و لاوازی بەرەو شوێنێک هەنگاونان. ٤ التراخي N slentende د دو لا راه رفتن.

- بە کۆمەکۆم بەرەو بەیتەللەحم: Slouching toward Bethlehem دوا دێڕی هۆنراوەی «هاتنی دووەم»ی ویلیەم باتلێر یەیتسە و، دەستەواژەیەکە بۆ بەسنکردنی دوا نوخشانە و پێشگۆیی بەکاوەخۆی پەسلان بەکار ئەهێنرێ کە بۆ هەمیشە ڕوخساری جیهان ئەگۆڕێ.
- بە کۆمەکۆم بەرەو بەیتەللەحم: Slouching toward Bethlehem کۆمەڵە وتاری جۆن دیدیۆن Joan Didion لە شەستەکانی سەدەی بیست لە کالیفۆرنیایە، کە ئەو ناوەی لە هۆنراوەکەی یەیتس وەرگرتووە.
- بە کۆمەکۆم بەرەو بەیتەللەحم: لە بەشی S01E05 زنجیرەی دیپلۆماتدا بە هەمان واتا ئاماژەی پێ ئەدرێت.



**کۆمەڵکوژی:** genocide جینۆساید ناوی لێکدراو کوشتنی بە ئەنقەستی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی نەتەوە یان دەستەیەکی دیاریکراو بە ئامانجی لەناوبردنی ئەو نەتەوە یان دەستەیە. ع الإبادة الجماعية N folkemord د قتل عام کشتار دستەجمعی.

⇦ **کۆمەڵکوژی کورد** لە کوردستان بە دەستی داگیرکەران تەنها لە سەدەی بیستەمدا: لە ١٩٣٠ کۆمەڵکووژی زیلان، ١٩٣٨ کۆمەڵکووژی دەرسیم، ١٩٨٠ کۆمەڵکووژی مەهابات، ١٩٨٨ کۆمەڵکووژی هەڵەبجە، ١٩٨٨ کۆمەڵکووژی ئەنفال، لە ١٩٨٨یش کیمیابارانی هەڵەبجە، لووتکەی کۆمەڵکووژی بوو. ◄ **ئیسمایل بێشکچی** مێژوونووسی مەزن ئاماژەی بە یەکەیەکەی ئەم تاوانانە کردووە.



**کۆمەڵناسی:** sociology زانست زانستێکی کۆمەڵایەتییە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا مرۆییەکان و پەیوەندی نێوان مرۆڤ وەکوو ئەندامانی کۆمەڵگە، کارلێک و ئەو پرۆسانەی کە ئەیانپارێزن و ئەیانگۆڕن، ئەکات. ئەمەش بە پشکنینی دینامیکی بەشە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگاکانی وەک نیهاد، دامەزراو، کۆمەڵ، دانیشتووان و، ڕەگەز، نەژاد، یان گرووپە تەمەنییەکان ئەنجام ئەدات. هەروەها کۆمەڵناسی لێکۆڵینەوە لە پێگەی کۆمەڵایەتی یان چینایەتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و هەروەها پۆخڵبوونی کۆمەڵایەتی لە قاڵبی تاوان و لادان و شۆڕشدا ئەکات.

دریژە ⇦ سێ بیردۆزی سەرەکی کۆمەڵناسی کە خوێندکاری نوێ فێری ئەبن بریتین لە:

- ڕوانگەی کارلێکگەری interactionist perspective،
- ڕوانگەی ململانێ conflict perspective و،
- ڕوانگەی کارایی functionalist perspective.

هەرکام لەم ڕوانگانەش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و ڕەفتاری مرۆڤ لەناو خۆیدا. ☜ شارستانیەت








## کۆمەڵەی جیهانی فۆنەتیک: International Phonetic Associatio زمانەوانی

ڕێکخراو ئەنجومەنێکە کە کاری لێکۆڵینەوەی زانستی دەنگناسی و پەرەپێدانی شێوازەکانی بەکارهێنانی ئەم زانستەیە. مەزنترین کاری ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی جیهانی فۆنەتیک (IPA)یە، کە ئەتوانێ دەنگەکانی هەموو زمانێک و هەموو ئاوا مرۆییەکان پیشان بدات. کۆمەڵە وەکوو کورتکراوە بە (API) ئەناسرێ کە ناوی فەرانسییەکەیەتی L'Association Phonétique Internationale و بۆ ئەوەیە کە لە (IPA) بناسرێتەوە.

ئەم کۆمەڵەیە ساڵی ١٨٨٦ لە لایەن ژمایەک لە فێرکارانی زمانەوە دامەزرا، لە پێناوی هاوچەشنکردنی بەکارهێنانی فۆنێم لە فێرگەکاندا.







**کۆمەڵەی دەی دێسەمبر:** Society of December Tenth ڕێکخراو ڕامیاری بەناو ئەنجومەنێکی خێرخواز بوو کە ساڵی ١٨٤٩ پێکهات. بە ناوی دەستەی خێرخواز، پۆلی نهێنی لە لۆمپەن پرۆلیتاریای پاریس پێک هێنرا کە هەرکام لەوانە لە لایەن پۆلیسێکی دارەدەستی بۆناپارتەوە سەرپەرشتی ئەکرا و، سەرکردەی هەموو پۆلەکانیش ژنراڵێکی بۆناپارتیست بوو.

**کۆمەڵەی زەوی تەخت:** Flat Earth Society ڕێکخراو شێوەزانست کۆمەڵەیەکی ڕاستەقینەیە بڕوایان بەوە هەیە زەوی خڕ نییە و وەک ڕووبەرێکی گردی تەختە، ناوەندەکەی ئەستووی باکوور و لێوارەکانی سەهۆڵ گرتوویەتی و، لەم چەشنە بۆچوونە قۆشمانە سەبارەت بە خۆر و مانگ و ڕەهەندەکانی گەردوون. زانست و زانایان ئەم بۆچوونە بە شێوەزانست و درێژەی بیری خورافاتی کۆن دائەنێن. زانایانی ئەم بۆچوونە هەمیشە ئامادەی مشتومڕ و کێبەرکێی زانستین سەبارەت بە بۆچوونەکانیان و ئامادەنەبوونی نەیاران لە مشتومڕ و گفتوگۆی زانستی و لۆجیکیدا بەبەڵگەی ڕاستی و ڕەوایی خۆیان ئەزانن.








**کۆمەڵەی ژۆزویت:** Society of Jesus ئایینناسی ڕێکخراو یان کۆمەڵەی یارانی عیسا یان یەسووعیەکان، سکتێکی ئاینی سەر بە کلیسای کاسۆلیکە، دامەزرێنەرەکەی ئیگناتیۆس لۆیۆلا Ignatius of Loyola پێش ئەوەی ببێ بە قەشە سوارچاک بووە، بۆیە بە یەسووعی و سەربازی عیسا بانگ ئەکرێن. ◄ سەدەی ٦١ دامەزرا و ساڵی ٣٧٧١ هەڵوەشایەوە، چونکە

کەوتنە کلاّوبازی و پارەدزین و ئێستە تەنها هەندێ کەس و ناوێکیان لێ ماوەتەوە. یەسووعیەکان بۆ ماوەی دووسەد ساڵ مامۆستای فەرهەنگی ئورووپای کاسۆلێک بوون. بە سەدان فێرگەیان هەبوو و هەوڵیان ئەدا خۆیان بخزێننە ناوچە پرۆتستانەکانەوە. ع الیسوعی، مجتمع یسوع N Jesu samfunn د یسوعی، جامعە عیسی.





**کۆمەڵەی نەتەوەکان**: League of Nations ئابیناسر ڕێکخراو ڕێکخراوەیەکی ناونەتەوەیی بوو کە لە ساڵی ١٩٢٠ و لە ئاکامی پەسەندکرانی پەیماننامەی ڤێرسای دامەزرا و بە دامەزرانی **ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان** لە ساڵی ١٩٤٦ لێک هەڵوەشایەوە. کۆمەڵەکە سەرجەم ٥٨ ئەندامی بوو و ئامانجەکانی بریتین بوون لە: چەکداماڵینی جیهانی، بەرگری لە پێشهاتنی شەڕ، چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامان لە ڕێگەی وتوێژ و دیپلۆماسی و هەروەها باشترکردنی باری ژیان لە ئاستی جیهانیدا. کۆمەڵەی نەتەوەکان هەرچەند بە پێشنیاز و بەگوێرەی بەندی چواردەی پەیامی ٨ فێبریوەری ١٩١٨ ویلسۆن دامەزرا، بەڵام خودی دەوڵەتی ئەمریکا بەشداری تێدا نەکرد!

LEAGUE OF NATIONS

SOCIÉTÉ DES NATIONS



**کۆمەڵەی هەتاوی:** solar system ئەستێرەناسی کۆمەڵەی هەشت هەسارە و مانگەکانیانە لە تەوەری خۆرشیددا لەگەڵ تەنی بچووکتر وەکوو هەسارۆکە و گڕئەستێرە. گۆی زەوی یەکێکە لە هەشت هەسارەکەی گردی خورشید، لە ماوەی ٣٦٥ ڕۆژدا جارێک فەراگەری خۆر ئەسووڕێتەوە و کەشێکی لەبار لەسەر زەوی ڕەخساوە، تا بە یارمەتی گەرمای خۆر و هێسنەکانی سەرڕەوی ژیانی زندووی ئۆرگانێکی تێدا بەدی بێت N solsystemet ع النظام الشمسي د منظومه شمسی. ⇦ ناوی هەسارەکانی کۆمەڵەی هەتاوی بە گوێرەی دوژیان لە خۆر، بەمجۆرەیە:

**زاوە:** Mercury ع عطارد N Merkur د عطارد.

**ئاناهیتا:** Venus ع زهرة N Venus د زهره.

**زەوی:** Earth ع الأرض N Jord د زمین.

**بارام:** Mars ع المريخ N Mars د مریخ.

**هورمز:** Jupiter ع المشتري N Jupiter د مشتری.

**کەیوان:** Saturn ع زحل N Saturn د زحل.

**ئۆرانوس:** Uranus ع أورانوس N Uranus د اورانوس.

**نێپتۆن:** Neptune ع نبتون N Neptun د نیتون.



**کۆمیدی بەزموکوت:** slapstick comedy [شێواز] [سینەما] شێوازێکی گاڵتەجارییە کە چالاکیی جەستەیی زیادەڕەوی تێدایە و سنووری کۆمیدیای جەستەیی ئاسایی تێئەپەڕێنێت. ئەم شێوازە لە «سەردەمی زێڕین»ی فیلمە ڕەشوسپییەکان کە زیاتر چارلی، مابێل نۆرماند، براکانی مارکس، لۆرێل و هاردی، ئابۆت و کۆستێلۆ و سێ ستۆجی تێدابوو، زۆر باو بوو. شێوازی بەزموکوت، هەروەها بوو بە تۆخمێکی باو لە کارتۆنە ئەنیمەیشنەکاندا کە لە ساڵی ١٩٣٠ـەوە دەستی پێکرد؛ نموونەکان بریتین لە کورتە فیلمەکانی میکی ماوس و دۆناڵد داک لە دیزنی، وودی وودپێکەر، تۆم و جێری و هتد... [ع] كوميديا تهريجية [N] slapstick comedy [د] کمدی بزن‌بکوب.








**کۆمیدی تەوسئامێز:** Farce [وێژە] [شانۆ] [کۆمێدی] چەشنێک شانۆگەرییەکی گاڵتەئامێزە کە بە هۆی ڕەخساندنی هەلی جۆراوجۆرەوە ئەبنە هۆی داچڵەکاندن و هێدمەکردنی بینەر.







**کۆمیدی فەڕانسز:** Comédie_Française [شانۆ] [کۆمێدی] یان کۆمیدی

فەڕانسە، لە ١٦٨٠ لە شەقامی ڕیشلیۆ لە ناوەڕاستی پاریس سازکراوە و بە ١١٠٠ کورسییەوە کۆنترین شانۆیە لە جیهاندا.







**کۆمیدی گاڵتەجاڕ :** comedy farce کۆمێدی بریتییە لە دراما کۆمیدی بە بەکارهێنانی گەمژەیی و ئەسپ یاریکردن و کارەکتەری ساویلکە و دۆخی گەمژانەی پێشبینی نەکراو.







**کۆمیە :** anus ناو کۆم، پندرۆ، ڕوونەک، قنگ. ع شرج N anus د مقعد. ← **پرۆکتۆلۆژی :** Proctology لقێکی پزیشکییە سەبارەت بە کۆمیە و ڕیخۆڵەگەورە.

**کۆن :**❶ ناو ڕەشماڵ، خێوەت د سیاه چادر ییلاق نشینان.

**کۆن :**❷ ناو پارچەی ڕەشماڵ د پارچە سیاه چادر.

**کۆن :**❸ ناو شتی زۆر دەکارهێنراو د کار کردە.

**کۆن :**❹ ناو دێرس و لەمێژینە د باستانی، کهنە.



**کۆناتۆس:** Conatus فەلسەفە کۆشش، هەڵگ و تێکۆشانی بێپسانەوە و دوابەداوی بوونەوەرە بۆ مانەوە و درێژەدان بە ژیان و زیندووبوون، کە نەک تەنها مرۆڤ، بەڵکوو هەموو بوونەوەران ئەگرێتەوە، واتە کۆشش یان کۆناتۆس هەوڵی مانەوە، زیندووبوون، ژیانکردن و پارێزگاری لەخۆ کردنە، هێزی سروشتی پاڵنەری گیاندارە بۆ ویستن و هەوڵدانی پێکەوەبەستن {زنجیر}.












**کۆناکری:** Conakry جوگرافیا ناو بەندەرێکە لە کەناری ئوقیانووسی ئەتڵەس، لە ڕۆژئاوای ئەفریقا، پایتەختی گینە، کە لەو سەردەمەدا پێیان ئەوت «گینەی فەڕانسە».






**کۆنتراڵتۆ:** contralto مۆزیک دەنگەوشە دەنگی زیلی ژن.

**کۆنت دو مۆرنی:** Comt de Morny ڕامیار (١٨١١ـ١٨٦٥) ڕامیار، بۆناپارتیست، نوێنەری ئەنجومەنی ڕێسادانان و لە ڕێکخەرانی کودێتای ٢ی دێسەمبری ١٨٥١، وەزیری ناوخۆ.

**کۆنت پاریس:** Louis Philippe Albert d'Orléans, Count of Paris شازادە کۆنت دو پاریس، کۆنتی پاریس (١٨٣٨ـ١٨٩٤) لویی فیلیپ ئاڵبێرت، کوڕەزای لویی فیلیپی یەکەم پادشای فەڕانسە، داوای پاشایەتیی فەڕانسەی ئەکرد، سەرەتا بۆ ئاڵمان و پاشتر بۆ ئینگلیز دوور خرایەوە.








**کۆنت دو پاریس:** ☜ کۆنت پاریس.

**کۆنت دو شامبۆر:** Comte de Chambord شازادە {١٨٢٠ـ١٨٨٣} برازای شارڵی دەیەم، دوائەندامی خانەدانی پاشایەتیی بۆربۆن لە فەڕانسە.




**کۆنترامەنەریزم:** Counter_Mannerism شێواز شێوەکاری بە شێوازێک لە هونەری شێوەکاری ئیتالیایی ئەوتۆ کە لە کۆتایی سەدەی شانزە وەک پەرچەکردارێک لە دژی ئەدگارە دەستکردەکانی مەنێریزم Mannerism سەری هەڵدا و، گەڕانەوە بوو بۆ ڕوونی و سادەیی لە هونەردا.






**کۆنترێکسێڤیل:** Contrexéville جوگرافیا گەشتوگوزار گەڕاوێکە لە ناوچەی ڤۆژی Vosges département لە فەڕانسە و خەڵکی کۆمۆنەکەش بە کۆنترێکسێڤیل بانگ ئەکرێن. لە ساڵی ١٨٦٤ـەوە وەک ناوەندێکی تەندروستی ناوبانگ

پەیدا کرد، بە هۆی ئاوی گەڕاوەکەیەوە.

  

**کۆنت دو مۆرنی:** Comt de Morny ڕامیار (١٨١١ـ١٨٦٥) ڕامیار، بۆناپارتیست، نوێنەری ئەنجوومەنی ڕێسادانان و لە ڕێکخەرانی کودێتای ٢ی دێسەمبەری ١٨٥١، وەزیری ناوخۆ.

**کۆنترین مافوورەی جیهان:** ناوی پازیریک و هێی ماد و سەکایە.

☜ پازیریک: Pazyryk rug

**کۆنت ڤەلیل:** Joseph de Villèle ڕامیار یان First Count of Villèle ڕامیاری فەڕانسەیی، چەند جار بوو بە سەرۆکوەزیران، سەرۆکی بەرەی تایبەتی ژیانەوەی پاشایەتی بۆببۆن بوو.



 

**کۆنتێسی سێگۆر:** Countess of Ségur نووسەر (١٧٩٩ـ١٨٧٤) نووسەری فەڕانسەیی لەدایکبووی ڕووسیا، نووسەی بیرەوەرییەکانی کەرێک و سەربردە کۆنەکانی فەڕانسە.











**کۆنتی پاریس:** ☜ کۆنت پاریس.

**کۆن-تیکی:** Kon_Tiki فیلم تاقیکردنەوە فیلمێکی نەرویجی ٢٠١٢یە، بە ناوی خوای خۆر و تۆفانی ئینکا ناونراوە، لە ژانری گەڕخوازی، درام، بەسەرهاتە، دەرهێنانی یواخیم ڕانینگ. ناودێری خەڵاتی ئۆسکار و گرانترین فیلمی نەرویجی بووە.








**کۆنتی مۆنت کریستۆ:** The Count of Monte Cristo ڕۆمان فیلم زنجیرە ڕۆمانێکی ناوازەی ١٨٤٤ە، نووسینی ئەلەکساندر دۆمای باوک، دەیان فیلم و زنجیرەی لەسەر ساز کراوە.










**کۆن_تیکی:** Kon_Tiki فیلم ئەفسانە فیلمێکی نەرویجی ۲۰۱۲یە، بە ناوی خوای خۆر و تۆفانی **ئینکا**وە ناونراوە، لە ژانری گەڕخوازی، درام، بەسەرهاتە، سەبارەت بە دۆزینەوەی کۆن_تیکی‌یە لە ساڵی ۱۹٤۷دا. دەرهێنانی یواکیم ڕانینگ. ناودێری خەڵاتی ئۆسکار و گۆڵدن گلۆب و گرانترین فیلمی نەرویجی بووە.

ئەم فیلمە، بە گوێرەی بۆچوونەکەی تۆر هیرداڵ Thor Heyerdahl، ئەیەوێ بیسەلمێنێ کە: یەیکەرە دۆزراوەکانی ئەمریکای باشوور و مواى پۆلینزی دەری ئەخەن، دانیشتوانی ئەمریکای باشوور، لە سەردەمانی پێش لە کریستۆف کۆلۆمب بە کەشتی و کەرەستەی سەردەمی خۆیان ئۆقیانووسیان بڕیوە و چوون بۆ ئەو ناوچەیە و لەوێ نیشتەجێ بوون و، سنوورداری تەکنەلۆجی نەیتوانیوە ڕێگەیان لێ بگرێ. ☜ سینەما چییە؟







**کۆنراد:** Joseph Conrad نووسەر {۱۸٥۷_۱۹۲٤} جۆزێف کۆنراد، ڕۆماننووسی ئینگلیزی.










**کۆنراد ڤۆن هۆتزندۆرف:** Conrad von Hötzendorf jn ژنراڵ {۱۹٥۲_

١٩٢٥) ژنراڵی ئۆستریایی و لە کەسایەتییە کاریگەرەکانی جەنگی جیهانی یەکەم.







**کۆنستانتین گەیس:** Constantin Guys رۆژنامەوان نیگارکێش (١٨٠٥ـ ١٨٩٢) لەدایکبووی هولەند، هەواڵنێری جەنگی و شێوەکاری ئاوەڕەنگ. ژیانی کۆڕە بورژوازییەکانی ئەکێشایەوە و بودلێر بە شێوەکاری ژیانی مۆدێرن ناوی ئەبا.





**کۆنستانتینۆپۆل:** Constantinople جوگرافیا یان بیزانتینۆم، پایەتەختی ئیمپراتۆری ڕۆمای ڕۆژهەڵات یان ڕۆمای بیزەنتین Byzantine Empire بوو. ڕۆمییەکان پاش چەند جار شکست لە ساسانییەکان، لە سەردەمی کۆنستانتینی یەکەم، لە ساڵی ٣٣٠ پایتەختی خۆیان لە ڕۆماوە گواستەوە بۆ شوێنێک بە ناوی بیزانتینۆم و ناویان لێنا کۆنستانتینۆپۆل، هەزار ساڵ پاش ئەوە لە ١٤٥٣دا ئەو ناوە گۆڕا بە ئیستامبوڵ. ☜ بایزانتینۆم





**کۆنستانتینی یەکەم:** Constantine the Great **شا** یان Constantin I یان سەنت کۆنستانتین (٢٧٢ـ٣٣٧) ئیمپراتۆری فەلەی ڕۆما، لە سەدەی چوار، سزای لەخاچدانی بەرگیراو کرد. لە ساڵی ٣١٣دا بە گوێرەی **فەرمانی میلان** Edict of Milan دینی عیسایی کرد بە ئایینی فەرمی ڕۆما، بەڵام ئازادی بە دینەکانی تریش دا. ئەو چەندنین کۆنگرەی مەزنی بە مەبەستی یەکگرتوویی لە ئایینی فەلەدا پێکهێنا. کلیسای خزنی پیرۆز Church of the Holy Sepulchre لە ئۆرشەلیم، لە تەنیشت عیساوە بە فەرمانی ئەو دروست کرا.





**کۆنسێرڤاتۆری:** conservatory **پەروەردە** یان کۆنسێرڤاتوار conservatoire مەبەست پەیمانگای هونەرە جوانەکانە، وەکوو سینەما و شانۆ و موزیک و... کۆنسێرڤاتۆری هۆڵی شووشەیی تاوگیرە لە حەوشەی کۆشکەکان، وەک گوڵخانە و هەروەها وەک پۆلی خوێندن و پەروەردەش

بەکارهێنراوە.



**کۆنفرانسی ئەلخەسیراس:** Algeciras Conference بووبەر ڕامیاری
بە عەرەبی الجزیرة الخضراء، بەندەرێکە لە ئیسپانیا، لە سەر زەریای مەدیتەرانە، بەرامبەر بە جەبەل تارێق. ساڵی ١٩٠٦ کۆنفرەنسی زلهێزە ئورووپاییەکان لەم شارە پێکهات و سەرپەرشتی مەراکۆی دا بە فەرانسە.

**کۆنفرانسی لاهە** ١٨٩٩: بە پێشنیاز و پێشهەنگاوی ڕووسیە، کۆنفرەنسێک لە لاهە پێک هات کە ئامانجەکەی یەکگرتنی وڵاتانی ئورووپا لە بەرامبەر بەریتانیابوو. دەوڵەتی ڕووسیە پێشنیازی بەرتەسککردنەوەی چەکی کرد، بەڵام نوێنەری ئاڵمان دژایەتی کرد.

**کۆنفیدراسیۆنی سەرانسەری کرێکاران:** CGT ڕامیار ڕێکخراو
یەکەمین و گەورەترین سەندیکای چەپی کرێکارانی فەرانسە، لە ١٨٩٥ەوە:
General Confederation of Labour (CGT)






**کۆنڤانسیۆن:** Convention ڕامیاری ئەنجومەن ئەنجومەنی نەتەوەیی فەرانسە

لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی بورژوایی کۆتایی سەدەی هەژدە.





**کۆنگرەی ئاشتی لۆزان:** congress of Lozanne ١٨٦٩ ڕامیاری کۆبوونەوە
ساڵی ١٨٦٩ کۆنگرەیەکی ئاشتی لە شاری لۆزان بەسترا کە ڤیکتۆر هۆگۆ سەرکردایەتی کرد.

**کۆنگرەی بال:** Congress of Basel ڕامیاری کۆبوونەوە لە ٢٤ و ٢٥ی نۆڤەمبری ١٩١٢، بە هۆی سەرهەڵدانی جەنگەکانی بالکان، کە بۆی هەبوو ببڕێ بە جەنگی وڵاتانی ئورووپا، کۆنگرەی نائاسایی ئینتەرناسیۆنالی دووەم لە شاری بالی سویس بەسترا و لە ڕاگەیاندنێکدا تایبەتمەندی ئیمپریالیستی جەنگەکەی ئاشکرا کرد و داوای لە سۆسیالیستەکانی هەموو وڵاتانی جیهان کرد کە چالاکانە لە دژی خەبات بکەن.

**کۆنگرەی بێرلین:** congress of berlin ١٨٧٨ ڕامیاری کۆبوونەوە (١٨٧٨) لەم کۆنگرە بڕیار درا، ئیمپراتۆری ئۆستریا ـ هەنگاریا بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو بۆسنیا و هەرزەگوین داگیر بکات. مەبەستی ئەم بڕیارە و بڕیارەکانی تری کونگرەی بێرلین (بە بەشداری ڕووسیە، بەریتانیا، فەرانسە، ئۆستریا ـ هەنگاریا، ئیتالیا و ئاڵمان) ئەوە بوو کە دەسەڵاتی ڕووسیە لەسەر ناوچەی سلاڤنشین نەهێڵێ.

**کۆنگرەی ڤیەننا:** Vienna Congress ڕامیاری کۆبوونەوە کۆبوونەوەی باڵوێزەکانی ئورووپا بوو، لە نۆڤەمبری ١٨١٤ پاش لەسەرکارلابردنی ناپۆلیۆن ساز کرا و دە مانگی خایاند.



**کۆنگ فوو:** ☜ ووشۆ

**کۆنگگۆریلا:** Congorill فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٢٨.

**کۆنووس:** Minutes of Meeting, Proceedings، ناوی لێکدراو ڕوونووسی کۆبوونەوە N møtereferater ع محضر اجتماع د صورتجلسە.

**کۆنەڵان:** scullery ناو شۆرکە، قاپشۆرخانە، ژوورێکی بچووکە وەک هەوێنشخان لە تەنیشتی ئاشپەزخانە بۆ شۆردنی دەفروئامان و شمەکی تر. ع حجرة غسل الاطباق N kjøkkenutstyr د شربت خانە.

**کۆنکور:** concours ناو (فەرانسە) تاقیکردنەوەی وەرگرتن بۆ زانکۆ.

**کۆنیفا:** CONIFA بەرە و سەربەخۆیی وەرزش خەبات

کۆنفیدراسیۆنی یەکێتییە سەربەخۆکانی تۆپی پێ (کۆنیفا)

Confederation of Independent Football Associations (CONIFA)

اتحاد الجمعیات المستقلة لکرة القدم (کونفیا)

Foreningen av uavhengige fotballforbund (CONIFA)

کنفدراسیون اتحادیە های مستقل فوتبال (کونیفا)

١٥ی ئاگۆستی ساڵی ٢٠١٣ وەکوو دەزگای بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی دامەزرا، بۆ ئەو تیپی فووتبالانەی پەیوەندییان بە (فیفا)وە نییە، کە ژمارەیان ئەگاتە ٤٧ تیپ. لەم ژمارەیە هەنووکە ٣٨ تیپ ئەندامی کۆنیفایە: بڕوانە وێنەی

دوو.

تۆپی پێی ئافرەتان: هەموو ئەندامانی کۆنیفا هاندەدرێن کە وەبەرهێنان و پێشخستن لە تۆپی پێی ژنان لە کۆمەڵگاکانیاندا بکەن و، هەڵبژاردەی نیشتمانی مێینە دروست بکەن بۆ یاریکردن و ڕکابەریکردن لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کۆنیفا. یەکەم یاری فەرمی تۆپی پێی ژنانی کۆنیفا لە ٢٠١٨ لە باکووری قوبرس بەڕێوەچوو.

هاوینی داهاتوو، باشووری کوردستان میوانداری جامی جیهانی تۆپی پێی کۆنیفای ٢٠٢٤ ئەکات.







ولاتانی ئەندامی کۆنفیدراسیۆنی یەکێتییە سەربەخۆکانی تۆپی پێ (کۆنیفا)

**کۆنیگسبەرگ:** Königsberg جوگرافیا بەندەرێک بوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی زەریای باڵتیک. تا ١٩٤٦ هی پرووسیا و ئاڵمان بوو و ئێستە هی ڕووسیایە.





**کۆنینە:** antiquated ئاوەڵناو کۆن. ع عتیق، قدیم N foreldet د کهنه، قدیمی.

**کۆی:** Koi ماسی کۆی ماسی، ماسی کۆی یان بە ژاپۆنی نیشیکیگۆی nishikigoi ماسی ڕەنگامەن کە بۆ ڕازاندنەوە لە ئەستێڵ و مەنداو و ئاکواریۆمدا ڕائەگیرێن. ع کوي N Koi د ماهی کوی.







**کۆیزەڤۆکس:** Coysevox Antoine پەیکەرتاش ئانتوان، (١٦٤٠ـ١٧٢٠) هونەرمەندی پەیکەرتاشی ئیسپانیایی.







**کۆیلایەتی:** servitude ناو ناوی چاوگ کۆیلەیی، بێگاری، بەندایەتی، بەندەگەری، کاری زۆرەملی، خزمەت بەزۆر؛ کۆیلایەتی دۆخی کۆیلە بوون یان ملکەچی بۆ کەس یان لایەنێکی بەهێزتر. ع عبودیة استرقاق N slaveri د بندگی، بردگی.

**کوێستانی کارپات:** Carpathian Mountains ناوی جێگا زنجیرە کێوێکی کەوانییە بە درێژایی ١٥٠٠ کیلۆمەتر لە نێوان ئورووپای ناوەندی و باشووریدا.

**کوارتێتی پانزە:** String Quartet No ١٥ موزیک یان Quartet in A minor نووسینی بتهۆڤن، ١٨٢٥ بڵاو کرایەوە.







**کوان:** abscess ناو دمەڵ، دوومەڵ، چڵککردنی بن پێست، نێرکێکی هەیە پاش گەیشتن ئەو نێرکە ئەتەقێ و کیمەکەی ئەرژێتە دەرەوە. ع خراج N abscess د دمل.







**کوانتۆم:** Quantum فیزیک یەکەی وزە لە فیزیکدا. بڕێکی دابڕاوی وزە کە هاوکێشەیە لەگەڵ فرێکانسی تێشکدانەوەی ڕادیۆئەکتیڤەکەی.

**کوانزا:** Kwanzaa ناو جەژنێکی ساڵانەی کولتووری ئەفریقایی ـ ئەمریکاییە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٦ دێسامبر تا ١ی جانیوەری بەڕێوە ئەچێ. کوانزا یەکەم جار ساڵی ١٩٦٦ جەژن گیرا.

**کوانوو:** fireplace ناو کوانگ، کوانی، ئاگردان. ع المدفأة N ildsted د اجاق. ← **ئاگردان:** cheminée ناو شۆمینە، کوانووی دیواری، کە هەم بۆ گەرمای ناوماڵ و هەندێ جار بۆ چێشتلێنانیش بەکار ئەهێنرێ.






**کوچک:** ناو بەرد، کەڤر. ← **کوانووی سێ کوچکە:** کوانووی سێ بەرد، کوانووی سێ قاچ، کوانووی سێ سووچ.





**کوچەڵە:** grail, cup کەرەستە ناو کۆچەڵە، چاڵاو، دەفری بچووکی داری و سواڵەت، قووڵکەیەکە وەک دەمەکوچک لە قوورەسوورە دروست

ئەکرێ، ئەلکێنرێ بە قەدی دارەبەنەوە، لە بنی ئەو شوێنەی دارەکە بریندار کردوە، بنێشتەکە لە ناویدا کۆ ئەبێتەوە. ع علبة صغيرة N gral, kopp د کاسەی چوبین.



**کوچەلان:** ناو ئاگر خۆشکەری ناوگۆرک. د آتشبان.

**کوخت:** ناو کەپر، ماڵی هەژارانە، سازەیەکی سەرگیراو لە دار و چیلکە یان ئاسن بۆ هەمارکردن، یان پەنای خۆپاراستن، یانیش وەکوو کارگە بەکار ئەهێنرێ. ع سقیفة N hytte, skur د خرابە، کلبە ☜ کەپر.



**کودێتای ٢ی دێسەمبەری ١٨٥١ :** ١٨ی برۆمێر ڕامیاری دوابەدوای ڕووخانی لویی فیلیپ لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسە لە ساڵی ١٨٤٨، کۆماری دووەمی فەرەنسە دامەزرا. حکوومەتی کاتی زیاتر لە پارێزەران و ڕۆژنامەنووسانی سۆسیالیستی وەک لامارتین، لێدرۆ

ڕۆلاند و لویی بلان پێکهاتبوو. هاوکات دەستووری کۆمار پەسەند کرا و مافی دەنگدان بۆ پیاوانی سەروو ٢١ ساڵ ناسرا. لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ١٠ی دیسامبری ١٨٤٨، لویس ناپلیۆن بە ٥,٥ ملیۆن دەنگ سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

دابەشبوونی کۆمارییەکان دەسەلاتی سەرۆک کۆماری زیاتر کرد تا لویی ناپلیۆن لە ٢ی دیسامبری ١٨٥١ کودێتای کرد، پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و ناوی خۆی نا ناپلیۆنی سێیەم، ئیمپراتۆری فەڕانسە.

ماوەی نێوان شۆڕشی ١٨٤٨ی فەڕانسە و کودەتای ساڵی ١٨٥٢ی ناپلیۆنی سێیەم، کۆماری دووەمی فەڕانسەیە.

**کورتبڕ:** ellipsis ئامێر ئامرازێکە بۆ بڕین و کورتکردنەوەی فیلم لە کاتی مۆنتاژ، یان پێشنیازی ئەوەی پێش و دوای ئەوەی بینراوە چی ڕوو ئەدات. ⇐ فیلمی دەستکرد: Synthetic movies وێنەی لەدوای یەکی بزۆزن کە لە کاتی بینیندا دروست ئەکرێن.






**کورتەچیرۆک:** conte وێژە ڕازەچیرۆک، چیرۆکێکی کورتی تەمار و ئەندێشەییە وەک جۆرێک لە پێکهاتەی وێژەیی، کە بڕوای تێناچێ. ع قصة قصيرة N conte د قصە کوتاە.

**کورتەنەخش:** cameo سینەما ترقر شانۆ بەشێکی بچووکی کارەکتەری شانۆنامە یان فیلمێک، کە ئەکتەرێکی دیار یان کەسایەتییەکی ناودار ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت؛ پارچە (نووسراوە، فیلم، شانو و هتد). ع دور بارز قصير N rolle د نقش کوتاە برجستە. ☞ بڕوانە



**کوردستان:** کوردستان نەتەوە نیشتمان کوردستان لە ڕوانگەی لێکۆڵەر و مێژوونووس «ئەمیر ئەبوو حەدید»ـەوە، درێژەی هەیە تا ئەگاتە خاکی فیرعەونی و ئەمازیغی لە باکووری ئەفریقا.

https://vm.tiktok.com/ZGJw8PjWB







**کوردستانی سوور:** کوردستان نەتەوە نیشتمان ئەم بەشەی کوردستان، کە بە کوردستانی سوور ناسراوە {کۆماری ناگۆرنۆـ قەرەباغ یان ئارستاخ}، بچوکترین بەشی کوردستان و پێنجەم بەشی کوردستانە و، ڕووبەرەکەی نزیکەی {١١,٤٦٠} کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، لە ٧ ڕایۆن {پارێزگا} و، شاری خان کەندی {ستیپاناکیرت} پێکهاتووە.

لە نێوان ساڵی {١٩٢٣ز} لە بەشێکی زۆری کوردستانی سوور {کۆماری

ناگۆرنۆ- قەرەباغ یان ئارستاخ) کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی سوور دامەزرا بە بڕیاری لینین (١٩١٧- ١٩٢٤ز) یەکەم سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ، تاوەکوو ساڵی (١٩٢٩ز) بەردەوام بوو و، لەو ساڵەدا بە بڕیاری ستالین (١٩٤١- ١٩٥٣ز) سێیەم سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ، کە ئەو سەردەمە سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بوو، هەڵوەشایەوە.

لە پاش هەڵوەشاندنەوەی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی سوور، کوردان بە فەرمانی ستالین تووشی ڕاگواستن هاتن بۆ کۆمارە ئۆتۆنۆمییەکانی تری ناو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ، بەو شێوەیە زۆرینەی کورد لە کوردستانی سوور نەما و، لە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە ساڵی (١٩٩١) ئەوە بوو کوردان بەشێکی زۆریان گەڕانەوە، لە ساڵی (١٩٩٢) بە سەرۆکایەتی پارێزەر مستەفاییڤ کۆماری کوردی لاچین ڕاگەێنرا و، تەمەنی کۆمارەکە تەنها (١٥) ڕۆژ بووە.

لە میانەی جەنگی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان کە لە ساڵانی (١٩٨٨- ١٩٩٤ز) دا بووە، کوردستانی سوور لە لایەن سوپای ئەرمەنستان داگیر کرا و کۆتایی هات بەو کۆمارە کوردییە و، دووبارە کوردان ئاوارە بوون و، کۆماری ناگۆرنۆ- قەرەباغ یان ئارستاخ دامەزرا.

دانیشتوانی کوردستانی سوور نزیکەی (١٥٠,٠٠٠) کەسە و، بە داخەوە لە ئێستەدا کورد زۆرینەی پێک ناهێنێت و، بەڵکوو بە ئەرمەن کراوە و، لە دوای کۆنترۆڵ کردنەوەی لە لایەن ئازەربایجان لە ساڵی (٢٠٢٠ ز) بە تورکی ئەکرێت و، هەرچەندە گەلی ئازەر زمانیان کراوە بە تورکی، بەڵام بە ڕەگەز کوردن نەوەکوو تورک.

کوردستانی سوور (کۆماری ناگۆرنۆ- قەرەباغ یان ئارستاخ) لە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە بە وڵاتی ئازەربایجان و، لە باشورەوە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتی ئێران و، لە ڕۆژئاواوە بە وڵاتی ئەرمەنستان گەمارۆ دراوە. ◄■ چۆمان حەمە تەقیەدین.





**کوردناسی:** Kurdish Studies کوردناسی خوێندن و تۆژینەوەی لەسەر مێژوو و زمان و جوگرافیا و مەردمناسی کوردستان. ع الدراسات الكردية N Kurdiske studier د کردشناسی.

**کوردۆبا:** Cordoba جوگرافیا یان Cordova شارێکە لە ناوچەی ئەندەلووسیای باشووری ئیسپانیا، کە چەرمەکەی بەناوبانگە. سەدەی دە و یانزە پایتەختی ئەمارەتی ئەمەوی کوردۆبا بوو.






**کوڕوکاڵ:** youth ناو گەنج و لاو، بە کۆمەڵەی چەند کوڕێکی گەنجی تازە پێگەیشتوو دەگوترێ. ع شباب N ungdom د مجموعەای از جوانان.

**کورد یان ئێرانی:** کوردناسی دۆزمنناسی ئارمانجگەرایی ستراتیجی سەرەتای نەوەدەکان لە ئۆسلۆ، ڕۆژانی یەکشەممە مێزی پەرووک هەبوو. چالاکڤانی ڕامیاری ئەچووین بۆ ئەوێ. ڕۆژێکیان هاوڕێیەکی بەلووچ پێی

وتم ئەو برادەرە لە کۆبوونەوەی ئێرانییەکان وتوویەتی: «من یەکەم ئێرانیم و پاشان کوردم.» چووین بۆ لای برادەرەکە و وتمان بۆ وات وتووە؟ وتی: «هەرسێک تەڵاقم کەوتبێ، شتی وام نەوتووە!» وتمان ئەی چیت وتووە؟ وتی: «وتوومە یەکەم کوردم پاشان ئێرانی.» وتمان ئەوە خراپترە! ئەبێ بڵێی: «من یەکەم کوردم و پاشانیش ئێرانی نیم، چونکە ئەو دەسەڵاتەی ئەمڕۆ ناوی خۆی ناوە ئێران، ئەوە داگیرکەری کوردستانە!» ☜ بڕوانە ناوی ئێران

**کورد یان عیراقی:** کوردناسی دوژمنناسی ئارمانجگەرایی ستراتیجی عیراقی فیدراڵ واتە پێکهاتەی یەکگرتووی دڵخوازانەی عەرەبستان و کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بە ناوی عیراق. ◄ بێژەری تلەڤیزیۆن یەخەی بە خاتوونی بەرێزی کورد دکتۆر ئەشواق جاف گرتبوو کە ئەبێ بڵێ یەکەم عیراقییە پاشان کوردە؟! پەرلەمانتاری بەرێزی بوێریش پێی وت: تۆ خراپ تێگەیشتوویت، من کوردستانیم و نوێنەری گەلی کوردستانم لە پەرلەمانی فیدرالی عیراق!

◄ بژی پەرلەمانتارانی بوێری کوردستانی!




**کورد و تورک:** Kurds and Turks کوردناسی دوژمنناسی ستراتیجی لەم چەند دێڕەدا هەرچەند زۆر بنەمای ڕاستەقینە شاردراوەتەوە، وەک: «ئێمە لە خاکێکی هاوبەشدا دەژین.» نەخێر وانییە؛ تورک کوردستانی داگیر کردووە، ئاماژە بە مافی ڕەوای چارەی خۆنووسین ناکات و، زۆری تر کە ئەبێ بە وردی ڕەچاو بکرێن... بەڵام لانیکەم ددانیان بە هەندێ

ڕاستی تێدایە و شێوازێکی ژیرانەیە بۆ دوان بەرامبەر بە فاشیزمی داگیرکەر.

◀◀ نووسینی **ئەحمەد ئاڵتان** نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیا

## کێشەی کورد لە یەک وشەدا...




◀ ئێمە هاولاتی ولاتێکین و لە خاکێکی هاوبەشدا دەژین. بەڵام ئایا هەمووومان یەکسانین؟ با ئەم پرسیارە ڕوونتر بخەینە ڕوو: ئایا تورک یەکسانە بە کورد؟ مسۆگەر پێمان دەڵێن: «بێگومان ئێمە یەکسانین.»

◀ تا چ ڕادەیەک ئێمە [تورک] یەکسانین بە کورد؟ تورک بە تورکی و کورد بە کوردی قسە دەکەن. بەڵام زمانی فەرمی حکومەت چییە؟ ـ تورکی!

◀ بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە لە ڕووی زمانەوە یەکسان نین. زمانی تاقمێک لەم ولاتەدا «زمانی فەرمی» حکومەتە، زمانی گرووپێکی مەزنی تری ئەم ولاتەش «فەرمی» نییە.

◀ لەم ولاتە زمانی فەرمی پەروەردە چییە؟ ـ تورکی!

◀ ئایا فێرگەیەک هەیە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی؟ نەخێر. ئایا زانکۆیەک هەیە بە زمانی کوردی وانە بڵێتەوە؟ بە هیچ شێوەیەک!

◀ لەم ولاتە تەنانەت بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی وانە دەڵێینەوە؛ بەڵام ئێمە کوردی قەدەغە دەکەین. کەواتە دەتوانین بڵێین ئێمە لە ڕووی «پەروەردە»وە یەکسان نین.

◀ دەستور، هاولاتی ئەم ولاتە بە چی ناو دەبات؟ ـ تورک!

◀ کەواتە دەستوور کوردەکان بە چی ناو ئەبات؟ بە پێی دەستوور ئەوانیش تورکن. ئایا کوردەکان «تورک»ن؟ بەدڵنیاییەوە نا! کەواتە ئەگەر ئەوان

«تورک» نین، بۆچی پێیان دەڵێین «تورک»؟ چونکە دەستوور بەو شێوەیە فەرمان دەدات. بەپێی دەستوور، ئایا هاوڵاتییەکی «کورد»ی ئەم وڵاتە دەتوانێت «کورد» بێت؟ وەڵامەکە نەرێنییە. ئێمە بەو ئەنجامە دەگەین کە ئێمە بەپێی «دەستوور» یەکسان نین.

◀ لە ڕوانگەی «زمان» و، لە ڕوانگەی «پەروەردە» و، لە ڕوانگەی «دەستوور»ـەوە [ئێمەی تورک و کورد] یەکسان نین. کەواتە «ئێمە» لە کوێدا لەگەڵ ئەوان یەکسانین؟

◀ کاتێک دەچین بۆ سەربازی. بەبێ هیچ جیاوازییەک، هەم تورک و هەم کورد دەبەین بۆ سەربازی. کاتێ وەرگرتنی باجیش ئێمە یەکسانین. بێ هیچ هەڵاواردنێک باج لە هەردوو تورک و کورد وەردەگرین. کەواتە دەکرێ بڵێین ئێمە لە ڕووی «بەرپرسیارێتی»مان بەرامبەر بە حکومەت یەکسانین. بەڵام ئێمە بۆ ئەو شتانەی ئەبێ لە حکومەتەوە دەستمان بکەوێت یەکسان نین. پێت وایە ئەمە دادپەروەرانەیە؟

◀ ئەوان ئەبەیت بۆ سەربازی، باجیان لێ وەردەگریت، بەڵام زمان و پەروەردە و یەکسانییان لەبەردەم دەستووردا پەژێرە ناکەیت. پاشان دێیت و پێیان دەڵێیت: کێشەی ئێوە چییە؟ تووڕە دەبیت و دەڵێی: «بۆچی ئاژاوە ئەنێنەوە؟» دەیانکوژێت و فڕێیان دەدەیتە ناو چاڵەوە؛ لە شەقام لێیان دەدەیت و لە زیندانەکاندا ئەشکەنجەیان دەکەیت.

◀ ئێستا بە وردبوونەوە لەم تابلۆیە، بەڕای ئێوە سەرچاوەی «کێشەی کورد» چییە؟

◀ بە بۆچوونی من ئەم بابەتە تەنها یەک هۆکاری هەیە. ئەویش «نادادپەروەری»یە. نەتەوەیەک دێت و وەک «دیل» هەڵسوکەوت لەگەڵ نەتەوەیەکی تر دەکات و دەڵێت: «دەبێت ڕەگەز و زمان و باڵادەستی من پەژێرە بکەن».

◀ بۆچی ئێمە یەکسان نین لەگەڵ کورد؟ ئەگەر ئەم پرسیارەیان لێ بکەین،

وەڵام دەدەنەوە: «ئەگەر ئێمە یەکسان بین و مافی یەکسانیان پێ بدەین، وڵاتەکەمان دابەش دەبێت.»

پرسیارەکە ئەوەیە: «وڵاتی کێ دابەش دەبێت؟» وڵاتی «ئێمە». ئێمە کێین؟
ـ تورکەکان.

◀ کەواتە «کورد» کێن؟ ئایا ئەمە وڵاتی ئەوانیشە؟ دەسبەجێ وەڵام دەدەنەوە: «بێگومان ئەمە وڵاتی کوردیشە». ئەگەر ئێرە وڵاتی «هەموومان» بێت، ئەی بۆچی ترسەکانمان بەرامبەر بەم وڵاتە «وەک یەک» نییە؟

◀ بۆچی ئێمە لە «دابەشبوون» دەترسین بەڵام کورد لە «دابەشبوون» ناترسێت؟ ئایا نابێت «خاوەنانی هاوبەش»ی وڵاتێک ترسی هاوبەشیان هەبێت بەرامبەر بەو وڵاتە؟ ئێمە دەترسین، چونکە ئێمە «دادپەروەرانە» لەگەڵ کورد ڕەفتارمان نەکردووە. ئێمە وەک «دیل» لەگەڵ کورددا جووڵاوینەتەوە و پێمان وایە لەوانەیە ئەوان بیانەوێت کۆتایی بەم دۆخە بهێنن. ئەگەر یەکێک لە نەتەوە گەورەکانی وڵاتێک، بە زۆر سەروەری خۆی بەسەر نەتەوەیەکی تردا بسەپێنێت، هەمیشە لە پرسگری «جیابوونەوە» دەترسێت. لە کۆتاییشدا بێگومان ئەو وڵاتە هەڵدەوەشێتەوە.

◀ ئەگەر زمانی کوردی ببێتە یەکێک لە زمانە فەرمییەکان و دەستوور پێیان نەڵێ «تورک»، ئایا «پرسی کورد» دەمێنێتەوە؟ هەرگیز. لە ئەنجامدا چارەسەری کێشەکە دیارە و، هەروەها زۆر سادە و ڕوونە: ئەگەر یەکسان بین، کێشەکە چارەسەر دەبێت. بەڵام بۆ چارەسەری کێشەکە ناکەین؟
ـ چونکە نامانەوێت «یەکسان» بین.

◀ جا ئێستاکە پرسیار ئەوەیە، بۆ نامانەوێت لەگەڵ کورد یەکسان بین؟ تورک لە چیدا لە کورد باشترە؟ ئایا ژمارەی دانیشتوانی زیاتر و هەبوونی سپا، تورکی کردووەتە باڵاتر؟ ڕەنگیشە چەک ئەو کارەی کردبێت؟

◀ ئێوە [تورک] لە هەمان سەرەتاوە بە چەک هەڵسوکەوتتان کردووە. کەواتە

بۆچی سەرتان سووڕدەمێنێت کاتێک دەنگی تفەنگ لە شاخەوە دێت؟

◀ ئێوە[تورک] خۆتان چەکەکان بخەنە لاوە، ئاغایەتی زۆرەملێ بخەنە لاوە، بێگومان چەک لە شاخەکانیش نامێنێت. کێشەکەش چارەسەر دەبێت. بەڵام پێش هەموو شتێک «یەکسانی»مان لە بەردەم خودا و بەندەکانیدا پەرێزە بکەن.




**کوردەکانی مازەندەران:** ئاسیمیلاسیۆن تواندنەوە نیشتمان کوردانی پارێزگای مازەندەران چەند سەدەیەک لەمەوبەر بە هۆی دۆخێکی ڕامیاری و ستراتیژی لە ناوچەی بنەچەی دەرکردن {کوردستان} و ناسەقامگیری ناوچەی مەبەست دوابەدوای زنجیرەیەک بڕیاری نادادگەرانەی داگیرکەران بۆ ئاسیمیلە و لەناوبردن لە کوردستان تەرەکراوەن و نێردراون بۆ ناوچەکانی مازەندەران.

• ئەوەی گرنگە کورد بە ئاسانی ناتوێتەوە و سەرەڕای ناچاریی هاوژینی لە پاش سەدان ساڵ دووری هێشتاش هەر کوردن و هەر کورد ماون. سەبارەت بە سەردەمی دەستپێکردنی تەرەکردنی کورد شەپۆلی کۆچی زۆرەملێی کورد بۆ ناوچە جیاوازەکان لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوی و لە سەردەمی پادشاکانی دیکەی وەک شا عەباس دەستی پێکردووە و دوای ڕووخانی حکومەتی سەفەویش، لە لایەن نادر شای ئەفشار و کەریم خانی زەندەوە درێژەی هەبووە؛ هەرچەند ئەو تەرەکردنە زۆرەملێیە هەستی نەتەوایەتی ئەو کوردانەی

لەناو نەبردووە.

- دوای بەزۆر تەرەکردنی کورد بۆ مازەندەران، بەم شێوەیە بڵاو کراونەتەوە:
  ١. کوردانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای مازەندەران
  ٢. کوردانی شاری بێهشەهر
  ٣. کوردانی ناوچەکانی باکووری پارێزگاکانی جوویبار و ساری
  ٤. کوردانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای مازەندەران
  ٥. کوردانی ناوچەکانی کەلاردەشت و کوجور
- ئەم گرووپانە لە کەلاردەشت بە شێوەیەکی سەرەکی بە خواجەوەند ناسراون و لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە {ئیل} واتە خێڵ ناویان ئەبەن. هانری فیڵد، شوێنی نیشتەجێبوونی خواجەوەندەکان بە شاری کەلاردەشت و گوندەکانی کەلنۆ، پیمبور، عوسمان کەلا، کوتیر، تەویدە، سەنگسەرەک، بنەفشەدێ، تەبەرسوو، ویجدان، تەلۆچاڵ، کوردمحەلە، تایب کەلا، شەخری چالووس و گوندی کەریماوای فەسیب و، ئیمامرود بە کورد ئەزانێ. هەروەها لای وایە ٥ کۆمەڵە لە کوردانی {سوڵتان قولیخانی، کاکەوەند، لەک و دێلفانی} لە کوردستان دەرکراون و لە ناوچەی کەلادەشت نیشتەجێ کراون.
- مەکنزی لە ساڵی ١٨٦٠ نووسیویەتی: لە ١٠٠ لادێی کەلاروستاق نزیکەی زیاتر لە ٦٠٠ بنەماڵەی خواجەوەند ژیاون.

کۆچاندنی زۆرەملێی ئەم کۆمەڵە زیاتر بە دوای ڕامیاری سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنی کورد لە کوردستان ئەنجامدراوە. لە شوێنێکی دیکەدا ڕابینیۆ دەنووسێت: خواجەوەندەکان لەگەڵ مافی و کەلهور خەڵکی هەرێمی کوردستانن، کە ئاغا محەممەد خان لە ناوچەی ئەردەڵانی پارێزگای گرۆس {بیجار}ی کوردستانەوە دووری خستنەوە بۆ مازەندەران تا لەگەڵ عەبدولمەلەکیەکان کە لە شەهریارەوە کۆچیان پێکرابوو بۆ مازەندەران، تاران لە هەر چەشنە ئاژاوە و ئاژاوەگێڕی دانیشتووانەکەی

بپارێزن.

- **کوردانی نەوشەهر و لقەکانی:** کۆمەڵێکی دیکەی کورد کە لە سەردەمی ئاغای محەممەد خان قاجار لە کرماشان و کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای مازەندەران کۆچیان پێکراوە، بە کوردی خەزایی ناسراون، کە زۆربەیان لە ناوشار و بەشێک لە گوندەکانی زانووس، ڕوستاق پوول، ستانکرود، کەنیج، خوشل و کوجور ئەژین، کە بە کوردی قسە ئەکەن و بە شێوەزاری مازەندەرانیش باش دەزانن.
- **کوردانی بێهشەهر:** ئەم ناوچەیە بە چوارقەڵای عەبدولمەلەکی ناسراوە. ئەم چوار هۆزە ناویان فەهرووەند، زینوەند، شێخوەند و کەلوەندە، کە لە شاری بێهشەهر و گوندەکانی سەر بەوێ وەکوو: حسێن ئاباد، ئەمیرئاباد، زینوەند و زاغمەرز ئەژین.
- ڕۆبینیۆ لە **سەفەرنامەی مازەندەران و ئەسراباد**دا دەربارەی عەبدولمەلەکیەکان نووسیویەتی: «عەبدولمەلکیەکان لە دەرەگەز ئەژیان و دواترتەرەکران بۆ شیراز و دواتریش براون بۆ شەهریار. ئاغا محەمەد خان پاش ماوەیەک ناردیانی بۆ «نوور» و ٤٠ ساڵ لەوێ مانەوە. ئەوسا لە لایەن میرزا ئاقا خانی نووری، لە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٥ی زایینی، بە زۆرەملی نێردراون بۆ ناوچەی «ساری». زمانی ئەوان لە بنەڕەتدا کوردی ئەورامی بوو، کە بە تێپەڕبوونی کات زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.
- **کوردانی ناوچەکانی باکووری جۆیبار و ساری:** هانری فیڵد لە پەرتووکی ئەنترۆپۆلۆژیای ئێراندا ئاماژە بەوە ئەکات کە لە سەردەمی ئاغا محەممەد خانی قاجاردا هۆزێک، کە لە کورد و تورک پێکهاتبوون (مەردانلو و جیهان بێگلوو) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تورکمانەکانی ساوجبلاغ کۆچیان پێکراوە بۆ ناوچەی فەرحئاباد. ئەم ناوچەیە کە ئەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕووباری تاجان، ئەمڕۆ بەشێک لە باکووری پارێزگاکانی ساری و جوویبار ئەگرێتەوە.

**کوردانی قایمشار:** شەڕی نێوان ئێران و عێراق هەلومەرجی (بۆ نائارامی، کێشەی ئابووری و هتد) بۆ ژمارەیەک لە ناوچەکانی باشووری ئەو وڵاتە وەک قایمشار ڕەخساند. هەروەها ژمارەیەک لە کوردانی دیکە بە پشتبەستن بە هەمان ڕامیاری داگیرکەرانە و لە هەمان قۆناغدا کۆچیان پێکرا بۆ فەرەیدون کەنار و بابولسەر و گەرەکەکانی جەعفەرەئاباد و ڕەحمانئاباد کە دەکەنە باکور و باکووری ڕۆژئاوای مەحموود ئاباد. کوردەکانی ئەو ناوچانە تا ئێستاش جلی کوردی لەبەر ئەکەن و لە نێو خۆیاندا بە کوردی قسە دەکەن.

- **دوو هۆکاری مێژوویی بۆ کۆچی زۆرەملێی کورد:**

ئ) دروستکردنی هاوسەنگییەکی ڕامیاری نوێ و دانیشتووان لە ناوچەی مەبەستی کۆچپێکردن، واتە کوردستانی دابەش و داگیرکراو.

ب) درووستکردنی درز و لاوازکردنی کورد لە ناوچەکانی بنەچەی کۆچ لە ڕۆژئاوای ئێران و دیسان لە پێناو بە چۆکداهێنانیان لە بەرامبەر حکومەتی داگیرکەری ناوەندی.

**کوردی خێرا :** ئەختەکلیل ئای ئر ناو تەختە کلیلی کوردی بۆ ویندەوز، دانان و دیزاین و پرۆگرامی سیامەند مامیر شاسواری، لەگەڵ هەموو ویندەوزێک بە جوانی کار ئەکات و تا ڕادەی لەسەدا چل لە هەموو تەختەکلیلی کوردی خێراترە، چونکە کاتی نووسین پێویست بە گرتنی کلیلی (شیفت) ناکات. هەموو کەس ئەتوانێ لەم لینکانەی خوارەوە دایبەزێنێ و دایمەزرێنێ و بەکاری بهێنێ.

لینکی ١

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20140106100846868 09& lng=1

لینکی ٢

https://sites.google.com/site/fastkeyboardkurdish

لینکی ٣ دەربارەی کوردی خێرا

https://docs.google.com/viewer?a=v& pid=sites& srcid=ZGVmYXVsdGRvbWFpb nxmYXN0a2V5Ym9hcmRrdXJkaXNofGd4OjY4M2JiYTQ4YWVlODQ5ZGY

هەروەها ☜ دەربارەی کوردی خێرا









**کوردیکا :** Kurdika فەرهەنگ زانستنامە زانستنامەیەکی کوردییە، لە نووسینی نووسەر، فەرهەنگنووس و لێکۆڵەری کورد ئاکۆ جەلیلیان. تەنیا بەش واژەیلی ٣٠ بەرگە و ٣٤٠ هزار واژەی کوردی لە خوەی گرێگە، تا ئێستە ٩ بەرگی لێ چاپ بووە و جارێ گەیشتووەتە پیتی «خ».







**کورژان :** چاوگی تێنەپەڕ ڕرچبوون.

**کورژاندن :** چاوگی تێپەڕ ڕرچتێخستن.

**کورک :** fluff ناو لوا، بەرگن، کوڵکەی بزن و وشتر کە زۆر نەرم و گرانبایە و بە شانە لێی ئەکەنەوە.





**کورکاندن:** clucking چاوگی تێپەڕ جقەجق و گارەگار و شاقەشاق و قووقوقووقی پەلەوەر؛ پرتەوبۆڵە. ع القرق N clucking د قدقد کردن.

**کورۆ:** Jean_Baptiste_Camille Corot تێوەکار کۆرۆ، هونەرمەندی وێنەگەری فەڕانسەیی (١٧٩٦ـ١٨٧٥).






**کوڕانی خوا:** The Sons Of God شێوەزانست ئاییناسی دین ☜ (دە پەرجووی تەورات ـ شەشەم) ڕەنگە یەکێک لەو بەڵگانەی زۆرترین دڵنیایی ئەدا کە مرۆڤ و غەوارەی دەرەکی پەیوەندییان پێکەوە هەبووە، چوار بڕگەی سەرەتای بەشی شەشەمی سفری ئافراندنی تەوراتی جوولەکەیە:

کاتێک کە پیاو لەسەر زەوی لە زیادبووندا بوون، کچانی زەوی لەبەر ئەوان لەدایک بوون، کوڕانی خوا، ئەو کچانەیان بینی و لایان جوان بوون. ئەوسا ئەو کچانەیان وەکوو هاوسەرانی خۆیان هەڵبژارد. ئەم بڕگانە پاشان باسی ئەوە ئەکەن، ئەم کچانە، چۆن ئەم «**نەفلیمە زەبەلاحانە** Nephilim» بە «کوڕانی خوا» ئەزانن.

لەکاتێکدا زۆر کەس وای دائەنێن کە ئەم «کوڕانی خوا» لە غەوارە دەرەکییەکان بن، هەندێکی تر بە سادەیی بە «سێس Seth» لە ڕۆڵەکانی ئادەم و حەوایان دائەنێن. سەرەڕای لێکدانەوەی ڕاست، ئەمە یەکێکە لەو بناغە تیۆرییانەی ئەستێرەناسە کۆنەکان پشتیان پێ بەستوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە غەوارەی دەرەکی لە کاروباری مرۆییدا نەخشیان هەبووە.










**کوڕشه :** hoarfrost دیاردە ناو سیخوار، زوقم و بەفرۆکە و بەستەلۆک. ع أجش N rimfrost د سرماریزە. ⇦ **خوناو :** dew دیاردە ناو ئاونگ، خوسار، شەونم. ع ندى، نداوة N dugg د شبنم.













**کورکوڕ:** hoarfrost دیاردە ناو قەتێ، باڵندەیەکی دەنگخۆشە بەقەد کۆتر، تووکی لە هەموو تووکێک نەرمترە و گۆشتی دەخورێ. ⇐ هێماپیر
کورکوڕی خوێندن: خۆبادان و هووشەکردن و دروشمدانە، بەتایبەت لە یاری تاوڵەدا.




**کوڕەدار:** کشتوکاڵ ناو داربەستی داری میوە، داربەستی دارمێو.
⇐ **سەرپەنە:** کشتوکاڵ ناوی لێکدراو داری ڕێ کە داری وەبەردراوە کەتەبەر.
☜ ترێ تاقی

**کوڕی هەڵەخەرج:** prodigal son ئایینناسی شێوەکاری سەربردەیەکی ئینجیلە (ئینجیلی کوردی، لۆقا ١٥: ٢٤ـ١١) زۆر شێوەکاری توانا وەک ڕەمبراند و ژان بابتیست گرووز، بارتۆلۆمی مۆریلۆ کردوویانە بە تابلۆ.




**کوڕێک لە ساڤۆیەوە:** Le Petit Savoyard ویژە پەرتووکێکی هەرزەکارانە نووسینی ئەلەکساندر گیرۆ Alexandre Guiraud ⇐ **ساڤۆی:** Savoy ناوچەیەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی فەرانسە، هەروەها مەڵبەندێکی

مێژوویە دابەش بوو لە نێوانی ئیتالیا و فەرەنسە و سویسدا.








**کورپێژگە :** The Kid فیلم فیلمی ئەمریکایی ١٩٢١، دەرهێنان و هونەرمەندی چارلی چاپلین و جەکی کووگەن.









**کوشتارگە :** carnage ناوی جێگا شوێنی سەربڕینی ئاژەڵ. ع مجزرە د قصاب خانە. ⇐ **Carnage:** کاراکتەر هاوڕێ، هاوڕێن، یەکێک لە سیمبایۆتەکانی symbiote مارڤێڵ کامیکس وەکوو سپایدرمەن. چەندین فیلمی لەسەر ساز کراوە.









**کوشتن:** kill چاوگی تێپەڕ هۆکاری مردنی کەسێک، ئاژەڵێک، یان زیندەوەری تر. ع قتل N drepe د کشتن.

**کوشتنی بەوست:** Targeted killing سەربازی ناوی لێکدراو چالاکی سەربازی تایبەت لە لایەن حکوومەتەکانەوە بۆ کوشتنی کەسانی تایبەتی ناسەربازی یان لێدانی ڕێکخراوی نافەرمی. هەندێ لە دەوڵەتەکان کوشتنی بەوست بە چالاکی لە دژی تڕۆریزم دائەنێن.












**کوشتنی پەڕزێڕینێک:** To Kill a Mockingbird ڕۆمان ڕۆمانێکی ١٩٦٠ی هارپر لی نووسەری ئەمریکاییە. خەڵاتی پۆلیتزێری وەرگرتووە، زیاتر لە ٤٠ملیۆنی لێ فرۆشراوە و بە ٤٠ زمانیش وەرگێڕدراوە. ⇦ **کوشتنی پەڕزێڕینێک:** To Kill a Mockingbird فیلم فیلمی ناوازەی ١٩٦٢ ژێوەرگیراو لە ڕۆمانێک بە هەمان ناو، هونەرمەندی گریگۆری پێک و دەرهێنانی ڕابێرت مالیگەن.









**کوشتوکوشتار:** bloodshed جەخت ناوی لێکدراو کو

**کوفارە:** fountain پیشانگا ناو کوڵکوڵە، کوفارە، N fontene ع نافورة د فوارە. bloodshed



**کول:** blunt ئاوەڵناو بەخ، لەساوچوو، نەبڕ، تەور و چەقۆ و داس و ماڵەغانێک بیچم و دارەت و لێواری ڕێکوپێکی نییە، تیژ نییە و وەک پێویست کار ناکات. ع غیر مرتب N uryddig د نامرتب.

: دار دەمی تەور و لاسک کەرەنتوو کول ئەکات.



**کولیلک:** stigma ڕووەک ناو بەشێک لە مێیینەی گوڵ کە گەردەی لە سەر ئەنیشێ د کلالە N stigma ع الميسم.






**کوڵ و کەسەر:** sadness هێمایر ناوولێکدراو دەرد و ئازار، خەم و بەینەت، پاتەکردنەوەی دوو وشەی هاوواتا وەکوو جەخت کردن. ع الحزن و كآبه

N tristhet د سوز و گداز.

**کوڵۆش:** کشتوکاڵ ناو کوڵۆش، دواوەی دانەوێڵە.




**کوفارە:** fontain ناو ئاوێک کە بە گوشار فیچقە بکات و هەڵبدرێ بۆ سەرەوە. ع ناقورە N fontene د فوارە.

**کوفارەی پیشانگا:** پیشانگا ناوی لێکدراو کۆمەڵە کوفارەی پیشانگەی جیهانی ١٨٨٩ی پاریس، کە لە دیاردە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکانی ئەم پیشانگەیە بوون.






**کولاڤ:**❶ ناو ڕایەخی پەستاوتووی بەرگن، زۆر گەرم و لەبارە بۆ دانیشتن.





**کولاڤ:**❷ ناو کڵاوی پەستاوتووی بەرگن.







**کولاڤە:** ناو کەڵەوەی ملی گاجووت د یوغ گردن گاو شخم زنی.

**کولانەی هۆشبەرەکان:** drug den مافیا پەناگەی تووشبوان، ئەو خانوانەن لە بازرگانی نارێسایی هێسنە هۆشبەرەکاندا شوێن بۆ بەکارهێنان و فرۆشتنی هۆشبەر دابین ئەکەن. ع وکر المخدرات N narkotikahi د لانه مواد مخدر.







**کولاوکە:** ناو vent ناو ڕۆژن، ڕۆچنە، کولاوکە، ڕۆژنە، دەربیچە، دەلاقە. ع فتحة N vent د دریچە. ⇐ کلاوڕۆژنەی سەربان.







**کوڵ:** lurking ناوی فەرمان بە دزییەوە گوێ لە قسەی خەڵک گرتن. ع مکمن N lurer د در کمین شدن.

**کوڵگرتن:** lurking چاوگی تێپەڕ خۆ لە بۆسەنان بۆ گوێگرتن و سەیرکردن و سیخوڕی.

**دزدەسەک:** thief spy ناوی لێکدراو داپکەدزە، دەسکیس، سیخوڕ و هەیتەی دز. ع لص جاسوس N tyvspion د شریک دزد.

**کوڵمە:** ناو گۆنا؛ پارچە گۆشتی بێ ئێسک. کوڵمەی مەمک، کوڵمەی سمت، کوڵمەی ران.



**کوڵووک:** pelvis توێکاری ناو کاسەی سمت، پێکهاتەی ئێسکی گەورەیە لە نزیک بنەمای بربڕەی پشت، لە مرۆڤ و زۆرێک لە ئێسکدارانی تردا ئەندامەکانی دواوە یان قاچەکانی پێوە لکێنراون. ع الحوض N bekken د لگن خاصره.



**کوڵەچوارشەممە:** ئاییروئەفسانە کورترین چوارشەممەی کۆتایی ساڵە لە پێش داهاتنی بەهار و ساڵی تازە، لەو شەوەدا حەوت ئاگر ئەکرێتەوە،

بە سەریدا باز ئەدەن و ئەڵێن: زەردی من بۆ تۆ، سووری تۆ بۆ من! واتە بەم شێوەیە بەختی نزم توور ئەدەن و بەختی گەش بۆ خۆیان داخواز ئەکەن؛ کوڵەچوارشەممە لای کوردانی ئێزەدی گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

**شەمێلە:** eavesdrop ناو شەمێلەی ژنان، شەماڵە؛ شەوانی شەممە، ژنان لە سێ ڕێیان و سووچی کۆڵانان و پەسێوی بانان خۆیان دائەگرن لەگەڵ نیازێک لە دڵدا، ئەوەی لە ڕێبوارانی ئەبیستن ئەیکەن بە نوقلانەی پێکهاتنی نیازەکەیان؛ ئەگەر گوتەی خۆشیان بیست ئەوا ئەیکەن بە نیشانەی پێک نەهاتنی. ئەم نەریتە لە چوارشەممە سووری یان کوڵە چوارشەممەی کۆتایی ساڵیشدا زۆر باوە.









**کوڵگرتن:** lurking چاوگی تێنەپەڕ خۆ لە بۆسەنان بۆ گوێگرتن و سەیرکردن و سیخوڕی. ع اختباء N lurer د کمین کردن.





**کونت نشین:** Duchy ڕامیاری سیستەم یان County یەکەیەکی کارگێڕی و ڕامیاری کە بە هۆی کونتێکەوە بەڕێوە ئەچێ، کە زیاتر هێی خولی دەرەبەگایەتییە.





**کونترێکسیڤیل:** ☜ کۆنترێکسیڤیل.

**کونتێس ئێدمۆند دو بۆرتالیس:** Louise Sophie Mélanie Renouard de Bussière شازادە (١٨٣٦ـ١٩١٤) کە زیاتر بە ناوی هاوسەریی comtesse Edmond de Pourtalès ناسراوە، لە ئیمپراتۆری دووەمی فەڕانسەدا یەکێک بوو لە «شادوتەکانی پاریس».





**کونجرکە:** tribulus terrestris ڕووەک دەرمان ناو پەیکوڵ، سێچوکڵ، دڕکێکی سێ سووچە، بە زەویدا پان ئەبێتەوە و دەنکەکەی بۆ دەرمان ئەشێ د خارخسک.






**کونجی:** sesame ڕووەک ناو کونجەو، ڕووەکێکی ساڵانەی دەوەنی بەرزە، لە ناوچە گەرم و ژێرگەرمەکانی جیهان ئەڕوێ، کە بە هۆی دەنکی دەوڵەمەند بە ڕۆن و چەوری دەچێنرێت. ع سمسم N sesam د کنجد. ⇦ **ڕۆنی کونجی:** sesame oil ڕۆن ناو ڕۆنێکی ڕووەکی خۆراکییە لە دەنکی کونجی ئەگیرێ. یەکێکە لە سەرەتاییترین ڕۆنە ناسراوەکانی بنەمای دێرسی بەرهەم. بەرهەمهێنانی مۆدێرنی بەکۆمەڵ لە سەرانسەری جیهاندا سنووردارە، بە هۆی پرۆسەی ناکارامەی دروێنەکردنی دەستی کە پێویستە بۆ دەرهێنانی ڕۆن.⇦ **دەنکی کونجی:** sesame seeds دەنک ناو ڕیژەیەکی بەرزی فیبری هەیە بۆ هەرسکردنی باش سوودمەندە.




**کونجی و سوێسنە:** Sesame and Lilies وێژە هێمایر پەرتووکێکە لە پێشەکییەک و دوو وانەوتار پێک هاتووە {پاشتر وتارێکی خراوەتە تەک}. کونجی دەربارەی ئەو گەنج و بەهرەیە ئەدوێ لە پەرتووکدا هەیە و بە خوێندنەوەی دەستمان ئەکەوێ و سوێسنە باسی ژن ئەکا وەکوو پارێزەر و جوانیبەخشی جیهان و ئەوەی کە پەروەردەی ژنان ئەبێ چۆن بێ تا بتوانێ ئامادەیان بکات بۆ هەستان بەو ئەرکە.







**کونسوول:** Consulat ڕامیاری ناوی جێگا به واتای کونسولخانه دێ، بەڵام لێره {ڕۆمانی گەڕان} مەبەست حکومەتی پاش کودەتای ١٨ی برۆمێرە، کە لە دوای دەسەڵاتی دیرکتوار هاتە سەر کار و لە ساڵی ١٧٩٩ تا ١٨٠٤ دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو. پەرتووکی هەژدەی برۆمێری لویی بوناپارت نووسینی کارڵ مارکس ساڵی ١٩٨٣ لە لایەن سیامەند شاسوارییەوە کراوە بە کوردی، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان؛ هەروەها جارێکی تریش ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن سیامەند شاسواری و لە زمانی ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی.








**کونەهەوا:** ❶ blowhole ناوی لێکدراو ئەشکەوتی زەریا، ڕێگەدری هەوا و گاز، گوڵبێنەی هەوا، ئاودری زەریا. ⇦ **کونەلووتی نەهەنگ:** ❷ blowhole کە هەناسەی لێوە ئەدات و فیچقەکەی لە دوورەوە ئەبینرێت. ⇦ **ڕەهۆڵی سەهۆڵ:** ❸ blowhole کە نەهەنگ و مانگای زەریایی و دۆلفین سەری لێوە دەرئەهێنن و هەناسە وەرئەگرن. ⇦ **بنعەرزی:** subterranean ڕەهۆڵ، کارێز. [٤] قنات [N] underjordisk [د] قنات.









**کونی ڕەش:** black hole گەردووونناسی ئەستێرەناسی بۆشایییەکە لە گەردووندا بە شێوەی کونێکی ڕەش دەرئەکەوێت. ئەم هێسنە تەنها بە هۆی کێشەریەوە شوێنی هەڵئەگیرێ. وا پێئەچێ زیاتر لە ٨٠ لەسەدی هێسنی جیهان پێک ئەهێنێ.



**کوەیکر:** Quaker ئایینناسی ئەندامی ئایینزای کوەیکری پڕۆتستانت.

**کوێت:** dun ئاوەڵناو ڕەنگی سووری ئاماڵ ڕەش، بە تایبەت بۆ ئەسپ ع الحصان البني الرمادي N dun د کهر.



**کوێی ئەم نەتەوە جێی شانازییە؟:** وتار نووسینی: **محەمەد پارسی**

مشتێک دز و چەپڵەلێدەر و نمەکنەناس و بوختانچی و خۆنمایشکەر و دوخمان و هەلپەرست و تەمبەڵ و نەزان و شوێنکەوتوو، لە ناوچەیەکی ئەم دونیایە بە ناوی ئێران کۆبوونەتەوە و دڵیان خۆشە بەوەی نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵێک لەمەوبەر... کولتوورێکی باڵایان هەبووە و مرۆڤ بوون!!!

- بێگومان ئەم خاکە هەرگیز بوونەوەری ئەدگار باڵای کەم نەبووە!!!
- ئەویش لەبەر ئەوەی:

- ئۆمەتێک (ئوممەت بە واتای ڕانە وشتر) کە ئاریوبەرزەنەکەی لە لایەن ئێرانییەکی دوخمانکارەوە درایە دەست دوژمن،
- ئۆمەتێک کە بابەکی خوڕەمدینەکەی لە لایەن ئەفشینەوە، کە ئەویش ئێرانییە، دەدرێتەتە دەستی خەلیفە،
- ئۆمەتێک کە کەریم خانەکەی چەند ساڵێک زیاتر ناخایەنێت، بەڵام قاجارەکانی کۆتاییان نایەت،
- ئۆمەتێک کە ئەمیر کەبیرەکەی ئەکوژرێت و قشمەرێک لە جێگەی دائەنرێ و، کەس ناڵێ بۆ؟
- ئۆمەتێک کە ڕەزاشاکەی وڵاتێکی دەرەکی ئەیهێنێتە سەرکار و پاشانیش شاربەدەری ئەکات و، ئۆمەتیش ئەیکات بە هەڵڵا و شاپیلۆغان؟!!
- ئۆمەتێک کە ٩٩٪ دەنگ بە کۆماری ئیسلامی ئەدات بەبێ ئەوەی بزانێت چ جۆرە جانەوەرێکە،
- ئۆمەتێک کە چل و یەک ساڵ چەپۆک ئەکێشن بە سەریدا و فززە ناکات و نقەی لێوە نایەت و،
- ئۆمەتێک کە لە هەموو بالاتر، ساڵی ١٩٧٥ بە جەماوەری پێنج ملیۆنییەوە ئەچێ بە پیری ئیمامەوە و، دە ساڵ دواتر کە ئەم ئیمامە جگە لە گەندەڵی و گرانی و هەڵاوسان و جەنگ و نەگبەت و مەرگ هیچی تری بۆ نەهێناون، ئەمجارە بە کۆمەڵانی دە ملیۆن کەسی ئەیبەن بۆ گۆڕستان؟!

- ئایا ئەم ئۆمەتە، ئۆمەتێکە بانگەشە بکات «هونەر تەنها لە لای ئەوە و بەس؟!»
- نەتەوەیەک کە ٥٠٨ ساڵ سەرشۆڕانە لە بن ڕکێفی عەرەبدا ژیاوە، سامانیان تاڵان کردووە، ژنانیان کردووە بە کەنیز و پیاوانیان کردووە بە مەوالی (کۆیلە) و بەم ناونیتکە سووکایەتییان بە ئێران و ئێرانی کردووە، پلەی

ڕامیاری و سەربازییان لێ سەندووەتەوە؛ ئایە ئەو ئۆمەتە شیاوی ژیانە؟؟؟

◀ دەزانن عەرەب چییان لەگەڵ ئەو ئێرانییانە ئەکرد کە پێیان دەگوترا مەوالی؟

◁ مەوالی نەیان ئەتوانی هاوشانی عەرەب بڕۆن بە ڕێگەدا؛ بۆیان نەبوو نوێژ لەسەر لاشەی عەرەب بکەن؛ مەوالی ناچار بوو بە پێ بچێتە جەنگەوە و لە تالانی بەشی نەبوو؛ مەوالی بە ناوی پێشووی بانگ نەدەکرا، دەبوو بە ناوی ئەو کەسەی کە گرتبووی، یان لە بازاڕی کۆیلەدا کڕیبووی، یان بە ناوێکی عەرەبی بانگ بکرایەت؛ مەوالی ئەرکی لەسەر بوو کاتێک عەرەبێکی پیادە ئەبینێ، لە ئەسپەکەی دابەزێت و بیدات بە عەرەبەکە تا سواری بێت.

◁ سەرەڕای ئەو هەموو کەنفتی و سووکایەتییەی پێیان کرا، هەمان ئێرانییە خۆش غیرەتەکان بۆ ماوەی ٥٠٨ ساڵ بندەستەیی جگە لە نزیکەی دە دارەتی هەتەر، هیچ بەرەنگارییەکیان لێ نەبینرا!!!

◁ واتە هەر پەنجا ساڵ تەنها یەک بەرخۆدانی بچکۆلانە!!

◁ ئینجا وا مەزانن دوای ٥٠٨ ساڵ ئێرانییەکان بەئاگا هاتنەوە و ڕاپەڕین و دەسەڵاتی خەلیفەیان ڕووخاند... نەخێر..!

◁ دەبوو مەغۆلێک بە ناوی هەلاکۆ بهاتایەت و کۆتایی بە دەسەڵاتی عەباسی بهێنایەت و ئێرانی داهێزراو ڕزگار بکات!!!

◁ دوای ٥٠٨ ساڵ لە کۆیلایەتی عەرەبی، ئێستا نۆرەی کۆیلایەتی مەغۆلەکان بوو، بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ.

◁ ئەگەر کۆئەنجامی بەرخۆدان لە دژی عەرەبەکان ٥٠ ساڵ بوو، بەرامبەر مەغۆلەکان، لە سەد ساڵی یەکەمدا هیچ بەرخۆدانێک نەکرا! ڕاپەڕینی سەربەدەران لە خوراسان زیاتر لە سەد ساڵ دوای هێرشی مەغۆلەکان ڕوویدا. دوای ٣٠٠ ساڵ لە هێرشی مەغۆلەکان، ئاغا سەفەوییەکان تازە گەیشتن و ئایینی خودساختەی خۆیان (شیعە)، کە لە عەباسی و مەغۆلەکان وێرانکەرتر بوو، خنی بە خیگی نەتەوەی بێگیانی ئێراندا!!!

◁ ئەم ئۆمەتە بێ ئاگا و نەزانە هەرگیز نەیتوانیوە کارێکی ئەرێنی بۆ وڵاتەکەی

ئەنجام بدات!!!

◁ با لەخۆڕا فشەی مێژووی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ سەرکەوتن و حەوت هەزار ساڵ شارستانیەت نەکەین..!!

◁ وەڵامەکەتان لە پەرتووکی «خۆگونجانی ئێرانی» لە نووسینی مێهدی بازرگان دایە.

◁ کاتێک ئۆمەتێک بە شێوەی هەتەر ڕووبەڕووی دوژمن نابێتەوە و تا دوا سات خەبات ناکات؛ یان دوای شکستخواردن، بەرەنگار نابێتەوە، بەڵکو ملکەچی ئەسکەندەر دەبێت و داب و نەریتی یۆنانی قبوڵ دەکات؛ کاتێک عەرەب دێن، لە زمانی عەرەبیدا ئەبن بە کاسەی لە ئاش گەرمتر، (صرف و نحو) ئەخوێنن و، ئەبن بە خزمەتکاری خەلیفەکانی عەباسی و دامودەزگایان ئەگەیەننە ئاستی شکۆمەندی و دەسەڵاتی ساسانی و، جوانترین چامەی پیاهەڵگوتن بۆ سوڵتانە تورکەکان وەک سوڵتان مەحمودی غەزنەوی هەڵئەبەستن و، ئەبنە کۆیلەی جەنگیز و تەیمور، و ئەبن بە خزمەتکار و وەزیری منداڵەکانی؛ واتە هەر جارە و حاکمێکی نوێ دێت، کڕنۆشی بۆ ئەبەن و ئەبن بە خزمەتکاری؛ **ئایە ئەو ئۆمەتە شیاوی ئەوە نییە نەخش و ناوی بە یەکجاری و بۆ هەمیشە لە لاپەڕەی ڕۆژگار بسڕێتەوە؟؟؟!!**

◀ تۆ دەپرسیت بۆچی؟

◁ چونکە پێویستی بە مریشکی نەزری و شینگێڕی و گەورەی تازیان هەیە!!!

◁ دەزانن ژیانی ئێران و ئێرانی قەرزاری کێیە؟؟ قەرزاری بەلشەفیکەکانی ڕووسیایە!!!

◀ دەپرسیت بۆ؟

◁ چونکە بە پێی ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٠٧ لە نێوان ئینگلیز و ڕووسیای تزاری بڕیاردرا کە ئێران لە نێوانیاندا دابەش ببێت و تەنانەت ئینگلیزەکانیش لە باشوورەوە هاتبوونە ژوورەوە، بەڵام ئێران بەختی یار بوو، چونکە لەو کاتەدا شۆڕشی ١٩١٧ی ڕووسیا لە لایەن بەلشەفیکەکان (زۆرایەتی) ڕووی

دا و بەرنامە داگیرکاری و دابەشبوونی ئێران بە هۆیەوە ڕاگیرا.

◁ خۆزگە وا ئەبوو و، مەلا نەیان ئەتوانی وڵات داگیر بکەن؟؟؟

◁ حەسەن نەراقی لە پەرتووکە زۆر ڕۆشنگەرەکەیدا بە ناوی «بۆ داماوین، کۆمەڵناسی خۆمانە» دەڵێت:

◁ ئەگەر بە چاوپۆشییەوە سەیری هەموو ئەم مێژووە بکەین، شەبەنگێکی یەکباوی پاتەکراو و سینۆسییە. نەتەوە و هۆزێک بە توندی چەوسێنراوەتەوە و بە دواکەوتوویی ڕاگیراوە، تووشی خەمۆکی و بێبڕوایی و نائومێدی بووە، کەچی لە پڕێکدا گەلێک، سەرکردەیەک، بزووتنەوەیەک، دراوسێیەک دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە و جارێکی دیکە زاڵ دەبێتەوە بەسەر چارەنووسیدا!! کاتێک سەرکەوتوو هات، یان ئەوانەی پێشوو دەکوژێت، یان وایان لێدەکات هەڵبێن، یان لە شوێنی خۆیان دامرکێنەوە. لە ناو ئەم هۆزە دۆڕاوەشەوە هەندێک کەس کە نە ئازایەتی بەرخۆدان و خۆبەختکردنیان هەبووە و، نە جەربەزەی هەڵاتن، بەخێرایی خۆیان دەگۆڕن و دەچنە پاڵ داگیرکەر، ئەبن بە کاسەی لە ئاش گەرمتر، بە ماستاوکردن ئەبن بە هاودەست و دەستکەللایان!

◁ یەحیا بەرمەکی لە خزمەت هارون الرشید دایە. خواجە نیزامەلمولک دەبێتە هەمەکارەی سوڵتان مەلیکشای سەلجوقی، خواجە نەسیرەدینی تووسی دەبێتە دەستی ڕاستی خانی مەغوولان. میرزا برایمی کەلانتەر بە هەزار فێڵ و دەهۆ دەسەڵات لە زەندیە وەردەگرێت و دەیدات بە قاجار.

◁ بەڵام: لەبەرئەوەی هیچ پلانێک نییە (و ئەگەر هەبێت، تەنها بۆ قازانجی کەسی و هۆمایی بەکار دێت)، هیچ گەڵاڵەیەک نییە، بەڕێوەبەرایەتی سەقامگیر نییە، تەکتیک نییە، ژماردنی بەراوەژوو زۆر زوو دەست پێدەکات. پێشبڕکێی مەراییکردن و خۆفرۆشی پەرە ئەستێنێ!!!

◁ تێکڕای مێژووی ڕابردوومان سەیر بکەن، هەندێ جار بە هۆی سەربازێکی

سەرهەنگەوە ڕزگار کراون (چونکە بۆ وەرگرتنی هێز، تەنها هێز پێویستە و سووتاندن و زمان لە قوڕگ فەرکێشان) بەڵام کاتێک دۆخەکە هێور بووەوە، تەنانەت نادر شا، کە بۆ ئێرانی ڕیسواکراوی دوای سۆفیا، دوای ئەو سەربەرزییەی دابین کردبوو، توانای درێژەدان بە کارکردنی نییە، لەبەر ئەوەی مەشقی ئافراندن و بەدیهێنانی نەکردووە و، ئامادەکاری و پەروەردەی پێویستی بۆ کار نییە!!

- با بزانین لە ڕابردووی نزیکدا چ شۆڕشێکی گەورەمان هەیە..؟ شۆڕشی دەستووری؟!؟ ئەگەر پێت وایە شۆڕشی دەستووری کاری ئەم خۆش غیرەتانە بووە، هەڵەیت؛ ئەگەر باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەوێ نەبووایە و دەستوورگەری لە بەرژەوەندی ئەو نەبووایە، شۆڕشی دەستووری ڕووی نەدەدا. بڕواننە مەنجەڵەکانی برنج و شلەی ناو باخچەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە لایەن دەستووریخوازانەوە. ئینگلیز دەبوایە لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی پشتیوانی دەستووریخوازانی بکردایەت، ئەگەرنا، محەمەد شای قاجار هەموو ولاتەکەی دابوو بە ڕووسیای تزاری. ئایا چەک و فیشەکی سەتارخان و باقرخان لە ئاسمانەوە داباریبوو؟ تکایە لە خۆگێفکردنەوە بە شانازییەکانی ئەم دواییە زۆر توند مەڕۆن، چونکە بۆگەنەکەی دڵ و گیانی پڕ کردووە!!
- ئۆمەتێک کە چەند جەنگاوەری وای پەروەردە کردووە لە کۆن و نوێدا زیندووە، بەڵام لەبری ئەوە سەدان خیانەتکاری خستووەتەوە بۆ کوشتنی ئەو پاڵەوانانە، ئەبێ چییان لەسەر بنووسرێت؟

ئەو ڕۆژەی ڕۆژنامەکانی تاران نووسیویانە:

- شا ڕۆیشت!
- ئەو شایەی، کە لە ماوەی ٢٥٠٠ ساڵەی ئیمپراتۆریەتدا، تاکە پادشا بوو پەروەردە و تێگەیشتنێکی دروستی لە دەوڵەتداری هەبوو و ئێرانی کاولبووی ژیانەوە [و ئەیوت هەرکەس نەبێ بە ئەندامی حیزبی ڕەستاخیز،

کە تاکە حیزبی قانوونییە، ئەبێ لە ئێران بڕوات!] من گۆڤانی ئەوە بووم کە چ ئاهەنگێک بوو و چ شیرینیخۆرانێک!!! ئینجا ئێمەی خوێندەوار کە بە پارەی ئۆمەت لە زانکۆکانی هەمان پادشای خائین دەرچووبووین، دەرمان کرد و لە شوێنی ئەو مەلایەکمان دانا کە چووبووە قوتابخانە و هەرگیز زانکۆی نەبینیبوو و ئێمە لە مانگدا ئەومان بینیبوو. دوو ڕۆژ دواتریش تەختی پادشاییمان دایە دەستی خوێناوی مەلاکان و ئەوەندەش کە کەشەکە مەترسیدا بوو، خۆمان هەڵاتین بۆ ئەمریکا و چوار گۆشەی دونیا..!!

- هەڤاڵانی کۆمۆنیست و برایانی موجاهیدینی گەل، بە هێنانی خومەینی، بە ڕادەی پێویست ئێرانیان ئاوەدان کردبوویەوە و، ئێستاش نۆرەی ئاوەدانکردنەوەی هەموو جیهان بوو!
- بۆ ماوەی ٤٣ ساڵ هەموو نەتەوە، «شا»یان بە کەسێکی بەکرێگیراو و دژە نیشتمان ناوبرد و دوای هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەوە نەخۆشخانەکانی شا بوون کە فریای ئۆمەت کەوتن (چونکە بە گوتەی خودی وەزیری تەندروستی تەنها یەک نەخۆشخانەی حکومی دوای شۆڕش لە تاران دروستکراوە)، ئایا ئەو نەتەوەیە شایەنی ئەوەیە بە باشی بژی؟؟!!
- کاتێک دوای ٤٣ ساڵ هەزاران ئیمامزادە لە ناوەوەی ئەو نەتەوە دروست دەکرێن، هەموویان لەگەڵ پاسەوانەکانیان بە ئەندازەی سابوونێکی «لۆکس» نەیانتوانی یارمەتی نەهێشتنی کێشەکە بکەن، بەڵکوو زیاتریش بڵاویان کردەوە؛ ئەڵێن ئەم ئۆمەتە لە خەو ڕابووە؟؟!
- نەتەوەیەک کە ٤٣ ساڵ پارەی بۆ وڵاتانی شێعە بڕانەوە و کاتێکیش تووش بوو، هیچکەس یارمەتی نەدا، بەڵکوو بەرهەمە پزیشکییەکانیان هەڵمەقووت کرد، لە کۆتاییدا ئەمیرنشینە سونەکان زۆرترین یارمەتییان دا. ئایا نەتەوەیەکی ئاوەها شیاوی ژیانە؟؟!! ڕەنگە ئەمیرنشینەکان چاکەی حەمەرەزا شایان قەرەبوو ئەکردەوە. چونکە نەخۆشخانەی ئێرانی لە دوبەی، کە تا ئێستاش زەویەکەی بە ناوی شەهبانوو فەرەحە، یەکەم نەخۆشخانەی تەیاری دوبەی بووە و تا ئێستاش قەرەباڵغترین نەخۆشخانەی ئەمیرنشینە،

هەروەها شا ئەم نەخۆشخانە پڕئامێرەی بە دوبەی بەخشی و دوبەی هێشتاش خۆی بە منەتباری ئێران ئەزانێ.

- بۆ ماوەی ٤٣ ساڵ گێلانە درۆمان لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا کرد، ئێستا ملکەچانە، لە جیاتی نوێژ و نزا، چاومان لە دەستی بەهێزی زانایانی وڵاتانی ڕۆژئاوایە تا چارەسەرێکمان بۆ بدۆزنەوە. ٤٣ ساڵ گەمژانە مەرگ بۆ ئەمریکامان وت و لە دیواری باڵیۆزخانە سەرکەوتین و پەهلەویمان بە خائین ناوبرد، بەڵام کە بێواز و کۆڵەوار بووین، پەنامان بردە بەر پەیمانی دۆستی ١٩٥٣!

- ساڵی ١٩٥٣ شا ڕێککەوتنێکی بە ناوی «ڕێککەوتنی دۆستی» لەگەڵ ئەمریکا واژۆ کرد... بە پێی ئەم ڕێککەوتنە ئەمریکا ناتوانێت دژ بە پێداویستییە سەرەکییەکانی نەتەوەی ئێران ڕەفتار بکات... ئێستا دوای ٦٤ ساڵ ئێرانی مەلا پشتئەستوور بەو ڕێکەوتنە ئەمریکای تاوانبار کردووە و دادگای لاهای لە بەرژەوەندی ئێران بڕیاری دا.

- حەمەڕەزا شا لە قووڵایی مێژووی هاوچەرخەوە فریایان کەوت. سادەترین لێکدانەوە بۆ بڕیارەکەی دادگای لاهای ئەوەیە کە ڕێککەوتنی دۆستی ساڵی ١٩٥٣ لەگەڵ ئەمریکا زۆر ڕەواتر و شکۆمەندترە لە ڕێککەوتنی «بەرجام». چونکە بەپێی بەرجام نەدەکرا سکاڵا لەسەر ئەمریکا تۆمار بکرێت، بەڵام بەپێی ڕێکەوتنی دۆستی سکاڵایان کرد و دەنگیشیان هێنا. شا، زیاتر لە نیو سەدە بەر لەمە پەیمانێکی واژۆ کرد کە لە ڕەشترین ڕۆژانی پەیوەندی ئێران و ئەمریکایشدا، بایەخی خۆی پاراستبوو. ئەوانەی شایان بە «نۆکەری ئەمریکا» ناو ئەبرد، پەنایان بۆ یەکێک لە میراتەکانی ئەو برد... وەرن با مێژووی ئێران بخوێنینەوە!!!

- ئێستاکانێ، گیانی ئەوەی خۆشت ئەوێ، ئەگەر مێژووت نەخوێندوەتەوە و لایەنگری خوێندنەوەش نین، بەڵام خولیای ڕاستەقینەیت و درێژی بابەتەکە ماندووت ناکات، لانیکەم بینێرن بۆ ئەوانەی پێت خۆشە.

هەرچەندهیچ ئومێدێک نییە کە ئەم نەتەوە سەرلێشێواو و ڕێسوا و کوێرە، بەئاگا بێتەوە و کارێک بۆ ڕزگارکردنی خۆی و داهاتووی منداڵەکانی بکات!!!

**کویریناله :** Quirinale دەربارە ناوی جێگا مەبەست «دەرباری ڕۆما»یە. یەکێک لە حەوت گردی سەرەکیی ڕۆما، سەدەی پانزە کۆشکی پاپا بووە، ١٨٧١ تا ١٩٤٦ کۆشکی پاشایەتی و ئێستە فەرمانگەی سەرەککۆماری ئیتالیایە.






**کووپه :** urn ناو کووپەی گەورەی گڵی سەردەندار، کووپەی هەڵگرتنی خۆڵەمێشی مردوو، کووپەی هەڵگرتنی دانەوێڵە. ع جرة كبيرة N urne د کوزە در دار. ⟵ **داریل :** cask ناو دەرمە، کەموڵ، بەرمیلی تەختەی گەورە، کووپەی داری سەرگیراو، کووپەی شەراب ع برمیل خشب N tønne د بشکە چووبین. ☜ سەدەن ☜ کووپەی ماوزێر






**کووپەی زێڕ لە جەمسەری پەلکەزێڕینە :** The pot of gold at the end of the Rainbow گۆتە مەتەڵ هێمایی دەستەواژە شتێک کە بە ڕاستی ئەتەوێت هەتبێت، یان بە ڕاستی ئەتەوێت بەدەستی بهێنیت. فۆلکلۆر

ئەڵێ لە کۆتایی هەموو پەلکەزێڕینەیەک کوویەیەکی زێڕ شاراوەتەوە.






**کووت و فڕکەر:** fertilizer and pesticide کشتوکاڵ کیمیا ناو کووتەکان یارمەتی گەشەکردنی ڕووەک ئەدەن بە زیادکردنی هێسنە خۆراکیەکان بۆ خاک. قڕکەرەکان (لەوانەش ڕووەککوژەکان) هەر هێسنێکی ژەهراویین کە بۆ کوشتنی مێروو، ئاژەڵ، یان ڕووەک بەکاردێت. ئەگەر کووت و قڕکەر بە شێوەیەکی نادروست بەکار بهێنرێت ئەگەری هەیە چیمەن و باخ داڕزێنن و تەفروتووناى بکەن.




**کوورەی خۆڵەمێش:** incinerator قانوون ئامێر ناو کوورەی سووتاندن تا ڕادەی خۆڵەمێش. ئامێرێکە لە لای پۆلیس بۆ سووتاندنی هەموو چەشنە هێسن و کەرەستەی دەستبەسەراگیروی مەترسیدار بە پێی بڕیاری دادگا؛ ئامێرێکە بۆ سووتاندنی پاشماوە، بە تایبەت پاشماوەی پیشەسازی، لە پلەی گەرمی بەرزدا تاوەکوو کەم ئەبێ بە خۆڵەمێش. ڕیشەناسی incinerator لە لاتینی بە واتای سووتاندن تا ئاستی خۆڵەکەوە هاتووە. ←

**دزەکان:** Braqueurs یان Ganglands زنجیرە زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠٢١ی بەلجیکی نێتفلیکس، ئانتۆێری دەروازەی ئورووپا، مافیای مەراکۆ و کارتێل و

ئوورووپا، ئافراندنی حەمید هلیوا، هونەرمەندی سامی بواجیلا و ترەیسی گۆتواس.







**کوور :** ئاوەڵناو قووڵ.

**کووران :** cross ventilation ناوی فەرمان قووڵایی، گەڕانی هەوا لەمبەر بۆ ئەوبەر بە تێپەڕینی بەناو قووڵاییدا.





**کوورانی رامیاری:** Circulation economics هێمایر ئابووری ڕەوت و گەڕانی کاروباری ڕامیاری لە هەموو بوارێکی بەرهەمهێنان، بەشینەوە، بڕانەوە و دابەشکردنەوەی دووبارەی کاڵا و خزمەتگوزاری ئەگرێتەوە. واتە شیانسترین ڕێگە بۆ چارەسەری ئاریشەی ناوەندە ئابوورییەکان لە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە ئابوورییە جیاوازەکانی تری ناوخۆیی و دەرەکی.
ع التداول الاقتصادي N Sirkulasjonsøkonomi د گردش اقتصادی.









**کووراهی:** ئاوەڵناو قوولایی، بار یان چۆنیەتی قووڵبوون.

**کوورش:** Cyrus شا [کور + ئۆشا] کوردی مادی، ئەشا یان ئۆشا بە واتای بەهەشت و کوورش واتە کوڕی شیانست، کوڕی هێدی، کوڕی بەهەشتی.
ع سایروس N Cyrus د کورش.

**کوورشی مەزن:** cyrus the great شا {٦٠٠ تا ٥٣٠ پ.ز†} کوورشی مادی، لە پادشاهانی ماد، لە ماوەی سی ساڵدا مەزنترین ئیمپراتۆری سەردەمی خۆی بەدی هێنا، سەرەتا مادی یەکخستەوە، پاشان لیدیا و بابێلی خستە بن دەسەلاتی خۆیەوە.









**کووز:** ❶ قەبو، حەشارگەی کەو. د کمین کبک شکاری.

**کووز:** ❷ هێڵی کێشراو. د خط کشیدنی.

**کووزەڵە:** watercress گیا سەوزی ناو گیایەکە لە ئاوی ڕەواندا ئەڕی، گەڵاکانی تیژە و بۆ ساڵاددا بەکاری دەهێنن. ع الجرجیر الماء N brønnkarse د شاهی.









**کووژکە :** bead شێوەزانست ناو مووروویەکی شینی درشتە وەک چاوەزار بەکار دێت. [ع] خرز [N] perler [د] خرز، مهره بزرگ. ⇦ **کەڵانە :** big bead شێوەزانست ناو قوبە، دوگمەی گەورە، قۆپچەی درشت.





**کووگەر :** cougar گیاندار پشیلەیەکی کێوی گەورەی کیشوەری ئەمریکایە، تووکێکی سادەی قاوەیی بۆ خۆڵەمێشی هەیە، لە کەنەدا تا پاتاگۆنیا هەیە.









**کوول:**❶ گەمە ناو فیلی شەترەنج. ⇦ کوول بە واتای پێڵە، لارەولار، شەفتوولی، کەشوتووش، کە پیشاندەری شێوەی جووڵانی فیلە لە یاری شەترەنجدا.

**کوول:**❷ ئاوەڵناو پێڵە، لارەولار، شەفتوولی.

**کوول:**❸ ناو تەختەیەکی وەک باوڵی لاکێشە، نانەوا هەویری تێدا ئەشێلن، تەغاری تەختەی هەویرشێلان.

**کوول:**❹ دیاردە سرووشتی ناو ئەشکەوتی فراوان و درێژۆکە وەکوو هۆدە.

← كوولی خەسرەوخان لە سەرشیوی سەقز. ← بە زاخەی درێژۆکەش ئەوترێ.




**کوێنتێت:** quintet موزیک دەستەی مووزیکی پێنج کەسی. ← کوێنتێت کلارینێت: پارچەیەک مووزیک بۆ دەستەیەکی پێنج کەسی بە کلارینێت بیژەن.





**کووێرڤۆ:** Jose Cuervo خواردنەوە پڕفرۆشترین جۆری تەکیلایە لە گیای ئەگاڤە Agave، کۆمپانیای بریتانی دیاجیۆ لە مێکزیک بەرهەمی ئەهێنێ.






**کەبار:** virtue ناو ئەدگاری چاکە، ڕەوشتی باڵای کۆمەڵایەتی، نیازپاکی؛ لە ڕوانگەی ئایینییەوە: ڕازونیاز، نوێژ و نزا. ع فضیلة N dyd د فضیلت، فضائل. ⇦ **چاکەکار:** virtuous.

**کەبارگە:** sanctuary ناو نوێژگە و شوێنی تایبەتی گاز و نزا و ڕازونیاز. ع محراب N helligdom د محراب.




**کاوران:** Christian virtues ئایینناسی کەباری خودایی، لە ئاینزای کاسۆلیکدا کەباری ئایین بۆڕزگاری بریتین لە: بڕوا و هیوا و خێرخوازی. ع الفضائل اللاهوتیة N Kristne dyder د فضائل ربانی.

**کەبس:**❶ کار ژێر خاککردنی لکی دار بۆ ڕەگ داکوتان.

**کەبس:**❷ هێمایی ناووفەرمان ڕەنجدان و شەکەت بوون.

**کەبەر:** asparagus ڕووەک ناو گیاماران، ئەسپەراگۆس د مارچوبە N asparges ع نبات الهلیون.



**کەبەند:** ناو کەمەند، پەتی درێژی سەر بەئاڵقە بۆ گرتنی ئاژەڵی ڕەمۆک.

**کەبەند:** هێمایر ناو هەر شتێک بە هۆیەوە کەسێک گیرۆدە بکرێ.

**کەبیسە:** leap year ناو {سریانی} ساڵی پڕ، ئەو ساڵەی کە ٣٦٦ ڕۆژی پڕ بێ.

**کەپتن کویگ:** Captain Queeg کەسایەتی پێرسۆنا فیلم کەسایەتییەکی گریمانەیی ڕۆمانی «The Caine Mutiny»یە، نووسینی هێرمان ووک Herman Wouk، براوەی خەڵاتی پۆلیتسێرە. سەبارەت بە بڕیارە ڕەوشتییەکانی کەپتنی کەشتییەکەیە لە ساڵی ١٩٤٤دا، لە فیلمەکەدا هەمفری بۆگارت ڕۆڵی کەپتەن کویگ ئەبینێ.










**کەپر:** ناو چەپەر، خانۆچکەی لە شووڵ و قامیش، سازەیەکی سەرگیراو لە دار و چیلکە یان ئاسن بۆ سێبەرکردن و پشوودان ☜ ع سقیفة N hytte, skur د خرابە، کلبە ☜ کەپر ☜ کوخت.




**کەپک:** cape ناو پێشکۆ، کەڵپەشاخی دەرپەڕیو لە کێودا د دماغە N fjellodde ع رأس.





**کەپکە:** ❶ cape ناو کەڵپەشاخی دەرپەڕیو لە کێودا د دماغە N fjellodde ع رأس.

**کەپکە:** ❷ ناو پێشکۆ، کەپک، پێشەوەی کەشتی. ع مقدمة المركب N baugen د عرشە E prow.

**کەپکەی ئانتیێب:** Cap d'Antibes جوگرافیا بەندەرێکە لەسەر مەدیتەرانە، لە کەنارى باشووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسە، نێوان کان و نیس.






**کەپکەی ئومیدی نیک:** Cape of Good Hope جوگرافیا ناوی جێگا. ع رأس الرجاء الصالح N Kapp det gode håp د تنگە امید نیک.




**کەپۆ:** ناو لووت، بێقڵ.

**کەپەک:** bran دانەوێڵە ناو سۆس، تێکوڵی دانەوێڵەی لە دەستاڕکراو. ٤
نخالة N kli د سبوس، نخالە.

**کەپەنک:** پۆشاک ناو کەرەک، لبادی بەرزەباڵای مرۆڤ کە زیاتر شوان بە شەو لە کاتی باران لەبەری ئەکەن.





**کەت:** ناو کورسی بێ دەسک و پشتی؛ قەرەوێڵە. ← کەت و نیوکەت.
← نیوکەت: bench کورسی درێژۆکەی دوو سێ کەسی، کەتی پشتیدار، قەنەفەی تەختە.




**کەتار:** katar ناو جۆرێک خەنجەری وەشاندن و ڕۆکردنی هێندییە، دەسکەکەی وەک بە شێوەی پیتی H ئاسۆییە.





**کەتان:❶** Flax ڕووەک ناو گیایەکی بەرزەباڵای گوڵ شینە، پرزەی وەک دەرزی وایە، وەک بەرهەمێکی خۆراکی و ڕیشاڵی لە ناوچەکانی جیهان کە کەشوهەوای مامناوەندیان هەیە دەچێنرێت. ع الکتان N Lin د کتان.

**پرزە:** lint ناو پرز، کوڵک، کوڵکە، ڕیزە، ڕیشاڵ، گەردیلە. ع وبر، زغب N lo د پرز، ریزە.



**کەتان:❷** linen پۆشاک ناو کووتاڵێکی سپی تەنکە لە سەردەمانی کۆنی میزۆپۆتامیا و میسری فیرعەونییەوە هەیە، زۆر ئاوڕاکێشە و زووتر لە لۆکە وشک ئەبێتەوە. لەبەرکردنی جلی کەتان لە گەرمادا زۆر سوودمەندە. ع الکتان N linne د کتان.



**کەترە:❶** invective ئاوەڵناو لە وێژەدا بە دەق یان هۆنراوەیەک ئەوترێ کە دژی پەسن و پێدا هەڵگوتن بێ، ئەگەر بۆ مەبەستی کەسیی بێ، بۆی هەیە تەوس و پلاری توندوتیژ بێ، بەڵام ئەگەر بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی-ڕامیاری بێ، ئەوا زمانی تەوسەکەی خاوترە. مەبەست لە کەترە سووکایەتی

و پەلامار و تۆمەتبارکردنە لە بواری کۆمەڵایەتیدا. [ع] هجو [N] invektiv [د] هجو [E] satirizing. ← پەسن و کەترە.

**کەترە:❷** invective [ناوی چاوگ] پێداخوێندن، ڕەخنەگرتن بە نەرێسات و لاتاو و کینایە لە بواری کۆمەڵایەتیدا.

**کەتن:** tort, misdemeanor [ڕێسا] [کار] لادانێکی بچکۆلانە لە ڕێسا، تاوانی سووکەڵە، هەڵسوکەوتێکی نارێسایی. [ع] جنحة [N] forseelse [د] جنحە.
← **کەتن و تاوان:** Offense and crime یان tort and crime [ڕێسا]. [ع] جنحة و جناية [N] Lovbrudd og kriminalitet [د] جنحە و جنایەت.






**کەتنکەر:** offender [ڕێسا] [ناوبکەر] سەرپێچیکەر، ئەو کەسەی بە هۆی کەتن کردنەوە لە دادگا سزای بۆ بڕاوەتەوە ← کەتنبار: کەسێک کە بە کەتنکردن تاوانبار کرابێ ☜ **تاوانبار و تاوانکار:** متهم و مجرم [E] Accused and offender ☜ جنحە و جنایت [E] Offense and crime.





**کەتەکیزم:** Catechism [ئایینناسی] [ناو] کەتەچیزم، کورتەی بنەماکانی ئایینی

فەلە بە شێوەی پرسیار و وەڵامی دەمی بۆ فێرکردنی حەوت فەرمان بەکار ئەهێنرێ، کە بریتین لە: ١ـ پیرۆزکردن Baptism ٢ـ پەسن Confirmation ٣ـ نوێژ Eucharist ٤ـ ئاشتی Reconciliation ٥ـ چەورکردن Anointing ٦ـ هاوسەرگیری Matrimony ٧ـ فەرمانی پیرۆز Holy Orders.







**کەتیرە:** tragacanth **ناو** شیرەی وشکەوەبووی گەون یان گوێنی جەباری؛ جەوی یان کۆکەی ڕووەکییە، لە قەدی تیغ لێدراوی گەون ئەگیری. سپی یان سوورە، لە پیشەسازییەکانی چەسپ و خۆراک و قوماش و دەرمانسازیدا بەکار دێت. ⇦ **کەتیرەکەندن:** یان کەتیرەکردن، تیغلێدان و بریندارکردنی دەوەنی گوێنییە. جەوی ناو ئاوەندی گوێنییەکە بە ئەسپایی دێتە دەرەوە و لەبەر تاو وشک ئەبێتەوە. جەوی گوێنی پێی ئەوترێ کەتیرە، کە چەسپێکی زۆر گرانباییە و لە زۆر بوارپیشەسازی و دەرمانیدادا سوودمەندە.



**کەچە:** ❶ ناو تەحت، ڕایەخی سازکراو لە بەرگنی پەستراو.

**کەچە:** ❷ ناو فەرنجی بێقۆڵ.

**کەچە:** ❸ پێشگر پێشگرە بە واتای کۆنە و بێبایەخ ⇐ کەچەکڵاش، کەچەبەرە، کەچەکڵاو، کەچەدەوری.

**کەچە:** ❹ ناو ئاژەڵی شاخ شکاو.





**کەچەچی:** Hatmaker ئاوەڵناوی فرمان کەسێ کە پیشەی پەستاوتنی بەرگن و سازکردنی کڵۆز و لباد و تەحتی و فەرەنجییە. ع صانع القبعات N Hattemaker د نمدمال، کلاه ساز. ⇐ **کەچە:** ناو تەحت، لباد، فرنجی بێقۆڵ.






**کەچەشاخ:** broken horn ئاوەڵناوی بەرکار شاخدارێک کە شاخێکی شکابێ. ع قرن مکسور N brukket horn د شاخ شکستە.






**کەحێل:** ئاوەڵناو کەحلان، ڕەسەن، سوڵان، نەجیب.

**کەدوون:** ناو جەرەی ئاو.

**کەدە:** foreign ئاوەڵناو نەناسیاو، بێگانە، غەوارە. ع اجنبي N fremmed د بیگانە.

**کەدەر:** grief ناو حەزمەت، کەسەر، مەینەت، پەژارە، مۆزە N sorg ع الحزن د اندوه.

**کەدوون:** urn ناو کووپە، بەلوورە، کووزوویەکی خڕ و درێژکۆلەی سەردارە، زیاتر بۆ ڕاگرتنی خۆڵەمێشی مردوو؛ بە شێوەی خشڵی بچکۆلانەش دروست ئەکرێ بۆ شتی پیرۆز و یادگار. ع جرة N urne د کوزه در دار **گاوشە:** ossuary ناو کووپە یان کەدوونی گەورە.



**کەدێنە:** mazer ناو زەرکی سواڵەت، لێوانی کاشی، پەرداخی سێرامیک. ع الميزر N mazer د کاسە ⇦ **کەمولە:** ناو قاپی دارینی بچووک.



**کەرپووچ:** ناو خشتی سوور، ئاجوور. ⇐ **باکەف:** ناو خشتی نیوە سوورەوەکراو. ⇐ **لگبن:** ناو خشتی کاڵ.





**کەرت:** سەربازی ناو بەشێ لە لەشکر کە ٥٠ تا ١٠٠ کەس بێ. ⇐ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بریتییە لە:

**پۆل:** Platoon یان Troop ٧ تا ٣٠ پێشمەرگە،

**کەرت، لق:** Company سێ پۆلە ٥٠ تا ١٠٠ پێشمەرگە،

**تیپ:** Battalion سێ کەرتە ١٠٠ تا ٣٠٠ پێشمەرگە،

**هێز:** Regiment سێ تیپ، ١٠٠٠ تا ٢٠٠٠ پێشمەرگە،

⇐ بە گوێرەی بچووک بۆ گەورە پەرەم، پێڕ، پۆل، دەستە، کەرت، لق، تیپ، هێز، لەشکر، سپا.




**کەرتبوون:** schism چاوگی تێنەپەڕ لەتبوون، دووبەرەکی. ع الانشقاق N skisma د انشعاب.

**کەرتە:** decimal بیرکاری ناو. ع الكسور، عشري N desimal د اعشار.

**کەرتی دەیی:** decimal fraction بیرکاری ئاوەڵناوی لێکدراو سیستەمێکی ژمارەیە لەسەر بناغەیی ژمارەی دە، دابەش و توانی دە. کەرتێکە ناودەرەکەی بە توانی دەیە و ژمارکەرەکەی لای ڕاستی دابڕی کەرتەکەوە. ع العلامة العشرية N desimal tegn د مميز ☜ ناودەر numerator ☜ ژمارەکەر denominator.







**کەرخ:** trace ناو ڕەندەش، شوێن، شۆپ، یافت، جێ پێ لە ڕێگا. ع اثر N track د رد و اثر.

**کەرگەدەن:** rhino زیندەوەرزانی چوارپێ یەکشاخ، جانەوەرێکی ئەفریقایی شێوەبەرازی پێست ئەستووری زۆر زلی سێسمە، شاخی لەسەر کەپۆی هەیە. لە زوودا پێستیان دەکردە سپەر بۆ شەڕەشێری جەنگاوەران. ع وحيد القرن N neshorn د کرگدن E rhinoceros.








**کەرگەدەنی زەریا:** Narwhal زیندەوەرزانی ماسی جۆرە نەهەنگێکی تەوەری باکوورە کەڵبەیەکی درێژی هەیە لە شاخ ئەچێ تێبینی: کەرگەدەنی زەریا بە

هەڵە پێی وتراوە Unicorn horn واتە ماسی شاخدار، لە کاتێدا ئەوە شاخ نییە، بەڵکوو ئەوە ددانە؛ هەروەها ئەوە چەک نییە بەڵکوو بەو شێوەیە ئەدوێن.






**کەرمەسە:** kermesse جۆر داب‌ونەریت ناو لە فلاماندی و هۆڵەندی کە ڕووەتە زۆربەی زمانە ئورووپاییەکانەوە، بە واتای جەژن و سەما و وەرزشی هەم ئایینی و هەم نائایینی کۆمەڵایەتییە ڕیشەناسی سەرەتا Vlaamse kermis بە واتای گوندی کرمسی فلاندرزی لە هۆڵەندا و پاشان بوو بە kermisgans و لە کۆتایی سەدەی شانزەوە بڵاو بوویەوە و بوو بە کەرمەسە.






**کەرمەلی:** Carmelites ڕێکخراو ناو پێڕی کەرمەلی، ئایینزایەکی کاسۆلیکی ڕۆمانییە سەدەی ١٢ لە ئۆرشەلیم دامەزرا، ناوەکەیان لە کێوی کەرمەل لە باکووری حەیفاوە هاتووە. بڕوایان بە ئەلیاس پێغەمبەر و مەریەمی پاکیزە هەیە.







**کەروێشکە :** prance ئاوەڵناوی‌فرمان بزووتنەوە و شەپۆلدانی گەنم وسەوزەی بەهار بەدەم باوە هێمایر لەنجە، بە ناز و لەنجە ڕۆیشتن. ٤ تبختر N prance د خرام سبزە.





**کەرەستەی جووت :** کەرەستە کشتوکاڵ بەرهەمهێنان هەوجار، نیر و ئاموور، نیر و گاسن. ⇦ **پارچەکانی هەوجار :** گاسن، نیر، دەستەمستە، دەستەندوو، قونکە هەوجار، کوویە، زمانەی هەوجار، باسکە هەوجار، خەیە، سەرمژانکە، دارخەزنە، هیرتە، بۆسە، بەربۆسە، دارکراوە، بەنکراوە، دارلاپووتە، لاپوتە، بنمل، کەڵەمە، کۆیەران، فرفرۆکە.



**کەرەواڵە:** quail بالندە ناو سوێسکە، هەویردە، باڵندەیەکی بچووک و خڕینی کلک کورتە لە کەو ئەچێ، کەمتر ئەفڕێ و زۆرتر بە سەر زەویدا ئەگەڕێت، پەڕوباڵی بۆر یان قاوەییە و گۆشتی زۆر خۆشە N vaktel ع طائر السمان د بلدرچین، تیهو.




**کەرەوس:** celery ڕووەک ناو کەرەوز، کەرەس؛ ڕووەکێکی کشتوکاڵی لە خێزانی مەعدەنووسە، ساقەتی تەرچک و گەڵاکانی گەڵاپانی نزیک بەیەکە، بە کاڵی و بە کوڵاوی و سوورەکراو دەخورێت؛ بە ترشیات زۆر بەچێژە. ع کرفس N selleri د کرفس.



**کەرەوسەکێفیلە:** wild celery ڕووەک ناو کەرەوسەکێوی، کەرەوزە کێفی، کەرەس شاخی. ع الکرفس البري N vill selleri د کرفس وحشی.



**کەرەوی:** caraway ڕووەک چێژەمەنی ناو کەمموونی ڕەش یان ڕازیانەی مێریدیان گیایەکی دوو ساڵانە لە گیای گەزەر ئەچێ، باڵای تا ٥٠ سم بەرز ئەبێ، دەنکێکی بۆنخۆشی دژی گاز و تەبع و هەرسنەکردنی هەیە، لە ئاشپەزی و پزیشکیدا بەکار دێت. دەنکی کەرەوی و کەموون زۆر لەیەک ئەچن و تەنها تۆزێ چێژیان جیاوازە. ع کرویە N karve د زیرە سیاه. ☜ کەموون







**کەرەی بادەمی بنعەرز:** peanut butter کەرەی بادەم زەمینی. ع زبدة الفول السودانِي N peanøttsmør د کره بادام زمینی.






**کەری بۆریدان:** Buridan's ass بیرسا فەلسەفە فەلسەفەیەکی نموونەییە بۆ پیشاندانی کەمی ئاوەز. هاوکێشەیەکی ناسازە لە لایەن ژان بۆریدان سەرۆکی کۆڕی زانیاری پاریس و فەیلەسووفی سەدەی چواردە داهێنراوە: گریمان کەرێک لە نێوان دوو مەلۆ گیادا گیر بکات و نەزانێ کام لەم گیایە بەچێژترە، ئەگەر ئەڤانی سەربەخۆی نەبێ، ئەوەندە لەسەر ئەو مژارە ئەمێنێتەوە و ناتوانێ بڕیاری خواردنی کام لە گیاکان بدات، تا لە برسان ئەمرێ. مەبەست کەسێکە کە لە نێوان دوو لایەندا گیری کردووە و نازانێ

کام لا هەڵبژێرێ.






**کەڕووبی ڕاسپاردە:** Archangel ئاپیتناسر فریشتەی ڕاسپاردە، بە واتای مەلایکە و پەری و فریشتە، مەبەست جبرەیلە.






**کەڕەنا:**❶ ناو دووکەڵکێشی سەماوەر و مەنگەڵ.

**کەڕەنا:**❷ ناو جۆرێک شەیپووری زل و درێژ.






**کەڕەنای پەری:** fairy chimney دیاردە ناوی لێکدراو یان دووکەڵکێشی جنۆکە، یان تەختی دێو ئەو بەردانەن کە دەوریان گڵەسوورە و قسڵ بووە و لە

ڕەوتی ڕۆژگاردا خۆڵ و قسڵیان لێ شۆراوەتەوە و وەکوو کۆڵەکەیەکی بەردینی سامناک ماونەتەوە، بە زۆری بەردێکی گەورەی تەخت لە سەر ئەم کۆڵەکانەیە و ڕواڵەتێکی وەکوو قارچکی پێ ئەدا.







**کەز:** blonde [ئاوەڵناو] مرۆڤی قژزەرد. [ع] شقراء [N] blond [د] مو بور.

**کەزەب:❶** liver [زیندەوەرزانی] [ناو] جگەر، جەرگ، مێلاک، جەگەری گیاندار. [ع] الكبد [N] lever [د] جگر.








**کەزەب:❷** yellow bee [دەعبا] زەردەواڵە، زەنگەتە، زەرگەتە. [ع] النحلة الصفراء [N] gul bie [د] زنبور زرد [E] wasp.








**کەزیکانی:** algae ڕووەک ناو ڕووەکی ئاوەزێی قەوزەی کانی و ڕووبار و مەنداو، قەوزەی زەریا. ع مستنقع N alger د جلبک.

**خەنەبەردیلە:** moss ڕووەک ناوی لێکدراو کەڕاو، کەزی، گیایەکی بچووکە بەبێ ڕیشەی ڕاستەقینە، لە شوێنی شێدار ئەڕێ. ع طحلب N mose د گل سنگ.



**کەژۆ:**[1] ناو ناوی پیاوانە.

**کەژۆ:**[2] caucasian ڕەگەزناسی ناو سپی پێست. ع قوقازي، أبيض البشرة N kaukasisk, hvit hud د قفقازی، پوست سفید.

**کەژۆ:**[3] گیاندار ناو بزنمەڕەزی زەرد.

**کەژوو:** ناو کەژ، کەژۆک، کەژگ، کێش، شتێک کە کێشی بێ، ئاورێشمی خاو.

**کەسایەتی:** character ناو بە کۆی تایبەتمەندی دەروونی و ڕەوشتی کەسێک ئەوترێت. مرۆڤ و کەسایەتی لەسەر بناغەی **پەیوەندی** Relationship و پێناسە و جۆری ئەو پەیوەندییە واتا وەرئەگرێ. لە سەر بناغەی پەیوەندی پێناسە وەرئەگرێ، شێواز و فۆرمی کەسایەتی ئەو بەدی دێ، گەشە ئەکات، بەرین ئەبێ و ئەیکات بەو کەسایەتییەی کە هەیە. دوای ئەویش پرسگری **هاوپەیوەندی** Communication دێتە ئاراوە، کەواتە کەسایەتی مرۆڤ بەرەنجامی پەیوەندی و هاوپەیوەندییە. ئەم پەیوەندی و هاوپەیوەندییەش بە سێ شێوە خۆی ئەنوێنێ:

- لەگەڵ مەردم بوون، **میهرەبان** و **سۆزخواز** love thirst
- بان مەردم بوون، **کەسی بەرزەفڕ** supremacist
- دوور لە مەردم بوون، **کەسی دوورەپەرێز** Isolationist

**کەسایەتی ئاسایی:** normal personalyty دەروونناسی ناوی‌لێکدراو یان کەسایەتی نۆرماڵ ئاسایی، لە ڕوانگەی زانستی پزیشکییەوە مرۆڤ دوو جۆرە یان تەندروستە یان نەخۆش.

بەڵام، لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، مرۆڤ سێ جۆرە: تەندروستە، نەخۆشە یا خود ئاساییە.

مرۆڤی ئاسایی یان نۆرماڵ ئەو کەسەیە کە ڕەفتار و گوتە و بڕوا و تەنانەت ئەدگاری کەسی و کەسایەتی ئەو لە چوارچێوەی فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی و خێزانیدا پەسەند بێ؛ لەکاتێکدا لە ڕوانگەی زانستییەوە ئەو کەسایەتییە بە نەخۆش و گیرۆدە دائەنرێ. کەسی نۆرماڵ پەیڕەوی نەریت و نۆرمی کۆمەڵگەیە و سێ پەرەمی زۆر بەچاوی ئەمانەیە:

١. **کەسی سۆزخواز:** love thirst کە تینووی سۆز و خۆشەویستییە و هەموو کارێک ئەکات بۆ ئەوەی هەستی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و زیاتر لە ٦٠ نیشانەی هەیە N elsker tørst ع طالب الحزن د مهرطلب.

٢. **کەسی بەرزەفڕ:** supremacist کەسی خۆسەپێنی خۆدەرخەری خۆنوێن، کە تێئەکۆشێ لە هەموو شوێن خۆی دەربخات و بسەپێنێ. زیاتر لە ٤٠ نیشانەی ناسینەوەیان هەیە N supremacist ع متعصب د برتری طلب.

٣. **کەسی دوورەپەرێز:** Isolationist کەسێکە گۆشەگیر و دابڕاو کە زیانی لە کۆمەڵ بینیوە و خۆی لە کۆمەڵ و کۆمەڵگە دوور ئەکاتەوە، ڕەنگە بە ٢٥ نیشانە ئەناسرێتەوە N Isolasjonist ع العزلة د عزلت طلب.

☜ نەخۆش و نۆرماڵ











**کەسایەتی دوولەت:** split personality دەروونناسی ناوی لێکدراو تێکچوون یان ناسازی پارچەبوونی کەسایەتی (DID) پێشتر بە تێکچوونی فرەیی کەسایەتی ناسرابوو. کەسایەتی دوولەت جۆرێکی توندی پارچەبوونی شوناسە، پرۆسەیەکی دەروونییە کە نەبوونی پەیوەندی لە بیرکردنەوە، یادەوەری، هەست، کردار، یان هەستی ناسنامە و شوناسدا بەرهەم دەهێنێت. ع اضطراب الهويةِ التفارقي N Dissosiativ identitetsforstyrrelse د اختلال تجزیه هویت، هویت پریشی E Dissociative identity disorder.








**کەسایەتی وازوازی:** obsession character دەروونناسی ناوی لێکدراو دارتی هەستیاربوونی لە رادەبەدەر بەرامبەر بە کەس یان شت. ع شخصیة هاجس N besettelseskarakter د شخصیت وسواس.

**کەسایەتی و رەتوو:** personality and temperament دەروونناسی **رەتووی** مرۆڤ کە هەندێک جار بە وازی مرۆڤ ناوئەبرێت، لەو ئەدگارە جەستەیی و دەروونی و سۆزداریانەی پێکدێت کە زگماگە و پێوەی لەدایک بووە؛

لە بەرامبەردا **کەسایەتی** ئەو تایبەتمەندی و ئەدگارانە دەگرێتەوە کە بە درێژایی ژیان بەدەست دەهێنرێن، وەک: بیر و ئەندێشەکان، بەها و هەڵبژاردنەکان.








**کەسایەتییە دەمارییەکان:** neurotic personality دەروونناسی دەروونجەستەیی

هەندێ لە ناسازییەکانی نەخۆشانی دەروونی:

- نەخۆشی دڵەڕاوکێی گشتگیر: Generalized anxiety disorder.
- ڕەووسان: Depression.
- ناسازی خولیایی ناچاری: Obsessive_compulsive disorder.
- سۆسیالفۆبیا: Social phobia.
- فشاری دەروونی دوای کارەسات: Posttraumatic stress disorder.
- پانیک: Panic disorder.
- ناسازی دژی کۆمەڵ: Antisocial personality disorder.









**کەستەک:** ناو قوڕ، کەرسەک، تۆپەڵە قوڕ، قوڕی وشکەوەبوو.





**کەسکوون:** Intoxicating بەهارات کاری تێپەڕ خواردەمەنی توند و تیژ وەک سرکە، خواردنەوەیەک کاریگەری لەسەر سیستەمی دەماری هەبێ و لەنگەری مرۆڤ تێک بدات. ع مسکر N Berusende د مسکر، مزە تند

ئ: ماستاوێ کەسکوونمان خوارد، سرکەیەکی کەسکوونە.

**کەسکە:** ❶ ڕووەک ناو شینکەی بەهاران.

**کەسکە:** ❷ هێمایر ژنی زماندرێژ.

**کەسگەرایی:** Personalism هەڵوێستێکی ئەندێشەیی و تیۆلۆجیکە جەخت لەسەر گرنگی کەسی مرۆڤ ئەکاتەوە.

**کەسم:** shape ناو بیچم، تەشک، سەروسیما، ڕواڵەت، سەکوت. ع شکل N form د شکل.






**کەسمۆک:** asthma نەخۆشی ناو ئاسم، بەرهەنگ، گژم، ڕەبوو. ع الربو N astma د آسم.




**کەسن:** ugly ئاوەڵناو کرێت، ناپەسەند، ناشیرین، دشت. ع البشع N stygg د بیریخت.






**کەسنەدیو:** unprecedented ناوی لێکدراو نەبینراو، نەبیسراو، تازە، سەیر، سەمەرە، بێپێشینە. ع غیر مسبوق، لا مثیل لە N enestående د بی سابقە، بی نظیر.

**کەسنەویس:** pariah ناوی لێکدراو کەسانێک کە وەک قێزەون لە کۆمەڵ تەرە کراون. ع منبوذ N paria د منفور.

**کەسەخ:** ناو ١) بەرەک، چۆخەی درێژ لە شاڵی بووزووی خوری و تووک وشتر؛ ٢) جبەی خوری؛ ٣) دەلمە.






**کەسیرە:** frozen ئاوەڵناو تەزیو لە سەرمان، ڕچاو [N] frossen [ع] منجمد [د] سرما زده.





**کەسینکر:** personification ناو {کەسینکرن} بەرجەستەوێنا، نوێنەرەوە، دەربڕ [N] personifiseringen [ع] الصفة المجسدة [د] تجسم شخصیت.

**کەش:❶** نەپێکان.

**کەش:❷** atmosphere ناو فەراگەردی هەر شتێک، سنوور، بارودۆخ. [ع] أجواء [N] atmosfære [د] جو.

**کەش:❸** ناوبکەر کێشەر، ڕاکێشەر. [ع] [د] جاذبە [E] gravity, attraction.





**کەش:❹** Saturn ئەستێرەناسی ناو هەسارەی کەیوان یان ساتڕن. [ع] زحل [N] Saturn [د] زحل.






**کەشاو:** drawer ناو [ لە کشان ] چەکمەجە، قوتوویەکی سەرئاواڵەیە بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە مێزی ئەبەستن کە ئەخلیسکێت و ئەکشێتە دەرەوە.
ع جارور N skuff د کشو.





**کەشتەنگ:** nervous, neurotic دارەت ئاوەڵناو قەڵس، کەللەگەرم، باهێڕ، شەمزاو، خەیدی. ع متوتر، عصبيٖ N أنيق د عصبی.

**کەشخە:** stylish ئاوەڵناو قەشەنگ و ڕازاوە، ڕێک و جوان لەبەر چاو، خاوەن سەرڕێژنە، هێمایر لەخۆبایی. ع مهارة N stilig د شیک.

**کەشخەیی:** panache ئاوەڵناو جوانی و ڕێک و پێکی، بڕوای ورووژاو بە شێواز و ڕواڵەتی دەروشاوە؛ ڕازاندنەوەی زیاد لە پێویست. ع مهارة N panache د تسلط. ن: پەڕێکی ڕازاندنەوە بە کڵاوی پارێزەوە.

**کەشتی سپی:** La Nave Bianca فیلم فیلمی ١٩٤١ دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.







**کەشکی نوقڵ:** شیرینر ناو نوقڵ یان شۆکۆلاتێکە بە شیری خەست و شەکر و ئاردە برنج و سپێنەهێلکە و گولاو دروست ئەکرێ، ڕەنگی سپییە

و به چوارگۆشه یان ئەکرێتەوە، لەتی کاکڵەگوێزێک لەسەری دائەنرێ و سووچەکانی ئەدرێتەوە بەسەر گوێزەکەدا، پاش دەبارکردن، ڕەق ئەبێ و گوێزەکە ڕائەگرێ. ⇦ شیرینی کەشکی نوقڵ له white chocolate truffle نزیکه و به تایبەت زۆر له کامافۆی برازیلی Camafeu Brasileiro یان کامافۆی گوێز Camafeu de nozes ئەچێ ☜ ترافل ☜ شیری خەست.










**کەشکەی ئەژنۆ:** ناو کەشکەژنۆ، کەشکەزرانی، ئێسکی خڕی ئەژنۆ E patella.





**کەشەف:** ناو کەرەستە کەشەفە، سینی درێژۆکە بۆ پیاڵە و ئیستکان.




**کەشەنگ:** fatigue دارەت ناوی فەرمان شەکەت، ماندوو، هیلاک. ع متعب N utmattelse د خستە.





**کەفارەت:** atonement ئایینناسی لێخۆشبوون، قەرەبووکردنەوەی هەڵە یان تاوانێک. کەفارەت وشەیەکی ئایینییە و لە ڕوانگەی دینەکانەوە بریتییە لە پرۆسەی لێخۆشبوونی سەرپێچییەک بە سزادان یان تەمێ کردن یان کڕینەوەی تاوانی کراو.












**کەفتەیی:** typhoid پزیشکی نەخۆشی ناو نەخۆشی گرانەتا، پەتایەکی باکتریاییە لیری سوور لە سینە و ورگدا پەیدا ئەبێ و ڕیخۆڵە ئەسووتێنەوە N tyfus ع د حصبە تێبینی: کەفتەیی یان تیفۆیید Typhoid لەگەڵ تیفووس Typhus جیاوازە.




**کەفچەرێن:** barmy ئاوەڵناو کەفاوی، شەپۆلاوی، شڵەژاو، هەژاو، شێواو د متلاطم .

**کەڤوور:** Camillo Benso, Count of Cavour ڕامیار {١٨١٠ـ١٨٦١} ڕامیار و سەرۆکوەزیرانی ئیتالیا و سەرکردەی یەکگرتنەوەی بەشێکی ئیتالیا.








**کەڤێت:** Covet بەرامە بەرژەنگ ناو بە واتای ئازووەری و تامەزرۆیی و خولیا و ئارەزوو، بەرژەنگێکی بەناوبانگی بەرامەیە هی سارا جێسیکا پارکری هونەرپیشە. ع الكوت N Covet د کوت.












**کەکرە:** Citrullus colocynthis ڕووەک ناو زۆر تاڵ، گیاتاڵ، گیایەکی زۆر تاڵە، لە تاڵیدا بە ژەهری ماری ئەچوێنن. ع حنظل N Citrullus colocynthis د حنظل.



**کەکرەی مار:** هێمایر کینایە ناوی لێکدراو ژەهری مار، ئەمازەیە بە شتی زۆر تفتَ و تاڵ.

**کەلاجۆ:** swindler ناوی فەرمان فریودەر، دەسبڕ، کلاوباز، ئۆینباز، خاپێنەر، ساختەکار، شێوەباز، فێڵەباز، گزەون. ع المحتال N svindler د کلاهبردار. ⇦ **کوڵەنانی:** beguiling ئاوەڵناو جوانی هەڵخەڵەتێنەر، خاپینۆک، چاوبەست، ئۆینیاز. ع ساحر N forførende د افسونگر.




**کەلان:** cute ئاوەڵناو زیوا، دەلال، جوان، شەنگ، چەلەنگ. ع جذاب N søt د جذاب. ⇦ **کەلان:** massive ئاوەڵناو گەورە، مزن، بەقەڵافەت، زەبەلاح. ع جسیم N gigantisk د عظیم.

**کەلانە:** scallion pancake خۆراک ناو جۆرێک نانی بەڕۆنی دوو لۆی نووشتاوەیە کە ناوەکەی پیاز، کنیواڵ، سیرموکە، یان پەنیری تێئەکرێ. ⇦ **کالزۆنە:** calzone خۆراک ناو جۆرێک پیتزایە کە پاش پانکردنەوەی

هەویرەکە، پەنیر و پەسای تێئەکرێ، دوو لای نانەکە ئەهێنرێتەوە یەک و پێکەو ئەلکێنرێت.




**کەلایی :** ناژناو ئاوەڵناو کەربەلایی، ئەو کەسەی بچی بۆ زیارەتی کەربەلا پێی ئەوترێ کەلایی، وەک ئەوەی کە چووە بۆ زیارەتی مەکە، پێی ئەوترێ داجی.

**کەلخانە :** gun shop چەک ناوی‌لێکدراو کۆگای چەکفرۆشی N pistolbutikk ع متجر اسلحة د اسلحە فروشی.



**کەلڤین :** فیزیک یەکە ناو یەکەی بنەڕەتی ستانداردی جیهانی IS پلەی گەرمی

گەرمیداینامیک کە لە قەبارەدا یەکسانە لەگەڵ پلەی سەدی، بۆ یەکەمجار وەک یەکەیەکی بەکارهێنراو لە پێوەرەکانی کێلڤین ناسێندرا. ⇐ **پێوەری کەلڤین**: فیزیک پێوەرێکی پلەی گەرمییە تێیدا سفری ڕەها، سفرە و، کەلڤین وەک **یەکە** بەکار ئەهێنرێ. ☜ سێرمۆداینامیک ☜ گەرما




**کەللە بێ من براوەم، ژمارە بێ تۆ دۆڕاوی**: پەند کینایە ئەماژەیە بە هەلومەرجێک کە لە هەردوو دارەتەکەدا کەسێک براوەیە و بەرامبەرەکەی دۆڕاو. ⇐ **کەللە و ژمارە**: پارەی ئاسن دوو ڕووی هەیە، دیوێکیان کەللە و دیوێکی ژمارەیە.




**کەللەدووگ**: hot_headed ناوی لێکدراو کەللەپووک، کەللەکەر، کەسی تۆسن و هەڵچوو و بێپەروا. ع غبي N dum د کلەپوک.

**کەلواز**: دارەت ناو سەرمای سەخت.

**کەلوپەل**[1]: furniture ناوی لێکدراو موبل و کورسی ناوماڵ، نوێن و جلوبەرگ، کاڵا. ع اثاث N møbler د مبلمان.

ن: کەلوپەلناردن، کەلوپەلفرۆشتن، کەلوپەل هاوردەکردن.

ن: کەلوپەلی ئاسنگەری، کەلوپەلی سەربازی، کەلوپەلی وەرزشی.

**کەلوپەل**:❷ upholstery ناوی لێکدراو شمەکی ناوماڵ، داپۆشینی مۆبل و کورسی بە کووتاڵی مەخمەر و جوان. ع اثاثە یا لوازم داخلی N møbeltrekk د اثاثە داخلی.




**کەلوو**:❶ axis ئەستێرەناسی ناو تەوەر، هێڵێکی گریمانەییە کە تەنێک بە دەوریدا ئەسووڕێ، یان بە دەور خۆیدا ئەخولێتەوە. ع محور N akser د محور.




**کەلوو**:❷ ناو قوڵفەی تێهەڵکێشی ئەو شتانەی بە شیش ئەچنرێن. ← گۆرەوی کەلووچن.

**کەلوو**:❸ ئەستێرەناسی ناو برجی ئاسمان، ئەو تەوەرەی کە هەسارە و ئەستێرەکان بە گردیدا ئەسووڕێنەوە E zodiac ☜ ناوچەی کەلووەکان.




**کەلوو:**❹ ناو کلووی کوڵکە و پەموو.

**کەلوو:**❺ castle کۆشک ناو قەڵا، شوورە، کۆشک، پایتەختی دەسەڵات، فەرمانفەرما، کاردیناڵ یان لەو بابەتە. [ع] قصر [N] slott [د] قصر.



**کەلوو:**❻ ناو بەروار، قەدی چیا.

**کەلەبەر:**❶ seam ناو قەڵش و درز و کەلی دیوار یان شاخ یان گرد بە شێوەی دووفلیقانەی وەک قۆچەقانی ن: کەلەبەری دەرگا ☜ کەلێن.



**کەلەبەر:❷** chasm ناو قەڵش، شەق، کەلێن، زندۆڵ، درزی گەورە، درزی قووڵ لە زەوی، بەرد، یان ڕووبەرێکی تردا. هێمایر دەرەتانی دەربازبوونی دژوار. ع الهوة N kløft د شکاف عظیم. ن: قەڵشێک بوو بە ئەندازەی کەلەبەرێک.



**کەلەبەر:❸** ناو دەربیچە، دەرچە، ڕۆچن، کوناودەر، گوزەر، وەنەدی، بۆ دزەکردن و هەڵاتن. دەرەتانی تەنگ.

**کەلەبەر:❹** ناو دابڕگەی بچووکی ئاو لە سەر جۆگەی مەشتەوە لە کاتی ئاودێری. مەڵبەنیشی پێ ئێژن. ← **مەشتە:** ناو جۆگەیەکە کە قەدەدێراوێک ئاو ئەدا.

- لەجۆگەی گەورەوە ئاو تێتە ناو باوەر.
- لە باوەرەوە ئاو هەڵئەکرێ بۆ ناو جۆگەلە.
- لە جۆگەلەوە ئاو هەڵئەکرێ بۆ ناو جۆگەلە مەشتە.
- لە جۆگەلە مەشتەوە ئاو دائەبڕێ بۆ ئاژین کردنی مەشتە کە دەخڵ و دان و پەڵەخیار و بێستان و ئەو شتگەلەسە.

**کەلەجان:** juggernaut ناو ملهوڕ، خێشمەلە، تەژە، تەژەی ملقەوی، کەڵش، ملئەستوور. ع الطاغوت N juggernaut د الطاغوت، قلدر.



**کەلەجانی:❶** ئاوەڵناو بەزۆر، بەزۆرەملێ، لەخۆنەوین و زۆر لەخۆکردن بەڵام کەمتر لە کەڵەگایی.

**کەلەجانی:❷** chantage ناوی فەرمان {فەرانسە} باج وەرگرتن بە کەڵەگایی و بە هەڕەشەی ئابڕووبردن E blackmail.

**کەلەخ:** ناو لەش، جەستەی مرۆڤ.

**کەلەستە:** ناو بەدەنە، جەستە، قەدپۆز.

**کەلەش:** nimble ئاوەڵناو چالاک، چابوک، چوست، چەلەنگ، زرەنگ، زیت، گورجوگۆڵ، تاشک.

**کەلەگی:** ناو ژووری ڕوو بە بێڵایی، کەللەیی، هۆدەی ناقۆڕاست خانووی دوو ژوور و کەلەگی.

**کەلەمی تۆپ:** cabbage ڕووەک ناو کەلەرم، گیایەکی دوو ساڵەی سەوزی گەڵا سوور یان سپی ئاماڵ کەسک، وەکوو سەوزییەکی گەڵادار بە زۆر جۆری وەکوو دۆڵمە و ساڵاد و ترشی بەکار ئەهێنرێ. ع کرنب N *kål* د کلم.









**کەلەمی چینی:** Chinese cabbage ڕووەک ناو جۆرێک کەلەمی ڕۆژهەڵاتییە کە ناوەکەی وەک کەلەمی خڕ، پڕ و تۆکمە نییە. کەلەمی چینی جگە لە ساڵاد خواردنیشی پێ ساز ئەکرێ کە بەناوبانگترینیان خواردنێکی کۆرییاییە بە ناوی Kimchi ع الملفوف الصيني N kinakål د کلم چینی. ⟸ **کاهوو:**

Lettuce ڕووەک ناو گیایەکی ماڵییە گەڵاکەی ئەخورێ و کەرەستەی سەرەکی

سالاّدە، کاهوو جۆری زۆری خڕ و درێژی هەیە لە ڕەنگی جۆراوجۆردا. [ع] خس [N] Salat [د] کاهو. ☜ کیمچی.




**کەلەمی گەڵا:** kale ڕووەک ناو جۆرێک کەلەمی گەڵا سەوز و مۆری تەڕی ڤیتامینە و لە هەوای سارددا گەشە ئەکات. [ع] کرنب أجعد [N] grønnkål [د] کلم برگ.




**کەلەندەر:** scythe ئامێر ناو مەڵغان، کەرەنتوو، داسێکی دەسک درێژە بۆ دروێنەی گەنم و دوورینی گیاو و چیمەن بەکار ئەهێنرێ، ئەمڕۆکە مەکینەی ئەسپ و تراکتۆر جێگەی گرتووەتەوە، بەڵام هێشتاش لە هەندێ

ناوچە بەکار ئەهێنرێ N ljå ع مخش، منجل د داس.

**تیخ:** دەمی کەلەندەر،

**دەسک:** داری درێژی دەسکی کەلەندەر،

**جڵەوە:** ئاڵقەی ئاسنی بنی تیخەکە کە کلکی دەسکی دارین خراوەتە ناوی،

**پەرچ:** بزماری داکوتانی جڵەو،

**گەلە:** هۆرە، ئەسپین، ئەو پوازەی کلکی دەسکی لە ناو جڵەوە توند کردووە،

**چەڵمە:** کەڵمە یان دوو دەسکی بچووک کە لە دەسکی گەورە داکوتراوە،

**تۆق:** ئەو دوو ئاسنە بازنەییەیەی دەسک و کلکی جڵەوەیان لە خۆیان گرتووە،

**جڵەوکردن:** دەسک تێکردنی کەلەندەر،

**بیرازکردن:** ڕەقاندنەوە، دەمەزەردکردن، تیژکردنەوەی مەڵەغان،

**سندان:** زیندان، دەزگا،

**مەڵەغانگێڕ:** ئەو پاڵەی کار بە مەڵغان ئەکات،

**لەماکۆدان:** کاری دروێنە بە کەلەندەر،

**گەوز:** هەر جارێک کە مەڵەغانگێڕ خۆی ڕائەوەشێنێت،

**کەرخ:** ئەو ماوەی کە مەڵەغانگێڕ دائەنەوێتەوە و بە چەند گەوز دروێنە ئەکات.








**کەلهۆک:** ناو قەڵای بچووک، شوورەی بچووک.

**کەلەواژی:** obscene ئاوەڵناو دشت، ناحەز. ع مستەهجن N obskøn د مستەهجن.

**کەلان:** زێوا، دەلال، جوان، شەنگ، چەلەنگ. ⇐ **کەڵان:** گەورە، مەزن.

**کەلێن:**❶ ناو قەڵەشت و کەلەبەر لە دیوار و دەرگا د شکاف.





**کەلێن:**❷ ناو پەناگا.

**کەلێن:**❸ ناو بۆسە، چەپەر، خەڵ، سێپێر.

**کەلێن:**❹ ناو دەرفەت. د فرصت ☜ کەلەبەر.

**کەلێن:**❺ gap ناو کانەزوانە، قەڵەشت، کەلەبەر، کۆڵدراوی جێگەی

شووشەپەنجەرە، کەلێنی زاموسقەلێدان؛ کەلێنی بەردەرگای مێترۆ. ع فجوە N spor د شکاف، شیار.

ن: ئاگات لە کەلێنی بەر پات بێت! Mind the gap دەستەواژە

ن: کەلێن لەمپەر نییە، بەڵکو کاتالیزۆرێکە بۆ گۆڕانکاری.

ن: کەلێنی نێوان زیاتر و ئیتر بەسە هەرگیز داناخرێت.




**کەلیلان:** alas ئاوەڵناو سۆ، سوێ، تاسە، داخ و عەزرەت، تاسوخ. ع واحسرتاه، اشتیاق N akk د حسرت، افسوس، آرزومندی.

**کەڵان:** massive ئاوەڵناو گەورە، مەزن، بەقەڵافەت، زەبەلاح. ع جسیم N gigantisk د عظیم. ⇐ **کەلان:** cute ئاوەڵناو زیٖوا، دەلال، جوان، شەنگ، چەلەنگ. ع جذاب N søt د جذاب.

**کەڵتە:** Repair ناوی چاوگ چاککردنەوە، نۆژەن، هەندوو، سەرلەنوێ تازە کردنەوە. ع ترمیم N Reparere د تعمیر. ن:

دەم و ددانت بۆ ناکەی کەڵتە؟

تا کەی بە کفتە هەر ئێژی فڵتە؟

**کەڵکاوەژوو:** misusage, abuse داڕێژراو ناوی فەرمان بەکارهێنانی چەواشە، بەکارهێنان بە شێوەی نەشیاو و بۆ مەبەستی نەشیاو. ع اساءة N misbruke د سوء استفادە. ⇐ کەڵک و کەڵکاوەژوو

ریشەناسی [کەڵک+ ئاوەژوو] واتە ئاوەژوو کەڵک لێوەرگرتن، بە هەڵە و پێچەوانە سوود لێوەرگرتن و بەکارهێنانی هەر شتێک، کە دارماڵ واتای

{misusage, abuse} و {اساءة} و {misbruke} و، وشەی دەستکردی {سوء استفاده} ئەدات. ئ: دەرمانی ئازاریان بۆ نووسیبوو، کەچی کەڵکاوەژووی لێ ئەکردن و، وەک هۆشبەر بەکاری ئەهێنا.

ئ: کەڵکاوەژووی دەسەڵات.

ئ: ئەوە یەکەمجار نییە تۆمەتی کەڵکاوەژووی دەسەڵاتی لێ دەدەن.

ئ: کاریگەری ئەم پۆلە دەرمانە بووەتە هۆی کەڵکاوەژوو.

ئ: پێدانی ئەو گرێبەستەکە کەڵکاوەژووی دەسەڵات بوو.

ئ: کەڵکاوەژوو لە ناوبانگی چاکەی ئێمە، بووەتە...

**کەڵکەڵە**:❶ obsession ناوی لێکدراو هزری سەپاوی نەویستراو، هەستیاری زیاد لە پێویست بەرامبەر بە کەس یان شتێک. ع وسواس N besettelse د وسواس، دغدغە.

**کەڵکەڵە**:❷ temptation ناوی لێکدراو خولیا، نیگەرانی، ئەندێش، هەراس، ئاڵۆزی؛ گێنگڵ و ئارەزوو؛ کەفوکوڵی خولیای ناو مێشک سەبارەت بە مژارێکی تایبەت. د دغدغە N fristelse ع قلق.




**کەڵکێت**: weaving comb تەوون ناو شە، کەرکیت، ئامرازی پۆکوتانەوەی تەونە، چنگاڵی دارین یان کانزا تەمەڵی فەرشی پێ دەکوترێ. ع مشط النسیج N vevende kam د دفتە، شانە پودکوبی.



**کەڵۆت:** hip ناو سمت، کەفەڵ، سمتی پاتاڵ. ع ورک N hofte د باسن.






**کەڵو:** ناو چەمی کەڵو، کەڵۆێ یان زێی بچووک ناوی چەمێکە لە ناوچەی سەردەشت. ☜ کەڵۆێ.

**کەڵوان:** ناو بەرێکی دارمازووە، بۆ هەراڵ یان دەباغ ئەبێ.

**کەڵو:** ناو کەڵۆێ، ناوی چەمێکە لە کوردستان، ناسراو بە «زێی بچووک» لە نزیک گوندی ماشان.





**کەڵۆێ:** جوگرافیا ناو کەڵو یان زێی بچووک، ناوی چەمێکە بەناو شاخ و دۆڵی قووڵ و لێڕەوارەکانی ناوچەی پیرانشار و تا خوار سەردەشت ئەڕوا و لەوێوە بە پارێزگای سلێمانیدا و تا دووکان و بەرەو دەچڵە، دیمەن و بەرجەوەنی ناوازە و جوانی وەهای بەدی هیناوە کە بە تایبەتی لە وەرزی بەهاردا شیاوی سەیران و گەڕان و لێڕوانینە. لە دەرە هەرە بەناوبانگەکانی تەنگەی گرژاڵە کە بەنداوێکی لەسەر دروست کراوە. لقێکی چەمی کەڵۆێ لە شاخەڕەشی لای پیرانشارەوە سەرچاوە ئەگرێ کە ٣٥٧٨ مەتر لە ئاستی

زەریا بڵندە. هەروەها لقەکانی تری وەکوو «چەمی لاوێن»، «چەمی بادیناوێ» ئەڕژێنە ناو تەنگەی گرژاڵەوە. ئەم چەمە بە دەشتی کەلوێ لە شەش کیلۆمەتری سەردەشت و بە ناو شاخ و دۆڵە کاندا ئەڕوا و تێکەڵ بە لقی تری وەکوو «چەمی شەڵماش» و «چەمی زەرگە» ئەبێ کە داگیرکەران لە ناوچەی «ئالان»دا ناویان ناوە سنووری دەستکرد. ئەم چەمە لە ڕێگەی «چەمی تیەت»ـەوە لە پارێزگای سلێمانیدا بە ناوچەی قەڵادزەدا تێئەپەڕێ و ئەڕژێتە «گۆلی دووکان»ـەوە و پاشان تێکەڵ بە دەجلە ئەبێ.



**کەڵەبابە:** neck tubercle ناو قرک، گوێزەی ئەستۆ؛ خراپی گەردن؛ دەریەڕیوی بەر گەروو کە بە هۆی پێکگەیشتنی دوو لقی ساپرۆید thyroid پێک دێ د سیبک، سیب‌آدم. ⇦ **ساپرۆید:** thyroid ناو کرکراگەی قورتم، ڕژێنێکی بچووکە لە شێوەی پەپوولە لە پێشەوەی مل. هۆرمۆن دروست دەکات بۆ کۆنترۆڵی شێوازی بەکارهێنانی وزەی جەستە. ئەم هۆرمۆنانە کاریگەریان لەسەر نزیکەی هەموو ئەندامێکی جەستە هەیە و زۆرێک لە ئەرکە گرنگەکانی جەستە کۆنترۆڵ دەکەن. ⇦ ساپرۆید، ئەستوویەکە لە لووی ساپرۆیدی هەندێ گیانداری دەرئەهێنن بۆ دەرمان.
ع غدة درقیة N skjoldbruskkjertelen د تیروئید.



**کەلەش:** ئاوەڵناو جوان چاک، قۆز، بوێر.

**کەڵەش:** ناو تەرم، جەندەک، لاشە.

**کەڵەک:❶** ناو تەڵەکە، فێڵ، نەیرەنگ.

**کەڵەک:❷** ناو کەڵەکەکراو، لەسەریەک دانراو.

**کەڵەک:❸** bac هاتوچۆ ناو کەلەس، چەپەری سەر کوندە بۆ پەڕینەوە؛ گەمی، بەلەم، کایاک.





**کەڵەکبازی:** fraud فێڵ ناو فێڵکردن، فێڵبازی، کلاوسەرنان، گزێکردن. ع احتیال N bedrageri د تقلب E ruse.

**⇠ بە کەڵەک:** fraudulently فێڵ ئاوەڵکار بە فێڵ، بە ساختە، بە کلاوسەرنان، بە گزێکردن. ع باحتیال N uredelig د با تقلب.

**کەڵەکەبوون:** accumulation ئابووری ناو چڕێتی، کۆبوونەوە و بەدەستهێنانی بەردەوامی هەرشتێک، بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە ⬥: کەڵەکەبوونی سامان ⬥: کەڵەکەبوونی کاغەز و پەروەندە لەسەر مێز. ع تراکم N akkumulering د انباشتگی. ⇠ **چڕ:** condensed ئاوەڵناو کەڵەکەبوو، لەسەریەک پەستێنراو. ع متکثف N kondensert د متراکم.

**کەڵگا:** ئاوەڵناوی لێکدراو ملقەوی، زۆردار، دەسەڵاتداری بێبەزەیی، کەسێک کە کاری زۆردارییە لە کەسانی لاوازتر. ع بلطجي N bølle د گردن کلفت.

⬥: لە من مەبە بە کەڵگا. Don't get lofty with me

**کەڵەمە:❶** dog collar ناو تەوقی ملی گا، چەڵەمە. ع طوق N halsbånd

د طوق.






**کەڵەمە:**❷ ناو هێمایی تەنگوچەڵەمە، گیروگرفت.

**کەڵەمێر:** brave ناوی لێکدراو مروڤ، عەگید، کەڵەپیاو، ئازا، چاونەترس، زیرەک، جامێر، پاڵەوان. N modig د شجاع E temerity.

**کاڵەمێر:** old man ناوی لێکدراو پیرەمێرد، پیاوی زۆر پیر. ع عجوز، الشیخ N gammel mann د پیر مرد.

**کەما:** ڕووەک ناو گیایەکی بەرزی گەڵا دەرزییە. لۆ و کەما: قرچکی کەما لە هەموو قرچێک باشترە.

**لۆ:** prangos ڕووەک ناو هەڵز، هەڵەز، ئەڵز. ع N د جاشیر.

**قرچک:** ڕووەک ناو قۆڵەکراس و ئانگۆچک و لۆ و لاسکە.





**کەمانچە:** fiddle, rebeck موزیک ناوی لێکدراو ناوی پێچووکراو ئامێرێکی موزیکی کۆنە سێ ژێی هەیە. ع رباب N fele, rebeck د کمانچە.



**کەمبایەخ:** trivial ئاوەڵناو ئایەخ، شتێکە بەهای لەخوارەوە یان گرنگی کەم بێ. ع عدیم الأهمیة N triviell د ناچیز.

**کەمبورده:** Intolerance فیلم فیلمی بێدەنگی ١٩١٦ دەرهێنانی د. دەبلیۆ. گریفیس.

**کەمبورده:** intolerance کەمجیکەڵدان، دەمارگرژ، کەسێک کە ئامادەی بەرزێرەکردنی ڕوانگە و بڕوای جیاواز نییە. ع متعصب N intoleranse د متعصب.




**کەمبوردەیی:** intolerance ناوی چاوگ نابوردەیی، نەچوونە بن باری ڕوانگە و بۆچوون و ڕەفتاری جیاواز لە خودی کەسەکە. ع حساسیة مفرطة N intoleranse د نابردباری. **ڕەواداری:** tolerance ناوی چاوگ

لێبوردەیی. ع تحمل N toleranse د تحمل.

**کەمبەرۆک:** ناو دەوەنێکی دڕکاوییە کە میوەی هەیە.

**کەمبەلۆک:**❶ testicles as food ناو چمە، دمەڵان، دونبەڵان. ع الخصيتين كغذاء N Testikler som mat د دنبلان.



**کەمبەلۆک:**❷ ناو کارگ، قارچک.

**کەمپەر:** competitor ناوی فەرمان ڕکەبەر، خۆڕانەر لە حاند یەکێ تر، بەرامبەر لە پێشبڕکێدا. ع منافس N konkurrent د رقیب.

**کەمپەراندن:** competition چاوگی تێنەپەڕ ڕکەبەری کردن، بەربەرەکانێ، قینەبەری، بەرەنگاربوونەوە بە هۆی کێشە یان ناکۆکییەوە. ع منافسة N konkurranse د رقابت.



**کەمپرلە:** Quimperlé جوگرافیا کارگێڕی کیمپرلە، کۆمۆنێکە لەبریتنی لە باکووری ڕۆژئاوای فەڕانسە لە نێوان دوو چەمی خرۆشانی ئێلە و ئیزۆل، کلێسای کۆلۆمبان و سەنت میشلی بەناوبانگە.




**کەمترینی شیاو:** bare minimum ئاوەڵناو بچووکترین بڕی گونجاو یان کەمترین جێبەجێکردن؛ بەڵام هێشتا گونجاو، واتە ڕاپەڕاندنی مەرجی پێویست و پەسەند و گونجاو بۆ ئەرک و مەبەست. ع الحد الأدنى المطلوب N et minimum د حداقل لازم.

**کەمتەرخ:** bawdy ئاوەڵناو ئایەخ، بێبەها، ناڕەواج، هەرزە، پیس، سووک، نادەربەست، بەتەنگەوەنەبوو، ئالۆری، لامسەرلا. ع فاجر N kjipt د بی‌مبالات، سهل‌انگار، بی‌توجه.

**کەمتەرخەم:** negligent ئاوەڵناو خەمسار، فەرامۆشکار، گوێنەدەر، سەرنەکەوتوو لە پێڕاگەیشتن بە ئەرک و کاریدا. ع مهمل، غافل N forsømmelig د مهمل، غافل.

**کەمتەرخەمی:** procrastination ناوی چاوگ گوێنەدان و گرنگی پێنەدان، پشتگوێ خستن؛ کەمتەرخەمی خووی دواخستنی ئەرکە گرنگەکانە، بەزۆری بە گرنگیدان بە چالاکییە پلە نزم و چێژبەخش و ئاسانترەکان. جیاوازە لە تەمبەڵی کە بریتییە لە ئامادەنەبوون بۆ ڕاپەڕاندن. کەمتەرخەمی ئەتوانێت تواناکان سنووردار بکات و پیشەی مرۆڤ بخاتە بەر مەترسییەوە. ع تسویف N utsettelse د اهمال کردن E negligence.

**کەمچە:** trowel ئامراز ناو ئەسکوێ، ئامرازێکی بچووکی دەستییە بۆ هەڵکەندن، لێدان، نەرمکردن، یان جوڵاندنی بڕێکی کەم لە هێسنی چەسپاو یان گەردیلەیی بەکاردێت. جۆرە باوەکانی بریتین لە کەمچەی

بەنایی، کەمچەی باخچە و مەڵەی گەچکاری. ع مجرفة N sparkel د

ماڵە، بیلچە باغبانی.

**ماڵە:** float ئامراز ناو جۆرێک کەمچەی لاکێشەی تەختە بۆ گەچ و سیمانکاری بەکار دێت.




**کەمخوێنی:** anemia ناو ئەنیمیا، دارەتێکە بە هۆی کەمی خڕۆکە سوورەکانی خوێن یان هیمۆگلۆبین لە خوێندا دروست ئەبێت، جەستە خوێنی دەوڵەمەند بە ئۆکسجینی پێویست بەدەست ناهێنێت. کەمی ئۆکسجین ئەبێتە هۆی ئەوەی ڕەنگی مرۆڤ ئەپەڕێ و هەست بە ماندوێتی و لاوازی ئەکات. ع فقر دم N anemi د فقر الدم.




**کەمدەم:** thrifty ناوی بێکدراو پەزمەندە، ئابوور، دەستپێوەگر، لێزانی ئابووری بۆ دەستپێوەگرتن لە بواری پارە و خۆراکدا؛ پیاو یان ژنی لێزان لە بەڕێوەبردنی ئابووری ناوماڵ. ع مقتصد N sparsommelig د مقتصد.

**ئەنوختە:** پاشەکەوت. ☜ کەمدەمی




**کەمدەمی:** austerity ئابووری ئاوەڵناوی لێکدراو بە واتای دەس بەدەمەوەگرتنی ئابووری و خۆپارێزی لە هەموو بوارەکاندا؛ بەرنامەی تایبەتی دەسەڵات لە هەلومەرجی تەنگوچەڵەمەی ئابووری بۆ هەموو جەماوە. ع التقشف N innstramminger د ریاضت، پرهیز عمومی E economizer, frugal, sparing, thrifty.

**کەمکۆڵ:** fresh walnuts ناو گوێز بە پێستە سەوزەکەوە. ع الجوز الطازج N ferske valnøtter د گردوو با پوست.




**کەمنیاز:** small need ناو پێداویستی کەم، شتێک زۆر پێویست نەبێت. ع قلیل الحاجة N lite behov د کم نیازی.

**کەمۆڵ:** cask کەرەستە ناو دەرم، داریل، بەرمیلی تەختەی گەورە، کوویەی داری سەرگیراو، کوویەی شەراب د بشکە چووبین N tønne ع برمیل خشبي.



**کەموون:** cumin ڕووەک چێژەمەنی ناو زیرە، دەنکی بۆنخۆشی گیایەکە لە بنەماڵەی مەعدەنووس، کە وەکوو بەهارات بەکار ئەهێنرێ، بە تایبەتی هاڕدراوەکەی و لەناو تێکەڵەی کاری curry دا. ع کمون N spidskommen د زیرە ☜ کاری.





**کەمەربەستە:** ناوی لێکدراو شەلاف، شالووز، زمانلووس، ماستاوکەر، کەسی خۆڕێکخەری هەمیشە ئامادە بە خزمەت.

**کەمەرە:** ❶ equator جوگرافیا هێڵی کەمەرە، هێڵێکی گریمانەییە بە دەوری پشتوێنەی زەویدا کە لە هەر دوو هێتمی باکوور و باشوور بە یەک ئەندازە دوورە و هێڵی ئاسۆیی جوگرافیایی پلە (٠) بەدی ئەهێنێ. ع خط الاستواء N ekvator د خط استوا.





**کەمەرە:**❷ circle ناو پەرانپەرِ، دەقەر، ژینگە، بازنە. ع دائرە N sirkel د محیط ⟸ **چێوە:** perimeter ناو پەرانپەرِی بازنە N omkrets ع محیط د محیط.

**کەمەندکێش:**❶ ناوی لێکدراو سرووش، دەنگی پێوار، دەنگی لە غەیبەوە.

**کەمەندکێش:**❷ Sraosha سرووش، لە ئێزەدانی زەردەشتی کە ئاگای لە ئاسایش و تەناهی جیهانە.

**کەمەندکێش:**❸ ناوی لێکدراو ملکەچی و سەرسپاردن لە بەرامبەر کەسێکی تردا.

**کەمەندکێش:**❹ ناوی بەرکار یەخسیری داوی ئەڤین و خۆشەویستی.

**کەمیرە:** chimera ئایین و ئەفسانە هێمایی کایمێرا، ئەندێشەی بێهودە، خەونێک کە نایەتە دی؛ لە ئەفسانەی یۆنانی گیاندارێکی مێینەیە، ئاگربەدەم، سەری شێرە، جەستەی بزن و کلکی مارە. ع الکمیر کائن خرافي N kimær د خیال واهی.



**کەندا:** carving هونەر ناوی بەرکار نەخشاندنی هونەری لە سەر کانزا یان بەرد یان قوڕ ع نقش N gravering د حکاکی.

⟸ **کەندا و هەڵکۆڵین:** carving and engraving کەندا زیاتر کارامەیی هونەرییە کە بەکار دەهێنرێت بۆ نەخشاندنی وردەکارییەکان لە سەر بەرد یان کانزا، بەڵام هەڵکۆڵین وەکوو لیتۆگرافی وایە بۆ نووسینی زمانی کۆن لە سەر مەرمەڕ یان کانزا وەک تێبینی بۆ شتێک کە ساڵانی داهاتوو

ئەمێنێت و ئەو هەڵکۆڵینە ئەبێ بە ناسنامەی.







**کەندۆخ:** carpenter ناوی بکەر کۆڵەر، وەستای هەڵکۆڵەری سەر تەختە و مس و گەچ. ع حکاک N snekker د کندەکار.

**کەندەڵان:** cavity ناو ئەسکوند، زینێ، قووڵکە، گاچاڵ. ع حفره N hulrom د حفره. ← **ئاوا‌ندۆڵە:** ناوی لێکدراو چاڵی بەردین.

**کەنکەن:** Can_can سەما یان Cancan سەمایەکی خێرا و دڕواره لە سەر شانۆی هۆڵی سەما، سەماکاران بە شێوەیەکی هاندەر تەنوورەکەیان هەڵئەدەنەوە و قاچیان هەڵئەهێنن، تا ماوەیەک بە سەمای شوورەیی دائەنرا.





**کەنگلۆمەرات:** conglomerate گەورەکۆمپانیا

**کەنگینە:** خۆراک ناو ترێی هەڵگیراو بۆ زستان لە ناو دەفری تایبەتدا بە ناوی کەنگینە، کە زیاتر لە ئەفغانستان و لە ناوچەی پەروان باوە.

← **مێلاق:** خۆراک ناو ئانگور، ترێی هەڵگیراو بۆ زستان لە سەیزاندا، بە شێوەی هەڵواسراوی تایبەتی کوردەواری.








**کەنۆلی :** cannoli شیرینی ناو یان تۆشەی سێسیلیا، پێکهاتووە لە توێکڵی هەویری شیرینی سوورکراوە و، پڕکراوە لە شیرینی و کرێم و پەنیری ڕیکۆتا و، بەشێکی سەرەکییە لە خواردنی سێسیلیا. قەبارەیان لە نێوان ٩ بۆ ٢٠ سانتیمەتر دایە. لە نیمچە دورگەی ئیتالیا بە شێوەیەکی باو بە کەنۆڵی سێسیلیس ناسراوە. کەنۆلی ئێستە لە هەموو شوێن ساز ئەکرێ.
ع كانولِي N cannoli د كانولی.




**کەنوو :**[١] hive کەرەستە ناو کەندوو، کوار، شوێنی پاراستنی ئارد و دانەوێڵە، سایلۆی گەنم و جۆ.






**کەنوو:**❷ hive کەرەستە ناو کەندووی هەنگ، کەنوو، کوارە، کاریتان. ع خلية نحل N bikube د کندو.







**کەنەفت:**❶ despicable ئاوەڵناو زەبوون، بێدەسەڵات، زۆر پەرێشان، کەلەلا، کز و لاواز، لارەمل. ع حقیر N avskyelig د حقیر.

**کەنەفت:**❷ ئاوەڵناو بەنەحلەتکراو لە ئایینی ئێزەدی.

**کەنێرە:** incense ڕووەک ناو جۆرێک داری بخوورە، بەرەکەی بۆ بۆنخۆشی ئەسووتێنرێ. ع شجرة البخور، اللبان، الکندر N røkelse tre د درخت بخور.






**کەنی:** woman ناو ئافرەت، ژن، مرۆڤێکی مێینەی پێگەیشتوو. ع امراة N kvinne د زن. ⇦ کەنیشک: ناو کەنی بچووک واتە کچ.





**کەنیزەک:** odalisque ناو وشەی ئۆدالیسک لە فەرەنسە و ئەویش لە odaliq تورکی {١٦٦٠ـەکان} بە واتای شایەنە و خزمەتکاری ژووری ناو حەرەم ئەگرێتەوە. ع جاریە N odalisk د جاریە.





**کەنیشک:** ناو کچ، کناچە، ئافرەتێک کەشووی نەکردبێ.

**کەواندن:❶** چاوگی تێپەڕ خستن، ڕۆچواندن.

**کەواندن:❷** چاوگی تێپەڕ cauterization ناو چزاندن، داخکردن، سۆیەر، چارەسەر بە داخکردن یان سووتاندن، نیشانەکردن بە داخکردن **پێناسە:** پزیشکی کەواندن نیمچە نەشتەرگەرییەکی پزیشکی یان تەکنیکی سووتاندنی بەشێک لە جەستەیە بۆ لێکردنەوە یان داخستنی بەشێکی؛ ئەویش بۆ کەمکردنەوەی خوێنبەربوون و زیانەکان، لابردنی گرێ یان لوویەکی نەخوازراو، یان کەمکردنەوەی ئەگەری زیانەکانی تری پزیشکی، وەک هەوکردن کاتێک ئانتی بایۆتیک بەردەست نییە. ع الانکواة N kauterisering د سوزاندن E brand, burning pain, cauterize.







**کەواناسی:** Arcology ئەندازە ناو بریتییە لە تێکەڵکردنی تەلارسازی لەگەڵ ئیکۆلۆژی، کە دیدێکی شارستانی گشتگیرە. لە سروشتدا لەگەڵ پەرەسەندنی زیندەوەران، ئاڵۆزیان زیاتر ئەبێت و ئەبنە سیستەمێکی چڕتر. شارێک ئەبێ بە هەمان شێوە پەرە بسێنێت و، وەک سیستەمێکی زیندوو کار بکات. ع عمارة بيئية N arkologi د معماری بومشناختی یا آرکولوژی.

**شوێنەوارناسی:** Archaeology ژیار مێژوو نژیارقانر ناو ئارکیۆلۆجی، لێکۆڵینەوە لە مێژوو و پێش مێژووی مرۆڤ لە ڕێگەی هەڵکەندنی شوێنەکان و شیکردنەوەی شوێنەوار و پاشماوە فیزیکیەکانی تر. ع علم الآثار N Arkeologi د باستان شناسی.




**کەوانەبڕ:** Parabola ئەندازەزانر نژیارقانر ناو یان بڕگەی هاوتا، کۆمەڵە خاڵێکە لە ڕووتەختێکدا کە هەمان دووریان هەیە لە خاڵێکی دیاریکراو (پێی ئەوترێت تیشکۆ) و لە ڕاستەهێڵێک کە پێیدا ناڕوات (پێی ئەوترێت ئاراستە). خاڵی ناوەڕاستی تیشکۆ و ئاراستە پێی ئەوترێت سەری بڕگە، بەڵام ئەو ڕاستەهێڵەی بە تیشکۆ و سەری بڕگەکەدا ئەڕوات پێی ئەوترێت تەوەری کەوانەبڕ. ◄ کەوانەبڕ، هەر وەک لە وێنەیەکانە دەرئەکەوێت هاوتایە لەگەڵ تەوەرەکەی کە ئەبێتە تەوەری هاوتا. ع القطع المكافئ N Parabel د سهمى

☜ بڕگەی ناتەواو. ☜ کەوانەی میریدیان



کەوانەبڕ لە ئەنجامی بڕینی قووچەک بە ڕووتەختێکدا دروست دەبێت.



The Gateway Arch in St Loius, Mo., USA




کەوانەبڕ بە ڕەنگی شین دیاریکراوە. سەری (vertex) کەوانەبڕ و تیشکۆ (focus) و، هێڵی سەوز ئاراستەی کەوانەبڕەکەیە.



**کەوانەی مێریدیان:** Meridian arc ☜ هێڵی درێژی

**کەوانی پا:** feet arch ئاناتۆمی ناو پێی مۆڤ سێ کەوانی ناوەڕاست و لایەنی و تەرادەیی پێشەوەی هەیە، کەوانەی ناوەڕاست چەندە بەرزتر بێت، ئەوەندە باشترە بۆ تەندروستی مرۆڤ، تا ئەو ڕادەیەی کە توانای بەرگەگرتنی پێی تەخت زۆر کەمە و لە هەندێ دۆخی وەکوو سەربازیدا بە کەمئەندامی دائەنرێت. ع قوس القدمین N fotbue د قوس پا.








**کەوبوار:** ناوی لێکدراو ڕێگەی گەرمێن و کوێستانکردنی کەو.

**کەوت:** maple ڕووەک ناو درەختێکە میوەی فندقی باڵداری هەیە، گەڵاکانی پەنجەیی و پایزەی ڕەنگاوڕەنگن، وەکوو زەمبەری ڕازاندنەوە، بۆ دار و ڕینگاڵی کەوت بەکار ئەهێنرێت. کەوت لە کانادا زۆرە و گەڵاکەی کراوە بە نیشانەی ئاڵاکەیان. ع القیقب N lønnetre د افرا.

☜ ئەفرا ☜ تاسەبار، هۆنراوەی هۆنەری کورد لە کانادا

**ئاڵای کانادا:** Canadian flag ئاڵا بەرژەنگ ناو ناسراوترین نیشانەی کانادا گەڵای کەوتە بە ڕەنگی سوور لەسەر زەمینەی سپی ئاڵاکەیان لە سەدەی نۆزدەهەمەوە. ئەدرێ لە زۆر بەرهەمی کانادایی و بە تایبەت لە قۆڵ و سینەی هەموو سەرباز و ئەفسەری کانادایی.

**ڕینگاڵی کەوت:** maple syrup شیلە ناو خۆشاوی کەوت، لە شیلەی درەختی کەوت دروست دەکرێت. لە کەشوهەوای سارددا ئەم درەختانە پێش زستان نیشاستە لە گەڵا و ڕەگەکانیاندا پاشەکەوت دەکەن؛ پاشان نیشاستە دەگۆڕێت بۆ شەکر و لە کۆتایی زستان و سەرەتای بەهاردا بڕەکەی زۆرتر ئەکات. درەختەکان وەکوو دار قەزوان کون ئەکرێت و کوچەڵەی لێ هەڵئەبەسترێت، شیلەی کۆکراوە بە کوڵاندن ئەکرێت بە ڕینگاڵێکی خەست و خوڵ، بۆ بەرچای و لەگەڵ بەستەنی یەکاوکەکە. ع شراب القيقب N Lønnesirup د شیرە درخت افرا.



**کەوتن:** lapse چاوگی تێنەپەڕ شکستێکی کاتی لە چەقبەستن، بیرەوەری، یان بڕیاردان. ع N د سڕیشدن، شکست.

ن: کەمبوونەوەی چەقبەستن لە نیوەی دووەمدا، یارییەکەی بەفیڕۆدا.

**کەوتنەخوارەوەی ئیکارۆس:** The Fall of Icarus شێوەکاری میسۆلۆژی لە

ئەفسانەی یۆنانیدا پاش ئەوەی گەرمای خۆر مۆمی باڵەکانی ئیکارۆش ئەتاوێنێتەوە، ئەکەوێتە خوارەوە و ئەمرێ. ئەم بوویەرە گرنگە بووە بە مایەی هونەری کۆمەڵێک لە هونەرمەندان، کە یەکیان پیتەر برۆیگڵ یان برۆخۆلە بە تابلۆی «بەرجەوەن و کەوتنەخوارەوەی ئیکارۆس».

☞ ئیکارۆس





**کەوچک:** spoon ئامێر ناو ئامێرێکە پێکهاتووە لە قاپێکی بچووک و قووڵی هێلکەیی یان خڕ بە دەسکێکی درێژەوە، بۆ خواردن و تێکەڵکردن و پێشکەشکردنی خۆراک بەکار دێت. باوترین جۆرەکانی کەوچک لە بچووک بۆ گەورە بریتین لە: کەوچکەچای، کەوچکی لاچەژ، کەوچکی سووپ، کەوچکی بەستەنی، کەوچکی فرنی، کەوچکی چێشت و ئەسکوێ واتە کەوچکی چێشت تێکردن. ع ملعقة N skje د قاشق.







**کەوژ:**[1] withered grapes ناو هێشووی وشکهەڵاتوو، هێشوە ترێی بە دارەوە وشک بوو. ع العنب الذابل N visne druer د انگور پژمرده.

☜ مێلاق ☜ کەنگینە




**کەوژ:** ❷ longing تاوەڕەفتار ناو ئاوەڵناو مگێرانی، بێزوو، کەرب، خولیا، هەوەس، ئارەزوو بەهێز؛ تامەزرۆیی زۆر، بە تایبەت هێی ئافرەتی دووگیان. ع تواق، الشوق N lengsel د ویار.



**کەوشۆن:** Cauchon ئەوروپییلار گەڕان-٢ سەرۆکی ئەو دادگایەی لە ساڵی ١٤٣١دا ژاندارکی دادگایی کرد ناوی کاردیناڵ پییێر کەوشۆن Pierre Cauchon بوو کە بێژەی ناوەکەی لەگەڵ وشەی کوشۆن cochon بە واتای مالۆس زۆر لێک نزیکە.










**کەوشەن:❶** border ڕامیاری جوگرافیا ناو سنوور، هێڵی جیاکەرەوە، هێڵێکە لە بواری ڕامیاری یان جوگرافیاییدا بە تایبەت وڵاتەکان لێک جیا ئەکاتەوە
ن: سنووری دەستکردی داگیرکەران چوار جار کوردستانی لێک جیا کردووەتەوە. ع الحدود N grense د مرز.

**کەوشەن:❷** limited area ناو سنوور و چوارچێوەی دەسەڵات، یان هەر شتێکی تر وەکوو مەیدانی کشتوکاڵ و گۆڕەپانی لەوەڕاندن. ع منطقة محدودة N begrenset område د محدودە.

**کەوشەنی تایبەتی:** privacy دۆخ یان دارەتی دوورکەوتنەوە لە چاودێریکران و ئاسوودەیی لە لایەن کەسانی دیکەوە ع خصوصية N personvern د حریم خصوصی.

**کەولێپۆس:** Fox Fur پۆشاک ناو پاڵتاوی پێستی تووکدار. ع فرو ثعلب N revepelsfrakk د پوستین، وات.



**کەوڵکردن بەر لە ساوازە بوونەوە:** nip in the bud پەند. ع قضى عليه في المهد N nappe noe i knoppen د در نطفه خفه کردن. ئەم پەندە لە کوردیدا بە زۆر شێوە وتراوە:

تیابردن بەر لە سەردرهێنان،

کوشتن بەر لە جووڕان،

لەناوبردن بەر لە گرسان،

تاساندن لە ناو قۆزاخەدا،

پانکردنەوە بەر لەوەی ببڕ بە پیۆپای،
بە گۆچنەکراوی بڕینەوە.

**کەوڵۆس:** broken teeth ئاوەڵناو کەلە بێددان، کەسێک ددانی پێشەوەی نەبێ. ع افرم N knust tenner د افرم G دێهخودا.



**کەونارا:** ancient ئاوەڵناو زۆرکۆن، دێرس، دێریک، دێرینە. ع عتیق N eldgammel د باستان. ⟸ **کۆنینە:** Antiquity.






**کەووگ:** gray ڕەنگەوشە ناو کەوگ، خۆڵەمێشی، بۆر، ڕەنگێکە لە نێوان ڕەش و سپیدا، وەکوو خۆڵەکەوە و قورقوشم. ع رمادي N grå د خاکستری.





**کەوومار:** ناو Viperidae گۆرمار، جۆری زۆری هەیە و لە هەموو جیهاندا هەیە. ع N Viperidae د افعی E serpent.




**کەوێڵ:** ناو کوول، زاخۆن، زاخە، ئەشکەوتی قووڵ.

**کەوی:** ❶ ناوی‌چاوگ تێکەوی. ⟵ تێکەوتن.

**کەوی:** ❷ ئاوەڵناو داخ، گەرم داگیرساو.

**کەوی:** ❸ ناو رنوو، کلیلە، گلێرەوە بوو.

**کەوی:** ❹ ئاوەڵناو ڕام، دەستەمۆ.

**کەویار:** ناوی‌فەرمان یاری بە لەنجەولار، یاری شیرین و شیانست، یاری خۆش لەنگێن.





**کەویر:** ناو قاقڕ، بیابان، زەوی بێ ئاو و رووتەن و شۆرەزار.




**کەویکردن:** چاوگی تێپەڕ ڕامکردن، دەستەمۆکردن، ماڵیکردن.

**کەی ئارەش:** ناوی تایبەت کیارەش، پاشای کوردی گۆڕان. فێردەوسی ئەڵێ:

وز آن دورتر آرش رزم یوز
چو گۆڕان شَه آن کُرد لشکرفروز

ڕاقەی کۆچەر شاسواری





**کەیبانوو:** duchess, lady ناو گەورە بانوو، شاژن، خاوەنشکۆ؛ خاتوونی ماڵ. ⇦ کەی {ئاڤستایی} بە واتای شا. ⇦ کەی قوباد، کەی خەسرەو.







**کەی دۆرسەی:** Quai d'Orsay جوگرافیا بەنداو فیلم بارئەندازی بەری چەپی چەمی سێن، ناوی شەقامەکەشە و وەزارەتی دەرەوەی فەڕانسە لەوێیە. بێرتراند تاڤێرنی Bertrand Tavernier ساڵی ٢٠١٣ فیلمێکی کۆمیدی دروست کردووە بە مناوە.






**کەیر هاردی:** Keir Hardie ڕامیار خەباتگێڕ (١٨٥٦ـ ١٩١٥) ڕامیار، خەباتکار و سەندیکالیستی سکاتلەندی، دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی بەریتانیا لە ١٩٠٦.








**کەیکاووس:** شا ئەفسانە ناوی‌تایبەت بە واتای سپی پێستە، لە وشەی کەی کاووس [Kay Kāvus]ـەوە هاتووە، کە لە مەزنترین پادشایانی کیانی و کوڕی کەی‌قوباد و باوکی کەی‌خوسرەوە و باپیرەی کوردان و لە یەکەم ئارییایە سپی پێستەکان بووە لە ئەفسانەدا هاتووە هێمای دەسەڵات و هێز و شکۆمەندییە، ١٦٠ ساڵ پادشایی کرد و فەرمانڕەوای حەوت کەوشەن بوو. لەسەر کێوی ئەلبۆرز حەوت کۆشکی دروست کرد، یەکلە زێڕ و یەک لە زیو و دوان لە پۆڵا و دوانیش لە شووشە. ئەوەی بە هۆی پیرییەوە وزەی دابەزیایەت، ئەچوو بۆ ئەو کۆشکانە و گەنج و بەوەج ئەهاتە دەرەوە. ⇦ **کۆکەیژن:** Caucasian ڕەچەڵەک ئاوەڵناو بە واتای خەڵکی (کەوکازیا Caucasus) کە ناوچەیەکە لە باشووری ڕووسیە، ئەم مەڵبەندە وڵاتانی سەربەخۆی ئەرمەنستان و گورجستان و ئادەربایجان و

بەشێ لە ڕووسیا ئەگرێتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک هەرێمی نیمچە سەربەخۆ و ئۆتۆنۆم. ⇦ هەروەها وتراوە وشەی «کۆکەیژن» بە واتای سپی پێستی کەوکازی، کە لە ڕاستیدا، کۆکەیژن هەمان کەیکاووسی واتە ئەوانەی لە نەوەی کەیکاووسن.









**کەینز:**[1] John Maynard Keynes ئابووریزان جان مێینارد (١٨٨٣ـ١٩٤٦) ئابووریزانی بەناوبانگی ئینگلیزی، بیروڕاکانی کاریگەری زۆری بوو لە سەر زانستی ئابووری لە جیهاندا هەبوو بە و بیردۆزی کەینزی ناسراون کە بریتیە لە فێرگەیەکی دیاری ئابووری.

⇦ **کەینزی ئابووریزان:** Keynesian economics ئابووریزان ئابووری کەینزی بریتییە لە کۆمەڵێ بیردۆزی جیاوازی گەورەی ئابووری (ماکرۆئیکۆنۆمیک) دەربارەی ئەوەیە چۆن لە داهاتووی کورتخایەندا ـ بە تایبەتی لە کاتی قەیرانی ئابووری (بچووکبوونەوەی ئابووری)دا دەرهاویشتەی ئابووری زۆر بەتوندی کاریگەری ئەکرێتە سەر بە «کۆی داواکاری» (بڕی گشتی خەرجکردن). بە ڕای کەینز، داوای گشتیی ئابووری مەرج نییە یەکسان بێت بە توانای بەرهەمهێنانی ئابووری؛ لەبری ئەوە، کاریگەری لەسەرە بە کۆمەڵێ فاکتەر و هەندێ جاریش هەروا کوێرانە هەڵسوکەوت دەکات، کە کاریگەری دەبێت لەسەر بەرهەمهێنان، هەلی کار و هەڵاوسان.

⇦ **کەینز و شۆڕش:** Keynesian Revolution ئابووریزان شۆڕشر شۆڕشی

کینێزی دووبارە کارکردنەوەیەکی بنەڕەتی بوو لە تیۆری ئابووری سەبارەت بەو هۆکارانەی ئاستی دامەزراندن لە ئابووری گشتیدا دیاری دەکەن. شۆڕشەکە لە دژی چوارچێوەی ئابووری ئۆرتۆدۆکسی ئەوکاتە دانرا، ئەویش ئابووریی نیوکلاسیک بوو.












**کیپلینگ:** Rudyard Kipling (١٨٦٤ـ١٩٣٦) **هۆنەر** **نووسەر** هۆنەر و کورتە چیرۆک و ڕۆماننووسی ئینگلیزی. براوەی خەڵاتی ویژەیی نۆبلی ساڵی ١٩٠٧. خاوەنی گوتەی بەناوبانگی: «ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵاتە و ڕۆژئاوا ڕۆژئاوایە و بەیەک ناگەن.»










**کێتامین:** ketamine **دەرمان** **هۆشبەر** **ناو** گیراوەیەکە وەک دەرمانی بێهۆشکەر و ئازارشکێن و هەروەها (بە شێوەیەکی نارێسایی) وەکوو هێسنی هەڵۆسەهێنەر بەکار دێت. کێتامین هەرچەند کاریگەرییەکی گوزەرای هەیە، بەڵام بە دەرمانێکی بەهێز و کاریگەر بۆ نەخۆشی خەمۆکی یان چرووسان دانراوە. بەکارهێنانی کێتامین وەک دەرمانی

دژی چرووسان پەسەند نەکراوە، بەڵام تۆڕی پزیشکی کانادا وەکوو دەرمانی هەڵسوکەوت و هەژان وەک دەرمانێکی هێڵی سێیەم بۆ چرووسان بە پەسەندی ئەزانێ.









**کێشدار:** rhythmic موزیک خاوەن کێش، واتە ئەو موزیکەی کێش و ڕیتمێکی تایبەتی دارێژراوی هەیە.

⇦ **کێش:** rhythm ڕیتم، مۆدێل یان باشقەی بەردەوامی دەنگی بەهێز و تەناهی و لەدوای یەکە لە موزیکدا. پاتەبوونەوەی جووڵانێکی سەقامگیر لە کاتێکی دیاریکراو لە موزیکدا پێی ئەوترێ کێش یان ڕیتم. ع ایقاع N rytme د ضرباهنگ.









**کێشسان:** elastica ئاوەڵناو وەکوو کێش، وەکوو کەژ، شتێک کە کێشی بێ E elastic ع قابل للتمدد N elastica د انعطاف پذیر. ⇦ **لخێز:** sway کەرەستە نەرم و باوخۆر، هێمایر کەسایەتی نەرم و گونجاو. ع مرن N mollis د قابل انعطاف، منعطف E resilient, malleable.





**کێشه ❶:** stalemate ناوی فەرمان ئاریشە، تەنگانە، گرفت، بنبەست، باری سەخت و دژوار لە شەترەنجدا. ع مازق N fastlåst situasjon د بن بست E altercation.

**کێشه ❷:** transfer ناوی چاوگ [ چاوگی کێشان ] بارکێشان، گواستنەوەی کوڵۆش لە **شاراوە** بۆ سەر **خەرمان**، گواستنەوە. ع نقل N overføre د انتقال E haul. ⇐ گێرە و کێشە. ☜ ڕاکێشان: haul





**کێشەر ❶:** attraction سۆزداری هێمایی ناوی بکەر ڕاکێشەر، توانای ڕاکێشان یان هێزی ورووژێنەری تامەزرۆیی و واز و چێژ و سۆز لە کەسێک یان لە شتێکدا. ع جذبة N tiltrekning د جذبه

**کێشەر ❷:** absorption ناوی بکەر مژۆک، هەڵمژ. ع استیعاب N absorpsjon د جذب.





**کێشەمان نییە:** nolo contendere گۆتە دەستەواژە L دەستەواژەیەکی لاتینیی تایبەت بە پارێزەرانە، کاتێک لەگەڵ خەنیم ئەگەنە ئەنجام و ڕێ ئەکەون بۆ دڵنیایی ئەڵێن: «کەواتە کێشەمان نییە!» ع لا نزاع N ingen د tvist بدون اختلاف E no dispute.

**کێشەی ئاڵۆز:** conundrum ناوولێکدراو گرفتی سەخت و دژوار، ئاستەنگی، گیروگرفت، پرسی چارەنەکراو، لە چارە نەهاتوو، گرفتی بێ چارەسەر. ع معضلة N uløselig problem د معضل، مسألەی لاینحل L conundrum.

**کێشەی درەیفوس:** Dreyfus affair مێژوو وێژە ڕووبەر گەڕان بۆ کاتێر لەدەستچوو کێشەی بە دەنگ و هەرای زیندانیکردنی ئالفرێد درەیفوس ئەفسەری جوولەکەی سپای فەرانسەیە لە ١٨٩٤ بە تاوانی سیخوڕی بۆ ئاڵمان و دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی شەیتان، هەتا ساڵی ١٩٠٦ کە بێتاوانیی ئەوە سەلما. ئێمیل زۆلا لەسەر دژایەتی بڕیاری دادگا یەک ساڵ گیرا و لە ساڵی ١٨٩٨، سێسەد کەس لە نووسەران و ڕووناکبیران بە دەرکردنی بەیانی ڕۆشنبیران دژی بڕیاری دادگا بوونەوە. پرووست لە ٧ تا ٢٣ی فێبریوەری ١٨٩٨ لە دانیشتنەکانی دادگادا بەشداریی کرد. گوزارشتی ئەم دانیشتنانە لە ژان سەنتۆی Jean Santeuil دا هاتووە. ⇦ زۆلا و دادگا.









**کێشەی سێ جەستە:** The three body problem زنجیرە یان 3Body Problem زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠٢٤، نووسینی لیۆ سیکسین Liu Cixin ✍، ئافراندنی دەیڤید بەنیۆف David Benioff. ◀ مژار ئەوەیە کە

جیهان و مرۆڤایەتی لە لایەن بوونەوەری هەسارەکانی تری گەردوون ڕووبەڕووی مەترسی لەناوچوون بوەتەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی کەوتوەتە ئەستۆی و وەک چارەسەر، سێ بەرگریکار بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی هەڵدەبژێرێت:

◀ یەکەم بەرگریکار پڕۆفیسۆرێکی چینی کە پسپۆڕە لە مێژووی جەنگ و بردنەوەی جەنگ بە شێوەی ئاشتیخوازانە.

◀ دووەم بەرگریکار ژنە شەڕڤانێکی کوردە، بەناوی پڕۆفسۆر لەیلا ئاریچ، کە فەرماندەی شەڕی ڕزگارکردنی ڕەققەی پایتەختی داعش بووە.

◀ سێیەم بەرگریکاریش زانایەکی بەریتانی پسپۆڕە لە بواری فیزیکدا.

◀ سکرتێری یوو ئێن ئاوا پاڵەوانە کوردەکە پێشکەش دەکات:

«خانمی ئاریچ لە جەنگی دژی داعش لە ڕەققە ناوبانگی دەرکردووە و، ئەزموونێکی ناوازەی لە بردنەوەی جەنگی ناهاوسەنگدا هەیە.»

دوو پاڵەوانەکەی تریش، یەکیان دەڵێت: «ئەو ژنە ژنەڕاڵە خاوەن ئەزموونێکی گەورەی جەنگە.» ئەویش تریش دەڵێت: «ژنە پاڵەوانێکی کوردە.»

لە سای شەڕڤانانی ئازادیدا هەموو ڕۆژێک کوردبوون شانازییە.

⇦ **لیۆ سیکسین:** Liu Cixin نووسەر (زادەی ١٩٦٣) نووسەری چینی براوەی خەڵاتی وێژەیی هۆگۆ بۆ ڕۆمانی کێشەی سێ جەستە. ◀ لیۆ سیکسین بە هەڵبژاردنی شەڕڤان پڕۆفسۆر لەیلا ئاریچ وەکوو یەک لەو سێ بەرگریکارەی بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتی دیاری دەکرێن، ئافرەتی کوردی گەیاندووەتە لووتکەی بەرزی و، بووەتە هۆی جەختکردن لەسەر کەسایەتی بەرزی ژنی کورد و ناساندنی بە هەموو جیهان؛ تا ڕادەیەک کە کەسی سێیەمی هەڵبژاردە، کە بەرزترین فیزیکزانی ئەم جیهانەیە، خۆی لە بەرامبەر لەیلادا بە هیچ دائەنێ و ئەڵێ، من تەنها توێژەرێکی سادەی فیزیکم، بەڵام لەیلا پاڵەوانێکی ڕاستەقینەی کوردە! ◀ بۆیە ئەبێ سپاسگوزاری لیۆ سیکسین بین و، شیاوی ئەوەیە هەر وەک

ئەو پەیکەری بۆ کورد ساز کردووەم، ئێمەش پەیکەری ئەو لە هەموو شارەکان دابنێین. ع لیو تسی شین N Liu Cixin د لیو سیشین.

☜ بەرگریکار




**کێشەی مەراکۆ:** ڕامیاری جەنگ ساڵی ١٩١١ کەشتییەکی جەنگی ئاڵمانی پەلاماری بەندەری ئاگادیری دا، کایۆ لایەنی گفتوگۆی فەڕانسە و ئاڵمان بوو. لە کۆتاییدا لە ٤ی نۆڤەمبری ١٩١١ دەسەڵاتی فەڕانسە بە سەر مەراکۆدا سەلما لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئاڵمان بە سەر کۆنگۆی فەڕانسەییدا. بەڵام کێشەکان هەر مانەوە و لە ئەنجامدا بوونە هەندێ هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم.

**کێشی ئەلکساندری:** Alexandrine موزیک ناو کێشێکی برگەیی هۆنراوەیە دوانزە برگەییە کە ئەبێ بە دوو کوتی نێودێڕییەوە، لە سەدەی ١٧ تا ١٩ زۆر لە هۆنراوەی فەڕانسەییدا برەوی هەبوو، کاریگەری لەسەر زۆر لە هۆنەرانی ئورووپایی هەبوو. بەرامبەر بە «البحر الطویل»ی عەرەبییە.




**کێکف:** Norwegian maple ڕووەک ناو تیروو، درەختێکی دێمی بێبەری کوێستانییە لە شێوەی ئەسپەندان Norwegian maple، هەرگیز زۆر زل نابێ، گەڵایەکی زۆر سەوز و جوانی هەیە وەک گەڵا مێو [N] lønn [ع] النرويجية القيقب [د] افرای نروژی.






**کێڵگەی بەدناو:** Rancho Notorious فیلم فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی ١٩٥٢، دەرهێنانی فرتیز لانگ.






**کێماس:** flawed, imperfect, defective, malformed ناو کەموکووڕ، خەوشدار، ناتاو، گۆسپە، نقیشکان. [ع] ناقص [N] mangel [د] ناقص، معیوب.






**کێماسی:** defect ناوی‌فەرمان کەمایەسی، ناتەواوی، نۆقستانی، کەمئەندامی، کەموکووڕی کەسایەتی. ع معیب N Defekt د نقص ⇦ **شەهەت:** malady develop پزیشکی ناو منالی کێماسی، منالی کەمئەندام، منالێک کە بە کەمووکووڕییەوە لەدایک بووبێ. ع مشوه N deformert barn د ناقص الخلقه ⇦ **شەهەت:** ناو شەپلە لێدراو، دەست و پێ شل و بێهەست. ⇦ **گۆسپە:** defective ناو خەوشدار، کەمئەندام، نوقوستان، زەدە. ع معیوب، معلول N mangelfull د معیوب، معلول.

⇦ **کێماسی و کێماهی:** کەموکووڕی فیزیکی لە جەستەدا وەکوو کەمئەندامی یان لەکەسایەتیدا؛ کێماهی تەنها کەموکووڕی لە ڕەفتار و هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتییە.

**کێماسی شێوەیی:** flaw پزیشکی ناو شەهەت، گۆسپە، خەوشدار، خەوش و نیشانەیەک کە ڕواڵەت و ڕوخساری شتێک تێک ئەدات و ئەیشێوێنێ.









**کێلوون:** ناو ئەشکۆڵ، داری پشت دەرگا بۆ داخستن.





**کێماهی:** shortcoming ناو کەموکووڕی لە ڕەفتار و هەڵسووکەوتی

کۆمەڵایەتییە، لە کاتێکدا کێماسی کەموکووڕی فیزیکییە لە جەستەدا وەکوو کەمئەندامی یان لە کەسایەتیدا. ع نقص، غضاضة N mangel د قصور، نقطە ضعف. ☜ کێماسی و کێماهی

**کێوی زەیتوون:** Mount of Olives فیلم زنجیرە کێوێکە لە ڕۆژهەڵاتی ئۆرشەلیم، گوایە باخی جەتسیمانی لێ بووە کە عیسا لەو شەوەی یەهوودا دای بەدەست ڕۆمییەکانەوە، دوا شێوی لەگەڵ یارانی لەوێ خواردووە.







**کێوی قاف:** ئاییرونەفسانە ناو کێوێکی ئەفسانەیی بەرزە و گوایە دەوری زەوی گرتووە و خۆر لە پشتیەوە هەڵدێ و شەوانەش لە چاڵێک لە پشت ئەو کێوە لێی رائەکشێ. پێشینیان کێوی قافیان بە گوڵمێخی زەوی زانیوە و وتوویانە لە پیرۆزەیە و شینایی ئاسمان تاودانەوەی ڕووناکی پیرۆزەیە، ئەگێنا ئاسمان بۆ خۆی لە عاج سپی ترە. بە سەرچاوەی ئاوی ژیانیش ناوبراوە و لە وێژەدا بە واتای دوورترین شوێنی جیهان هاتوە، هەمیش بە جێگەی قەقنەس زانراوە.







**کیارەش:** شا کەی ئارەش [کەی+ ئارەش] پاشای کوردی گۆران.
فێردەوسی ئەڵێ:
وز آن دورتر آرش رزم یوز
چو گۆران شه آن کُرد لشکرفروز
ڕاڤەی کۆچەر شاسواری




**کیبۆردی کوردی:** خێراترین تەختەکلیلی نووسینی کوردی ☜ کوردی خێرا
**کیبۆف:** Quillebeuf جوگرافیا بەندەرێکی بچکۆلانەیە کە سەر چەمی سن، لە نۆرماندی باکووری فەرانسە.
**کیتەڵە:** urn ناو دیزەڵە، دیزەی چکۆلە، دیزەلەی مات و دۆ. ع جرة N urne د دیزی کوچک.





**کیرڕکردنەوە:** چاوگی تێپەڕ چیرڕکردنەوە، جیرڕکردنەوە.

**کیژانی تاشەبەرد:** The Maidens of the Rocks رۆمان ڕۆمانی نووسینی گابریەلی دانۆنزیۆ Gabriele D'Annunzio {١٨٦٣ـ١٩٣٨} نووسەری ئیتالیاییە.







**کیژی بەهەشت:** Dochter aus Elysium ویژە ١٨ی برۆمێر مارکس لێرەدا سوودی لە دێڕە هۆنراوەیەکی فرێدریک شیللەر بە ناوی بەرەو شادی An die Freude وەرگرتووە بە واتای کیژۆڵەی مێرگوزارەکانی بەهەشت، وەک هاوکێش بۆ «شانزەلیزە» کە بارەگای لویی بۆناپارت لەو شەقامە بوو. ⇦ بەرەو شادی هەروەها بەشێکی ناوبانگەکەی بە هۆی ئەوەیە کە بتهۆڤن لە کۆتایی بزووتنی سەمفۆنی نۆهەم، لە ساڵی ١٨٢٤دا بەکاری هێناوە E Ode to Joy.






**کیژی پۆستەر:** Pin_up girl سینەما بانگەشە سینەما چییە؟ کیژی دڵدز،

کیژ یان ژنی شەنگ و زۆر ڕازاوەی سەرنجڕاکێش، ئەبێتە بابەتێکی گونجاو بۆ هەڵواسین. کچی پین ئاپ یان کچی پۆستەر کەسێکە ڕووخسارێکی جوانی یان سۆزێکی تایبەتی هەیە کە بۆ پۆستەری دیوار هەڵئەبژێردرێت. هەندێک جار جەستە جوانەکەی و سۆز و، هەندێک جار ناوبانگەکەی وا ئەکات کچێک بێت بۆ پۆستەری دیوار. کچی پۆستەر (کچی پین ئاپ) کچێکە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٤دا جلی ئامادەکراوی لەبەردا بوو و بۆ وێنەکانی ڕیکلام بەکارئەهێنرا. ئەم کچانە لە ئەکتەر و مۆدێلی جلوبەرگ و کچە شاجوان و سەرنجڕاکێشەکان هەڵبژێردران و ئەمەش پەیوەندییەکی نزیکی لە نێوان ڕیکلام و ئەم کچانەدا دروست کرد. سەردەمی پین ئاپ ئامادەیە بۆ وێنە و تابلۆ کە هەروەها لە وێنەی کچە جوانەکانەوە وەرگیراون.








**کیسە:** pouch پزیشکی ناو ئاوسان، ئاوسانی پووک و بن چاو. ⇐ کیسی دەڵمە: flabby pouch ئاوسانی بڵ و پڕ لە کیم و زینچکاو.

**کیساندن:** چاوگی تێپەڕ شاردنەوە، شیش کردن.

**کیس کردن:**❶ چاوگی تێپەڕ پەنەمانی پووک د آماسیدن لثە.

**کیس کردن:**❷ چاوگی تێپەڕ پیش خواردنەوەی قەڵسی و تووڕەیی د خشم را فروخوردن.

**کیسە لێدان:** چاوگی تێپەڕ شۆردنی مرۆڤ بەیارمەتی کیسە و نیمەشۆرە بۆ ئەوەی چڵکی لێ ببێتەوە، پاشان بە لفکە و سابوون. هۆکەشی وا پێ ئەچێ درەنگ درەنگ بۆ گەرماو چوون بووبێ، هەرچەند بە جۆرێک وەک

ماساژدانی پێست وایە.



**کیسەی گون:** scrotums زیندەوەرزانی ناو گون، ئەو کیسەی گونی تیایە.
ع کیس الصفن N pungene د بیضەها.

: بە گون هەڵیانواسن: String them up by their scrotums

**کیش:** quiche شیرینی تارت کەیکی فلان یان تارتە بە پەستایەکی بەچێژی تەڕی هێلکە پڕ کراوەتەوە. ع کیشي N quiche د کیش.



**کیل:** ❶ bushel کێشانە ناو کێڵ، کیلە، کۆتک، ئایەرە، ڕبە، پەیمانە N busk
ع مکیال د پیمانە.



**کیل:**❷ Kiel جوگرافیا بەندەر بەندەرێکی بازرگانی سەربازییە لە باکووری ئاڵمان.




**کیلە:** کێشانە پەکە ناو کیل، پێوانە، ئایەرەی پێوانی دەخڵ و دان.

**کیلەر:** ناو کولێن، جێگەی ئازووقە.

**کیم:** ناو چڵک، چڵک و پیسایی ناو کوان.

**کیمپرلە:** Quimperlé جوگرافیا کۆمۆنێکە لەبریتنی لە باکووری ڕۆژئاوای فەڕانسە لە نێوان دوو چەمی خرۆشانی ئێلە و ئیزۆل، کڵێسای کۆلۆمبان و سەنت میشلی بەناوبانگە.




**کیمچی:** Kimchi خۆراک ناو جۆرێک خواردنی کۆرییایە بە کەلەمی چینی و بیبەری سووری تیژ و تووری سپی ساز ئەکرێ، کۆرییاییەکان ڕۆژانە کیمچی وەکوو خواردنی لاوەکی و وەکوو ترشیات ئەخۆن. کۆرەییەکان لایان وایە لە هەر کوێ کۆرییاییەک هەبێ، ئەبێ کیمچیش هەبێ؛ بۆیە لەگەڵ یەکەم ئاسمانگەڕی مێژووی کۆریای باشوور، «یی سوو ینۆن» بە کەشتی ئاسمانی سایۆز، «**کیمچی**»یان نارد بۆ حەوا. ع الكيمتشي N Kimchi

د کیمچی ☜ کەلەمی چینی.




**کیمخوا :** تەنراو ناو کووتاڵێکی ئاورێشمە.

**کیمۆنۆ :** kimono پۆشاک ناو کراسێکی ناوماڵی هێڵ و هەراوی پشتێنداری ژاپۆنییە.



**کیمیا :** Chemistry زانست سروشتی ناو زانستێکە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە، ڕەوشت، تایبەتمەندی، ئاوێتەکان و گۆڕانی توخم و هێسنەکان ئەکات؛ هەروەها لە توخم و ئاوێتە کیمیاییەکان، لە کارلێکی نێوان گەرد و گەردیلەکان ئەدوێت.



**کیمیاگەر:** The Alchemist رۆمان یان O Alquimista رۆمانی نووسەری هاوچەرخی برازیلی پاولۆ کۆیلۆ Paulo Coelhoیە. شوانێکی ئیسپانیایی خەو ئەبینێ بە گەنجێکەوە گەردی سێپاڵووەکان و، بۆ بەدیهێنانی خەونەکەی لە ئەندەلۆسیاوە ئەچێ بۆ میسر.

◁ **ناوەندی ڕۆشنبیری ویژەوانان:** کیمیاگەر، ڕۆمانێکە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت خەونەکانیان بەدی بهێنن، ڕۆمانێک پڕاوپڕ لە جوانی و هاندان. بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی سانتیاگۆی شوان، پاولۆ کۆیلۆ، فێرمان دەکات کە هەرگیز درەنگی نەکردووە تاکوو خەونەکانمان بەدی بهێنین، هەرگیز تەنیا نەبووین و تەنیاش نین، بەڵکوو لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا گەردون هاوکار و چاوساغمانە. دواجار ئەمەش وا دەکات خوێنەر هەست بەو وزە شاراوە و پەنهانە گەردوونییە بکات کە کاریگەریی لەسەر ڕێچکەی ژیانی هەیە و هەرگیز سەرنجی نەداوە. عیشق و سووربوون لەسەر بەدیهێنانی خەونێک و گرتنەبەری ئەو ڕێگەیەی کە دڵمان دەیخوازێت و ئەوانی دیکە پەسەندی ناکەن، سانتیاگۆ بە خەونەکەی خۆی دەگەیەنێت. ن: دڵت لە هەر کوێ بێت، خەونەکەشت لەوێیە!








**کیمیای ئەندامی:** Organic chemistry زانست سرووشتی ناو لقێکە لە لقەکانی زانستی کیمیا کە باس لە پێکهاتە و کارلێک و تایبەتمەندییەکانی ئاوێتە ئەندامییەکان دەکات. ئاوێتە ئەندامییەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی پێناس ئەکرێت بەو ئاوێتانەی کە توخمی کاربۆن وهایدرۆجینیان تێدایە، هەروەها دەشگونجێت کە جگە لەو دوو توخمە، توخمی جۆراوجۆری تر

وەک؛ ئۆکسجین، نایترۆجین، فۆسفۆڕ، گۆگرد و هتد بەشداربن لە پێکهاتنە جیاوازەکانی ئاوێتە ئەندامییەکان. [ع] کیمیاء عضوية [N] Organisk kjemi [د] شیمی آلی.









**کیمیای ڕووەک :** Phytochimie [زانست] [کیمیا] یان فایتۆکیمیا بوارێکی نێوان زانستە لە زانیاری سەرەتایی کیمیا و ڕووەکزانییە کە پشکنینی پێکهاتە و تایبەتمەندی دەرمانی و کیمیایی ڕووەکەکان و چۆنیەتی دەرهێنانیان ئەکات. [درێژە] کیمیای ڕووەکلە ڕاستیدا لقێکی کیمیایە کە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە کیمیاییەکانی ڕووەکەکان دەکات وەک میتابۆلیتە لاوەکییەکانی ڕووەک. بە واتایەکی تر ئەتوانین بڵێین ئەم زانستە بەدرێژایی ساڵان پەیوەندییەکی نزیکی بە کیمیای ڕووەکی دەرمانییەوە هەبووە و ئاوێتە ڕووەکییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پیشەسازی دەرمانسازیدا هەبووە.







**کینایە :** kenning [ویژە] [زمانەوانی] [ناو] وشە، جووتەوشە، چەندوشە، دەستەواژە یان ڕستەیەکە، بیژەر بە جۆرێک بە کاری ئەهێنێت کە مەبەستی واتای ڕواڵەتی ئەو قسە نەبێت و ئاماجی لەو قسە واتا نهێنییەکەی بێت. کینایە

دوو واتای هەیە: نزیک و دوور. بوێژ جۆرێک بە کاری ئەهێنێ کە بەردەنگ لە واتا نزیکەکەوە ئەندێشەی بەرەو واتا دوورەکە بڕوات. لە کینایەدا واتای ڕواڵەتی پردێکە بۆ گەیشتن بە واتا و مەبەستی ڕاستەقینەی نووسەر. ⇐
خوێنگەرمە: واتا قۆشمە و ڕووگەش و قسەخۆشە. ع كناية N kenning د كنايه E kenning, metaphor. دریژه لە میسۆلۆژی سکاندیناوی بۆ ئەمازە بە چەمکێک لە جیاتی ناو و وشەکە، بەزۆری دوو وشە یان دەستەواژەیەکیان بەکار ئەهێنا کە پێی ئەوترا کێنینگ یان درکە. kenning وشەیەکی نەرویجییە. بۆ نموونە لەبری زەریا ئەوترا **ڕێگەی نەهەنگ**، لەبری کەشتی ئەوترا **بەرازی شەپۆل** و **ئاگری زەریا** زێڕ بوو و، **دوژمنی گورگ** ئۆدین خوایخوایان بوو کە لە سوارێ ڕاگنارۆکدا لەگەڵی ئەجەنگا. واتە کینایە یان درکە یان لامازە دەربڕینی ناڕاستەوخۆیە بۆ بەکارهێنانی زمانی هێمایی یان سەمبولیک، یەک کینایە لە میسۆلۆژی سکاندیناویدا ئەتوانێ چڕکراوەی یەک ئەفسانە بێ.

ن: ئاگر لە ماڵیدا ناکرێتەوە. واتا هەژار و نەدارە.

**کینتۆسکۆپ:** kinetoscope ئامێر ناو یان bioscope کە تامس ئێدیسۆن لە ساڵی ١٩٨٣ەوە ناردیە بازاڕ و ئەتوانرا فیلمەکانی ئامێری کینتۆگرافی دانە دانە پێ سەیر بکرێ کە بە یەکەم کامێرای فیلم هەڵگرتن ناسراوە.





**کینتیلیانۆس:** Marcus Fabius Quintilianus فەیلەسووف (٣٥ـ١٠٠) دەمەوەر و فەیلەسووف و وێژەوانی ڕۆمی، بە فراوانی لە نووسراوەکانی سەدەی

ناونجی و سەردەمی ڕێنسانیدا ئاماژەی پێکراوە.






**کینشاسا :** Kinshasa جوگرافیا پایتەخت شارێکە لە کۆنگۆی بەلجیکی پێشوو لەسەر زێی کۆنگۆ، کە ئێستە پایتەختی کۆماری دیمۆکراتیکی کۆنگۆیە ⇐ کۆماری دیمۆکراتیکی کۆنگۆ لە ١٩٧١ تا ١٩٩٧ ناوی کۆماری زایر Republic of Zaïre بوو.

**کینگ ڤیدۆر :** King Vidor دەرهێنەر (١٨٩٤ـ١٩٨٢) فیلمنامەنووس و دەرهێنەری ئەمریکایی. بۆ ماوەی ٦٧ ساڵ فیلمی بەرهەمهێنا. براوەی ئۆسکار.










**کینە :** abomination ئاوەڵناو ڕق، قین، شتێک کە ئەبێتە مایەی تووڕەیی؛ قێزەون، بێبەزەیی و دڕندانە. [ع] رجس، عمل بغیض [N] styggedom [د] عمل شنیع [E] grudge.

کەسێک کینەی هەڵگرتووە. Somebody's Holding a Grudge

هۆنراوەی مارکی ڕەمۆن Marky Ramone






**کینین :** quinine ڕووەک دەرمان ناو دەرمانێکی زۆر تاڵە بۆ چارەسەری مەلاریا بەکار دێت.









**کینیە :** Louis Cuignet ئەفسەر ڕامیار ڕاستڕەو (١٨٥٧ـ١٩٣٦) ئەفسەری فەڕانسەیی و ڕامیاری ڕاستی توندڕەو، (گەڕان بەرگی ٣) هەرچەند بەڵگە ساختەکانی هانری، بە ڤازانجی درەیفوس ئاشکرا کرد، بەڵام خۆی هەر دژی درەیفوس مایەوە.



**کیوپیێد:** Cupid ئایین‌وئەفسانە لە میسۆلۆژی کلاسیکدا خوای ئەوین و ئارەزوو و کێشەر و تامەزرۆییە. کوڕی ڤێنووس ماخوای ئەوین و مارس خوای جەنگە، هاوتا یۆنانییەکەی ئێرۆس Eros ـە.





**کی وێست:** Key West جوگرافیا شارێکە لە دورگەی کی وێست، لە هەرێمی فلۆریدا لە باریکەی کۆمەڵە دورگەی سێ کاتژمێر خوارووی مەیامی، ساڵی ١٨٢٨ بنیات نراوە.

ن: کی وێست وەک بەستەنی کارامێلی وایە، شلک بە سەریەوە و بە ئارامی لە ئۆقیانووسدا ڕۆ ئەچێ، لە کاتێکدا هەموو کەس پێکێکی بەدەستەوەیە و بزەیەک لەسەر لێوی {فیلمی ئێستەی ناوازە The Spectacular Now}.









**کیەرکەگۆر:** Søren Aabye Kierkegaard فەیلەسووف {١٨١٣ـ١٨٥٥} یان سۆرێن شیرکەگۆر، فەیلەسۆفی مەسیحی دانیمارکی‌یە کە بە باوکی فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیزم دائەنرێ. کیەرکەگۆر لە کۆپێنهاگن لە

دایک بووە و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. تێکڕای فەلسەفەی ئەو باس لەم بابەتانە ئەکات: گوناهـ، ئازادی، خۆشەویستی، هاوسەرگیری، پەشیمانی، بیرکردنەوە، کۆیلەتی و چارەنووس. بەشێکی ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە خۆی لە ڕێی ئەو کێشانەوە دووچاری چەندین چەرمەسەری و ئەزموونی توند بووە. لەبەر سەختی ناوەکەی جۆرەها خوێندنەوەی هەیە، وشەکە لێکدراوە و لە [ Kierke+ gaard ] {شیرکە+ گۆرد} [کلیسا+ حەوشە] یان حەوشەی کلیسا پێکهاتووە، بە بنەماڵەی خزمەتکاری کلیسا و حەوشەی کلیسا، کە هەمان گۆڕستانە، وتراوە.

: گەورەترین مەترسی ئەوەیە کە، لەدەستدانی خود، ئەتوانێت زۆر بە هێمنی لە جیهاندا ڕووبدات، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت.









دواوشەی بەرگی سێیەم ...

**1037 30/July**